هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 61

سالّی/ 2010 – بەرگی شەست ویەك

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2010

لە بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2010)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 61
چاپی یەكەم: 2010
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/11/2 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/11/3 ل 115

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/11/8 ل 259

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/11/9 ل 333



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**سێ شەممە رێکەوتی 2\11\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/11/2

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2010/11/2 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2010/11/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای خۆپێشاندان و كۆبوونەوە گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (10)، رۆژی دانیشتن (2010/11/2)، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێككەوتی (2010/11/2)دا بەو شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای خۆپێشاندان و كۆبوونەوە گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

ئێستا بۆ خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار، داوا لە لیژنەكانی پەیوەندیدار دەكەم، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی كەرەم بكەن بۆ شوێنی خۆیان، زۆر بەخێرهاتنی

بەڕێز وەزیری ناوخۆ رێزدار کاك کەریم سنجاری دەکەین، خۆشحاڵین کە لەگەڵمان بەشدار دەبێت زۆر بەخێرهاتن، بەڕێزان، دوێنێ لەسەر ماددەی یەکەم موداخەلەی رێزداران ئەندامانی پەرلەمان زۆر بە تێرو تەسەلی تەواو بوو، ئەمڕۆ داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، کە وەڵامی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بدەنەوە، پاشان رەئی جەنابی وەزیر وەردەگرین بۆ ئەو ماددەیە، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت دوێنێ (35) ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز قسەی کردووە، بەڵام قسەکانی هەمووی زیاتر دووبارە بوو، من دەتوانم ئەو قسانە لەچەند خاڵێك بەڕاستی کۆ بکەمەوە، خاڵی یەکەم/ چۆن خیلاف هەبوو لەسەر ئاستی لیژنەکان بەنیسبەت وشەی، یان دەستەواژەی (التجمع العام) ئایا لە قانونەکە، یان لەناوی قانونەکە بێتن، یان نێتن؟ بەڕاستی ئەمە هەمان بۆچوون لەناو بیروبۆچوونی رەئی ئەندامەکانیش هەبوو، بۆیە ئەمڕۆ پێویستە ئێمە ئەو مەسەلەیە بە دەنگدان یەکلا بکەینەوە، ئایا تەجەموعاتی عام لەناو قانونەکە بێت؟ یان نەبێتن؟ ئەمە خاڵی یەکەم بوو.

خاڵی دووەم/ کە ئیشارەتی پێدرا موزاهەرەی لەناکاو بوو، واتا خۆپیشاندانی لەناکاو، ئەویش چۆن لەسەر ئاستی لیژنەکان، هەرچوار لیژنەکان خیلاف لەسەر بوو، بەهەمان شێوە لەناو پەرلەمانیش خیلاف لەسەر هەبوو، کە هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێیان وا بوو پێویستە مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاو لەناو یاساکەدا جێگیر بکرێت، ببێت بە ماددەیەکی ئیزافی.

خاڵی سێیەم/ کە ئیسارە کرا ئەوە بوو بەڕاستی مەسەلەی جیهاتی مەعنی بوو، کە هاتووە لە زیمنی تەعاریف، ئەو جیهاتە مەعنیە هەندێ بەڕێز پێیان وا بوو پێویست ناکات، بەڵام بۆ تەوزیح کردنی ئەو مەسەلەیە جیهاتی مەعنی مەقصود ئەوەیە دەڵێت (الجهات المعنية ذات العلاقة المباشرة بمطالب المتظاهرين او المتجمعين)، واتا جیهاتی مەعنی وەزارەتی ناوخۆ نییە، جیهاتی مەعنی ئەو لایەنەیە کە پەیوەنداری کێشەکەیە، ئەو لیژنەیەی کە تەمسیلی موتەزاهیرین دەکات، یان قیادەی موتەزاهیرین دەکات، ئەوانن مەسەلەن دەچنە لای ئەو جیهەتەی کە کێشەکە پەیوەندی بەوانەوە هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە، نەك وەزارەتی ناوخۆ بێتن، کە هەندێك بەڕێزان تەفسیراتیان بۆ کرد، جگە لەوەش یەك لەو خاڵانەی کە ئیسارە کرا، بەڕاستی ئەوە لە پرۆژەکە هاتووە دەڵێت لیژنەی تەنزیم و موزاهەرە لە سێ کەس زیاتر نەبێت، بەڵام موقتەرەحی هەرچوار لیژنەی هاوبەش ئەوە بوو، کە سێ کەس کەمە، بەلای کەم لەنێوان سێ کەس تا پێنج کەس بێت، ئەمە موقتەرەحی هەرچوار لیژنەیە، بەڵام لێرە دوێنێ هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان بەوەدا، کە دەڵێت لە سێ کەس کەمتر نەبێت، بەڵام سەقفی ئەعلایەکەی مەفتوح بێت، ئینجا دە بێت، پازدە بێت، بیست بێت، ئەمە بەلای ئێمە وارید نییە، دەبێت لێرە بۆ ئەوەی تەحدیدی مەسئولیەتەکە بکرێتن لە حدودی پێنج کەس مەعقولە، نەك وەها بابڵێین سەقفی

ئەعلایەکەی مەفتوح بێتن، بیست بێت، سی بێت، یان پازدە بێت، بۆیە ئێمە ئەوەمان پێ باشە، بەنیسبەت تەعریفی موزاهەرەش ئەوە تەبعەن ئیمکان هەیە ئەگەر هاتینە سەر تەعریفەکە لیژنەی ناوخۆ بابەتێکی هەبێت بۆ تەعریفی موزاهەرەکە لەسەر رۆشنایی ئەو تەعریفانەی کە دەکرێتن، پێشی ئەم فەقەرەیە ئێمە دەتوانین کە هاتینە سەر ئەو بابەتە رەئی خۆمان بدەین لەو مەسەلەیە، ئەمە کورتەی ئەم خاڵانە بوو کە دوێنێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێداو، ئیعتیرازاتیان هەبوو لەسەری، ئێمەش رەدمان بەو شێوەیەیە، دوا رەئیش رەئی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لیژنەی یاسایی بۆچوونێکی تر هەبوو داوا کرا چەند پرەنسیپێك دابنرێت، رەئیتان لەسەر ئەمە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە حاڵی حازری لە ماددەی تەعاریف داین، ئیمکان هەیە کە هاتینە سەر ماددەی دووەم، پێشی ماددەی دووەم ئەو پرەنسیپانەی کە ئێستا لەلامانە بخەینە روو، چونکە ئەوە پەیوەندی بە تعاریفەوە نییە، بەڵکو ئیمکان هەیە بڵێین (یهدف هذا القانون الى تحقیق المبادئ الدستوریة الاتیة) مەسەلەن شتێکی لەو بابەتە ئیمکان هەیە ئەوە لەوێ موناقەشە بکرێت و دوا رەئی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەو موداخەلانە، کەرەم بکە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی من داوای لێبووردن دەکەم، کە دوێنێ حازر نەبووم لێرە کە ئەو موناقەشاتانە بوو، بەنیسبەت ئەو خاڵانەی کە بەڕێز کاك شێروان باسی کرد، بەنیسبەت (التجمع العام) ئەوەی کە هاتووە لە مەتنی مەشروعەکەی ئێوەی پەرلەمان، ئێمە موافقین لەسەری شتێکی باشە، بەنیسبەت موزاهەرەی لەناکاو، تەبیعی تەعریفی موزاهەرەی لەناکاو دەڵێت (جمع منظم)، کە بوو بە جەمع مونەزەم، مانای وایە پێویستی بە کات هەیە، تا خەڵك کۆ دەکاتەوە، ئەهدافی موزاهەرەکە ئەوانە هەمووی دیار بکات، ئینجا موزاهەرەکە بکات، ئەمە یەك.

دوو/ ئەگەر ئێمە موزاهەرەی لەناکاو بکەین، ئەی ئەم قانونە بۆچیە؟ کە ئێمە داوای ئەم قانونەمان کردووە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم شتە تەنزیم بکرێت بە یاسا، ئەگەر بووە موزاهەرەی لەناکاو، مانای وایە ئەم یاسایە پێویست ناکات.

خاڵ سێیەم/ کە لە پێنج کەس پێك بێت، یان لە سێ کەس پێك بێت، بە رەئی ئێمە شتێکی باشەو موافقین لەسەری، ئەو خاڵانە بوو کە باسم کرد، زۆر سوپاس، پاشان لەکاتی موناقەشە، ئەگەر شتێك هەبوو، ئێمە موداخەلە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی یاسایی رەئیەك هەبوو كە موزاهەرە، ئیزڕاب، ئەماكن عامە، ئەوانە تەعریف بكرێنەوە، لەسەر ئەوانە ئەگەر روون كردنەوەتان هەبێت بۆ ئەندامان، كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی من یەكەم خاڵ دەبێت پێناسەی یاساكە یەكلا بكرێتەوە، واتا ناوی قانونەكە (قانون تنظیم المظاهرات في اقلیم كوردستان – العراق) بێت، یان (قانون تنظیم المظاهرات والتجمعات العامة) بێت، ئەوە خاڵی یەكەم.

بەنیسبەت موزاهەرات لە فەقەرەی سێ تەعریفێك كراوە، بەلاَم ئەو پێشنیارانەی كە دوێنێ كرا، قسەی زۆری لەسەر كرا تەعریفەكە بەو شێوەیە دەبێتن (جمع منظم او شبه منظم من الناس یسیر بشكل سلمي في المیادین و الشوارع و الاماكن العامة لوقت معین یهدف الی خلق رأي عام موحد لتحقیق غرض معین وتشمل (الاضراب، التجمع العام، االاعتصام).

لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەین ئەم دوو خاڵە بدرێتە دەنگدانەوە، چونكە فەقەرەی یەكەم (اولاً/ وزیر، ثانیاً/ الوحده الاداریه) ئەوانە هیچ كێشەمان لەسەر نییە، ئەوانە بەكۆی دەنگ پەسند كراوە لە راپۆرتی هاوبەش، كە لەلایەن هەرچوار لیژنە پێشكەش كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس خاڵێكی تر هەبوو كە تەجەموع جیا بكرێتەوە لەوەی شێوازی موزاهەرە وەردەگرێت، لەوەی كە كۆمەڵگای مەدەنی دەیكەن، كاك شێروان كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (التجمعات العامة) بە رەئی ئێمە هەروەكو لە پرۆژەكەش هاتووە خۆی بەشێكە لە موزاهەرە، یان موزاهەرەیە، بەلاَم تەنهاو تەنها شوێنەكانیان فەرقی هەیە كە دێینە سەری، پاش ئەوە ئێمە ماددەیەكمان هەیە لە ئاخیری دەڵێین ئەو یاسایە ئیستیسنائاتی تیایە دەڵێین (ویستثنی من احكام هذا القانون المناسبات الوطنیة، المناسبات القومیة، المناسبات الدینیة)، ئیزافاتیش هەیە مەسەلەن (الحملات الانتخابیة) یان (النشاطات الثقافیة)، با بڵێین دەتوانین ئیزافەی بكەین (لمنظمات المجتمع المدني)، ئەوانە هەمووی موستەسنانە لەوەی چ موزاهەرە شمولیان دەكات، چ تەجەموعاتیش شمولیان دەكات، تەوەجوهەكە بەو شكلەیە، ئیمكان هەیە كە هاتینە سەر ئەو ماددەیە ئەو خالأنە لەوێ زەقی بكەینەوەو گفتوگۆی لەسەر بكەین، بۆ ئەوەی بڕیارێكی گونجاوی لەسەر وەربگرین لەلایەن پەرلەمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لیژنەی یاسایی بۆ خاڵی یەك، (اولاً وثانیاً) خاڵی یەك و دوو مادام خیلافی لەسەر نییە، بیهێڵن، ئێستا لەسەر ئەوەی كە خیلاف هەیە یەكلا بكرێتەوە، پاشان ئەوەش لەگەڵ ماددەكە بیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی ناوخۆ كەرەم بكە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر كۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ لیژنەی یاسایی تەقریبەن كۆك نین لەسەر ئەو مەسەلەیە، ئێمە پێمانوایە پێشتریش ناوی یاسایەكە داوامان كرد بوو ناوی یاسایەكە بەناوی رێكخستنی خۆپیشاندان بێت، كۆبوونەوەی گشتی لابدرێت، كۆبوونەوەی گشتی تەنها تەعریف بكرێتن، ئەو كۆبوونەوانەی كە دەكرێن بە غەرەزی خۆپیشاندان بن، ئەوەی بە غەرەزی خۆپیشاندانە، ئەوە تەعریف بكرێت، ئەگەرنا كۆبوونەوەی گشتی تێدا نەبێتن، ئێمە رەئیمان وایە وەكو لیژنەی ناوخۆ كۆبوونەوەی گشتی لابرێت، چونكە ئێستا دەیان رێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنیمان هەیە لە كوردستان هەموو رۆژێ كۆبوونەوەی خۆی دەكات، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی ئەو یاسایە، چونكە مادام لە یاساكە كۆبوونەوەی گشتی دێت، ئەوانە پێویست بەوە ناكات، بە رەئی من لابرێتن، تەنها هەر كۆبوونەوەیەكی گشتی كرا ئەگەر بە غەرەزی خۆپیشاندان بێت، ئەوە تەعریف بكرێتن، باقیەكەی تر لابرێت، كۆبوونەوەی گشتی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی پێویستە بخرێتە دەنگدان، صیاغەی بكەن و صیاغە بخوێندرێتەوە، ئەوەی خۆتان وەكو لیژنەی یاسایی، ئەوەی لیژنەی ناوخۆ، چونكە ئەو ئیختیلافاتانە دەبێت لەناو پەرلەمان حەسم بكرێت و بخرێتە بەردەنگدانەوە، لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنیش لەسەر ئەو ماددەیە كە خیلافتان هەیە هەر كەس صیاغەكەی خۆی بەوازحی دیار بێت و بخوێندرێتەوە، یەك، یەك بدرێتە دەنگدانەوە، كەرەم بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوی قانونەكە (قانون تنظیم المظاهرات في اقلیم كوردستان – العراق)، داواكارم لە جەنابتان بخرێتە دەنگدانەوە، عەجەبە ناوی قانونەكە بەو شكلە بێت، یان بگۆڕدرێت.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی كۆمەڵەی مەدەنی و وەك لیژنەی ناوخۆش باسی كرد، تەنیا ناوی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندانەكان بێت، پێویست ناكات هەرێمی كوردستانی تێدا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی ناوخۆ وامان پێشنیار کردووە (یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان) بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەم یاسایە بۆ هەرێمی کوردستانە، واتا مەسەلەکە حاصل تەحصیلە، ئێمە لەگەڵ لیژنەکانی تر ڕێککەوتین کە ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە نە یەکەم یاسایە ئێمە دەریدەکەین، نە ئاخیر یاساشە، بەڵام ئەگەر سەیری هەموو یاساکان بکەین، ناوی هەرێمی کوردستانی پێوەیە، ئێمە پێمان باشە ئەو یاسایە، یاسای خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان بێت، ئیشارەت بەو خصوصیە بدرێت، کە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، یاسای موزاهەڕاتی خۆی هەیە، نەك بەشێوەیەکی گشتی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستانە بۆ لای بدەین، یەعنی لەگەڵی بێت زۆر زۆر تەبیعیە، ئەگەر بۆچوونەکانتان یەك بخەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(قانون تنظيم المظاهرات في اقليم كوردستان – العراق).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیە بێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا

خاڵی یەك و دوو تەصویتی جارێ لەسەر ناکەین لەگەڵ ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە خیلافی لەسەر نییە، هەموو بەڕێزانیش لەناو پەرلەمان خیلافیان لەسەر نییە، خاڵی سێ کە خیلافی لەسەر هەیە، بۆ ئەوەی یەکلایی بکەینەوە، فەرموو، کەرەم بکە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی تەجەموعی عامە، عەجەبە لەناو قانونەکەدا بمێنێت، یان نەمێنێت، بەڕاستیش لێرە رەئی جیا جیا هەیەو، هەر رەئیەکیش موحتەرەمە، ئێمە لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ بەڕاستی دەردەشەکمان کردووە، برادەرانیش ئاگادارن، ئێمە پێمانوایە تەجەموعی عام بەشێکە لە موزاهەرە تەنیا شوێنەکانیان جیایە، ئەو لە شەقامەکان دەبێت، ئەویش لەشوێنێکی موحەدەد دەبێت، بۆیە ئەگەر تەجەموع عام لەناو قانونەکە نەیەت، تەنها لە تەعریفی موزاهەڕەکە بێت، ئێمە پێمان باشە، تەنها ناوی تەجەموعی عام لە تەعریفی موزاهەڕە دەکەین (التجمع العام، والاضراب، والاعتصام) بێتە ناو قانونەکە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە تەجەموعی عامیش ئیعتیبار بکرێت بەشێك لە موزاهەڕە، بەلاَم لەگەڵ جیاکردنەوەو رێ و شوێنەکانی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صیاغەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سیعد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ثالثاً: المظاهرة: جمع منظم او شبه منظم من الناس يسير بشكل سلمي في الميادين والشوارع و الاماكن العامة لوقت معين يهدف الى خلق رأي عام موحد لتحقيق غرض معين وتشمل (الاضراب، التجمع العام، الاعتصام).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەین، تەنها ئەوە ئیزافە بکرێت بۆ غەرەزی خۆپیشاندان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەقریبەن رەئیەکەمان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ نزیکە، ئەگەر کۆبوونەوەی گشتی قەرارە جێگای بۆ بکرێتەوە، دەبێت دیاری بکرێت ئەو کۆبوونەوەی گشتی مەبەستمان چیە، یەعنی حەصر بکرێت، تەنیا ئەو

کۆبوونەوانە بگرێتەوە کە غەرەزی موزاهەرەی تێدایە، هیچ ئەوەیەکی تر نەگرێتەوە، لەوانەیە با بڵێین کۆبوونەوەی سەقافی هەبێت، لەوانەیە شتی تر هەبێت، تەجەموعاتی زۆر لە بابەتی تر هەیە، ئەوەی ئێمە صیاغەمان کردۆتەوە کۆبوونەوەی گشتی ئەو کۆبوونەوەیە کە رێك دەخرێت بۆ هێنانەدی مەبەستێکی دیاری کراو بە ئامانجی خۆپیشاندان ناڕەزایی، کە بۆ جێیەکی گشتی هەبێت بۆ شوێنێکی دیاری کراو، بۆ کاتێکی دیاری کراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە لەسەر ئەوە کۆکین کە تەجەموع ئەوەی کە تەعریف کراوە بەشێکە لە موزاهەرە، ئەوە لا موجیمی نییە، ئەوە یەك.

بەلأم (الاضراب والاعتصام)، حەز دەکەم ئەوە بزانن موزاهەرە نییە، بەلأم کەی لە مەساری خۆی دەرچوو و هاتنە سەر جادەو شەقامەکان، ئەو وەختی سیفەتی موزاهەرە وەردەگرێت، ئەوە دوو.

سێ/ هیچ مانعیش نییە بنووسین کە قەوسەکەی دەکەینەوە بڵێین (التجمع لغرض التظاهر) دوایێ بڵێین نوقتە (الاعتصام) دوایێ بڵێین نوقتە (الاضراب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەو خاڵە بوو بۆ لیژنەی ناوخۆ کە باس دەکات، چونکە لە پێناسەی (تظاهر) نووسراوە (یسیر بشکل سلمی) واتا سیفەتی سەیری تیایە، رۆیشتنی تیا هەیە، بۆیە ئەو تەجەموعە ئەگەر سیفەتی سەیری تێ نەکەوێت موخالف دەبێت لەگەڵ پیناسەکەدا، بەلأم ئەو صیاغەی کاك شێروان باسی کرد (اذا کان التجمع لغرض التظاهر)، ئەوە دەکرێت لە زیمنی ئەو قانونە جێگای بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ثالثاً: المظاهرة: جمع منظم او شبه منظم من الناس يسير بشكل سلمي في الميادين والشوارع والاماكن العامة لوقت معين يهدف الى خلق رأي عام موحد لتحقيق غرض معين وتشمل (التجمع العام لغرض التظاهر، الاضراب، الاعتصام).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ناوخۆ مولاحەزەی هەیە کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە بەو شێوەیە بێت، گۆڕینی پێناسەی خۆپیشاندان بۆ کۆبوونەوەیەکی رێك و پێکە، یان نیمچە رێك و پێکە، بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە گۆرەپان و شەقام و شوێنی گشتی

دەڕۆن، یان دەوەستن بە مەبەستی دروست کردنی رایەکی گشتی یەکگرتوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاری کراو، کە ئەم شێوازانە دەگرێتەوە (خۆپیشاندان، مانگرتن).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ خیلافتان نییە؟ کاك بورهان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە لە رووی لوغەویەوە، لە رووی مەفهومی سیاسی و قانونیەوە، لە چ قاموسێکی سیاسیدا هەیە؟ من داواکارم پرسیار لە خوبەڕای زمان بکەن، تەجەموع و ئیزراب و ئیعتیصام بە موزاهەڕە ببژێرێت، من داواکارم لە خوبەڕای زمان بپرسن، لە رووی تەعریفی سیاسی و قانونیەکەیەوە، لە رووی مەفهومی سیاسی و قانونیەکەیەوە، لە رووی لوغەویەوە، ئایا تەجەموع، ئیزراب، ئیعتیصام موزاهەڕەیە؟ لە قاموسی سیاسیدا شتی وا هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتاش ئیشارەتم پێدا، گوتم (الاضراب، الاعتصام) موزاهەڕە نییە، بەلاّم ئەگەر لە مەساری خۆی دەرچوو، هاتە مەیدانەکان و شەقامەکان ئەوە ئیعتیبار دەکرێت بە موزاهەڕە، کاك بورهان ماددەی (13) بخوێنێتەوە بزەبت ئیشارەت بەوە دەدات، نەك لە مەسەلەی قاموس و ئەوانە، خۆ لە خۆشمان نەهێناوە، لە پڕۆژەکەدا هەیەو غەرەزی تەزاهوریشمان زیاد کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغە لەگەڵ ئەو تەعدیلەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(ثالثاً: المظاهرة: جمع منظم او شبه منظم من الناس يسير بشكل سلمي في الميادين والشوارع والاماكن العامة لوقت معين يهدف الى خلق رأي عام موحد لتحقيق غرض معين وتشمل (التجمع العام لغرض التظاهر، الاضراب، الاعتصام).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵێکی تری خیلافی، زۆر سوپاس، بەڕێزان، نوقتەیەك هەبوو کە مەجوعەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان دەکرد لەناکاو هەبێت لەناو قانونەکە، ئەو موزاهەرانە حەقی پێ بدرێت و شمولی نەکات، مەجموعەیەکیش لەگەڵ ئەوە بوون بە عەکسەوە، ئێستا هەردوو صیاغەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی بڕۆین لەناکاو هەبێت، یان نەبێت دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك زانا کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەعنی تازە لەسەر ئێمە بوو بە ئیلزام، لەبەر ئەوەی لە پێناسەی کە تێپەڕین نووسراوە موزاهەرە بریتییە لە (جمع منظم او شبه منظم)، بەلاَم دەبێت جەمعێکیشمان هەبێت غەیری مونەزەم بێت، کەواتە تۆ دەبێت بە فیعلی شتێکت هەبێت کە جەمعێکیشت هەیە غەیر مونەزەمە، کەواتە دەبێت لەناو یاساکەدا جێگەی موزاهەرەی لەناوکاو بە ئیجباری بکرێتەوە، (اما جمع منظم او شبه منظم او جمع غير منظم)، لە ڕووی دەستووریشەوە تەنانەت هەندێك جار، ببوورە سەرۆکی پەرلەمان، ............**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا کە وتمان ناکاو هەبێت، یەعنی غەیری مونەزەمە، ئەوجا دێیتە سەری، بۆیە دەخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا کێ لەو بەڕێزانە لەگەڵ ئەوەیە خۆپیشاندانی لەناکاو هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (42) بەڕێز لەگەڵە کە خۆپیشاندانی لەناکاو هەبێ، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە خۆپیشاندانی لەناکاو نەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (52) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە خۆپیشاندانی لەناکاو نەبێت، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ خۆپیشاندانی لەناوکاو نابێت، پەسند کرا، خاڵی تر، کەرەم بکە بیخوێنەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری وا هەبوو کە ئیلغا کردنی تەعریفی (التجمع العام) لەناو قانونەکە، چونکە ئیزافە کرا لە فەقەرەی سێیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، پێشنیارێکیش هەیە کە (التجمع العام) یەعنی خاڵی چوار لابچێت، کاك شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ لاچوونی تەعریفەکەین، بەڵام لە قانونەکە زۆر دووبارە بۆتەوە، دەبێت لە هەر شوێنێك ناوی هات ئێمە چاکی بکەینەوەو لەغوی بکەینەوە، ئەوە تەنها بۆ تەوزیح بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پێشنیار هەبوو کە خاڵی چوار ئیلغا بکرێت، رەئیتان لەگەڵی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئیلغا کردنی تەعریفەکەین، چونکە لە زیمنی تەعریفی موزاهەرە ئێمە تەجەموعی عامەمان داخیل کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە کۆبوونەوەی گشتی لابدرێت لەناو یاساکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی چوار ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ خاڵی چوار ئیلغا کرا، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن بەنیسبەت خاڵی پێنجەم، دوێنێ هەندێك پێشنیار هەبوو کە ژمارەی لیژنەی موزاهەرە زیاد بکرێت، بەڵام ئێمە هەرچوار لیژنە رێککەوتین لەسەر ئەوە، کە ژمارەی مونەزیمی موزاهەرەکە لە سێ کەمتر نەبێت لە پێنجیش زیاتر نەبێت بۆ کۆنترۆل کردنی موزاهەرەکەو پاراستنی موزاهەرەکە، بۆیە حەز دەکەین رەئی هەرچوار لیژنە بدرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری تریش هەبوو، ئەوەش ئەگەر روون بکرێتەوە بۆ بەڕێزان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار هەبوو بکرێت بە حەوت، پێشنیار هەبوو حەدی ئەعلایەکەی مەفتوح بێت، ئەنواع و ئەشکال پێشنیار هەبوو، بەڵام پێشنیاری لیژنەکان کە هەرچوار لیژنەیە، پێویستە یەکەم پێشنیار بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر سەری نەگرت، ئەو وەختە دەچینەوە پێشنیارەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا خاڵی پێنجەم پێشنیاری هاوبەشی لیژنەکان ئەوەیە لە سێ تا پێنج بێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، سێ تا پێنج، کەرەم بکە بۆ خاڵی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئێمە خاڵی شەشەم وەکو خۆی ماوەتەوە، راستە هەندێك رەئی هەبوو لەسەر ئەساسی ئەوەی ئەو مەسەلەیە وزوحی نەبوو، بەڵام من لە سەرەتای قسەکانم ئیشارەتم بەوەدا، کە مەقصود بە جیهەی مەعنییە، ئەو جیهەتەیە کە پەیوەندی بە کێشەکەوە هەیە، نەك بە وەزارەتی ناوخۆ، هەروەکو هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس پێشنیار هەبوو بۆ لادانیشی، چەند بەڕێزێك داوای ئەوەیان کرد.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە زیمنی تەعاریف هاتووە، ئێمە پێشنیارمان ئەوەیە بمێنێتەوە، ئەو پێشنیارەی هەرچوار لیژنە بدرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر سەری نەگرت، ئەو وەختە پێشنیاری تر دێتە ئاراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی کە پێشنیاریان کردووە ئەو خاڵە ئیلغا بکرێت دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە خاڵی شەش لابدرێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا خاڵی شەش ئیلغا کرا، ئێستا ماددەی یەك بە فەقەرەی یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج و شەش بەو گۆڕانکاریەی کە ئێوەی بەڕێز بە دەنگدان بوو، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەلدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی دوو تکایە کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك برایانم ئەندامانی پەرلەمان.**

دیاره موفتەرەحێك هاتووە بۆ ئێمە لەسەر ئەساسی پێش ئەوەی بچینە ماددەی دووەم ماددەیەکی ئیزافی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پرەنسیپە دەستووریانەی کە هەیە لە دەستووردا بیکەینە ماددەیەك و لە پێش ماددەی دوو جێگای بۆ بکەینەوەو صیاغەشی بۆ بکەین، هەرچەندە ئێمە لە رووی تەشریعەوە ئیشارەتمان پێدا، ئەوە رەنگە تەزەخومێکی تەشریعی بێت، رەنگە دووبارە کردنەوە بێت، رەنگە حەشو بێت، بەلأم پێشنیارە، واجیبی ئێمەیە بیخەینە روو، دیسان رەنگە ئەو ماددانە لەناو مەتنی قانونەکە هاتۆتەوە، لێرەش دیسان ئیزافەی بکەینەوە، دووبارە دەبێتن، بەلأم دەشبێت ئەو ماددانە بەشێوەیەکی تر صیاغە بکەین موختەصرتر بێت، نەك بەو تەوەسوعەی کە تێدا هاتووە، مەسەلەن تەقریبەن لە دە سەتر زیاترە، ئینجا ئەگەر پێتان باش بێت، یان مۆڵەتێکمان بدەنێ ئێمە ئەمانە صیاغە بکەینەوە، بچینە ماددەی دوو، بەلأم پاشان تەسەلسولی ماددەکان گۆڕانکاری بۆ بکەین، دوا رەئیش دەگەڕێتەوە بۆ ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی کە هاتووە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان وازیح بێت و دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەنگی بۆ درا، ئەوە دەبێتە ماددەیەکی سەربەخۆ.

(المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى:

1- المظاهرة حق طبيعي ودستوري ولايجوز منع ممارسته.

2- للمتظاهرين حق اختيار مكان و وقت واسلوب التظاهر بشرط عدم الاضرار بالممتلكات العامة والخاصة وعدم الاخلال بحرية وحياة افراد المجتمع.

3- تقع على عاتق امن الشرطة حماية المتظاهرين والمتجمعين وتأمين الظروف المناسبة للقيام بالتظاهر وعدم السماح بخروج المتظاهرين عن اهداف التظاهر وتقع على عاتقهم مسؤولية حماية الحقوق والحريات العامة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش هەیە؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەوەی باسمان کرد، ئێستا پێشکەش بە بەڕێزتانم کرد، سێ مەبدەئە داوا کراوە، کە لەناو قانونەکە جێی بکرێتەوە، بەلأم بڕگەیەکی تری تێدایە ئەو پێناسەیە، پەیوەندی بەو پرەنسیپانە نییە، باس لە حەقی ئیجتیماعی سلمی دەکات، (حق الاجتماع السلمي: تجمع ثابت او متحرك كمجموعة من الافراد

بهدف ابداء المعارضة ازاء موضوع معين)، پێناسەیە، عیلاقەی بەوە نییە، تەنها ئـەو سـێ مەبدەئەیـە، بـەڵام زەخت لەسەر ئەوە دەکەین، کە هەرسێ مەبدەئ رەنگی داوەتەوەو لەناو دەق و بڕگەکانی یاساکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئەوە پێشنیاری چەند ئەندامێکی پەرلەمان بووە، بۆیـە وا باشـترە بخرێتـە بـەر دەنگدانـەوە لەگەڵ ئـەوەی کـە لـە یـەکێ لـە پرۆژەکانـدا لـە مـاددەی دوودا تەقـدیم کـراوە لەلایـەن ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی پەرلەمانەوە، ئەو مەبادیئانە هەیـە، بۆیـە مـن بـە زەروری دەزانم ئـەوە بخرێتـە بـەر دەنگدانـەوە، چونکە بەڕاستی مەبادیئی زۆر زەرورن لە یاساکەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئیجازەی سۆزان خان ئەوە فیکرەکەی تەقریبەن لەمنەوە دەستی پـێ کـرد، بۆیـە مـەجالم بـدەنێ دیفـاع بکەم لەسەر ئەوەی بۆچی ئەو ماددەیە زەرورییە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دیفاع نا، نوقتەی نیزامی، دوایی کە هاتینە سەر دیفاع ئەو وەختی کاتت دەدەینێ قسەی لەسەر بکـە، چونکە ئێمە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، حـەقت دەدەیـنێ دیفـاعی لـێ بکـەیت، تکایـە ئـەوە نیزامـی نییە، پاشان وەختت دەدەینێ، رجائەن ئەوە نیزامی نەبوو، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم یاسـایە رێکخسـتنی مـافێکی سروشـتی و دەسـتوورییە، پـێش ئـەوەی ئێمـە بچـینە ماددەکـانی تـر، کـە چۆنیەتی رێکخستن شەرح دەکەن، پێویستە پێش ئەوە ئێمە جیـاوازی بکـەین لـەنێوان حـەقی مومارەسـەی ئـەو مافـەو بـەینی چۆنیـەتی تـەنزیمی، بۆیـە ئـەم ماددەیـە پێویسـتە لـە سـەرەتاوە تەسـبیتی بکـەین، هـەر دووبارەیەك کە کاك شێروان باسی کرد دەبێ لەوێ تەعدیل بکرێت، بۆیە دەڵێم نیزامیـە تـا نـەوەکو ئێمـە موافەقە بکەین لەسەر ماددەیەك، پاشان ئەمەمان لە دەست بچێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو پێیەی كە ئێستا ئێمە موناقەشەی قانون دەكەین، لە قانونیش من بڕوام وایە جێگای پرەنسیپ نابێتەوە، لەبەر ئەوەی پرەنسیپ لەناو دەستووردا هاتووە، ئیشی قانون ئەوەیە ئەو میكانزمانە بدۆزێتەوە بۆ هێنانەدی ئەو پرەنسیپانەی كە لە دەستووردا هەیە، نەك جارێكی تر پرەنسیپ لێرەیە، چونكە ئیشی قانون ئەوەیە، دواتر ئەگەر ئەم یاسایە لە رووی ئیش كردنەوە پێچەوانەی پرەنسیپەیە، چۆن پرەنسیپەكە جێگای دەبێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟ تكایە نیزامی بێت.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم نوقتەی نیزامییە، یان نا، بەلاَم وەكو یەك مەوزوع هەیە............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نابێت، دانیشە، خۆت ئیعتیرافت كرد نازانی، لەبەر ئەوە تكایە دانیشە، رێگات پێ نادەم، دانیشە، بەڕێزان، ئێستا رێگا دەدەینە دوو بەڕێز دیفاعی لێ بكات، كە ئەو پرەنسیپە داخیل بێت، یان داخیل نەبێت، دوو كەسیش رەئی موخالیف بداتن، كاك ئیسماعیل قسە دەكات، پاشان كاك كاردۆ، پاشان سۆزان خان.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ ئەو پێشنیارە سۆزان خان كردی، زیاتر لە دە ئەندام پەرلەمان پشتیوانی لێ كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو ئەوەی كاك نەریمان نەیتوانی بەهۆی ئیشكالاتی قسەكەی خۆی، بەلاَم من پێموایە یەك پەرەنسیپ ئەساسیە كە دەستوورییە، ئیتر هیچ ئەو تەزەخومەی ناوێ، خۆپیشاندان كە موتەفیق بوونە لە لیژنەكان مافێكی سروشتی و دەستوورییە، دەبێت بەپێی رێ و شوێنی یاسایی ئەنجام بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان كەرەم بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو صیغەیەی کاك کاردۆ گوتی زۆر جوانە، تەبعەن ئەم یاسایە بۆ یەکەم جارە دەردەکەین لەلای خۆمان، هەتا ئێستا هەر بە رێنمایی بووە، بۆیە دەڵێین ئەگەر لە سەرەتاوە پرەنسیپەکان جێگیر ببێت و بگوترێت هەموو کەسێك ماف و ئەرکەکەی چیە، لەوە باشترە تۆ بڵێی وەڵلا من لە فلان ماددە گوتوومە، یەعنی کەواتە تۆ لێرە دادەنێی ئەم یاسایە لەسەر ئەم سێ چوکلەیە وەستاوە، کەنابێت هیچ ماددەیەك لەدوای ئەوەوە کە دێت لەو شتانە دەربچێت، تەواو، ئەمە یەکێکە لەو پرەنسیپانەی کە لە ئەسڵدا تۆ دەرکردنی ئەم یاسایە لە سەرەتاوە باست کردووە، من دەمەوێت ئەم مافە دەستوورییە رێك بخەم، لایەنی خۆپیشاندان دەبێت بزانێت ئەرکەکانی چیە؟ مافەکانی چیە؟ چی لەسەر شانە؟ لایەنی پارێزگاری کردن لە هاووڵاتیان کە ئەرکی شانی سەر حکومەتە، دەبێت لە سەرەتاوە مافەکانی دیاری کرا بێت، من پێموایە ئەگەر بیخەینە دەنگدانەوە باشە، دە کەس پشتگیری منی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەخەینە دەنگدانەوە، بۆیە قسە دەکەن، بۆ ئەوەی دیفاعی لێ بکەن دەنگ بێنێ، یان ئەوەی پێی باش نییە، بۆ ئەوەی دەنگ نەهێنێ، کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زەرورەتی ئەم ماددەیە وابزانم قانونیەکان نازانم رەئیان چیە؟ مافە سروشتیەکان ناکرێت قانونێك دەربکەیت رێگا بدەیت بە مومارەسە کردنی، چونکە ئەوە مافە، قانون بینا کراوە لە کۆنەوە لەسەر ئەساسی صیاغە کردنی مافە سروشتیەکان، کە مافن، موباحن، هەیئەی تەشریعی واجیبی هەیە بۆ رێکخستنی چۆنیەتی پراکتیزە کردنی ئەم مافانە، لە دەستوور دەڵێت نصوص دێت تەعریفی ماددە حقوقی عام و مەدەنی و ئیقتیصادی و ئیجتیماعی و سروشتی دەکات، بۆیە لە تەشریع تۆ رووبەرووی دوو ئەرکی کە دەتەوێت تەنزیمی مومارەسەی ئەو حەقە بکەیت، نایەت بۆ خەڵکێك بکەیت، نەخێر، تەنزیمەکەش هەردوو برگەی دووەم و سێیەمە، یەعنی چۆنیەتی مومارەسە کردنی ئەم مافە دیاری دەکرێت و، مەسئولیەتە ئیجتیماعیەکەش دیاری دەکرێت لەسەر شانی کێیە؟ چونکە لە پەرلەمان دوو ئەرك رووبەڕووی موشەرع دەبن، یەکێك/ هەوڵ بدات دابین کردنی مومارەسە کردنی مافەکان زامن بکات بە قانون.

دووەم/ ئیلتیزاماتی نائیب بەرامبەر ناخیبەکان، کە ئەوان ئەویان تەوکیل کردووە تەحریز بێت لەسەر ئازادییەکانیان و مومتەلەکاتیان نەهێڵێت خەڵك لەکاتی مومارەسە کردنیان، ئازادییەکانیان ئازادی و مافەکانی ئەو پێشێل بکات، بۆیە وەکو سۆزان خان گوتی، من لەگەڵ ئەوە نیم بێین لەسەر ئەم پرەنسیپانە، رووت وەکو خۆی یەك، دوو، سێ بێت، ئەوەی من دەڵێم جێ بەجێ کردنی مافەکانی کە نە ئیجازەی پێ دەدرێت، بەڵکو سروشتیە دەبێت تەنزیم بکرێت.

سێیەم/ چۆنیەتی زامن کردنی مومارەسە کردنی.

چوارەم/ چۆنیەتی زامن کردنی، لەخیلالی مومارەسە تەعدا لەماف و ئازادییەکانی خەڵکانی تر نەکرێت، دەبێتە چوارچێوەی رەئیسەکەو مەبەستی ئەو یاسایە، هەموو ئەوەی ماددەکانی تر بخوێننەوە، شەرحێکە کە چۆن تۆ بتوانی مومارەسە بکەیت؟ چۆن رێگات لێ دەگرێت لە خیلالی مومارەسە کردندا پێشێلی ئازادییەکانی بکەن؟ لەبیرتان نەچێت لە ئاخیرەوە گوتراوە وەزیری داخیلی، یان جیهە مەسئوولە بۆی هەیە رێنمایی دەربکات، واتا ئەوانەی دووبارەن لە پاشان لە ماددەی دوو و خوارتر موعەرەزن، بۆ ئەوەی تەعلیماتی لێ دەربچێت، تاکو ئێمە مەزمونی بکەین، ئەو تەعلیماتە هیچ شك نابات لەو هەر سێ پرەنسیپە دەرناچن، من بەپێویست دەزانم ئەم ماددەیە لە سەرەوە تەسبیت بکرێت، تاکو رەقابەی ئەوە بکەین هەموو ماددەکان لەگەڵی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر کەس ئەوەی دیفاع دەکات کاك بورهانە، پاشان خۆتان حازر بکەن کێ پێی باش نییە؟ بۆ ئەوەی دەنگی پێ نەدات، کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ لەنگیەکی قانونی نییە لەهەر چ قانونێك ئەهداف و مەبادیئ بنووسرێت، بۆیە من تەئیدی هەرسێ مەبدەئەکەی سۆزان خان دەکەم بە صیغەی قانونی لە قەوسێکدا هیچ مانعێکی قانونی نییە ئەو سێ مەبدەئە بنووسێت، ئەو سێ مەبدەئەش زۆر زۆر جوانەو لە یاساکانی تریشداو لە دەورەکانی پێشووی پەرلەماندا ئەمە کراوە، وەك لە یاسای زراعەدا هیچ لەنگیەکی یاسایی نییە، ئەو سێ مەبدەئەش نیشانی ئەوە دەدات باقی ماددەکانی ئەم یاسایە رەنگدانەوەو ئاوێنەی ئەو مەبادیئانەیە، بۆیە شتێکی زۆر جوانە، هیچ مانعێکی قانونیش نییەو، خزمەتی ئەو یاسایە دەکات، خزمەتی ئەو ئازادیەش دەکات، بۆیە من تەئیدی رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، هیوادارم دەنگیش بێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیزافە نەکرێت؟ ئەگەر هەیە دەستی بەرز بکاتەوە، بڵێت بۆ نا؟ دیارە کەس نییە، کاك رێباز کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەسڵەن بیانووی دروست کردنی ئەم قانونە بەندێکی دەستوورییە، کە ئەوەی ئێستا سۆزان خان باسی دەکات بکرێت بە پرەنسیپ، بەڵام ئەوە لەسەر ماددەیەکی دەستووری دانراوە، کە ئەسڵەن خۆی وجودی هەیە، یەعنی چ پێویست دەکات تۆ قانونێکت بوێت، دیسان ئەو قانونە قەرەباڵغ بکەیتەوەو مەجموعەیەك قسەی تر، کە دیسان دووبارەیە، یەعنی من ئەسڵەن بە تەسەوری خۆم وایە، کە ئەم قانونە دژی ئەو قسانەشە، یەعنی لەجیاتی ئەوەی تەنزیمی ئەوە بێت، رێگا لە خۆپیشاندان دەگرێت، بەڕاستی وایە، یەعنی

که تۆ دەڵێی بە پرەنسیپ دادەنێی کە مافی خۆپیشاندانت هەیە، بەڵام لەخوارەوەش خۆپیشاندان بێی مۆڵەت وەرگریت، یەعنی هەم لە رووی قانونەکەوە کە پێویست بەو قەرەباڵغیە ناکاتەوە دیسان ئەو شتانە بنووسیتەوە، هەم یاساکە لەسەر ماددەیەکی دەستووری دانراوە کە وجودی هەیە، دەگوترێت بە حیساب ئەوە پرەنسیپە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئێمە وەکو قانون ناسێك دەڵێین تەحەفوزمان هەیە لەسەر ئەوە، لە رووی قانونیەوە ئیلا ئێمە لەگەڵ ئەو مەبادیئە دەستوورییینە، کە بۆ ئازادی خۆپیشاندان فەراهەم کراوە لە هەموو دەستوورەکان بە دەستووری عێراق و بە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانیش، بەڵام ئێمە دەڵێین مەبادیئی دەستووری دەڵێت ئەم حەقە حەقی هاووڵاتیە، حەقی ئەحزابە، حەقی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە، بەس بە قانون تەنزیم دەکرێت، ئێمە ئێستا بەرامبەر تەنزیم کردنی ئەو قانونەین، مافە دەستوورییەکان لە دەستوور بڕایتەوە، بۆیە ئێمە هێنامان مەسەلە حەقە دەستوورییەکە لە دیباجە داخیلمان کرد، گوتمان ئەگەر لە قانون جێگای نەبێتەوە، لە دیباجەکە داخیلمان کردووە، کە دیباجەکەش بەشێکە لە قانونەکە، لەهەموو دنیاش وایە، بۆیە ئەگەر ئێمە تەحەفوزیشمان هەبێت لەسەر مەسەلەی قانونیەکەیە، نەك لەسەر مەبادیئی دەستووری، کە بۆ ئازادی کردنی خۆپیشاندان فەراهەم کراوە لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستووردا هاتووە، تەنها یەك بابەتی باس کردووە، (تکفل الدولة بما لا یخل بالنظام العام والاداب، حریة الاجتماع، التظاهر السلمي وتنظم ذلك بقانون)، من لە پاڵ ئەوەی کە باسی ئەوەم کردووە، کە مافێکی دەستوورییە، دوو مافی تریش تیا چەسپێنراوە، یەکێکیان/ مافی هاووڵاتی کە کاتێك خۆپیشاندان دەکات، نابێت زیان بگەیەنێتە مومتەلەکاتی گشتی و تایبەتی و ئازادی و ژیان و ئەوانە، مافەکەی خۆی و ئیلتیزامیش لەگەڵیدا.

خاڵی دووەمیش/ مافێکیشم داوە بە دەوڵەت، بە وەزارەت، بە شوێنی ئەوەی کە مەسئوولیەتەکە هەڵدەگرێتە سەر شانی خۆی، ژیانی ئەو هاووڵاتیانە بپارێزێت و، نەهێڵێت ئاژاوەی لێ بکەوێتەوە، یەعنی کەواتە من تەنها یەك مەبدەئی دەستووریم بەکار نەهێناوە، دوانی تریش، مەبدەئی دەوڵەتیش، کە

پارێزگاری لە ژیانی هاووڵاتیان و مومتەلەکاتی عام بکات، ئەوانەی دەچنە ناو ئەو موزاهەرەیەوە هەست بەو مەسئوولیەتە بکەن، لەبەر ئەوە من لەسەر رەئی خۆمم و سەحبی ناکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر مولاحەزەتان، دکتۆرە کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرەنسیپانەی کەوا پێشکەش کراوەو پێشنیار کراوە، وەکو ماددەیەك لە یاسایەکە زیاد بکرێت، هەر یەکەیان دەخوێنمەوە، ئەو مادده قانونیەی کە بەرامبەری لە یاساکەدا هاتووە، شتێکیان تێدا نەبوو، ئەوە دەتوانین زیادی بکەین، بەڵام هەرسێ پرەنسیپ لەقانونەکەدا هاتووە، بەڕێزان، باسی حەقی تەبیعی و دەستووری دەکات، ئەگەر ئەو حەقە نەبوایە لە دەستوور، ئەو بنەما دەستوورییە نەبوایە، ئەمڕۆ ئێمە دانەدەنیشتین گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسایەك بکەین، کە ئەساسی ئەو پرۆژە یاسایە، ئەو حەقەیە کە لە دەستووری عێراق لە ماددەی (38) بڕگەی سێیەمە باسی لێوە کراوە، ئەساسی ئەو پرۆژە یاسایە ئەمڕۆ گفتوگۆ دەکرێت، ئەو حەقە دەستوورییە لە دەستووری عێراق دراوە، باس لەوە دەکرێت کە (ان یكون سلمياً خالياً من اعمال العنف، حق المتظاهرين)، ئەوە حەقەکەیە بەو یاسایە رێکخراوە، لەهەموو ماددەکان ئەو پرەنسیپە رەنگی داوەتەوە، کە باس لەوە دەکات لە ماددەی چوار هەمووی هاتووە، کە مافی رێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی گشتی و رێ و شوێنە رێکارە یاساییەکە دیاری کراوە، واتا ئەو پرەنسیپەی کە لە خاڵی دووەم لە پێشنیارەکەدا هاتووە لە ماددەی سێ و چوار و پێنج رەنگی داوەتەوە، بەڕێزان، لەسەر ئەساسی ئەو پرەنسیپە ئەو مافانە داڕێژراوە.

(تأمين حماية المتظاهرين وتأمين الظروف العامة وتأمين الظروف المناسبة للقيام بالتظاهر)، ئەوەش لە ماددەی شەش و حەوت دیسان باس کراوە، کە هێزەکانی پۆلیس ئەرکی سەرشانیانە کەوا ژیان و ماڵ و موڵکی گشتی و ئەو کەسانەی کە بەشداری دەکەن لە خۆپیشاندان و لەو کۆبوونەوانە بپارێزرێن، ئەو پرەنسیپانە رەنگی داوەتەوە لەهەموو بڕگەو بەندو دەقەکانی ئەو پرۆژە یاسایە، ئەوە رەئی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ئەو موقتەرەحە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەیەکی موختەسەرتر کلێشەیەکمان بۆ هاتووە، یاخود پێشنیارێکمان بۆ هاتووە، رەنگە ئەوە جێگای ئەوانە بگرێتەوە، ئێستا بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە، ئەویش بەم شێوەیە:

(یهدف هذا القانون الى:

1-ضمان الحق الدستوري للمواطن في التظاهر بشكل سلمي.

2- تحقيق الحياة الديمقراطية والحفاظ على التحول الديمقراطي.

3- الحفاظ على حياة المواطن وحرياته الاساسية بعيداً عن الفوضى وعدم الاستقرار).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو حاڵەت هەیە، یەك/ دەیخەینە دەنگدانەوە، ئیزافە بکرێت، یان نەکرێت، پاشان دێینە سەر خاڵەکان کە چۆن ئیزافە بکرێت؟ لەگەڵ ئەوەن ئەو پێشنیارە، ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت، ئەو پرەنسیپانەی کە باسی کرا ئیزافە بکرێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا ئیزافە بکرێت، ئینجا دێین ئەوەی کاك شێروان خوێندیەوە، خاڵ بەخاڵ بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی لەسەری رێککەوین.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئەگەر دەنگی هێنا دەکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ.

(المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى:

1-ضمان حق المظاهرة باعتبارها حق طبيعي ودستوري. على ان يمارس وفق احكام هذا القانون.

2- تحقيق الحياة الديمقراطية والحفاظ على التحول الديمقراطي.

3- الحفاظ على حياة المواطن وحرياته الاساسية بعيداً عن الفوضى وعدم الاستقرار).

هەرچەند ئەگەر رێگام پێ بدەن، یەك تێبینیم لەسەر خاڵی یەکەم هەیە، (ضمان حق المظاهرة باعتبارها حق طبيعي ودستوري)، بەڕێزان، موزاهەرە حەقێکی دەستوورییە، قانون لە دەستوور پلەی نزمترە، چۆن بە قانون زەمانەتی حەقێکی دەستووری دەکەین، کە دەستوور بەرزترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو نوقتەی نیزامی هەیە، سۆزان خان و کاك زانا نیزامی تر وەرناگرین، سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارەی کە هاتووە تازە ترە لەوەی من، لەوەی پێشووتر، ناڵێم ئەوەی من، لەوەی پێشووتر، لەبەر ئەوە من پێم باش نییە ئەوە بکرێتە ئەساس، من گوتوومە ئەمانە پرەنسیپن، نابێت بگوترێت (يهدف)، (المبادئ التي يرمي اليه هذا القانون) ئەمانەیە، یەك، دوو، سێ، بەو شێوەیە، نەك تەحەولی دیموکراتی و نە ئەمانە تازەن، دەبێت لە پێشدا ئەوەی یەکەم بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەمە ماددەیەكی تازەیە، بۆیە دەیدەمە گشت ئەندامان تا لەسەری موناقەشە بكرێت، كێ ناوی دەنووسێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ كەرەم بكە جەنابی سكرتێر ناویان بنووسە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام نووسینی ناو مەسئوولیەتی سكرتێرە، سكرتێر مولزەمە بە سێ ماددە، كو پاراستنی مافی ئەسبەقیەت بۆ ئەندامان بكات، بەو شكلەی پێش ئێستا هاتە نووسین، مافی ئەسبەقیەت نەبوو، زۆر برادەران ئیعتیرازیان دەكرد، كو ئێمە پێش هەمووومان دەستی خۆمان بەرز كردیە ناومان لەدواهی دەرچوو، تەسجیل كردن بە سرەی دانیشتن، ئەو مافە ناپارێزێت، من رەئیم ئەوەیە هەر یەكێك مەزمونی ماددەی (55)یش ئەوە دەگەیەنێت لەگەڵ ماددەی (58) لەگەڵ ماددەی (19) فەقەرەی (2)، هەر یەكێك داوای قسە بكاتن وەرەقەیەك بۆم بنێرێت ناوی خۆی لەسەر بنووسێت، ئەوی زوو بگاتە دەستم لە بیدایەت دادەنێم، ئەوی درەنگ بێتە دەستم لە دواهی دادەنێم، ئەوە مافی ئێوەش دێتە پاراستن و مەسئوولیەتی منیش دێتە پاراستن بەگوێرەی ئەو سێ ماددانە، ئێستاش كاكە ئەوی حەز بكات قسە بكات لە وەرەقەیەكی بچووك ناوی خۆی بنووسێت، چ زەحمەتی تێدایە، ناوی خۆت بنووسە بۆم بنێرە، لەسەر من ئەوەیە لیستێك دروست بكەم، ئەوەش ماددەكەیە، ئەوەی عەرەبی بزانێت با بۆم تەفسیر بكات، (تسجل طلبات الاذن) لازمە بە تەڵەب بێت (في الكلام مع مراعاة تسلسل تقديمها ويراعى في اعطاء الاذن الاسبقية في الطلب)، باشە ئەسبەقیەی تەڵەب چۆن بپارێزین؟ ئەگەر بۆ من ناوەكە نەیەتە لای من، فەرموو ناوەكانی خۆتان بنووسن من ئەوییدی بكەم، لەوەش نەجات دەبم، چونكە ناوی برادەران هێندە جار لەبیرمان دەچێت، ئان ناوی هەموویان نازانین بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو موقتەرەحە قسە بكەم، یان لەسەر ئەوەی كاك فرسەت باسی كرد، ئەگەر لەسەر موقتەرەحەكەیە باشترە، لەو نیزامی داخیلی كە باسی تەڵەبی تەحریری و شەفەوی نەكردووە، تەڵەب ئیزنە، هەر كەسێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوا بكات سەرۆكایەتی پەرلەمان ئیزنی دەدات بۆ قسە كردن، بەڵام ئەگەر وا بێت بەدواوە، ئێمە نامە بێت، جا رێزی دواوە وابزانم جەلسەكان كۆتایی دێتن، نامەكانی ئێمە ناگاتە بەردەستتان و پێموایە حەقەكانمان دەفەوتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەسەر قسەکەی کاك فرسەت، چونکە لە دوێنێوە ئیشکالێکی تازەمان بۆ دروست بووە هی ناو نووسین، ساڵ و نیوێکە ئەو مافە بە ناحەق لەلای جەنابتە موشکیلەمان نەبوو، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەوە بخەیتە دەنگدانەوە، راستە رێکخراوی ئاسك ئیشارەی کردووە، بەس بیخەینەوە دەنگدان ئەو مافە بێتەوە لای جەنابت، بۆ ئەوەی ئیشکالی قسە کردنمان بۆ دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە.

**بەڕێز د.پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من میسالێکی حەییم هەیە، من دوێنێ دەستم بەرز کردەوە، تەبعەن تێکچوو ناونووسینەکە، دوایی بە وەرەقەش بۆ کاك فرسەتم نارد، ناویشم نەخوێندرایەوە، نە لە ئەخیر، نە لە ئەوەل، قسەشم نەکرد، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم هەروەکو پێشووتر ساڵێکە ئێمە ناومان نووسراوە ئیعتیادی، ئەگەر تەرتیب بکرێت لەلای جەنابت مەمنونین، چونکە ئەمە ناکرێت وەرەقە بنێرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەگەر بکرێت ئەو سیستەمە کۆمپیوتەرە چاك بکرێت، ئەو موشکیلەمان حەل دەکات، هەرچەندە هەوڵێك هەبوو لە خولی پێشوو سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەگەرنا وەك پێشوو ناوەکان بنووسرێت، جارێك لە پێشەوە قسە بکرێت، جارێك لە دواوە، جارێکیش لە ناوەڕاستەوە، ئەگەرنا وەك هاورێم کاك عومەر باسی کرد، هەتا ئەوانەی دواوە وەرەقەکانیان هەڵدەگرن و دەنێرنە پێشەوە، ئێمە قسەی خۆمان کردووەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەلایەکەوە پشتگیری لە قسەکەی کاك فرسەت دەکەم، کە ئەوەی حەقی ئەسبەقیەتی قسە کردن، کە ئەوە مافێکە، کە من تەرحێکم هەبێت پێش رەفیقەکەم بیڵێم، ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەنواع

تەفسیراتی لێ دەکەوێت، لەبەر ئەوە، راستە قسەکەی کاک فرسەت تەواوە، بەلاَم میکانزمەکەی لەناو ئەم قاعەیەدا ناتوانین جێ بەجێی بکەین، ئەو میکانیزمە وەختێك جێ بەجێ دەکرێت، کە قاعەکە گەورەتر بێت، شەش، حەوت کەسمان لەبەر دەستدا بێت، راکە راکە بکەن ئەم ناوانە بێنن، بەلاَم ئێستا بەوە ناکرێت، لەبەر ئەوە هەتاوەکو ئەو حاڵەتە چارەسەر دەکرێت، ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنیە بتوانین بەکاری بێنین، بەلاَم بەم شێوە کۆنە نا، چونکە لە خولی پێشوودا ئەوەش تۆزێك خەلەلی تێکەوت بوو، یەکسەر ناوەکانی نەدەنووسی، لەبەر ئەوەی دوگمەیە، ئێستا لەمس هەیە، قەیدی چی دەکات با هی لەمسەکان بێنن، بۆ ئەوەی ئەمە بکەین، من داوا دەکەم جەنابت بینووسی، بەلاَم هەر لە پێشەوە نەبێت، بۆ ئەوەی حەقی برادەرەکانی تریشمان نەخورێت، جارێ لە پێشەوە، جارێ برادەرانی دواوە هەڵستن قسە بکەن، جارێکیش ئەوانەی ناوەڕاست و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کاك فرسەتەوە، من وادەزانم ئەو مادده قانونیەی خۆمان کە باس لە ئەسبەقیەت دەکات، یەعنی مەبەست ئەوەیە ئەو تەشکیلی ناوانە کراوە کە ئەولەویەت بەو تەسەلسولە دەدرێت، تەحصیل حاصلە، بەلاَم دەکرێت جەنابتان کاك فرسەت دوو رۆژە ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە، نایەوێت بیکات، دەکرێت ریعایەتی ئەوە بکەن کە ئەو تێبینیەی برادەران گوتیان جارێك لەوسەر ناوەکان بنووسن، جارێکیش لەمسەر، جارێك لە دواوە، جارێکیش لە پێشەوە، دوایێ ئەو تەسەلسولە ریعایەت کردنی ئەوەیە، یەعنی ئەسبەقیەت بۆ ئەو تەسەلسولەیە کە لەلای بەڕێزتانە، ئیتر ئالیەتێکی ترمان نییە لە غەیری ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەم زۆر لە دڵدایە، ئەگەر ئێستا پێشنیاری ئەوە بکەم بەڕاستی من هەر دوێنێ هاتمە سەرەوە، تەبعەن پێش موداخەلەکەم قسە بکەم، دوایێ گوتم ئێستا دەڵێ لەناو کارنامە نییە، نابێت قسەی لەسەر بکەین، ئێمە لە پشتەوە بەڕاستی زۆر مەغدورو فەوتاوین، هەم لە مەجالی قسە کردن، هەم لەو سپلیتانەو ساردی و گەرمی ئێرە کە پێ دەبێت، بەڕاستی هەر تەندروستیمان تەواو تێکچووە، من پێشنیارێك دەکەم بەڕاستی، یەعنی نازانم ئێمە ئەندامی پەرلەمان بین چوار ساڵ لە پشتەوە دابنیشین، بەڕاستی زۆر زۆر ناڕەحەتە، هەر هیچ نەبێت ساڵێ جارێك ئەم شێوە دانیشتنە بگۆردرێت، یەعنی شتێکی تر بێت.............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەلەن ئەگەر ئینصاف بەكار بێنیت زۆر جار لێرەوە، زۆر جار لەوێ، هەندێ جار لە لای جەنابتەوە دەستمان پێ كردووە، ئەوە یەك.

دوو/ هەندێ پەرلەمان هەیە هەر بۆ ئاگاداری جەنابت جێی هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش نییە، ئەوە بۆ مەعلوماتت، ئێمە چووینە بەریتانیا، ئەوە نوێنەری گشت فراكسیۆنەكان لەگەڵمان بووە، جێگەی (450) كەسیان هەیە، بەڵام خۆیان (650) كەسن، یەعنی حەقیقەتێك هەیە، ئینجا جێگۆڕكێی پێویست ناكاتن سەلامەت بی، كاك رەفیق كەرەم بكە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من موناقەشە كردنی لە پێشەوەو لە پاشەوەی ناو نووسین نا قانونییە، من پێشنیار دەكەم بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەوزوعی خۆمان، لەبەرنامەی كاری ئەمڕۆماندا نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان، ئێستا بەنیسبەت ئەو ماددەیە دیارە دوو بۆچوون هاتووە، یەكێك پێشتر كە سۆزان خان تەقدیمی كردووە، یەكێكیش دكتۆر زانا تەقدیمی كردووە، ئەوەش پێویستە هەموو لەسەر وەكو ماددەیەكی تر موناقەشە بكرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو ماددە تازەیەی كە ئیزافە دەكرێت صیاغە بكرێتەوەو تەوزیعی سەر گشتتان بكرێت، پاشان موناقەشەی لەسەر دەكەین، ئێستا بڕۆینە ماددەی دووەم، ئەگەر موافیق بن وای لێ دەكەین، ئەو ماددەیە را دەگرین، چونكە ئیزافەیە دەتوانین بچینە سەر ماددەیەكی تر، ماددەی دووەم كاك شێروان كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

هناك رأيان حول تنظيم المظاهرات:

الرأي الاول: يشترط الحصول على الاجازة وتكون الصياغة كالآتي:

اولاً:

1- للوزير صلاحية اجازة المظاهرة او التجمع العام اذا كانت على مستوى الاقليم.

2- لرئيس الوحدة الادارية صلاحية اجازة المظاهرة او التجمع العام كل ضمن وحدته الادارية.

ثانياً: لا يجوز تنظيم المظاهرة او التجمع العام الا بعد تقديم طلب الى الوزير او رئيس الوحدة الادارية واستحصال الموافقة التحريرية.

ثالثاً: للوزير او لرئيس الوحدة الادارية رفض طلب تنظيم المظاهرة او التجمع العام اذا تحقق لديه بانها سوف تخل بالنظام او الاداب العامة ويتم ابلاغ رفض الطلب تحريريا ومسبباً.

**رابعاً: للجنة الاعتراض على قرار الرفض لدى محكمة استئناف المنطقة خلال (3) ثلاثة ايام من تاريخ التبليغ وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال مدة (48) ساعة ويكون قرارها باتا.**

**خامساً: يستثنى من حصول الموافقة خروج الناس افرادا او جماعات الى الميادين والشوراع والاماكن العامة في المناسبات الوطنية والقومية والدينية طبقا للاعراف المحلية السائدة وللاغراض اعلاه.**

**سادساً: للوزير تخويل جميع او بعض الصلاحيات الممنوحة له وفق احكام هذا القانون لرؤوساء الوحدات الادارية كل ضمن وحدته الادارية.**

**الرأي الثاني: يكتفي باشعار الجهات المعنية وتكون الصياغة بالشكل الآتي في حالة الأخذ بهذا الرأي:**

**(على اللجنة اشعار وزير الداخلية او رئيس الوحدة الادارية كل ضمن وحدته الادارية، للقيام بتنظيم المظاهرة).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەبیعی تەجەموعەكە دەبێت لابدرێت هەروەكو لە پێشتر ئیشارەتمان پێدا لەو فەقەراتانەی كە لەمادده دوو هاتووە، بەنیسبەت فەقەرەكانی دیكە كۆ دەنگیەك هەیە لەناو لیژنەكان لەسەر ئەو فەقەرانەو، هیچ خیلافێكی تێدا نییە، بۆیە پێشنیاری یەكەممان ئەوەیە، كە ئەوەی پێشتر خوێندمەوە ئایا ئیجازەی هەبێت؟ یان نەبێت؟ یان تەركیز لەسەر ئیشعار بكرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رەئیسی ئەنجومەن نەماوە، رەئیسی پەرلەمانە تكایە، لیژنەی ناوخۆ رەئیتان.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**دوو ڕا هەیە لە بارەی ڕێكخستنی خۆپیشاندان:**

**رای یەكەم: مەرجی وەرگرتنی مۆڵەتدان دادەنێت و، داڕشتنی بەم جۆرە دەبێ:**

**یەكەم:**

**1-وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندان، یان كۆبوونەوەی گشتی هەیە، ئەگەر لەسەر ئاستی هەرێم بێت.**

**2- سەرۆكی یەكەی كارگێڕی دەسەڵاتی موڵەتدانی خۆپیشاندان، یان كۆبوونەوەی گشتی هەیە، هەریەكەیان لەناو یەكە كارگێڕییەكەی.**

**دووەم: ناشێ خۆپیشاندان، یان كۆبوونەوەی گشتی ڕێك بخرێ، مەگەر دوای پێشكەش كردنی داواكاری بێت بۆ وەزیر، یاخود سەرۆكی كارگێڕیی و وەرگرتنی ڕەزامەندی بەنووسین.**

سێیەم: وەزیر، یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی بۆی هەیە داواكاری ڕێكخستنی خۆپیشاندان، یان كۆبوونەوەی گشتی ڕەت بكاتەوە، ئەگەر بۆی ساغ بووەوە،، كە زیان بەسیستم و ئاكاری گشتی دەگەیەنێ و پێڕاگەیاندنی ڕەتكردنەوەكەش بەنووسین دەبێت و هۆكارەكەش دیاری بكرێت.

چوارەم: لیژنە بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتكردنەوە بگرێ لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەكە لە ماوەی (3) سێ ڕۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندن و دادگاش پێویستە لە ماوەی (48) كاتژمێر تانەكە یەكلابكاتەوەو بڕیارەكەش یەكلاكەرەوەیە.

پێنجەم: دەرچوونی خەڵك بەتاك، یان بەكۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقامەكان و شوێنی گشتی لەبۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی وئایینی، بەپێی دابودەستووری خۆجێی باو بەدەردەكرێ لە وەرگرتنی مۆڵەت و بۆ مەبەستەكانی سەرەوە.

شەشەم: وەزیر بۆی هەیە هەموو، یان هەندێك لە دەسەڵاتەكانی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بدات بەسەرۆكەكانی یەكە كارگێریەكان هەریەكە لەناو یەكە كارگێرییەكەی خۆیدا.

ڕای دووەم: ئاگادار كردنەوەی لایەنی پەیوەندار داڕشتنەوەكەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ لە حاڵەتێكدا كە ئەم ڕایە پەسندكرا:

{پێویستە لیژنە ئاگاداری وەزیری ناوخۆ، یان سەرۆكی یەكە كارگێرییەكان بكات، هەریەكەیان لەناو یەكە كارگێرییەكەی خۆی بەڕێكخستنی خۆپیشاندانەكە}.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئی تایبەتتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە ئەو چوار لیژنەیە دانیشتین دوای موناقەشەیەكی تێرو تەسەل هەموومان لەسەر ئەوە موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی كە نووسیمان، ئێمە ڕەئیمان لەگەڵ لیژنەی یاسایی بوو، كە چۆن كاك شێروان باسی كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەئی دووەمدا بووین، كە ئاگادار كردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بێت، بەلأم بە هەمان میكانزمی بۆی دانراوە بۆ مۆڵەت وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیمان لەگەڵ ڕەئی لیژنەی ناوخۆیە، تەنها ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی ئاکاری گشتییەوە هەیە، تەحەفوزمان لەسەری هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەین، ئەو خاڵانەی کە هاتووە هەمووی تەواون، بەڵام تەئیدی ئەوە دەکەین کە دەبێت ئیجازە وەربگرن، چونکە لە ئێمە مەتڵوبە وەکو وەزارەتی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایش، بەتایبەتی پۆلیس کە ئەمنیەتی ئەم خەڵکە بپارێزێت کە موزاهەڕە دەکات، ئەگەر ئێمە نەزانین کەی دەست بەموزاهەڕە دەکەن؟ ژمارەیان چەندە؟ لەکوێوە دەست پێ دەکات؟ ئامانج لە موزاهەڕەکە چیە؟ کەی موزاهەڕەکە تەواو دەبێت؟ ئێمە چۆن دەتوانین حیمایەتی ئەو خەڵکە بکەین؟ بۆیە ئێمە لەسەر ئەوە کۆکین، کە دەبێت ئیجازە وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم، دواخستنی موناقەشە کردنی صیغەی نیهائی ماددەی دووەم....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خلاص بوو، ئەوە تەواو بوو، ئێستا ماددەیەکی ترە، نا، نا شەرحی مەکە، ڕجائەن دانیشە، نوقتەی نیزامی نییە، ببوورە، چونکە دەتوانین دواییش بگونجێنین بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە بەرامبەر دوو ڕەئین، ڕەئیەك دەڵێت دەبێت ئیجازە وەربگیرێت لە وەزارەتی ناوخۆ، ڕەئیەکیش دەڵێت بێ ئیجازە بێتن تەنها بە ئیشعار بێت، ئەگەر ئەوە بدرێتە دەنگدانەوەو یەکلا بکرێتەوە، مانای وایە ئەو ڕەئیانە کە لێرەدا هاتووە یەکلا دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە دەیخەینە موناقەشە کردنەوە، بۆ ئەوە ئەندامان قسەی لەسەر بکەن، پاشان دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دیار بوو لە موداخەلەی ئەندامان داوا دەکەن وەکو پێشان بڕۆین، هەرچەند ئیشارە بەوە کرا کە بە ناحەقی نییە، لەبەرژەوەندی ئێوە بووە، بۆچوونەکانیش دەرکەوت، ئێستا تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکەم، بەڕێزان، ئەم ناوانە داوای قسە کردنیان کردووە، ئەم ڕێزدارانەیە (هاوڕاز خۆشناو، عمر عبدالرحمن، عمر نورەدینی، عمر هەورامی، قادر حسن، گۆران ئازاد، ئاشتی عزیز، عبدالرحمن حسین، کاردۆ محمد، نەسرین جەمال، نەریمان عبدالله، رفیق صابر، صباح بەرزنجی، ناسك تۆفیق، بەیان احمد، سەردار رشید، ژیان عمر شریف، شلێر محمد، شۆڕش مجید، رزگار محمد، سەرهەنگ فرج، عبدالله محمد، عظیمة نجم الدین، سیوەیل عثمان، پەیام احمد، پێشەوا تۆفیق، د.زانا، جعفر علی، بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن، حسن محمد سورە، خلیل عثمان، سەرگوڵ رضا، حمە سەعید، فاضل حسن، عمر عبدالعزیز، د.احمد ابراهیم، احمد سلێمان، هاژە مصطفی، سۆزان شهاب، دڵشاد شهاب، اسماعیل سعید، برهان رشید، کوێستان محمد، پەریهان قوبلای)، کەسی تر ماوە ناوم نەنووسی بێت؟ ڕێزدار هاوڕاز کەرەم بکە، بەس پێش وەخت تکایە دووبارە نەبێتەوەو عاجیزیش نەبن، ئەگەر خوشکێك، یان برایەك قسەی کرد بوو، بڵێ من تەئیدی ڕەئی فلان کەس دەکەم، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە کاتەکە بکەین، چونکە دووبارە بێت ڕاتان دەگرم، دوایێ عاجز نەبن، هاوڕاز خان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، من پێم باشە، دیارە ئەو ماددەیەی کە باس لە خۆپیشاندانی ناکاو دەکات تەسبیت نەبوو و دەنگی نەهێنا، چونکە (42) دەنگ بە (52) دەنگ بوو، لەبەر ئەوە ئێستا هەر خۆپیشاندانێك خۆپیشاندانێکی ئاساییەو ناوێکی تری نییە، من لەگەڵ ئەوەدام ڕەئی دووەم کە هاتووە لە ڕاپۆرتەکە بە ئیشعار بێت، بە مۆڵەت وەرگرتن نەبێت، کەواتە خۆپیشاندان تەنها ئاگادارکردنەوە بێت، بۆ کردنی خۆپیشاندان و سازدانی خۆپیشاندان مۆڵەتی پێویست نەبێت.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم هەر لەو ماددەیەدا، کە باسی ئادابی عامە کراوە، من وادەزانم ئەمە زۆر بە مەتاتی دوو کەلیمە کە باس کراوە ئیزافەیە، وەکو ڕوون کردنەوەیەك، وەکو بەرچاو ڕوونیەك نییە، بەو شێوەیە گونجاو نییە، کە ماددەیەك دیاری بکرێت، شتێك دیاری بکرێت ڕوون و بەرچاوتر نەبێت بۆ کار لەسەر کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەم یاسایە یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندانە، بەڵام ئەم یاسایە لە ئەساسەوە لە مەبادیئی دەستووری وەردەگیرێت، لەو پرەنسیپانەی كە پێشتر باسی لەسەر كراو ئاشكرایە دەستوور دایكی هەموو یاساكانە، هەر لە دەستووری عێراقیدا باس لەسەر ئەوە كراوە، كە ئێمە تا ئەم دەقیقەیە لەسەرمانە هەر یاسایەك دەردەكەین، نابێت لە ئیتاری دەستووری عێراقی بچێتە دەرەوە، لەو دەستوورە باس لەوە كراوە هەر یاسایەك لەسەر ئەم موزاهەرەیە دەردەكرێت، دەبێت تەنزیم بكرێت بە قانون، كە تەنزیم كرا بە قانون، كەواتە دەبێت هەموو داواكارییە یاساییەكانی تیا بێت، یەكێك لەوانە دانی مۆڵەتە، دانی مۆڵەت بە تەئكید دەبێت لە وەزیرەوە بێت، ئەویش وەزیری ناوخۆیە دەبێت بیدات، یان رەئیسی وەحدەی ئیداری، كە بەپێی ئەم یاسایە هاتووەو ئاشكرایە، سەلاحیەتێكی باشی داوەتە دەست سەرۆكی یەكە ئیدارییەكان لە دێ و ناحیەو قەزاو شاردا، هەروەها بە جەنابی وەزیریشەوە بۆ موزاهەرە گشتییەكان، بە تەئكید ئەم ئیجازە دانە یەكێكە لە تەنزیم كردنی یاساكە، ئەركێكی زۆر دەخاتە سەر شانی حكومەت، یەكێك لەو ئەركانە پاراستنی ئاسایشی موزاهەرەكەیە، دوو/ لەكاتێكدا ڕوودانی هەندێك كرداری خراپ بەرامبەر بە موتەزاهیرەكان لەلایەن پیاوەكانی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆوە، وەزارەت بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر بە تەعویز دان بە هەڵگرتنی ئەو مەسئولیەتانە، ئەگەر ئیجازەی نەبێت لە وەزارەتی ناوخۆ، یەعنی ئەو ئیجازەیە وەرنەگرێت لەو یەكە ئیدارییانەوە ئیجازەی پێ نەدرێت، مۆڵەتی پێ نەدرێت، بە تەئكید مەسئوولیەت تەحقیق ناكات لەسەر لایەنی پەیوەندیدار، ئەم بڕگەیەی كە هاتووە، من پێموایە ئەمە زیاتر لە بەرژەوەندی ئەو كەسانەیە كە هەڵدەستن بە موزاهەرەكە.

بەنیسبەت فەقەرەی سێوە، باس لە نیزامی عام و ئەدابی عامە دەكات، پێموایە مشتومڕێكی زۆری لەسەر بوو، لەكاتی گفتوگۆكانیشماندا، نیزام وئەدابی عامە تەفسیرێكی یاسایی و تەفسیرێكی فیقهە، تەفسیرێكی فیقهی نیزام و ئەدابی عامە تەحقیقی نەفعی عامە، تەحقیقی مەسلەحەی عامە، موحافەزە كردنی مەسلەحەی عامەیە لەناحیەی ئیجتیماعی، ئیقتیصادی، سیاسی، هەموو لایەنەكانی تر، كە رەبتی بە مەسلەحەی عامەیە، ئەمەش ناكرێت، نە جەنابی وەزیر، نە ئەم یاسایەی ئێمە هەیەتی نە تەفادی بكەین و وازی لێ بێنین و لێی لاببەین، بۆچی؟ لەبەر ئەوە هەم دیسان دەگەڕێینەوە بۆ دەستووری عێراقی لە ماددەی (38)دا باس لەوە دەكات، كە دەوڵەت هەر یاسایەك دەربكات، دەبێت كەفیل بێت بە پارێزگاری كردنی نیزام و ئادابی عامە، بە واتا ئەم یاسایە دەبێت نیزام عام و ئەدابی عامەی تیا بێت، چونكە مەسلەحەتی عامەو نەفعی عام گەورەترە لە دەسەڵاتەكانی دەوڵەت و لە مەسلەحەتەكانی دەوڵەت، بەڵام من پێموایە بڕگەی شەشیش لێرە، ئەگەر ئیلغا بكرێت باشترە، چونكە باس لەوە دەكات وەزیر دەتوانێت تەخویلی هەندێ سەلاحیات بكات، خۆی وەزیر لێرە هەموو دەسەڵاتەكانی جەنابی وەزیر دانی ئیجازەیە، كە لەسەرەوە باس لەوە كراوە وەزیر ئیجازە دەدات و سەرۆكی وەحدە ئیدارییەكان ئیجازە دەدەن، تەحصیل حاصلە كە سەلاحیەتی ئیجازە دانی هەبێت، سەلاحیەتی رەفز كردنیشی هەیە، لەفەقەرەكانی تر باس لەوە كراوە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەم فەقەرە شەشە ئیزافەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مۆڵەتدان لەم یاسایەدا نابێت بەو مانایە لێك بدرێتەوە، کە ئەمە کۆت و بەند لەبەردەمی هاووڵاتیان دادەنێت، سەبارەت بە جێ بەجێ کردن و پیادە کردنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم یاسایەدا هەیە لەسەر زەمینەی واقیع، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەم ئیلتیزاماتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەناو حکومەتدا بەشێوەی یاسایی دیاری دەکات، هەمیش باشتر و چاکتر ماف و ئەرکەکانی سەر هاووڵاتیان و ئەوانەی بەشداری دەکەن لە خۆپیشاندان چاکترو باشتر دیاری دەکات و بەرجەستەی دەکات، بۆ نموونە ئەگەر مۆڵەتدان لە ئارادا بێت، هەمیشە خۆپیشاندان، خۆپیشاندان یەکێك لەو ئەگەرانەی لەوانەیە لەکاتی جێ بەجێ بوونی خۆپیشاندان بێتە ئاراوە، دەست تێوەردانی لاوەکی بە مەبەستی شێواندن و ئاراستە کردنی لە دەرەوەی ئامانجە سەرەکیەکان و ئامانجە یاساییەکانی، ئەمە یەکێکە لەو ئەگەرانەی کەلەوانەیە بێتە ناو خۆپیشاندانەوە, بۆیە ئەگەر مۆڵەتدانی لەگەڵ بێت لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشێوەیەك ئامادەییان دەبێت، کە هەموو چەشنە ڕێگرییەك لەبەردەمی ئەم ئەگەرە سلبییە، بۆ مامەڵە کردن و بەلا ڕێ بردنی خۆپیشاندان دێتە ئاراوە.

خاڵێکی تر، ئەوەی کە باس کرا لەسەر سیستەم و ئادابی گشتی، من تەئیدی بۆچوونەکەی کاك عمر عبدالرحمن دەکەم، هەروەها ئاماژە بە نموونەیەکیش دەکەم، لە ڕەمەزانی ساڵی 2009 لە وڵاتی مەغریب جووڵانەوەیەك و حەرەیەك هەبوو لەلایەن گەنجان و لاوانی وڵاتی مەغریبەوە، کە لەکاتی بەربانگی ئێوارەدا، ئەوان بەشێوەیەك لە شێوەکان حفلەو تەجەموعی ئەوتۆ بکەن لە شوێنە گشتییەکان، کە نەگونجاو بێت لەگەڵ مەفهومی ئیسلامی بەربانگ، یان لەگەڵ ئادابی گشتی، یان لەگەڵ سیستەمی گشتی، ئەمە بوو بە ڕووداوێك کە پێش تەیاراتی ئیسلامی ئاینی، تەیاراتی عەلمانی حزبە عەلمانیەکان داوایان کرد، کە دامودەزگاکانی دەوڵەت لەوێ تەدەخول بکەن، بۆ ئەوەی ئەم شێوە تەجەموعە، یان ئەم شێوە خۆپیشاندانە ڕێگای پێ نەدرێت و سنووری بۆ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر هەورامی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار قادر حسن کەرەم بکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی خۆپیشاندان بابەتێکی گرنگ و هەستیارە، بەرپرسیاریەتەکەشی دوو لایەنەیە، بەشێکی دەکەوێتە سەر خۆپیشاندەران، بەشێکی تریشی دەکەوێتە سەر لایەنە پەیوەندارەکان، هەر بۆیەش پێویستە مۆڵەت وەربگیرێت، بۆ ئەوەی هەردوولا بتوانن ئەرکەکەیان لە رووی مادی و مەعنەوی جێ بەجێ بکەن، چونکە خۆپیشاندان چاوەڕوانی هەر پێشهات و رووداوێکی لێ دەکرێت، بۆیە من تەئکید دەکەمەوە مۆڵەت وەربگیرێت، هەم بۆ شوێن، هەم بۆ ژمارەی خۆپیشاندەران، هەمیش بۆ ئامانجی خۆپیشاندەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گۆران ئازاد کەرەم بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئامانج لە رێکخستنی خۆپیشاندان، یاخود ئامانجی دەسەلأت لەوەی کەوا مۆڵەت بدات، یاخود مۆڵەت نەدات، دوو هەدەفی هەیە:

یەکەمیان/ پاراستنی سەلامەتی ئەو کەسانەیە کە خۆپیشاندان دەکەن لەگەڵ پاراستنی مومتەلەکاتی گشتی لەو شوێنەی کە خۆپیشاندانی لێ دەکرێت، بەگوێرەی دەستووریش کە ئەو مافەی داوە بە هاووڵاتی، کە تیایدا دەڵێت بەیاسا رێك بخرێت، من پێموایە یاساش هەر تیایدا هەردوو ئامانجەکەی تێدا دەبینێتەوە، کە هاوسەنگیەك دروست بکات، هەم لەنێوان ئەو مەتاڵبانەی کە دەسەلأت دەیەوێت لە رێکخستنێکی خۆپیشاندا چۆن بێت؟ هەم لەوەی کە هاووڵاتی چۆن ئەم خۆپیشاندانە بکات؟

بەبۆچوونی من ئەم حاڵەتە، من پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم لەنێوان مۆڵەت و ئاگادار کردنەوە، ئاگادارکردنەوە بێت، چونکە ئەم هەدەفە لە ئاگادار کردنەوە دێتە دی، لەبەرچی؟ چونکە لە ئاگادار کردنەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەیری ماددەی سێ بکەین ئاگادار کردنەوەش ئەم دەستەیەی کەوا داوای خۆپیشاندان دەکات، دەبێت کات و شوێن دیاری بکات و، دەسەلأتیش جیهەی مەعنیە، ئەوجا بەڕێز وەزیری ناوخۆیە، یاخود قائیمقام و مودیر ناحیەیە، دەسەلأتی دووەمی کات و شوێنەکەی هەیە، ئەگەر گۆڕیشی جیهەتی خۆپیشاندەریش مافی تەعن لێدانیان هەیە، کەواتە کە کات و شوێن دیاری بوو، دەسەلأت دەکرێت هەم هێزی ئاسایش و پۆلیسی بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی سەلامەتی گیانی ئەم خۆپیشاندەرانە بپارێزێت، هەمیش مومتەلەکاتی حکومەت بپارێزێت، بەلأم مەبەست لەوەی ناوەڕۆکی خۆپیشاندانەکە، من پێموایە ئەوە مافێکی دەستوورییە، ئەگەر قەیدی بخرێتە سەر، ئەوە دەبێتە هۆی پێشێلی ماددە (36)ی دەستوور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاشتی عزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماوەیەك پێش ئێستا زۆر موناقەشە لەسەر ئەوە کرا کە ئەمە مافێکی دەستوورییەو رێکخراوە بە دەستوور، من رەئیم وایە ئەگەر مافێکی دەستووری بێت، بۆ ئەوەی تەناقوز نەبێت لەگەڵ هەموو کاتی پێشتر کوشتمان و قسەمان لەسەری کرد، موخالیفی قسەکانی خۆمان نەبین، وەکو کاك گۆران گوتی وا پێویستە بەڕاستی لەسەر مەسەلەی مۆڵەتدان هەڵوێستیەك بکەین، چونکە مەفهومی مۆڵەتدان دەچینە بەردەم خەتەری قبول بکرێت، قبول نەکرێت، یەعنی کە تۆ داوای مۆڵەت دەکەیت، دەکرێت کە رەفز بکرێت، ناکرێت مافێك کە لە دەستووردا بە ئازادی چەسپا بێت لەبەردەم خەتەری قبول کردن و قبول نەکردندا بێت، ئەگەر بە دافیعی ئەوەی کەوا منیش لەگەڵ ئەوەدام بەرگری لەوە دەکەم کە پێویستە پرەنسیپێکە لەناو دەستووردا هەبێت و بەیاسا رێك بخرێت، ئەگەر تەنیا نیەتی رێکخستنمان هەیە، ئەوە بڕوام وایە بە ئیشعار ئەو موشکیلەیە حەل دەکرێت، چونکە کۆمەڵێك خاڵی تری بە دوای خۆیەوەیە، بۆیە من تەئیدی رەئی دووەم دەکەم بە ئیزافە کردنی دوو بڕگە، ئەگەر هاتو خۆپیشاندانەکە لە وەحدەی ئیدارەییەکە تێپەڕی، ئەوە ئیشعاری وەزیر بکرێت، واتا ئەگەر لە پارێزگایەکەوە تێپەڕی، یان لە سەلاحیەتی وەحدەیەکی ئیداری تێپەڕی، ئەو کاتە جەنابی وەزیر ئاگادار بکرێتەوە.

خاڵێکی تریش، کە لە پێشنیازی ماددەی دووەمدا هاتووە، لە پێشنیازی یەکەمدا خاڵی چوارەم، کەوا دانانی سەقفێکی زەمەنییە، کە دەڵێت (لجنة الاعتراض علی قرار الرفض لدی محکمة الاستئناف) ئەوەش ئیزافە بکرێت بۆ سەر پێشنیاری دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی ئاشتی خان دەکەم، من پشتگیری رەئی دووەمیش دەکەم لەم ماددەیە، کە پێویستە خۆپیشاندان بەبێ مۆڵەت بێ، بەلأم ئەگەر بە مونەزەمی بێت، دەبێت ئاگاداری ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە بکرێتەوە، کە یەکەی کارگێری لەهەر جێگایەك هەبێت، لە هەر شوێنێك بێت ئاگادار بکرێتەوە، کە ئێمە خۆپیشاندان دەکەین و ئامانجەکانیش خۆیان دیار بکەن بەنووسین بۆ ئەو یەکە کارگێرییەی لەو جێیە هەیە، نابێت یەکەی کارگێریش رەفزی بکات، یەعنی ئەو حەقە نەدەین بەو یەکە کارگێرییە لەو جێیە کە رەفزی ئەو داواکارییە بکات، چونکە وەکو ئاشتی خان باسی کرد لە دەستوور هاتووە، کە مافێکی خۆیەتی و سروشتی خۆیەتی دەبێت بیکات، بەلأم ئەو کاتەی کە ئاگاداری کردەوە بۆیان پۆلیس و ئەمن و ئاسایش بنێرێت، کە حیمایەی بکات، نەهێڵێت ئەو خۆپیشاندانە توندو تیژی بەکار

بێنن، یان لایەنێکی تر، کەسانێك داخیل ببێت کارێکی خراپی لێ دەربکەوێت، ئەگەر ئەو کەسانەی لێرە توندو تیژی دەکەن لەناو ئەو خۆپیشاندانە سزای خۆیان وەردەگرن، چونکە ئێمە لێرە لە برگە یەکمان هەیە، من پێموایە لێرە بە حوکمی ئەم یاسایە ئەو سزایە وەردەگرن، بۆیە من پێموایە نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەو پیشاندەرانە مۆڵەت وەربگرن، کە مۆڵەتیان وەرگرت دوو، سێ رۆژی پێ دەچێت، یان پێ ناچێت، ئەو خۆپیشاندەرانە سست دەبنەوە، بەلأم دەبێت بەبێ ئاگاداری ئەو لایەنەش هیچ خۆپیشاندانێك روو نەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە قسەمان کرد، لەگەڵ رەئی هاوڕێیەکانم، کە باسی ئەوەیان کرد مافێکی سروشتی و دەستووری بێت، بەڕاستی قسە کردن لەسەر مۆڵەت لێ سەندنەوەی ئەو مافەیە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسی رێکارە پێویستیەکانی کرد لەکاتی ئەنجامدانی هەر خۆپیشاندانێك، لەبەر ئەوەی لە راپۆرتەکە رەئی بڵێین ئاگادار کردنەوە، ئەو وردەکارییەی تێدا نەبوو، لە ئاگادارکردنەوەش ئەوەی تیایە کە کات و شوێن دیاری بکرێت، کە دەبێت خۆپیشاندانەکەش ئاشتیانەو شارستانی بێت، کە دەبێت رێکخەرانی دیار بێت، کاتەکەی دیار بێت، هەموو ئەو رێکارانەی بۆ ئیجازە پێویستە، لە ئاگادار کردنەوەش دیارە تەنها مۆڵەتە، من پێموایە مۆڵەت بەستنەوەشی بە ئادابی گشتی، کە پێناسەکەی روون نییە، دیار نییە، زۆر لاستیکییە، دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەمیشە حکومەت پێویستی بەوەیە، کە کۆنترۆل بکات، نەیەوێت خۆپیشاندان بۆ ئەو داواکارییانەی کە هەیە بکرێت، هەوڵ دەدات بە رێکارەکانی خۆی رێی لێ بگرێت، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە دەبێت رەچاوی بکەین، لەبەر ئەوە بەڕاستی دانانی ئادابی گشتی و مۆڵەت گرفتێکە، پێموایە ئیمکان نییە خۆپیشاندان لە کوردستان بکرێت، کە ئەو پاساوانە هەبن.

خاڵێکی تر، کە من دەمەوێت تەئکیدی لێ بکەمەوە پەیوەندی بە قەوارەی سیاسی و رووداوی سیاسی ئێمەوە هەیە، ئێمە میللەتێکی چەوساوەین و پارچە پارچە کراویشین، رووداوێکی سیاسی دێتە پێش، ستەمێك دەبێت لە پارچەیەکی تر، کە ئێمە دەمانەوێت رەئی گشتی لەسەر بورووژێنین، یان لەلای خەڵك دەورووژێ، ئێمە نامانەوێت، خۆی خەڵك نارەزایی دەربڕێت، بۆ حکومەتی کوردستان چەند قورس دەبێت، کە مۆڵەت لەدەست ئەو بێت؟ یەعنی چەندین رووداوی کارەساتاوی بەرامبەر میللەتەکەم پێویستی بە رەئی گشتی بووە، حکومەت لەبەر ئەرکی دیبلۆماسیەت، یان سیاسی، یان ئیقتیصادی، یان پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتانە، کە مۆڵەت بدا، نەیتوانیوەو کردیتیە گرفتێکی گەورە بەرامبەر ئەو پێویستیە، یان ئەو خواستە جەماوەرییەی کە پێویستە بۆ ئێمە پشتیوانی، یان رەئی گشتی، یان داواکاری خەڵکی لەسەر دروست بکەین بەرامبەر کێشەیەك کە پێویستی بە نەتەوەکەی ئێمەوە هەیە، ئێمە بۆ ئەم بارە

بخەینە سەر حکومەت، لەکاتێکدا ئەگەر بە ئاگادار کردنەوە بێت، ئەمە لە دەسەڵاتی حکومەت نییە، قانون بەپێی پرەنسیپەکانی دەستوور خۆپیشاندانی وای ڕێکخستووە، کە خەڵك ئازادە بەو شێوازانەی کە شارستانی و مەدەنییە تەعبیر لە ڕەئی خۆی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەسرین جەمال کەرەم بکە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کاك گۆران و ئاشتی خان کردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەریمان عبداللە کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پیشتگیری لە بۆچوونەکانی کاك گۆران و ئاشتی خان و کاك کاردۆ دەکەم، بۆ ئەوەی کە مۆڵەت نەبێت، من دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە هەر یاسایەك دادەنرێت، لەڕاستیدا دەبێت ئاسانترین شێوە بێت، بۆ ئەوەی مومکین بێت کە جێ بەجێ بکرێت لە داهاتوودا، ئەگەر عەواقب و عەرقلەی بۆ دروست کرا، پێموایە کێشەیەك دروست دەکات، بە قەناعەتی خۆم کەخۆپیشاندانی لەناکاومان لابرد، کێشەیەکمان دروست کردو لە داهاتووشدا دەیبینین، لەبەر ئەوە زۆربەی زۆری خۆپیشاندانەکانمان سڕییەوە، لێرەش کە دێتەوە سەر ئەوەی کە خۆپیشاندان ڕەزامەندی هەبێت، یان نەبێت، هاوکارانم زۆر باسیان لە مەسەلە دەستوورییەکان کرد، من بە تەنها باس لە قانونەکە دەکەم، ئەوە بە حوکمی قانون دراوەو کەس نابێت بۆی هەبێت ڕەفزی بکاتەوە، بەلاّم بۆی هەیە داوای زەوابت و ئیلتیزامات بکات لەوانەی کە ئەنجامی دەدەن، وەك ئەوەی کە بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بەوەدا، کە فەلسەفەی ئەوەی باس کرد، کە بۆچی تەڵەب بکرێت؟ بەلاّم ئاگادار کردنەوەکەش هەمان ئەو فەلسەفەیە کە جەنابی وەزیر دەیڵێت بۆ مەبەستی زانیاری و ئامانج لێی و دیاری کردنی شوێنەکەی و کاتەکەی و ناونیشانەکەی، بەهەمان شێوە دەکرێت دابڕێژرێتەوە، من پێموایە بەڕێزان داڕێژەرانی ئەو پرۆژە یاسایە، کە ڕەئی دووەمیان نووسیووە، ڕەئی دووەم زۆر بە کرچ وکاڵی تەنها یەك دێریان نووسیووە، لەگەڵ ئەوە ئەوانەی کە بۆ داوا کردنی ئیجازە بۆ سەرەوە دانراوە، مومکینە هەمان شت بۆ ئاگادار کردنەوەش جێ بەجێ بکرێت، کە ئەو پرەنسیپانە بگرێتەوە، لەبەر ئەوە تەنها ئاگادارکردنەوەکە بەو شێوەیە نییە عەفوی داواییەك بکات و بڕوات، بەلاّم ئەو خاڵانەی بۆ دەست نیشان بکرێت، بەلاّم مەجالی ڕەفز کردنەوەی نەبێت.

رەئیەکیش هەیە، کە دەڵێت ئاگادار کردنەوەو تەڵەب و رەزامەندی هەردوو حکومەت بە مەسئوولیاتی خۆی هەڵدەستێت، ئەگەر وا نەبێت کەواتە پێچەوانەکەیەتی و بە مەسئوولیاتی خۆی هەڵناستێت، یان شتی دەکەوێتە سەر، حکومەت لە هەموو کاتێکدا بەپێی یاسا مولزەم دەکەم پاراستنی سەرو ماڵی خەڵکی لە ئەستۆیە، هەروەها پاراستنی ئەنزیمەو نیزامی سیاسی ئەو حکومەتەی لە ئەستۆیە، بۆیە ئەگەر موزاهەرە ببێت، موزاهەرە نەبێت، ئەو ئەرکە لە ئەستۆی حکومەتەو هەر دەبێت بیکات و، جێ بەجێی بکات و ئەرکی خۆیەتی، بۆیە من پێموایە کە پێویست بەوە ناکات، کە ئێمە بیخەینە بەردەمی رەزامەندی، یان نا رەزامەندی، یان بیخەینە بەر میزاجی لێپرسراوێك، یان نا، لەبەر ئەوەی مافێکی دەستوورییە کە دراوە، بۆیە من لەگەڵ رەئی دووەم دام کە تەنها ئاگادارکردنەوەکە بەسە، بەڵام بەزەوابت و تەعلیمات و ئەنزیمە رێك بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر رەفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەم ماددەیەدا قسە لە مافێکی دەستووری دەکەین، مافێکی سروشتی، کە مافی خۆپیشاندانە، مافی خۆپیشاندان بەشێکە لە ئازادی و مافی مرۆڤ، هەروەك مافی دەربڕین بە زارەکی بێت، یان بەنووسراو لە رێگەی کتێب و گۆڤارو رۆژنامەوە بێت، ئێمە شانازی بەوە دەکەین، چونکە لە کوردستان سانسۆر لەسەر چاپ کردنیان نییە، لەکاتێکدا کۆمەڵێك وڵاتانی دەورو پشتمان ئەو سانسۆرە هەیە، شانازی بەوە دەکەین کە سانسۆر لەسەر بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤار نییە، کە خەڵك پێویستی بەوە نییە لە رۆژنامەکان ئێواران بیبەن بۆ پۆلیس، یان بۆ دەزگای سانسۆر، بۆ ئەوەی مۆڵەت بدرێت رۆژنامەکە بۆ رۆژی دووەم چاپ بکرێت، یان بەشێکی بە سپیەتی بڵاو بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم مافە مافێکی دەستوورییە، مافی را دەربرینە، مافی خۆپیشاندانیش بەهەمان شێوەیە، هەر قانونێك بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان دابنرێت، دەبێت ئەو مافە بپارێزرێت و بیچەسپێنرێت، ئایا ئێمە مافی ئەوەمان هەیە لە رووی سیاسی، لە رووی ئەدەبیەوە، مافێك کە دەستوور بۆ ئێمەی دابین کردووە، بیدەین، ئەو مافە لە خەڵك بستێنینەوەو بیدەینە دەست سەرۆکی وەحدەیەکی ئیداری لە ناحیەیەك، یان لە گوندێك، یان لەناوچەیەکی بچووك، ئەو سەرپەرشتی ئەو مافە دەستوورییە بدات بە خەڵك، یان نەیدات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ رەئی هاوکارانم، کە مەسەلەی مافی خۆپیشاندان بە ئاگادار کردنەوە بێت و، لەو ئاگادارکردنەوەیە هەموو ئەو زانیارییانەی کە تێدا روون بکرێتەوە، کە جەنابی وەزیری ناوخۆ باسی کرد ئێستا، بەڵام ئەو مافەش بدرێت بە لایەنی پەیوەندیدار لەبارەی شوێنی خۆپیشاندانەکە، دەشێت ئەوان لە شوێنێك بیکەن، ئەو شوێنە لە رووی ئەمنیەوە، لە رووی ستراتیجیەوە، لە رووی هەر سەبەبێکی ترەوە بێت گونجاو نەبێت، دەکرێت ئەوان ئەو مافەیان هەبێت، شوێنەکە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کە ئەوانە خۆپیشاندانەکە رێك دەخەن موناقەشە

بكەن و لێدوانی لەبارەیەوە بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر شوێنەکە گونجاو نەبوو ڕێك بکەون لەسەر ئەوە شوێنی خۆپیشاندانەکەو مەساری خۆپیشاندانەکە بگۆڕن بۆ شوێنێکی تر، لەبەر ئەوە من لەگەڵ هاوکارانم پشتگیری ئەوە دەکەم، کە پێویستی بە ڕەزامەندی نەبێت، بەڵکو ئاگادارکردنەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك د.صباح بەرزنجی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بۆچوونەکانی خۆم لەچەند خاڵێك پێشکەشی بەڕێزتان و هاوکارانی بەڕێزم دەکەم، مەسەلەی خۆپیشاندان وەك باس کرا مافێکی دەستوورییە، مافێکی سروشتیە، بەڵکو مافێکی ئیعتیراز، هەر کەسێکی مافێکی قورئانیشە، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێت (لایحب الله الجهر بسوء من القول الا من ظلم)، هەر کەسێك هەستی کرد بەوە زوڵمێکی لێ کراوەو ستەمێکی لەحەق ئەنجامدراوە، ئەوە خوای پەروەردگار ئەو حەقەی داوەتی بەدەنگی بەرز هاوار بکات و، تەنانەت ئەو قسانەش بکات، کە لە حاڵەتی عادییدا نایکات، ئەم حەقە پێویستە لەچوارچێوەی یاسادا بێت، نابێت لە یاسا دەربچێت و کاری ئێمەش لەڕاستیدا بۆ ئەوەیە بەجوانترین شێوە مومارەسەی ئەو حەقە بکەین، هەر کەسێکیش خاوەنی ئەم مافەیە تەعەسوف نەکات لە بەکارهێنانیدا، بۆیە لەلایەکەوە پێویستمان بەوە هەیە بەجوانترین شێوە مومارەسە بکرێت، هیچ جۆرە کۆت و بەندێکی ناڕەوا نەخرێتە سەری و، ئەو کۆت و بەندانەی کەقانون دایدەنێت، دەبێت بۆ خزمەتی مافەکە بێت، نەك بۆ ڕێگە گرتنی، بۆیە منیش ئەو ڕەئیەم بەلاوە پەسندە، کە ئاگادار کردنەوە کافی بێت، بەڵام ئەو ئاگادار کردنەوەیە دیارە هەموو زانیارییەکانی پێویستی تێدا بێت، بۆ ئەوەی وەکو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا ئێمە هەنگاو بنێین، یەعنی ئێمە لە زۆر شتدا، کاتێك کە دێینە سەر باسی یاساکان، نموونە بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو دێنینەوە، بەڵام عەجەبە بۆ کە دێینە سەر باسی مەسەلەی خۆپیشاندان، ئەو ئەزموونانە نادیدە دەگرین، پێمانوایە دەبێت نموزەجی ئەو وڵاتانەی دەوروبەرمان کە لەسەر ئەساسێکی ئایدۆلۆجیە، لەسەر ئەساسێکی پۆلیس وڵات دەبەن بەڕێوە، ئەوە بێنینە مەیدانەوە، نموونەی یاسای یەکێك لەو وڵاتانەم لەلایە، ئایا کە بەڕاستی ئەو مافەی داویەتی بە هاووڵاتیان بۆ خۆپیشاندان؟ لەڕاستیدا ئەو خۆپیشاندانەی دەکات بە پرۆتۆکۆلێکی حکومی و، هیچ فایدەیەکی لێ ناکەوێتەوە.

سەبارەت بەوەی کە وەزارەت، یان لایەنی کارگێری، یەکەی کارگێری پێویستە ئیلتیزامی بۆ دروست ببێت، بەڕاستی ئەم ئیلتیزامە نەبەستراوە بە وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندانەوە، یان وەرگرتنی مۆڵەتی کۆبوونەوەی گشتییەوە، هەر لەسەرەتاوە وەزیر کە دەبێت بە وەزیر، سەرۆکی یەکەی کارگێری کە دەبێت

بە سەرۆکی یەکەی کارگێری، ئەو ئیلتیزامەی بۆ دروست دەبێت کە پارێزگاری لە ئەمنیەت و ئاسایش و نیزامی گشتی و ئادابی گشتی بکات، بۆیە من زۆر بە تەئکیدەوە پێموایە کە ئێمە دەبێت تموحمان زۆر لەوە بەرزتر بێت، کە بێین ئەم مەوزوعە ببەستین بە مۆڵەت پێدانەوە، بەڵکو بڵێین ئەسڵ وایە ئاگادار کردنەوە بکرێت بە بنەما، بەلاَم لەو حاڵەتانەدا کە دیارە رەنگە مەترسی هەبێت، ئەو کاتە ئەو حەقە بدرێت بە جیهاتی پەیوەندیدار، کە ئەو شوێنە مەسەلەن بەکار نایەت، بەهەمان شت ئەو حەقەشیان پێ بدرێت، دیسانەوە دەمەوێت ئاماژە بەو مەوزوعەش بکەم، لە هەندێ لەو یاسایانەی کە هی وڵاتانی تر باسی ماڤی خۆپیشاندان کراوە، رێکخستنی خۆپیشاندان کراوە، هاتوون بە ئیستیسنا هەندێ شوێنیان دیاری کردووە، کە نابێت خۆپیشاندانی تیا بکرێت، ئەوە ئەگەر رەچاو بکرێت، یەعنی ئێمە وەکو ماددەیەك دیاری بکەین و صیاغەی بکەین زۆر باشە، ئاخیر شت کە من لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکاندا بینیم و بەلامەوە زۆر ئیجابی بوو ئەوەیە کە برگەی پێنجەم لە ماددەکە هاتووە، هەندێك موناسەباتی ئیستیسنا کردووە لە حصولی موافەقە، یەعنی ئەوە نابێت ئەحکامی کۆبوونەوەی گشتی، یان ئەحکامی تەزاهوراتی بەسەردا جێ بەجێ بکرێت، موناسەباتی وەتەنیە، موناسەباتی قەومی و ئاینی و، تەنانەت ئەو موناسەباتە کۆمەلاَیەتیانەی کە عورف دیاری کردووە پێویستی بە ئیجازە نییە، ئەگەر ئەوە بە ماددەیەکی سەربەخۆ صیاغە بکرێت، ئەمە پوختەی قسەکانی بەندە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ناسك تۆفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکانی من پشتگیرییە بۆ رەئی دووەم وەکو هاوەلاَنم، کە تا ئێستا کردیان، من پێموایە کاتێك کە دەڵێت (يشترط الحصول على الاجازة)، یەعنی مەرجی پێدانی مۆڵەت بیخەینە سەر ئەرزی واقیع، ئەگەر بێتو کۆمەڵێك خەڵك بەدەست زوڵمێکەوە بناڵێنن، مەسەلەن بۆ نموونە کۆمەڵێك کەسوکاری شەهیدان گیریان خواردووە بەدەست رۆتینی ناو دەوائیرەوە، دیسان بێت بۆ ئەوەی بیکاتە رەئیەکی گشتی، بێت خۆپیشاندان دەکات، دیسان بێت ئەمجارە بەشێوازێکی تر گرفتاری دەستی رۆتینێکی تر ببێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، ئایا ئەمە چەند کاریگەری دەبێت لەسەر دروست کردنی توندوتیژی لەماڤی ئەو کۆمەڵەی کە دەناڵێنێت بەدەست گرفتەوە؟ بۆیە من پێموایە ئێمەین یاسا دەردەکەین بۆ رێکخستنی خۆپیشاندانەکان، کەواتە ئێمەین حەق دەدەین بەوەی کاتێك ئەگەر مۆڵەتیش نەبوو، ئیشعار بوو، ئەوە ئەرکی حکومەتە کە دیسان خەڵك و هاوولاَتیان و خۆپیشاندەران بپارێزێت، چ خۆیان و چ موڵکیان، یەعنی ئەمە ئێمەین تەشریع دەکەین، کە ئایا مۆڵەت نەبوو ئیشعار بوو، ئەو حەقە لە ئەستۆی حکومەت و دامودەزگاو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێتەوە؟ یان هەر دەبێت بیکەن، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر، من خاڵی شەشەمم پێ زیادە بەڕاستی، بەلاّم پێموایە ئەگەر هاتوو کردمانە ئیشعار، کە دەڵێین (او رئيس الوحدة الادارية)، بڵێین یان یەکێك بەجێی ئەو دانیشتووە، چونکە بۆی هەیە ئەم رەئیسی وەحدەی ئیدارییە لە سەفەر بێت دوو، سێ رۆژی پێ بچێت، بۆیە ئەگەر بکرێت بڵێین یان ئەو کەسەی کە لە جێگای ئەو دادەنیشێت (او من ينوبه) شتێکی وا دانێین، بۆ ئەوەی رۆتین خەڵکەکە زیاتر ماندوو نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەیان کەرەم بکە.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن بەرڤان چەند هۆیا ئەز دگەل موجەرد ئیشعار کردنێمە، یەعنی ئاگاهدار کردنێمە، ئێك/ ئەگەر بەرێخۆ بدەینە وان گۆڕینەت مەزنێت کو هەرێمدا چێ بووی، تەحەول بەرەڤ دیموقراتیەتێ ڤێتن ئەم پشتەڤانێ خاڵێ بکەین بڕاستی.

خاڵە دوێ/ ئەڤرۆکە هەرێمێ کوردستانێ بەرەڤ سێ قۆناغێ بچیتن، چونکو تیباعێکی گەلەك جوان ئیش حەیاتە سیاسی و ممارەسا سیاسی و ئازادییا، یەعنی هەرێمێ ئەم بدەینە خەلکێکی دەرەڤەی هەرێمێ بەر ڤێ خالێ ژی.

خاڵە سێ/ مادام کو مافێکی سروشتی و تەبیعیە، موعارەزە گەل قانونە نینە، هەروەسا یەعنی ئیجازە وەرگرتن یا موعارەزە گەل ئەو مافێت دەستوور کو تەئکید هاتیە سەر دەستوورێ یێ عێراقێ و رەشنووسێ دەستوورا هەرێمێ کوردستانێ.

خاڵە چارێ/ ماڤێ دەسەلاتێ رێکخستنا خۆپیشاندانە بکاتن.

خاڵە دی/ کارێ حکومەتێ پاراستنێ لسەرخۆپیشاندانێ بکاتن، هەروەسا ئاگاهداریا حکومەتێ، ئەڤە کورترین رێکە بۆ دیموکراتیا تێل هۆیا ئەز دگەل هەندێ دامە کو موجەرەد ئاگاهداریا بێتن بۆ جیهەتێ دەسەلاتدارو زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سەردار رەشید کەرەم بکە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەك دیارە خۆپیشاندان ماف و حەقێکی تەبیعی هەموو تاك و کۆمەڵەو رێکخراوێکە، دیارە هەموو یاسایەك من پێموایە کە ئەوە رەئی شەخصی خۆمە کە دەردەچێت، مەفروزە وەزعی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و واقیعی ئەو ولاّتە لەبەرچاو بگیرێت، ئێمە لەولاّتێکدا دەژین بەڕاستی هەم کوردستانەو، هەم عێراق،

دەزانــین وەزعــی سیاســی عێــراق لــە چ وەزعێــك دایــە، وەزعــی مەنتیقەكــە، وەزعــی ناوچــەكە، وەزعــی دراوسـێیەكان، بەڕاسـتی وەزعـی عالـەمیش كـە ئێمـە ئێسـتا سـەیری بكـەین، بەڕاسـتی ئـەو یاسایانەی كـە دەردەچن لەسەر چ بنەمایەك یاساكان دەردەچن، دیـارە لـەم وڵاتـەی ئێمـە، لـەم هەرێمـەی ئێمـە مەسـەلەی دیموكراسـیەت مەتڵـەبێكی ڕەوای هـەموو تـاكێكی ئـەم كۆمەڵگایەیـە، بـۆ ئـەوەی بەڕاسـتی شـتەكان هـەموو بەیاسا ڕێك بخەین لەچوارچێوەی یاساییدا بێت، من ڕەئیم وایە پێویستە وەكو ئـەو وڵاتـە پێشكەوتووانەی دنیا خۆ ناكرێت ئێمە بەڕاستی ئێمە لەو وڵاتانە پێشكەوتووتر بین، پێویستە ئیجازەی پـێش وەخـت بـۆی وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ژیان خان كەرەم بكە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاســتیدا مۆڵــەت وەرگــرتن مانــای ڕێگــە گــرتن نییــە، بــەڵكو ڕێكخســتنێكە لــەنێوان شــەقام و مــافی خۆپیشاندەران و نیزامی گشتی، چونكە خۆی خۆپیشاندان چالاكیەكە لـەناو قـەزای گشـتیدا ئـەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی بـە ڕێكـەوت نـەبێت لـەنێوان مافـەكان و نیزامـی گشـتی نەخاتـە مەترسـییەوە، پێویسـتە مۆڵـەت هەبێت و ئاگاداریيەك هەبێت، كە لە زۆربەی دەوڵەتە دیموكراتیەكان و لیبرالیەكانیشدا پێش ئـەوە مۆڵـەت وەرگیراوە، ئینجا خۆپیشاندان كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەكانی كاك عمر عبدالرحمن دەكەم لە هەموو ماددەكە، بەس بەنیسـبەت خـاڵی پێنجـەم كـە دەڵێـت (یسـتثنی مـن حصـول الموافقـة خـروج النـاس افـرادا او جماعـات الی المیـادین والشـوراع والامـاكن العامة)، یەك ئیزافەی تر بكرێت، وابزانم بە سەرۆكی لیژنەی یاساییشم گوتووە (خلال الحملات الانتخابیـة وفي المناسـبات الوطنیـة والقومیـة)، چـونكە خیلالـی حەمـەلاتی ئینتیخابی وابـزانم زۆر ئـەو هینـە دەبێـت، هەموو ئەحزابەكانیشن، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك دوایی نەڵێن لە قانونەكەدا نەبووە ڕێگـری لـە هـیچ كەسێك بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شۆڕش كەرەم بكە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەکانی من بەشی زۆریان کرا، بەلاَم بە پەلە بەسەر هەندێك شتدا دەڕۆمەوە، کە بە گرنگی دەزانم، پێش هەموو شتێك من پشتگیری تەواو لەو پێشنیازە دەکەم کە سێ پرەنسیپەکەی لە سەرەتادا باس کرا بوون بخرابوایە پێشی ئەو ماددەیە، چونکە لە ئەنجامی تێگەیشتن لەو سێ پرەنسیپەوە ئێمە ماددەکانی تر دەست نیشان دەکەین، ئینجا موافەقەتی لەسەر دەکەین، چونکە دیارە ئەو پرەنسیپانە لە دەستووردا بووە بە مافێکی سروشتی هەموو تاکێك و هەموو گروپێك یاسا رێکی دەخات، بۆیە من پشتگیری لەو پێشنیازە دەکەم، کە ئەو سێ پرەنسیپەی کە لەسەرەتادا کاك عبدالسلام و سۆزان خان بووە بخرێتە پێشی ماددەی دووەم.

سەبارەت بە مەسەلەی مۆڵەت و ئاگادارکردنەوەش، من لەگەڵ مۆڵەتم، بەلاَم مۆڵەت تەنها بۆ دەست نیشان کردنی کات و رێرەوی کۆبوونەوەو رێ رۆیشتنەکەو خۆپیشاندانەکان بێت، لەگەڵ حەجمی خۆپیشاندانەکە، بۆ ئەوەی هەم لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی ناوخۆ، یاخود دامودەزگاکانی حکومینە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبستن، هەم بۆ پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران و هەم بۆ سەلامەتی گشتیش.

سەبارەت بە رێگا پێدان، هەم دیسان لەسەر مۆڵەت پێدان، تەنها ئەو حالاَتانەی کە لە پرۆژە یاساکەدا تەحدید کراوە، کە حاڵەتی بە مەبەستی هاندان بێت لە دژی گروپێك، یاخود تایفەیەك، یاخود ئاینێك، ئەوانە حەصرینە بەتاتەن رێگایان پێ نادرێت، کە خۆپیشاندان بەو مەبەستەوە بکەن، من لەگەڵ ئەوەمە کە لەگەڵ زیاد کردنی ئەوەمە، لە کاتێکدا لە بۆنە ئاینیەکان و نیشتمانیەکان ئیستیسنا کراون لەگەڵ هەندێ شتی تر لە پرۆژە یاساکە، کە پێویست بە مۆڵەت وەرگرتن، یاخود ئاگادار کردنەوە ناکات، من لەگەڵ ئەوەمەو پێشنیازی ئەوە دەکەم کە چالاکیەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش بەدەر بکرێت، ئەوە وەکو بۆنە ئاینی و بۆنە نیشتمانییەکان پێویست بە مۆڵەت و ئاگادار کردنەوە نەکات، بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی بتوانن بە ئەرك و چالاکیەکانی خۆیان هەڵبستن لەناو کۆمەڵگادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حاکم رزگار کەرەم بکە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقتیراح دەکەم ئەم ماددەیە بکرێت بە سێ فەقەرە، لە فەقەرەی یەکەمی بەم جۆرەی لێ بێت (لایجوز تنظیم المظاهرة الا بعد اخبار الوزير او رئيس الوحدة الادارية قبل اجرائها بمدة لاتقل عن اربعة وعشرين ساعة وتستثنى من ذلك المظاهرة العفوية التي تتعذر فيه الاخبار في الوقت المناسب).

فەقەرەی دووەمی/ بەم جۆرە بێت (على السلطات الرسمية اتخاذ الوسائل اللازمة لحماية المتظاهرين من الاعتداء وعليها منع استمرار المظاهرة عندما تتحول مسارها بإتجاه ارتكاب الجرائم وبما يخالف القوانين المرعية).

فەقەرەی سێیەمیش فەقەرەی پێنجەمی خۆیەتی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بێگومان تەبریریشم بۆ ئەمە، گرنگ ئەوەیە ئامانجی خۆپیشاندان مەشروع بێت و لەو غەرەزە دەرنەچێت، جۆری بەڕێوەبردنەکەشی ئاشتیانە بێت، تاوانی تیا نەکرێت، ئاسایشی خەڵك و ئارامیان تێك نەدات و ماڵی گشتی و ڕێگەکان نەگرن، ماڵی گشتی تووشی تەلەف نەبێت، هاووڵاتیان بێزار نەکرێت، ئەگەر مەسەلە ئیجازە بێت، زەمان چیە ئەگەر مەعاییری وەزیری ناوخۆ ئیزنیدا، بەلاّم تاوانی تیا نەکرێت، ئایا ئەو ئیزنە ڕێگا دەدات بەتاوان؟ بێگومان نەخێر، ئیزنیش بدات کە موزاهەڕەکە مەساری گۆڕا بەرەو تاوان و لەو مەنتیقەی خۆی کە بۆی دانراوە دەرچوو، دەبێت حکومەت تەدەخول بکات، ئیخبار نەکردن، یان ئەو مەسەلەی ئیستیسناشمان تیا کردووە لێرە، بەڕاستی لە وەقتی موناسیبدا جاری وا هەیە ناتوانێت ئیخبار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەرهەنگ کەرەم بکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ئەو ڕەئیە دەکەم کە مەسەلەی خۆپیشاندان تەنها ئاگادار کردنەوە بێت بە جیهاتی مەعنی، کە ڕەئی دووەمە، وەك لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکەدا هاتووە، بەبیانووی ئەوەی کە ئێمەش چەند ڕۆژ لەم پەرلەمانە ئەندامانی بەڕێز موناقەشەی ئەم یاسایەمان کردووە، هەمووومان کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە ئەمە مافێکی دەستوورییە، پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێت، بە ڕەئی من لە ڕەئی یەکەمدا تەقید کردنی ئەم مافەی تێدایە، نەك ڕێکخستنی، بەبیانووی ئەوەی کە تەبریراتم بۆ پشتیوانی ڕەئی دووەم ئەوەیە، مەسەلەی تەقید کردنەکە لە ڕەئی یەکەم زۆر بە وازیحی دیارە، مەسەلەن کە تێدا هاتووە دەڵێت موخالیفی نیزامی عام و ئادابی عامە نەبێت، کە ئەمە بەڕاستی موستەڵەحێکی لاستیکیە، دەتوانرێت بۆ زۆر حاڵەت بەکار بهێنرێت، گوێمان لە تەبریرەکانی وەزارەتی داخیلیش بوو لە ڕێگەی جەنابی وەزیرەوە، بۆ حاڵەتی یەکەم کە مۆڵەت وەربگیرێت، بەلاّم لە حاڵەتی ئیشعار، لە حاڵەتی ئاگادار کردنەوەش وەقتی ئەو تەبریرانەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد، وەزارەت ئاگای لێ دەبێت، جیهەتی مەعنی ئاگای لێ دەبێت وەکو وەقتی موزاهەرە کردنە، وەکو کاتی دەست پێ کردنی، هەموو ئەم شتانەی تێدا بێت، یەعنی ئەو مەخاوفانەش لە حاڵەتی ئیشعاردا، بۆیە من پشتیوانی لە ڕەئی دووەم دەکەم، کە ئاگادار کردنەوە بێت، پشتیوانی ڕەئی بەڕێز کاك حاکم ڕزگاریش دەکەم، بۆ ئەو تەرحەی کە کردی بۆ ئەو سێ بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله مەلا نوری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من پێشەكی پشتیوانی ئەو بۆچوونانە دەكەم، كە داوای ئـەوە دەكـەن لـە بـڕی وشـەی مۆڵـەت، وشـەی ئاگادار كردنەوە دابنرێت، وەكو كاك حاكم رزگاریش ئێستا ئاماژەی پێدا، لەڕاستیدا من پێموایە ئەو یاسایە یەكێكە لەو یاسایانەی دەكرێت بڵێین سەنگی مەحەكە بۆ پیشاندانی كۆمەڵێك شت:

یەكەم/ تەوەجوهی سیاسی لـە هـەرێمی كوردسـتان، تـەوەجوهی بـەهێزی سیاسـی دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە، یاخود دەیخاتە بەردەم ئەو بەرپرسیاریەتیەی كە ئایا لە هەرێمی كوردستان تا چەند بـە تـەنگی بـەرفراوان كردنی مەودای دیموكراسییەوەیە؟ ئەمە یەك.

دوو/ بەهەمان شێوە سەنگێكی مەحەكە بۆ هەڵسەنگاندنی، یاخود پێوانەیـەكی بـەهێز، بـۆ ئـەوەی كـە ئایـا پەرلـەمانی كوردسـتان، كـە نوێنـەری شـەرعی خـەڵكی كوردسـتانن، نوێنـەری هەڵبـژێردراوی خـەڵكی كوردستانەو بەپرۆسەیەكی دیموكراسیدا تێپەڕیوە چەندە ئەم پەرلەمانە كار دەكات؟............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئیحتیرامی رەئی برادەران بگرە، پەرلەمانی كوردستان جێگەی رێزە، رجائەن، رەئی خۆت بدە، رەئیت موحتەرەمە ئیحتیرامی لێ دەگیرێت، پەرلەمانی ئیتیهام بكەیت، هـەرێمی كوردسـتان ئیتیهـام بكـەیت ئـیلا رەئی جەنابت دروستە؟ چاوەكەم رەئی خۆت بڵێ بە ئیحتیرام سەرچاوم.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە مـافی خۆپیشـاندان وەكـو گـوترا لـە زۆربـەی دەسـتووری وڵاتـانی دیموكراسـی بەشـێوازی جیـاواز لـە ریزبەنـدی مـاف و ئازادییەكانـدا هـەژمار كـراوە، زۆربـەی رێككـەوتن نێونەتـەوەیی و نێودەوڵەتیـەكانیش بەهەمان شێوە بەو شێوەیە هەژمار كـراوە، ئێمـە ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ رۆحـی مـاف، لەڕاسـتیدا پێویسـت دەكات بەشێوەیەك لە شێوەكان بگەڕێینەوە بۆ هەنـدێك لـەو پێناسـانەی كـە بـۆ مـاف كـراوە، یـەعنی ئێمـە لەبیرمان نـەچێت كۆمەڵێك خەڵكی یاسایی، كۆمەڵێك خەڵكی دەستووری پێناسەی مافیان كـردووە، زۆربـەی ئەو كەسانەی، یان با بڵێین یـەكێك لـەو پێناسـانەی كـە بـاوەڕ پێكـراوە زیـاتر پشـتی پـێ دەبەسـترێت، ئـەو پێناسـانەیە كـە مـاف وەكـو بەهایـەك هـەژمار كـراوە، كـە قـانون تـەنها ئـەركی پاراسـتن و رێكخسـتنی ئـەم مافانەیـە دەگرێتـە ئەسـتۆ، بـەم پێیـە بـە گەڕانـەوە بـۆ ئـەم پێناسـەیە، ئێمـە وەكـو پەرلـەمانی كوردسـتان دەبینین وشەی ماف، من وەكو ئەندامێكی پەرلەمان پێموایە وشەی ماف ناكۆكە بە وشـەی مۆڵـەت، چـونكە لە ئەساسدا ئەم وشەیە حەقێكی دەستەبەر كراوە بۆ ئینسان، هـەروەكو چـۆن مـن پێموایـە هـەر وشـەیەك، هـەر زاراوەیـەك لـە ژێـر وشـەی مۆڵەتـدا جـێ بكرێتـەوە، پێموایـە ناكرێـت بـە مـافی بـژمێرین، بۆیـە لـەو مونتەلەقـەوە ئـەم مانایـە نایـەت ئێمـە وەكـو پەرلـەمان دەسـتەبەری ئـەوە بكـەین لـە خۆپیشـاندادا لـە شێوەیەك لە شێوەكان، ئێمە باش دەزانین لە فەرەنسا لەم ماوەیە، لە ئێراندا، لە هەندێك لە وڵاتانی تر، لـە

ئەنجامی خۆپیشاندانەدا کارەساتی گەورە قەوما، بۆیە ئێمە کە لێرە داکۆکی لە وشەی ئاگادار کردنەوە دەکەین، بەو مانایە نایەت کە ئێمە جۆرێك لە رێکخستن بەم یاسایە نەدەین، واتا حەقی ئەوەی هەیە، وەکو ئەوەی کە برادەران وابزانم کاك دانا ئاماژەی پێدا، دەکرێت ئێمە بۆ مەسەلەی ئاگادار کردنەوە دووبارە ئەو رێکارە یاساییانە بەشێوەیەکی گونجاو دابنێینەوە، کە بەهەمان شێوە بۆ مۆڵەت دانراوە، ئێمە وەکو پەرلەمان، بە رەئی من بەگەڕانەوە بۆ ئەو پێناسەیە، بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵێك رێککەوتنی نێودەوڵەتی، هەروەها نێو نەتەوەیی و بە دەستووری عێراقیش، ئێمە لەبەردەم مەسئوولیات وەکو پەرلەمانی کوردستان، لەبەردەم مەسئولیاتی رێکخستنی ئەم مافە داین، هەروەها لەبەردەم مەسئوولیاتی پاراستنی ئەم مافە داین، بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین وشەیەکی گونجاو لە بەینی مافی خۆپیشاندان و، هەروەها مومارەسە کردنی مافی خۆپیشاندان بدۆزینەوە، ئەوە تەنها وشەی رێکخستنە، دەتوانێت ئەم دوو زاراوەیە لە یەك بدات، ئێمە ئەگەر بتوانین وشەی رێکخستن، یاخود لە رێگەی ئاگادار کردنەوەوە ئەم وشەیە تەسبیت بکەین، ئەوە ئەو کاتە ئێمە دەتوانین هەردوو ئامانجەکە بپێکین، یەکەمیان/ دەستەبەر کردنی ئەو مافەیە بۆ هەموو هاووڵاتیەك.

دووەمیان/ ئەوەیە کە لە رێگەی ئەم رێکخستنەوە رێگر بین لەوەی کە لە ئەنجامی مومارەسە کردنی ئەم مافە کارەسات بقەومێ.

حەز دەکەم نموونەیەك بێنمەوە، ئێمە ئەگەر لەبیرمان نەچێت لە ساڵانی رابردوودا لە پەرلەمانی کوردستاندا یاسایەك پەسند کرا بەناوی یاسای قەدەغە کردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتیەکاندا، پێموایە عینوانەکەی وایە، کاتێك کە ئەم یاسایە پەسند کرا، لەناو یاساکە بەهیچ جۆرێك ئەگەر بە مافی دابنێین، مافی جگەرەکێشان لە هاووڵاتیان وەرنەگیراوەتەوە، بەڵام هاتووین لە رێگەی ئەم یاسایەو دەرکردنی ئەم یاسایە هاتووین ئەم حەقەمان لەو کەسە وەرگرتووەو تەنزیممان کردووە، کە ناکرێت لە شوێنە گشتیەکاندا لە رێگەی پرۆسەیەك، کە پێی دەگوترێت پرۆسەی جگەرەکێشان زیان بە خەڵکی تر بگەیەنێت، واتا ئێمە دووبارەی دەکەمەوە لێرە لە پەرلەمانی کوردستاندا لەبەردەم پرۆسەی رێکخستنی مافەکە داین، ناکرێت ئێمە ئۆتۆماتیکی ناکرێت ئێمە پێمان وابێت لە رێگەی وشەی مۆڵەتەوە دەتوانین ئەم مافە بە هاووڵاتیان بدەین.

ئەوەی جەنابی وەزیر، من لەمیانی قسەکانیدا، کۆمەڵێك قسەی کرد، قسەکانی کۆمەڵێك مەترسی خستەڕوو، لە مەترسییەکان حەقی خۆیەتی، یەعنی بۆیە من جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەم مەترسیانەی جەنابی وەزیر بڕەوێنینەوە، هەروەها بتوانین رێگر بین لەبەردەم ئەوەی کە مەسائیلی خۆپیشاندان بەرەو کارەسات و بەرەو هەندێك مەسائیلی تێکدەرانە بڕوات، ئێمە دووبارە دەتوانین لە رێگەی ئەو ئیجرائاتانەوە کە ئاماژەمان پێدا ئەم پرۆسەیە رێك بخەین، یەك حاڵەت هەیە، دەکرێت من خاڵێکی تر بڵێم، من یەك پرسیار دەکەم لێرە، من نازانم یەعنی با تۆزێك لێرە ئەگەر بکرێت تۆزێك بەرچاومان روون بێت لەبەردەم یەك پرسیاردا، ئایا گریمان لە قەزایەك، لە ناحیەیەکدا هەندێ جار

خۆپیشاندەران دەیانەوێت خۆپیشاندان لەسەر پرسێکی بینـراو بکەن، بـۆ نموونـە لەسـەر نـەبوونی کارەبـا، هەندێك جار بەرپرسی وەحدەی ئیداری دەبێتە ئامانجی خۆپیشاندان، من لە ئێوە دەپرسم چ قائیمقامێك، چ مـودیر ناحیەیـەك رێگـا دەدات بـە گروپێکـی دیـاری کـراو کـە دژی هەڵسـوکەوتەکانی خـۆی، دژی کەمتەرخەمیەکانی خۆی خۆپیشـاندان بکـات، پێموایـە ئەمـە بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان مـەنتقی تیـا نییـە، قسەکە لەسەر ئەوە نییە، ئەمە خۆپیشاندان ئەرکە، یا بڵێین مافە، یاخود بە مۆڵەت ماف نییە، لەبیریشمان نەچێت بەشێکی زۆر یەعنی، جەنابی سەرۆکی پەرلـەمان، بەشـێك لـە مافـەکان بـەپێی بۆچوونی هەنـدێك فوقـەهای قـانونی، هەنـدێك جـار دەچـێتە چوارچـێوەی واجیبـاتی نیشـتمانییەوە، یـەعنی ئێمـە لـەبیرمان نەچێت هەر کاتێك بەشێك لەماف و ئازادییەکانمان کۆت و بەند کرد، ئێمە دەبینە فاکتەرێك بۆ چەپاندنی کۆمەڵگا، بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی ترسنۆك، یەعنی تۆ ئەگەر بێی بـۆ هـەر خۆپیشـاندانێك کەسـێك داوا دەکات بۆ کارەبا خۆپیشاندان بکات، رێگەی پێ نادەیت، بۆ ئاو خۆپیشاندان بکـات، رێگـەی پـێ نادەیـت، بۆ مەسائیلێکی قەومی دەیەوێت خۆپیشاندان بکـات، رەنگـە رێگـەی پـێ نـەدەیت، ئەمـە گومانـە دەیکـەین، ئەگەر کردی، بەدیوەکەی تردا ئەگەر کردی بە تاوان لەسەری حیسابە، وردە وردە تۆ دێیت کۆمەڵگایـەك تـا فەردێکی ترسنۆك، فەردێکی چەپێنراو بەرهەم دەهێنیت، ئەمـە لـە نەتیجـەو لـە ئـەنجامی ئـەم پرۆسـەیە، ئێمە میللەتێکی بگرە تا رادەیەك دەتوانم بڵێم شەرمنیش دەردەچین لە ئاسـتی هەنـدێك مـافی نەتەوەییـدا، کە رەنگە هەندێك جار لەگەڵ برا عەرەبـەکان بێـت، لەگـەڵ بـرا تورکـەکان بێـت، لەگـەڵ وڵاتـانی دراوسـێدا بێت، ئەمە خاڵێکی تر.

خاڵێکی تر، مەسائیلی قەومییە، من خۆم لـە خۆپیشـاندانـدا بەشـداریم کـردووە، هەنـدێك جـار بەشـێك لـە خۆپیشـاندانەکان خۆپیشـاندانێکی زۆر نەتـەوەیی بـووە، پەیوەنـدی بـۆ نموونـە بـە کوردەکـانی سـوریاوە هـەبووە، مـن ئاگـام لـێ بـوو لـە بەرپرسـانی حکـومی پێیـان خـۆش بـوو ئـەم خۆپیشـاندانە بکرێـت، بـەڵام لەبـەردەم پەیوەندییـەکی ناوچـەییدا ئیحـراج بـوو، نـەیانتوانیوە بەئاشـکرا ئـەم مۆڵەتـە بـدەن، یـەعنی نەیانتوانیوە بە ئاشکرا بڵێن ئـەوە ئێمـە مۆڵەتتان پـێ دەدەیـن، فـەرموو خـەڵکی کوردسـتان خۆپیشـاندان بکەن، واتا ئێمە لە نەتیجە دێین لە رێگەی دانانی مۆڵەتەوە حکومەتی هەرێمیش لەم مەسەلانە مەسـئوول دەکـەین، لـەبیرمان نەچـێت حکومـەتی هـەرێم حکومـەتێکی تـا رادەیـەك لاوازە لـە چـاو حکومـەتی تـرەوە، هەندێك جار هەڵوێستێکی حکومەت دەبێتە مایەی قوربانییەکی زۆر گەورە، بۆیە من بە گەڕانەوە بـۆ ئـەو قسـانە داوا دەکـەم لـە جـەنابتان مەسـائیلی خۆپیشـاندان بـا بـە ئاگـادار کردنـەوە بێـت، نـەك بـە مۆڵـەت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس مەحکەمە هەیە، یەعنی ئەگەر رەفزی کرد، حاکمیش هەیە، کەوەزیر مەنعی کرد، بڵێت ئەی وەزیر، ئەی قائیمقام، ئەی موحافز، تۆ دەبێت ئیجازەیان پێ بدەیت، رێزدار عظیمة خان کەرەم بکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەت ماددەی دووەمەوە، من پێموایە مادام خۆپیشاندان مافێكی دەستوورییە، پێویستی بە ڕێكخستن و بە یاسایەك هەیە بۆ ڕێكخستنی ئەم مافە، لێرەدا لە خاڵی یەكەمی ئەم ماددەیە، ئەو دەسەڵاتەی كە دراوە بە وەزیر، بۆ ئەوەی مۆڵەتی خۆپیشاندان وەربگیرێت، من پێموایە مادام دەستوور مافی داوە بە هاووڵاتی، كە خۆپیشاندان مافێكی دەستووری بێت، لێرەدا ئێمە چوارچێوەییەك، یان با بڵێین یەكێكە لە چوارچێوەی ئەو مافەی كە هاووڵاتی هەیەتی لە دەستووردا، لێرە چوارچێوەیەكی بۆ دانراوەو تەسك كراوەتەوە بە دانانی مۆڵەت بە وەزیر، هەر لە خاڵی یەكەمدا دەڵێت وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدان و خۆپیشاندان، یان كۆبوونەوەی گشتی هەیە، ئەگەر لەسەر ئاستی هەرێم بێت، من پێموایە ئەگەر بەپێی دەستوور بێت، هاووڵاتی، یان هەر ئینسانێك مافی هەیە، مافی ئینسانی هەیە، مافی سیاسی هەیە، لەوانەیە لە حاڵەتێكدا لەم خاڵەدا، كە دەڵێت لەسەر ئاستی هەرێم بێت، خۆپیشاندان پێویست بكات لەسەر بڕیارێكی سیاسی بێت، یان لەسەر بڕیارێكی نەتەوەیی بێت لەسەر ئاستی نەتەوەو نەتەوەیی بێت، یان نیشتمانی بێت، خەڵك دەربچێتە سەر جادە، لەو حاڵەتدا لەوانەیە با بڵێین دەسەڵاتی هەرێم، یان لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە، یان سەرۆكی كۆمارەوە، یان كەسێكی ترەوە لە دەسەڵاتداران بڕیارێكی سیاسی بدات دژ بە بەرژەوەندییەكان خەڵك بێت، لەم حاڵەتدا دەسەڵات مۆڵەت نادات بەو هاووڵاتیانە كە مافی سیاسی خۆیانە، لەم حاڵەتەدا...........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن نە سەرۆكی كۆمار ئەو دەسەڵاتەی هەیە، نەك سەرۆكی هەرێم، ئەمە ئیشی وەزیری ناوخۆیە، ئیشی محافزە، ئیشی قائیمقامە، تێكەڵاوی ئەوەی مەكە، رجائەن، مەسەلەی هاووڵاتی یاسایەك دانراوە تەنزیمی دەكاتن، رەئی جەنابی خۆت دەربڕە، بەس خەڵكی تری تێوە مەگرە، رجائەن.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆپیشاندان لەسەر ستەمێك، یان زوڵمی زۆر لە كەسێك بكرێت، هاوسۆزییەك، یان هاوخەمیەك بۆ ئەو كەسە كە لەوڵاتێكی تردا بێت، بەشێكی لە هەرێمەكانی تری كوردستاندا دەبێت، لەوانەیە لێرە ئەو مۆڵەتەی پێ نەدرێتن، بۆیە من دەڵێم مافێكی سیاسی و مافێكی دەستوورییە، هاووڵاتی پێویستی بەوەیە تەنها دەسەڵات ئاگادار بكاتەوە، نەك تەنها مۆڵەت پێ بدات.

خاڵێكی تر، كە مەبەست لە ڕێكخستنی ئەم یاسایە، من پێموایە تەنها لە یاساكە ڕێكارە یاساییەكان هەمووی دیاری كراوە، كە لیژنەیەك دانراوە چەند كەسێكە، لە پێناسەكەدا هەموو ڕێكارەكان دیاری كراوە، تەنها مەبەست لە یاساكە، من پێموایە ئاگادار كردنەوەو پاراستنی هاووڵاتیانە لەچوارچێوەی ئەوەی كە شتی خراپ رووبەڕووی ئەو كەسانە نەبێتەوە، یان شتی لادان نەبێت لەناو خۆپیشاندانەكەدا، لەوە زیاتر پێویست ناكات مۆڵەت هەبێت، من پێموایە مۆڵەت وەرگرتن لەو مافە ئینسانیە، لەو مافە سیاسییە، لەو

مافه دەستوورییه پێشێل کردنی مافی هاوولاَتییه، ئەگەر له چوارچێوه دابنرێت، من پێموایه پێویست ناکات مۆڵەت هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سیوەیل خان کەرەم بکه.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیه، دەگەڕا یەکەم پەسند کرا لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمان، خـاڵی یەکـەم بـه عەرەبیەکەی پێم باشه وا بنووسرێت، ئەگەر پەسند کرا بنووسرێت (اذا كانت المظاهرة على مستوى الاقليم يجب على الوزير الموافقة عليها)، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی دەبێتـه ئـەمری واقیـع لەسـەر وەزیـر وەك باسـیان کـرد چـەکی نەتەوەییـه، نموونـەی کوردانی سوریایان هێنـاوه، تـۆپ بـاران کـردن و، ئـەو شـتانەیه، یـەعنی شتێکی وا، بـەس (يجب علـى الـوزير الموافقـة عليهـا)، ئـەو کـاتی کـەس گلـەییان لـێ ناکـات، هـەتا دەوڵـەتانی ئیقلیمیش، دەوروبەرمان، بەنیسبەت خاڵی شەشەممان هەیه (سادساً) مادام لـه خـاڵی دووەم، سـێیەم دەڵێـت (للوزير او لرئيس الوحـدة الاداريـة رفـض طلـب تنظـيم المظـاهرة او الموافقـة عليهـا)، یـەعنی خـاڵی شەشـەم زیاده، ئەگەر زیادیش نییه، پێم باشه بنووسرێت ( على الـوزير)، نـەك (للـوزير)، یـەعنی (علـى)یەکـەی بـۆ زیاد بکرێت له جیاتی (لام)ـەکه شەشەم، لەبەر ئـەوەی ئـەو کـاتی ئـەمری واقیعـه، یـان هـەر خـاڵی شەشـەم نەمێنێت، چونکه خاڵی شەشەم زیاده، با ئێمه سەلاحیەت له مەرکەزیه بێته لامەرکەزیەت بگوازرێتەوه بۆ لامەرکەزیەت.

بەنیسبەت رەئی دووەم، مـن بـۆ خـۆم زۆر لەگـەڵ رەئـی دووەمـم، رەئـی دووەم ئیشعار کردنـەوەی وەزیـری ناوخۆ، یان رەئیسی وەحدەی ئیداری، بەلاَم بەپێی ئەو زانیارییانەو ئەو قەواعیدو زەوابتانەی بەڕێزان کاك کاردۆ و دکتۆر صباح و دکتۆر رەفیق و بەڕێزان باسیان کرد، لەگەڵ ئەوەمه بەنیسبەت عەرەبیەکه.

بەس بەنیسبەت کوردیەکه، یەك تێبینی زۆر بچووکم هەیه، خاڵی پێنجەم/ لێی نووسراوه لـه دێـری دووەم هـەمووی ناخوێنمـەوەو درێـژەی پـێ نـادەم، نەتـەوەیی و ئـایینی بـەپێی دابـو دەسـتووری خـۆجێیی، ئـەو دەسـتوورەی ئەگـەر لاببـەین و بیکەینـه بـەپێی دابـو نـەریتی خـۆجێی، وابـزانم باشـتره، بـەس ئەوەندەیـەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەیام خان کەرەم بکه.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره هاوکارانم هەموویان باسیان کردو به تەفسیل باسی ئەو ماددەیـەیان کـرد، دیـاره مـن بـۆ خـۆم لەگـەڵ خاڵی دووەمم، که هاوکارانم زۆر باسیان کـردو نموونـەی زۆر واقیعیـان هێنـا، مـن هـەر ئەوەنـده دەڵێم کـه

مافێکی سروشتی و دەستووری بێت، کە دەستوور ئەو مافەی داومەتێ، کە تۆ هێنات و خستە چوارچێوەی مۆڵەتەوە، کەواتە تۆ قەیدت کرد، بۆیە ئێمە دەڵێین ئەمە هەر ئاگادار کردنەوە بێت، کە ئاگادار کردنەوەش بوو ئەو وەحدە ئیدارییەی، بەڕێز جەنابی وەزیر وەکو باسی ئەو مەترسیانەی کرد، بەڵێ ئەو مەترسیانە هەیە، بەڵام تۆ کە ئاگادارت کردەوە، ئەو ڕێ و شوێنانە هەمووی دەگرێتە بەر بۆ پاراستنی ئەو خەڵکە کە خۆپیشاندانەکە دەکات و، کە هەڵدەستێت بەو خۆپیشاندانە، هەر لەگەڵ ئەوەی نموونەی کاك کاردۆ و کاك دکتۆر رەفیق صابر دوو نموونەی زۆر زیندوو و چاکیان هێنایەوە، کە ئێمە زیاتر پشتگیری ئەو ماددەیە بکەین و، لەگەڵ ئەو خاڵانەی کە حاکم رزگار باسی کرد، لەگەڵ ئەو خاڵانەم و پشتگیری لە قسەکانی حاکم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پێشەوا کەرەم بکە.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من نەدەبوایە پێش ئەو ماددەیە، ئەم ماددەیە موناقەشە بکەین، پێش ئەوەی ماددەیەك ئیزافە کرا، چەند پێشنیارێك کرا، بۆ ئەوەی کە ئیزافە بکرێت و زیاد کردنی چەند پرەنسیپێك بوو بۆ ئەو پرۆژە یاسایە، چونکە بەڕاستی بە رەئی شەخصی من پەیوەندییەکی پتەو هەیە بە ماددەی پێشەوە کە ئیزافە کرا زائیدەن لەگەڵ ئەم ماددەیە، چونکە لە یەکێك لە پەرەنسیپەکان کە پێشنیار کرا ئیزافە بکرێت بۆ ماددەی پێشوو، هاتووە دەڵێت خۆپیشاندان مافێکی دەستووری و سروشتییە، دەبێت بەپێی ڕێ و شوێنی یاسایی ئەنجام بدرێت، لەڕاستیدا ئەگەر خۆپیشاندان مافێکی دەستووری بێت، من تێ ناگەم کاتێك هاووڵاتی لە رووی دەستوورییەوە حەقێکی پێ دراوە، مافێکی هەیە، چ پێویست بەوە دەکات کە داوای مۆڵەت بکات بۆ ممارەسە کردنی ئەو حەقەی خۆی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی ئەگەر واقیع بینانە قسە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بکەین، بەدیدی من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان بوونی دوو رەئی لە راپۆرتی هاوبەش هاتووە لەلایەن هەرچوار لیژنەوەو، هەروەها قسە کردن لەسەر ئەم ماددەیە، ماددەی دووەم لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئەمە دەمانخاتە بەردەم ئەوەی، یاخود ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە لە هەرێمی کوردستان، بەبارودۆخی هەرێمی کوردستان، رەنگە پێویستی بەهەردوو جۆر خۆپیشاندان هەبێت، ئەگەر واقیع بینانە قسە بکەین، هەم لە جۆری مۆڵەت پێدان، هەم لە جۆری ئاگادار کردنەوە، ئەمە راستیەکە بە رەئی شەخصی من، بۆیە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیری لەو رەئیە دەکەم، کە لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش هاتووە، ئەویش ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدارە، واتا من لەگەڵ مۆڵەت پێدان نیم، رەنگە ئەوە رەئی شەخصی من بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم خۆپیشاندان بە ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بێت، ئەگەر خۆپیشاندانی سەرتاسەری بێت لە هەرێم، پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار

بكرێتەوە، بەڵام ئەویش بە ڕێ و شوێنی یاسایی، بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ وەك باسم كرد لەسەر ئاستی هەرێم بێت، یاخود لەسەر ئاستی یەكە ئیدارییەكان بێت، چ پارێزگا، یان قائیمقامیەت، یان بەڕێوەبەرایەتی ناحیەكان، ئەوان ئاگادار بكرێنەوە پێش خۆپیشاندان بە ئاگادار كردنەوەیەك، كە ژمارەو ناوی ئەو كەسانەی كە ئاگادار كردنەوەكە تەقدیم دەكەن، ناو و نیشانیان، كات و شوێنی خۆپیشاندانەكە، هەروەها مەبەستی خۆپیشاندانەكە.

خاڵێكی تر، من پێموایە ئەگەر ئیزافە بكرێت، نابێت خۆپیشاندان بكرێت پێش ئاگادار كردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار، ئەوانەی كە پێشتر باسم كرد یەكە ئیدارییەكان، واتا پێش ئەوەی ئەوانە ئاگادار بكرێنەوە، ئەگەر ئاگادار نەكرێنەوە، بەڕاستی جائیز نییە خۆپیشاندان بكرێت، بە (48) كاتژمێر دەكرێت ئەو مودەیەشی بۆ تەحدید بكەین، بۆ ئەوەی بە لایەنی كەم لایەنی پەیوەندیدار، كە یەكە ئیدارییەكانە، بۆ ئەوەی ڕێ و شوێنی یاسایی خۆیان بگرنە بەر، یەكە كارگێڕییەكان ئەوەی كە لەسەر شانی ئەوانە، پێویستە ڕێ و شوێنی یاسایی بگرنە بەر بۆ خۆپیشاندان، كاتێك كە ئاگادار دەكرێنەوە، بۆیە من پشتگیری لەو ڕەئیە دەكەم، كە ڕەئی دووەمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش هاتووە، بە ئاگادار كردنەوە، هەروەكو پێشتریش باسم كرد، ڕەنگە بارودۆخی كوردستان لەكاتی ئێستادا پێویستی بەر هەردوولا هەبێت، پێویستە لە یاساكەدا، ئەگەر بكرێت ئاماژە بە هەردوولا بدرێت، هەم ئەوەی كە مۆڵەتە، چونكە ئێمەخۆمان دەزانین جۆرێك لە خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان كرا بێت، یاخود لە داهاتوو بكرێت، ڕەنگە دژی دابو نەریت بێت، یاخود دژی وڵاتێكی دراوسێ بێت، ئەو كات كارێكی قورس دەبێت لەسەر كوردستان، بۆیە من وەكو شەخصی خۆم پشتگیری لەو ڕەئیەی دووەم دەكەم، كە پێویستە ئاگادار كردنەوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر زانا كەرەم بكە.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمه كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەوڵ دەدەم زۆر بە كورتی تێبینیەكانی خۆم بڵێم لەم تەوەرەیەدا، تەبیعی سوپاس بۆ ڕوون كردنەوەكانی جەنابی وەزیر، یەعنی ئەگەر ئێمەش لە جێگای جەنابی وەزیر بین، ڕەنگە ئەو بیر كردنەوەیە هەر دەبێت بەو شێوەیە بێت، دڵنیام كە بەڕێزیان ئەگەر لە جێگای ئێمە بێت، یەعنی تا ڕادەیەكی زۆر وەكو ئێمەش لەسەر تەوەرەكان قسە بكات، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە دیراسەكە واقیعی تر بین، یەعنی عەرەب قسەیەكی هەیە دەڵێت (اذا اردت ان تطاع فأمر بالمستطاع)، ئەگەر دەتەوێ ڕێنماییەكان و یاساكانت جێ بەجێ بكرێت، داوای شتێك بكە كە بە واقیعی بێت، یەعنی تۆ لە واقیعی ئەم وڵاتەی ئێمە، ئەگەر فەرەزەن لە ئایندەدا موزاهەڕەیەكی عەفەوی كرا، یەعنی وەزارەتی ناوخۆ دەچێت هەموو خەڵكەكە دەستگیر دەكات، یەعنی با واقیعی بین، هیچ هێزێك نەبووە لە هیچ دنیایەك هەموو موزاهەڕەچیەكان بگرێت لەسەر ئەم حاڵەتە، ئەم یاسایە دائیم عادەتەن موشاغیب دەگیرێت، یەعنی ئەو كەسەی كە تۆزێك گێرەشێوێن دەكات،

کاتێك ئەم یاسایە، یەعنی تۆ هەمیشە تەسەوری ئەمە بکە لە حاڵەتێکدا کە ئەم یاسایە موخالیفە، کە موخالەفە کرا، واتا خەڵکێك رژایە سەر جادەو پاشان مۆڵەتی وەرنەگرت، خۆ تۆ ناچیت هەموو خەڵکەکە دەستگیر بکەیت، ئەمە خاڵی یەکەم.

هەڵەیەکی تر هەیە، بەڕاستی بە بڕوای من رەنگە خۆشم بەشێك بەرپرسیاریەتەکە بکەوێتە ئەستۆی خۆم، کاتێك کە ئەم راپۆرتە صیاغە دەکرێتەوە لە رەئی دووەمیان تەنها بە یەك دێر دەنووسرێت، رەنگە کە سەیری دەکەیت وا هەست دەکەیت کە ئەم راپۆرتە تەنها بە یەك دێرە، دەڵێ کاکە تەنها وەزارەت ئاگادار دەکەیتەوەو ئیشعاری دەکەیتەوە، بەلاَم ئەگەر بینی ئەو ماددانە من هەر هەمووی دەخوێنمەوە سەیری دەکەیت هەمان پەیامی خۆی دەگەیەنێت، بۆ ئەنجامدانی رێ پێوانی موزاهەرەی گشتی، ئەوە لەسەر ئاستی ئیبلاغی بەرێز وەزیر دەکرێتەوە، بۆ ئەنجامدانی موزاهەرەیەك لەسەر ئاستی وەحدە ئیدارییەکان، سەرۆکی یەکەی ئیدارییەکان ئاگادار دەکرێنەوە، نابێت بە هیچ شێوەیەك موزاهەرە بکرێت تاوەکو سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان، یاخود وەزیری پەیوەندیدار ئاگادار نەکرێتەوە بە ئەنجام گەیاندنی موزاهەرەکە، وەزیر بۆی هەیە، یاخود سەرۆکی یەکەی ئیدارییەکە بۆی هەیە ئاگاداری لیژنەی پەیوەندیدار بکاتەوە بە ئەنجامدانی موزاهەرەکە، بۆ ئەوەی داوایان لێ بکات کاتی موزاهەرەکە بگۆڕن، یاخود وجهەت و ئاراستەی موزاهەرەکە بگۆڕن، ئەگەر بەڵگەیەك بە بەڵگە بۆی سەلمێنرا کە ئەم ئاراستەیە، رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی زیان گەیاندن بە سیستەم بەشێوەیەکی نووسراو ئاگاداریان بکاتەوە، ئەمانە هەمووی پەیامێکن، یەعنی تۆ دەتوانیت لەسەر هەمان پەیامی خۆی دابڕێژیتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ماددەی سێدا کۆمەڵێك خاڵی گرنگ هاتووە، دەتوانیت بە هەمان شێوە سوودیان لێ وەربگریت، واتا کاتێك کە ئێمە لێرە داوا دەکەین دەستەواژەی مۆڵەت وەرگرتن بگۆڕێت ببێتە دەستەواژەی ئاگادار کردنەوە، مانای ئەوە نییە کە تۆ تەنها موجەرەد ئاگاداری دەکەیتەوە، ئیجباری لیژنەکان دەکەیت کە کۆڵێك رێ و شوێنی گرنگ بێت، ئەگەر لەسەر ئاستێکی گشتی بێت، وەزارەت ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر لەسەر ئاستی یەکە ئیدارییەکان بێت، دەبێت سەرۆکی وەحدەی ئیدارییەکان ئاگادار بکەیتەوە.

پرسیارێکیش کە هاوکارم کاك عبداللە ورووژاندی، پرسیارێکی زۆر جددیات دەبێت وەلاَمی بدەینەوە، تا ئێستا لەکوردستان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە من لەناو قەزایەکدا موزاهەرە بکەم لە دژی قائیمقام، قائیمقام قەت پشتگیریم ناکات، یەعنی با واقیعی بین، قەت ئەگەر من بزانم یاداشتێکی تەسلیم دەکەم دەڵێم تۆ کەسێکی رێنماییەکی غەڵەتت دەرکردووە بە غەڵەت، ئەگەر حاڵەتێکی وا روویدا قەت پشتگیریم ناکات لەحاڵەتەکەی خۆیدا، باشە ئەو خەڵکانە دەرژێنە سەر جادە پابەند نابن بە بڕیارەکەی قائیقامەوە، رەنگە لە هەندێك مەنتیقە لەوانەیە دادگای تێهەڵچوونەوەشی نەبێت لەو مەنتیقەیەدا، ئەی لەم حاڵەتدا چی دەکات؟ هەمووی دەرژێنە سەر جادە، ئەی دەچیت هەموویان دەستگیر دەکەیت؟ یەعنی ئەم واقیعی بوونە، ئەم تەوازون دروست کردنە لەنێوان ئەوەی کە تۆ بە رێکخستن بێت، یاخود رێگری کردن بێت، ئەم تەوازونەیە کە بەڕاستی جەوهەری ئیش کردنی، نەك هەر ئەوە بڕوا ئەسڵی ئەو قانونە لەسەر ئەم

دەستەواژەیە دەوەستێتەوە، بۆیە گرنگە ئێمە لە کاتێکیشدا باس لە ئیبلاغ دەکەین، یاخود ئیجباری ئەو لایەنەش بکەین تەنانەت، یەعنی با تەوازونەکە بەم شێوەیە ڕێك بخرێت، هەدەف لەم قانونە ڕێکخستنە، واتا ڕەنگە لەناو ڕێکخستندا دەستەواژەی ڕێگری کردنیش هەبێت، لەوانەیە دەستەواژەی ڕێگە پێدانیش هەبێت، بەلاَم ڕێگری کردنەکە لە ئەنجامی چیەوە دەبێت؟ واتا بەوەوە نابێت کە من مۆڵەتی پێ دەبەخشم، بەڵکو ڕێگری کردنەکە لەوەوە دەبێت وەزیر، یاخود سەرۆکی یەکە ئیدارییەکە، ئەو کەسانەی کە بەتەمان خۆپیشاندان بکەن، لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ نموونە لە سێ کەس کەمتر نییە، لە پێنج کەسیش زیاتر نییە، ئاگاداریان دەکاتەوە، دەڵێت بە بەڵگە ئاراستەکەی بە غەڵەت دەڕوات، یاخود تەوقیتەکەیەتی، وجهەی ئاراستەی ئیشەکانی خۆتان بگۆڕن، هەمان شروت لێرەدا دووبارە دەبێتەوە، با بەوە تێ نەگەین کە ئێمە تەنها باس لە یەك خاڵ دەکەین.

سەرەڕای ئەوەش من تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم، کە دەبوایە ئەو بیرۆکەیە پێشتر باس بکرایە لە ئەهدافەکاندا، چونکە ئەو مافە دەستوورییانەی کە باس دەکرێت، تکایە با بەغەڵەت تێ نەگەین، کە دەڵێین مادام مافێکە لە دەستووردا جێگیر کراوە، ئیتر مانای ئەوە نییە لێرەدا جێگەی بکەیتەوە، نەخێر، ئەمە هیچ قوەتی نەفاز بۆ بیرۆکە دەستوورییە، یەعنی ئەو خیلافەی کە هەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ حوریەتێکی ئینسانی هەیە، حوریەتەکە لە دەستووردا زەمانەت بکرێت، تۆ لەسەر چ ئەساسێك تەقیدی دەکەیت، ئەم بابەتە هەستیارە لەبەرچاو بگرین، دەکرێت هەمان خاڵەکان جارێکی تر دووبارە بکەینەوەو دایانبڕێژینەوە، بەلاَم بە مەرجێك هەموو دەستەواژەکانی مۆڵەتدان بکەینە ئیبلاغ کردن، بەلاَم با کۆمەڵێك مەرجی توندیشی بۆ دابنێین بەو لیژنەیەی کە جیهاتە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەعفەر کەرەم بکە.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوکارانم ئاماژەیان بەوە کرد، کە خۆپیشاندان هەموومان لەسەر ئەوە کۆك بووین کە مافێکی دەستووری و سروشتی سەرجەم ئینسانەکانە، لە بنەڕەتدا ئەوەمان دەزانی کە خۆپیشاندان چالاکیەکی مەدەنی و شارستانییە، پشت بە یەکێك لەو پرەنسیپانەی کە پشتی پێ دەبەستێت، پرەنسیپی ناتوندو تیژییە (لا عنف)ـە، بۆیە ئێمە هەمیشە با سڵ لەوە نەکەینەوە کە لە خۆپیشاندانەکاندا هەمیشە ئێمە مۆرێکی لێ بدەین، کە دەبێت توندو تیژی ڕووبدات، ڕەنگە ڕووش نەدات و ئیحتیمالی ڕوودانیشی هەیە، ئەگەر خۆپیشاندان مافە، مافی دەستوورییە، مافی سروشتییە، لەسەر پرەنسیپی نا توندو تیژی کار دەکات، ئەمە چ یاساو دەستوورێك مافی بە سەرۆکی بەرپرسی یەکەیەکی ئیداریی کارگێری داوە، ئەم مافە لە هاوولاَتیانی خۆی بسەنێتەوە، دەیان هەزار هاوولاَتی بۆ نموونە موزەکەرەیەك تەقدیم دەکەن بۆ خۆپیشاندان، بەلاَم سەرۆکی یەکەیەکی ئیداری دیاری کراو ئەو مافە ڕەت دەکاتەوە، ئەمە بەپێی چ پرەنسیپ و چ مەبادیئێکی

ئینسانی ئەمە رەت دەکرێتەوە، یان ئەم مافە تەسلیم بە کەسێکی دیاری کراو دەکرێت، من بڕوام وایە ئەمە بۆ خۆی تەجاوز کردنە لەسەر حقوق و ماف و ئازادی ئینسانەکان، ئەگەر گومان لەوە بکرێت لە خۆپیشاندانەکان ئاراستەیەکی توندو تیژی بە ئاراستەیەکدا بڕوات کە لە یاساو ڕێنماییەکان دەربچێت، ئەمە پاساوی ئەوەنیە، کەبە مۆڵەتدان ئەمە چاك دەبێت، چونکە دەکرێت خطوط دوای مۆڵەت دانیش، خۆپیشاندانەکان ئاراستەی بەم جۆرە وەربگرن، بۆیە مۆڵەت دان، مەسەلەی سەپاندنی مۆڵەت، یان مەسەلەی مۆڵەت بۆ خۆپیشاندان، بەڵگەی ئەوە نیە، کە خۆپیشاندانەکان ئاراستەی توندو تیژی، لە سایاو ڕێنماییەکان دەرناچن، بۆیە ئەمە دیسان پاساوێکی گونجاو نیە بۆ ئێرە، ئاگادار کردنەوەش، بەمانای ئەوە نیە کە حکومەت لە هاوکێشە دەچێتەدەر لە ناو خۆپیشاندان، حکومەت خۆپیشاندەران دەپارێزێت، سەرپەرشتی دەکات، ڕێپیشاندان ڕێك دەخات، ئاگاداریش دەکرێتەوە، کە ئاگادار دەکرێتەوە، لە ئامانجی خۆپیشاندانەکان ئاگادار دەکرێتەوە، لە شێوازی خۆپیشاندانەکان ئاگادار دەکرێتەوە، لە جێگەکەی ئاگادار دەکرێتەوە، واتە حکومەت لەناو هاوکێشەی خۆپیشاندان لەمعادەلەکە ناچێتەدەرەوە، بەڵکو بەشێکە لە خۆپیشاندانەکە، کۆمەڵێك ئەرکی تایبەتی بەپێی قانونەکە بۆ دیاری دەکرێت، بۆیە ئێمە پێمان وانەبێت لەکاتی ئاگادارکردنەوە، ئیلا لەکاتی مۆڵەت حکومەت لەناو خۆپیشاندانەکان ئامادەیی هەیە و سەرپەرشتی دەکات و دەیپارێزێت، بەلاَم لەکاتی ئاگادار کردنەوە ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، من دەمەوێت ئەوە بڵێم، کاتێك ئێمە یاساکانمان دادەڕێژین، باشتر وایە هەرچی زیاتر ئەو یاسایانە، بنەماو بنچینەی دیموکراسی تێدا بەهێز بێت، باشتر وایە پانتایەکانی ئازادی و ئازادی ڕا دەربڕین، لەنێوان ئەو یاسایانەدا هەرچی زیاتر بەهێز بکرێت، وەباشتر وایە دەرفەتی زیاتر لەنێو ئەویاسایانەدا، لەنێو بەندو ماددەکانیدا، دەرفەتی زیاتر برەخسێندرێت، بۆ تەعبیر کردنی بۆچوونە جیاوازەکان، بۆئەوەی دەنگە جیاوازەکان بتوانن تەعبیر لە خۆیان بکەن، لەنێو کەش و هەوای سیاسی و دیموکراسی، هەرێمێکی دیاریکراو، یاخود هەر وڵاتێکی دیاریکراودا، وەمافە سروشتی و ئینسانی و ئینسانیەکانیش، لەنێو ئەم یاسایانەدا بەتەواوی جێگەیان بکرێتەوە، بەبێ هیچ تەقیدێك، بەبێ ئەوەی هیچ پێش مەرجێکیان بۆ دابنرێت، لێرەوە من ئەو پرسیارە دەکەم لە نێوان مۆڵەت و ئاگادار کردنەوەدا، کامیان دەتوانێ ئەم پرێنسیپە دیموکراسیە وئازادی و مافە سروشتیە ئینسانیانە زیاتر بپارێزێت، من بڕوام وایە لێرەوە پشتیوانی لە خاڵی دووەم، یاخود ڕای دووەم بکرێت، کە ئاگادار کردنەوەیە، دەتوانرێت زیاتر ئەو پرێنسیپ و مەبادئانە بپارێزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من بە نیسبەت مۆڵەت وەرگرتن بۆ هەر خۆپیشاندەرێك، بە کارێکی پۆزەتیفانە وەردەگرم، بە پیرۆزی دەزانم، ئێمەش کە داوای مۆڵەت وەرگرتن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، دەزانین حکومەت

بەرپرسە لەسەر ئەوەی سەلامەتی خۆپیشاندەران و بەرژەوەندی خۆشی و بەرژەوەندی هاوولاتیان جێبەجێ بکات، بەلاَم بۆ بترسم لە مۆڵەت وەرگرتن، ڕاستە خۆ شەرت نیە توندو تیژی تێدابێت، مۆڵەت وەرگرتن خۆمان هەمووومان دەزانین، ڕێکخستنە بۆ دابین کردنی شوێن و کات و هەموو شتێك، ئەمن لە پێشەکیەوە، لە مۆڵەت وەرگرتن ناترسم، هەتا هەرچ بێ، لەوە دڵنیام لەوەی کە حکومەتەکە واجبێتی، ئاسایش و ئەمنی خۆپیشاندەرەکان جێبەجێ بکات، بەلاَم لە ماددەی دووەم، لە بەشی پێنجەم، نووسراوە کە بۆنە ئایینیەکان و نەتەوەییەکان و هەروەها نیشتیمانیەکان، ئەوانە پێویستیان بە مۆڵەت نیە، بەرەئی من ئەوانیش پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە، ئەو مۆڵەت وەرگرتنە بە شتێکی ئیجابی دادەنێم، چونکە بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆبوونەوە گشتیانەیە، بۆ دابین کردنی ڕێکخستنی ئەو شوێنە، هەروەها بۆ ئیسعافات ئەوەلی، هەروەها بۆ دابین کردنی مرافق صحیە، هەروەها ئەگەر هاتو دیسان توندو تیژیش لەوێ ڕویدا، مۆڵەت وەرگیراوە دەتوانن چارەسەری بکەن، ڕێکخستنی تیرافیکیش ئەوەش هەر مۆڵەتی دەوێتن، بۆیە ئەوە ئیشی حکومەتە کە ئەو شتانە جێبەجێ بکات، ئەگەر مەجال بدەن یەك دەقە حەزدەکەم باسی ئەوە بکەم، خۆم لە ئەوروپا ژیاوم بەشداری خۆپیشاندانم کردووە زۆر، یەك خۆپیشاندان باس بکەم کە زۆر بەسیت بوو، مۆڵەتمان لەسەری وەرگرت، ئەگەر بۆم هەیە، ئێمە حیزبە سیاسیەکان لە ئەوروپا، پاش ئەوەی کە سەرۆکی کۆمار درا بە کورد، خۆپیشاندانەکمان کرد، کە خۆپیشاندانی خۆشی پێ دەڵێن، چونکە لە بۆنە ئایینیەکانیش ئەوانەش هەر خۆشینە، داوای مۆڵەتمان کرد، مۆڵەتەکەش لە چ بوو، لە شوێنێك، لە پارکەك بوو، بچین شایی بکەین و کەیفی خۆمان دەربڕین، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورد، سەرۆکی کۆمار کورد بێت، ئەوجا هەرکێ بێت، پێشتر داوای مۆڵەتمان کرد، مۆڵەتمان وەرگرت بە رەسمی، مۆڵەتەکە لەبەر ئەوەنیە شتێکی نەتەوەییە، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە کە تۆ دات بە کۆمەڵێك کۆبوونەوەیەکی گشتیان لێی کرد، ئەوجا خۆشی بێت هەرچی بێت، پێویستە حفزی ئەو شوێنە بکەن، بۆ خاوێنی بۆ پاراستنی، بۆ ئیزعاج نەبوونی دراوسێکان، بۆ ئاگاداری بوونی دراوسێکان، ئەو شوێنە ئەگەر هاتو لەو ڕۆژە و لەو سەعاتە خۆپیشاندانەك دەکرێتن، ئیزعاج مەبن تەحەمولی بکەن ئەو چەند سەعاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەروین عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باش بوو، ئەو پرێنسیپانەی کە سۆزان خان فەرمووی، جێگیر کرابانە، پێش ئەوەی هاتنی بۆ سەر ئەم خاڵە، باشتر دەبوو، وە گونجاو تر دەبوو، لەگەڵ ئەو فەقەرەیە، بێگومان جەوهەری ئەو یاسایە لەنێوان مۆڵەت و ئاگادار کردنەوە دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی مۆڵەت دان لەگەڵ ئیشعار دوو بۆچوونی جیاوازن لەیەکتری، بۆ نموونە، ئەگەر باسی مۆڵەت دەکەین، مۆڵەت بۆ کات و شوێنی دیاری کردنی خۆپیشاندانەکە، هەروەها حەجمی خۆپیشاندانەکەو کاتی کۆتایی هاتنی خۆپیشاندانەکە، هەروەها مەبەست لە کاتی مۆڵەت

وەرگرتن، مەبەستەكە زیاتر روونـتر و باشـتر دیـارە، هـەروەها ئازادیەكـەی دیـاری كـراوە لـەو نـاوەدا، لەبـەر ئەوەی كاتێ كە ئاگادار دەكرێتەوە، لەوانەیە ئازادی رەها تر بێتن، ئەوكاتە رێگە دەدات بۆ ئەو كەسانەی كە بۆ گێرە شێوێنی دەیانەوێ خۆیان بخزیننە ناو خۆپیشاندانەكە و كارێكی ناشایستە ئەنجام بـدەن، هـەروەكو خۆپیـشـاندانێك كـرا لــە كــەركووك، كاتێــك كــە یاســایەك دەرچــوو دژی ئــیرادەی كــورد بــوو، لەلایــەن پەرلــەمانتارانی ئەنجومــەنی نیشــتیمانی عــیراق، خۆپیشــاندانێك كــرا، بــووە هــۆی تەقینــەوە لــەناو خۆپیشاندانەكەو سەدەها خەڵكی بێ گوناە لەناوچوو، وەهەروەها من تەئیدی رەئیەكەی كاك عمـر دەكـەم، بۆ لابردنی خاڵی شەشەم، لەبەر ئەوەی لە خاڵەكانی تر ئاماژەی پێ دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د. حسن فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتای قسەكەم بەوە دەست پێ دەكەم، كە لـەو ڕۆژانـە هـەواڵێكمان گـوێ لێ بـوو، كـە پۆلیـسی بـەریتانیا، كۆبوونەوەیەكی گشتی لە خانوویێك، بلاّوە پـێ كـرد، لەبـەر ئـەوەی مۆڵـەتیان وەرنـەگرت بـوو، مـن لەگـەڵ ئەوەم كەمۆڵـەت وەربگـیرێ، وە سەرنجەكەشـم بـەم چـەند خاڵـە بـەهێز دەكـەم، یەكـەمیان، ئەگـەر سـەیری پرێنسیپەكانی خۆپیشاندان بكەی، لەوانە پاراستنی ئاشتی و هێمنـی شـوێنە گشـتیەكان، هـەروەكو بێریڤـان خــان ئیشــارەتی پێیــدا، دووەم: پاراســتنی پەیوەنــدی كۆمەلاّیــەتی خــەڵك، بــە جیــاوازی نەتــەوەو ئــاین، سێهەمیش پاراستنی دیموكراسی، چوارەم، خۆپاراسـتن لـە مخاتـەرەی كۆمەلاّیـەتی و ئـایینی ورۆشـنبیری و سیاسـی، كـە نەبێتــە هــۆی فیتنــە، لــەنێوان نەتــەوەو ئایینــەكان، وەلــەنێوان هــەرێم و دەرەوەی هــەرێم، وەهەروەها رێ گرتن لە دەست تێوەردانی دەرەكی، خـاڵی دووەم، ئەوەیـە كـە وەرگرتنـی مۆڵـەت ئازادیـەكان كەم ناكاتــەوە، بــەو پرێنیســپەی كــە هــیچ ئازادیــەكی موتلــەق نیــە، وە ئازادیــەكان كۆبەنــدن بــە یاســاوە، وە كەلەیاسا دەرچوون، لەوانەیە بەرەو تاوان بچن، ناكرێت ئازادی بە كەمینــە بــدەی لەســەر حیسـابی زۆرینــە، سێهەمیش، مۆڵـەت وەرگـرتن بـەو مانایـە نایـەت كـە وەزارەت چاودێری بـیرو ڕاو ڕای خـەڵك بكـات، بـەڵكو ئەوانەی كە خۆپیشاندەرن، هەوڵ دەدەن وەدەبێت ڕایەكەی خۆیان بپارێزن، سێهەم شت، مۆڵەت دان ئـەركی زیاتر دەخاتە سەر وەزارەت، بەمەش بەرپرسیاریەتی و لێ پرسینەوە زیـاتر دەبێـت بەرامبـەر بـە وەزارەت، وا لـەوەزارەت دەكـات كـە ئـەركی خـۆی ڕێـك بخـات، لەمابـەینی دوو پرێنسـیپ، پرێنسـیپێكیان پاراسـتنی بنەماكانی دیموكراسیە، كە مافێكی خۆپیشاندەرانە، وە پرێنسیپی دووەم، پاراستنی مومتەلەكات وئاسایشـی گشتیە، كە مافی خەڵكە، لەكۆتایشدا داوا لە وەزیری ناوخۆ دەكەین، كـە ئەگـەر قایمقامێـك كارەبـای لەسـەر خەڵك كوژاندەوە، یان لە شوێنەكەی لابەرێ، وەیان بیداتە مەحكەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی ئەخیر دادگا هەیە، شکات بکەن، دادگای ئیداری هەیە، هەروا بە کەیفی خۆی ئەوە ناکات، ڕێـزدار خەلیل عثمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگـەر بڕیـارە ئێمـە مەجموعەیـەك پرەنسـیپ لـەماددەی دوو زیـاد بکـەین، کـە ناکرێـت ڕێ گـری لـە خۆپیشـاندان بکرێـت، کەواتـە دەسـەڵاتی وەزارەتـی نـاوخۆ یـاخود یەکـەی کـارگێڕی، بـەس لـەوەیا خـۆی دەبینێتەوە کەدەبێت تەنزیمی خۆپیشاندان بکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە کە بەداخەوە، ئێمە کـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی کۆمـەڵی مـەدەنی، کـە لـە 2009/12/22 ئامـادە کرابـوو، ئێمـە هینمان کردووە، ئامادەمان کردووە، کەبەراستی حەز دەکەم لـەو هینـەیا بکرێتـە بابـەتێکی یاسایی و زیـاد بکرێـت، بـەلاّم بەداخـەوە، ئەوانـەی کـە ئێمـە لیژنـەی موختـەص بـووین لێـرە، گلـەیی لـەو هینـە دەکـەم بەڕاسـتی، نـەزەرەکانی ڕاپـۆرتی ئێمـە، بەنـەزەری ئیعتبـار وەرنـەگیرا، بۆیـە داوا دەکـەم لـە شـوێن و کـاتی خۆپیشاندان ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، کەلە ڕاپۆرتەکەی ئێمەدا هاتووە، ئەگەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بە پاسـاوی دروسـتی بەڵگـە دار لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتیدا بەباشـی زانـی کـات و شـوێنی خۆپیشـاندانەکە بگۆڕێـت، ئـەوا پێویسـتە بـە نووسـراوی فـەرمی ئاگـاداری ڕێکخـەرانی خۆپیشـاندانەکە بکاتـەوە، مـاوەی وەڵامدانەوەکەشی لە بیست و چوار کاتژمێر بەرلە دەست پێ کردنـی خۆپیشـاندانەکە کـەمتر نـەبێت، ئـەوا خۆپیشاندانەکە لە کات و شوێن ڕێگـە پـێ دراو بێـت، دوو، بڕگەیـەکی کـە لێـرە زیـاد بکرێـت، کـە هەنـدێك شـوێن لەبـەر ئیعتیبـاراتی ئـەمنی، لەبـەر ئیعتیبـاراتی ئیقتیصـادی، لەبـەر ئیعتبـاراتی کۆمەڵایـەتی، خۆپیشاندانی تیا نەکرێت، مەسەلەن ناکرێت کە ڕێگایەك، شەقامێك کە ڕێگەی ئیسعافە، وەڕێگەی سەرەکی ئیسعاف و بەردەمی نەخۆشخانەیە، یـاخود نەخۆشـخانەیەکی گەورەیـە، کـە تـەوەقوع دەکرێـت کـە لـە هـەر دوو، سێ دەقیقە جارێك، ژمارەیەك لە ئیسعاف بگەنە ئەو شوێنە، بۆیـە مـن لەگـەڵ ئـەوەدام کـە ئەمـە بـە بڕگەیەکی یاسایی زیاد بکرێت، کە هەندێك شوێن خۆپیشاندانی تیا نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ ڕەزا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم بڕگەیەوە کە دوو ڕای لەسەرە، منیش هـاوڕام لەگـەڵ ئـەو هاوڕێیانـەم کـە پشـتگیریان لـەوە کرد، کە خۆپیشاندان بە ئاگادارکردنەوە بێت، چونکە ئێمـە تەئکیـدمان لـەوە کردۆتـەوە، کـە خۆپیشـاندان مافێکی سروشتی و مافێکی دەستوریە، وە ئێمە خۆمان وەکو پەلەمان کە یاسا دەردەکەین، نابێت مخالەفـەی نەسێکی دەستوری بکەین، کە ئێمە ئەگەر مۆڵەتمان دانا، ئەو مۆڵەتە بـۆی هەیـە یـان موافەقـە بکرێـت یـان

ڕەفز بکرێت، لە حاڵەتی ڕەفزا ئێمە ئەو هەقەمان لەوانەی کە داوای خۆپیشاندانیان کردووە لێمان وەرگرتوونەتەوە، لەبەر ئەوە منیش پێم باشە بە ئاگادار کردنەوە بێت، بەو میکانیزمەی کە دانراوە مۆڵەت، لەگەڵ ڕەئیەکەی د.زانام لەو شوێنانەی کە وشەی مۆڵەت هاتووە، لە بڕگەی یەکەما بکرێت بە ئاگادار کردنەوە، بەو پێیە ئەو میکانیزمانە ئەگیرێتە بەر، وەلایەنی پەیوەندیدار ئاگادار ئەبێت، بەوەی کە خۆپیشاندانەکە بەو حەجمەو کات و لەو شوێنە ئەنجام دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار حەمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سەعید حەمەعلی اورحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە مۆڵەت وەرگرتنی ناوێت، بەڵکو ئاگادار کردنەوەی دەوێت، ئەمەش کۆمەڵێك موبەریرو کۆمەڵێك هۆی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی لێرەدا بەخێرایی ئاماژەی پێ بکەم، خۆپیشاندان، بریتی یە لە یەکێك لە معیارە گرنگەکان، بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراس و معیارەکانی چەسپاندنی مافی مرۆڤە، وە ئەو کۆمەڵگایانەی کە کۆمەڵگەیەکی کراوەن و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوون، خۆپیشاندان تیایە مۆڵەتی ناوێت، تەنیا ئاگادار کردنەوەیە، ئێمەش کە هەموومان حەریسین، بەرەو ئەوە بڕۆین کامڵ لە فەرمانڕەوایی، وەبەرەو چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراسی بێ، وەجیاوازی بکەین لەنێوان ئەو دەسەڵاتانەی کە دەسەڵاتی شمولین، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی کە دەسەڵاتێکی دیموکراسین، پێویست بەوە دەکات، بەڕاستی ئەگەر بێتو مۆڵەت ببەین، کە ئێمە خۆمان خستۆتە بەردەم مەسئولیەتێك، وەبەردەم ڕەخنەو گلەیی و گازندەی جەماوەرو هاووڵاتیان بەگشتی، وە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەهەروەها ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی دونیاش، ئەصل ئەوەیە کە ئێمە قانونەکەمان دانا، بۆچی قانونەکە دائەنێین، بۆ ئەوەیە کە تەنزیم بکەین، کە ئیتر مۆڵەتی ناوێت، تەنزیم کردنەکە هەموو ئەو پرێنسیپ و مەبادئانە، ئێمە تەخەوفمان لە چیە؟، تەخەوف و موبەرر چیە کە ئێمە مۆڵەت بدەین؟، ئەو تەخەوفانە بەو تەنزیمە ڕێگەی لێ دەگیرێت، وە پێویستە ئێمە لەکاتێکا کەباسی مۆڵەت کرا، ئێمە دەکەوینە بەردەم ئەوەی کە میزاجی شەخسی هەندێك شتی شەخسی، هەندێك شتی حیزبی، تێکەڵ بە مۆڵەتەکە بکرێت، ئەوکاتە ئێمە دێین، مافی هاووڵاتیان و جەماوەر ئەو مافە کە هەیانە لێیان زەوت دەکەین، بەناوی مۆڵەت و بەناوی ئەو تەخەوفانەوە، بۆیە پێویستە ئاگادار کردنەوە بێت، ئەو تەعبیرانەش کە ئێمە بۆ زیاتر، بەهێز کردنی یاساکەو، زیاتر ئەوەی کە ڕێگە لەهەر شتێکی تر بگرین، لەناو یاساکە ئەتوانین بیچەسپێنین، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار فاضل حسن فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕای دووەم، دیارە لەماددەکە ڕای یەکەم بە درێـژی نووسـراوە، بـەڵام لـە ڕای دووەم، تـەنها بـە دێرێك نووسراوە، جا ئەمە پێویست بوو کە ڕای دووەمیش صیاغەکی تەواو بکرابا، یانیش لە بەرامبەر کام بڕگەیە، وەهەندێك لە بڕگەکان لەوانەیە کەم بکرێتەوە، یان بڕگەی تر زیاتر بێت، جا مـن پـێم بـاش بـوو کە، پێشنیار دەکەم کە سیاغەکەی تەواو بکرێت، ئینجا دەنگدان لەسەری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا ئەزانم لە کۆی قسەی هاوکـارانم، ئێمـە لـە دوو جەمسـەر قسـە دەکـەین، بۆیـە ئاراسـتەی قسـەکانیش بەدوو جیهەت دەڕوات، بە دوو ئاراستە دەڕوات، لەسەرێکەوە باس لـە مۆڵـەت، بـۆ ئەوەیـە کـە تـەنزیمی ڕێ پێوان بکرێت، ئەمن و ئاسایشـی هاوولاتیـان و بەرژەوەندیـە گشـتیەکان بپارێزرێـت، مەسـار دیـاری بکرێـت، ئامانجەکان دیاری بکرێن، جیهەتـی مـەعنی گـوێ بگرێـت، ئەمانـە هـەمووی شـتێکی تەبییعیـە کـە جیهـەتی پەیوەندیدار بیەوێ تەحقیق ببن، کـە وەزارەتـی ناوخۆیـە، یـان یەکـەی کـارگێڕی ئـەو شـوێنەیە، ئاراسـتەی دووەمـیش ئەوەیـە کـە مەترسـی ئـەوە دەکرێـت، ئـەم مافـە یـان ئـەو ئەرکـە، کـە ئەبێتـە ئـەرك لـە لایـەن دەسەڵاتەوە، ئیستیفادەی لێ بکرێت، مەزاجی تێ کەوێت، وەکو زۆرێك لەو حاڵەتانەی کە لە کوردستانیش و دەرەوەی کوردستانیش ڕەنگە دووبارە ببێتەوە، لە نەتیجە ببێتـە هـۆی بـەر تەسـك بوونـەوەی ئازادیـەکان، ئەو مافە دەستوری و سروشتیەی کە هاوەڵان هەموو باسیان لێی کرد، ئەمە لەبەر ئـەوە، ئـەوەی کـە بـەڕێز وەزیری ناوخۆ باسی کرد، زۆر بە ئاسـایی لـە مـوزەکیرەی ئیشعارا ئـەکرێت تـەحقیق بکـەین، یـەعنی ئێمـە بیکەین بە مەرج، ئەو ئاگادار کردنەوەی کە باسی لێ دەکرێت، ئەبێ ئەو خاڵانەی تیا بێـت کـە مـن دەقێکم حازر کردووە، ئێستا ئاراستەی بەڕێزتانی ئەکەم، بە نووسراویش ئەیدەمە لیژنەی بەڕێز، ئەو مەبەستانەی کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ یان جهەتی پەیوەندیدار داویەتی بۆ ڕێکخستنی ڕێ پێوان، یان خۆ پیشـاندان یـان هەرچی دەرکرێت، ئەخرێتە ناو موزەکیرەی ئاگادار کردنەوە، ئەگەر بێینە سەر دوو خیارەکە، بە ڕاستی لـە زۆربەی وڵاتانی دونیا، تەنانەت لە زۆر لە وڵاتە عەرەبیەکانیش، ئێستا مۆڵەت پێدان نەماوە، هەمووی بووە بە ئاگادار کردن، وە تەنزیمی ئەو ڕێ پێوان یاخود خۆپیشاندانەیان کـردووە، لـە زمنـی ئـەو یاسایانەی کـە دەریان کردووە، لەگەڵ مۆڵـەتا داواکـاری ئـەوە بەیاسـا ئیلزامـی ئـەو جیهەتـەیان کـردووە، کـە شـوێن دیـاری بکات، ئامانج دیاری بکات، وە مەسار دیاری بکات، وە ئەو جیهەتەی کەتەنزیمی کـردووە دیـاری بکـات، ئێمـە با نموونـە نەیەنینـەوە بەهەنـدێك وڵاتـی دواکـەوتوو، لـە ناوچـەکەیا، لـە وڵاتـانی تەنانـەت ئـەوروپیش کـە ئیستیسنائاتن ئەوانە، لەسەر ئەم ئەساسە کە بمانەوێت هەردوو هەدەفەکە تەحقیق ببێت، هەم بەر تەسـك

کردنەوەی ئازادیەکان، ئەو مەترسیە لابەرین، هەم ئەرکی دەسەڵاتیش یا جیهەتی پەیوەندیداریش ئاسان بکەین، من پێم باشە دەقەکە بەم شێوەیە بێت، کە بالفعل کاك زانا و زۆرێك لەو هاوەڵانەی تر کە باسیان کرد، ئەم دێرە کەنووسراوە، هیچ کەس، هیچ پەرلەمانتارێك ئەم دێرە لێرە قبوڵ ناکات، بەوانەشەوە کە زۆر داکۆکی دەکەین لە وەی کە ئاگادار کردنەوە بێت، ( علی اللجنة اشعار رئیس الوحدة الاداریة)، ئەمە یاسا نیە، حکومەت نە تەنزیمی شتەکەی کردووە، نە عەناصری تیا باس کردووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەو ماددەیەی کە ئەبێتە بەدیلی ئەم شەش خاڵە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

على اللجنة المنظمة اشعار وزير الداخلية او رئيس الوحدة الادارية كل ضمن وحدته الادارية للقيام بتنظيم مظاهرة قبل موعده المعين بثمانين واربعين ساعة على الاقل.

ئەکرێت ئیقتراحی 24 هەیە، ئەوە مشکیلە نیە زۆر،( على ان تتضمن المذكرة اشعار عناصر تحديد الجهة المنظمة والمكان والوقت والهدف من المظاهرة)، بەم شێوەیە ئەو مەترسیانەی بەڕێز وەزارەتی ناوخۆ یان لایەنی پەیوەندیدار هەیانە، تەحقیق ئەبێ، وەناکەوینە مەحزوریەتێکی دەستوریش کە بەرتەسك بوونەوەی ئازادیەکانە، یان سوء ئیستیفادەیە، ئیستیغلالی جیهەتێکی پەیوەندیدارە، بەتایبەتی لەیەکە ئیداریەکانی خوارەوە، کە ئیحتیمالە زۆر جار وەکو هاوەڵان باسیان کرد، ڕێپێوان یان خۆپیشاندان بەدڵی ئەوان نەبێ، یان دژی تەسەروفاتێکی ئەوان بێ، ئێمە با ئەو مافە لە هاووڵاتیان نەسەنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕاستی یاسای خۆپیشاندان، یەکێ لە یاسا هەرە گرنگەکانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت بەڕاستی، دیارە لێرە ئەو مشت و مڕەی کە هەبوو، لە نێوان لیژنەکانیشا و لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر مەسەلەی مۆڵەت پێدان یاخود لەسەر ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار، بەڕاستی کاتێك کە دەقی یاسایی تا ڕۆشەن ترو وازح تر بن بەڕاستی، بێگومان هەم لە خزمەتی یاسایەکەدا ئەبێ، وەهەم لەم خزمەتی ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە یاساکەشەوە لە ئاییندەدا کە جێبەجێی ئەکەن گرنگە، دیارە لە هەردوو حاڵەتدا، پێموایە کە دەسەڵات ئەتوانێت، یەعنی ڕێ و شوێنی وا دابنێت، ڕێکاری وا دابنێت کە بەربەست لە بەردەمی خۆ پیشاندان و خۆپیشاندەران دروست بکات، چ لە حاڵەتێکا مۆڵەت پێدان بێت، چ لە حاڵەتێکا، ئاگادار کردنەوە بێت، بۆیە ئەگەر لێرە، ئەو ڕێ کارانەی کە دیاری ئەکرێت بەڕاستی، هەتا ئەگەر لە حاڵەتی مۆڵەت پێدان بێت، ئەگەر ڕێکارە یاساییەکان، ئاسان کاری زۆری تێدابێت، بەشێوەیەك کە دەقەکان زۆر ڕۆشن و وازح بن، بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندەران، بتوانن ممارەسەی ئەو مافە دەستوریەی خۆیان بکەن، چونکە هەمووومان ئەڵێین، خۆپیشاندان مافێکی دەستوریە، بەڵام شێوەی مومارەسە کردنی ئەو مافە دەستوریە، ڕێکخستنی کە بە یاسا ڕێك دەخرێت، ئەمە لە ئەرکی پەرلەمانە، وە ئەو یاسایە

زەمانەتی ئەکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام، بەڕاستی لە هەردوو حاڵەتەکەیا، ئەگەر هەر یەکێك چ مۆڵەت دان بێت، چ ئاگادارکردنەوە بێت، یەعنی لە دەقەکانا ئەو فەقەراتانە هاتووە، ڕەنگە کۆمەڵێك مخاویف دروست بکات، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە داوایان لە پەرلەمان کردووە، کە ئەو یاسایە بەو شێوەیە بێت، هەرچەند ئەوان لەگەڵ مۆڵەت دانینە، لەگەڵ ئاگادارکرنەوەدان، بەلاَم لە هەموو حاڵەتەکان ئەگەر ئەو دەقە یاساییانە کە لێرەدا لە یاساکەدا هاتوونە، بەشێوەیەك ڕۆشن و وازح بن، ئەگەر لە حاڵەتی مۆڵەت دانیش بێت، ڕەنگە ئەو مخاویفانە برەوێنێتەوە، فەقەرەی دووەم لە ئەولەنا، کە باسی رەئیسی وەحدەی ئیداری ئەکات، وابزانم کە لە ئەصلدا ( لرؤساء الوحدات الادارية) یە، نەوەك (لرئيس الوحده الاداريه)، چونکە دواتر ئەڵێت (كل من هم ضمن وحدته الادارية)، وابزانم بەهەڵە هاتووە، من پێموایە کە فەقەرەی سادسا، زیادە لێرە، لابرێ، چونکە لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە، پێشتر کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرابوو، لەوێیا باس لەوە ئەکات کە( للوزير سلطة اجازة الاجتماع العام او المظاهرة)، لەویٚ لەبەر ئەوەی دەسەلاَتی مۆڵەت دان دراوە بە وەزیر، کۆبوونەوە گشتیەکان و خۆپیشاندان، دەسەلاَتەکە دراوە بە وەزیر، بۆیە دواتر لە خاڵی دووەمدا ئەڵێ( للوزير تخويل جميع او بعض الصلاحيات المنوحة له وفق هذا القانون لرؤساء الوحدات الادارية كل ضمن وحدته الادارية بامر وزاری)، بەلاَم لێرە دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتی لیژنەکان، ئەم دەقە دارێژراوەتەوە، دەسەلاَتی مۆڵەت دان تەنها لە خۆپیشاندانی سەرتاسەری دراوە بە وەزیر، لەبەر ئەوە لە چوار چێوەی قەزاو ناحیەکان و پارێزگاکان، ئەو دەسەلاَتە دراوەبە سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان، لەبەر ئەوە لێرە پێویست ناکات، لە خوارەوە لە فەقەرەی سادسا بڵێی( للوزير تخويل جميع او بعض الصلاحيات المنوحة له)، چونکە دەسەلاَتی مۆڵەت پێدان لە حاڵەتی خۆپیشاندانی سەرتاسەری دەبێت، بەلاَم لە حاڵەتی خۆپیشاندان لە سنووری قەزاو ناحیەکانا، ئەوکاتە ئەو دەسەلاَتە بۆ سەرۆکی کارگێڕییە ئیداریەکانە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات وابزانم ئەو فەقەرەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بیلال فەرمووو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەو بەرەیەدام کە باس لەوە دەکات، کە مۆڵەت نەبێت، تەنها ئاگادار کردنەوە بێت، بەس نەوەك بەو نەسەش کە هاتووە لەناو پڕۆژەکەدا، چونکە بەڕاستی کە ئینسان دەیخوێنێتەوە، وا هەست دەکات کە تەنها وەکو هامشێك نووسراوە، بەدێڕێك، باس لەوە دەکات کە تەنها ئاگادار کردنەوەی جیهەتی پەیوەندیدار بێت، ئەگەر بەو نەصە بێت کە لێرەدا هاتووە بەڕاستی، من لەگەڵیدا نیمە، چونکە ناکرێت هەرتەنها ئاگادار کردنەوەیەك و برۆ بەو شێوەیە، ئەبێ بەڕاستی پرێنسیپەکانی دیاری بکرێت، من گلەیم لەو لیژنە بەڕێزانەش هەیە، لەگەڵ ئەوەدا زۆر ماندوو بوون، ئەبوایە ئەوەشیان بەڕاستی زۆر جوان ڕێك

بخستبایە، وەكو چۆن جەنابی مامۆستا عمر و چەند بەڕێزێكی تریش باسی كرد، بەو شێوە هامیشە بەڕاستی گونجاو نیە، بە گونجاوی نازانم من، ئەگەر دەڵێین ئێمە خۆپیشاندان مافە، مادام ماف بێت، وەلە دەستوریش دیاری كرابێت، پێم سەیرە هێندە قەیدو شەرتی وای بۆ دابنرێت كە زۆر بە ئاسانی، وەبەبێ هیچ بەڵگەو موستەمسەكێك جیهەتی پەیوەندیدار، وەزیر یان مدیر ناحیە یان قایمقام یان هەركەسێكی تر كە پەیوەندیدارە بە ئاسانی بتوانێت ڕەتی بكاتەوە، یەك شت كە دەگوترێ، ئەگەر ساغ بۆوە كە زیان بە سیستەم و ئاكاری گشتی دەگەیەنێ، ئەو چۆن تەعریف دەكرێت، هەرشتێك من بەدڵم نەبوو، من مەسئول بم، ئەڵێم ئەو زیان دەگەیەنێ، لەبەر ئەوە ڕێگەی پێ نادەم، كەواتە ئەوە زۆر مەتاتیە، زۆر لاستیكیە، وەزیر یا هەر كەسێك بیەوێ، هەر خۆپیشاندانێك رەت بكاتەوە، رەتی دەكاتەوە، ئەبێ بەڕاستی ئەگەر لەحاڵەتێكدا مۆڵەتیش بێت ئەبێ دیاری بكرێت، یەعنی لەچی و چی وەزیر هەیە رەتی بكاتەوە، ئەگەرنا ئەوە شتێكی لاستیكیەو زۆر بە ئاسانی رەت دەكرێتەوە، من پێموایە لە حاڵەتی مۆڵەت دان، مەسئولیەتێكی گەورەی ئاسایش دەكەوێتە سەر حكومەت، ئەویش ئەوەیە كە بۆ نموونە، ئەگەر موزاهەرە بوو، خەڵكی كوردستان ئەیەوێت موزاهەرە بكات، بۆ شتێك كە پەیوەندیەكی ئیقلیمی بوو، یان سیاسی بوو، ئەگەر حكومەت، یان با بڵێین جهەتی پەیوەندیدار، ئەگەر هەتا سەرتا سەری بوو، وەزیر ڕێگەی پێدا، ئەو مەسئولیەتێكە دەكەوێتە سەرشانی حكومەت، بەس ئەگەر مۆڵەتی نەویست، ئەوە خۆی بەخۆی ئۆتۆماتیكیەن هاتۆتە سەر جادەو موزاهەرەی كردووە، بۆ نموونە دژی وڵاتە، یان دژی بڕیارێك لە وڵاتێكی تر، بەس ئەگەر حكومەت ڕێگەی بدات، مەسئولیەتەكە بە دەرەجە یەك دەكەوێتە سەرشانی حكومەت، بۆیە باشتر وایە ئەمە بەڕاستی پێویست بە مۆڵەت ناكات، تەنها ئاگادار كردنەوە بێت، بەلاَم میكانیزمەكانی كە بۆی دیاری دەكرێت، نەوەك بەو شێوەیە هامیشەی كە دیاری كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەو پێیەی كە خۆپیشاندان مافێكی سروشتی و دەستوریە، وە هەموو كەسێك ئەتواتنێت كە خۆپیشاندان بكات، لەبەرامبەر شتێك كە نارەواییەك دەرهەقی كرابێت، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم كە ئەو مۆڵەت وەرگرتنە نەبێت، تەنها بە ئاگادار كردنەوە بێ، وە لایەنە پەیوەندیدارەكان ئاگادار بكرێنەوە، لەوەی كە چۆن خۆپیشاندانەكە دەكرێت، شوێنەكەی لەكوێیە؟، كاتەكەی وە ئەو ئامانجەی كە بۆچی ئەو خۆپیشاندانە دەكرێت؟، چونكە بەڕاستی ئێمە وەكو خۆتان ئاگادارن ئەو ڕۆتیناتەی هەیە لە دەزگاكانی ئێمە، زۆر جار ئەو ئامانجەی كە خۆپیشاندانەكەی بۆ دەكرێت، لەوانیە دوو، سێ ڕۆژ دوای ئەوە مۆڵەتەكە بێتەوە، كە شتەكە بەسەر چووە، وە پێویست ناكات كە خۆپیشاندانەكە بكرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كە ئەو خۆپیشاندانە بە ئاگادار كردنەوە بێت، نەوەك بە مۆڵەت وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزان ئەكەم بۆ یەك دەقیقە بیری لێ بكەینەوە، سایەقی پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن نیە؟، ئیجازە؟، نابێت ئیجازە وەربگری سایەقی بكەی؟، مافی خۆتە، ئیجازەی سایەیقی مافی خۆتە، سەیارە بێت، تەیارە بێت، هەرچیەك بێت، دەبێت مۆڵەتی بۆ وەربگری، مافی خۆشتە، ئەی بۆ ئەوە بەرتەسك كردنەوەی ئازادی نیە، بەلأم ئەگەر بڵێی من ئەمەوێت خۆپیشاندانێك بكەم، مۆڵەتم بدە، بەڕێز سەرۆكی وەحدەی ئیداری، بەڕێز وەزیر، ئەوەتا لە فلأن سەعات، لە فلأن وەقت، بۆ ئەم ئامانجە، من داوا دەكەم، ئیجازەم بدەی، وەئەویش بڵێت بەڵێ من موافقم، دوای ئەوە، باسی شەخسیەتێك كرا، تۆ كە ئەڵێی مۆڵەت، ئایا ڕەفز كردن هەروەها بەرەهایی هاتووە، كەواتە ئیتر بۆی هەیە ڕەفز بكات و تەواو ئیتر، نەخێر، كە ڕەفزی كردەوە، ئەو كەسە بۆی هەی بچێتە بەردەم مەحكەمە، دوای ئەوە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، وە ڕێكارەكانی ئەم یاسایە، وە ئەو پرێنسیپانەی كە باسمان كرد، من باسی پرێنسیپەكان بۆ ئەوەم نەكرد، بۆ ئەوەی ئازادیەكان بەرەها بەكاربێت، نەخێر بۆ ئەوەی ئێمە ئەو شتانە بخەینە ناو چوار چێوەی یاسایەكەوە، بڵێین، بەڵێ، بەمۆڵەت بێت، میزاجی شەخصی تێ نەكەوێت، بەوەی كە كاتێك تەنزیمی موزاهەرە دەكرێت، لایجوز تنظیم مظاهرة، التجمع العام دەبێت لابرێت، چونكە ئێمە لە هینەكەیا باسمان كردووە، الا بعد تقدیم طلب الى الوزیر او رئیس الوحدة الاداریة واستحصال الموافقة التحریریة لتحدید المكان والوقت والمدة وعدد المشاركین والهدف من المظاهرة، تەواو، بەڕێزان بەس بۆ ئەوەی سورەتەكە وازح بێت لەلامان، ئەگەر مۆڵت بێت دیكتاتۆریەتە؟، ڕێ گرتنە لە ئازادیەكان، چونكە مۆڵەتە، بەلأم ئەگەر بێی ناوەكەی بكەی بە ئاگاداركردنەوە، هەمان شەرتەكانی كە بۆ مۆڵەت دانراوە، هەمان شت دانێیتەوە ئەوە ئازادیە، یەعنی من ئەمەوێ لەمە تێبگەم، بۆ دەستەواژە وابكات مانای شتەكان خاڵی بكاتەوە، یاخود بەرگێكی نوێی بەسەرا هین بكات، من ئەمەوێت یەكێك وەلأمم باتەوە، پێم بڵێ ئەگەر مۆڵەت پێدان، ئەو هەموو شتەی بوێت ئەو هەموو شەرتە،بڵێین ئاگادار كردنەوە هەمان شەرت و شروتی لەگەڵ دابێت، هیچ فەرقێكی دەمێنێت؟، هیچ فەرقێكی نامێنێت؟، چونكە ئێمە هەقی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، كەس وەلأمت ناداتەوە، ڕەئی خۆت بدە، ئەوان وەلأمت ئەدەنەوە، بەسەرچاو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆیە من كاتێك كە باس كردنی ئیعتیراز لەسەر مەسیرەیەك دەكرێت، خۆ دەبێت باس لەوە بكرێت بۆچی ئیعتیرازی لەسەرە، ناتوانێت ڕەئیسی وەحدەی ئیداریەك یاخود ئەوە وەزیری بەڕێزیش لێرەیە، ناتوانێت

هەروا لەخۆڕا بڵێت رازی نابم، دەبێت بە ئەسبابی موسەبب، ئەدی باشە ئەگەر ئەو ڕێ پێوانە تەحریزی فیتنەیەکی کرد لەناو ئەم وڵاتەیا، کێ مەسئول دەبێت؟، بلێ وەلا ئیتر ئاگادارکراوەتەوە، تەحریزی فیتنە لە دژی ئاینێکی دیاریکراو، لە دژی ڕەگەزێکی دیاریکراو، لە دژی تائیفەیەك و قەومیەتێکی دیاریکراو، کێ تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە ئەکات، بۆیە کە دەڵێی موسوبیب بێت، هەروا لە خۆڕایی رەفزی نەکات، شتەکان ئێمە ناکەین بە مەشاعر، لەسەر ئەساسی مەشاعر باسی ئەم شتانە ناکەین، لەسەر ئەساسی شەخسەنە باسی ناکەین، ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە دەبێت، ئەوەندە بیرکردنەوەمان لەسەر ئەو ئەساسە بێت، کە چۆن ئێمە موحافەزەی ئەو هەرێمە بکەین، چۆن یاسایەك دابنێین، هەم ئازادیەکانیش ببەخشێت، هەم ئەو کەسەی کە مافەکەی ئەدەینە دەست، ئەو کەسەی کە دەسەڵاتەکەی ئەدەینە دەست خراپ بەکاری نەهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار دڵشاد شەهاب فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شەهاب حاجی محمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

وەلا بۆی هەیە قسەکان هەندێکی کرابن، بەلام لەبەر ئەوە مافێکی سروشتی و یاسایی و دەستوری خۆمەو، مۆڵەتیشم وەرگرتووە، تەڵەبیشم تەقدیم کردووە، من قسەکانی خۆم هەر دەکەم هەندێکی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر نابێت، تکایە گوێ لە برای خۆت بگرە، فەرز نابێ، یەعنی بلێی هەروا ئەکەم، ئەوا لەناو پەرلەمان نابێت، ئصول هەیە، قسەی خۆت بکە ڕێزت ئەگرین، احتیرامت ئەگرین، بەس فەرز نیە.

**بەڕێز دڵشاد شەهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەندێك دیفاع لە ئازادی دەکەین، هەندێکیش دەمانەوێت ئازادی زیاد بکەین، بیرۆکەی هاتنە کایەوەی ئەم پرۆژە یاسایە، ئەو ئامادە سازیانەی بۆی کراون، ئەوەی کە تیایدا کۆ دەنگیەکی لەسەر هەیە، ئەویش فەراهەم کردنی ئەو ئازادیانەیە ئەوەی کە هی مافی تاکن لە کۆمەڵی ئێمەدا، بەلام هەندێك گۆتن، کە خەریکە مانای تر، یاخود تەفسیراتی تری بۆ دەنووسرێت، بە دیتنی من پێویستی بە هەندێك ڕوون کردنەوە دەکات لەسەری، یەك، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا مۆڵەت وەربگیرێت، لەبەرچی؟، لەبەر ئەوەی ئیلتیزامێکی زۆر تر بۆ ئامادەسازی دەزگا پەیوەندیدارەکان، دەکەوێتە سەر ئەولایەنە پەیوەندیدارانەی کەوا پێویستە خۆیان ئامادە بکەن، وە ئیلتیزامێکی زیاتریشیان دەکەوێتە سەر، وە نموونەیەکی بچووك دێنمەوە لەسەر ئەوە، ئەگەر تەنها بە ئاگادار کردنەوە بوو، لەکاتێکی دیاریکراو وەلە ڕۆژێکی دیاریکراو، وە لە شوێنێکی دیاریکراو، یاخود لەچەند شوێنێکی دیاریکراو، کە ئەصلەن لە قودرەتی دامودەزگاکانی وڵاتدا

نـەبێت، لـە تـەئمین کردنـی هـەموو پێداویسـتیەکان، چ لـە شـارێك، چ لـە شارۆچـکەیەك، زیـاتر لـە خۆپێشاندانێك هەبوو وە دەسەلاٚتیش نەبوو کەوا تەئمینی ئیحتیاجاتی بکرێت وە، تەنهاو تەنها بـە ئاگـادار کردنەوەش بووبێت، لەو حاڵەتەدا کێ بەرپرسیار دەبێت، بەرامبەر بەوەی کە سەلامەتی و هـەموو ئـەو ڕێ و شـوێنانەی کـە پێویسـتن بـەڕێوەی ببـات، لـە حاڵەتێکـدا کـە هـیچ ئیختیـار بـۆ دەزگـای پەیوەندیـدار نەمێنێتەوە، دوو، ئەگـەر بـارو دۆخـی ئـەمنی گونجاو نـەبوو، وەکو ئـەوەی کـە ئێمـە یاسایەك دەردەکـەین تەبیعی، بۆ ئەمڕۆی کوردستانی دەردەکەین، بـۆ ولاتێکی دەردەکـەین کـەوا هەمیشـە موهـەددەدە، بـە پلانـی ناحەزان و دوژمنان وکۆمەڵێك بەلگەو دەلائیلیش ڕۆژانە دێنە بەرچاو، دێنەوە بەردەستی ئێمـە، وە ئەگـەر تەنها ئاگادار کردنەوە بوو، موزاهەرەیەکی چەند هەزار کەسـی، قـرار وابـوو لـە شـارێك، یـان شارۆچکەیەك بەڕێوەبچێت، وە بەپێی تێڕوانینـی دەزگـا پەیوەندیـدارەکان، وابـوو کـە بـارودۆخی ئـەمنی گونجـاو نیـە، وە مومکین نیە دابینی ئەو ئەمنیەتە بکرێت، وە تەنها بەتەمای ئاگادار کردنەو بەجێهێڵرا، کێ بەرپرسیارە لە ئەگەری ڕوودانی ئەوەی کە هەر شتێك ڕوو بدات؟، مەوزوعی مەزاج لەسەر ئەوەی کە باس کرا، سۆزان خان هەندێکی ئاماژە پێ کرد، کـەوا لـە ماددەکـەدا هـاتووە کـە دەبێـت هۆکارەکـان ڕوون بکرێنـەوە، وە هـەروەها تێشیداهاتووە کە دەبێ مافی ئـەوە هەیـە کـە لـە دادگـا پێداچـوونەوە بـە بڕیارەکـە بکرێـت ئینجـا، پرسـیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی سێ کەسی ئاسایی مـن ڕێـزم بـۆ هـەر تـاکێکی کۆمـەڵگای خۆمـان هەیـە، سـێ کەسـی ئاسایی کە تەڵەبی وەرگرتنـی ئیجازەی خۆپیشـاندانێك بکـەن، داواکاریەکـە زۆر ڕەوایـە، زۆر دروسـتە هـیچ مەرامێکی لە پاڵدا نیە، بەلاٚم ئەگەر وەزیرێکی کە عزوی کابینەیـەکی بـەڕێوەبردنی ولاٚت بێـت، لەبـەر دەم پەرلـەمان و نوێنـەرانی میللـەت سـوێندی خواردبێـت، کـەوا بەرژەوەنـدی ولاٚت و میللەتەکـەی دەپارێزیـت، ئەگەر ئەو موبەرراتی هەبێت و بڵێت ئەم خۆپیشاندانە ئەمڕۆ باش نیە، یان لەم تەوقیتە، یان لەم زەمانە، جێگای پرسیارو مەزاجیەتی لەسەرە، بەلاٚم ئەگەر سێ کەس داوایەك پێشکەش بکەن، بۆ ئـەو مەبەسـتانەی کەوا خۆپێشاندانی بۆ بکرێت، وە کە هەمووشمان تەقریبەن لەسەری کۆ دەنگ بـووین، کـە ئەمانـە مـافێکی ڕەوایە، وە ڕەنگە هیچ ئاراستەیەکی خراپی لێ نەکەوێتەوە، بەلاٚم قەراری وەزیر و قەراری رەئیسی وەحدەی ئیداری، مەزاجیەتی تێدا دەبێت و مەترسی و ئیستغلال و ئەمانـە دەبێـت، بـۆ کـێ ئـەم هەقـە دەدات، کـێ یەکلا کەرەوەی ئەمەیە؟، کە ئەگەر ئەم سێ کەسە ئەو بڕیارە یان ئەم داواکاریە، پێشکەش بکەن، داوایـەکی قبوڵـە، بـەلاٚم ئەگـەر بڕیـاری رەئیسـی وەحـدەی ئیـداری بێـت، جێگـای گومانـەو ڕەنگـە ئیسـتغلالی بکرێـت، دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشـتیمانی بێتـە وجودەوە، ڕەنگـە حکومـەت تووشـی ئیحراجـی ببـێتن، کـە ئیجـازە بـدات، مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم وەکـو ئەنـدامی کوتلەیـەك کـە سـیقەمان بـە حکومەتێکدا، ئەگەر خەتەرێکی قەومی و خەتەرێکی نیشتیمانی وا هاتە سـەر وولاٚتەکـەم، وەحکومەتەکـەم حازر نەبوو لەگەڵ میللەتەکەمدا یەك سەنگەر بێت، دیفـاع لـە بەرژەوەندیـە نەتـەوەیی و نیشـتیمانیەکانی خۆی بکات، من بەش بەحاڵی خۆم سیقەی خۆم سەحب دەکەمەوە لەو حکومەتە، بۆیە قەناعەتی من وایە، ئەم خەتەرە نیشتیمانی و نەتەوەییانەی کەوا ئەگەر قەرار وابوون بێنە سـەر ولاٚت، ئێمـە دەبێـت باوەڕمـان

وابێت کەوا حکومەت ودەسەڵاتیش بەشێکن لەم نەتەوەییە، بەشێکن لەو نیشتیمانە، مەبەستم لە هەموو نەتەوەکان دێت، لە پێکهاتەکانیەتی، من ئەوە بە حوجەت نابینم کەوا سەحبی ئەو وەزعیەتە بکرێت، ئەو مۆڵەت پێدانەش بە هیچ ڕێگریەك نابینم، لەگەڵ ئەو هەموو ڕێکارانەی کەوا بۆ ڕەفزی ئەگەر خوانەخواستە حاڵەتێکی رەفزی وا هاتە پێش، سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا دەکەم سەرۆکایەتی نەیەڵێت هیچ ئەندامێکی پەرلەمان، لەقسەکانیان وەڵامی هاوڕێکانیان بەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی نەهێنا، ناویشی نەداوە، بەعام وتی، ئەگەر حکومەتێك لەگەڵ میللەتەکەی هەڵنەستێت، من سیقەی لێ سەحب دەکەم، زۆر تەبیعیە، بە هەقیقەت زۆر زۆر تەبیعیە، نا، نا زۆر هەقی خۆیەتی، زۆریش ئسوڵی بوو قسەکەی، ڕێزدار اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵەیی:**

**لەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشك و برایانی بەڕێز، دیارە دوو ڕا هەیە، ڕایەك ئەوەیە کە ئایا مۆڵەت هەبێت، ڕایەکی تر پێی وایە بەس ئاگادار کردنەوە، من لەگەڵ ڕای یەکەم دام، مۆڵەت بەشەرتێ لەیەك حاڵەتدا، لە حاڵەتێکدا کە خۆپیشاندانێکی سەرتا سەری هەیە، لەهەرسێ پارێزگاکەی کوردستان، ئینشاءالله لە ئایندە ئەگەر ئەوەی تریشی ئیزافە بوو، لە حاڵەتی ئاوا خۆپیشاندانی سەرتا سەری، بەڕاستی کەئامادە باشیەکی زۆری دەوێت، یەعنی لەوانەیە هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ، بە تەواوەتی ئەم ڕۆژە لە ئینزار ئەبن بۆ ئەم حاڵەتە، لەم حاڵەتەدا مۆڵەت زەرورە و گرنگە چونکە ئامادە باشی باشی دەوێت، بۆیە من لەحاڵەتی مۆڵەتدان، تەنها لە حاڵەتی خۆپیشاندانی سەرتاسەری لەگەڵیام، ئەگینا ئەمڕۆکانە لەماوەت یان لە قەزای سمێل، یان لە شوێنێك خۆپیشاندانێکی مەحەلی دەکرێت، من پێموایە کە زۆر تەبیعیە، وە زۆر مەحەلیە، پێویستی بە مۆڵەت نیە، سەبارەت بەوەی، ئەگەر مۆڵەتەکە نەدرا، هەق دراوە بەلایەنی داواکار، بچێت لە دادگا تانە بات، مودەکەش 48 سەعات دانراوە، ئێمە هەمووومان دەزانین وەزعی دادگاکانی کوردستان، چەند لۆدی لەسەرە، یەعنی کێشەیەکی کاتب عەدلت هەیە بە دوو ڕۆژ بۆت جێبەجێ ناکرێت، بەس کێ زەمانەتی ئەوە دەکات لە 48 سەعاتا جوابی بداتەوە؟، لەماوەی سێ ڕۆژا ئەتوانین تانە بەین، بەلام لەماوەی 48 سەعاتا ئەبێت دادگا جواب بداتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئەگەر ئەمەش قبوڵ کرا، ئەگەر دوای 48 سەعات

دادگا جوابی نەدایەوە بە ڕەزامەندی حیساب بکرێت، لەسەر لایەنی تر هەمووومان باسی ئەوە دەکەین، لە بیدایەتەوە هەموو هاوڕێیان باسی ئەوە دەکەن، کەخۆپیشاندان مافێکی دەستوریە، من پرسیار دەکەم، دەستور لەچیەوە هاتووە؟، یەکێ لەسەرچاوەکانی دەستور، قورئانی پیرۆزە، ئەو مافانە هەزارو چوارسەد ساڵە بۆ مرۆڤ تەئمین کراوە، بەلاَم ئایا بەڕاستی مافەکانی ئینسان لەم ولاَتانەدا جێبەجێ کراوە؟، نەخێر، ئەو وەختە مافەکان گرنگن کە لە ڕێگای یاساوە ورد دەکرێنەوە، وە پراکتیك دەکرێن، وە دائەبەزێنرێت بۆ ناو کۆمەڵگا، وەسادە دەکرێن، وە بە شێوەیەکی ئاسان دەخرێنە بەردەم هاوولاَتیان، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم، لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم مافە سادانە بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی، وەبەکەمترین رۆتینیات بدرێن بە هاوولاَتیان، بەڕاستی یەکێك لە پێوەرەکانی دیموکراسیەت، کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین، وەکو هەرێم لەناوچەکەدا، ئەو جۆرە ئازادییەی کەهەمانە، ئەو جۆرە دیموکراسیەی کە هەمانە، ئەوەش بەو سەنەدە قانونیانە موهیمە، ئیسپات دەکرێت لەمەودوا بەڕاستی، لەناو ئەو یاسایە جێیان دەکەینەوە، بۆیە من داوا لە خوشك و برایانی بەڕێزم دەکەم، ئەم سەنەدە قانونیانە کە زۆر گرنگن، بابە شێوەیەکی زۆر رەها، بەشێوەیەکی زۆر سادە، بۆ هاوولاَتیانی خۆمانی تەئمین بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك بورهان فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ڕەئی شەخصی خۆم لەگەڵ ئەوەدام ئیشعار بێت، نەوەکو تەڵەبی ئیجازە، بەلاَم بەم شێوەیەی کە کاك دانا ئیشارەتێکی پێیدا، بەداخەوە لەو تەقریرەی لیژنەی قانونی بە موفەصەڵی نەنووسراوە، شتێك ئەبێت وەکو فۆرمی زانیاری، ئیشارەتێکی پێدا کە باسی تەقریری لیژنەی خۆیانی کرد، وەکو ئەوەی زەمان و مەکان و ناوی لیژنەکە و چەند کات ئەخایەنێت و ئەو شتانە، ئەوەش جێ بکرێتەوە، ئەو کاتە ئیشعارەکە جوانتر ئەبێت بە ڕەئی من، بەلاَم هەندێك هین هاتووە، خاڵێکی ترم، کەلیمەی موستەلەحی قانونی نیزامی عام، ئادابی عام لەو ماددەیەدا هاتووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە قانونا نە ئسوڵی محاکەماتی جەزائی، نە قانونی عقوباتی 111 ی 1969، هیچ تەعریفێك بۆ نیزامی عام، ئادابی عام نیە، بەڵکو فەقەت ئارائی فوقهیی قانونیە، بەڕاستی نیزامی عام و ئادابی عام، تەفسیرێکی لاستیکی هەیە، من بەیانی لە دەسەلاَتدابم ئەتوانم نەوعێك شەرحی بکەم، موعارەزە بم ئەتوانم نەوعێکی تر شەرحی بکەم، ئەگەر جەنابتان بیرتان بێت، قانونی عەمەلی صەحافی کاتی خۆی کە لە ساڵی 2007 و 2008، ئەگەر بە هەڵە نەچووبێتم موناقەشە کرا، صەحافیەکانی کوردستان موزەکەرەیەکی ناڕەزاییان دایە سەرۆکایەتی هەرێم، وتیان ناڕازین ئەم قانونە تەصدیق بکرێت، لەبەر هەندێك موستەلەحی ئەمنی قەومی، نیزامی عام و ئادابی عام، نیزامی عام و ئادابی عامیشی تیابوو، کەلەبەر ئەوەی تەفسیرێکی لاستیکی هەیە، ئەوەبوو دوایی یاسایەکەتان هێنایەوە بۆ پەرلەمانی بەڕێز، لە پەرلەمانی بەڕێز نیزامی عام و ئادابی

عامتان لابرد، بەڕەئی من ئێستاش هەقە بەدیلی بۆ بدۆزرێتەوە، بەدیل دۆزینەوەش بەڕاستی، لیژنەی قانونی ئەتوانێ بەدیل بۆ نیزامی عام و ئادابی عام بدۆزێتەوە بەچەند خاڵێك، ئاسانیشە، من ئەگەر ڕەئی زۆرینەی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، لەگەڵ ئەوەدابوو، کە هەر ئیجازە پێویستە بۆ خۆپیشاندان، من داواکارم ئەو شتە تەرك نەکرێت، بۆ قەزاو قەدەر، دەردی ئینگلیز ئەڵێت (الشیطان في التفصیلات)، ئەمە لەوردەکاریەکەیا موشکیلە دروست دەکات، من لەگەڵ ئەوەدام، دوو مەبدەئی قانونی هەیە، کە مەسەل ئەهێندرێتەوە، میسالە( یا علی سبیل الحصرە) یە حصر دیاری بکرێت ئەو حاڵەتانە چیە؟، کە ئەو جیهەتەی ڕەفزی ئیجازەکە دەکات، لەم حاڵەتانە بۆی هەیە ڕەفزی بکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەتوانێ ئەو حاڵەتانە دیاری بکرێت، بۆ نموونە لە حاڵەتی ئەوەی دژی ڕەگەزێ یا تائیفەیەکی دینی، یاخود نەتەوەیەك بۆ موزاهەرەکە، دووەم، ئەگەر تەحریز بوو بۆ عونف، سێهەم، موزاهەرەیەکی موسەلەح بوو، چوار، ئەگەر خەلەل هەبوو لە زانیاریەکانی ئەوانەی تەقدیمیان کردووە، حەصر بکرێت لەم حاڵەتانە، وەزارەت و جیهاتی ئیداری موختەص بۆی هەیە ڕەفزی بکات، من ئەگەر ڕەئی ئەکسەریەتی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز لەگەڵ ئەوەدابوو، هەر بچێت بۆ ئیجازەی خۆپیشاندان، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو پێشنیارەم تەبەنی بکرێت، ئەویش بخرێتە دەنگدانەوە، حەصر بکرێت خاڵەتەکانی ڕەفز یاخود نەکرێت؟، بەڕاستی دەربارەی ئەوە کە ئێمە سیقەی تەواوی خۆمان داوەتە حکومەت، لە هەموو شتێکا ڕای هەیە، من ڕەئیم وانیە، جەیشی ئەجنەبی تا ئەم دەقەیە لەم وڵاتەدایە، حکومەت ڕەئیەکی نیە، لەبەر ئەوەی پێویست نیە ئێمە پەرلەمانین هەموو ئیعتیمادێکمان لەسەر حکومەت بێت، پەرلەمان موئەسەیەکی تەشریعی گەورەیە، خاوەن هەیبەت و مەکانەت و قوەت، قوەتی ئیلزامی قانون و قەراراتی خۆی هەیە، موئەسەسەیەکیشە، جیهەتێکی ڕەقابیشە بەسەر حکومەتا، زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە موراعاتی مەشاعیرە ئاینەکانی تر بکرێتن، لەناو پەرلەمان، هەندێك میسال نەهێندرێت، ڕێزدار کوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەمان ئەوەمان دووبارە کردەوە، کە مافی خۆپیشاندان مافێکی دەستورەیە، واتا، وەك هیچ مافێکی تر نیە، کە دەستور بە ماددەیەکی وازح باسی نەکردبێت، ماددەیەکی دەستوریە، یەعنی جیایە لەمافەکانی تر، بۆیە من پێموایە بەرەئی من، بەکار هێنانی ماف پێویستی بە مۆڵەت نیە، کاتێك بۆ بەکار هێنانی ماف، داوای مۆڵەت دەکەی، یەعنی سنوردار کردنی ئەم مافەیە، بۆیە من بۆخۆم لەگەڵ ئەوەدام کە بە ئاگادار کردنەوە بێت نەوەك مۆڵەت بێت، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسیانەی کە بەڕێز وەزیری ناوخۆش باسی کرد، ئەکرێت کۆمەڵێك ڕێکاری یاسایی دابنێین، وەك ئەوەی هاوڕێم کاك دانا و د.زاناو حاکم رزگار

باسیان کرد، لائیحەیەك پێشکەش بکات، بەکات و شوێن و ئامانجی خۆپیشاندانەکە و هەتا ئەخیری، کە ئەو بەڕێزانە باسیان کرد، وە بۆ کاتی ئاگادار کردنەوەش، من لەگەڵ ئەوەدام کە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئاینی و لەگەڵ چالاکیە هونەری و ڕۆشنبیری، چالاکیەکانی ڕێکخراوی مەدەنیش پێویستی بە ئاگادار کردنەوەش نەبێت، ئێمە هەموومان ئەزانین، وە نموونەشمان لەبەردەمدایە، کە لەم هەرێمەی ئێمە، بە دەیان خۆپیشاندان لە ڕێگەی ئەو تەعلیماتەی کە وەزارەتی ناوخۆ داینـاوە، داوای مۆڵەتیان کردووە و مۆڵەتیان پێ نەدراوە، دواتر خۆپیشاندانەکەش بووە، وەزارەت و حکومەتیش هەموو خۆپیشاندەرانی زیندانی نەکردووە، بۆیە پێموایە ئەگەر بە مۆڵەت بێت، مۆڵەتەکە نەدرێت، خۆپیشاندانەکە هەر دەکرێت و هەمووشیان زیندانی ناکرێن، بۆیە بۆ ممارەسە کردنی ئەو مافە دەستوریە، کە بە ماددەیەکی وازح هاتووە، پێویستی بەمۆڵەت نیە، پێویستی بە ئاگادار کردنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.پەریهان فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان قوبلای محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوەوە دەست پێ دەکەم، کە ئەمە مافێکی دەستورەیە، دەستور بە وازحی ئیشارەتی پێیداوە، خۆپیشاندان هەقی خەڵکە، وە من لەوەوە تەئیدی کاك کاردۆ ، کاك د.رفیق سابیر دەکەم، کە ئەمە بە مۆڵەت نەبێت، بە ئاگادار کردنەوە بێت، بەلاّم بە میکانیزمێك کە برادەران باسیان کرد، د.زانا و کاك عمر عبدالعزیز، ئەتوانین ئێمە کات وشوێنی بۆ تەحدید بکەین، ئەو کاتە واجبە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ، ئەمنی ئەو موزاهەرەیە بپارێزێت، بەلاّم ئەگەر ئەوە بە مۆڵەت بوو، من وا بەباشتری دەزانم تەئیدی قسەکانی کاك برهان دەکەم، لەوەی کە حەصر بکرێت، کە مۆڵەت لە چیا بێت؟، بۆ نموونە ناهەقیەك، مەجموعەیەك، کۆمەڵێك مامۆستا یان کۆمەڵێك دکتور، هەقی خۆیانە، خۆیان ئەزانن مەشاکلی خۆیان چیە، تۆ مۆڵەت نەدەی بەوە، بیدەی بە شەخصێك کە لە یەکە ئیدارەییەکان، یان شەخصێك ببێتە ئەوەی کە قەیدی ئەو حوریەتانە بکات کە تەعبیر لە ڕای گشتی ئەکات، لەبەر ئەوە من تەئیدی قسەکانی کاك برهان دەکەم، ئەگەر بە حاڵەتێك بە ئیجازە بوو، بە مۆڵەت بوو، بەو شێوەیە بێت کە کاك برهان باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان 46 ئەندامی بەڕێز لەسەر ئەو بابەتە قسەیان کرد، ئێستاش سەعات 2:28 دەقیقەیە، بۆ وەلاّم دانەوەی ئێوەی بەڕێز، لیژنەکان وەلاّمتان دەدەنەوە، بەلاّم دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ سەعات چوار ونیو، چوار و نیوی ئیمڕۆ، لێرە حازر بن، بۆ ئەوەی وەلاّم دانەوەکە بکرێت، ئەو ماددەیە تەواو بێت، باقیەکەی ئەخەینە سبەی، چوارو نیوی ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ، با پێنج بێت، چونکە کاتتان کەمە، سەعات پێنج تکایە لێرە بن، سەعات پێنجی ئیمڕۆی ئێوارە، هەمووتان لێرە بن، بە خواتان ئەسپێرین.

## ***دانیشتنی دووەم***

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەردەوام بوون لەسەر دانیشتنەكەی ئەمرۆی پێش نیوەڕۆ، دانیشتنی ژمارە 10 بەردەوام دەبین، داوا لە لیژنەی یاسایی، ناوخۆ، مافی مرۆڤ، كۆمەڵگای مەدەنی دەكەین، فەرموون بۆ ئێرە، لیژنەی یاسای كەرەمكەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی كە ئەندامانی پەرلەمان، چەندین پێشنیار و تێبینیان لەسەر ماددەی دووی ئەو پڕۆژە یاسایە كە بە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەرچوار لیژنە پێشكەش كراوە، ئێمە چەند تێبینیەكمان لەسەر ئەو پێشنیارانە هەیە، سەرەتا چەند بەڕێزێك باسی ئەوەیان كرد، كەلەبەرچی ڕای دووەم كەوا ئەو ماددانەی لەناو ڕاپۆرتەكەدا هاتووە، ڕای دووەم بە یەك ڕیزی، یان بەچەند وشەی كورت و دەستەواژەی كورت تەعبیری لێ كراوە، ڕایەكە وا تۆمار كراوە، لە ڕاپۆرتەكە، بەڕێزان ئەوە لەبەر ئەوەی بوو كە ئەو ڕایە پەسەند كراوە، وەكو ئەو وشەی پێناسەی تەجەموعی عام كە لە ماددەی یەكەم هاتووە، لە ڕاپۆرتەكەدا هاتبوو، بەلاّم هەمان بڕیاری لەسەر درا كە لابدرێت، ئێمە ئەو پێناسەمان لە ماددەكە لادا، وە ئەوەی كە بەدوو ڕا بوو، لێگەڕاین بۆ پەرلەمان كە حەسمی بكات و یەك لای بكاتەوە، وە هەندێك حاڵەت هەیە، كە پێویستی دەكرد ئێمە بەكورتی ئاماژەی پێ بكەین، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە ئەو ماددەی ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەكرێ، باس لە مۆڵەت و ئاگادار كردنەوە دەكات، ئەگەر ئاگادار كردنەوە بێت، دەنگی هێنا، بڕیار بڕیاری پەرلەمانە، لەو هۆڵە بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەوە پێویست ناكات كە ئەو هەموو وردەكاریەی بۆ مۆڵەت پێویست دەكات، مۆڵەت وەرگرتن باس بكرێت لە ئاگادار كردنەوە، لەبەر ئەوە بەكورتی ئاماژەمان بە ڕایەكان كرد، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە بەشێوەیەكی تر دای دەڕێژینەوە، چونكە كاریگەری دەبێت لەسەر هەموو ماددە و بەند و بڕگەكانی تر، وەكو نموونەم هێنایەوە تەجەموع عامەكە كە هەڵگیرا، لە ماددەی یەكەم لە پێناسە، لە

ماددەکانی تر دەبێت ئەو هەموو دەستەواژەیەیی هەڵبگرین، لەبەر ئەوەی دەنگمان بۆی دا، سەبارەت بە دەستەواژەیەك لەوانەیە لەو یاسایەو، لەیاسای تریش گفتوگۆی لەسەر بکرێت، نیزام عام و ئاداب عامە، بەڕێزان، لەهیچ یاسایەك ئەو دەستەواژەیە پێناسە نەکراوە، هەتا لە دەستووری عیراقی کەم ئاماژەی پێ کراوە، وە ئاداب عامە لە ماددە حەڤدەی دەستووری عیراقی هاتووە، پێناسە نەکراوە، کەلە یاسا پێناسە نەکراوە، مانای ئەوە نیە ئەو دەستەواژەیە پێناسە ناکرێت، بەڵام لەبەرچی لەناو یاساکە پێناسە ناکرێت؟، وە باس ناکرێت، لەبەر ئەوەی نیزامی عام و ئادابی عام، لەلایەن فەقیهەکانی قانونی پێناسە کراوە، وە بەپێی کات و شوێن دەگۆڕدرێت، ناتوانین، یاساش بۆ ڕۆژەك و دوو ڕۆژ دەری ناکەین، ناتوانین دەستەواژەیەك کەقابیلی گۆڕان بێت، مەفهومەکەی بگۆڕدرێت، ئێمە هەموو ڕۆژێك کە گۆڕدرا، یاسایەکە هەموار بکەین لەبەر خاتری ئەو پێناسەیە، ئەوە سەبەبی یەکەم، سەبەبی دووەم، ڕەخنە لە یاسا دەگیرێت، ئەو یاسایانەی کەوا زۆر پێناسەی دەستەواژە دەکەن، لەبەر ئەوەی بەندەکانی یاسا، شوێنی پێناسە کردن نیە، زۆر جاران ڕەخنە لەو یاسایانە دەگیرێت کە پێناسەی زۆر دەستەواژە دەکات، بۆیە ئێمە لەماددەی یەکی زۆربەی زۆری یاساکان، باسی دەکەین، پێناسەی کورت کەرەوەی هەندێك دەستەواژەیە، بۆیە پێوست ناکات ئەو دەستەواژەیە لەناو یاسایەکە پێناسە بکرێت، بەڵام مانای ئەوە نیە کە پێناسەی نیە، نیزام عام، نیزام عامی ئیقتیصادی دەگرێتەوە، نیزام عامی سیاسی دەگرێتەوە، نیزام عامی اجتماعی دەگرێتەوە، لەلایەن چەند فەقیهی قانونی پێناسەیەکی ڕێك و پێك کراوە، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بەکاردێت، یەك لەبەڕێزەکان نموونەی ئەوەی هێناوە کە کێشەی نیزام عام و ئاداب عام، بۆ بەو تەفسیلە باس دەکەم، چونکە لەوانەیە ئەو دەستەواژەیە بەچەند بەش بێتە پێش، هەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، نموونەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریتان هێناوە، بەڕێزان، ڕاستە ئەوە لەپەرلەمان دەنگی بۆ درا، پاشان یاسایەکە گەڕاوە پەرلەمان، ئەو دەستەواژەیە هەڵگیرا، بەڵام لەکاتی جێبەجێ کردنی یاسایەکە، هەست بەو کەم و کوڕیە کرا، کەلەکاتی لابردنی ئەو دەستەواژەیە ئێستا وا داوا دەکرێت کە زیاد بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لابردنی ئەو دەستەواژەیە، بووە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بەپێی یاسای سزادانی عیراقی سزا بدرێن، کە حەپس دەکرێن، ئێمە کە تەواومان کرد ئەو دەستەواژەیە، مەبەستمان ئەوە بوو تەنها غەرامە، بەو سزایە سزا بدرێن، حەپس نەکرێن، بەڵام بەم شێوەیە دەنگی بۆ درا، وەنیزام عام و ئاداب عامیش لە قانون، نموونەی چەند یاسایەك هاتۆتەوە، کەوا حیساب دەکرێن لە نیزام عام و ئاداب عام، واتە دەستەواژەیەك نیە، هیچ ئیتارەك و شتەکی بۆ دیاری نەکرابێت، سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کرا، هەندێکیان دەربارەی ئەوە بوون، پێدانی مۆڵەتدان بە ئەنجام دانی ئەو کارە، خۆپیشاندان دژی ئەو مافە دەستووریەیە، بەڕێزان دەرکردنی ئەو یاسایە، بۆ ڕێکخستنی ئەو مافە دەستوریەیە، بۆ ئەوە نیە کە ئەو مافە لە خەڵك، زەوت بکرێت، یان لێیان بسێندرێت، بەڵام ڕێك دەخرێت لە ڕووی یاسا، وە باسی ئەوەیان کرد کە مۆڵەتدان تەقیدە، تەقیدەکە خۆی دەستوور ڕێگەی پێی داوە، لە ماددە 46 دەستوور دەڵێت (لایکون تقید ممارسة ای من الحقوق والحریات الواردة في هذا الدستور او تحدیدها الا بقانون وبناءاً علیه

على ان لايمس ذلك تحديد او تقييد جوهر الحق او الحرية)، واتە ڕێگەی بە تەتقید داوە، بەلأم كاریگەری لە ناوەڕۆكی مافەكە نەكات، ئەو تەقیدە بنەمایەكی دەستووری هەیە، بەڕێزێك باسی لەوە كرد كە تەبریرەكەی ئەوەبوو، بۆ دژی مۆڵەتم، تەبریرەكەی ئەوە بوو، بۆ ئەوە ئەركە قورسە بكەوێتە ئەستۆی حكومەت، وەزارەتی ناوخۆ كەوا پاسەوانی لەو كەسانە بكات، بەڕێزان، خۆی پاراستنی ژیان و ماڵ و ملكی خەڵك، هەموو چركەو سەعاتێك لە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆیە، لە هەموو دونیاش ئەوەیە كە حكومەت ئەو ئەركە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، ئەگەر خۆپیشاندەران كارێكی وا بكەن، ئەوە هەر پێویستە حكومەت بەو ئەركە هەڵبستێت، بە ئەركی خۆی هەڵبستێت، كەوا پاراستنی ژیانیانە، مەترسیەك هەبوو لەلایەن هەندێك بەڕێزان باس لەوە كرا، تەعەسوف، ئەو وشەیان بەكارهێنا، تەعەسوفی حەقی ڕەفز، یان وشەیەكی تریش بەكار هات، سوء استفادە، ئەو دوو وشەیان بەكار هێنا، بەڕێزان هەقتانە ئەو مەترسیەتان هەبێت، پێش دەركردنی یاسا، ئێمە ئەو یاسایە بۆیە دەردەكەین، ئەو مافە دەستووریانە ڕێك بخەین تا ئەو مەترسیانە نەمێنێت، لەبەر ئەوەی چەند فلتەر دانراوە، هەقی ڕەفز، ئەو مافە كە دراوەتە ئەو جیهەتە، ئەو لایەنە بە شێوەیەكی ڕەها نەی دراوەتێ، چەند فلتەری بۆ دانراوە، یەك لەوانە ئەگەر هەست كرا كەوا زیان بە سیستەمی گشتی دەگەیەندرێت، هەروەها ڕەفزەكە نووسراو بێت، هۆكاری ڕەفزەكە دیاری بكرێت، دواتر ئاخیر فلتەر ئەوەیە، كە تانە گرتن لە بڕیاری ڕەفز، لەسەر ئەو بڕیارەی كەوەزارەت دەیدا بە ڕەفز بوو، بۆی هەیە تانەی لێ بدات، پێشنیاری ئەوە كرا كە پێویستە ئەو مافە دەستوریە بپارێزرێت، دەركردنی یاسایەك بۆ ڕێكخستنی ئەو مافە، دانانی یاسایەك بۆ ماف، ئەوە خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە، ڕێزگرتنە لەو مافە، هەروەها پاراستنی ئەو مافە، چونكە دانان بەشێكە لە پاراستنەكە، وە باس لەوە كراو كە هێزەكانی پۆلیس چ ئەركێكیان دەكەوێتە ئەستۆ، ئەوە ئەگەر بگەڕێینەوە ماددەی دوازدە ڕاپۆرتە هاوبەشەكە، بە تەفسیل باس كراوە، چ ئەركێكی دەكەوێتە سەر لە حاڵەتێك ئەگەر زەرەرو زیان بە خۆپیشاندەران گەیێندرا، باس لەوە كرا چەند بۆنەیەك زیاد بكرێت، چالاكیەكانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، چالاكی ڕۆشنبیری، بەڕێزان، هیچ لاریمان نیە لە زیاد كردنی ئەوانە، بەلأم ئێمە كە تەجەموع عامیمان لە ماددەی یەكەم هەڵگرت، ئەو بۆنانە ناگرێتەوە، كە شتێك نەی گرێتەوە، مەشمول نەبێت بە قانون، كو داوای ئیستیسنا بكەین، كە ئیستیسنا بكرێت، كە تەجموعی عام هەڵگیراو پێناسەكەی، تەنها تەجەموع، ئەگەر لەسەر شێوەی تەزاهری بوو، تەنها ئەوە ماوە، ئەوە شێوەی تەزاهر نیە، چالاكی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنیە، چەند نموونەتان هێناوە، كەوا چالاكی ڕۆشنبیریە، ئەوانە ناكەوێتەوە، ئەو پێناسەی تەجەموعەی كە كرا لەماددەی یەك، لە كەوانەكە لە كۆتایی پێناسەی موزاهەرە زیادمان كرد، (التجمع بقصد التظاهر) شتێكی وابوو، باسی حەملات ئینتیخابی كرا كە زیاد بكرێت، بەڕێزان، ئەو یاسایە شوێنی ئەوە نیە، لەبەر ئەوەی ئێمە یاسای هەڵبژاردنمان هەیە، كات و ئەو شوێنانەی كەوا دیعایەو حەملاتی ئینتیخابی لێ دەكرێت، هەموو دیاری كراوە، یاسای تایبەتی خۆی هەیە، شوێن و ڕێكارەكانی دیاری كراوە، بۆیە هیچ پێویست ناكات لێرە هەر شوێنی نیە زیاد بكرێت، هەندێك ڕا هەبوو كەوا ئەو

تەقيد كردنە، بەمەبەستى ڕێكخستنيەتى، بەڕێزان تەقيد كردنەكە بە مەبەستى ڕێكخستنە، وە بەڵگەشم لەسەر ئەوە، مادده نۆ و مادده 12 ی پرۆژەكەيە، بەڕێزێك ئاماژەی پێی كرد، وابزانم سيوەيل خان بوو، باسی ئەوەی كرد،( للوزير تخويل صلاحيات) بكرێتە( علی الوزير)، بەڕێزان، (علی) كە ماناكەی دەگۆڕێت، دەكاتە وجوبی، نەبووە ئەتو واجب لەسەر كەسێك دابنێی، بڵێی دەبێت، پێويستە بەشێك لە دەسەڵاتەكان بدەيە كەسانێكی تر، ئەوە هەر دەبێت جەوازی بێت، هيچ ياسايەك ئەو بە وجوبی ناوێت، جەوازيە لۆی هەيە، يان دەسەڵاتەكانی بەشێك دەداتە كەسانی تر، يان نايان داتێ، بەلاّم لە كورديەكە ڕاستە، ئەوەی سيوەيل خان ئاماژەی پێی كرد، دەقە كورديەكە دەستووری تێدايە، دەقە عەرەبيەكە تێيدا نيە، پێويستە متابەقە بكرێت، يەعنی يەك بخرێتەوە دەقە عەرەبيەكەو كورديەكە، بەڕێزێك باسی ئەوەی كرد كەوا موناقەشە كراو لەسەر هەندێك ڕايە، بەلاّم بە هەند وەرنەگيراوە، بەڕێزان هەموو ڕايەكان لە ڕاپۆرتەكە ئاماژەی پێ كراوە، بەڵگەشم لەسەر ئەوە، هەندێك مادده بە دوو ڕا، ڕای زۆرينەو كەمينە بێت، لەبەر ئەوەی جياوازيەكی زۆر هەبووە، هەركەس تەبريراتی خۆی هەبووە، بەدوو ڕا، مانای ئەوەيە كە هەموو ڕايەكان بە هەند وەرگيران، لۆيە ماددەكان بە دوو ڕا هاتينە، فەرز كردنی هيچ ڕايەك نەبووە، وە ئەو ماددانەش بۆيە بەدوو ڕا هاتوونە، كە لە ليژنەكان نەمان توانی يەكلای بكەينەوە، لە هۆڵی پەرلەمان يەكلای بكەينەوە، رئيس وحدە اداريە، بگۆڕدرێت، گۆتيان بكەينە جەمع مفرد، مفرەدەكە هەمووی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەش لەماددەی يەك پێناسەی رەئيسی وەحدەی ئيداری كراوە، باسی ئاگادار كردنەوەو مۆڵەت كرا، بەڕێزان حوكمەكە هەمووی دەگۆڕدرێت، هەندێك گوتيان ئاگاداركردنەوە بەمەرجەكانی مۆڵەت، حوكم و ئاساری قانونی جياوازی هەيە، ناتوانين ئەوە بەو شێوەيە ئەگەر بڵێين ئاگادار كردنەوە بێت، بەهەمان مەرج، نەخێر، ئەويش شتی تايبەتی خۆی دەبێت، دەبێت زياد بكرێت، ئەگەر ئەوە پەرلەمان دەنگی بۆيدا، ئاسارەكەو حوكمەكەی تەواو دەگۆڕدرێت، وەكو ئيجازە نيە، رەقابەی قەزائی هەيە، بەڵێ، تانە دەگيرێت، بڕيارەكە يەكلا نيە، تاوەكو دووبارە تانە لەو قەرارە دەگيرێت لەبەر دەم مەحكەمە، ماوەكەی، دياری كراوە كە تا چەند دەتوانێت يەكلا بكرێتەوە، قەرارەكەش دەبێت موسەبيب بێت، هۆكارەكانی دەبێت دياری بكرێت، ئەو سێ فلتەرانەی كە باسم كرد، ئەوەی كە پەيوەندی بە ليژنەی ياسايی هەبوو، وابزانم هەر ئەوەندە بوو، ئەگەر ليژنەی ناوخۆش چ تێبينيەكيان هەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نيزامی هەبوو، كەرەمكە كاك زانا.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نيزاميەكەم لەسەر يەك خاڵی سەرەكيە، بەڕێزت كە دوای موناقەشە كردنی هەر ماددەيەك، دەرگا والأيە بۆ هەموو پەرلەمانتارێك قسەی خۆی بكات، بەلاّم كە دوايی دێيتە سەر ڕای ليژنەكان، مەفروزە

لیژنەکە پابەند بێت تەنها بەو ڕەئی هەردووکی کەباس کراوە، ئەوەی کە لە جوابی لیژنەدا ئەیبینمەوە، تەنها پشتگیری کردنە لە یەك ڕەئی، یەعنی ئومێدەوارم کاتێك کەباسی پڕۆژەکە دوا دەخرێتەوە ڕوو جارێکی تر دیفاع لە هەردوو ڕەئیەکە بکرێت، پەرلەمانتار وەکو ماف، مافی خۆی هەیە، ئەتوانم هەموو قەسەکانم بکەم وەکو پەرلەمانتارێك، بەلاّم کە دوایی دێیتە سەر ڕەئی لیژنەکە، مەفروزە هەردوو ڕەئیەکە بە تەوازون باس بکرێت، تکام وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو وەلاّمدانەوەی، بە قەناعەتی خۆیان، ئەو بەڕێزانەی کە مداخەلەیان کرد، ئەو بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتوونە، وەلاّمی ئەو بەڕێزانە نادەن، قەناعەتیان بە کامەیە ئەوە ئەیدەن، ئەوەی کە خیلاف هەیە، خیلافەکە کە ئێستا تەشخیس دەکرێت، دوو خیلاف هەبوو، هەندێك سەیرم کرد باش، لە دوو شت جەمع کراوە، یان ئیجازە، مۆڵەت وەربگرێت، یان وەرنەگرێت، ئەمە هەق ئەدەمە سێ کەس، سێ کەس لەملا، سێ کەس لەولا، لەسەری قسە بکەن، ئەوجا ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا، ئەوجا ئەو موقتەرەحەی ئێستا کە مەجموعەیەك ئەندامی بەڕێز پێشکەشیان کردبوو، ئەوە ئەبێتە ئەساس، نیزامیە، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز، پێش ئەوەی موقتەرەحەکەی ئێمە بخرێتە دەنگدانەوە، کە ئێستا لەبەردەستی کاك دانایە، پێمان باشە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەندامەکان کە ئاگادار کردن، ئەندامەکان بزانن ئەو موقتەرەحە ناوەڕۆکەکەی چی تیایە، نەوەك وەك یەك دێڕ لە تەقریرەکە هاتووە، ئێمە بە موفەسەلی شەرحمان کردووە، ببورە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن، نا، ئسولّی ئیش کردنمان وانیە، ئەو بەڕێزانە ئەتوانن، کە هەقی ئەدەینێ، خۆی بخوێنێتەوە، بلّێت ئەمە ڕەئیەکەی ئێمەیە، بەم شکلە بێت، بەلێ، قەیناکا، وەرمانگرت، هەرسێکمان سەیرمان کرد، دامانە لیژنەکان، موقتەرەحێکە ڕێك و پێکە، ڕەئی مەجموعەیەك ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانە، دێینە سەر یەك نوقتە ئەوەستین، ئایا مۆڵەت هەبێت، یان نەبێت، ئەگەر مۆڵەت نەبوو، ئەوا ئەوجا لەسەری موناقەشە ئەڕواتن، ئەگەر مۆڵەت هەبوو، ئەوە بوارێکی تر وەردەگرێت، بەلاّم بۆ دیفاع، لەوانەیە ئەڵێن مۆڵەت نەبێت، سێ کەس، ئاخر چونکە موناقەشەی زۆر کراوە، زیاتر لە چەند ئەندام لایەنگیریان کرد، ئیحتیرام بۆ ئەندامەکان، سێ بەسێ ئەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی ناوخۆ، کەرەمکەن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مۆڵەت، بەدەستوور ماف دراوەتە هەموو هاووڵاتیان، مادەم هەموو هاووڵاتیەك مافی ئەوەی هەیە، هەقە بەڕاستی حكومەتیش مافی ئەوەی هەبێت، بە یاسا ڕێكی بخات و پشتیوانی لە مافی خەڵكی بەرامبەر بكات، بۆیە من پشتیوانی لێ دەكەم بە مۆڵەت بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كۆمەڵگای مەدەنی، فەرموون.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەست دەكەم تێكەڵێەك هەبوو لە بەینی مۆڵەت وەرگرتن یاخود ئاگادار كردنەوە، یەعنی هەستم دەكرد مەفاهیمەكان تێكەڵ دەبوون، زیاتر با بەڕای لیژنە ئەوە بكەم، باوەڕناكەم جیاوازیەكی ئەوتۆ هەبێت، لە نێوان مۆڵەت و ئاگادار كردنەوە، ئەگەر ئێمە لەسەر میكانزمەكانی ڕێك كەوتبین، بەلاّم كێشەكە لەوە دایە لە ڕاپۆرتەكە، هی بابڵێین ڕای دووەم كە مەسەلەی ئاگادار كردنەوەیە، بەو شێوەیە بە كراوەیی بە جێهێڵراوە، بەلاّم میكانیزمەكانی لە ماددەی دووەم و سێیەمدا هاتووە، ئەوەندەیە لە دوو ماددەی جیاوازدا هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕایەی كە پێیوایە دەبێت ئاگادار كردنەوە بێت، میكانیزمەكەی بەو شێوەیە لە ماددەی سێ، دیاری كراوە، هاتووە، بەلاّم نەخوێندراوەتەوە، كێشەكە لەوە دایە، بۆیە یەعنی هەندێك پێیان وابوو ئاگادار كردنەوە هیچ نەوعێك لە ڕێكخستنی تێدا نیە، هیچ نەوعێك بابڵێین لە بڕگەی یاسایی تێدا نییە، جا بۆیە لێك تێنەگەیشتنی دروست كرد، جا بۆیە ئەو جیاوازیەی نێوان ئاگادار كردنەوەو مۆڵەت دان، بەو شێوەیەیە كە من دەیبینم، لە ئاگادار كردنەوە، ڕەفز بە شێوەیەكی عام نیە، سەرۆكی یەكەی كارگێری یان وەزیر ناتوانێت ڕەفز بكاتەوە، تەنها لەسەر سێ ئەساس نەبێت، ئەساسێكیان كاتە، شوێنە، هەروەها غەرەز، غەرەزەكەش لەچی دابوو، لە دژی یاخود هاندانی لایەنێك بوو لە دژی لایەنێكی تر، گروپێك لە دژی گروپێكی تر، یەعنی بەپێی ئەو پرێنسیپانەی كە باس كرا بەو شێوەیە بێت، دەبێت، بەلاّم كێشەكە لە وەدایە لە ڕاپۆرتەكە تەنیا ئەوە هاتووە، یەعنی هیچ میكانیزمەكان بەو شێوەیە دیاری نەكراوە، پەرت بووە، لە ماددە سێ و لەماددەی دوودایە میكانیزمەكانی، ئەوە بە نیسبەت مۆڵەت بابڵێین ئاگادار كردنەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی ڕەئی ئێوە وەكو كۆمەڵگای مەدەنی، لەگەڵ ئەوەن مۆڵەت هەبێت، یان لەگەڵ ئەوەن نەبێتن، ئەو وەزعەمان بۆ ڕوون بكەوە، لیژنەی مافی مرۆڤ پاشان كاك.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**له ڕاستیدا ئەگەر کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەحزاب، وەهەروەها دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە و ئازادی ڕۆژنامەوانی، وەهەروەها چاپ کردنی کتێبیش لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە مۆڵەت بێت، بێگومان چالاکی خۆپیشاندانیش، ئەچێتە چوار چێوەی ئەو پرێنسیپانەوە، لە ڕاستیدا مەسەلەی مۆڵەت، لەگەڵ ئاگادار کردنەوە، پێمان وایە لە حوکمە قانونیەکاندا دوو ئاراستەی جیاواز لە خۆ دەگرێت، بەلاَم ئەبێت لە محتەوادا کەمترین دەرفەت بهێڵدرێتەوە، بۆ دەزگای تەنفیزی کە بتوانێت بە میزاج یان هەر ڕەفتارێکی تر کە بتوانێت، ئەو مافە مەدەنیە تەقید بکات، یان بەر تەسك بکاتەوە، بۆ ئەوەش ئێمە لەناو خەڵکین، ئەندامی پەرلەمانین، نوێنەری خەڵکین، ئەگەر لەهەر یەکەیەکی ئیداریدا، لە قەزا یان ناحیە و پارێزگادا، حاڵەتی لەو بابەتە هاتە پێش، خۆی ئێمە نوێنەری خەڵکین، لەناو خەڵکین، ئەتوانین دەم و دەست لەگەڵ خەڵك بین، ئەگەر لەناو خۆپیشاندانەکاندا نەبین بەشێوەیەکی میزاجی، بۆیە من ڕام وایە ئەم مەسەلەیە بە مۆڵەت بێت، بۆ ئەوەی حکومەت زیاتر ئیلزام بێت، بە پاراستن و ئەمنیەت وسەلامەتی گشتی، وەهەروەها ئەگەر لەسەر مەسەلەی غەیری مۆڵەتەکەش ئەکرێت قسە بکەین، یان هەڵی گرین بۆکاتی تر، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێوان کەرەمکە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تەنها یەك تەوزیحم هەیە، تەوزیحەکەش ئەوەیە، ئەوەی کاك دانا باسی کرد، ئەوەلەن ئێمە دەبێت مادده مادده بچینە مناقەشە، لەو ماددەیە تەواو بین، ئینجا دێینە ماددەکەی دووەم، ئەوە خاڵی یەکەم، واتا نابێت تێکەڵ بوون هەبێت، لەو مەسەلەیە، بەینی ماددەی دوو و، ماددەی سێ، هەر کەسێك حوکمێکی خۆی هەیە، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکە زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وە ئێستا کاك داناش تەئکیدی کردەوە، دەڵێین ئەو میکانیزمە لە ڕاپۆرتەکە دیاری نەکراوە، کە ئەگەر هاتو موافەقەتی وەکو بڵێین، ئەگەر هاتو بێ مۆڵەت بوو، بەڕێزان ئەو ڕاپۆرتە بە ئامادەبوونی هەموو لایەك تەقدیم کراوە، وە تەوقیعی لەسەر کراوە، هیچ میکانیزمێك لە کۆبوونەوەکان عەرز کرا، هەتا ئێمە داخیلی ڕاپۆرتەکە نەکەین، یەك میکانیزم عەرز نەکراوە لۆ ئەو لیژنە هاوبەشە، بۆیە لە ڕاپۆرتا نەهاتووە، ئیشارەتماندا فەقەت بەو ئیختیسارە، بۆ ئەوەی ئەگەر ئیستیقراری ڕەئیەکە لەسەر ئەوەبوو، دوای پەسەند کردنی پەرلەمان ئەو میکانیزمانەی کە هەیە بیخەینە ڕوو، موناقەشە بکرێت، وەلەناو یاسایەکەدا جێگیر بکرێت، ئەمە تەنها بۆ تەوزیح بوو، بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەو چوار لیژنەیە کە دانیشتووە، هەموو مەسەلەکانیان تاو توێ کردووە، بما فیهم ئەو نیقاشاتانەش، سەرەڕای ئەوەش حەز دەکەم ئەوەش ڕوون بکەمەوە، ئێمە لەسەرەتای کۆبوونەوەکە کە دانیشتوین لەسەر ئەو بابەتە، لێرە لە پەرلەمان، من گوتم وەکو سەرپەرشتی ئەو چوار لیژنەیەم دەکرد، ئێمە نوقاتی ئیتیفاق هەمووومان دەست نیشان کردووە، وە نوقاتی خیلافمان**

خستۆتە ڕوو، کەواتە هیچ تەحەفوزێك نەماوە لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، چونکە نوقاتی خیلاف لەناو ڕاپۆرتە، وە نوقاتی ئیتیفاقیش لەناو ڕاپۆرتە، سەرەڕای ئەوەش هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وتیان تەحەفوزمان هەیە، وتمان تەحەفوزتان هەیە، هیچ مانای نییە، تەسبیتی بکەن، وە تەسبیتیش کراوە، هەر تەحەفوزێك هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، کاك کاردۆ کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە لیژنەکانا موناقەشە لەسەر دوو بۆچون بوو، بۆچوونێکیان مۆڵەت، هەتا لە نەتیجە گەیشتینە ئەو حاڵەتەی، مۆڵەت بە ئاسانکاریەوە، بۆچوونێکی تر ئاگادار کردنەوە بێت، دەکرێت میکانیزمەکەی توند تریش بێت، یەعنی نەوەك توند تر بە مانای قەید، بەلاَم میکانیزمێکی زیاتر بۆ ئەوەی مەجالی نیگەرانیەکان نەمێنێت، بۆیە کاتێك دەڵێین بەس ئاگادار کردنەوە، دەنا هەمان میکانیزم، هەتا قسە کرا لەسەر ئەوەی کە لە مۆڵەتەکە ئاسانە، ئەمە جگە لەوە، بەڕاستی لیژنەی یاسایش هەقی هەیە بەس لە سیاقی قانونی قسە بکات، نەوەك لەوەی کە جوابی ئەندام پەرلەمان بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا بۆ مەوزوعی ئەوەی کە بە ئێمەت وت، بە رەئی جیاواز هاتینە دەرەوە، من بۆخۆم ئەو تەرحەم کردو، پێموایە لیژنەی یاسایش هیچ کێشەیەکیان نەبوو لەوە، وتمان ئەوەی کە جێگەی خیلافی ئێمەیە، بەتایبەتی ئیجازەو ئیشعارەکە، یان مۆڵەت و ئاگادار کردنەوەکە، بەکەوانەیەك بنووسرێت، یان هەردوو ڕەئیەکە بنووسرێت لەناو میکانیزمەکە تەبعەن، ئەمە بنووسرێت یان بە بۆشی بهێڵدرێتەوە؟ بەشەفەهی بە ئەندامانی پەرلەمان بڵێین، کە لێرە دوو ڕەئی جیاواز هەیە، بۆیە میکانیزمەکان جیاوازی هەیە وەکو بەڕێز کاك د.دانا، ئاماژەی پێی کرد، بەڕاستی ئەمەیە مەوزوعەکە، پێموایە بە ئەمانەتەوە شتەکە نەنووسرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عبدالعزیز، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا قسە لەسەر بیرۆکە دەکەین، یان لەسەر دەق و تەعبیرەکەی، ئەگەر قسە لەسەر بیرۆکە دەکەین، ئەوە دیارە دوو ڕای جیاواز هەیە، لە لیژنەکانیشا هەبوو، لێرەش ڕەنگی دایەوە ئەمڕۆ لە لێدوان و مداخەلەی بەڕێزان پەرلەمانتاران، کەواتە بەپێی قسەی کاك شێروان بێت لێرە کە ئیشارەت ئەکات، بەوەی کە ڕەئی جیاواز لەناو لیژنەکانا، ئاماژە بە بە فیکرەکە کراوە، نەوەك بەدەق، من وا تێدەگەم لە قسەی کاك شێروان، بەلاّم کاك شێروانی بەڕێز بەم شێوەیە نیە، لێرە ڕەئی دووەم ئەڵێت، (اشعار الجهات المعنية وتكون الصياغة كالاتى)، خستوتەتە ناو کەوانەوە، مەبەستت ئەوەیە ئەمە دەقێکە بخرێتە دەنگدانەوە، کە ئەم دەقە موجحیفە بە هەقی ئەو ڕایە جیاوازەی کە پێی وایە، مۆڵەت پێویست ناکات، ئیجازە کافیە، على اللجنة اشعار وزير الداخلية او رئيس الوحدة الادارية كل ضمن وحدته الادارية للقيام بتنظيم مضاهرة، کەواتە تۆ بیرۆکەیشت خستۆتە دەقەوە، کە ڕای دووەمی بڵێین جیاوازە، ئەمە یەك، کەواتە لێرە قسەمان لەسەر هەردووکیانە، هەم بڕگەکە هەم دەق، ئەگەر قسە لەسەر بیرۆکەیە بۆ دەنگدان، بیبڕینەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوە نیە؟ کە هاتینە سەر ختوەی دووەم، باس لە تەعبیرە، ئێمە پێشنیارێکمان تەقدیم کرد، وابزانم برایانیش لە لیژنە داکۆکیان لێی کرد هەندێکیان، یەك، دوو پەرلەمانتاری بەڕێزیش تەسنیەیان کرد، مەفروزە دوای ڕا وەرگرتن، ئەگەر هاتینە سەر ئەوەی بە مۆڵەت بێت، ئەوە تەواو، هاتینە سەر ئەوەی بە ئیجازە بێت، داوا بکرێت دەقێك کە هەمووومان لەسەری موتەفق بین، صیاغە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بە مۆڵەت بێت، خەلاس، ئەگەر بێ مۆڵەت بێت، بەڕێزان، ئێستا زۆر زۆر موناقەشە کرا، تکایە، ڕەجائەن، ئەو دەقەی کە پێشکەش کراوە، لەلایەن مەجموعەیەك برایانی بەڕێز و خوشکانی بەڕێز، تەقدیمیان کردووە، ئێستا لەو سیاقەی کە ئەوانەی دیفاع دەکەن، کە بێ مۆڵەت بێت، بیخوێننەوە، با خۆیان بیخوێننەوە، وە پێش ئەوەش بیخوێننەوە، لیژنەی یاسایی ئەگەر دەقەکەیان بخوێننەوە زۆر تەبیعیە، با گشت ئەندامانی بەڕێز گوێیان لێی بێت، پاشان کێ دیفاع لەوە دەکات؟ کێ لەگەڵ ئەوەکەی ترە؟ دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە، ئاخیر جار بیخوێننەوە، بڵێ ئەمە ئەو دەقەیە کە ئیشعاری وەزیری داخیلیە، بۆ ئیشعار.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ئەوەی کە داوا کراوە بەدیلی بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمە، پێویستە لیژنەی داواکار بۆ خۆپیشاندان ئاگاداری وەزیری ناوخۆ یاخود سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان بکات، هەریەکەیان لەناو یەکە کارگێڕیەکەی خۆی بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە بەم مەرجانەی خوارەوە:

یەك: پێویستە لە 48 سەعات پێش خۆپیشاندانەکە لیژنەکە لەلایەنی کارگێڕی پەیوەست ئاگادار بکات.

دوو: دیاری کردنی لایەنی خۆپیشاندەربۆ لایەنی کارگێڕی.

سێ: شوێنی دەست پێك و کۆتایی خۆپیشاندانەکە.

چوار: کاتی خۆپیشاندەکە دەست پێك و کۆتایی خۆپیشاندانەکە.

پێنج: ئامانجی لە خۆپیشاندانەکە.

شەش: بەکردنەوەی فۆرمی زانیاریەکانی پێویست لەلایەنی کارگێڕیەوە بەو شێوەیەی کە دەیەوێت پێش ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە.

ئەو شەش مەرجەیە بۆ مۆڵەت وەرگرتن و ئاگادار کردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن لە جێگەی خۆت هیچ قسەیەك مەکە، کەرەمکە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی بەڕاستی من زۆر دڵخۆشم بەو موناقەشاتانەی کە ئەمڕۆ کرا، لەگەڵ ئیجازە بێت یان بەبێ ئیجازە، بەڕاستی شتێکی زۆر زۆر باش و فرەوان بوو، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەبێ ئیجازە وەربگیرێت، هەندێك مولاحەزاتی برادەران هەبوو، کە زەمان نیە، یەعنی ئیحتیمالە ئیدارە، وەزیری ناوخۆ زەمانەت نەدا، ئیحتیمالە رەدی بکات، کە ئیجازەی پێ نەدات لەبەر هەندێك ئیعتیبارات، لێرە قانون زەمانی داوەتێ، هەقی داوەتێ ئیعتیراز بکات، لەلای مەحکەمەی ئیستیناف، لەماوەی سێ ڕۆژ، مەحکەمەی ئیستیناف دەبێ بە ماوەی 48 سەعات جوابی بداتەوە، ئەمە لێرە زەمانەکی کامل، هەقی ئەو خەڵکەیە کە داوای موزاهەرە دەکەن، دوو، یەکێك لە مولاحەزاتی هەندێك برادەران، ئەوەبوو کە ئیحتیمالە دەزگای ئیداری جواب نەداتەوە و بینوێنێ، قانون لێرە ماوەی 48 سەعاتی داوەتێ، ئەگەر وەزیر یان رەئیسی وەحدەی ئیداری جەوابی نەدایەوە، لە خیلالی 48 سەعات دەبێت موعتەبەرە موجازە، ئیجازەی پێ دەدرێت، کێ دەتوانێت کە قەرار بدات بە ئیجازە، ئەم موزاهەرەیە ئیخلالە بە نیزامی عام یان نا، دەبێت دەزگا ئیداریەکە قەراری لەسەر بدات، دوو کەس، دوو تەرەف دێن داوای موزاهەرە دەکەن، مەسەلەن بۆ نموونە، هەردووکیان دژی یەك، لە عەینی کات لە یەك جێگا، کێ دەتوانێ مەنعیان بکات، ئەو وەقتە چ کارەساتێکی لێ دەبێتەوە، یەعنی ئەم تێبینیانە هەیە، یەکەك لە برادەران تێبینیەکی هەبوو، کە ئیحتیمالە ئیحراج بێت بۆ حکومەت، مەواقفی قەومیە یان شتە، کاکە حکومەتیش جوزئەکە لەو خەڵکە، جوزئەکە لەو وڵاتە، بەرژەوەندی ئەو وڵاتەیە، حکومەت خەڵکی خۆی داوای موزاهەرەیەك بکات، لەسەر شتێکی بەرژەوەندی گشتی، هی قەومی میللی حکومەتیش ناوەستێت، بەعەکسەوە بۆ حکومەت زۆر باشە ئیجازەی دەداتێ، پێشان ئەدات ئەوە دەنگی خەڵکە، نە دەنگی حکومەتە، یەکێك لە خوشکان گوتی، لرئیس الهیئة الاداریة او من ینوب عنهم، تەبیعی رەئیسی وەحدەی ئیداری ئیجازە ئەدات، ئەگەر قایمقام بێت، مدیر ناحیەك دەکاتە وەکیلی خۆی، وەهەموو سەلاحیاتی قائیمقامی هەیە، ئەگەر مودیر ناحیە بیت، مدیر شورتەی ناحیەکە

دەکاتە وەکیلی خۆی، وەهەموو سەلاحیەتێکی هەیە، پێویست ناکات بینووسمەوە، بۆیە لەبەر ئەم هۆیانە من داوای ئەوە دەکەم، کە بە ئیجازە بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا ڕێزدار حەمە سەعید، کەرەمکە.

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەو ملاحەزەیە دەست پێ دەکەم، بەداخەوە تەرح کردنی رەئی دووەم، لەناو پرۆژە یاسایەکە زۆر بە زەعیفی تەرح کراوە، بەلأم رەئی یەکەمیان لە ڕاپۆرتەکە، بە قوەت تەرح کراوە، میکانیزمی بۆ دانراوە، کەئەنەما دیارە تەرویجێك و وەکو ئەلێی بانگەشەیەك بۆ ئەو ڕەئیە، ئەمە ئەبوایە لیژنەی یاسایی راپۆرتەکە لایان بوایە یا نەبوایە، خالێکی تر کە ئێمە کاتێك باسی مۆڵەت دەکەین، بەداخەوە نەسفی قانونەکە دەکەین، یەعنی ئێمە ئەگەر قانونێکیش نەبێت بۆ خۆپیشاندان، هەر بە مۆڵەت دان بێت، خەڵك ئەتوانێت بچێت خۆپیشاندان بکات، مادەم مۆڵەتی تێکرا، خالێکی تر، ئەمە بەرتەسك کردنەوەی ئازادی و پێ شێل کردنی مافەکانە، سەرەتایی و سەرەتا ترین مافی مرۆڤە کە بەپێی جاڕنامەی گەردوونی بۆی دیاری کراوە، ئازادی ڕا دەربڕین و ڕاو، ڕای جیاواز و تەعبیر کردن لە ڕایە، خالێکی تر بەڕاستی، ئەو موبەریرەی کە دەڵێت، ئەمە مەسئولیەتی وەزارەت زیاتر دەکات، یەعنی بۆ پاراستنی سەروەت و سامان و مالی خەڵك، یەعنی ئەوە تەحصیل حاصلە، وەزیر و حکومەت مەسئولیەتیانە کە سەروەت و سامان و گیانی هاووڵاتیان و خەڵك بپارێزن، ئەوە موبەریر نیە بۆ ئەوەی با مۆڵەت بێت، ئەو مەسئولیەتەیان بۆ دابین بکرێت، خالێکی تر، یەعنی ئەو تەخەوف و موبەریراتەی کە هەیە بۆ ئەوەی کە بێ مۆڵەت بوو، هیچ تەخەوفێك لە ئارا نابینم، بە پێچەوانەوە تەخەوف و موبەریرات دروست ئەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە بێین هاووڵاتیان لە قالب بدەین، یان ڕێکخراو یان ئەو کەسانەی کە داوای مافی گشتی دەکەن، یان داوای مافێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی، یان مافی هاووڵاتی، سبەینێ لەلایەن سولتە هەر کەسێك بێت، ئەمڕۆ تۆ بێنە پێش چاوی خۆت، ئێمە یاسا دائەنێین، بۆئەوەی یاسا بۆ عام، بۆ ئەوەی سولتە کێ بێت، کێ نەبێت بۆ درێژ خایەن، لەبەر ئەوە بە ئیزافەی ئەوە، ئێمە دەمانەوێت وڵاتەکەمان و، سیستەمی سیاسی و ئیداری خۆمان پێش بخەین، بەرەو کرانەوەو دیموکراسی، بەداخەوە کە ئەم قسەیەم پێ ناخۆشە کە ئەیکەم، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سیستەمە شمولیەکان، بۆ پاوان خوازی، بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادیەکان، بۆ ئەگەر جائیز بێت قسەکانی، لەو نیزامانەی کە ئێستا لە مەنتیقەکەیشا باوی نەماوەو، بەرەو ئەو ئەڕوات، ئەو سیستەم و نیزامانەی کە بەرتەسك کردنەوەی ئازادی و شمولی و تاك ڕەوی وپاوانخوازی، ئەوانە نەبێت و دیموکراسی،

ئێمە با لەگەڵ وڵاتانی دونیای پێشکەوتوودا وڵاتی خۆمان و سیستەم و نیزامی ئیداری خۆمان پێش بخەین، ئەم جۆرە قانونانە دەبێتە مایەی گەڕانەوەو دواخستنی نیزامەکەمان و، دواخستنی یەعنی ئەزموونی کوردستان، دەبێت ئێمە پێشی بخەین بە هەموو لایەکمان، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە بەبێ مۆڵەت بێت، وە ئاگادار کردنەوەش بەو میکانیزمەو ئالیەتانەی کە باس کران، شتەکە تەبیعیە، لەگەڵ ڕێزمانا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر ئەو دووبارە ئەکەمەوە، یەعنی ئەگەر هەموو بەڕێزێك لە ناو دەزگای جێبەجێ کردن، مافی خۆیەتی پشتگیری بکات لەوەی کە ئەبێت بە مەرج بێت، ڕەنگە لە دەزگای جێبەجێ کردندا لەگەڵ ئەوە نەبێت، کە موزاهەرە بکرێت، بەڵام ئەمە لە بەشەکەی تریەتی، ئەگەر وەزارەت پشتگیری بکات لە بەشی وەزارەت، مەفروزیشە پەرلەمانیش داکۆکی بکات لەو بەشەی کە پەیوەندی هەیە بەمافی خەڵك، لە بەشداری کردنی سیاسی لە ڕێگەی موزاهەراتەوە، من جارێکی تر ئەوە دووبارە ئەکەمەوە، زۆر نموونە باس کرا لێرە، یەعنی وەکو ئەوەی کە داوای مۆڵەت نەکەین، بەجسمێکی زۆر زۆر غەریب باس بکرێت، یەعنی هەمیشە باسی ئەوە ئەکرێت، لەو پەڕی وڵاتێکی دیموکراسیشا، من لەگەڵ هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسای، یاسای خۆپیشاندانی وڵاتی یەمەنمان هێنا، کە لە ساڵی 2003 دا دەرچووە، وڵاتێکە ئەگەر بە هەندێك پێوەر سەیری بکەین، لەو پەڕی دواکەوتوویدایە، کە ڕەنگە ئەندام پەرلەمانەکانیشی بە خەنجەرەوە بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان، کەچی تەنها ئیخباریەو ئیشعاری باس کردووە، لە ئاگادار کردنەوە، باوا سەیر نەکەین کاتێك کەتۆ داوای ئەم یاسایە دەکەی، ئەوەندە داوای شتێکی غەریب دەکەی، پاشان ئەگەر سەیری ئەم نەسەش خۆی بکەینەوە، باوەڕ بکەن بەڕێزان، ئێمە نامانەوێت حکومەت لە مەعادەلەکە بێنینە دەرەوە، نەخێر حکومەت تیایا بەشداری هەیە، یەعنی وەکو چۆن وتمان کەتۆ مۆڵەتێك ئاسانکاری تیا بکرێت، یاخود ئیخباریەکە کە تەشدیداتی تیا بکرێت، ئەم حاڵەتانەی کە لێرەدا باس کراوە، ئەکرێت بەهەمان شێوە سوودی لێ وەربگیرێت، یەعنی تۆ کۆمەڵێك مەرج دادەنێی بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت، لیژنەیەك پێك بهێنێت، با وێنەکە بکەوێتە بەرچاومان زۆر بە وازحی، لیژنەیەك پێك ئەهێنی لە پێنج کەسا، تەقدیم ئەکات، پێش 48 کاتژمێر لە دەست پێ کردنی خۆپیشاندانەکە، بۆ وەزیر یاخود سەرۆکی یەکە ئیداریەکان، کۆمەڵێك مەرجت بەسەر ئەو کەسەیا داناوە، کە لیژنەکەیان دروستی کردووە، مەرجی قوس نیە دڵنیا بن، یەعنی مەرجەکان هەمان مەرجە کە بۆ ئێرەشە، بەڵام تێبینیەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەڵێت، وەرگرتنێکە کاتێك کە تۆ ئەڵێی، چ فەرقێکی هەیە لە بەینی مۆڵەت و ئیخباریە، تۆ تەنها ئاگاداری ئەکەیتەوە، ئەڵێی کاکە من بەپێی ئەم مەرجانە دێم ڕێ پێوانێك دەکەم، خۆپیشاندانێك دەکەم پشتگیریم

بکە، یەعنی ئەم پەیامە، هەمان پەیامیشە کە بەرێز وەزیری ناوخۆ دووپاتی دەکاتەوە، کە ئێمە چۆن بتوانینن پارێزگاری لەو خەڵکە بکەین، کاتێك کە خۆپیشاندان ئەکات، کەواتە تۆ لێرەدا کۆمەڵێك مەرجی بۆ دادەنێی، 48 کاتژمێر بەر لە دەست پێ کردنی خۆپیشاندانەکە، ئاگاداری سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەکەیتەوە یاخود وەزیری ناوخۆ دەکەیتەوە، مەرجەکانی بۆ تیادا دائەنێی، کات و شوێنەکەی بۆ دەست نیشان دەکەی، کە ئەڵێی من سەعات ئەوەندە دەست پێ دەکەم، بەرەو ئەو ئاراستە دەچم، بەو زەویە ئەڕۆم، پاشان کە تۆ هیچ مەرجێکت دانەنا بۆ سەرۆکی یەکە ئیداریەکان، بۆ ڕێکخستنی، بۆ نموونە، لێرەدا تۆ ئەکرێت ئیشی لەسەر بکەی، بڵێین وەزیر یاخود سەرۆکی یەکە ئیداریەکان، پێش 24 کاتژمێر لەدەست پێ کردنی خۆپیشاندانەکە، ئەگەر بەڵگەیەکی لەبەر دەستا هەبوو، کە ئەم خۆپیشاندانە زیان دەگەیەنێت بە بەرژەوەندی، واز لە دەستەواژەی نیزامی عام و ئادابی عامە بێنین، زیان ئەگەیەنێت بە بەرژەوەندی هاووڵاتیان، بەژیانی هاووڵاتیان، بەسەرو سامان و ماڵی هاووڵاتیان، لەم حاڵەتەدا ئەتوانێت ئیبلاغیان بکات، بە تەغیری مەوعید، بەتەغیری بودجەی خۆیان لە ئیش کردنەکانیان، کەواتە ئەمە هیچ تەعەروزێکمان نەکردووە لەوەی کە تۆ بڵێی ئەگەر وابێت مۆڵەت، ببورە یەك تێبینی تریش هەیە، ئەگەر وابێت، مافەکان وەکو مۆڵەت سەیری بکەین، ڕەنگە شوبهاندنێك هەبوو، ئەگەر بە مۆڵەتێکی وەکو مۆڵەتی شوفێری دابنێی، جا ئەگەر وابێت یەکجار مۆڵەتی خۆپیشاندان وەرئەگرم، پێنج ساڵ وەکو مۆڵەتی شوفێری ئەکەیمە گیرفانمەوە، پێنج ساڵ هەموو ڕۆژێك ئەچم موزاهەرە ئەکەم، مافی دەستووری کەتۆ سەلمێنرا بۆت، ئەگەر کردت بەکارکردن ئیشەکانی خۆت، مەفروزە بە شێوەیەك تەرتیب بکرێت، ئەم یاسایە ورد کردنەوەی، زەمانێکی دەستوریە، سۆزان خان، ببورە مەبەستەکە تەنها بۆ ڕوونکردنەوە بوو، کەواتە بۆ حەل کردنی ئەم کێشەیە، ئەتوانی وەڵامەکە لەم شێوەیە دابنێیت، سەلاحیەتێکت داوە بە وەزارەت، لە هەمان کاتدا سەلاحیەتێکت داوە بە سەرۆکی یەکە ئیداریەکان، کۆمەڵێك مەرج دادەنێی بۆ ئەو لیژنەیە، وەزارەت دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی کە، ئەگەر بەڵگەیەکی لەبەردەستا بوو، ئەم موزاهەرەیە ئەگەر لەو کاتەدا ئەنجام درا، یاخود کە زیان بگەیەنێت بە هاووڵاتی، بە بەرژەوەندیەکانیان بە ماڵ و سامانیان، لەم حاڵەتەدا ئەتوانێت داوایان لێ بکات، داوا لە لیژنەکە ئەکات، تەغیری وجهەی خۆیان بکەن، یەعنی ئەڵێت بەو ئاراستەیا مەڕۆن، بە ئاراستەیەکی ترا بڕۆن زیانتان پێ دەگات، یاخود ئەبێت مەسافەی ئەوەندە نزیك بنەوە، لە ئایندەدا لەبەر دەم قونسوڵیەتێك موزاهەرە دەکەی، ئەڵێ ئەبێت ئەوەنە مەسافە لێی نزیك ببیتەوە، بۆ ئەوەی حیمایەشی بکات، یاخود پێی دەڵێی کاتەکەی، کاتێکی نەشیاوە، لەبەر ئەوەی من بەڵگەم لەبەر دەستدایە، ڕەنگە هەڕەشەیەکی ترت هەبێت لەبەر دەستا، کەواتە لەناوەڕۆکا ئەم پەیامانەی کە لێرەدا هاتووە، دەست کاری کردنی کەلیمەی اشعار لەگەڵ مۆڵەتەکەیا، بەڵام بەدەرئەنجام ئیش کردنی ئەم لیژنەیە، تەنها لەسەر پەیامی وەزارەت ئەوەستێت، ئەگەر بەڵگەیەکی لەدەست بوو، بۆ ئەوەی ئەنجامی نەدات، پاش ئەوە بە مۆڵەت نیە، واتە من بڵێم ئەگەر مۆڵەتێك ئەدەم، کەواتە من بڕیار نەدەم هیچ شتێکی تر نابێت، ئاخیر شتیش کە ئیشارەتی پێ بدەم، ئەوەیە ئەو بەراورد کردنە بەڕاستی، ڕەنگە لەسەر

ئاستی هەرێمی کوردستان کێشەیەکمان نەبێت، بۆ نموونە کاتێك کە باس لەوەزارەت دەکەی، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر بیهێنیتە سەر ورد، وردی بکەیتەوە لە بەڕێوەبەرایەتیەك، ناحیەك، یاخود قایمقامیەتێکا، کە بەشێکی زۆری ئەو هاووڵاتیانە، ڕەنگە ناڕەزاییان هەبێ، تۆ چۆن ئیرادەی ئەو هەموو هاووڵاتیە بەراورد دەکەی بە یەك کەس، کەلەوانەیە زۆر جار میزاجی شەخسی خۆی حکوم بدات بەسەر ئیشەکانی خۆیدا، ڕەتیشی بکاتەوە لەبەر ئەوەی قانونەکە ڕێگەی پێداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە قسە لەسەر ئەم دوو حاڵەتە دەکەین، مۆڵەت بێت یاخود ئاگادار کردنەوە بێ، گرنگە لەسەر مخاوفی هەردوکیان بوەستین، چونکە زۆر قسە کرا لەسەرئەوەی مخاوفی مۆڵەت چیە؟، گەر هەبێت، مخاوفی ئاگادار کردنەوە چیە؟، من لەچەند ڕوویەکەوە ئەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم، کە حاڵەتی یەکەم، من بۆخۆم کە قەناعەتم بەوە هەیە، مۆڵەت نەبێت، بەقەدەر بەشی خۆم لەم پەرلەمانە، کە دەورم هەبێت لە دانانی یاسایەکە، گرنگە بەلامەوە، بەشدار نەبم لە داڕشتنی یاسایەك کە تەنیا بۆ یاسا بێت، قانونێك بە تەنیا بۆ قانون بێت، ئەگەر ئێمە ئەم قانونە، ئەگەر مۆڵەت بێت، بەراوردی بکەین بەو ئەمری واقعەی کە هەیە، ئێمە لێرە لە پەرلەمان، لە جیاتی قانونێك، 10 قانون دەرکەین، بۆ ئەوەی خۆپیشاندان بە مۆڵەت بێت، ئیمکان نیە بتوانین ڕێگە بگرین، لەو خۆپیشاندانانەی کە لە ناکاو و کتوپڕ و لە ژێر تەئسیرات و حاڵەتێکی ئیستیفزاز ڕوو دەدات، وە ئیمکانیش نیە تەسەوربکەین، وەزارەتی ناوخۆ لە حاڵەتێکی وا بە جارێك 200 کەس ئەگرێت، بەپێی ئەم قانونە شەش مانگ ئەیانخاتە سجن، لەم حاڵەتەدا کە ئەم دوو وەزعە، ئیمکانی نەبوو، من بەقەدەر ئەوەندەی کە پەرلەمان بۆم گرنگە، قانونێك بۆ قانون دەرنەکات، بەقەدەر ئەوەندەش بۆم گرنگە، وەزارەتی ناوخۆ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیبەتی هەبێت، دەسەڵاتی هەبێت لە جێبەجێ کردنی قانون، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، من پێموایە ئەبێ وەزیری ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆ، لە ئێمە سورتر بن لەسەر ئەوەی کە مۆڵەت نەبێت، چونکە جەنابیان ئەزانن، کە ئەگەر بە مۆڵەتیشەوە بێت، ئیمکان نیە ئەوان ڕێگە لە مۆڵەتی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت بگرن، لەم ڕوانگەیەوە، ئەمە ڕوویەکیەتی، مەفروزە وەزیری ناوخۆ، لەمن زیاتر داکۆکی لە نەبوونی مۆڵەت بکات لەناو قانونەکە، وەحاڵەتێکی تر ئێمە باسی ئەوە دەکەین، کە زۆر باسمان کرد، کە کۆکین لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە، ئەبێ فەرقیش بکەین لەبەینی ئەوەی، کە زۆرجار باسمان کرد، جیاوازی چیە لە نێوان مۆڵەت و ئاگادار کردنەوە، کرۆکی جیاوازی بەینی مۆڵەت و ئاگادارکردنەوە، هەقی ڕەفزە، کە لە مۆڵەتا، تۆ هەقی ڕەفز دەدەیت بە وەزارەتی ناوخۆ، یان وەزیری ناوخۆ، کەئەمە لە ئەسڵ، تەواو دژو پێچەوانەی ئەو مافە دەستووریەیە، کەمافێکی دەستووریە کەس بۆی نیە ڕێگەی لێ بگرێت، بەلام ئێمە

بەتەنیا وشەی مۆڵەت، هەقە دەستووریەکە ئەخەینە ژێر پرسیارەوە، ئیلغای ئەکەینەوە، لەبەر ئەوەی لە ئەساسا، قبوڵی مەبدەئی هەقی رەفزمان کردووە، هینی ئەو هەقە دەستووریە، لەدەسەڵاتی ئیتر هەرکەسێکدا بێت، حاڵەتێکی تر کە من ئەمەوێت تەنیا مەخاوفێك، وەکو بەڕێز وەزیری ناوخۆو، زۆربەی هاوکارانم باسیان کرد لە مەخاوفی، ئەوەی کە ئەگەر مۆڵەت نەبێت، ئەوەیە کە ئەگەر، وەکو بەڕێزیان کە ئێستا ئیشارەتیان پێی کرد، کە ئەگەر دوو خۆپیشاندان لە کاتێکدا هەبێت، هەردووکی دژی یەك بێت، لە حاڵەتی واشا ئەگەر ڕوویدا، هەموو ئەوانەی کە داکۆکی لەوە کردووە کە مۆڵەت نەبێت، ئاگادار کردنەوە بێت، قسەمان لەسەر ئەوە کردووە، کە پرێنسیپی هەبێت، بە نموونە ئەگەر ئەوکاتەی کە ئەڵێین، خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە، پێویستی بە مۆڵەت نیە، بەلاَم لەم حاڵەتانەدا، لایەنی پەیوەندیدار دەتواتنێت ڕێگە لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان بگرێت، یەکەم، ئەگەر بۆ هاندانی ئەنجامدانی تاوانێك بوو، دووەم، ئەگەر دژی ئاین یان نەتەوە، یان ڕەگەزێکی دیاریکراو بوو، سێیەم، ئەگەر کات و شوێنی خۆپیشاندان ئیتر کێشەیەکی لێ کەوتەوە، کەواتە تۆ مەبدەئی ئەمە، یەکەم، مەبدەئی زەمانەتی پاراستنی هەقە دەستوریەکەت کردووە لەناو قانونەکەیا، لەلایەکی تریشەوە ڕێگەت لەو مخاوەفانە گرتووە، کە جەنابی وەزیری ناوخۆو بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان هەیانە، لەوەی کە ئەگەر کات و شوێنەك نەگونجاو بێت، یان ئەگەر دژی ئاینێکی دیاریکراو بێت، بۆیە من بە توندی دیفاع لەوە دەکەم کە مۆڵەت نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆر قسە لەسەر ئەوەکرا، ئێمە بۆ زۆر دیفاع لەوە دەکەین، کە ئاگادار کردنەوە بێت، ئەو جیاوازیە جەوهەریەی کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، مۆڵەت ئەوەیە کە مەجالی تیا رەفز بکرێت، لەبەر ئەوەی اشعارەکە ئەو مەجالەی تیا نیە، ئاگادار کردنەوەیە، کە ئەمە خاڵێکی جەوهەری جیاوازیەکەیە، زۆر جار ئەوەم گوێ لێ بووە، کە دەڵێت جیاوازی چیە لە بەینی مۆڵەت و اشعارا، ئەو جیاوازیە زۆر جەوهەریە، یەعنی خاڵێکی گرینگیشە، لەبەر ئەوەی ئێمە داوا دەکەین کە ئاگادار کردنەوە بێت، وە زۆریشمان جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەمە مافێکی دەستوریە، بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دەستوورو، بنەماکان، یەك خاڵ هەیە کە ئێمە وەکو پەرلەمان، پێشتریش باسم کرد، جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ئەبێت ئێمە وەکو دەسەلاَتی یاسا دانان، ڕێزی دەستوور بگرین، کە بەرز ترین دەسەلاَتە، بەرز ترین یاسا، کە یاسایەکانی تر لەوەو سەرچاوە وەردەگرێ، لە دەستوورا باسی ئەوە کراوە، کە خۆ پیشاندان بە یاسایەك ڕێك بخرێت، کە ئێمە یاسایەك دادەنێین بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان، مەرج نیە لەو یاسایە کە ئێمە وتمام بە ئاگادار کردنەوە بێت، زەمانەتی ئەوە نەبێت بڵێی یاسامان بۆچیە، یەعنی زۆر گوێ لەوە دەگری، مادەم

اشعار بوو، مادەم تۆ جەختت لەسەر ئەوە کردەوە، کە بە ئاگادار کردنەوە بێت، کەواتە تۆ ئەم یاسایە بۆچی دادەنێی، یاسایەکە ڕێکخستنی کاری خۆپیشاندانە، بەو پرێنسیپانەی کە هەمووومان باوەڕمان پێی هەیە، لەگەڵ دیموکراسی بگونجێت، لەگەڵ دەستور بگونجێت، کەواتە خاڵی جەوهەری کە ئێمە وەکو پەرلەمان، وەکو دەسەڵاتی یاسا دانان، ئەبێت ئێمە خۆمان دیفاع لەوە بکەین، کە یاساکانمان لەگەڵ دەستووردا ناکۆك نەبن، ئەو دەقە دەستووریەی کەباس لەو دەکات، کە خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە، لەبەر ئەوە نابێت ڕێگری لێ بکرێت، وە ئەگەر ئێمەباسی ئەوەمان کرد، دەقێکمان تەسبیت کرد کە بە مۆڵەت بێت، مۆڵەتیش مەجالی ڕەفزی تیایە، کەواتە ئێمە دژی ئەو بنەمایە وەستاینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من گوێم لە موناقەشات بوو، ئەوانەی کە لاگیر نین بۆ اشعار، بۆ ئاگادار کردن، تەنها یەك سەغەرەی قانونی ئەدۆزمەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ڕەنگە ئەو شوێنە داوای مۆڵەتی دوو خۆپیشاندان کرابێت، ئەوە قابیلی عیلاج کردنە، کە ئەکرێت، پێش 24 سەعات، یەکەی ئیداری یان وەزارەت داوا بکات، بڵێت شوێنەکەت بگوێزەرەوە، وە بڕیارەکەشی مولزەم بێت، ئەمە بە نیو دێر بە دێرێك لەو یاسایە عیلاج دەکرێت، هیچ سەغەرەیەکی قانونی تر، هیچ بۆشاییەکی یاسایی نیە، کە اشعار بێت، ئاگادار کردن بێت، دوای ئەوە موبەریراتی من بۆ دیفاع کردن لەوەی کە ئاگادار کردن بێت، یەکەم، وڵاتی ئێمە بەرەوە ئازادی و کرانەوە دەچێت، لەدەرەوە بەرپرسەکانمان، خۆمان شانازی بەو ئازادیەوە دەکەین، چۆن ئەبێت ئێمە لێرە، لەگەڵ ڕێزما، بدون تعلیق، سنوری بۆ دابنێین، دووە شت، ئەگەر ئێمە باسی مەبادئی دەستووری ئەکەین، لەمادەی 46 زۆر بە وازحی هاتووە، ئەڵێ کە قانون دەردەچێت بۆ ئەوەی خۆپیشاندان ڕێك بخات، نابێت تەقیدەکە نەبێت بە جەوهەری هەق، جەوهەری هەقەکە ئەوەیە هەموو کەسێك مافی هەیە، دووەم، من بڕوام وایە کە من دیفاع لەوە دەکەم با ئاگادار کردن بێت، هەموو ئەندام پەرلەمانەکان، هەموو خەڵکێکی بە ویژدانین، خەڵکێکی ئازادی خوازین، دڵنیام هەمووان ئازادیخوازن و ئەوانیش بڕوایان بە ئازادی هەیە، بەرگری لەوە دەکەن کە ئاگادار کردن بێت، سێهەم نوقتە، کەمن بەرگری تیا دەکەم، ئەوەیە ئەگەر تۆ داوای مۆڵەت بکەی، لە مدیرێکی وەحدەی ئیداری، قایمقام بێت، یا مدیر ناحیەبێت، ڕەنگە هەندێك ئیرباکی تیا بێت، ڕەنگە زۆربەی خۆپیشاندانەکان، لە قەزاو ناحیەکانا بۆ کەم و کوڕی ئیداری بێت، ئاو کارەباو ئەمانە بێت، ڕەنگە ڕێگە نەدات، ڕەنگە ئەوانیش بێن هەر خۆپیشاندانەکەیان بکەن، حادیسەی لێ بەکەوێتەوە، باشتر نیە ئاگادار کردنەوە بێت، نەوەکو مۆڵەتدان؟، دوای ئەوە ئەو تەرحەی ئێمە تەقدیممان کردووە، کە چەندان خاڵە، وەکو بەدیلێك بۆ بڕگەکانی یەك، دوو، سێ، لە ماددەی دوو،

ئاگاداری یەکەی کارگێڕی و وەزارەتی تیایە، چەندان ڕۆژ پێش خۆپیشاندانەکە، دەست پێك و کۆتایی شوێنی خۆپیشاندان دیاری دەکات، ئەگەر ئاگادار کردن بێت، کاتی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی دیاری ئەکات، ئەو زانیاریانەی پێویستە لیژنەکە بیدات بە فۆرمێکی زانیاری، لەلای یەکەی ئیداری وەزارەتی ناوخۆ پڕی دەکاتەوە، ئامانجی خۆپیشاندانەکەشی دیاری دەکات، بۆیە من داوا لە هەموو بەڕێزان دەکەم، بەڕاستی هەموو ئازادی خوازین، بەرگری لە ئاگادار کردن بکەین، نەوەك مۆڵەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك اسماعیل، فەرموو، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دیفاع لەو دەکەن، کە بە مۆڵەت بێتن، کەرەمکەن.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر باسم کرد، وتم مادەم هاوولاتی مافی ئەوەی هەیە، هەقێکی دەستووری خۆیەتی کە ڕێگەی پێ بدرێت خۆپیشاندان بکات، لە هەمان کاتیشدا هەر بە دەستوور، دەڵێ بە یاسا ئەبێ ڕێکبخرێت، دەبێت حکومەتیش مافی ئەوەی هەبێت، پشتیوانی لە خەڵکی تر بکات، چونکە خۆ هەموو خەڵك بەشداری لە خۆ پیشاندان ناکات، لایەك خۆپیشاندانەکە، ئەی لایەکەی تر کێ پشتیوانی لێ بکات، بەتەئکید ئەبێت حکومەت بێت، لەبەر ئەوەی پێویستە بە مۆڵەت بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو خوشك و برایانەی کە لێی دەترسێین، تەنها لەوە ئەترسێین کە یەکە ئیداریەکان، یان وەزیر یان هەریەك لەوانەی کە مۆڵەتی بەدەستە ڕەتی بکاتەوە، ئێمە لەسەرەتادا پرێنسیپەکانمان بۆیە دانا، دەڵێین هیچ کەسێك بۆی نیە ڕەتی بکاتەوە، مەگەر ئیلا لە حالەتێکی کە زانیاریەکی ئەمنی لە ولاتدا هەبێت، خەبەرێك دێت بۆ حکومەت، بۆ دەزگا ئەمنیەکان، کە ئەمڕۆ مەعلوماتێك هاتووە، کە ڕەنگە تەئسیر لە ڕەوشی ئەمنی ولات بکات، باری ئەمنی ولاتەکە تێك بچێت، ئیلا لەو کاتانە دەتوانێت ڕەتی بکاتەوە، بلێ کاکە ئەمڕۆ مەعلوماتمان هەیە، لەوەی کە ڕەنگە بەیانی، مەسەلەن دوێنێ ئێمە نموونەمان لەبەرچاوە، دوێنێ سەیارەیەك داخلی ولاتی خۆمان بوو، لە سەیتەرە لێرە گیرا، سەیارەیەکی موفخخە داخلی ولات بوو، ئەگەر بهاتباو لە عەینی کاتدا ئاگاداری حکومەت کرابایەوە، ڕێ پێوانەك لە ولاتدا هەبوایە، ئەو سەیارە داخلی ناو خۆپیشاندانەکە بوایە، تەقینەوە بوایە، ئەوکاتە ڕەنگە بەسەدان کەسی تێدا دەچوو، کێ تێدا بەرپرسیار دەبوو؟، بەتەئکید حکومەت، لەبەر ئەو سەببەبانە من بۆیە داکۆکی لەوە دەکەم کە بە مۆڵەت بێت، حکومەت مۆڵەتی ئەو خۆپیشاندانە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عمر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ خۆش بەختانە، لە پەرلەمانی کوردستان لەخولی سێیەم، موناقەشـەی پـڕۆژە یاسـایەك دەکرێـت، بـۆ ڕێکخسـتنی یـەکێك لـە مافـەکانی سـەرەتای مـرۆڤ، هـەروەکو لـە خولـەکانی یەکـەم و دووەمـی ڕابـردووی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەیەك لە مافەکانی هاولاتیانی کوردستان بـە یاسـای ڕێکخرابـوو، مـن لـەپاش ئـەو گفتوگۆ زۆرەی کە لە لیژنەکان، لەلایەن پەرلەمانتارانی بەڕێز، گوێ گرتنمان لـە نوێنـەرانی ڕێکخراوەکـانی کۆمەلگەی مەدەنی، گوێ گرتن لە خەلکانی پسپۆڕ، گوێ گرتن لە تواناو تاقەت و ویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەیشتمە ئەوە قەنەعەتەی کەوا مافی خۆپیشاندان، بە مۆلەت بێت، بۆچی؟، مۆلەتەکە بۆ ئەوە نیە کە تۆ ماف بەو کەسە بدەی کە ئەو مۆلەتەی هەبێت، نەخێر، مۆلەتەکە ئەوەندەی کـە مـن لـە بڕگـەی یاسایەکان بۆم دەرکەوتووە، بۆ ئەوەیە کە کاتی، شوێنی، غەرەزو هەدەفەکەی پـێ ڕێـك بخرێـت، نـەوەك کـە تۆ مافەکەی بەو مۆلەتە پـێ بـدەی، نـەخێر چونکە لەسـەرەتاوە، هـەروەکو لـە ئەسـبابی موجیبـە، وە ئـەو چەند بـەڕێزەش پێشـتر ئیقتیراحـی ئـەویان کـرد، کـە ماددیـەك ئیزافـە بکرێـت، ئامـاژە بـەوەکرا کـە ئەمـە مافێکی سەرەتایی هەر هاوولاتیەکی کوردستانە، کە بەکاری بهێنێت، لەبەر ئەوەی وەکـو مـاف، ئێمـە ئێسـتا لێرە ئەو مافە نادەین بە هاولاتیان، وە حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، وەزارەتـی نـاوخۆو، وەزیـری نـاوخۆ، بەڕێز بەرپرسی یەکە ئیداریەکان، لە داهاتوو ئەو مافە نادەن بە هاولاتیـان، بـەلکو لـە ڕێگـەی مۆلەتەکـەوە بۆ کات، و بۆ شوێن و بۆ غەرەز و هەدەفەکەیان بۆیان ڕێك دەخات، ئەوە خالێك، خالێکی تر، ئێمە هـەر لـە ئێستاوە گومان نەکەین، لەوەی کە ئەو بەڕێزانەی ئەو دەسەلاتەیان هـەبێت، بـە کـەیف و میزاجـی خۆیـان، دەسـەلاتەکانیان بـەکار بهێـنن، نـەخێر هـەر لـەم پـڕۆژە یاسـایە، لـە مـاددەی پێشـنیار کـراوی 15 هـاتووە، ئەحکامەکانی ئەم قانونە، ئەبێ مەجلسی وزەرا، جیهاتی مەعنی پێوەی پەیوەندیدار بـن، جیهـاتی مـەعنی، وەزارەتی ناوخۆ، بەرپرسی یەکە ئیداریەکانن، ئەو کەسەری کە خۆپیشاندان دەکات، وە خەلکێکیش کە دژی خۆپیشاندان دەکرێ، بۆیـە چ بـەڕێز وەزیـری نـاوخۆ، چ بـەڕێزان بەرپرسـی یەکـە ئیداریـەکان لـە داهـاتوو، ناتوانن لە دژی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، مومارەسـەی سـولتەو سـەلاحیەتی خۆیـان بکـەن، لەحالـەتێکیش ئەگەر کرا، ئەوا ئـەو سـەلاحیەتەی ئـەوان، لـەژێر چاودێری ڕەقابـەی زاتـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئەبێت، ڕەقابەی پەرلەمان دەبێـت، ڕەقابـەی ڕۆژنامـە دەبێـت، ڕەقابـەی مونـەزەماتی غـیر حکومی دەبێـت، لـەژێر ڕەقابـەی ڕای گشـتی دەبێـت، ئەگـەر کێشـەیەك هـەبوو لـەوەی کـە لایـەنێك لـەو لایەنانـە، خـراپ دەسەلاتەکانی خۆیان بەکارهێنا، دەتوانرێت گلەیی بکرێت لـەوە، لەڕێگـەی چاودێریەوە موتابەعـە بکرێـت، زیاتر داوای لێ پرسینەوەیان لێ بکەین، لەبەر ئەوەی با ئێمە هەر لە ئێستاوە، گومانی ئەوە نەکەین، بلێین خراپ دەسەلاتەکان بەکار دەهێنرێ، نەخێر، بەپێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، زۆر قەیدو بەند دانـراون بـۆ ئەو کەسانەی کە ئەو دەسەلاتانەیان هەیە، دەسەلاتەکەیش دیارە حەسر کراوە، تەنها بۆ کات، شوێن، غەرەز لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە، نەك بۆ مافەکەیـە، وە هـەر وەکـو هاوکـارانم بـەڕێزان ئاماژەیـان پێـی کـرد، ژمارەیەکی زۆر لەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون، تایبەت بە مافە ئابووریەکان، تایبـەت بە مافە کۆمەلایەتیەکان، سیاسیەکان، بۆ ئەوە بووە کە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی تیا دەسـتەبەر بکرێـت،

دەستەبەریش کراوە، بەڵام هەندێکیان پێویستیان بە مۆڵەت بووە، چ لەمافە ئابووریەکان، چ لەمافە کۆمەڵایەتیەکان، چ لە مافە سەرەتاییەکان، بۆیە من ئێستا وەکو هەموو ئەو بەڕێزانەی تریش، لەو قەنەعەتەدام کە ئەو مافە، بە مۆڵەت بێت، وەکو ئەوەی کە لە ئەحکامەکانی ئەم یاسایە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار زۆر سۆزان شەهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئێمە لە سەرەتادا وتمان، با لەم یاسایەدا کۆمەڵێك بڵێین مەبادئ جێگیر بکرێت، بۆ ئەوەیە، یەکەم، دەری بخەین کە ئەم یاسایە لەسەر چ مەبدەئێك دادەڕێژرێت، ئەوەی لە دوای ئەوەوە دێت، بۆیە ئێمە داواشمان کرد، لە پێشا جارێ با ئێمە بە ماددەیەی دووەم، مەبدەئەکان دەنگی بۆ بدەین، دوای ئەوە ماددەکانی تر لەسەر ئەساسی ئەم مەبدەئانە، هەمووان ئەگەر موتەفق بین، لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندان، مافێکی سروشتیەو دەستووریە، و نابێت ڕێگە لە بەکار هێنانی بگیرێت، کاتێك کە دەڵێی، بۆی نیە ئەو کەسەی کە لە وەحدەی ئیداریە، یاخود وەزیرە، هەروا بەبێ سەبەب، بەبێ هیچ موبەریرەك ڕێ گری بکاتن، لەوەی کە مۆڵەت نەدات بە خۆپیشاندان، لەپێشا ئێمە وتومانە بۆی نیە ڕێگە بگیرێت لە خۆپیشاندان، کەواتە بەڕێز وەزیری ناوخۆ، لەگەڵ رەئیسی وەحدە ئیدارییەکان، دەزانن ئەم یاسایە لەسەر چ مەبادئێك داڕێژراوە، هەروا نایخەنە ناو مەزاجی شەخسیەوە، ئەسباب وەئەگەر ئەسبابەکە قەناعەتی بەرامبەرەکەی پێ نەهێنا، ئەوەتا دانراوە تۆ هانا بۆکوێ دەبەی؟ بۆ ئەوەی ئەمەت بۆ چارەسەر بکات، دەبێت لەماوەی چەندا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من نازانم یەعنی ئێستا ئەگەر ئاگاداری بێت، مەعنای ئەوەیە ئازادی خوازیەو، ئەگەر بە مۆڵەت بێت، مەعنای ئەوەیە کە ئازادی خوازی نیە، با ئەم نموونەیەشم کە بەلامەوە زۆر گرنگ نیە، یەکێکی تر تەعلیقی لێ بدات، بەڵام ئەگەر ئێمە لەم پەرلەمانە کە دادەنیشین، هەریەکەمان نوێنەری چەند هەزار کەسین، ئەکرێ لەجێگەی خۆمانەوە قسە بکەین، ئەگەر لە پێشا ئیزن وەرنەگرێن، ئەگەر نیزامێك نەبێت، شوێنێك نەبێت، جەنابت نەبیت ڕێگەمان پێ بدەی، ئەتوانین هەموو کەسێك لە شوێنی خۆیەوە قسە بکات و، ئەو حاڵەتە دروست دەبێت، کە ناتوانی جەلسەکە ئیدارە بکەی، ئەی چ جای، بەشەرت ئێمە هەموو ئەندامی پەرلەمانین و نوێنەری خەڵکین، ئەی چ جای تۆ کۆمەڵە خەڵکێك، هەر تەنها بە ئاگادار کردنەوەیەك، نازانی لەم حاڵەتەدا چی ڕوو دەدات، چی ڕوو نادات، نازانی ئەمانە نیەتیان چیە، بەبێ مۆڵەت ئەمە بکەن، خوانەخواستە زەرەری لێ بکەوێتەوە بۆ کوردستان، من یەك پرسیار دەکەم، ئاخۆ ئێمە لە بەریتانیا

دیموکراسـی تـرین، کەبـەدایکی دیموکراسـیەکان دادەنـرێ، چـونکە ئـەوان دەسـتووری نوسراویشـیان نیـە، ئەوەنـدەیان سـیقە هەیـە بەیـەکتری، نـەیان نووسـیوەتەوە، بـەدەم نـەقل بـووە، لـەدوای ئـەوەی کـە لەسـاڵی 2005 دا، یاسـایەکیان دەرکـردووە، بـۆ مـەنعی جەریمـەی مونـەزەم، کەلـەوێ هـەبووە، لەگـەڵ موحارەبـەی ئیرهـاب لەسـاڵی 2006 دوو یاسـایان دەرکـردووە، لـە دوای دەرکردنـی ئـەو دوو یاسـایەوە هـاتون بـۆ یاسـای خۆپیشاندان، کۆمەڵێك شوێنی دیکەیان ئیزافە کردووە، جاران لە یاساکەی پێشوویانە، تەنها دوو، سێ شوێن بۆیان نەبووە خەڵك بچێتە بـەردەمی موزاهـەرە بکات، ئـەویش قاعیـدەی عەسـکەری بـووە، لەگـەڵ شـوێنی نەوەوی، لەدوای ئەوەی ئەو دوو یاسایەیان دەرکرد، لەسەر ئەو وەزعەی کە هاتۆتە پێشـەوە، ترسـی ئیرهـاب و، ترسی جەریمەی مونەزەمە، هاتوون چەند شوێنێکی تریان ئیزافە کـردووە، جەنـەرەلی پۆرتیکـەڵ ئێریـا، یەعنی چ شوێنێکی سیاسی، کە عام بێت، باسـی ئـەوە دەکات، داونیـنگ سـترینگ، مەقـەری رەئـیس وزەرای لێیە، پەڵەس ئۆف وێس منستەر، ئەوەی کە پەرلەمان و حکومەتی لێیە، هەردوو قاعیدەی ئـێم 15 و ئـێم 16، هێناویانە مەنعیان کردووە، بەیاسا ئـەڵێ نابێت بچیتە بـەردەمی، بەیاسا مـەنعیان کـردووە، ئەمەیـە ڕێکخستنەکە، بۆیـە مـن دیفـاع کـردنم لـەوەی کـە بـە مۆڵـەت لـە خۆشەویسـتیمە بـۆ خـاکی کوردسـتان، بـۆ هاووڵاتیان، بۆ ئەوەی سبەی ڕۆژێ، لەبەر ئەوەی من بە عاتیفە ناجووڵێمەوە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە، من بە دوور بینـی ئـەوەی کـە کەسـانێك هـەبن، وەك چـۆن ئـەمرۆ، دوێنـێ، بەسـەیارەیەکی 45 کیلـۆ گرامیـەوە ویستیان بێن، ئـەمن و ئاسایشـی ئێمـە تێـك بـدەن، لـە حاڵـەتێکی وادا، بـێن کارەسـاتێك بخـوولقێنن، لـە ڕێ پێوانێك کە کە نیەتەکەیان زۆر پاکە لێی، داواکارییەکی زۆر ئاساییان هەیە، بۆیە لە خۆشەویستیم بـۆ ئـەو خاك و نیشتمان و هاووڵاتیانە من لەگەڵ مۆڵەتدام.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شێروان حەیدەری، کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێزم، ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئەو قسانەی من دەمویست زۆربـەی زۆری کـرا، بـەڵام من تەرکیز لەسەر یەك، دوو نوقتە دەکەم، خاڵی یەکەم ئەوەیە/ من ئەوڕۆ شانازی بەوە دەکـەم کـە لـە نـاو پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکەم جار یاسایەکی حەزاری موناقەشە دەکرێ، بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان، بۆ میللەتەکەمان، بۆ ئەوەی ئێمە شانازی بەو یاسایە بکەین، بچینە ڕێز ئەو وڵاتانەی کە یاسایەکیان هەیـە بۆ خۆپیشاندان، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ کەس نکوڵی لەوە ناکات لـە نـاو ئـەو پەرلەمانـە، کـە ئـەو خۆپیشاندانە مافێکی دەستووریە، کەسیش نکوڵی نیە لە ناو ئـەو پەرلەمانـە کـە پێویسـتە خۆپیشـاندانەکە بە یاسا تـەنزیم بکـرێ، تـەنها و تـەنها ئـەو دڵـە ڕاوکێیـە هەیـە و ئـەو مەترسـیانە هەیـە، بـەڕێزان ئەگـەر مەسەلەی تەعەسوف بێ لە ئیستیعمالی حەق، چ بە نیسبەت وەزیر؟ چ بە نیسبەت وەحداتی ئیداری؟ بـە قەناعەتی من ئەو تەعەسـوفە ڕێگـای یاسـایی خـۆی هەیـە، قـەراری وەزیـریش خـازعی ڕەقابـەی قەزائییـە،

قەراری ڕەئیسی وەحدادتی ئیداریش خازعی ڕەقابەی قەزائییـە، کـە قـەزا دەبێتـە حەکـەم بـەینی وەزیـر و بـەینی ئـەو کەسـانەی کـە ویسـتوویانە خۆپیشـاندان بکـەن، یـان یەکـە ئیدارییـەکان، جگـە لـەوەش ئەگـەر میحوەری هەموو قسەکان لێك بدەیەوە، هـەموو ئـەو قسـانەی کـە دەکـرێ، دەمانـەوێ بتـوانین بـە باشـترین شێوە خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین، پاراستنی نیزامی عام یەك لە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانە، پاراسـتنی نیزامـی عـام مـەعنای ئەوەیـە پاراسـتنی پەرژوەنـدی گشـتی، چ بەرژەوەنـدی سیاسـی بێـت؟ چ بەرژوەندی ئیجتیماعی بێ؟ چ بەرژەوەنـدی ئیقتیصادی بـێ؟ پاراسـتنی ئـادابی گشـتیش ئـەو دابوونەریتـە ڕەسەنەیە کە میللەتی ئێمە شانازی پێوە دەکات، کە دیفاعیشی لێ دەکات، بۆیـە بـە قەناعـەتی مـن مۆڵـەت وەرگرتن بتەو کردنی ئەو خاڵانەیە کـە خزمـەتی خـەڵکی خۆمـان دەکـات و خزمـەتی نیزامـی عـام دەکـات، سیستەمی حوکمڕانی ئێمە دەکات، بەڵام بەداخەوە من ئێستا دەبینم هەندێ دەنگ کە لێرەدا هەیـە، دەڵـێ: هەتا ئەو (18) ساڵەی حوکمڕانی کرایە، قەت باسی دکتاتۆریـەت نـەکراوە، قـەت باسـی شمولیـەت نـەکراوە، ئێستا بۆ مۆڵەت وەرگرتنێك یان بۆ مۆڵەت وەرنەگرتنێك باسی ئەوە دەکـرێ، کـە ڕەنگـە وەصـف بکـرێ بـە شمولیەت، یان قیاس بکرێ بە نیزامی شمولی، لەسەر ئەو ئەساسە مـن لەگـەڵ ئـەوەدام کـە مۆڵـەتی ڕەسمـی وەربگیرێ بە پێی ئەو بڕگانەی کە لە یاساکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر عبدالرحمن، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی دانی ئیجازە، مۆڵەت لە خۆپیشاندانە یاخود ئاگادار کردنـەوە، باسمـان لەسـەر کـرد، دانـی ئیجـازە ئیلتیزاماتێکی یاسایی لەسەر شانی حکومەت و دام و دەزگاکانی حکومەت دروست دەکات، دانی ئیجازە قبوڵ و ئیجابێك کە لە بەینی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە خۆپیشاندان و ئەو جیهەتـەی کـە مۆڵەتەکـەی پـێ دەدا، دانی ئیجازە من پێموایە جۆرە هەیبەت دانێکە بە موتەزاهیرین، ڕێك و پێك کردنی ئەو کەسانەیە کە خۆپیشاندانەکە دەکەن، بنـەمای تایبـەتی یاسـایی بـۆ دادەنـێ، پارێزگـاری دەکـات، ئەگـەر مۆڵـەت نـەدا، مـن پێموایە حکومەت تووشی ئیحراجی دەبێت، بەڵام بە دانی مۆڵەت من پێموایە وەزیری موختـەص، جـەنابی وەزیـری داخلیـە دەبێتـە هاوکـاری خۆپیشـاندەران، دەبێتـە یارمەتیـدەر، دەبێتـە ئاسـانکاری بـۆ کارەکانیـان بەوەی کە ئەمن و ئاسایش و هدوئیان دەپارێزێ، هەر لە پۆلیسی تایبەتییەوە، هەر لە ئامادەکردنی پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە، هەر لە ئامادەکردنی ئیسعاف و ئەو پێویستیانەی شوڕتەی مرور، ئەوانەی کە دەتوانن ڕێگە و بان و کاروبارەکانی ئەو خۆپشاندانە ڕێك بخەن، دانی ئیجازە بـە گوێرەی یاسا ئێمـە دەبـێ کـاری لەسـەر بکـەین، ئەگـەر بگـەڕێین ئێمـە دەسـتوورمان نیـە، تـا ئێسـتا پرۆژەیـەکمان هەیـە، بـە واقیـع دەبـێ هـەموو یاساکانی ئێمە لە چوارچێوەی دەستووری عیراقیدا بێ، ناکرێ ئێمـە لـە دەسـتووری عیراقـی بچینـە دەرەوە، ئەگەر چووینە دەرێ ماددەی (121) و ماددەی (140) تەحەکومی تێدا دەکات، لەو مەسـەلەیە یاسـاکانمان

کاری خۆی پـێ نـاکرێ، دانـی ئیجازە وەکو عـەرزم کـردن، ئیلتیزامـاتی سـەر شـانی حکومـەت زیـاد دەکـات، مەصلەحەتی ئەو کەسانە دەپارێزێ کە خۆیان پیشان دەدەن، بە هـەموو شـێوەکانەوە لـە بابـەتی تـەعویز و لـە بابـەتی هـەموو ناحیـە جـەزائی و عقوباتیـەکان، ئەگـەر هـەر پۆلیسـێك کـارێکی خـراپ بەرامبـەر بـە خۆپیشاندەران بکات، بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێ، وەزارەتـی داخلیـەش ناچـار دەبـێ تـەعویزاتی هـەموو ئـەو زەرەرانە بدات، ئەوە لەلایەك، ئەگەر بێت و باس لەوە بکرێـت بـە تـەنیا ئاگـادار کردنـەوە، ئاگـادار کردنـەوە ناچێتە بابێکی قانونی قبول و ئیجابی لە بەینی وەزیری موختەش یـان سـەرۆکی وەحـدە ئیدارییـەکان، لـە مـودیری ناحیـە و قایمقـام و پارێزگـا، لەگـەڵ خۆپیشـاندەراندا بێتـە دی، ئـەو کاتـە حکومـەت تووشـی ئیحراجیەك دەبێ بەڕای من، موئەسەساتی دەوڵەتی حکومەتی کوردستان تووشی ئیحراجی دەبێ بەوەی کە پارێزگاریـان بکـاتن لـەوەی نـەیتوانی کاروبـاری یاساکەیان بـۆ جێبـەجێ بکـات، بـەڵام شـتێك هەیـە لێـرە هەموومان بەڕاستی بە ئاشکرا لەسەری قسە بکەین، ئێمە بۆچی لێرە بچین جەنابی وەزیـر ڕەفـزی تەڵەبی موزاهەرەکە بکات؟ ڕەفـزی تەڵـەبی ئیجازەکـە بکـات؟ ئـەی بـۆ بـۆ ئـەوە نەچـین موافەقـەتی لەسـەر بکـات؟ موحتەمەلە موافەقەتیشی لەسەر بکات، بۆ ئێمە بـە (سـوء النیـة) بـڕۆین لـە قانونـدا، ئەگـەر بێـت و ئێمـە قانونێك حیسابی لەسەر بکەین، (الأصل) بەرائەتی زیممەیە، ئەصڵ حوسن نیەیە، خۆ ئەگەر هاتو جـەنابی وەزیر ڕەفزی تەڵەبەکەشی کرد، لە یاساکە ڕێگای یاسایی بۆ دانراوە، قەرارەکەی وەزیر قەتعی نیە، دەچێتە بەردەم هەیئەیەکی قەزائی، ئەو هەیئەتە قەزائیە ئێمە ش نابێ بۆ ئەوان سوئی نیەمان هەبێ، نـابێ پـێش ئەوە بکەوین کە بە هەمان شێوە بڕۆین، بۆ ئێمە ئەو سوء نیەمان هەبێ بەرامبەر بە کارمەنـدانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای ئەوە ئەو برادەرانەی کە لـە ناحیـەکان، لـە قـەزاکان، لە پارێزگاکاندا، ئەوانە هەمووی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بە دەنگی خـەڵك دەچـنە ئـەو شـوێنانە، بـە واقیـع ئەوانـە نوێنـەرانی خـەڵکن، ئـەوە تـەنیا ئـیرادەی تاکـە کەسـێك نیـە، بەرامبـەر بـە ئـیرادەی خـەڵك، ئەوانـە ناتوانن تەنیا بۆ خۆیان بڕیار لەسەری دەرکەن، هەموو بڕیاری ئەو برادەرانە خازیعی تـوروقی تەعنـە، کـە توروقی تەعنیش بێت، ئێمە پێویست ناکات شك لە وەزیریش و لە مودیر و لە قایمقام و لە مەجلیسی قەزا و لە حاکمەکان و لـە هـەموو کەسـێ بکـەین، خـۆ ئەگـەر ئـەو شـکەمان هـەبێ بەڕاسـتی ئیشـەکانمان نـاڕوات بەرێوە، بەڵام ئەگەر بێت و تەنها بە ئیشعار بـێین و بـڕۆین، ئیشعار بـە بـێ ئیلتیزامـە، هـیچ ئیاتیزامـاتی یاسایی تێدا نیە، ئیشعار یەعنی ئاگادار کردنەوەیە، ئەگەر موافەقەتیش بکات یان نەکات، ئیشعار دەکرێـت، لەبـەر ئـەوە مـن هاوکـاری ئـەوەم، لەگـەڵ ئـەوەدام کـە مۆڵـەتی تایبـەتی لـە دام و دەزگـای تایبەتییـەوە بـۆ خۆپیشاندان دەگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەو بابەتە زۆر زۆر بە تێر و تەسەل گفتوگۆی لەسـەر کـرا، گفتوگـۆی زۆر بـە سوود بوو، زۆر شتی جوان پێش چاو خرا، نەتیجەی دڵسۆزی یەکە یەکەی ئێوەی بەڕێزە، بۆ ئەوەی شتێکی باش دابندرێ، هەر کەس بە پێی قەناعەتی خۆی وای پێ باشترە جێگەی ڕێزە ڕەئیەکەتان، ئێستا دەیخەینە

دەنگدانەوە، ئـەو موقتەرەحـەی هـاتووە، کـە دەڵێـت: تـەنها بـە ئاگـادار کردنـەوە بێـت، خۆپیشـاندان، تـەنها ئیشعار بکرێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ تکایە دەسـت بـەرز بکـە چـونکە ئەوە موقتەرەحە هاتووە، لەگەڵ ئەصڵی مەشرووعەکە نیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تـەنها بـە ئیشـعار بـێ تکایـە دەستی بەرز بکات؟ 35 کەس لەگەڵە کە تەنها بە ئاگادار کردنـەوە، بـە ئیشـعار بـێ، کـێ لەگەڵدا نیـە؟ 54 کەس لەگەڵدانیە بە ئیشعار بێت، بۆیە ڕەئیەکەی تر سەرکەوت، ئەو موقتەرەحە وەرنەگیرا، ئێستا لێژنـەی یاسایی فەقەرە فەقەرە وەرە سەری، لێژنەی ناوخۆ کەرەمکە.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی وەڵامی خوشك و برا ئەنـدام پەرلەمانـەکانی دایـەوە لەسـەر گفتوگـۆی پێشـتر، دوو، سـێ لـە ئەندام پەرلەمان پێشنیاری ئـەوەیان کـرد کـە خـاڵی شـەش لـە ئەصـڵی پرۆژەکـەی چـوار لێژنەکـەدا زیـادە، سەبارەت بە وەزیر بۆی هەیە هەموویان هەندێك لە دەسەڵاتی کە بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە پێـدراوە بیدات، وتوویانە ئەوە زیادە و دووبارەیە، منیش پشتیوانی لێ دەکەم کە شەشەم لابرێـت، هـەر لـە مـاددەی دووەم هاتووە دەڵێ، خاڵی یەکەم دەڵێ: وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتی خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی هەیـە ئەگەر لەسەر ئاستی هەرێم بێت، مـن پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم ئەوەشـیان بـە شـێوەیەکی تـر، بڵێـین: وەزیـر دەسەڵاتی مۆڵەتی خۆپیشاندانی سەرانسەری هەیە، چونکە نـاکرێ تـۆ دەسـەڵات بدەیـە مـودیر ناحیەیـەك، بدەیە قایمقام، بەڵام نەیدەیە وەزیـر، وەزیـریش دەسـەڵاتی خۆپیشـاندانی سەرانسـەری هەیـە، بـەو شـێوەی نەك ئەگەر لە ناو لاببەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی دووەم ئەوەی پێشنیاری لێژنەی ناوخۆ، منیش پێموایە بـە هـەمان شـێوە بـێ، لەسـەر خـاڵی سێیەم سیستەم و ئاکاری گشتی ببێت بە سەلامەتی گشتی، ئەگەر خاڵی پێنجەم بمێنێ، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە ئەوەمان لادا، نازانم تا چەند دەمێنێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی تەجەموعی گشتی بـە شـێوەیەکی تـر ئـەوە کراوە، بەڵام ئەگـەر ئـەوەیان بمێنێـت دەبـێ لـە دوای (لـە بۆنـە نیشـتمانی و نەتـەوەیی و ئـاینی) ئـەو کاتـە ڕۆشنبیریشی بۆ زیاد بکـرێ، بـەڵام ئەگـەر قـەرارە نـەمێنێ، پێموایـە هـیچ پێویسـت ناکـات ئەوانـە هیچیـان بمێنێ، بە هەمان شێوە شەشەم پێموایە زیادەیە، کەواتە دەتواندرێ لابربردرێ، لەبەر ئەوەی پێشتر دەسەڵاتی وەزیر و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان دیاری کراوە لە یەکەم و لە دووەمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی، موداخەلەتان لەسەر ئەو خاڵانە کامیان مابوو؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز، ئایا پێشنیارەکە بەو شێوەیە بێ بە نیسبەت فەقەرەی یەکەم؟ (للوزير صلاحية إجازة المظاهرة)؟ يان (إذا كان على مستوى الإقليم) لەگەڵی بێ؟ با وازح بێ تا بتوانین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بە نیسبەت خاڵی شەش زۆر موقتەرەح هەبوو کە لابچێت، ئەوە بخەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی ئایا بمێنێ؟ یان لابچێت؟ کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا مەسەلەی خاڵی یەکەم هاتە گۆڕێ، ئەگەر مەسەلەی خاڵی یەکەم و دووەم نیقاش تەواو ببێ ڕەنگە بەرەو ئاراستەیەك دێت، بۆیە ئێمە ناتوانین ئێستا خاڵی شەشەم ئیلغا بکەین، تاوەکو خاڵی یەکەم و دووەم یەکلا نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوخۆ، کەرەمکە.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها صیاغەکەیە، ئێمە دەڵێین: وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتی خۆپیشاندانی سەتاسەری هەیە، چونکە ناکرێ تۆ ئەگەری تێبخەی، مادام تۆ دەسەڵاتت داوەتە مودیر ناحیە، قایمقام، ناشکرێ وەزیر دەسەڵاتی نەبێ، وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی سەرانسەری هەیە، سەرانسەرییەکە هەمووی دەگرێتەوە، لە ئیقلیمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای ئەصڵی پرۆژە بکەین پێشتر وەزیر دەسەڵاتی هەبوو و دەیتوانی دەسەڵاتەکە بدات بە یەکەی وەحداتی ئیداری، موحافز، قایمقام، مودیر ناحیە، ئەوە شتێکی ئیعتیادی و تەبیعی بوو، دوایی کە ئێمە کۆبووینەوە بەڕاستی وتیان با دەسەڵاتەکان دابەش بکرێت، صەلاحیەتی کۆبوونەوە یاخود خۆپیشاندانی سەرتاسەری بدرێتە وەزیر، ئەوانی تریش مودیر ناحیە و قایمقام و موحافزەکانیش هەر

کەس لە وەحدەی ئیداری خۆی ئەو ئیجازیە بدات، ئێستا ئەوەی کاك إسماعیل ئیسارەی کردووە، دەڵێ: وەزیریش صەلاحیەتی هەبێ بۆ ئیجازەدانی خۆپیشاندان بە شێوەیەکی گشتی، یەعنی بە قەزا و ناحیەکانەوە، ئەگەر وابێت مەسەلەن...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن لە جێگەی خۆتانەوە قسە مەکەن، کاك شێروان، بەڕێزان ئێمە پرۆژەکەی ئەصڵ لاچوو، پرۆژەی موشتەرەك ئەوەی کە موناقەشە لەسەری بکرێ، ئێمە ئێستا لەسەر ئەوە موناقەشەی دەکەین، ناڕۆینەوە سەر پرۆژە کۆنەکە، لە خاڵی (1)، کاك شێروان، بەڕێزان، پرۆژە ئەسڵەکە لاچوو، پرۆژەی موشتەرەك بوو ئەوەی کە موناقەشە لەسەری بکرێت، ئێمە ئێستا لەسەر ئەمە موناقەشە دەکەین ناڕۆینەوە پرۆژە کۆنەکە، لە خاڵی 1 (للوزير صلاحية اجازة المظاهرة أو التجمع عام اذا كان على مستوى الاقليم)، وابزانم ناوخۆش هەروا دەڵێن، جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە شتێکی تازەیە، بە نیسبەت من فەرق نیە سەرانسەری بێت یان ئەگەرەکەی تێدا بێت، ئەندامانی پەرلەمان لەسەر چی موافەقەت بکەن، ئێمە مانعمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا سیاغەی ماددەی دووەم بە تەواوی دەیخوێنمەوە..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەم کە (للوزير ولرئيس الوحدة الادارية رفض طلب تنظيم المظاهرة) من پێموایە مۆڵەت دان لەگەڵ ڕەفز فەرقی هەیە، بۆیە ئەوە دەنگی هێنا....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە موناقەشە تەواو، رجائەن وامزانی نیزامیت هەیە، کاکە ئێمە لە دوێنێوە موناقەشە دەکەین، سیاغەکەی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده 2

**أولاً:**

1- للوزير صلاحية اجازة المظاهرة.

2- لرئيس الوحدة الإدارية صلاحية اجازة المظاهرة كل ضمن وحدته الإدارية.

**ثانياً:** لا يجوز تنظيم المظاهرة إلا بعد تقديم طلب الى الوزير أو رئيس الوحدة الإدارية واستحصال الموافقة التحريرية.

**ثالثاً:** للوزير أو لرئيس الوحدة الإدارية رفض طلب تنظيم المظاهرة إذا تحقق لديه بانها سوف تخل بالنظام العام أو الآداب العامة ويتم إبلاغ رفض الطلب تحريرياً ومسبباً.

**رابعاً:** للجنة الاعتراض على قرار الرفض لدى محكمة استئناف المنطقة خلال (3) ثلاثة أيام من تاريخ التبليغ وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال مدة (48) ساعة ويكون قرارها باتاً.

**خامساً:** يستثنى من حصول الموافقة خروج الناس افرادا أو جماعات الى الميادين والشوارع والأماكن العامة في المناسبات الوطنية والقومية والدينية طبقاً للأعراف المحلية السائدة وللأغراض أعلاه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی بخوێننەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

**یەكەم :**

1- وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە.

2- سەرۆكی یەكەی كارگێڕی دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە ، هەریەكەیان لەناو یەكە كارگێڕییەكەی.

**دووەم** : ناشێ خۆپیشاندان ڕێك بخرێ مەگەر دوای پێشكەشكردنی داواكاری بێت بۆ وەزیر یاخود سەرۆكی یەكەی كارگێڕیی و وەرگرتنی ڕەزامەندی بە نووسین.

**سێیەم** : وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی بۆی هەیە داواكاری ڕێكخستنی خۆپیشاندان ڕەت بكاتەوە ئەگەر بۆی ساغ بووەوە كە زیان بە سیستمی گشتی و ئادابی گشتی دەگەیەنێ و پێڕاگەیاندنی ڕەتكردنەوەكەش بە نووسین دەبێت و هۆكارەكەشی دیاری بكرێت .

**چوارەم**: لیژنە بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتکردنەوە بگرێ لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە ماوەی (3 ) سێ ڕۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندن و دادگاش پێویستە لە ماوەی ( 48 ) کاتژمێر تانەکە یەکلابکاتەوە و بڕیارەکەش یەکلاکەرەوەیە.

**پێنجەم** : دەرچوونی خەڵك بە تاك یان بە کۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقامەکان و شوێنی گشتی لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی وئایینی بەپێی نەریتی خۆجێیی باو، بەدەردەکرێ لە وەرگرتنی مۆڵەت و بۆ مەبەستەکانی سەرەوە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە......، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم کە مەجالت دام، ئێمە بەیانی موناقەشەمان کرد، کە موناقەشە کرا گوتمان ئەگەر هەر کرا بە مۆڵەت، حەسرِ بکرێت لەم حاڵەتانە ڕەفز بکرێت، نموونەکانم خوێندەوە و چوار، پێنج حاڵەتم خوێندەوە، سێ، چوار کەسیش تەئیدیان کردم، یەعنی ئەمەش پێشنیارێك بوو لەدوای ئەوەی ئیشعار فەشەلی هێنا بوو بە مۆڵەت و تەسبیت بوو حەقی خۆمانە بڕگەی سێیەمی مۆڵەتەکە موناقەشەی بکەین کە بەو شێوەیە بێت یان بەو شێوەیە بێت، سێ، چوار کەس بەیانی تەئیدی ئیقتراحەکەی منیان کردووە و ئێستاش ئێمە 7 کەسین ئیمزامان کردووە و بۆ جەنابتان دەیخوێنمەوە، ماددەی دووەم بڕگەی سێیەمی بەو شێوەیەی لێ بکرێت (وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆی هەیە داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان ڕەد بکاتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە: پێڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەکەش بە نووسین دەبێت و هۆکارەکەشی دیاری بکرێت: یەکەم/ ئەگەر مەبەست لێی دروست کردنی جیاوازی نەتەوەیی یاخود ئایینی یاخود مەزهەبی یاخود ڕەگەزی بوو. دووەم/ ئەگەر مەبەست لێی هاندان بوو بۆ توندوتیژی. سێیەم/ ئەگەر خۆپیشاندانێکی چەکدارانە یاخود دیاردەی چەکداری تیایدا دیار بوو. چوارەم/ ئەگەر داواکارانی خۆپیشاندان زانیاری هەڵەیان دابوو بە وەزارەتی ناوخۆ یاخود یەکەی ئیدارییەکە، پێنجەم/ ئەگەر ئەو ناوچەیەی داواکاری خۆپیشاندانی تیادا کراوە تووشی حاڵەتی (الظروف الطارئة أو قوة قاهرة) بوو کە بەهۆیەوە نەتواندرێت خۆپیشاندانی تێدا بکرێت، شەشەم: ئەگەر وڵات تووشی (الظروف الطارئة أو القوة قاهرة) بوو، کە بەهۆیەوە نەتوانێ خۆپیشاندان بکرێت، حەوت ئەندام پەرلەمانیش ئیمزامان کردووە، بەیانیش چەند ئەندامێك پشتیوانیان کردووە، وەکو پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ قسەکەت ڕاستە، لیژنەی یاسایی ئێستا فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە کە گەشتە ئەوێ دوایی موناقەشەی لەسەر دەکەین، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخوێندنەوەی لیژنەی یاساییدا، تەواو پێچەوانەی ئەوەی لیژنەی ناوخۆ بوو، کە دەڵێت بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان، وەزیر بۆ خۆپیشاندانی سەرتاسەری دەسەڵاتی هەیە، دەسەڵاتەکانی تریش لەسەر ئاستی پارێزگاو قایم مەقام و سەرۆکی یەکەی ئیدارییە، لەخوێندنەوەدا ئێوە سەرتاسەرییەکەتان لابرد، لەبەرئەوە ئێمە داوا دەکەین وەکو خۆی بێت، چونکە ئێمە مەرجمان داناوە هەموو دەسەڵاتەکەمان لەلای وەزیر چڕ نەکردۆتەوە، ئەوەی کەئەوان خوێندیانەوە هەموو دەسەڵاتەکەیان لەلای بەڕێز جەنابی وەزیر چڕ کردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەڵێین جەنابی وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتی خۆپیشاندانی سەرتاسەری هەیە، ئەوان سەرتاسەرییەکەیان لابردووە، دەڵێن وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتی خۆپیشاندانی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هەر مەبەستمان ئەوە بوو، بەڕاستی بەس صیاغە کردنەوەی دەوێت، پێم وایە لە ئەصڵی ڕاپۆرتەکەش ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەوەدا نیە، یەعنی هەر بەتەنها وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی نەبێت، بەڵکو مۆڵەتدان بەو خۆپیشاندانانەی کە لەسەر ئاستی هەرێمن یان سەرتاسەرین بەمانایەکی تر، یەعنی پێم وایە هیچ فەرقێکی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، صیاغەی فەقەرەی یەکەم بکەنەوە، تا بیخەینە دەنگدانە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانیة:

أولاً:

1- للوزير صلاحية اجازة المظاهرة إذا كانت على مستوى الاقليم.

2- لرئيس الوحدة الإدارية صلاحية اجازة المظاهرة كل ضمن وحدته الإدارية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو دوو فەقەرەیە دەخەینە دەنگەوە، بەو شێوەیە كە گوێتان لێبوو، كێی لەگدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینە دەنگ، 4 كەسی لەگەڵدا نیە؟، بۆ خاڵی دووەم.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثانياً**: لا يجوز تنظيم المظاهرة إلا بعد تقديم طلب الى الوزير أو رئيس الوحدة الإدارية واستحصال الموافقة التحريرية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو موقتەرەحەی كەئێستا هات بۆتان هیچ تەناقوزێكی لەگەڵ ئەمەدا هەیە، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم: ناشێ خۆپیشاندان ڕێكبخرێت مەگەر دوای پێشكەش كردنی داواكاری بێت بۆ وەزیر یاخود سەرۆكی كارگێڕی و وەرگرتنی ڕەزامەندی بەنووسین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، بەعەرەبیەكەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثانياً**: لا يجوز تنظيم المظاهرة إلا بعد تقديم طلب الى الوزير أو رئيس الوحدة الإدارية واستحصال الموافقة التحريرية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا تكایە، بۆ سێیەم.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثالثاً:** للوزير أو لرئيس الوحدة الإدارية رفض طلب تنظيم المظاهرة إذا تحقق لديه بانها سوف تخل بالنظام العام و الآداب العامة ويتم إبلاغ رفض الطلب تحريرياً ومسبباً.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، بەعەرەبیەكە جارێكی تر بیخوێننەوە، چونكە وتی (و الآداب العامة) خۆی (أو الآداب العامة)بۆیە جارێكی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثالثاً:** للوزير أو لرئيس الوحدة الإدارية رفض طلب تنظيم المظاهرة إذا تحقق لديه بانها سوف تخل بالنظام العام او الآداب العامة ويتم إبلاغ رفض الطلب تحريرياً ومسبباً.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا پێشنیارێك پێشكەش كراوە داوا دەكات، حاڵەتەكانی ڕەت كردنەوە دیاری بكرێت، ئەوەی لەپێشنیارەكە هاتووە شەش حاڵەتە، واتە لەو حاڵەتانەی كە تەنها وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی بۆی هەیە داوای داواكار ڕەت بكاتەوە، حاڵەتی یەكەم: ئەگەر دروست كردنی جیاوازی نەتەوەیی، ئاینی، مەزهەبی، بوو. دووەم: ئەگەر مەبەست لێی هاندان بوو بۆ توندو تیژی. سێیەم: ئەگەر خۆپیشاندانێكی چەكدارانە بوو، یاخود دیاردەی چەكداری تێدا بوو. بەڕێزان ئەو بڕگەیە لەماددەیەكی سەربەخۆ ئێمە چارەسەرمان كردووە، ئەوە وەك تێبینی، چوارەم: ئەگەر داواكارانی خۆپیشاندان زانیاری هەڵەیانـدابوو بە وەزارەتی ناوخۆ. پێنجەم: ئەگەر ئەو ناوچەیەی داواكاری خۆپیشاندانی تێدا كرابوو، تووشی حاڵەتی (ظروف الطارئة، یان قوة قاهرة) بوو، كەبەهۆیەوە نەتواندرێت خۆپیشاندان بكرێت، باشە ئەگەر نەتواندرێت دیاری بكرێت، ڕەت كردنەوەكە لەچی؟ شەشەم: ئەگەر وڵات تووشی حاڵەتی (ظروف الطارئة، یان قوة قاهرة) بوو، كە بەهۆیەوە خۆپیشاندانەكە نەكرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزن ئێستا ئەوەی كە خوێندتانەوە موقتەرەحێكی تازەیە، هاتووەتە سەر ڕاپۆرتی موشتەرەك كە لەباتی ئەصڵی پڕۆژەكەیە، كێی لەگەڵدایە تكایە دەست بڵند بكەن؟، فەرموون 31 كەسێ لەگەڵدایە، كێی

لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ ئەو موقتەرەحە ڕەفز کرایەوە، ئێستا وەرنەوە سەر ئەصڵی ڕاپۆرتە هاوبەشەکە، فەرموو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سێیەم** : وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆی هەیە داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی ڕەت بکاتەوە ئەگەر بۆی ساغ بووەوە کە زیان بە سیستم ئاکاری گشتی دەگەیەنێ و پێ ڕاگەیاندنی ڕەت کردنەوەکەش بە نووسین دەبێت و هۆکارەکەش دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیش تکایە.

**بەڕێز عەونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثاً: للوزير أو لرئيس الوحدة الإدارية رفض طلب تنظيم المظاهرة إذا تحقق لديه بأنها سوف تخل بالنظام العام أو الآداب العامة و يتم إبلاغ رفض الطلب تحريرياً و مسبباً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موداخەلەتان هەیە؟ کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من تەقدیرم هەیە بۆ ماندووبوون و جوهدی لێژنەی یاسایی، بەڵام من ئەوەی تێبینی دەکەم، هەندێك جار ڕەئی ئەو لێژنانەشی کە مەعنین بە هەندێك کاروبار کە پەیوەندی بە تایبەتی بەو پرۆژەوە هەیە، بە نەزەری ئیعتیبار وەرناگرێ، چ جای تێڕوانین و بیروبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان، من لەو خاڵەدا تەنها بۆ خاڵەکانی تر کە تەصویتی لەسەر کرا ناچمەوە سەری، تەنها لەسەر ئەو خاڵە کە بە دەستەواژەی ئاکاری گشتی دێت، لێژنەی کۆمەڵی مەدەنی، لێژنەی مافی مرۆڤ، هەروەها کاتی خۆی لە کاتی گفتوگۆکەشدا ئیجماعێك هەبوو کە هیچ مانعێك نەبێ، ئاکاری گشتی تێدا نەکرێت، چونکە هەم لە دەستووردا هاتووە، هەم دەکرێ لەو تەفسیر و ئیجتیهادە مەتاتیانە بچینە دەرەوە، کە نەبێ هیچ عەیبێکی تێدا نیە، تیکرارمان کردەوە، چەندین ئەندامی پەرلەمانیش تەسنیەی کرد، (بالنتيجة) هەر داخل دەکرێ، لە ڕاستیش جێگەی نیگەرانییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك دانا، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە ئەو ڕەئیەی کاك سالارم هەیە، بە نیسبەت سیستەم و ئاکاری گشتی پێشنیارمان کرد بکرێت بە سەلامەتی گشتی لە جیاتی ئەوەی، یاخود بەرژەوەندی گشتی، نازانم شتێکی لەو بابەتە پێموایە تۆزێك مۆدێرن ترە، بە هەرحاڵ، لە (سێیەم) ئێمە حەقمان داوە بە وەزیر و بە سەرۆکی یەکەی کارگێرییەکان کە حەقی ڕەفزکردنەوەیان هەبێ لەو حاڵەتەی کە دیاری کراوە، بەلاّم لە هەمان کات ئێمە دیاریمان نەکردووە کە ڕێکخەرانی بابلێین خۆپیشاندان، یان لێژنەی ڕێکخەران، ئایا مافی دانوستاندنیان هەیە لەسەر ئەوەی ئەو لەگەڵ جەنابی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، من پێشنیار دەکەم ئەو حەقە بدرێت بەوانەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە کە مافی دانوستان کردنیان هەبێ لەسەر ئەو خاڵە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا صیاغەکەتان حازر بکەن، بۆ ئەوە دوو صیاغە هەیە، هەردووکی، بیخوێنە، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری بۆی هەیە داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی ڕەت بکاتەوە، ئەگەر بۆی ساغ بۆوە کە زیان بە سەلامەتی گشتی دەگەیەنێ و پێ ڕاگەیاندنی ڕەت کردنەوەکەش بە نووسین دەبێت و هۆکارەکەشی دیاری دەکرێت، لێژنەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندان بۆیان هەیە دانوستان لەسەر بڕیاری ڕەت کردنەوەکە لەگەڵ وەزیر و لەگەڵ سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی مولاحەزەتان لەسەر هەیە بیلێن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نیزامی عام و ئادابی عامە ئەوەی لە سەرەتای ڕوونکردنەوەکەی تێبینیەکان جەختم لەسەر کرد، چەنکە زانیم لە ماددەکانی تریش هەمان گفتوگۆ دێتە پێشمان، هەر لە دەستوور هاتووە ئێمە پابەندین بە نیزام عام و ئاداب، لە قانونەکە هەبێت یان نا، لەبەر ئەوە لەماددە (38) کە باسی حورییەی تەزاهور دەکات، دەڵێ: (تکفل الدولة بما لایخل بالنظام العام و الآداب حریة الإجتماع و التظاهر السلمي)، واتا حیمایەتی ئەو شتە دەکات، ئەو حەقە، ئەو مافە، بەلاّم بە مەرجێك ئیخلال بە نیزام عام و ئاداب نەکات، لە دەستوور هەیە، ماددە (38) بڕگە سێیەم هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار جەنابت دیفاع لەوەی خۆتان بکە و دەیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام بەڕێز د.ڕۆژان خۆی ئاماژە دەکات ئەوا بە نەصی صەریح لە دەستوور هاتووە، من تەصەورم وایە ئیجاب ناکا لەو یاسایەدا بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنی، کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت سەلامەتی گشتی هەمان ڕەئیمان هەیە ئێمە، بەڵام وەڵامی ئەوەشیان نەداینەوە کە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانیش مافی دانوستاندنیان هەبێ لەسەر ئەو ڕەت کردنەوەیە، لە کاتێکدا تەنیا حەق بە دەسەڵات دراوە لێرە حەقی ڕەتکردنەوەی لەسەر ئەو بنەمایانە، بەڵام ئایا ڕێکخەرانی خۆپیشاندان بۆیان هەیە دانوستان بکەن؟ یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەکەی دواتر هاتووە (لجنە)، لجنە پێناسەی کرایە لە مادده (1) کە کێ یە ئەوانەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکەن؟ ئەوان مافی تانەگرتنیان هەیە لەسەر بڕیاری ڕەفزەکە، واتا ئەگەر متمانە بەوەش نەبوو قەرارەکە لە جێی خۆیەتی، قەراری ڕەفزەکە، ئەوانە ئیعتیراز دەگرن، لەبەردەم مەحکەمە، لەوەی زەمانەت زیاتر لە قانونەکە هاتووە و مافی ئەوەیان هەبێت تانە بگرن لەو بڕیارەی درایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابت؟

**بەڕێز کریم سنجاری / وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من کە بڵێ سەلامەتی گشتی دەستی ئەجهیزەی ئیداری باش دەکاتەوە، زۆر شت دەتوانین بکەینە حیجەت سەلامەتی گشتییەوە ڕەفزی بکەین، بە ڕەئی من بۆ خەڵق باشترە، بۆ لیژنەی کە داوای خۆپیشاندان دەکات باشترە، چونکە سەلامەتی گشتی دەستمان دەکاتەوە، زۆر شت دەتوانین بەحیجەی سەلامەتی گشتی ڕەفزی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، دەیدەینە دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ثالثاً: للوزير أو لرئيس الوحدة الإدارية رفض طلب تنظيم المظاهرة إذا تحقق لديه بأنها سوف تخل بالنظام العام أو الآداب العامة، و يتم إبلاغ رفض الطلب تحريرياً و مسبباً.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیش، کەرەمکە.**

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سێیەم: وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری بۆی هەیە داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان ڕەت بکاتەوە، ئەگەر بۆی ساغ بووەوە کە زیان بە سیستەم و ئاکاری گشتی دەگەیەنێ و پێ ڕاگەیاندنی ڕەت کردنەوەکەش بە نووسین دەبێت و هۆکارەکەش دیاری بکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان گوێتان لێ بوو، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵی (4)، کەرەمکە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**رابعاً: لجنة الإعتراض على قرار الرفض لدى محمكمة إستئناف المنطقة خلال ثلاثة أيام من تاريخ التبليغ و على المحكمة البت في الإعتراض خلال مدة (48) ساعة و يكون قرارها باتاً.**

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چوارەم: لێژنە بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتکردنەوە بگرێ لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە ماوەی (3) ڕۆژ لە مێژووی پێ ڕاگەیاندن و دادگاش پێویستە لە ماوەی (48) کاتژمێر تانەکە یەکلایی بکاتەوە و بڕیارەکەش یەکلاکەرەوەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵی (5).**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خامساً: يستثنى من حصول الموافقة خروج المواطنين أفراداً أو جماعات إلى الميادين و الشوارع و الأماكن العامة في المناسبات الوطنية و القومية و الدينية طبقاً للأعراف المحلية السائدة و للأغراض أعلاه.**

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێنجەم: دەرچوونی هاووڵاتیان بە تاك یان بە كۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقامەكان و شوێنی گشتی لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی بە پێی داب و دەستووری خۆجێیی باو بە دەردەكرێ لە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ مەبەستەكانی سەرەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان گوێتان لێ بوو، مولاحەزەتان هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز د.دانا سعيد صوفي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر قەرارە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و، كلتووری با ڕۆشنبیریشی بۆ زیاد بكرێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**صیاغەكەتان حازر بكەن بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، كەرەمكە فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من وام پێ باشە تەنها شوێنی گشتی بمێنێتەوە، چونكە گۆڕەپان و شەقامیش بەشێكە لە شوێنە گشتیەكان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كەرەمكە.**

**بەڕێز د.دانا سعيد صوفي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**صیغەكەی ئەوەی ئێمە پێشنیارمان كردووە بەو شێوەیە دەبێ: (دەرچوونی هاووڵاتیان بە تاك یان بە كۆمەڵ بۆ شوینە گشتیەكان لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و ڕۆشنبیری دا بە پێی داب و دەستووری خۆجێیی باو بە دەردەكرێ لە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ مەبەستەكانی سەرەوە).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**یاسایی كەرەمكە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەی کاك دانا گوتی تەرکیزی کردۆتە سەر (أماکن عامە)، خۆ موزاهەرات هەر لە ئەماکنی عام ناکرێت، لە جاددەکانیش دەکرێ، لە شەقامەکانیش دەکرێت، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوە ئەصڵەن موستەسنایە، من بۆ لێرە بینم ئیستیسنای بکەمەوە، بەڵام مەسەلەی موناسەباتی قەومی و وەتەنی و دینی، ئەوە مەوزووعێکی ترە، حەق نیە ئێمە مەسائیلی سەقافی تێکەڵی ئەو مەسەلەیە بکەین، چونکە (بالأصل) ئەو مەسەلانە موستەسنایە، کەس ڕێگر نەبووە لە سیمینار بەستن یان لە گۆنگرە بەستن، یان لە کۆبوونەوە، یان هەر برادەرێك بچێتە هەر شوێنێك خەڵك لە دەوری کۆبێتەوە قسەیان بۆ بکات، بۆیە (بالأصل) ئەمە لەو قانونە موستەسنایە، پێویست ناکات ئێمە تەئکید لەسەر ئیستیسنایەك بکەین کە لە ئەصڵی قانونەکەدا کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەر ئەو ماددەیە زیادە، بەڵام دەڵێم ئەگەر هەبێت، لەبەر ئەوەی موناسەباتی ئاینیش کەس ڕێگای لێ نەگرتووە، بە هەمان شێوە موناسەباتی ئایینیش، موناسەباتی نەتەوەیی هیچ پێویستی بە ئیجازە وەرگرتن نەبووە تا ئێستا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوەی کاك دانا دەڵێ، بەس موناسەباتی ئاینی چ مەتالیبی تێدایە، چ موتەزاهیرینی بەو شێوەیەی کە لە یاساکەدا هاتووە، تێدا هەیە، چ تەجەموعیشی تێدایە بە ناوی موزاهەرە، بۆیە دڵخۆشییە کە خەڵك دڵی خۆشە دەچێتە دەرەوە بۆ ئەو موناسەبە وەتەنیانە و ئەو موناسەبە دینیانە، بۆیە بە قەناعەتی من نەصەکە لە جێگای خۆی هاتووە، داوا لە بەڕێزیشتان دەکەم کە بدرێتە تەصویت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەفرادیش، یەعنی ئیتر دەخەینە بن قانونەوە؟ کەرەمکەن ناوخۆ.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی لیژنەی کەمەڵەی مەدەنیش قەناعەت پێ بکات، وا بنووسرێت: (نابێ لە ڕۆژانی پشوو و بۆنە ئاینەکان و نیشتمانیەکان دا خۆپیشاندان بکرێت).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان ئەو صیاغەی تازە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خامساً:

یستثنی من حصول الموافقة خروج الناس جماعاتاً إلى المیادین و الشوارع و الأماكن العامة في المناسبات الوطنیة و القومیة و الدینیة طبقاً للأعراف المحلیة السائدة و للأغراض أعلاه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردییەكەش كەرەمكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێنجەم:

دەرچوونی خەڵك بە كۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەكان لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی بە پێی نەریتی خۆجێی باو بە دەردەكرێ لە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ مەبەستەكانی سەرەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو، كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا ئەو ماددەیە یەك یەك دەنگی لەسەر درا، بەڕێزان ببوورن، فەقەرەی (6) كە داواكرابوو ئیلغا بكرێت، دەیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی (6) لابچێت، ئیلغا بكرێت، تیادا نەبێت دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ فەقەرەی (6) لادرا، پەسند كرا، زۆر سوپاس، ئێستا ماددەكە هەمووی خاڵ خاڵ خرایە دەنگدانەوە و پەسند كرا بەو ئاڵوگۆڕانەی كە كرا، بۆ ماددەی (3).

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

1 - یقدم طلب تنظیم المظاهرة من قبل اللجنة قبل الموعد المعین لإجرائها بثمان و أربعین ساعة على الأقل على أن یراعى في ذلك أیام العطل الرسمیة.

2 - یجب أن یتضمن الطلب أسماء و عناوین و تواقیع أعضاء اللجنة المشرفة على تنظیم المظاهرة و بیان الغایة منها و تحدید مسارها و الزمان و المكان المحددین لها.

3 - یجب أن تكون المظاهرة سلمیة و خالیة من أعمال العنف و یحظر رفع شعارات تحرض على العنف.

4 - في حالة عدم الرد على الطلب المقدم من قبل اللجنة بعد مضي ثمان و أربعين ساعة على تاريخ تقديم الطلب يعد ذلك موافقة على تنظيم المظاهرة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەیشی، كەرەمكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

1 - داواكاری ڕێكخستنی خۆپیشاندان لەلایەن لێژنەوە پێش وادەی كردنی بە (48) كاتژمێر بەلایەنی كەم بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بكرێت.

سەبارەت بەو ماددەیە دوو ڕا هەبوو، ڕایەكەی تر: ئاگادار كردنەوەی ڕێكخستنی خۆپیشاندانەكە پێشكەش دەكرێت.

2 - پێویستە داواكارییەكە ناو و ناونیشان و ئیمزای ئەندامانی لێژنەی سەرپەرشتی كاری ڕێكخستنی خۆپیشاندانەكە بگرێتە خۆ مەبەستەكەشیان لەو بارەیەوە ڕوون بكرێتەوە، ڕێگای ڕۆیشتنەكەیان و كات و شوێنی دەستنیشان بكرێت.

3 - پێویستە خۆپیشاندانەكان ئاشتیانە بن و دووربن لە كاری توند و تیژی و بەرزكردنەوەی دروشمێ كە خەڵكی هان بدات بۆ توند و تیژی قەدەغە دەكرێ.

4 - لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواكارییەكە لەلایەن لێژنەوە، كە لەلایەن لێژنەوە پێشكەش كراوە دوای تێپەڕبوونی (48) كاتژمێر بەسەر مێژووی پێشكەش كردنی داواكارییەكە ئەمە بە ڕەزامەندی لەسەر ڕێكخستنی خۆپیشاندانەكە دادەنرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە ڕەئی هاوبەشتان هەیە هەمووتان، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكە تەنها لەسەر ئەوەی بڕگەی یەكەمە، كە (48) سەعات دانراوە بۆ پێشكەش كردنی داوكارییەكە، بەڵام لە بەڕێزتان داوا دەكەم جەنابی وەزیر داوای ڕوونكردنەوەیەك بكەن لەبەر ئەوەی لە ڕێنماییەكانی خۆیان كە لە (2010/4/20) دەریان كردووە، ئەوان داوای (24) كاتژمێر دەكەن، نازانم ئەگەر ئیمكانی ئەوە هەبێ ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕایەن ئەوان؟ یاخود لەسەر 24 كاتژمێرەكەن؟ یاخود ڕای تریان هەیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت بۆ ئەو خاڵە؟

**بەڕێز كريم سنجارى / وەزيرى ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەوەى كە ئێمە دەرمان هێنابوو بۆ ئەوە تەعلیماتێك بوو، قانون نەبوو ئێمە شتێكمان دەركرد بۆ ئەوەى بۆ ئەو ماوەیە بتوانین ئیدارەى ئەو وەزعە بكەین، ئێستا ئەوە دەبێتە قانون، كە بوو بە قانون بە ڕەئى من (48) سەعات باشە، بۆ ئەوەى ئێمەش بتوانین دەزگا ئیدارییەكان باشتر دیراسەتى بكەن، باشتر تەهیئەى وەزعى ئەمنى و هەموو پێداویستیەكان بۆ بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەى دەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكەن ناویان بنووسن، فاضل بەشارەتى، شوان كریم، ئاشتى عزیز صالح، د.رفیق صابر، بەڵێ كاك فازل بەشارەتى كەرەمكە.

**بەڕێز فاضل بەشارەتى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە ماددەى (3) باس لەوە دەكات كە ڕۆژانى پشوو لەبەرچاو بگیرێ، كەواتە ڕۆژانى پشوو ڕێپێوان یان خۆنیشاندان نەكرێ، پێموایە هەندێك لە موناسەبەكانى ئێمە وەكو لە كوردستان دەكەوێتە ڕۆژانى پشوو، كەواتە ئەگەر وەكو ئەوە ڕەچاو بكرێ دەبێ هەر لەو یاسایەدا ڕۆژێكى تر دیارى بكرێ، ئایا دەبێت مەسەلەى كارەساتى هەڵەبجە بیزەبت لە (3/16)دایە، یەعنى ڕۆژى (3/16) پشووە، كە ئەو ڕۆژە نەكرێ هەموو دونیا و ڕاى گشتى، خەڵك لە ڕۆژى (3/16) دێنە ئەوێ، كارەساتەكانى تر بە هەمان شێوە، كەواتە ئەگەر لە ڕۆژانى پشوو ئەوە نەكرێ دەبێ ڕەچاوى ڕۆژێكى تر بكرێ و لەو یاسایە جێى بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شوان كەریم، كەرەمكە.

**بەڕێز شوان كريم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە ماددەى (3) سێیەم، من پێشنیار دەكەم برگەیەك بۆ كۆتایى دەقى برگەى سێیەم ئیزافە بكرێت بەو شێوەیە، كە دەڵێ (ثالثاً): (يجب أن تكون المظاهرة سلمية و خالية من أعمال العنف و يحظر رفع شعارات تحرض على العنف)، لێرە ئەوەى بۆ ئیزافە بكرێ، ئەو برگەیە: (و النعرات الطائفية و الدينية و العرقية و أن لاتحرض مجموعتين ضد بعضها البعض)، جا هینەكەش دەنێرم بۆ بەڕێز لێژنەى یاسایى، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ڕێزدار ئاشتى عەزیز، كەرەمكە.

**بەڕێز ئاشتى عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم خاڵی یەكەمی كە نووسراوە: (يقدم طلب تنظيم المظاهرة)، بەو پێیەی كۆی دەنگەكان بڕیار لەسەر مۆڵەتدانە، تەڵەبیش تەنها بۆ مەسەلەی ڕێكخستن نیە، بۆ مەسەلەی قبوڵكردن و قبوڵ نەكردنە، یان ئیجازە پێدان یان ئیجازە پێ نەدان، بۆیە پێویستە ئەو وشەی تەنزیم كردنە بە ڕای من هەڵبگیرێ، صیاغەكەی وای لێ بێتەوە: (پێشكەش كردنی داواكاری ئەنجامدانی خۆپیشاندانەكە)، بۆ ئەوەی لە بڕگەكانی تریشدا جارێكی تر تەئكید بكرێتەوە ببینرێت كە ئەوە مەسەلە ئیجازە پێدان و ئیجازە پێ نەدانە، لە خاڵی دووەمدا (التجمع العام و بيان الغاية منها و تحديد مسارها)، ئەو مەسارەش لەوێدا تەحدید بكرێ، ئایا مەساری جوغرافییە؟ چونكە دڵنیام كە ئەگەر نیەتەكەش ئەوە بێ، لە دواوە كە دەڵێ: (الزمان و المكان)، جارێكی تر تەحدیدی كردۆتەوە شوێنەكە چیە، بۆ ئەوەی ئەوە زۆرتر تەحدید بێ و مەجالی تیا نەبێ، تەئكیدەن بۆ خاڵی یەكەمیش جارێكی تر كە لە ماددەی چوارەمدا دەڵێت: (بعد إستحصال الموافقة التحريرية)، یەعنی جارێكی تر ئەوەش موافەقەت كردنەكە بە شێوەیەكی نووسراو پێشكەش دەكرێ، بۆیە هەر لێرە تەئكید دەكەمەوە كە ئەوە تەڵەبەكە كە تەقدیم دەكرێ بە نیەتی تەنزیم نیە، بە نیەتی موافەقەت كردن و موافەقەت نەكردنە، ئەگەر ئەوە جارێكی تر صیاغەكەی بگۆڕێت، ئینجا خاڵی سێیەم هەر سەبارەت بە بڕگەی، بە ماددەی سێیەم، خاڵی سێیەم نووسراوە: (يجب أن تكون المظاهرة و التجمع العام سلمية)، ئەوە صیغەیەكی ڕاسپاردەی هەیە، تەوصیەش لە ناو قانوندا بەڕای من یەعنی ئەو صیغەیە یان موعالەجە بكرێت، یان لەوێدا شوێنی نابێتەوە، چونكە لە هەندێ شوێنی تردا ئێمە ئیشارەتمان بەوە داوە، یەعنی ئەو گومان و گومڕاییە و بەردەوام دووبارە كردنەوە كە دەبێ سلمی بێ و عونف بەكار نەیێت، عونفی لێ نەكەوێتەوە، لە ماددەكانی تردا موعالەجەی ئەو بڕگەیەی كردووە، دووبارە كردنەوەی لێرە ئەگەر لە گومڕایی زیاتر تەصەوری ناكەم خزمەت بە یاساكە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ڕەفیق سابیر، كەرەمكە.

**بەڕێز د.رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لەو، یان ڕاستیەكەی كە من دەمویست بڵێم هاوكارم كاك شوان كابان گوتی، من پشتگیری پێشنیارەكەی دەكەم، من پێمباشە ئەو ڕستەیەی كە بۆی زیاد بكرێ بەو شێوەیە بێ، بڕگەی سێیەمی ماددەی سێیەم: (يجب أن تكون المظاهرة و التجمع العام سلمية و خالية من أعمال العنف و يحظر رفع شعارات تحرض على العنف و الكراهية و معاداة مجموعة دينية أو إثنية أو قومية محددة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لێژنەی یاسایی، با ئەوەل لێژنەی مافی مرۆڤ، كەرەمكە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

له ڕاستیدا من دوای ئەوەی ڕێنمایی بەڕێز وەزارەتی ناوخۆم خوێندەوە، دەکرێ دەستخۆشیان لێ بکەین، کە دیارە ئیمکانیەتیان هەیە لە کاتێکی کەمتر لەو ماوەی کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، ئیمکانیان هەیە کە بتوانن ئامادەکاری بکەن بۆ داکۆکی کردن لە پاراستنی هەر خۆپیشاندان، ڕێپێوان یان هەر حاڵەتێکی تر پەیوەندی بەو پرۆژە یاساوە هەیە، بۆیە لەسەر بنەمای ئەو ڕێنماییە، هەروەها بە حوکمی ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش کە لە چوارچێوەی دەرکردنی ئەو ڕاپۆرتانەدا زۆر گوێمان لێ گرتن، هیوادارین لەوەیاندا شتێك بە قسەیان بکەین، کە ئەو 48 سەعاتە بکرێتە 24 سەعات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر ڕای خۆم وت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەوێ موناقەشەمان کردووە کە چۆن هاتووە هەر لەسەر 48 سەعاتەکەی خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایەین لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە، بەڵام ئەگەر چەند ڕوونکردنەوەیەك بدەم، ئەو پێشنیارانەی پێشکەش کران سەبارەت بە تێبینی یەکەم لەسەر ئەوە بوو کە لەبەرچی ئەو دەقە باس لەوە دەکات ڕەچاوکردنی ڕۆژانی پشوو؟ بەڕێزان ڕەچاوکردنی ئەو ڕۆژانە بۆ بەرژەوەندی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بوو، نەوەك داواکە پێشکەش بکەن، وەزارەت بە حیجەتی ئەوەی ماوەکە تێپەڕیوە و مافیان نیە لێرە، یان کەوتە ڕۆژانی پشوو، لەبەر ئەوە ئەو ڕۆژانە لەبەرچاو بگیرێ حیساب نەکرێت بۆیان، بۆ ئەوەی داواکەیان بە هەند وەربگیرێ و ڕۆژەکانی پشوو حیساب نەکرێن، سەبارەت بە: (طلب تنظیم المظاهرة)، تەڵەبەکە و ماددەی پێشتر باس لە ئیجازە دەکات، تەڵەبەکە، داواکارییەکە بۆ ئەوەیە داوای مۆڵەت دەکەن، داواکە پێشکەش دەکرێ بۆ ئەوەی مۆڵەت وەربگرن، هەر ئەوەندەیە تەڵەبەکە (طلب تنظیم المظاهرة) مانای ئەوەیە داواکردنی داوای مۆڵەت وەرگرتن بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە، ڕێکخستنی خۆپیشاندان واتا ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە، باس لەوەش کرا کەوا (أن تکون المظاهرة سلمیة) وشەی (یجب)ی تێدایە بیدایەتی فەقەرەکە، (یجب) یەعنی شتەکە ئیلزامییە، نەك وەك تەوجیهاتێك بێت، (یجب أن تکون المظاهرة سلمیة)، واتا ئیلزامییە دەبێت بەو شێوەیە ئەنجام بدرێ، سەبارەت

بەوەی پێشنیار کرا کۆمەڵێك دەستەواژە و بڕگە زیاد بکرێت بۆ کۆتایی بڕگەی سێیەم، (يحظر رفع شعارات تحرض على العنف) کۆمەڵێك شت هاتووە، ئەگەر وشەی تەمییز زیاد بکەین بۆ ئەوەی وابزانم هەموو ئەو پێشنیارەی جەنابتان لەخۆ دەگرێ، (يحظر رفع شعارات تحرض على العنف و التمييز)، تەمیزەکە هەموو شتەکان دەگرێتەوە، فراوانە ئەگەر پێتان باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، دەیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

1 - يقدم طلب تنظيم المظاهرة من قبل اللجنة قبل الموعد المعين لإجرائها بثمان و أربعين ساعة على الأقل على أن يراعى في ذلك أيام العطل الرسمية.

2 - يجب أن يتضمن الطلب أسماء و عناوين و تواقيع أعضاء اللجنة المشرفة على تنظيم المظاهرة و بيان الغاية منها و تحديد مسارها و الزمان و المكان المحددين لها.

3 - يجب أن تكون المظاهرة سلمية و خالية من أعمال العنف و يحظر رفع شعارات تحرض على العنف والتمييز.

4 - في حالة عدم الرد على الطلب المقدم من قبل اللجنة بعد مضي ثمان و أربعين ساعة على تاريخ تقديم الطلب يعد ذلك موافقة على تنظيم المظاهرة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

1- داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەلایەن لێژنەوە پێش وادەی ئەنجامدانی بە (48) کاتژمێر بەلایەنی کەم بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێت.

2- پێویستە داواکارییەکە ناو و ناونیشان و ئیمزای ئەندامانی لێژنەی سەرپەرشتی کاری ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە بگرێتە خۆ مەبەستەکەشیان لەو بارەیەوە ڕوون بکرێتەوە، ڕێگای ڕۆیشتنەکەیان و کات و شوێنی دەستنیشان بکرێت.

3- پێویستە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بێ و دووربێ لە کاری توند و تیژی و بەرزکردنەوەی دروشمێ کە خەڵکی هان بدات بۆ توند و تیژی یا جیاکاری قەدەغە دەکرێ.

4- لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە کە لەلایەن لێژنەوە پێشکەش کراوە دوای تێپەڕبوونی (48) کاتژمێر بەسەر مێژووی پێشکەش کردنی داواکارییەکە ئەمە بە ڕەزامەندی لەسەر ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە دادەنرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا سبەی سەعات (11) بە خواتان دەسپێرین، سبەی سەعات (11) ئامادە بن، خواحافیزتان بێت.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

## چوارشەممە ڕێکەوتی 3\11\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/11/3

كاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی چوارشــەممە ڕێكــەوتی 2010/11/3 پەرلــەمانی كوردســتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (11)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/11/3 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسـای خۆپیشـاندان و كۆبوونـەوە گشـتییەكان لە هەرێمی كوردستان-عیراق.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو كردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاسـاوی یاسـایی لـە هـەرێمی كوردستان-عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكات، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن سـاڵی دووەم خـولی گرێـدانی یەكـەم ژمـارەی دانیشتن (11)، ڕۆژی دانیشتن (2010/11/3) بەرنامەی كار:

بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992، پەرلەمانی کوردستان-عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی (2010/11/3)دا بەو شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

ئێستاش داوا لە لێژنەی یاسایی، ناوخۆ و کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ دەکەین کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان، بەڕێزان ئەوڕۆ بە بێ وەزیری ناوخۆ گفتوگۆکان دەکەین، چونکە دانیشتنی لێژنەی ئەمنیان لە بەغدایە، چوونەتە بەغدا کە وەزیریش خۆی لە هەرێم بێت، یەکی تر لە جیاتی ئەو نایێت بۆ ئاگاداری، کەرەمکەن لە ماددەی چوارەوە دەست پێ بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەقی مادده چوارتان بۆ دەخوێنمەوە لە یاساکە بە زمانی عەرەبی:

المادة الرابعة:

1-لكل المواطنين في إقليم كوردستان و الأحزاب السياسية و منظمات المجتمع المدني و النقابات المهنية و الإتحادات و الجمعيات و غيرها من التنظيمات المجازة قانوناً حرية تنظيم المظاهرات بعد إستحصال الموافقة التحريرية.

الرأي الثاني:

(بعد إشعار الوزير أو رئيس الوحدة الإدارية دون إستحصال الموافقة)، ئەوە نەما تەبعەن.

2-تتولى أجهزة الشرطة الإهتمام بحماية المتظاهرين.

3-على الجهات المعنية الإستماع إلى مطالب المتظاهرين لإيجاد الحلول المناسبة لها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکەن بە کوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

1-هەموو هاووڵاتیەك لە ناو هەرێمی کوردستان و حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەندیکا پیشەیی و یەکێتییەکان و کۆمەڵەکان و غەیری ئەوانە لە ڕێکخراوە مۆڵەت پێدراوەکان بە شێوەیەکی یاسایی ئازادی ڕێکخستنی خۆپیشاندانیان هەیە، بەڵام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بە نووسین.

ڕای دووەم تەبعەن نەما.

2-دەزگای پۆلیس گرنگیدان بە پاراستنی خۆپیشاندەر دەگرێتە ئەستۆ.

3-لایەنی پەیوەندیدار دەبێ گوێ لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران یان کۆبوونەوە گشتییەکان بگرێ و بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان لەسەر پرۆژەکە؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو خاڵەین کە وەکو خۆی هاتووە، بەڵام تەنها تێبینیەك هەبێ لەسەر وشەی (نووسینە)، لە ڕاستیدا هەندێك جار دەکرێ ئەو وەرگرتنی ڕەزامەندییە لە ڕێگەی ئیمێلەوە بێ، لە ڕێگەی فاکسەوە بێ، دەکرێ لە (ڕێگەی نووسین) بکرێ بە (فەرمی) تەصەورم وایە ئیجابی ترە، ئەگینا وەکو محتەوا گرفتێکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕایە مە لەگەڵ وی ماددەیە وەکی ئەوە هاتیت د پرۆژەیدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چۆن هاتووە لەوێ، لەبەر ئەوەی هەر چوار لیژنەکە کە موناقەشەمان کردووە لەسەر ئەوە ئیتیفاقمان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین هەر وەك خوێندرایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەوڕۆ زۆر کەس جێگایان گۆڕیوە، ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان دەڵێ ئەوە نایاسایییە، بۆ ئاگاداریتان، ئەوانەی کە ناوی خۆیان تۆمار کردووە: ئاشتی عزیز، گۆران ئازاد، د.صباح محمد، کاردۆ محمد، ناسك توفیق، حاکم ڕزگار، عظیمة نجم الدین، سیوەیل عثمان، هاوڕاز خۆشناو، خلیل عثمان، د.حسن محمد سورە، کوێستان محمد، عدنان عثمان، إسماعیل سعید، عمر عبدالعزیز، حمە سعید حمە علی، کەسی تر ماوە ناوی نەنووسرابێ؟ نیە، ڕێزدار ئاشتی کەرەمکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم، لێرە کە لە کۆتایی ماددەکەدا نووسراوە (حریة تنظیم المظاهرات و التجمعات العامة بعد إستحصال الموافقة التحريرية)، قسەکەی من لەسەر ئیستیحصالی موافەقەی تەحریری یەکەمە، تەناقووزە لەگەڵ ماددەی سێیەمدا، کە خاڵی چوارەمی دەڵێت: لە دوای ئەگەرهاتو وەڵامەکە نەدرایەوە لەلایەن مەحکەمەی ئیستیئنافەوە لە دوای 48 سەعات، ئەوە یەعنی ئەو تەڵەبە بە قبوڵ کردن دادەنرێ، ئا لێرەدا جارێك لەو لایەنەی کە داواکەی تۆمار دەکات لە مەحکەمەی ئیستیئناف لە دوای 48 سعات، ئەو داوایە بە شێوەیەکی تەحریریە، ئا لێرەدا داوا دەکرێ تۆمار کردنەکە یاخود داواکردنەکە و ئیجازە پێدانی ئەو لایەنە، دەبێ لە دوای وەرگرتنی ئەو موافەقەتە تەحریریەوە بێت، ئەگەر وابێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دوای 48 سەعات کە سکاڵایەکی تۆمار کردووە، وەڵامی نەدراوەتەوە، ئەو بە ئیجازە حیساب بێ، پێویستە ئەو موافەقەتە تەحریریەش هەڵبگیرێ بۆ ئەوەی دواتر ئیجازەکەی ئەویش ئیعتیبارێکی قانونی بۆ بکرێ و بە باتڵ حیساب نەبێ، سەبارەت بە خاڵی دووەمی ماددەی چوارەم (تتولى أجهزة الشرطة)، ئەوە بکرێ بە شوڕتەی چالاکییە مەدەنییەکان، بەو پێیەی چالاکییە مەدەنییەکان باشتر لە ڕێگای ئەگەر لە هەندێك شوێنی کوردستاندا، لە هەرێمدا ئەو پۆلیسانە ئامادەش کرابێت، ئەوکات کە حکومات و وەزارەتی ناوخۆ موجبەر بێت بۆ ئەوەی بەردەوام خولی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی توانای شوڕتەی چالاکییە مەدەنییەکان بکات، سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکدا، چونکە ناکرێ بە تەنها بە شێوەیەکی گشتی بوترێ شورتە، لە کاتێکی ئەزمەیەکی تەزاهوری گەورەیە، شورتەی هەندێك وەحداتی ئیداری تر، یان هەندێك سێکتەری تر بهێندرێ لەو موزاهەرەدا بەکار بهێنرێ، نەزانێ موعامەلە لەگەڵ

خەڵكدا بكات، چۆن موعامەلە لەگەڵ قەڵغان و كۆمەڵێك پێداویستیە مەدەنیەكانی خۆیان كە بە مەرج دانراوە، ئەوەش جارێكی تر حكومەت ئیجبار دەكاتەوە كە بەردەوام توانای ئەو شوڕتانە بەرز بكاتەوە لە شێوازی مامەڵە كردن لەگەڵ موتەزاهیریندا، لەكاتی پشێوی و لە كاتی سلمیشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گۆران ئازاد، كەرەمكە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەكم هەیە تەنها لەسەر خاڵی (3)، ئێمە كە ئەو یاسایە دەردەكەین كە بۆ ڕێكخستنی خۆپیشاندانە و مەسئولیەت دەكەویتە سەر جیهەی ئەمنی و پۆلیس بۆ پاراستنی مومتەلەكات و سەلامەتی خۆپیشاندەران، بەڵام ئێمە زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو كێشەیە دەبینەوە كە خۆپیشاندەر لەبەردەم جیهەی مەعنی زۆر دەمێننەوە، جاری وا بە چەند ڕۆژ دەمێننەوە نابینرێن، لێرە ئەوە باس كراوە بەڵام پێشنیاری ئەوە دەكەم كەوا ئیزافەیەكی بكرێتە سەر، كەوا وەختێكی دیاری كراوی بۆ دابنرێ، ئان ئەوەتە بڵێ لە كورترین ماوە، یەعنی تیایدا تەحدیدی وەقت بكرێ، نەوەك بە كراوەیی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لایەنی بەرپرس زووتر بەدەم داواكارییەكانەوە بچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.صباح، كەرەمكە.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، یەكەم: ڕەنگە ئەوە بۆچوونێك بێت، سەبارەت بە تەرتیبی ماددەكە ئێمە لە پێشدا دەبێ تەسبیتی حەقەكە بكەین، ئینجا باسی مەوزووعەكە بكەین، ئەو ماددەیە باسی ماف دەكات، دەڵێ كێ مافی خۆپیشاندانی هەیە؟ دەبوایە ئەوە پێش ماددەكانی تر بوایە، چونكە لە پێشدا دەبێ مافەكە تەسبیت ببێ، ئینجا باسی ئەوە بكرێت تەنزیمی موزاهەرات چۆن دەكرێ؟ ئەوە خاڵی یەكەم، ئایا ئەوە ئیشكالێك دروست ناكات؟ بەڵام ڕەنگە تەرتیبەكە وا جوانتر بوایە، بە پێشدا تەسبیتی ماف ئینجا مافی ئەوە بكرێت چۆن تەقدیمی تەڵەب دەكرێ بۆ تەزاهوورە، نوقتەیەكی تر كە ئاماژەی پێ بكەم، ئایا ئەو كەسانەی كە مواتینی كوردستان نین، هاووڵاتی نین بەڵام موقیمن لە كوردستان، مومكینە خەڵكی وڵاتێكی تر بن، ئەگەر بیانەوێ خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، بە پێی ئەو دەقە بێ ناتوانن، چونكە ئەوە نەصە كە صەڕاحەتەن باسی ئەو كەسانە دەكات كە مافی خۆپیشاندانیان هەیە، موقیمەكانیش ئیزافە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ڕوونکردنەوەیەك بۆ قسەی جەنابت، لە دەرەوە لە زۆر وڵات کە موزاهەرە دەکرێت، ئـەوەی مونـەزیمی موزاهەرەکەیە، دەبێ جنسیەی ئەو وڵاتەی هەبێ، موقیمی ئەو وڵاتەش دەبـێ، ئینجا خـەڵکی تـر کـە پـاش ئێمە کورد بووین لە یۆنان جنسیەمان نەبوو، موزاهەرەیەکمان دەکرد بۆ هەڵەبجە بەڵام دەبوایە یەکێك کە جنسیەی ئەو وڵاتـەی هـەبێ تەسجیل بکـات، ئینجا خـەڵکی تـر دەچـوو، ئـەوە هـەر بـۆ ڕوونکردنەوەیـەك، سوپاس، ڕێزدار کاردۆ، کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ موناقەشەیەکی زۆرمان کرد لەسەر مۆڵەت و ئاسانکاری و ئەوانە، ئەو دەقە لـە جیـاتی مافەکـە بدان ئەوەندە تەشدیدی کردۆتەوە سەر ڕێکخراوەکان دەبێ مۆڵەتیان هەبێ، جارێکی تـر بـە نووسـین ئـەوە وەرگرێتەوە، ئەوە مافەکە دەیدەیتە هاووڵاتی، ئـێ تـۆ ئەگـەر ئـەو ڕێکارانـە، ئـەو ڕێ و شـوێنە یاسـاییانەت گرتۆتەبەر پێشتر کە باس کرا لە مۆڵەتەکە کە دەبێ چی بکات؟ ئـەوە بـۆ جـارێکی تـر تەئکیـد دەکەینـەوە، جـارێکی تـر ترسـێکی گـەورەمان بـۆ دروسـت دەکـات، بەڕاسـتی ئـەو مۆڵەتـە کێشـەیەکی زۆر گـەورەمان بـۆ دروست دەکـات، لەبـەر ئـەوە پـێم باشـە هـەموو هاووڵاتیـەك لـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان، هـەروەها حیزبـە سیاسـیەکان و ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی و سـەندیکای پیشـەیی و یەکێتیـەکان و کۆمەڵـەکان مـافی خۆپیشاندانیان هەیە، دوای گرتنەبەری ڕێ و کارە یاساییەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك خان، کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من (3) خاڵم هەیە لەسەر ماددەی چوارەم، لە بڕگەی یەکەمدا هەر هەمان ئەو ڕەئیـەی کـە بـاس لـە ئیستیحساڵی موافەقەی تەحریری دەکات، بەڕاستی ئەوە هەر پێویست ناکـات وجـودی هـەبێ لێـرە، چـونکە پێشـتر لـە ماددەکـانی تـر تەسـبیت کـراوە، تەئکیـد کردنـەوە لێـرە جـارێکی تـر ئیشـکالێك دروسـت دەکـات، لەبەرئەوە ئەوە هەر زیادەیە لابردرێت، ئەوە یەك، دوو: کە دەڵێ: (تتولى أجهزة الشرطة الإهتمـام بحمايـة)، دەکرێ صیغەکە بە نەوعێکی تر دابڕێژرێ بۆ ئەوەی ئیجباری بکەی لەسەری نەك ئیهتیمام بە حیمایە بێ، (على أجهزة الشرطة حماية المتظاهرين)، ئـیتر ئـەو موتەجەمیعینەشـی نـاوێ، چـونکە تـۆ ئۆتۆمـاتیکی ئـەو موتەزاهیرینەن موتەجەمیعیشت کۆکردۆتەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ناوی موتەجـەمیعین بـێنی (علـى أجهزة الشرطة حماية المتظاهرين)، یـەعنی ئـەو ئیهتیمامـە لاببـەین، خـاڵی سـێیەم بەڕاسـتی منـیش دیسـان لەگەڵ ئەوەدام زۆر بە مەفتوحی هێشـتوویەتەوە، ئەگـەر بکـرێ وەقـتی بـۆ دیـاری بکـەین، کـاتی بـۆ دیـاری بکەین، ئایا لە خیلالی چەندێك گوێیان لێ بگیرێ و وەڵام بدرێنـەوە؟ بۆیـە دەکـرێ بڵـێین: (في وقـت يتفـق عليـه الطرفـان)، یـەعنی هـەردوو تـەرەف، چ لایـەنی پەیوەندیـدار جیهـەتی مـەعنی کـە پیچشـتر دیاریمـان

کردووە، لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە هاتوون تەسجیلیان کردووە، یەعنی وەختێ دیاری بکەین کە ئەو وەختە ئەو دوو کەسە ئیتیفاق بکەن لەسەری، ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار حاکم ڕزگار، کەرەمکە.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قانونی ژمارە (17) و ژمارە (18)مان هەیە، قانونی ئەحزاب، قانونی جەمعیات، لە قانونی ژمارە (17) بە دەقێکی تایبەت هاتووە، لە ماددەی (13) (يتمتع الأحزاب بالحقوق التالية: التجمع و التظاهر و الإضراب بالطرق السلمية وفق القانون و بعلم السلطات المختصة)، ئەوە لە قانونی ئەحزاب هاتووە، ئەگەر مولاحەزە بکەی ئەوە لێرە لەگەڵ تەنزیمی میهرجانات و ئیحتیفالات و عەقدی نەدەوات و هەموو ئەو شتانەی تیادا باس کردووە، لێرە باسی علم دەکات فەقەت، ئایا ئەوە ئەو حەقە بۆ لێرە ئەحزابی سیاسی، بۆ ئەحزابی سیاسی باس بکرێتەوە؟ لە کاتێکدا لە قانونی ئەحزاب بە شێوەیەکی موحەدەد بۆ خۆی ئەو حەقەی پێدراوە، ئەوە نوقتەیەك، لێرە باسی علمیش دەکەن، باسی مۆڵەت ناکات، ئەوە قانونی ژمارە (17)ی ساڵی 1993یە، قانونی ژمارە (18) ئەویش قانونی جەمعیاتە، لە ماددەی (6) دەڵێ: (للجمعية حق التجمع و التظاهر و الإضراب و تنظيم المهرجانات و الإحتفالات و إمتلاك وسائل الإعلام وفق القوانين المرعية)، لێرەش دووبارە ئەو حەقەی پێداوە بە جەمعیات، ئیتر من نازانم لێرە ئایا دووبارە کردنەوەی ئەوان لە کاتێکدا خەلەلێك، ئیختیلافێکیش هەیە، لە شوێنی خۆی دەبێ لە ڕووی صیاغەی تەشریعییەوە یان نا؟ من پێموایە لە شوێنی خۆی نیە، ئەگەر ماددەکە بەو جۆرەی لێ بکرێت، تەئیدی بۆچوونەکانی کاك د.صباح و کاك عبدالسلام بەرواری و سۆزان خانیش دەکەم، کە دوێنێ بەشێکیان تەرح کرد، لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی تەسەلسولی ماددەکان و ئەساسیات و غەیری ئەساسیات، ئەگەر ئەو ماددەیە بەو جۆرەی لێ بێت: (حق تنظيم المظاهرة مكفول لجميع مواطني الإقليم أو الشخصيات المعنوية المجازة التي لم ترد في القوانين الخاصة)، چونکە مومکینە من دوو قانونم مولاحەزە کردووە، ڕەنگە زۆر قەوانینی تریش هەبێ کە باسی کردووە و موعالەجەی کردووە و جۆرێتی بۆ ئەوەی تەعارووز نەبێ لە تەشریعاتدا هەر نەصێك کە دەردەچێ، هەر قانونێك کە دەردەچێ دەبێ سوڵتەی تەشریعی ئاگای لە قەوانینەکانی تری کە پەیوەندیدارە بەو قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عەزیمە نجم الدین، کەرەمکە.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من ئاشتی خان کردی، بەڵام من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم هەیە، دەزگای پۆلیس گرنگیدان و پاراستنی خۆپیشاندەر یان کۆبوونەوەکان، ئێمە مادام یاسایەکمان هەیە بۆ ڕێکخستنی پیشاندان دادەنرێ، پێویستە لەگەڵ ڕێکخستنی ئەو یاسایەشدا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دروست بکرێ ئەگەر لە هەر پارێزگایەك نەبێ گرنگی بەوەش بدرێ، لەبەر ئەوەی کە پۆلیسی ئاسایی ناتوانێ تەعامول لەگەڵ خۆپیشاندەران بکات بەو شێوەی کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ڕاهێنراون کە چۆن تەعامول لەگەڵ خۆپیشاندەر بکرێ، خاڵێکی تر ئەوەی سێیەم: لایەنی پەیوەندیدار دەبێ گوێ لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران یان کۆبوونەوە گشتییەکانمان لابرد ئێمە، تەنها دەمێنێتەوە خۆپیشاندەران بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عثمان، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت (المادة الرابعة) (أولاً)، با شێوازەکەی بخوێنمەوە تا دەگەمە ئەو جێیەی قانوییەکەیە، (لكل المواطنين في إقليم كوردستان و الأحزاب السياسية و منظمات المجتمع المدني و النقابات المهنية و الإتحادات و الجمعيات و غيرها من التنظيمات المجازة)، پێم باشە (و غير المجازة قانوناً) بۆی زیاد بکرێ، (و غير المجازة قانونا حرية تنظيم المظاهرات بعد إستحصال الموافقة)، تەبعەن هەندێك ڕێکخراو هەیە تەقدیمیان کردووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، مۆڵەتیان پێ بدرێ، بەڵام پێیان نەدراوە، تەبعەن نابێتە ڕەسمی، ئەگەر نەبێتە ڕەسمی، موجاز نەبێ، ئەگەر موجاز نەبێ؟ یەعنی بۆی نیە ئەو کاتی خۆپیشاندان بکات؟  ئەوە بە نیسبەت ماددەی یەکەم، ماددەی دووەم ناسك خان باسی کرد، ئەگەر ببێتە وجوبی (على) بۆ زیاد بکەین، (على شرطة)، (على أجهزة الشرطة)، بەڵام لە جیاتی ئەو شوڕتەیە ئاشتی خان و عەزیمە خان باسیان کرد، چالاکی مەدەنی بێت باشترە، ئەگەر خاڵی یەکەم پێشنیاریەکەی حاکم ڕزگار پەسند بکرێ زۆر باشە، لەبەر ئەوەی مادام لە قانونی ئەحزاب و مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، ئەو شتانە هاتووە بڵێین ڕێی پێدراوە قانونەکەی، لێرە پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار هاوڕاز، کەرەمکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەی بە داخەوەم مۆڵەت تەسبیت کرا ئەوە ڕەفز کرایەوە، لەوەشدا ئەوە بەڕاستی خۆی ئەو وەرگرتنی ڕەزامەندییە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە موجازن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوی تری لەگەڵدا نیە، ئەوە تەحصیل حاصلە، نازانم لێرە تەئکید کردنەوە و جەخت لەسەر کردنەوەی، من پێموایە پێویستی نیە، سەبارەت بەوەی کە خاڵی دووەم ئەرکی یەعنی بە کەلیمەی گرنگیدان هاتووە، لە عەرەبیەکەش بە

ئیهتیمام هاتووە، گرنگیدانی پۆلیس بە پاراستنی خۆپیشاندەران، وابزانم ئەوە زۆر بێ هێزە، لە جێگای خۆی نیە هەر ئەوە ئەرکی پۆلیس بێت، وەکو واجیباتێك لەسەر پۆلیس ئەرکی پۆلیس و بەرپرسیارێتی پۆلیس بێ پاراستی خۆپیشاندەران لەوێ، هەروەها سەبارەت بە خاڵی سێیەمیش یەعنی شتەکە وا هاتووە لایەنی پەیوەندیدار دەبێ گوێ لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران و ئەوە کۆبوونەوە گشتییەکان هاتووە، دوایی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، ئەوەش زەرووره بەڕاستی چارەسەرکرنی کێشەکە وا بەکراوەیی نەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار خلیل عوسمان، کەرەمکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر خاڵی دووەمە بۆ ئەوەی جیهاتی مەعنی ئەمنی ئیلتیزاماتی دێتە سەر، پشتگیری لە قسەی برادەرانم دەکەم کە پێویستە نەك هەر (تتولی) بێ، بوترێت: (یجب علی أجهزة الشرطة القیام بالمهام التالیة)، یەکەم شت: (بذل أقصی جهد للحیلولة دون الإخلال بالسلوك السلمي للمظاهرة)، دوو: (منع أي إخلال بالأمن و النظام)، سێ: (حمایة الممتلکات العامة الحکومیة و الخاصة المملوکة للناس و الشرکات)، چوارەم: (تقدیم المساعدات الطبیة و الإنسانیة للمتظاهرین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.حسن، کەرەمکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەمەوێ بڵێم ئەوە ماددەی پێنجەمە، چونکە ئێمە ماددەیەکمان ئیزافە کرد بە نیسبەت پرینسیپ، پێویستە ئەوە ڕەچاو بکرێ، خاڵی دووەم من هەست دەکەم تێکەڵیەك هەیە لە نێوان ماددەی چوار و سێ و دوو و هەتا حەوتیش، پێویست بوو تەصنیفێك هەبوایە، نیسبەت بە (شروط و إجراءات و ظوابط)، یەعنی هەر یەکیان لە ژێر عینوانێك هاتبایە، کە تەماشای دەکەین لە زۆر ماددەکان (ضوابط) تیکرار دەبێتەوە، خاڵی سێیەمیشم تەئیدی کاك خەلیل دەکەم، بەڕاستی ئیشی شوڕتە تەنها حیمایەی موتەزاهیرین نیە، یان بەو شێوەی کە لە پێشنیارەکەی کاك خەلیل هاتبوو، یان ئیزافەی (حمایة المتظاهرین و النظام والآداب العامة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کوێستان محمد، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی (4) دوو تێبینیم هەیە، یەکیان دیارە هاوڕێم بەڕێز حاکم ڕزگار ڕوونی کردەوە، بۆیە بەڕای من هەروەك بەرێزیان باسیان کرد، یان دەبێ حیزب و ڕێکخراوەکان لاببرێت، یان دەبێ وەك ئەوەی کە لە یاسا تایبەتیەکەی خۆیان هاتووە، هی ئەوان ئاگادار کردنەوە بێ نەك مۆڵەت، چونکە لە یاسا تایبەتیەکەی خۆیان وەك بەرێزیان خوێندیەوە ئاگادار کردنەوەیە نەك مۆڵەت، ڕای دووەمیشم سەبارەت بە پۆلیسە، دیارە هاوڕێکانم باسیان کرد، بەڵام من دەمەوێ تەفسیری بدەمێ کە ئەو هێزانەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنیەکان دروست کراوە، بەڕێوەبەرایەتی هەیە وەزارەتی ناوخۆ سەرپەرشتی دەکات، ئەوانە هەموو مودەڕەبن، هەموو جل و شتی تایبەتی خۆیانیان هەیە، ئەرکی ئەوانە چالاکییە مەدەنیەکانە کە کۆبۆتەوە لە مەسەلەی خۆپیشاندانە، لەبەرچی ئەو مەهامە لەوان دەسەندرێتەوە و دەدرێ بە پۆلیسی تر؟ بۆیە پێویستە مادام ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دروست کراوە، وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی کێشاوە لە دروست کردنی و مەصرف کێشان و تەدریب کردنیان، مەفرووزە ئەوە ئەرکی ئەوان بێت نەك پۆلیس بە گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عدنان عثمان، کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەوەلەن یەکەمەکەی لە ڕاستیدا من پێموایە دەبێت جیاکرێتەوە، وەك ئەوەی بەڕێزان باسیان کرد مواتینین دیارە وشەیەکە ناسراو نیە، مەعروف نیە، وادیارە خۆیان دەناسێنن، بۆیە ئەو بڕگەیە جیایە دیارە تەسبیت کرا ئەوەی کە دەبێ موافەقە بکات، بەڵام لە ڕاستیدا حیزبە سیاسیەکان و (NGO)کان و ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان ئەوانە ناسراون، قیادەیان هەیە، ئۆفیسیان هەیە، مۆڵەتی ڕەسمیان هەیە لەلایەن حکومەتەوە، شوێنەکانیان دیاری کراوە، کەسەکانیان ناسراون، بۆیە موافەقەی تەحریری ئەوان جگە لە خاڵێکی تەعجیزی و جگە لە کارێکی ڕۆتیناتی هیچی تر نیە، بۆیە من جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە سەر ئەوەی ئەو بەڕێزانەی باسیان کرد، زۆر گرنگە حیزبەکان هەر جۆرێك لە حورمەت دان بە حیزبەکان کە مۆڵەتی ڕەسمیشان وەرگرتووە، سەندیکاکانیش ئەو مافەیان پێ بدرێت کە بە هەمان ئصولی جاران بۆ ماوەی 48 سەعات پێش وەختی خۆپیشاندانەکە ئەوانیش با بڵێین لایەنە بەرپرسەکان ئاگادار بکەنەوە،ئاگادار کردنەوە کارێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تەداروکی هەموو مەسائیلەکان بکرێت، ئەوەی تر کە ئاشتی خان باسی کرد، دیارە زۆر کارێکی گرنگە کە چالاکییە مەدەنیەکان لەڕاستیدا لە چەند ڕوویەکەوە وەکو ئەوەی بەڕێزان باسیان کرد هەم پرۆفێشناڵی، هەم کەرەستەکان، هەم ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ ئەوە کارێکی گرنگە بۆ ئەوەی پۆلیسی عام نەبێت، دەبێت تەحدید بکرێت چ نەوعە پۆلیسێك؟ خاڵێکی تر من بە گرنگی دەزانم لێرەدا لەڕاستیدا قسەی لەسەر بکەم، ئایا پێویست ناکات پرسیارەکەم بۆ لێژنەی یاساییشە، ئایا پێویست ناکات لێژنەیەکی هاوبەش هەبێ لە کاتی خۆپیشاندان لە نێوان نوێنەری

خۆپیشاندەران و پۆلیسی چالاکییە مەدەنیەکان، بۆ ئەوەی جۆرێك لە کۆنترۆڵ و جۆرێ لە موتابەعە کردنی کارەکانی یەکتر و با بڵێین ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە، پێموایە لێژنەیەکی هاوبەش لەو کاتەدا کارەکان باشتر و ئاسانتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار إسماعیل، کەرەمکە.

**بەڕێز إسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، بە دڵنیاییەوە ئێمە کە دەکەوینە ئەخیر قسەکانمان دووبارەی هەر تێدایە، بەڵام هیوادارم بە کورتی تۆزێ تەوزیحی تر بدەین، لەسەرەتا بەڕێز کاك د.صباح باسی هاونیشتمانی کرد، جەنابیشت تەوزیحێکت دا کە جەنابت لە یەکێ لە وڵاتەکان بینیوتە ئەوەی کە جنسیەی نەبێ، لە حەقەتدا هەر وڵاتێك بۆخۆی یاسا بۆخۆی دادەنێ، لە کوردستان زۆر هاووڵاتیان هەیە خەڵکی کوردستانی ئێرانن، تورکیان، سوریان، بەڕاستی جنسیەشیان نیە، یەعنی بە قەناعەتی من لێرە ئەوە وابێ هەموو دانیشتوان، هاووڵاتیەك کە لە کوردستان دانیشێ حەقی خۆپیشاندانی هەبێ، کە ئەوەت کرد، ئەوە ئەو حەقە لە موقیمەکان دەسەندرێتەوە، من بۆخۆم جارێکیان لە سلێمانی نزیکەی (300) کرێکاری بەنگلادیشیم بینی کە زوڵمیان لێ کرابوو، بەڕاستی هاتن خۆپیشاندانیان کرد، لەو حاڵەتانەدا کە ئەو حەقە لە موقیمینی خەڵکی کوردستان وەردەگیرێتەوە، ئەوە باش نیە، یەعنی هەموو هاووڵاتیەك دانیشتووی کوردستان ئەو مافەی هەبێ، سەبارەت بە ئەوەی کە کاك حاکم ڕزگار ئیشارەی پێدا، هاوڕێیانیش تەئکیدیان کردەوە، خۆپیشاندان یەك مەخاوفی هەیە کە ببێتە توند و تیژی، یان پێکدادان، بەڵام ڕێکخراو و سەندیکا و ئەوانە کە خۆیان لە حەقەتدا مۆڵەتیان هەیە و ئیلتیزاماتیان هەیە، مەسئولیاتیان هەیە، دیارن بەڕاستی، لەبەر ئەوە دەکرێت لەگەڵ هاووڵاتی جیا بکرێتەوە، ئەساسەن ئەوانە کێن؟ لەبەر ئەوە ئەوانە تەنها بە ئاگادار کردنەوە ئیکتیفا بێ، یەعنی پێویستی بەو مۆڵەتە نەبێ، دیسان هاوڕێیان تەئکیدیان کردەوە، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ڕادەهێندرێت، یەعنی ڕۆشنبیریەکی تایبەتی پێ دەدردرێت، چۆن تەعامول لەگەڵ خۆپیشاندان دەکات؟ لەبەر ئەوە ئەوە تایبەتە، ئەو سەقافەتەی ئەو هەیەتی لەوانەیە لەلایەنی تر ئەو مەجالەی بۆ دروست نەکرابێ، وەکو پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، بە ڕۆشنبیریەکی سەردەمیانەوە گۆش کراوە بۆ ئەو حاڵەتە، دیسان منیش تەئکید دەکەمەوە کە ئەو ئیشە، ئەو جۆرە چالاکییە ئیشی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بە هەڵە لێك نەدرێتەوە کە من ئەوەی باسم کرد بیززەبت ئەوەیە ئەوەی داوای موزاهەرە دەکات، کە ئیجازە وەردەگرێ دەبێ هاووڵاتی ئەو وڵاتە بێ، جنسیەی ئەو وڵاتەی هەبێ، بەس بۆ موزاهەرە هەر کەسێك حەقی هەیە، ئێمە کورد بووین لە وڵاتێك بووین، دەمانویست موزاهەرە بکەین،

حەقمان نەبوو بڕۆین تەسجیل بکەین، ئیللا چەند برادەرێك ئەوانەی جنسیەیان هەبوو، تەسجیلیان دەکرد ئیتر هی شیلیش دەهات بەشداری دەکرد، عەرەب دەهات، کورد دەهات، فارس دەهات، ئەورووپی دەهات، جنسیەشیان نەبوو، یەعنی مەبەستەکە تێکەڵ نەکرێ، تۆ ئەوەی کە ئیجازەکە وەردەگرێ دەبێ جنسیەی ئەو وڵاتەی هەبێ، موقیمی ئەو شوێنە بێ، ئیتر خەڵکی تر حەقی خۆیەتی بەشدار بێ، یەعنی تۆ ناتوانی موزاهەرەیەك ببێ خۆ ناتوانی یەکێك جنسیەکەی لێ وەربگری بڵێی تۆ کێی؟ بۆچی هاتوویتە موزاهەرە؟ زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پرسیارێکم هەیە ئایا پێویست نەدەبوو وەزیر لێرە بوایە بۆ ئەوەی گوێی لە گفتوگۆکان بێ؟ هەروەها ڕاوسەرنجی وەزارەتەکەشی لەسەر ئەو خاڵانەی کە ماون بدابایە، هیوادارم بتوانێ ئامادە بێ باشترە، بە نیسبەت ئەو ماددەیەشەوە من زۆر لەسەر تەئکید کردنەوە ناچم، بەڵام خاڵی یەکەمیان، بڕگەی یەکەمیان، منیش وابزانم لە دوو سەرەوە گرفتمان بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەگەری ئەو ئیشکالەی کە بەڕێز کاك حاکم ڕزگاریش باسی کرد، کە لەگەڵ ئەو جیهاتانەی تەرخیصی ڕەسمیان هەیە، دووەمیش لە ڕووی تایمی، یەعنی تەوفیتی خۆپیشاندەرانەوە گرفت دروست دەبێ ئەگەر قەیدی موافەقەی تەحریری و ئەوانە ئەوە دەبێ چارەسەرێکی بکات لێژنەی یاسایی، چونکە لەوێ وتوومانە 48 سەعات، لێرەش دوای 48 سەعات یەعنی دەبێتە 4 ڕۆژ، تۆزێ ناوازحە کە چۆن ئەو تەرخیصە دەگەیەنەدرێ، ئیشعاری جیهەتی مەعنی دەکرێ، بە نیسبەت خاڵی دووەم: منیش تەسنیە دەکەم لەسەر ئەو پێشنیارەی کاك خەلیل، بە کەمێ تەعدیلاتەوە پێم باشە کە بەو شێوەی لێ بکرێت: (تتولى أجهزة الشرطة مسؤولية الحماية)، تەبعەن ئەوە تەسنیەیە لەسەر قسەی چەند خوشك و برایەکی تریش، بەڵام مەبەستم ئەوەبوو کە هەر تەنها باسی ئەوە نەکرێ ئەو صیغە عامە کە لێرە وتراوە (حماية المتظاهرين)، (تتولى أجهزة الشرطة مسؤولية حماية حياة و ممتلكات المتظاهرين و المواطنين عموماً)، یەعنی دەبێ شتەکە وابێ، جاری وا هەیە هاووڵاتی زەرەمەند دەبێ، جاری وا هەیە دوکانداریك زەرەمەند دەبێ، جاری وا هەیە ئوتومبێلی خۆپیشاندەران دەشکێندرێ، یان ئەگەر ئەرکی تەنها حیمایەتی خۆپیشاندەران بکەینە مسئولیەتی شورتە، ئیتر ئاگای نابێ لەو شتانە، کە ئەموالی عاممە و ئەموالی خاصە هەیە لەو موحیتە، لەو شوێنە کە ئەو ڕێپێوانەی یان ئەو خۆپیشاندانەی تێدا دەکرێ، لەبەر ئەوە دەبێ باسی مومتەلەکاتیش بکەین هی مواتینین و هی موتەزاهیرینیش، یەعنی دەبێ صیغەکە ئەوانەی هەموو تێدا بێ، بە نیسبەت بڕگەی (3)، تەسنیە دەکەم لەسەر قسەی کاك ئازاد و ئەو خوشك و برایانەی تر ناسکە خان و هاوڕاز خان، ئەوانیش باسیان کرد، دەبێ دوو تەوفیتی تێدا بێ ماددەی (3)، ئەگەر لێژنەی یاسایی بەڕێزیش گوێیان لێمان بێ، بڕگەی (3) دەبێ (2) تەوفیتی تێدا بێ، هەر چۆن جێی دەکەنەوە، یەکەم: جیهاتی مەعنی لە کەیەوە گوێ دەگرێ بۆ مەتاڵبی موتەزاهیرین، ئێمە ئەو گرفتە ڕۆژانە لە کوردستان هەستی پێ دەکەین، بەیانی تا ئێوارە خەڵکێك

دێن، دوكان جێ دەهێڵن، كۆلێژ بەجێ دەهێڵن، كۆدەبنەوە، حازرن، جیهەی مەعنی كە جیهەی مونەزیمەیە، وەرەقەی حازرە، تەڵەباتی حازرە، جیهەی مەسئول نایەت، مەفرووزە قەیدی فەوریەتی تێخەین، (فور إستعدادها)، ئامادەبوونی ئەو جیهەتە بۆ تەقدیمی تەڵەبەكەی دەبێ جیهەی مەعنی حازر بێ، ئەوە شەرتی یەكەم، لە ئەخیریشدا بۆ ئەوەی (إيجاد الحلول)یش هەر دەبێ قەیدێك دیاری بكەن چ بەو صیغەیەی كە ناسكە خان تەرحی كرد، (في وقت يتفق عليه الطرفان) یان بەهەر صیغەیەكی تر لێژنەی یاسایی پێی باش بێ، چونكە ئەو دوو تەوقیتەی تێدا نەبێ شتەكە هەر بە عمومی دەڕوات، لەوانەیە مانگێك جواب نەدەنەوە، لەوانەیە بۆ گوێ گرتنیش ئەو ڕۆژە ببێ بە دوو ڕۆژ، ببێ بە سێ ڕۆژ، كە ئەوە تەبیعاتی زۆری دەبێ، خاڵی ئەخیرم تەسنیە لەسەر قسەكانی كاك د.صباح و كاك حاكم ڕزگار، ئەو یاسایە ماددەی زۆرمان ماوە هیوادام لێژنەی یاسایی و لێژنە پەیوەندیدارەكان بێ تاقەت نەبن بەو پێشنیارانە، تۆزێ تەرتیب و تەصنیفی دەوێ بەڕاستی بۆ ئەوەی كە ماوە، تا ئێستا چوار، پێنج مادده چووە، پۆلینكردنەكان، ئەركەكان، مەسئولیەتەكان، تەعریفی شتەكان زۆر تێكەڵ و پێكەڵیەكی تێدایە، دەكرێ لە ماددەی پێنجەم لێژنەی یاسایی بەڕێز تۆزێ پێداچوونەوەی پێدا بكات، ئەگەر مەجال ما، یەعنی ئەگەر كاتمان درێژبوویەوە، چونكە بەڕاستی هەندێ لە ئەركەكان خراوەتە برگە یەكەوە هەندێكی لە برگە یەكدایە، وەكو مولاحەزەیەك من ناچمە سەر نموونەكە، چونكە هاوڕێیانم باسیان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار حمە سعید، كەرەمكە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی یەكەم جارێ لە ماددەی (2) لە برگەی دوو دەڵێ: (لايجوز تنظيم المظاهرة) بە ئیتلاقی، ئیتر كە وتوویەتی نابێ، لێرە ئەوە یان زیادە، یان بەڕای من دەبێ تەفكیك بكرێ، تەفكیكەكەش بۆ ئەوەی هەموو ئەو جانیبانە بگرێتەوە، پێموایە وەكو تەئیدی كاك حاكم ڕزگار و ئەو خوشكانەی تر دەكەم كە تەسنیەیان لەسەر كرد، كە (لكل المواطنين أو الشخصيات المعنوية الغير مجازة)، چونكە تەحصیل حاصلە ئەحزاب و مونەزەمات و نەقابات و ئیتیحادات لە یاسای ئەحزاب و مونەزەمات ئەوە هەیە كە موزاهەرە دەكەن و تەعن بە ئیشعار بێت، خاڵێكی تر بۆ ئەوەی جەنابت فەرمووت و برادەرانیش تۆزێ ئیشكال دروست بوو، لێژنەی موتەزاهیرین، لێژنەی ئیعتیراز، موتەزاهیرین، ئەوانە بۆیان هەبێ كەمواتینی كوردستانی بن و جنسیەیان هەبێ، بەڵام (لكل المقيمين في إقليم كوردستان)، بۆ نموونە كۆمەڵێك كرێكار، كۆمەڵێ موەزەفی بیانی هاتوون كەرتێكی تایبەت، كۆمپانیایەك زوڵمیان لێ دەكات، ئیجحاف بە حەقیان دەكات، شتێك دەكات، ئەوانە ئەی چۆن تەعبیر لە ڕەئی خۆیان بكەن؟ كەواتە ئەوەی لە ناو برگەیەك بكرێت كە لێژنەیەك، خاڵێكی تر، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەوەدام كە لێژنەیەكی موشتەرەك پێك بهێنرێ، ئەوەی كە كاك عەدنان وتی، لێژنەیەكی موشتەرەك پێك بهێنرێ لە جیهاتی مەعنی و لێژنەی موتەزاهیرین

و له پۆلیسی چالاکییه مەدەنییەکان، بۆ ئیشراف لەسەر موزاهەرەکە، ئەوە خاڵێکن خاڵێکی تریش تەسنیە لەسەر قسەی ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە پێموایە ئیهتیمام بە حیمایەی موتەزاهیرین زۆر زەعیفە، (أضعف الإیمان)ە، کەوا باشە (على أجهزة الشرطة المدنیة)، شورتەی چالاکییە مەدەنییەکان، (حمایة المتظاهرین لسلامتهم و دون إلحاق الأضرار بهم مادیاً و معنویاً)، یان ئەو تەفاصیلانەی کە کاك عمر و کاك خەلیل وتیان، بێگومان ئەو خاڵی سێیەمەش(على الجهات المعنیة الإستماع إلى مطالب المتظاهرین فور الشروع بالمظاهرة)، یەعنی لە بەیانییەوە تا ئێوارە خەڵکێك دەوامی جێهێشتووە وەکو مامۆستا عمر وتی دوکانی داخستووە، لەبەر خۆر دەوەستن، ئیحتیمالە کێشە و شتی تری زیاتری لێ ببێتەوە، بەس یەکسەر (إستماع إلى المطالیب فور الشروع بالمظاهرة) ئەوە یەك، (و الجواب لمطالیبهم في وقت یتفق علیه الطرفان)، یەعنی جەوابەکەش نەك ئیتر هەر گوێی لێ بگرێ و بڕوات دوای مانگێکی تر، یان دوای ساڵێکی تر، یان هەر جوابی نەداتەوە، کۆمەڵێ شت مەسەلەن مەسئولیتی محەلی، قایمقام، ئەوانە دەچن بۆ موزاهەرەچیەکان، بەڵام گوێیان لێ دەگرن، بەس وەڵامیان نادەنەوە، ئەوە گرنگە، دیاری کردنی، هەم گوێگرتن لێیان، هەم وەڵامدانەوەیان، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی موداخەلەیان کرد، ئێستا لێژنە بەڕێزەکان ڕەئیتان لەسەر ئەو موداخەلانە؟ کەرەمکە لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە پێشکەش کرا، باس لە بڕگەی یەکەم کرا، وشەی تەحریری لە کۆتایی بڕگەکە لابردرێ، لەبەر ئەوەی پێشتر لە ماددەی (3) بڕگە (4) دەنگی بۆ دراوە کە لەو حاڵەتەی وەڵام نەدراوە ماوەیەك تێپەڕی، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین، یان وشە تەحریریەکە لابردرێ، یان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەیەك زیاد بکرێ، واتا دوای (بعد إستحصال الموافقة التحریریة)، ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ، (أو بعد مضي المدة القانونیة المنصوص علیها في الفقرة الرابعة من المادة الثالثة من هذا القانون)، یەعنی یان ئەوەتە موافەقەی تەحریری، یان (مضي المدة)، واتا ئێمە پشتگیری لە بۆچوونەکە دەکەین، بە کام صیاغە بێ، وشەی تەحریری لابردرێ یان ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ، زۆر لە ئەندامان پێشنیاری ئەوەیان کرد ماوەیەك دابندرێ بۆ وەڵام دانەوەی داواکاری خۆپیشاندەران، بەڕێزان بەپێی داواکە ئەوە دەگۆڕێ، ئێمە ناتوانین سەقفێکی زەمەنی لە قانونەکە تەحدید بکەین، داوایەکان هەر جارێ پەیوەندی بە لایەنەك هەیە، داواکە هەرجار پێویستی بە ماوەیەك هەیە، کە سەقفێکی زەمەنی دابنێین، بۆ هەر داوایەك جیاوازی هەیە ناتوانین ئەوە تەقید بکەین، بەڵام ئەو لایەنەی کە لە ماددە (1) پێناسەمان کردووە لە بەرژەوەندیەتی، بە زووترین کات وەڵامی داواکەیان بداتەوە، گوێیان لێ بگرێ، کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات، تاکو خۆپیشاندەران بڵاوببنەوە و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە بهێنن، لە بەرژەوەندی هیچ لایەنەك نیە

ماوەیەکی زۆر ئەوانە بەردەوام بن، پێشنیارێك کرا (بعد إستحصال الموافقة التحريرية)، بوترێ (بعد إستكمال الإجراءات القانونية) هەردووك هەمان شتە، هیچ لە ڕووی یاساییەوە کێشە نیە، لەبەر ئەوەی موافەقەی تەحریریش، ڕەزامەندی بە نووسراو بەشێکە لەو ڕێکارە یاساییانە کە ماددەی (2) و (3) ڕێکی خستووە، هیچ جیاوازی نیە (إستحصال الموافقة التحريرية)، یان بڵێین (إستكمال الإجراءات القانونية)، پێشنیاری ئەوە کرا کە (أجهزة الشرطة)، ئیهتیمامەکە وجوب بێ، بەرێزان وجوبی ئیهتیمامەکە ڕاستە لێرە بەو صیاغەتە هاتووە، (تتولى أجهزة الشرطة الإهتمام)، بەڵام لە ماددە (12) سزا دانراوە، ئەگەر سەرپێچییەك کرا یاخود هێزی ڕادەبەدەر بەکارهات لە ماددە (12) سزای بۆ دانراوە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە شتەکە وجووبیە و ئیلزامیە، پێویستە ئەو کارە بکەن، ئەگەر ئەو دەقەش نەبایە، خۆی لەبارودۆخی ئاسایش ئەرکی ئەو وەزارەتەیە پۆلیسە کە ژیان و موڵکی گشتی و تایبەتی بپارێزێ، دەقەکە هەبێ و نەبێ، ئەوە لە هەموو بارودۆخێك ئەرکی ئەو لایەنەیە کەوا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو ئەرکە بکات، پێشنیارێك کرا کەوا لە قانونی ئەحزاب (بعلم السلطات) هاتووە، ڕاستە ئەو دەقە ئێمە ئاگادارین کە هەیە بەڵام ئەو یاسایە، ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا گفتوگۆ لەسەری دەکرێ، ئەوە یاسایەکی تایبەتە بە خۆپیشاندان، دەقێکی تایبەتە کارەکە ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو کێشەیە نەمێنێ یاخود ئەو مەترسیەی کە هەیە، ئێمە دەتوانین لە حوکمە کۆتاییەکان، ئەحکامی ختامی دەقێك زیاد بکەین (لايعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون) ئەوە هیچ کێشەیەك نامێنێ و چارەسەری ئەوە دەکات، باس لە پۆلیسی چالاکی مەدەنی کرا، بەرێزان ئەو بەشەی ئێمە ئاگادارین کرایتەوە، بەشێکە لە پۆلیس، ئێمە ئەو یاسایە تایبەت نیە بەوەی صنفەکان و دەرەجەکانی پۆلیسی داخلی، نەچووینە ناو ئەو وردەکارییانە، ئەوە ئەوان یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، چۆن ڕێکیان خستووە؟ ئەوەش کە ئاماژەتان پێکرد، ئەو بەشە دامەزراوە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ نیەتی هەیە، ئەوەشی جێبەجێ کردووە، بەشێکی تایبەتی داناوە بۆ هەندێك کار، ئەوتەفاصیلە لە قانونی خۆیان جێبەجێ دەکەن، ئێمە نەچووینە ناو وردەکارییەکە، کاری ئێمە نیە و کاری ئەو یاسایەش نیە، باس لە پاراستنی ئاداب کرا، باس لە پاراستنی مومتەلەکاتی عامە و خاصە کرا، ئەوە لە ماددە (6) هاتووە (على الوزير أو رئيس الوحدة الإدارية إتخاذ جميع الإجراءات القانونية الضرورية للمحافظة على....) ئەو شتانەی کە باستان کرد، واتا لە ماددەیەکی تایبەت لەبەر گرنگی ئەو بابەتە باس کراوە، باس لە لێژنەی هاوبەشیش کرا، پێویست ناکات بەرێزان هیچ لێژنەیەکی هاوبەش هەبێ، لەبەر ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار هەیە، لێژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان هەیە، وەزیر و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی هەیە، ئەوانە بەو ئەرکانە هەڵدەستن، پێویست ناکات لە نێوان خۆیان لێژنەیەکی تریش دابنێنن خۆتان گوتتان ئەوە ڕۆتین زیاد دەکات و چەند جیهەت و لایەن زیاد بکرێت داخلی ئەو مەوزووعەی بکەن، بۆیە هیچ پێویست ناکات لێژنەی هاوبەش هەبێ، ئەوە ڕوونکردنەوەکانی لێژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی ناوخۆ، کەرەمکە.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەی چوارەم تەنها لەسەر خاڵی دووەم کە قسەی لەسەر کرا، دەزگای پۆلیس گرنگیدان بە پاراستنی خۆپیشاندەر یا کۆبوونەوەکان دەگرێتە ئەستۆ، پێشتر لە یاساکەدا دەڵێت: پۆلیس و ئاسایش و ئێمە لەبەر ئەوە دامان نا، مولزەممان کرد لەبەر ئەوەی دەزگای پۆلیس گرنگی دەدات بە پاراستنی خۆپیشاندەران، لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەوە ئیزافە کراوە، بۆ مۆڵەت پێدەر، ئەوە لایەنی پەیوەندیدار کە لە ماددەی شەشەم هاتووە دەڵێ: پێویستە لەسەر لایەنی مۆڵەتدەر بەر لە خۆپیشاندانەکە هەموو کارێکی پێویست ئەنجام بدات، پێش وەخت بۆ پارێزگاری کردن لەسەر سیستەم و ئادابی گشتی، پاراستنی کەسەکان و سامانی تایبەتی لە کاتی خۆپیشاندان‌دا، ئەوە تەنها دەزگای پۆلیس مولزەم کرایە بەوەی کە پارێزگاری لە خۆپیشاندانەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی مافی مرۆڤ، کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی وزووحی زیاتر هەبێ بتوانین بە سینگێکی فراوانەوە بۆچوونی تریش وەرگرین، من ڕام وایە دوای پەسندکردنی ئەو ماددەیە ڕاستەوخۆ بچینە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرینسیپەکان، بە تایبەتی ئەوەی کاك عبدالسلام لە ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی مەدەنیش بە وازحی لەسەری باس کرابوو، ئەوەی پەیوەندی بەو برگانەوە هەیە لە ڕاستیدا دەکرێ لەدوای گفتوگۆی ئەندامانی پەلەمان هەندێ تێڕوانین هەیە بگۆڕدرێن لەڕاستیدا، ئەوەی لە بڕگەی یەکەمدا، دەستەواژەی یەکەم ناوی هاووڵاتی هاتووە، ئێمە دەبینین لە پێناسەکەشدا قسە لەسەر خەڵك کراوە، لە بڕگەکانی داهاتوو تردا قسە لەسەر ئەفراد و جەماعات کراوە، من تەصەورم وایە لێرە وشەی هاووڵاتی پێوسیت ناکات هەبێ چونکە پێشتر زیکر کراوە و لەسەر مەسەلەی ڕێکخراوە مۆڵەت پێدراوانیش، لەڕاستیدا هەندێ ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستاندا هەن هێشتا ئەکتیڤن و ڕۆڵی خۆیان دەبینن، دەتوانن تەمسیلی چین و توێژە جیاجیاکان بکەن، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێك بێ ئیجازەیان وەرنەگرتووە، مادام بۆ خەڵك و ئەفراد و جەماعە هەبێ، داوای مۆڵەت بکەن و ڕێگەیان پێ بدرێ خۆپیشاندان بکرێ، ئیجاب ناکات لێرە ئیتر قسە لەسەر ڕێکخراوە مۆڵەت پێدراوەکان بکەین، هەرچەندە پێش دەستەواژەی ڕێکخراوە مۆڵەت پێدراوەکان، وشەی غەیری ئەوانەش هاتووە، کە لە کاتێکدا ئەوە مەتاتیە دەکرێ لە غەیری ئەوانە ئەو ڕێکخراوانەش بگرێتەوە کە مۆڵەتیان نیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو دەستەواژەی ڕێکخراوە مۆڵەت پێدراوەکان لاببەین، تەصەورم وایە لە هەندێ

تەعقیـداتی تـر دوور دەکەوینـەوە، سـەبارەت بەبڕگـەی دووەم ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ئـەرکی دەزگاکـانی پۆلیسەوە هەیە، لە ڕاستیدا دەبێ مەسەلەکە وجوبی بێ، ئیلـزام بکـرێن، بۆیـە ڕام وایـە دەسـتەواژەکە بـەو جۆرەی لێ بکرێ، پێویستە دەزگاکانی پۆلیس پاراستنی خۆپیشاندەر بگرنە ئەستۆ، ئەوە هەرچەندە حاصل تەحصیلە، مادام بڕگەکە هاتووە بە جۆرێکی تر، ئەگەر هەیە دەبێ بەو جۆرە بێ کە مەسەلەکە ئیلزامییە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵگەی مەدەنی، کەرەمکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە گەلەك بەڕێزا بەحسێ هاووڵاتی بوونێ کر، هەرچەندە هەوەی بەڕێزیش جاب دا، بەس هاووڵاتی ئەو کەسەیە کو جنسیا وی وەلاتی هەبیتن، چونکو مەسئولیەتەکا قانونی دکەویتەسـەر، ژبـەر هنـدێ ژی لێ وی درکێ ئەو کەسێ کو تەنزیما مزاهـەرێ را دبیـت، پێـدڤیا کـو جنسـیا هـەبیتن، ئەوکەسـێ دی هـەر کەسـەك بیتن شـیێتن، یـێ کـو جنسیەشـی نـەبیتن شـیێتن مزاهەرێـدا بەشـداری بکاتن، بـەس منـەزەمێت یێـت، وێ مزاهەرێ پێدڤی کو جنسیە هەبیتن، ژبەر هندێ ژی ناوی هاووڵاتی ل سەر تێتە دانان، نسبەت ئـەجهیزەی شورتێ، شورتێ مەدەنی بیتن، هەرچەند مە لیژنا خۆدا گەلەك مناقەشە و دانوستاندن  سەر هەنـدێ کـرن، بـەس دیـف دیتنـا مـە دگـەل وان منـەزەماتێت هـەین ژی، وەسـا دیـار بـوو کـو شـورتا مـەدەنی یـان پۆلیسـێ مەدەنی، ل هەمی پارێزگەهێت یێت کوردستانی بەلکی یان ل هەمی جهێت کوردستانی بەلکی نەبیت، دگەل هندێ ژی جزئەکە ئەجهیزەیا شورتێ، ژبـەر هنـدێ ژی هـەر دڤـی رەنگـی هـەی هـات، نسـبەت بڕگـا دوهـێ، هەروەکی ڕاپۆرتامە ژی داهاتیە، لیژنا کۆمەڵگەی مەدەنی بێژیت هێزەکانی پۆلیس بەرپرسن، لە پاراسـتنی گیـان و سـەلامەتی خۆپێشـاندەران، واتـا ئیلتیزامـەکی دروسـت کـری، وجوبیـەو ئـەز بێـژم ئـەم چـین ڤـێ درکێژیدا  ڤێ گۆڕینا دروست بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوو، سـێ خـاڵ هەیـە بـە پێویسـتی دەزانم کـە جـوابی بدەمـەوە، یەکـەمیان/ ئەوەیە برای بەڕێزم کاك ڕزگار ئیشارەتی بەوە دا کە تەعارووزێك هەیە بـەینی قـانونی ئـەحزاب و قـانونی جەمعیات لەگەڵ ئەو قانونەی ئێستا هەیە، ئەو قانونانە هەردووکی لە ساڵی 1992 دەرچووە، لە یەکێکیان دەڵێ: (القوانين النافذة)، لە یەکێکیان دەڵێ: تەنها (إشعار)، یـەعنی بـە عیلمـی سـوڵتات بـێ، بـۆ مـەعلوماتی جـەنابی، ئێمـە پـەنا دەبەینـە بـەر نەصـێکی دەسـتووری کـە دەڵـێ: هـاووڵاتی و جـەمعیات و ئـەحزاب مـاڤی

خۆپیشـاندانیان هەیــە، بــە یاسـایەکیش تــەنزیم دەکـرێ، ئێسـتاش ئێمــە بــەرەو تــەنزیم کردنــی ئــەو خۆپیشاندانە دەڕۆین لە ناو ئەو یاسایە، نابێ ئەو قاعیدەی قانونیەشمان لەبیر بچێ کە دەڵێ: (اللاحق) یان (ینسخ السابق)، ئەوەی ئێستا ئێمە دەری دەکەین، ئەوە (معول علیه) نەك ئەو قانونەی جەنابی ئیشارەتی پێدا، بە پێی ئەو قاعیدەیە، جگە لەوەش ئێمە دەتوانین لە نیهایەتی نەصەکە بڵێین: (لا یعمل بأي نص یتعارض و أحكام هذا القانون)، ئەوە بۆ خاڵی یەکەم، هی خاڵی دووەم: زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا (تتولى أجهزة الشرطة)، ئێمە کە گوتمان (تتـولى أجهـزة الشـرطة) مـەعنای ئەوەیـە غـەیری ئەجهیزەی شوڕتە کە تایبەتن و پەیوەندیان بـە وەزارەتـی نـاوخۆ هەیـە، ئەوانـە حـەقیان نیـە داخلـی ئـەو مەسەلەیە بن، وەکو (قوی)ی ئـەمنی داخلـی کـە ناویـان هـاتبوو، ئـەوەمان لابـرد گوتمـان تـەنها شـوڕتە ئـەو حەقەی هەیە، لە شوڕتەش باسی ئەوە کرا ببێتە چالاکی مەدەنی، ئێمە نابێ داخلی هەیکەلیات بین، بە بێ ئەوەی ئەو قانونە هـەبێ چالاکی مـەدەنی دامـەزراوە، گەشەشـی سـەندووە، بۆیـە ئێمـە نـاکرێ لـەو قانونـە داخلی هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتی نـاوخۆ بـین، ئـەوەش خـاڵی دووەمـە، بـە نیسـبەت هـاتنی ئـادابی عـام و نیزامی عام، ئەوە نەصێکی دەستوورییە، واجیبـە بـە قەناعـەتی ئێمـە، زۆر تیکـرار کردنەوەکەی زۆر هـین نیە، چونکە لە ئەصڵدا ئـەجهیزەی شـوڕتە خـۆی موکەلەفـە بـە حیمایـەتی ئـەمنی عـام، لەسـەر حیمایـەتی نیزامی عامیش نەك هەر بە نیسبەت ئەو قانونە، بە نیسبەت هەموو ئەو قەوانینانەی کە سەروەت و ماڵی هاووڵاتیان دەپارێزێ، ڕووحیشیان دەپارێزێ، ئەوە تەنها بۆ ڕوون کردنـەوە بـوو، حـەزم کـرد ئیشـارەتی پـێ بدەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی، کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من ذوقتە نیزامیەکەم، دوێنێ دوو هاوڕێیکـەم باسـیان کـرد، دوو جـاریش بـە نووسـین نووسـیومە بـۆ بــەڕێز ســکرتێری پەرلــەمان، ئــەوە لــە خــولی پێشووشــدا هــەروەها ئیشــەکان بەڕێوەچــووە، ئــەو لێژنــە پەیوەندیدارانــە کــە لەســەروەن کاریــان خوێندنــەوەی یاســاکانە، خوێندنــەوەی ڕاپۆرتەکانــە، موناقەشــەی ڕاپۆرتەکانە، هەندێ جاریش دانی ڕەئی یاساییە، بەڵام بە داخەوە لەو خولـەدا ئـەو بەڕێزانـە وەڵامـی یـەك یـەك ئەنـدامانی پەرلـەمان دەدەنـەوە کـە ئـەوە نـانیزامی نییـە، مـن دوو جـار ئـەوەم بـۆ بـەڕێز سـکرتێری پەرلەمان نووسیوە و وەڵامەکەشی داومەتێ دەڵێ: وایە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لەگـەڵ ڕەئیەکـەی منـە، لەبەر ئەوە تکا دەکەین با ئەوە بە ڕێگەیـەکی نیزامـی بـڕوات بـۆ ئـەو بەڕێزانـە مافیـان نیـە وەڵامـی ئێمـە بدەنەوە، ئەگەر ڕەئیەکی تایبەتیان هەیە، وەك ئێمە ناوی خۆیان بنووسن ڕەئیەکانیان بدەنەوە، بەڵام ئـەو لە تێڕوانینی خۆیەوە، بە ناوی لێژنەیەکەوە وەڵامی یـەك یـەك ڕەئـی ئێمـە بداتـەوە، بـە بـێ کۆبوونـەوەی لێژنە، بەڕاستی ئەوە خاڵێکی نانیزامییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سكرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە، پاشان كاك شێروان.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە خوشكە كوێستان دوێنێ بۆ منی نووسی و منیش وەڵامەكەیم بە نووسین دایەوە، بە ڕەئی مـن، ئـەوە ڕەئی منە، دوور نیە من غەڵەتیش بم، هەر ڕەئیەك لە ناو پەرلەمان پێشكەش بكرێت، سـەرۆكایەتی شعور بكات ئەو ڕەئیە پێویستی بە دەنگدان هەبێت، لازمە ڕەئی لیژنـەی قـانونی وەربگـرین، چـەند مونسـەجیمە لەگەڵ بینایەكانی، ئوسوس و مەبادیئی قانون، ئەوە لە ناحیەك، ناحیەكی تر، ئەگەر ڕەئیەك پێشكەش كرا شعوریان كـرد ئـەوە خـیلافی مـەبادیئی قانونـە، زۆر زەرووریـە بـۆ ئەنـدامان، چـونكە هـەموو حقـوقی نـین، حقوقیش بن زۆر شت هەیە منـیش نـازانم، ئـەوانیش نـازانن، مـەفرووزە ڕوونـی بكـەن ئـەو ڕەئیـە خـیلافی قانونە، پرسیارەكانی تـر ئـەوڕۆ بـەیانیش لەگـەڵ كـاك شـێروان باسـم كـرد، زەرووری نیـە لیژنـەی قـانونی وەڵامی هەموو پرسیارەكان بدات، ئیللا لەو دوو حاڵەتانە، پرسیارێك یان ڕەئیەك شعور بكـەن سـەرۆكایەتی دەخەنە بەردەنگدان، زەرووریە ڕەئی خۆی لەسەر بەیان بكەن، نەكو ڕەئیەكی خـیلافی قـانون و مـەبادیئی دەسـتووری تێپـەڕ ببێـت، یـانیش ڕەئیـەك غەڵـەت بێـت، مونسـەجیم نـەبێت لەگـەڵ مـەبادیئی، لـەو دوو حاڵەتانە پرسیارەكانی تر بە ڕەئی منیش موكەلەف نینە وەڵامی پرسیارەكانی تر بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بە قەناعەتی خۆمان لە حدودی تەوزیحات نەچووینەتە دەرەوە، مەسـئەلەیەكی قـانونی وەكـو ئێسـتا د.ڕزگار ئیشارەتی دا، مەفرووز وایە و ئـەركی ئێمەیـە جـوابی بدەینـەوە، چـونكە ویجهـەت نـەزەری قـانونی ئێمە ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمان دەبێ صورەتەكی وازحیان هـەبێ، چـونكە ئێمـە ڕەنگـە بـە نیسـبەت ئـەو مەسەلەی ئێمە بەرەو دەنگدان دەچین، ئەگەر ئێمە تەوزیحی نەكەین، ڕەنگە وەكو پێویست تەصویتەكە لـە جێگای خۆی نەبێ، ئەوە یەك، دوو: ئێمە حەز دەكەین ئەگەر سەرۆكایەتی نەڵێ لیژنەی یاسایی، ئێمە خـۆ سەربەخۆ قسە ناكەین، ئەگـەر سـەرۆكایەتی ڕێگەی پێـداین بـە نیسـبەت ئـەو تەوزیحاتـەش قسـە دەكـەین، ئەگەر نا ئێمەش وەكو هـەر لیژنەیـەكی تـر مافـەكی خۆمانـە ئەگـەر مەسائیلی قـانونی هاتـە گـۆڕێ ڕەئـی خۆمان بڵێین، نەك وەڵامی یەكە یەكەی ئەندامانی پەرلـەمان بدەینـەوە، ئێمـەش لەگـەڵ ئـەو ڕەئیـە دایـن، ئێستا كە د.ڕۆژان وەڵامی داوە، تەنها بۆ تەوزیح بوو، بۆ هیچ شتێكی تر نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر، نوقتەی نیزامی، كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامی وازح و نموونەیەکی زیندووتان عەرز دەکەم، لەو فەقەرەیە زیاتر لە پێنج، شەش پەرلەمانتار دوو، سێ پێشنیاریان کرد، هیچ وەڵامێکی یاساییشی نەدرایەوە، بۆ نموونە وترا: تەوقیت دابندرێ بۆ گوێ گرتن، بۆ وەڵامدانەوە، دووەم وترا مەسئولیەتی حیمایە وازح بکرێ، لێژنەی مافی مرۆڤیش باسی مەسئولیەتی کرد، خوشکە ڕۆژان دەڵێ پێویست ناکات، چونکە وا هاتووە، ئەو دوو مەوزووعە، دەبێ لێژنەی یاسایی صیاغەکە وەرگرێ، ئەگەر خۆیان حازرن حازری بکەن، ئەگەر خۆیان حازر نین داوا لە پەرلەمان بکەن، وەکو زۆرجار دەیکەین، خوا هەڵناگرێ بۆ ئەوەی بڵێین هەموو جار وایە، بەس بڵێین ئەو پێشنیارە بنووسن تا ببێتە هاوکارییەك بۆیان و بیخەنە دەنگدانەوە، ئێستا ڕوونکردنەوەکان هەمووی بەو ئاقارە دەچێ کە ئێمە نەتوانین ئیتر هیچ پێشنیارێك پێشکەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا چەند شت هەیە ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەوەمان کردووە بخرێتە دەنگدانەوە، یەکێ ئەوەی کە چالاکی مەدەنی، پۆلیسی چالاکی مەدەنی سەرپەرشت کرا، ئەوە لە سێ ئەندامی پەرلەمان زیاتر بوو دەخرێتە دەنگدانەوە، کات دیاری بکرێت لە بەینی هەردوولا ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە، (تتولی) بکرێتە (یجب) یان حیمایە بکرێتە ئەرك، ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە، لێژنەی هاوبەش لە بەینی جیهەتی ئیداری و لە جیهەتی موزاهەرە دروست بکرێت، ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەو نوقاتانە ئێمە حازرمان کردووە هەمووی دەخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا نوقتەی نیزامی کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا زۆربەی قسەکانی سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی، نەك لێژنەی یاسایی، سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی تەفنید کردنی ڕەئی موقابیلە، کە لەگەڵ قەناعەتەکانی ئەواندایە، تۆ ئەوە ئیجتیهادە لە ڕاستیدا ئیجتیهادی قانونی نیە، ئیجتیهادە و بیر و بۆچوونە، بۆیە ئەگەر جەنابتان ئەو بوارەیان پێ دەدەن بەردەوام بن لەسەر ئەوە، تکام وایە لە دوای قسەکانی ئەوان بوار بە ڕەئیە جیاوازەکە بدرێ بۆ ئەوەی جارێکی تر قسە لەسەر بۆچوونەکانی خۆی بکات، لە کۆتایی قسەکاندا تەفنیدی هەموو قسەکانی ئێمە دەکەن، کە کردوومانە، ئێمەش بە قانونی قسەمان کردووە، بۆیە دەبێت ئەگەر ڕاستی بوار بەو شێوازە دەدرێت، ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان تەفنیدی قسەی موقابیل بکەن، بوار بە ئێمەش بدرێت، تەعبیر لە بیر و بۆچوونەکان، بۆ دواجار قسە لەسەر بیر و بۆچوونەکان بکەین دیفاعی لێ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەو خولەدا ئەو حاڵەتە تێبینی دەکرێت، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، هیچ دلگران نەبن لەو قسەیە، من دوێنێ و (10) کەسیش، (10) دانە کەس پشتگیری لێ کردم وتم: ئەو یاسایە یاسایەکی مەدەنیە، بلێین خۆپیشاندانەکان ڕێك دەخات، ئیقتیراحم کرد، ئەو ئیقتیراحەش تەنها هی من نەبوو، لەوە و پێشیش لە فراکسیۆندا ئیقتیراحی کاك عبدالسلام بووە، من فورصەتم بۆ هات کە یەکەم کەس قسەم کرد، ئیقتیراحەکەی ئەوم پێشکەش کرد، وتمان ئەوە بە کۆمەڵێك بنەمای مەدەنیانە بخەینە پێشی ئەو یاسایەوە، من داوام کرد و ئەوانەی پشتگیریان کردم بە عەینی مەبدەء داوایان کرد، سەیر دەکەم ئەوڕۆ دەڵێم چی بەسەر هات؟ نەصێکیان هێناوە، ڕێزم هەیە نەصێکیان هێناوە دەڵێن ئەو نەصە بەسە، نەخێر من ئیصرار دەکەم لەسەر ئەوەی بەو نەصە بێت، دیاریشم کرد، وتم: هەموو لایەك ماف و ئەرکی خۆی دەزانێ، بۆیە دەبێت ئەوە بەو شێوەیە بێت، ڕاستە لەوانەیە شتێکی نوێ بێ، ڕاستە لەوانەیە تیکرار بێ، بەڵام ئێمە ئەوە شتێکی جیاوازە، با هەموو کەسێك کە دەیخوێنێتەوە ئەو یاسایە بزانێ ئەوە مەبادیئەکانیەتی، من زۆر ڕێزم هەیە بۆیان، ئەوان زۆر ماندوو دەبن، زۆر هیلاك دەبن، تەنها و تەنها دەبێ ڕەئی قانونی بدەن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێش ئەوەی قسە بکەن ئەرکی لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تریش لێرە کەم دەکەینەوە، ئەو بەڕێزانەی کە دێنە ئێرە و ئەندامانی پەرلەمان قسە دەکەن، ڕەئی خۆیان دەردەبڕن، لیژنەکانی تر لەسەر مینەصە دەبن بە تەنسیق لەگەڵ لیژنەی یاسایی، تەحدیدی ڕەئی ئەو بەڕێزانە دەکەن، کە حەقی هەیە بخرێتە دەنگدان، یەك کەس، زیاتر لە دوو کەسە، چەند کەسە دەڵێ ئەو مەوزووعە، ئەوە دەخرێتە دەنگدان و تەواو ئیتر وای لێ دەکەین، ئەو موشکیلەیەش چارەسەر دەبێ، کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت برای بەڕێزم کاك عمر کە ئیشارەتی ئەوەی دان جوابی ئێمەی نەداوەتەوە بە نیسبەت هەندێ پێشنیار، ئێمە بە تەنسیق لەگەڵ سەرۆکایەتی هەندێ خاڵمان لێرە گەڵاڵە کردووە، بەڵام صیاغە لای ئێمە ئامادەیە، وە نیە بە نەزەر ئیعتیبار وەرنەگیرێ، دەبوایە کاك عمر ڕاوەستێ بخوێنینەوە، ئەگەر تێیدا نەبوو ئەو وەختە حەقی ئەو گلەییەی هەبوو، بە نیسبەت سۆزان خانیش حەز دەکەم ئیشارەت بەوە بدەم، من دوێنێ ڕەئی خۆم بە صەراحەت دا، ئەو ڕەئیەش بەڕاستی ئەو بەیانییە هەندێ قسەمان لەسەر کردووە، هێشتا گەڵاڵە نەبووە بە تەواوی، هەتا بڵێین پێشنیارەکە، دوایی ئێمە تەحدید ناکەین ئەو پێشنیارە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرە، ئەرکی سەرۆکایەتییە ئەوەی تەحدید بکات، نەك ئێمە، ئێمە تەنها مولزەمین بە

صياغە، صياغەكەش دەمانەوێ شتەكى ڕێك و پێك بێت، ئەو مەبەستەی كە پێشنيارەكەی بۆ تەقديم كـرا، ئەوە بگرێتەوە، لە بيريش نەكراوە، بەڵام ماددەكـەش جێـی بـە فـەراغ جێهێشـتراوە، بۆيـە ديسـان دەڵێمـەوە ئێمە مولزەم نين بە قبوڵی ئيقتيراحات، ئەوە ئيشی سەرۆكايەتيە، بە نيسـبەت كـاك عـەدنانيش، مـن وەكـو ئەندامێكی پەرلەمان ئـازادم، چۆن ئەگـەر لێـرە صيفەتی سـەرۆكی لێژنـەی ياسـايی بـێ، سـەرۆكی لێژنـەی ياساش نەبێ، بەڵام وەكو ئەندامێكی پەرلەمان مافی خۆمە منيش قسە بكەم، بەڵام كە لێرە دادەنيشم ڕاستە بە ناوی لێژنەی ياسا قسە دەكەم، ڕەنگە هەندێ لە ئەندامانی لێژنـەی ياسـا پێيـان بـاش بێـت، هەنـدێكيش پێيان باش نەبێت، بەڵام ئێمە كە لێرە دادەنيشين تەمسيلی لێژنەی ياسايی دەكەين، بەڵام جار جاريش من حەقێكی شەرعی خۆمە، حەقێكی قانونی خۆمە وەكو ئەندام پەرلەمانێك قسە بكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو نيزامی ماوە، كەرەمكە جەنابت و پاشان كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنــێ هــەر لــە قســەكانی ســەرۆكی لێژنــەی ياســاييدا، كــاك شــێروان ئامــاژەی بــەوە كــرد، كــە ڕاپۆرتــە هاوبەشەكەی كـە ئامادەيـان كـردووە (44) ئەنـدام تيايـدا ئامـادە بوونـە، وا داڕێژراوەتـەوە كـە هـەموو ئـەو ئەحكامانەی لێژنەی ياسايی خـۆی مەبەسـتيەتی كـە بـۆ مۆڵـەت پێـدان بێـت، ياسـاكە وا داڕێژراوەتـەوە كـە (44) ئەندام، خـۆ ئـەو (44) ئەندامـە ڕەئيـان وەرنـەگيراوە و ئيمزايـان نـەكردووە لەسـەر ئـەوەی كـە ئـەو ياسايە بەو شێوەيە دابڕێژرێتەوە، بەڵام من هەست دەكەم ئەو داڕشتنەوەيەی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشـە زيـاتر فەرزی لێژنەی ياسايی بەسەرەوە بووە، كە ئێستاش مەجالی ئەوەی تيا نەما كە بە ئاگـادار كردنـەوە جێگـای بكرێتــەوە لــە ياســاكە، بۆيــە نەخرايــە دەنگــدان، مــن پێموايــە مــادام پێويســت بــە دەنگــدانی ئەنــدامانی پەرلەمانيش ناكات، زۆر سوپاس.

**بـەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی پێم خۆش بوو ئەو مەوزووعە كراوە، مـن دەڵـێم يـەك: جياوازييـەك دەبێـت هـەبێ لـە نێـوان ڕای شەخصی ئەندام پەرلەمان و ڕای مومەسيلينی لێژنەكان كە لەوێ دادەنيشن، من تەصەور دەكەم لە نيزامـی داخيلی ئاليەتێك هەيە كە لە سەرۆكايەتی پەرلەمانيش ويستی موداخەلەيەك بكات لەسەر موناقەشـەيەك، دەچێتە جێگايەكی تر، وەكو ئەندام پەرلەمان ڕەئی دەدات، ئەگەر ڕەئی لێژنەيە، من وا ناڵێم، بەڵام خۆيان بەينی خۆيان ڕێك كەوتوون سێ كەسيان نـاردووە يـان دوو كـەس، ئەگـەر وەكو كـاك شـێروان دەڵێـت ڕەئـی خۆمــە وەكــو ئەنــدام پەرلــەمان، ئەگــەر بڵێــت وەكــو ڕەئــی ئەنــدام پەرلــەمان، بــەڵام مــن تەصــەور دەكــەم

حەلەکەی زۆر ئاسانە، جەنابیشت زۆرجار یەعنی ڕەچاوت کردووە و سەرکەوتوو بووین تێیدا، کە هەمووی قسە دەکەن ئێوە لە سەرۆکایەتی ئەو خالانەتان، هەر ئەوڕۆش ڕوویدا، خالەکە کۆبکەنەوە بپرسە یاسایی چی دەڵێی؟ فلان چی دەڵێت؟ ئەو کاتە ئەو ڕەئیە موسبەقە نادرێت، ئەو ئینتیباعەش لای ئێمە دروست نابێت کە ئەوان تەئسیر دەکەن لەسەر ئەو، سێیەمیان ئەوە لای من گرنگە کە ئیشکالیەتەکە هەمووی لەوێدایە، ئەو حادیسەی کە ڕووی دا دوێنێ، وای لێ کرد کە دوێنێ بڵێم نیزامییە، پاشان وەرنەگیرا وەکو نیزامی، ئەوە ئێستا نەتیجەیە، لیژنەی یاسایی ڕێزێکی گەورەم هەیە بۆ ماندوو بوونیان، دەزانم لە خولەکانی تریش، ئێستاش، لە هەموومان زیاتر مەشغولن، من وا تێگەیشتبووم وەکو سەرۆك لیژنە، لیژنە تایبەتەکە خۆی دەگریتە ئاخیر صیەغ و شت لەبەری بابەت، چونکە وەزیر دەبینین، لیژنە دەبینین، خۆمان پەروەردە دەکەین بۆ ئەو بابەتە، موناقەشات دەکەین، تەصەوری من لیژنەی قانونی خزمەتێکی گەورەمان بۆ دەکات، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (auxiliary tasks) یەعنی ئێمە لە یاسا نازانین، ئەوان بۆمان صیاغەیەکی یاسایی دەکەن، ئێمە نازانین چ یاسا هەیە لە دونیا، پێمان دەڵێن وەکو ئەو حادیسەی ئێستا حاکم وتی، دەڵێت بابە ئەوە لە فلانە مادده هەیە، ئێمە هەر خۆمان ئەو کاتە مەشاریع بێ ئەو تەقدیم ناکەین، بۆیە ڕجا دەکەم جەنابی جێگری سەرۆك گوێی لە من گرت لە کۆبوونەوەی سەرۆکی لیژنەکانیش ئەو پێشنیارەم کرد، ڕجا دەکەم ئێمە ئالیەتی پێشکەش کردنی پرۆژەکان و ئالیەتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکان لە نیزام داخلی کاك فرست وابزانم مانیع نیە، تەنها تەفسیری نصوصە، لیژنەی تایبەتمەند راپۆرتی خۆی دەنێرێت، موجبەرە لەگەڵ لیژنەی یاسایی، لەوێ لیژنەی یاسایی تێبینی یاساییەکان و شکلیەکانی دەداتێ، بە تەصەوری من ڕەئی نیهائی بهێڵێدرێت بۆ لیژنەی پسپۆر، ئەو کاتە ئەوانیش ئەو ماندوو بوونەیان بەلاش ناچێت، ئاخیر مولاحەزە ماددەی (2) کە دوێنێ هێڵرا من بە صەراحەت وتم نیزامییە، چونکە ئێمە ئێستا ماددەی (3)مان تەصویت کرد، ماددەی (4) و (5)یش دەکەین، ماددەی (2) بەڕێزان قیمەتی نەما، ئەو شتانەی کە ویستمان ببێتە چوارچێوەی ئەو یاسایە نەبوو، هاتینە تەفاصیل، ئەو نەصەی بەرامبەر کە ئیقتیراح کرا داعی نیە، چونکە لە دیباجە هەیە، بمینێت لە دیباجە زۆر باشترە، نیزامیەکەم لەوێدا بوو، ناتوانین ئێستا لیژنەی، من خۆم هەڵدەستم ئیقتیراح دەکەم لیژنەی دوو تەصویت لەسەر بکەین، ماددەی (2) نەمینێت، ئەوانەنە کە نەتیجەی وابزانم هەلومەرجە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، بەڕێزان ئێستا شتەکە زۆر ڕوون و وازحە، زۆریش ئیشەکەی ئێمەش ئاسانتر دەبێ لەمەودوا، ئەو بەڕێزانەی ئەندامی پەرلەمان کە قسە دەکەن لەسەر هەر ماددەیەك، ئەو بەڕێزانەی لێرە دەبن تەشخیصی بکەن، چەند لەو بۆچوونانە لە صیاغەیەکی قانونی بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوجا ئێوە قەراری لێ بدەن، ئەوجا موشکیلە حەل دەبێت، پێویست ناکات وەکو ئەندامێکی پەرلەمان جوابی خۆیان بدەنەوە، زۆر زۆر تەبیعیە، چونکە هەمووتان قسە دەکەن، بۆ ئەوەی بڕیاری نیهائی دەخرێتە

بەردەنگدانەوە، صیاغەیەکی جوانی دەکەی، سێ ڕەئی هەیە، چوار هەیـە، لـە چـوار شـکل صـیاغە دەکـرێ و یەك، یەك دەیخەینە دەنگدانەوە، خۆتـان قـەراری لـێ دەدەن، ئـەوە ئیشـی لێژنـەکانیش و سـەرۆکایەتیش و ئێوەش ئاسان دەکات، ئیتر وا دەڕۆین لەمەودوا، لێژنەی یاسایی کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر سوپاسی کـاك عبدالسـلام بـەرواری دەکـەین بـۆ ئـەو تێبینیانـەی سـەبارەت بـە تـەدەخول کردنـی لێژنەی یاسایی تەنها لە بابەتی یاسایی یان دەستووری، ئێمەش زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەگـەر لەمـەودوا ئێمـە هەر نەیەینـە سـەر مینەصـەش، لێژنـەکانی تایبەتمەنـد بێنـە سـەر مینەصـە و ئـەو ئەرکـەی لەسـەر شـانی ئێمەیـە سـووك بکـەن، زۆر مـەمنوونین، مـەمنوونی هـەموو ئەنـدامانی پەرلەمانیشـین، ئـەوە یـەك، ئـەو پێشنیارەی کاك عبدالسلام پێم خۆشە ئێستا بخرێتە دەنگدان، کە لەمەودوا لێژنەی یاسایی بەس تایبەت لە بابەتـەکانی یاسـایی صـرف، یـان لـە صـیاغەکردنی قانونـەکان بێتـە سـەر مینەصـە، هەرلـە جێگـای خۆمـان دادەنیشین، نایەینە سەر مینەصەش، مەمنوونتان دەبین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نـا، نـا ئەوەڵـەن کـاك عـەونی تکایـە، ڕجائـەن بـە ئینفیعـال نـابێ، شـتێکی زۆر تەبیعیـە، زۆری دروسـت و سەلیمیشە کە ئەندامانی پەرلەمان موناقەشەیان کـرد ئەکسـەریەتی وای پـێ باشـە دەیخەینـە ئـەو قاڵبـەوە، لێرە صیاغە دەکرێ، صیاغەکان دەدەینە دەنگدان، پەرلەمان حەسمی دەکات و خەلاص دەبێت، جا ئـەوە بـە نیسبەت ئـەوەی تـریش دوێـنێ دوامـان خسـت بـۆ ئـاخیر، ئەگـەر ئـەخیر پێیـان ویسـت، ئێسـتا وەرەوە سـەر ماددەکە، ڕجائەن بەسە، نیزامیش نەما، خەلاص، چەند بۆچوونێك هەبوو، یـەکێك لـەو بۆچـوونانە دەڵـێ: پۆلیسی چالاکی مەدەنی سەرپەرشتی حیمایەی خۆپیشاندانەکان بکەن، بە تەسەلسول بیخوێنە یـەك، یـەك، دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای هاتنی ئەو پێشنیارانە و تێبینیانە لەسەر ئەو ماددەیە، ئێمە صیاغەیەکمان داڕشتیە، ئێستا صیاغەکە دەخوێنمەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان موافەقەتیان کـرد لەسـەری بدرێتـە دەنگـدان، بـە ئیزافـە یـان بـە کەمکردن یان بەهەر شێوەیەك بێت،

المادة الرابعة:

1-لكل المواطنين و المقيمين في إقليم كوردستان بصورة رسمية و الأحزاب السياسية و منظمات المجتمع المدني و النقابات المهنية و الإتحادات و الجمعيات و غيرها من التنظيمات المجازة قانوناً حرية تنظيم المظاهرات بعد إستحصال الموافقة أو بعد مضي المدة القانونية المنصوص عليها في الفقرة رابعاً من المادة الثالثة من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ با ئەوە حەسم بکەین، ئەو فەقەرەی کە خوێندرایەوە بەو شێوەیە ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر نیە دەیخەینە دەنگدانەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیەکمان دا وتمان ئەگەر بکرێ ئەو ئیستیحصالی موافەقەی هەر لابەین، ئەو کاتە ئەو حەقەش لە ئەحزابی سیاسی و مونەزەمات ناسەنێتەوە کە ئێستا لە یاساکەی خۆیان باس لە ئیشعار دەکات، چونکە تۆ ئۆتۆماتیکی پێش ئەوە.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حەسم بوو، ڕجائەن، بە قانون، بە دەنگدان حەسم بوو، ناگەڕێینەوە ئیلغای بکەینەوە، دوێنێکە ڕەئیمان لەسەری دا، کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت و زەکیە خانیش وابزانم باسی ئالیاتی وەرگرتنی موافەقە لەلایەن موقیمین، ئێستا ئەو نەصە دەڵێت: موقیمیش حەقی هەیە تەنزیمی موزاهەرە، تەنزیم جیاوازە لە ئەنجامدان، (حق تنظيم المظاهرة) جیاوازە لە ئەنجامدان، (حق تنظيم المظاهرة يبدأ بالتنظيم)، بۆیە ڕجاتان لێ دەکەم یان ئەو حەق تەنزیمە بگۆڕن، یان (القيام بالمظاهرات و التجمعات حق مضمون لكافة مواطني و سكان الإقليم)، ئەوە وابزانم وازحە موناقەشەی پێناوێ، چونکە (حق تنظيم) یەعنی (تقديم طلب) کە چی ناوێت، یەك، دوو: ئەو موافەقە تەحریریە من پێشنیارێکم تەقدیم کرد، پێشنیارەکە دەگونجێ لەگەڵ زۆربەی زۆری (بعد إستكمال الإجرتءات القانونية) هەردوولا دەگرێت، پێش 48 سەعات تەقدیمیشی کردووە، دەکرێ پاش 48 سەعات بە پێی ئیجرائی قانونی ڕەفزیش کرابێت، یەعنی هەر جەوابی نەدرابێت، من ڕێزم هەیە بۆ ئەو ڕەئیەی وتی فەرق نیە، ئیستیحصالی موافەقە وەکو بەڕێزان وتیان، واتا دەبێت موافیق بیت، (إستكمال الإجرتءات القانونية) یەعنی (وفق هذا القانون)، (إجراءات هذا القانون)، هەردوولا دەگرێتەوە، یەعنی ئەگەر وەڵامیشی بۆ نەهات 48 سەعاتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی کرد له مادده (رابعاً): (لكل المواطنين و المقيمين في إقليم كوردستان بصورة رسمية)، (بصورة رسمية) یەعنی وابزانم زیادە ئەو وشەیە، بۆ چیە؟ (المواطنين و المقيمين في إقليم كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فەرەج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆخۆم لەسەر ئەو ماددەیە قسەم نەکرد، بەڵام ئەوەندەی تێبینیم کرد پێشنیازێك هەبوو کە کاك ڕزگار تەبەنی کرد و برادەرانی تریش پشتگیریان لێ کرد، لەسەر ئەوەی کە ئیعتیماد بکەنە سەر یاسای ئەحزاب، بۆیە حەقە ئەو پێشنیازە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کرایە قەرار، بڕیار درا، دەبێ موافەقەت وەربگیرێ، ڕوونیش کرایەوە، ئەو قانونی تازە ئەوەی ڕابردوو نەسخ دەکات، ئەوە ناخرێتە دەنگدان، ئێمەش لە سەرۆکایەتی ناتوانین بیخەینە دەنگدان، چونکە دوێنێ دەنگ درا بە شێوازێکی تر، کەرەمکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئاگامان لەوە بێت ئێمە باسی موزاهەراتی عامە دەکەین، لە حاڵەتی موزاهەراتی عامە موقیمین ئەو حوریەتەیان پێ نادرێت کە تەنزیمی موزاهەرەیەکی عام بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بوو، نیزامی، یەك کەس ماوە کاك عمر، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وانازانم ئەوەی کە ئیقرارمان کردووە تەعاروزی بێ لەگەڵ تەعدیلی ئێمە، لەوێ ئێمە بە نەص نەمانوتووە ئەحزاب و (NGO)کان و سەندیکا و مونەزەمات و ئەوانە، لەبەر ئەوە زۆر ئیعتیادی مەجالی تێدایە، ئەو قاعیدە قانونیەش کە کاك شێروان و ئەوان باشتر دەزانن، کە دەبێ کاتێك کە سەهوێك لە موشەریعەوە دروست دەبێت، بڵێی: (لايعمل بأي قانون يتعارض مع ...) ئەوە، ئێمە کە مونتەبیە بووبین قانونێکی ترمان هەیە، ماددەیەکی تر، بەڕاستی دەبێ باسی نەسخی ئەو ماددەیە بە قەرارێك بکەین، یەعنی ئەگەر دانیشێ پەرلەمان بڕیاری بێ، لێژنەی یاسایی ئەحزاب پێداچوونەوەی بۆ بکات، هەمواری بکات، مافی خۆمانە دەتوانین ئەو کاتە قسەی تێدا بکەین، بەس ئێستا کە دەرکمان کردووە تەعاروزێکی یاسایی هەیە، نابێ بچینە بەر ئەو قاعیدەیە کە ئەوان لە من باشتر لەوە دەزانن، دەبێ بیگونجێنین، دەبێ شتێك دەرنەکەین کە پێچەوانەی ئەوە بێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حمە سعید، كەرەمكە.

**بەرێز حمە سعید حمە علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ حەل كردنی ئەو ئیشكالە من پێشنیار دەكەم پشتگیری ڕەئیەكەی كاك عبدالسلام و مامۆستا و ئەوەی كە جەنابیشت باست كرد، دەكەم، كە حەقی تەنزیمی تەزاهوریان نیە، ئەو خاڵە، ئەو بڕگەیە تەفكیك بكەین، بیكەین بە سێ بڕگە، بڕگەیەكیان حەقی تەنزیم، ئەوە بەس مواتینی ئیقلیمی كوردستان دەتوانێ، موشارەكەش ئەوە هەموو موقیمین دەتوانن، جا ئەحزاب و مونەزەمە، ئەحزاب و مواتنین جیاكەینەوە، ئەحزاب و مونەزەمات بۆ ئەوەی تەعاروزیشی نیە لەگەڵ ماددەی دوو، ئەوە بەس ئیشعار بكات، بەڵام مواتنین و موقیمین موافەقەی تەحریری وەرگرێ، كەواتە ئەگەر تەفكیكمان كرد بە سێ بڕگە، ئەو بڕگەیەمان كرد بە سێ خاڵ، ئەو كاتە هەموو ئەو شتانەی جەنابیشت و بەڕێزان وتیان دێتە دی، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارەكەت بنووسە، بە نووسین بیدە لێژنەی یاسایی با صیاغەی بكەن، كاك خورشید كەرەمكە.

**بەرێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا بەس مولاحەزەی ئەوەم كرد (بشكل رسمي)، (بشكل قانوني)، ڕەسمی نابێت، (بشكل قانوني)، چونكە ئەوە ئیجرائاتی قانونی هەیە تا بتوانێت لێرە بمێنێت، یەعنی ڕەسمیەكە بكرێت بە قانونی.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەو پێشنیارانەی كە هەیە بە نووسین بیدەنە ئێرە، بۆ ئەوەی صیاغە بكرێت و ئەوانەی پێویستیش بێ دەدەینە دەنگدان، بەرێز كاك فرست موداخەلەیەكی هەیە، تكایە گوێبیست بن.

**بەرێز فرست أحمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر لە برادەرانیش ئەوی تریان باس كرد، كاك عبدالسلام بوو، برادەری تر بوو، مەفرووزە (2) شت لێك جیاواز بن، حەقی تەزاهور و حەقی تەنزیمی موزاهەرە، بە ڕەئی من ئەگەر لێژنەی قانونی بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرێت، ئیحتیمال هەیە نەجات بین لە هەندێ كێشەكان، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەم خاڵانە كە لە موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمان تەشخیص كرا كە پێویستی بە دەنگدانە دەیخەینە دەنگدانەوە، یەكێك لەوانەی كە داوا كرا پۆلیسی چالاكی مەدەنی سەرپەرشتی بكات، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام هەر ڕوون كردنەوەیەك ئەگەر لە ناحیەیەك چالاكی مەدەنی نەبوو، نەیكات، مەسەلەن، نوقتەی نیزامی، كەرەمكە، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتەكە موناقەشەمان كرد لەسەر پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكان، وتمان و موتەفق بووین لەوێ هەموو لیژنەكان، مەبەستمان پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكان وەكو موشەریع، بەڵام ئەم تەسنیفە نابەینە ناو قانونەكە، لەبەرئەوەی ئێستا بیخەیتە دەنگدان كێشەیەكی گەورە دروست دەكات، ئەگەر وتیان نا، یەعنی ئێمە بەرەو پۆلیسی تر دەڕۆین، لە كاتێك دا ئێمە مەبەستمان پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكانە بۆ پارێزگاری كردن لە تەزاهور، لەوێ قسەمان لەسەر كردووە لەمەحزەرەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز زیاتر لە سێ ئەندامی پەرلەمان داوایان كردووە و دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە، چونكە ئەوەڵەن من تەئیدی كاك كاردۆ دەكەم، برادەرانیش و سكرتێری پەرلەمان هەموویان ڕەئیان ئەوەیە، ئەگەر لە قەزا و ناحیەیەك نەبوو، چی بكەین؟ هەتا دروستی دەكەی دەبێت ڕابوەستێ و موزاهەرە نەكات؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕەئی ئێوەی بەڕێزە، داوایەك هەبوو و دوو كەس ئێستا هەستن دیفاع بكەن لەوەی چالاكی مەدەنی و دوو كەسیش دیفاع بكات كە نا، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت حیمایەی موزاهەرەكان تەنها پۆلیسی چالاكی مەدەنی بیكات، كێ دەیەوێ قسە بكات، نەسرین و كاردۆ لەملا، كێ دەیەوێ بە عەكسەوە بێت؟ كێ دەیەوێ هەر تەنها پۆلیس بێت، اسماعیل و كاك د.صباح، نەسرین خان كەرەمكە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پێشنیارەی كە هاتووە تایبەت بە پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكان، ئەوە شتێكی حەزاریە و هەروەكو ئاماژەمان پێی كرد لە وەزارەتی ناوخۆ ئەو بەڕێوبەراتیە دروست كراوە، یەعنی كێشەیەكمان نیە لەوە، یەعنی ئەمانە تەدریبیان پێ كراوە كۆمەڵێك قانونی خۆیان هەیە كە دەتوانن جێ بەجێ ی بكەن و كێشەكان گەورە نەبێت، بۆ ئەو پرسیارەشی كە باسی دەكەن لە قەزا و ناحیەكاندا هەموو ناحیەیەك و هەموو قەزایەك مدیریەتی شورتەی خۆی هەیە، ئەم مدیریەتی شورتانە وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێ لەومدیریەتی شورتانەی كە لە قەزا و ناحیەكانەوە هەیە بەشێك بكاتەوە بەناوی بەشی پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكان و بە زووترین كاتیش لە وەزارەتەوە دەتوانن پەروەردەیان بكەن، ڕایان بهێنن و دەورەی سەریعیان بۆ بكەنەوە، یەعنی ئەوە لەو كێشەیەش نەجاتمان دەبێت، یەعنی زوو تر سەیتەرە دەكرێت بەسەر وەزعەكاندا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەکان هەروەکو باسم کرد قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە مەبەستمانە کە مامەڵە کردن لەگەڵ خۆپیشاندان، وەکو خۆپیشاندانی شارستانی و ئاشتیانە، یەعنی ئەمە شتێکی بەڕاستی پێویستی بە موناقەشە نیە، لە کاتێك دا حکومەت خۆی پۆلیسی تەسنیف کردووە و ئیختساسی داوەتە ئەوانە و دەورەی پێ کردوون و وشیاری داونەتێ و ڕای هێناون و پارەیەکی زۆری لێ سەرف کردوون، یەعنی حکومەت خۆی بە پێویستی زانیوە لە واقعدا بە بێ ئەوەی یاسایەکە هەبێت و ئەم هێزەی دروست کردبێت بۆ تەعامولێکی حەزاریانە لەگەڵ خۆپیشاندان، لام سەیر دەبێت ئەندامانی پەرلەمان بیر لە هێزی تر بکەنەوە، ئەمە لایەکیان، ............ .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە، رجائەن ئەندامانی پەرلەمان حەقی خۆیانە چۆن بیر دەکەنەوە وەکو جەنابت. کەرەمکە.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر قسە لەسەر قەزاو ناحیەکان بێت بەڕاستی ئەمە پێش 48 سەعات مونەزمین یان ڕێکخەرانی تەقدیمی تەڵەب دەکەن، ئەم هێزەی لە پارێزگا هەیە دەتوانێ بچێ لەم شوێنەی کە دیاری کراوە پارێزگاری لێ بکاو بەو شێوەیەی کە بۆی داندراوە و بە پێی ئەو ڕێنماییانە و سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا تەرەفی مقابل، کاك اسماعیل کەرەمکە.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە کە دەڵێین پۆلیس، بە تەئکید ئێستا پۆلیس لەناو وەزارەت بەڕێوبەراتیەك هەیە بەناوی بەڕێوبەرایەتی چالاکیە مەدەنیەکان، بەڵام کە دەڵێی پۆلیس، پۆلیس هەمووی دەگرێتەوە یەعنی پۆلیسی هاتوچۆ دەگرێتەوە، پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە دەگرێتەوە، ئەوانە هەمووی دەبێت هاوکار بن و موشتەرەکن لە خۆپیشاندانەکە، هەر بە تەنیا نیە، بەڵام پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان ئەوە لەگەڵ ڕۆیشتنەکە دەڕۆن و هەموو پۆلیس بە گشتی دەبێت پارێزگاری لە خۆپیشاندانەکە بکەن، ئەگەر خۆپیشاندانی سەرانسەری بوو، باشە ئەو هەموو پۆلیسە لە کوێ دێنی تۆ؟ هاتوچۆ بێ شوێن دەبێت چی لێ دەکەی؟ خۆپیشاندانی سەرانسەری بێت ئیللا دەبێت هەموو پۆلیسی هەرێمی کوردستان موشارەکە بکەن لەو خۆپیشاندانە، تەنها چالاکی مەدەنی ناکرێت لە سلێمانی بیبەیە ماوەت و یان لە هەولێر بیبەی بۆ سۆران و یان لە دهۆك**

بیبەی بۆ شوێنێکی دیکە، ڕەنگە ئێستا لە پارێزگاکان هەیە، لەبەرئەوە پێویستە پۆلیس بیکات کە گوتت پۆلیس، یەعنی هەمووی دەگرێتەوە، ئەوە ئاسان تر دەبێت بۆ سەلامەتی خۆپیشاندەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ئەشکالیەتەی کە ئێستا دروست بووە، ئایا ئەجهیزەی شورتەی مەدەنی بێت یان ئەجهیزەی شورتە بە عام بێت؟ پێم وایە نەسەکە ئەگەر عام بێت زۆر باشترە، چونکە مەسئولیەتەکە جوانتر تەوزیع دەبێت بەسەر هەموو جۆرەکانی پۆلیسدا، ئێمە یەعنی وەکو باسکرا جەنابی کاک اسماعیل فەرمووی کە ئەگەر هاتو خۆپیشاندانەکە سەرانسەری بوو، بێنینە بەرچاوی خۆمان ئێستا، ئەگەر ئێمە بڵێین (تتولى أجهزة الشرطة المدنية) ئەی بەم شێوە بەشەکانی تری پۆلیس ئیعفا دەکەی بۆیان هەیە هەر دانیشن و موتەفەرج بن لە مەوزوعەکە، پاشان ئاگاداری ئەوە بین کە لە ماددەی 16 دەڵێت (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)، ئەمەش دەروازەیەکی ترە بۆ ئەوەی ئەو مەترسیانە نەمێنێت، تەنانەت ئەگەر لە شوێنێك دا شورتەی مەدەنی نەبێت یان شورتەی تر هەبێت، وەزیر تەعلیماتی وا دادەنێ کە ئەو خۆپیشاندانە بە شێوەیەکی سەلیم و بە شێوەیەکی دوور لە پشێویی و ئاڵۆزی دروست ببێت، ئێمە تا نەسەکە عام تر بکەین مرونەتی زیاتر دەبێت و مەسئولیەتەکە زیاتر دابەش دەبێت، هەرچەند ئەولەویەت بدرێت بەوەی کە شورتەی مەدەنی هەبێت، بەڵام کە وترا ئەجهیزەی شورتە بەعام ئایا شورتەی مەدەنی دەردەچێت لە مەوزوعەکە؟ نەخێر دەرناچێت، بۆیە پشتگیری لەوە دەکەم کە بەو شێوەیە بە عامی بمێنێتەوە، لەهەمان کاتدا بۆچوونی برادەران و خوشك و برایان بەراورد دەبێت، خۆمان دەمانەوێ ئەو خۆپیشاندانە بە شێوەیەکی زۆر سەلیم و بە شێوەیەکی زۆر ئاشتیانە و مەدەنیانە بەڕێوە بچێت، لەلایەکی تریشەوە لەو شوێنانەدا کە شورتەی مەدەنی لێ یە ئیمکانیەتەکە بەو شێوەیە نیە باقی ئەجهیزەکانی شورتەش دەچنە ژێرباری مەسئولیەتەکەوەو هەم هەدەفەکە تەحقیق دەبێت، هەم مرونەتێکی زیاتر دەدرێت بە نەسەکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان نیزامی هەیە، کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەڵەیەك هەیە لێرەدا، بۆ کاك اسماعیلیش و بۆ د.صباحیش، حەز دەکەم ئەو هەڵەیە ڕاست بکەمەوە و نیزامیشە قسەکەم زۆر، دەڵێت دەزگای پۆلیس گرنگی دەدات بە پاراستنی خۆپیشاندەر نەك خۆپیشاندان، پاراستنی خۆپیشاندەر جیایە و پاراستنی هەموو خۆپیشاندانەکان جیایە، وەکو پۆلیسی

مرورو پۆلیسی تر، ئەم بەس بە نیسبەت ئەوانەوەیە کە خۆپیشاندانەکەیان کردووە دەیان پارێزێ، ئەمە ئیشەکەی بەس ئەمەیە، ئەوە نیە ڕێگا بگرێت و ئەمە ڕێگا بکاتەوەو ئەمە پاراستنی خۆپیشاندانەکە هەمووی ڕەنگە ئاسایی تر بێت هەموو پۆلیس بەیەکەوە، بەڵام پاراستنی ئەوانەی موزاهەرە دەکەن دەبێت پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان بێت، چونکە مودەڕەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ مەعلومات گشت پۆلیس مەدەنیە، یەعنی هەر سلکی پۆلیس لە زمنی مەدەنی حیساب دەکرێت بۆ ئاگاداریتان، بەڕێزان ئەو خوشك و برایانەی کە ڕەئی خۆیان دا و تەوزیحێکی جوانیان دا، کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ خۆپیشاندەرەکان تەنها پۆلیسی چالاکی مەدەنی بێت دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ تەنها 25 ڕێزدار لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە پۆلیسی عام بێت، یەعنی لەگەڵ ئەوە نیە پۆلیسی چالاکی مەدەنی بە تەنها بێت، دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ 54 کەس لەگەڵ ئەوەن پۆلیس بێت بە گشتی، ئێستا دێینە سەر خاڵێکی تر، داواکرا لەناو بۆچوونەکان پێشنیارێك هەبوو کە لیژنەیەکی هاوبەش دابندرێت لەبەینی ئیدارە و لە بەینی ئەوانەی خۆپیشاندەرن، هی موزاهەرەکە، لیژنەیەکی هاوبەشی موشتەرەك دابندرێت، دەمەوێت دوو کەس لەسەر ئەوە قسە بکەن کە لیژنەی هاوبەش هەبێت، دوو کەسیش لەسەر ئەوەی کە هەر ئیدارە پێی هەڵبستێت، دوو ڕێزدار ئەوانەی دەیانەوێ لیژنەیەکی هاوبەش پێك بێت یەکێکیان عدنان عوسمان، دوو: کاك حمە سعید، کێ دەیەوێت کە هەر ئیدارە پێی هەڵبستێت تکایە دوو کەس ڕەئی خۆی بدات، کاك عبدالسلام و د.ڕۆژان، کاك بلال نیزامیە؟ کەرەمکە.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی کاتێك کە تەوزیحەکە دەدرێت، لەلایەك قسەکانی خۆی دەکات دواتر لایەکەی تر دەیکات، واباشترە ئاڵوگۆڕێکی تێدا هەبێت بۆ ئەوەی کە ئەگەر جواب دانەوەی پێویست بوو، هەر ئەو کەسە جواب بداتەوە، نەك جارێکی دیکە یەکێکی تر هەستێت قسە بکات و ڕوون کردنەوە بدات، یەعنی بۆ نموونە تەرەفی یەکەم یەکێکیان قسە بکات و تەرەفی دووەمیش بیکات، دوایی تەرەفی یەکەم دووبارە بیکاتەوە.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێمە ئیدارەی جەلسەکە دەکەین بەو شێوەیە، ئێستا کاك عدنان کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە باسی خۆپیشاندان دەکەین، باسی سەدان و هەزاران خەڵك دەکەین کە دێنە سەر شەقام، باس لە کۆمەڵێك مەتاڵیب دەکەین، باس لە مەسەلەی ئەمنیەت دەکەین، باس لە مەسەلەی ئەوە دەکەین کە بە شێوەیەکی هێمنانە بڕواتە پێشەوە، باس لەوە دەکەین کە گوێیان لێ بگیرێت، یەعنی هەموو ئەو

مەسائیلانە پێموایە بۆ هەم جێ بەجێ کردنی هەموو بڕگەکانی ئەم یاسایە و هەم سەلامەتی خۆپیشاندەران، بۆ ئەوەی هیچ جۆرێك لە تەشەنوج نەبێ و هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئەجیندەیەی کە پێش وەخت ئیتیفاقی لەسەر کاتەکە بۆ نموونە و لەسەر ڕێڕەوەکە، لەسەر شوێنەکە، لەسەر ئەمانە کراوە، بوونی لیژنەیەکی هاوبەش لەڕاستی دا کار ئاسانیەکی زۆر گەورە دەبێت بۆ هەردوو لایەن، بۆ خۆپیشاندەران، موتەزاهیرین، لەهەمان کاتیش دا بۆ لایەنی دەسەڵاتدار لە شارەکاندا، ئەو کاتە کارەکان باشتر دەڕۆنە پێشەوە و ئەو لیژنە هاوبەشەش جۆرێك لە سەرپەرشتی ئیش وکارەکان دەکات، سەرپەرشتی ڕێڕەوەکە دەکات، ئەگەر جۆرێك لە تەشەنوج دروست ببێت و کارێکی با بڵێین لە دەرەوەی یاسا دروست بوو بێت و جۆرێك لە خشونەت دروست ببێت، پێموایە هەردوولا زووتر دەتوانن ئاگاداری یەکتری بکەنەوەو ئەو لیژنەیەش باشتر دەتوانێت موتابەعەی بکات، خێراتریش دەتوانن کۆنتڕۆڵی با بڵێین ئەو جەوە نائاساییە، ئەو جەوە تەشەنوجە بکەن، کە دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئیزافەی ئەو قسانەی کە کران من پێموایە هەم بۆ کارئاسانی و هەم بۆ هاوکاری دەزگاکانی حکومەت، هەم بۆ ئەو لیژنەیەی ئامادەکاری خۆپیشاندانەکانە و هەم بۆ پیادەکردنی قانون و یاساکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك، بۆ ئەوەی دیالۆگێك و پردێکی لەیەك گەیشتن لەنێوان هەردوو لا هەبێت و ئیشەکە و خۆپیشاندانەکە دوور بێت لە کاری سلبی یان ڕەد فعل و فعل و شتی لێ بکەوێتەوە پێویستە لە هەموو قۆناغەکاندا، قۆناغی کاتی داواکردنی مۆڵەتەکە و کاتی تەنفیز و جێ بەجێ کردنی موزاهەرەکە و لەوەدا کە ئەشکالات تیا دروست بوو بۆ ئەوەی لەیەك تێ گەیشتنێك هەبێ و گفتوگۆ ببێت لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکانەوە، بۆ نموونە ئیحتماله ئیدارە ئەو کاتەی پێ باش نەبێت یان ئەو شوێنەی پێ باش نەبێت، کاتێك کە لیژنەی موتەزاهرین گوێ دەگرێت بۆ قسەکانی ئیدارە قەناعەت دەکات، کەواتە ئەمە هاوکاریەك بوو هەم بۆ ئیدارە و هەم بۆ ئیشەکە، کاتێکیش ئەوان ئیدارە ئەشکالیەتێکی دەبێت ڕوون کردنەوە دەبێت، کەواتە ئێمە زیاتر لێك تێ گەیشتن و زیاتر ڕۆحی دیالۆگ و گفتوگۆ کردن بە شێوەیەکی مەدەنیانە و دیموکراسیانە دەگەنە نەتیجەیەك کە هاوکاری قانونە و پیادە کردنە، بۆیە من پێم باشە ئەو لیژنەیە بۆ سەرخستنی یاساو موزاهەرەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دەنگدانە، بۆ ئەوەی نیساب تەواو بێت و ئێستا دوای ئەوەی کاك عبدالسلام و د.ڕۆژان قسە دەکەن دەنگدانە، بۆ ئەوەی نیصابەکە تەواو بێت، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ ماددەی یەكەممان پەسند كرد، لە ماددەی یەكەم (خامساً) هاتووە باسی لیژنەی (منظمة)، (منظمة) پێنج كەسەكەنە (يتولون ادارة وتنظيم المظاهرة) و پێشان (يتمتع بالأهلية القانونية)، ئەوەی بەشداری كردبێت لە موزاهەرەیەك باش دەزانێت كە یەكەمین جار پۆلیس گەیشتە ئەوێ، دەڵێ: كێنە مونەزیممەكان، دەلێت منیش مولازم سەركەوت، ئەوەش خوشكە مولازم ئەوەل شیرین، كاكە وەرن ئێمە مەسئولین لە حیمایەی ئێوە و موزاهەرە، ئێوەش خەڵك گوێ لە ئێوە دەگرێ و لیژنەكە مەیدانیەن لەهەر موزاهەرەیەك من موشارەكەم كردبێت تەشكیل دەبێت، ئەگەر مەبەست لیژنەیەك بێت بیرۆقراتیەك، هەیكەلێك لە دائیرەیەك بێنێتە جێگایەك لە كاتی ئەنجامدانی موزاهەرە پێویستیمان بەو هەماهەنگیە هەیە، هەدەفی دامەزراندنی لیژنەكە ئەوەیە، هەماهەنگی، ئاگاداریان لە یەك هەبێت، تاوەكو مەسیرەكە هەدەفی خۆی تەحقیق بكات، شوڕتەش واجبی خۆی و ئیلتیزاماتی خۆی جێبەجێ بكات، بە ڕەئی من ئێمە پێویست نیە ئەوە بڵێین، چونكە لە ڕۆحیەتی دیار كردنی ئەركی شوڕتە و لە ڕۆحیەتی تەحدید كردنی لیژنە هەیە، پاشان وەزارەت بە ڕێنمایی دەتوانێت شێوەی ئەو هەماهەنگییە دیار بكات، بۆیە نابینم هیچ مەبەڕیر هەبێ لە قانون ئێمە ئیلزام بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.ڕۆژان، كەرەمكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من پێویست ناكات ئەو لیژنە هاوبەشە هەبێت، لەبەرئەوەی هەر وەك كاك عبدالسلام ئاماژەی پێدا لە ماددەی (1) چەند دەستەواژە پێناسە كراوە، لەوانە لیژنە: كە لەو كەسانە پێك دێت خۆپیشاندانەكە ڕێك دەخەن و ئەو كەسانە كە ژمارەیان لە (3) كەمتر نەبێت، لە (5) زیاتر نەبێت، بەرپرسیارێتیەكی گەورە دەكەوێتە سەر ئەستۆیان، هەروەها لایەنی پەیوەندیداریشمان پێناسە كرد، ئەو لایەنەیە كەوا كێشەكەی ئەو كەسانەی كەوا خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە، پەیوەندی بە دەسەڵات و پسپۆڕی ئەو لایەنە هەیە، هەماهەنگیەك لە نێوان ئەو دوو لایەنە هەبێ، ئەو لیژنەیە لە شوێنی ئەو لیژنە هاوبەشە هاتووە كە كاك عەدنان پێشنیاری كردووە، واتا پێویستمان بە لیژنەیەكی هاوبەش نیە، هەر هەمان لیژنە بەو كارە هەستێ، داواكاری خۆپیشاندەران بگەیەنێتە ئەو لایەنە بۆ ئەوەی چارەسەرێكی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە و گوێ لە داواكارییەكان بگیرێن، كارەكە زیاتر زەحمەت دەبێ ئەگەر لیژنەیەكی تر جگە لەو لیژنانە و لەو لایەنانەی كە لە ماددە (1) پێناسە كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو، ئێستا بۆ ئەوەی لێژنەیەکی هاوبەش هەبێ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ 16 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بە تەبیعی بڕوات کە لەگەڵ ئەوەن لێژنەی هاوبەش دروست نەبێت تکایە دەست بەرز بکەن؟ بە زۆرینەی دەنگ ئەو موقتەرەحە ئیلغا کرایەوە، زۆر سوپاس، ئێستا پێشنیارێکی تر هەبوو کە زیاتر لە (3) ئەندامی پەرلەمان داوایان کرد ڕەئیان بە هەند وەربگیرێت، کات دیاری بکرێت بە تەوافوقی هەردوولا، دوو کەسم دەوێ لەسەری قسە بکات، بۆ شوێن و جێگا و بە موشتەرەکی، کەرەمکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیحی مولاحەزەکە بۆ ئەوەی بزانین، ئێمە کاتمان بۆ ئەوە باس کرد کەوا لایەنی پەیوەندیدار بێت گوێی لێ بگرێ، نەك بۆ ئەوەی کە، یەعنی ئەگەر قسەی لەسەر بکەین بۆ ئەو......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە زۆر تەبیعیە، هەموو موزاهەرەیەك لە کوێی دونیا دەست پێ دەکات، تەجەموع دەکات، حەرەکەت دەکات، دەگاتە شوێنی خۆی، کاغەزەکەی خۆی دەخوێنێتەوە، پاشان تەسلیمی دەکات، یەعنی ئەوە زۆر زۆر تەبیعیە حاصل تەحصیلە، پێویستی بە دەنگدانیش نیە، یەعنی ئەوە لە هەموو موزاهەرەیەك دەڕۆی لە کۆتایی دەیخوێنیتەوە، لێتی وەردەگرن، دەیبەن دیراسەتی دەکەن، ئەوە لاچوو، تکایە ئاخیر صیاغە بخوێندرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئیهتیمام لە صیغەکە زۆر پێشنیار هات کە لابدرێت، یەعنی ببێتە واجیبی پۆلیس، تەواو بوو؟ کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

1- لكل المواطنين و المقيمين في إقليم كوردستان بشكل قانوني و الأحزاب السياسية و منظمات المجتمع المدني و النقابات المهنية و الإتحادات و الجهات و غيرها من التنظيمات المجازة قانوناً حرية التظاهر بعد إستحصال الموافقة التحريرية أو بعد مضي المدة القانونية المنصوص عليها في الفقرة رابعاً من المادة الثالثة من هذا القانون.

2-على أجهزة الشرطة حماية المتظاهرين.

3-على الجهات المعنية أخذ مطالب المتظاهرين بعد تلاوتها ثم الإجتماع مع اللجنة لإيجاد الحلول المناسبة لها خلال فترة زمنية مناسبة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش هەتانە؟ یان بەس بە عەرەبی، بەڕێزان وەکو ئاخیر صیاغە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی (5) کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

لايجوز إجبار أحد على المشاركة أو عدم المشاركة في المظاهرة لأي سبب كان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

نابێ کەس ناچار بکرێت بۆ بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە خۆپیشاندان بۆ هەر هۆیەك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوای موناقەشە لەسەر ئەو مەسەلەیە، چۆن هاتووە ماددەکە هەر وەکو خۆی پشتیوانی لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە هیچ مولاحەزە لەسەر نەصی ماددە نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕامان وایە هەروەکو خۆی بێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ تەنها یەك کەس، کاك حاکم ڕزگار، کەرەمکە.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من دەمەوێ ئیشارەت بدەم بە ماددەی (72) لە نیزامی داخلی، كە ئایا ئێمە ڕەوتی ئیش كردنەكەمان ئێستا موتەفیقە لەگەڵ ماددەی (72) یان نا؟ ئەو ماددەیە من گەڕامەوە بۆ هەردوو مەشروعەكە، لە هیچ لە یەكێ لەو مەشروعانە نیە، ئەگەر سەیری ماددەی (72) بكەیت، چۆنیەتی سەننی قانون، ئیجرائاتەكانی، لە دوای ئەوەی پرۆژە یاساكە، لەگەڵ ڕاپۆرتی هەردوو لێژنەكە لەلایەن سكرتێرەوە تەوزیع دەكرێت، فەقەرەی (2) دوای دابەش كردنی ڕاپۆرتەكە بەس ئەو ڕاپۆرتەیە كە بەڕێزان لە لێژنەی قانونی و لە لێژنەی موختەص تەنزیمی دەكەن، جارێكی تر دەیدەنەوە بە پەرلەمان، لە یەكەم كۆبوونەوە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان، پەرلەمان دەست بە گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی هەردوو لێژنەكە دەكات، سەبارەت بە پرۆژەكە، ئینجا دێتە سەر گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەكە خۆی و، ئەگەر بڕیار لەسەر بنەماكانی درا ئەوسا دەنگ لەسەر یەك بە یەكی ماددەكانی دەدرێت، واتا دەنگ لەسەر ماددەكانی پرۆژەكە، لێرە پرۆژەكە ونە، ئێستا ئێمە دەنگ لەسەر چی دەدەین؟ ئێمە دەنگ لەسەر ئەو ڕاپۆرتە موشتەرەكە دەدەین بە مەوادی نوێوە كە هیچ وجودی نیە لەوێ، پێموایە ئێمە بە غەڵەت دەڕۆین، داوای لێبووردن دەكەم كە قسە ناكەم لەسەر ئەو ماددەیەی ئێستا تا ئەوە ساغ نەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تەوحید كرا، ئەو لێژنانە بەیەكەوە دانیشتن، تەصویت كرا، پەرلەمان حەقی دا، كە ئەوە بكرێتە ئەساس، پرۆژەكەی تر لادرا، تكایە دانیشە، ڕجائەن، دەستت بەرز بكە، ئیجازەت پێ دەدەم ئینجا قسە بكە، كەرەمكە ئێستا.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقەكە گونجاوە یان گونجاو نیە؟ ئێمە بە پێی ماددەی (72) دەڕۆین یان نا؟ ڕاستە ئەوان تەكلیف كراون، ئایا تەوحیدی مەشروع هەیە لە نیزامەكە، ئێمە باس لەوە دەكەین كە پرۆژەیەك دێت، خۆ نابێ پرۆژەكە ئەوەندە بێت لە ئەخیردا، ڕاپۆرتەكە موناقەشە دەكرێ، دواتر كە بنەماكانی وەرگیران من دەمەوێ پرسیار بكەم لە بەڕێزان، ئێمە باس لەوە دەكەین پرۆژەكە ون بووە لێرە، ئەوە ڕاپۆرتە، ڕاپۆرت تەنزیم دەكرێ ڕاستە، بەڵام دوایی قسەكردن لەسەر دەقی ماددەكانە، ماددە بە ماددە قسەی لەسەر دەكرێت، ماددە بە ماددەی پرۆژەكە، نەصەكە زۆر وازحە، من وای تێدەگەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، ئەو پرۆژە یاسایە كە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان تەقدیمیان كردبوو، دوو پرۆژە یاسا بوو، پاشان خۆیان ئیتیفاقیان كرد، بە بڕیار لێرە لەگەڵ یەك دانیشتن، هەردووكیان تەوحید كرد بەیەك پرۆژە هاتە ئێرە، ئێوەی بەڕێز لێرە بە كۆی دەنگ بڕیار درا ئەوە ببێتە ئەساس، لەبەر ئەوە لەسەر ئەوە دەڕۆین، یەعنی مەسەلەكە وایە، ئەگەر پرۆژەیەك بوایە هی حكومەت

وایـە، هـی ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـە، بـەڵام قبوڵیـان نەکردبایـە، ئێمـە نـەشمان دەخسـتە دەنگدانەوە، بەڵام ئەو تەڵەبە هەبوو، لەبەر ئەوە بـەو عـەقارەوە دەڕوات، زۆر سـوپاس بـۆ جـەنابت، ئێسـتا ماددەی (5) جیهەی بۆ ئیزافە بکرێت و بخریتە دەنگدانەوە، ئەگەر صیاغەی بکەن و بیخوێنن بـۆ ئـەوەی دەنگی لەسەر بدەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

لا يجوز إجبار أحد أو جهة على المشاركة أو عدم المشاركة في المظاهرة لأي سبب كان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیـە؟ بـە کـۆی دەنـگ پەسـند کرا، بۆ ماددەی (6).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

على الوزير أو رئيس الوحدة الإدارية إتخاذ جميع الإجراءات القانونية الضرورية للمحافظة على النظام العام و الآداب العامة و حماية الأشخاص و الأموال العامة و الخاصة أثناء تنظيم المظاهرة.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

پێویستە لەسەر وەزیری یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی هـەموو ڕێکـارێکی یاسـایی پێویسـت بگرێتـە بـەر بـۆ پارێزگـاری لـە سیسـتەمی گشـتی و ئـادابی گشـتی و پاراسـتنی کەسـەکان و مـاڵی گشـتی و تایبـەتی لـە کـاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوخۆ ڕەئیتان.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك خۆی کە هاتووە تەنها تێبینی ئەوەی دەکەین، لە جیاتی وەزیر و یان سەرۆکی یەکـەی کـارگێڕی، بڵێت پێویستە لەسەر لایەنی مۆڵەتدەر، تەنها ئەوەندە ئەگەر نا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی مافی مرۆڤ، ڕەئیتان.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی بۆچوونەكەی كاك ئیسماعیل دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی كۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەصی مادده هاتینە هیچ تێبینیێ لەسەر نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەزیرمان لە پێناسە تەعریف كردووە، (رؤساء)ی وەحداتی ئیداری تەعریفمان كردووە، بۆیە ئێستا لێرە كە وەزیر و ڕەئیس وەحدەی ئیدارییە، پێمان باشە بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی وازحە، وزووحی هەیە، بۆ بیكەینە (جهات ذات العلاقة)؟ یان جیهەتی پەیوەندیدار، یان ئەو جیهاتانەی كە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە، بە وازحی بێت وابزانم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوخۆ ڕەئیتان.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە مانعمان نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پێشتر هاتووە كێ دەسەڵاتی هەیە ڕێ بە خۆپیشاندان نەدات، وەزیر و سەرۆكی یەكە ئیدارییەكان، لێرە پێویست ناكات دووبارە بێتەوە، لەبەر ئەوە من پێم باش بوو هەر لایەنی پەیوەندیدار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كەس لەسەر ئەو بابەتە قسەی هەیە، 4 بەڕێز دەیانەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بكەن، جمال تاهیر، عبدالله ملا نوری، عبدالسلام بەرواری، ئاشتی عزیز، كەرەمكە.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەم ئەوەیە، ئاخیری جوملە (الأموال العامة و الخاصة أثناء تنظيم المظاهرة)، تەنزیمی موزاهەرە شتێكە و موزاهەرە شتێكە، تەنزیم لە سەرەتاوە دەست پێ دەكات، دوایی دەبێتە (حدث)، دەبێتە سەیر و مەسیرە، ئیقتیراح دەكەم (أثناء المظاهرة) یەعنی كە ڕووداو ڕوو دەدات، دەبێتە فعل، (لحين إنتهائها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عبدالله ملا نوری، كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە من ئەو ماددە بە ماددەیەكی باش دەزانم، بەڵام هەست دەكەم جۆرێك لە لاسەنگی تێدایە، ئەگەر بكرێت بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی لاسەنگییەكە پێشان بدەم، دەڵێ: پێویستە لەسەر وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی هەموو ڕێكارێكی یاسایی پێویست بگرێتە بەر بۆ پارێزگاری لە سیستەم و ئادابی گشتی و پاراستنی كەسەكان و ماڵ و ..... تا كۆتایی، واتا لێرە جۆرێك لە دەسەڵات دەدات هەم سەرۆكی وەحدەی ئیداری و ئەو دام و دەزگایانەی تر كە بەشداری دەكەن لە چاودێری كردنی خۆپیشاندانەكە، ئەو دەسەڵاتە هەست دەكەم بە جۆرێك لە جۆرەكان بڵێین ڕەهایە، یەعنی ڕەنگە هەندێك جار لە ئەنجامی مومارەسە كردنی ئەو دەسەڵاتە ئێمە بینیومانە لە خەڵك دراوە، یەعنی پێشێل كردنی مافەكانی مرۆڤ ڕوویداوە، لە خەڵك دراوە، خەڵك گیراوە، لە دەرەوەی یاساشەوە بووە، بۆیە من پێشنیار دەكەم بۆ ئەوەی تەوازوونێك دابنرێ، جۆرێك لە كۆت و بەندیش لەسەر لایەنە بەرپرسەكان دابنرێت، وای لێ بكەین: پێویستە لەسەر وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی بە ڕەچاو كردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ، ئا لەوێدا ئەو وشەیە دابنرێ، من پێموایە شتێكی باش دەبێ، ئەگەر قسەش لەسەر ئەوەیە ڕەچاو كردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ، شتێكی مەتاتیە، ئێمە لە بیرمان نەچێ، سیستەم و ئادابی گشتیش بەهەمان شێوە مەتاتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری، كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مەبدەئەكەمە و (إتخاذ كافة)، (جميع) دیارە بۆ چی بەكار دێت و (كافة) بە چی، ئەوانەی (يعد كافة الإجراءات القانونية الضرورية)، لێرە مەزموون كراوە، ئەوەی كە دەڵێین ئەوانە ئیجرائاتی عونفی دەرەوەی قانون نەكەن، چونكە ئیجرائات قانونیە، لێدان قانونیەن مەمنوعە ئەگەر كردی، لەوێش نووسراوە، بۆیە من لەگەڵ ئیزافەی (كافة) یەعنی ئەوە لوغەوییە، (المحافظة على النظام العام) ئەگەر بیكەین، هەمووی ناگرێت؟ بە ئادابەوە، بە سەیری چوونەوە ناو بینایات و شارع و ئەو، (وحماية الأشخاص

والأموال والحريات والحقوق العامة والخاصة) ئيقتيراح دەكەم، يەعنى حيمايە، حيمايەى جەسەدييە، ئەموال عاممە هەيە، حورياتيش هەيە، حقوقيش هەيە، موزاهەرە نابێت تەعدا بكات لە هەموو حقوق و حورياتى عام و خاص، ئەو تێبينيەى كاك جمال من تەئيدى دەكەم، تەنزيمى موزاهەرە شتێكە، (خلال المظاهرة) أو (جراء المظاهرة) شتێكى ترە، مەبەستيش هەر (من خلال)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئاشتى عزيز، كەرەمكە.

**بەڕێز ئاشتى عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەى شەشەم من ڕايەكى جياوازم هەيە، بە بڕواى من ئەو مادەيە لێرەدا بەشێكى زۆرى زيادەيە، بەو پێيەى كە لە هەندێك بڕگەى تردا دووبارە بۆتەوە، كە دەوترێ (على الوزير أو رئيس الوحدة الإدارية إتخاذ جميع الإجراءات القانونية)، لەوانەيە لە حاڵەتێكدا ئەوە تەسبيت بوو، ڕەئيەكى زۆرى هێنا لە نێو ئەندامە بەڕێزەكانى پەرلەمان، بەبڕواى من تاوەكو (قانونية الضرورية) بمێنێتەوە هەتا حەدێك، دواتر لە دواى ئەوە ئەوە وەصفى وەزيفيە بۆ ئيشى جەنابى وەزيرى ناوخۆ خۆى، كە ئێمە جارێكى تر وەصفى وەزيفيمان كردووە، هەر پۆستێكيش كە وەردەگيرێت كۆمەڵێك وەصفى وەزيفى تێدايە، ئەگەر جەنابى وەزيرى ناوخۆ لە حيمايە كردنى نيزام و نيزامى عاممە و ئادابى عام، حيمايەى ئەشخاص و ئەموالى عاممە و خاصە، ئەوانە هەموويانمان هێنايە دەرەوە، خودى بەڕێزى چ ئەركێك دەمێنێتەوە بۆ ئەوەى پيادەى بكات؟ يەعنى ئەوە ئا لێرە وەصفى وەزيفيە كە لە پۆستدا دەنووسرێ، پێويست ناكات لێرە دووبارە بكرێتەوە، خاڵێكى تر بۆ تەئكيد كردنەوەى ئەو تەناقووزە لە ماددەى چوارەمدا خاڵى دووەم كە دەنگى لەسەر دراوە: (تتولى أجهزة الشرطة الإهتمام أو مسئولية حماية المتظاهرين)، ئەى خۆ ئەو شوڕتانە جارێكى تر لەسەر ڕێكارى ياسايى، ئيستينادەن لەسەر ئەنزيمە و تەعليمات كە لە جەنابى وەزيرەوە وەردەگيرێ حيمايەى موتەزاهيرينەكان، خۆ هەر يەكە تەعليماتى تايبەتى خۆى نيە، تەئكيد كردنەوەيەكى تر هەر لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، ئەگەر بچينە سەر ماددەى چواردەهەم، كە دەڵێن: (على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ)، ئەوە جارێكى تر هەر تەئكيد كردنەوەيە، (و للوزير إصدار التعليمات اللازمة) تەعليماتى لازمە چ فەرقى هەيە لەگەڵ ئەوەى كە لێرەدا نووسراوە (الإجراءات القانونية الضرورية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، وەڵلا ئێمەش لە سەرۆكايەتى ئينتيزارمان دەكرد پێشنيارێ بێ هەر ماددەكە لابچێت، چونكە زيادە، ئەگەر ئەو پێشنيارە پەسند بكەن دەيخەينە دەنگدانەوە، لێژنەى ناوخۆ، كەرەمكەن.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری لـه پێشـنیارەکەی ئاشـتی خـان دەکـەم، نـەمینێ، چـونکە لـە پێشـتر هـاتووە ئەوانـە، هـەموو دەسەڵاتەکانی دیارن، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش مانعمان نیە وەکو لێژنەی یاسایی، چونکە ئەو دەسـەڵاتانەی کـە لێـرە هـاتووە بـە شـکلەکی عمـومی وەزیریش هەیەتی، موحافزیش هەیەتی، قایمقامیش هەیەتی، مودیر عامیش هەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ماڤی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمەش تێبینی ئـەوە دەکـەین هـەموو ئـەو کـەس و حاڵەتانـە دووبـارە بوونەتـەوە لـە بڕگـەکانی پێشتر و پاشتریش دا، بۆیە ڕامان لەگەڵ لێژنەی ناوخۆ و یاساییدایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی ئاشتی خانێ بەحس کری، هەمی ئەو کەسەیێت هاتین، سەلاحیەتێت وان پێ دیار کری بەری نوکەژی ژبەر هندێ ژی هیچ مانع نینە کو ئەڤ مادده بهێتە لابردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی شەش لابچێت، چونکە ئەرکی وەزیر و ئەوانەیە کارەکەی خۆیـان بکـەن، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە، بە کۆی دەنگ ماددەی شەش ئیلغا کرا، بۆ ماددەی حـەوت کـە دەبێتـە شـەش، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

1-يمنع منعاً باتاً حمل أو حيازة سلاح أو مواد متفجرة أو سامة أو حارقة مـن قبـل المشـاركين حتـى إذا كـانوا مرخصين قانوناً بحيازتها و ذلك أثناء المظاهرة.

2-على أجهزة الشرطة منع أي شخص يحمل سلاحاً ظاهراً أو خفياً أو أيـة آلـة جارحـة أو المـواد المشـار إليهـا في الفقرة أولاً من هذه المادة الدخول إلى مكان تنظيم المظاهرة و لها حق إتخاذ الإجراءات القانونية بحقه.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

1-هەڵگرتن و حیازەی چەك و ماددەی تەقینەوە یان ژەهراوی یان سووتێنەر لەلایەن بەشداربووان بە تەواوی قەدەغەیە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی یاساییش مۆڵەتیان پێدرابێ بۆ حیازەیان و ئەوەش لە کاتی خۆپیشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی پەیڕەو دەکرێ.

کۆبوونەوەی گشتی لادەدرێت لە هەر شوێنێك کە هاتبێت.

2-پێویستە لەسەر دەزگاکانی پۆلیس نەهێڵن هیچ کەسێك چەك بە ئاشکرا یان بە نهێنی هەڵگرێ یاخود هەر ئامێرێکی بریندارکەر یان ئەو ماددانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە هەڵگرێ بچێتە شوێنی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە یاخود بۆیان هەیە هەموو ڕێکارێکی یاسایی لەبەرامبەریدا وەربگرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە بڕگەی دووەمدا ئەخیر دێر کە دەڵێ: شوێنی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە، ڕێکخستنەکە لابرێت تەصەور دەکەم گونجاوترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان هەیە لەسەری؟

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین، ڕێکخستنەکە لابرێت بچێتە شوێنی خۆپیشاندانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز زكيە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە هیچ تێبینی لەسەر نینە وەکی نەصی هات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر ماددەی (7) لە ئەصڵی پڕۆژەکە کە بووە (6) قسە بکەن، کێ دەیەوێ قسە بکات ناوی بنووسێت؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، عمر عبدالعزیز، ئەڤین عمر، تارا ئەسعەدی، جمال تاهیر، د.حسن، شلێر محمد، سەرهەنگ، سیوەیل عوسمان، نەسرین، جمال تاهیر، رفیق صابر، د. صباح، کاك عمر عبدالعزیز کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو ماددەی حەوتە کە ئێستا دەبێت بەماددەی شەش، باس لە دووره پەڕێزی دەکات لە چەك، ئەویش بۆ ئەگەر ڕوونەدانی توندو تیژییە، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك ئیزافە بکرێت لێرەدا، ئەویش پەیوەندی بە بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن هێزەکان پۆلیسەوە هەیە، چونکە ئێمە لەکوردستان حەتمەن هەموو لایەکمان ئاگادارین، کە زۆرجار ئەو حاڵەتە ڕوویداوە، چونکە یاسایەك نەبووە، ئیجرائات بەرامبەر بەوانە نەکراوە، کە کەمتەرخەم بوون لەو مەجالەدا، یەعنی ئەگەر ئەوە هەیە کە پۆلیس ئیجرائاتەکانی لەسنووری یاسا دەربچێت، بە عەزیەت دانی خۆپیشاندەرێك، غەیری ئەوانەی کە موسیری شەغەبن، وەکو چۆن لە دەقی بڕگەکەدا هاتووە، ئەوانەی کە ماڤ تەبیعی خۆیانە، ڕێپێوان یان خۆپیشاندان بکەن، زۆرجار ڕوویداوە کە توندوتیژی بەرامبەریان کراوە یاسایەك نەبووە ئیجرائات بکات، یەعنی ئەوکاتە نەیگێڕینەوە بۆ مەحاکم باشە، چونکە ئێمە یاسای خۆمان هەیە و خۆپیشاندان تەنزیم دەکەین، من پێم باشە ئەم بڕگەیە لێرە ئیزافە بکەین، ئەگەر لێرەش نەکرێت لەماددەی داهاتوو پێویستە بکرێت، دوایی یەکەم و دووەم، سێیەمیشی بۆ زیاد بکەین، ( ثالثاً: لایجوز استخدام العنف من قبل اجهزة الشرطة) بەکار هێنانی توندوتیژی لەلایەن پۆلیسەوە، یەعنی صیاغەیەکی وا بکرێت کە ئاماژە بەوە بکات، من ئەوە بۆ لیژنەی یاسایی ئەگەڕێنمەوە، چونکە ئەوان چاکی ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عومەر، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم ماددەیە بەم دوو بڕگەیە نەبێت، ئەڵبەتە تێکەڵ بکرێت باشترە، ئەگەر ئیمکان هەبێت، چونکە بڕگەی دووەم ئەگەر بیخوێنینەوە بە تەواوەتی ئەبینین دەقاودەق بڕگەی یەکەمەو دووبارە ئەکرێتەوە، بەڵام باسی ئەو کەسانە ئەکات کە بەشداری ئەکەن، هەر کەسێك کە هات بۆ ئەو خۆپیشاندانە، کەواتە ئەوانە ئەگرێتەوە کە دێنە ناو خۆپیشاندانەکەوە، بۆیە ئەحکامی بڕگەی یەکەم حەرفیەن تەتبیق ئەبێت لەسەر ئەو کەسانەش کە ئەیانەوێت داخڵ ببن و بەشداری لە خۆپیشاندانەکە بکەن، من لەگەڵ ئەوەشدام ئەگەر بکرێت بە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت، یاخود بەهەر شێوەیەك بێت، ئێمە کە مەنع ئەکەین ئەو کەسانەی کەبەشداری لە خۆپیشاندانەکە ئەکەن، خەڵکانیك بن چەکیان پێ

نەبێت، یاخود بەهیچ شێوەیەك ئەو مەوادانە یاخود ئەو ئالاتانەی کە جاریحەن بەکاریان بهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی دووەمیش کە پۆلیسە، خۆپیشاندەرەکان دەپارێزێت، ئەوانیش ئەبێت بەهیچ شێوەیەك چەکیان پێ نەبێت بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین هەندێجار، تەصعید ئەبێت خۆپیشاندانەکەو وای لێدێت، ئەبێتە شەڕ لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەرەکان، لەو حاڵەتە با هەردوولا بێ چەك بن، هەندێ ئالاتی تر هەیە ئەتوانێ بەکار بهێنرێت بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران، لەوانەش دار هەیە، عەصای کارەبایی هەیە، ئەو شتانەی کە پۆلیسی مەدەنی بەکاریان ئەهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەدەقە عەرەبیەکە کە خوێندرایەوە، دەڵێت (یمنع منعا باتا حمل او حیازة سلاح او مواد متفجرة او سامة او حارقة من قبل المشارکین حتی اذا کانوا مرخصین قانوناً بحیازتها) حیازەت تەنها بۆ سیلاحە، بەس کە تۆ دێیت لەنەصەکە هەمووی، لەگەڵ یەك دا ئەنێیت، واتە بەمەوادی موتەفەجیر و سام و حاریق، مومکین نیە مورەخەص بن لەهیچ شوێنێك، کەس هیچ کاتێك شتی وای بیستووە؟، بەڵام لەنەصەکە تێکەڵیەك هەیە لەنووسینەکەدا، ئەگەر جیا بکرێتەوە باشترە، تەنها حیازەی سیلاح بێت، کە ئەوە مەنع بکرێت، بەڵام مەوادی موتەفەجیری و حارق بە شێوەیەکی تر بێتە خوارێ، کە ئەوە تەفتیشێکی وا هەبێت بۆ کاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە زۆر زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر ئەمە بە موتەفەجیرەوە بێت و مورەخەصیش بێت، ئەوە قەت نابێت، کە موتەفەجیری پێ بوو قەت مورەخەص نابێت، یان ماددەیەکی سام و حارقی پێ بێت، ئەصڵەن ڕێکخستنەکە خۆی هەمووی تێك ئەدرێت، ئەگەر ئەوانەی پێ بێت، خاڵی دووەم: کە دەڵێت(منع ای شخص یحمل سلاحا ظاهرا) (الی مکان تنظیم المظاهرة) ئەوە بکرێت بە (الی مکان المظاهرة) باشترە، چونکە (تنظیم المظاهرة) مومکینە تۆ لێرەدا دەچیت لە شوێنێکدا کە قسەی تێدا دەکەیت و ڕێنماییەکانی تێدا پیشان دەدەی نەك ئەو شوێنەی کە خۆپیشاندانەکەی تێدا ئەکرێت کە لەوانەیە شوێنێکی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار جمال تاهر، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم هەردوو خاڵەکە بکرێت بەیەك خاڵ، بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، ئەگەر بێت و سەیری ناحیەی زمانەوانی بکەین، حیازە شتێکەو حەملیش شتێکی ترە، حیازە بە عەرەبی دەڵێت (وضع الید علی شیء بقصد التملك)لێرە شتێکی ترە، من پێشنیار دەکەم هەردوو فەقەرەکە بکرێت بەیەك، بەم شێوەی

لێبێت(يمنع منعا باتا حمل الاسلحة او مواد متفجرة او سامة او حارقة من قبل المتظاهرين حتى اذا كانوا مرخصين بها وعلى اجهزة الشرطة منع اي شخص يتصرف خلاف ذلك من الدخول الى مكان المظاهرة، ولها حق اتخاذ الاجراءات القانونية بحقه. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە پێشنیارەكەت بەنووسین بنێرە، ڕێزدار دكتۆر حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو پێشتریش باسم كرد، ئەم ماددەیە جارێكی تر هەر لەچوارچێوەی ڕەوابتی خۆپیشاندانە، دیارە لەم ماددەیە وشەی (منع) هاتووە، بەڕای من ئەوانەی كە پێویستە لە خۆپیشاندان مەنع بكرێن تەنها سیلاح نیە، بۆیە دەكرێت اولاً بكرێت بە (1 و 2) لەگەڵ پەسەند كردنی پێشنیارەكەی كاك جمال، لەگەڵ زیاد كردنی سێ فەقەرەی تر كەئەوانیش هەر مەنعیان لەسەر لەكاتی خۆپیشاندانە لەوانە، 1- مەنعی خۆپیشاندان بكرێت لەشوێنە ئاینیەكان، 2- مەنعی خۆپیشاندان بكرێت لەپێش سەعات 8ی بەیانی و دوای ڕۆژ ئاوابوون، 3- مەنعی تەرویج و ئیعلام و ئیعلان بۆ خۆپیشاندان بكرێت، لەپێش ڕوودانی خۆپیشاندانەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شلێرخان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەم ماددەیە كەئێستا بووە بە ماددەی شەشەم، ئەو دوو بڕگەیە لەبەر ئەوەی بڕگەی دووەمی لەماددەی تردا عیلاج كراوە، ڕێزم هەیە بۆ قسەكانی كاك جمال، ئەم نەصەش ئەگەر وابێت( لايجوز ان يشترك في المظاهرة كل من يحمل سلاحاً ولو كان مرخصاً له في حمله) (ويعتبر سلاحاً الاسلحة النارية والبيضاء والعصا والادوات الصلبة والحادة الغير معتاد حملها في الاحوال العادية) چونكە بینیمان بەرد چەند زەرەری گەیاندووە بەو شوێنانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕام وایە ئەو ماددەیە بڕگەی دووەمی ئەكرێ شتێكی لی هەڵبگیرێت و بخرێتە بڕگەی یەكەم، بڕگەی دووەم لابرێت و بكرێت بەیەك بڕگە، چونكە قابیلیەتێكی زۆری هەیە بۆ تێكەڵ كردنی، پێویست بە دوو بڕگە ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی كاك جمالم هەیە، هەردوو فەقەرەكە تێكەڵ بكرێتەوە، بەو شێوازەی كە كاك جمال پێشنیاری كرد، هەمان ڕەئیم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار نەسرین جمال، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش هاوڕام، لەگەڵ هاوكارەكانم، كە ئەم دوو بڕگەیە بكرێت بەیەك بڕگە بەم شێوەیە(پێویستە لەسەر دەزگاكانی پۆلیس نەهێڵن هیچ كەسێك بەئاشكراو نهێنی چەك یان هەر ئامێرێكی بریندارکەر و تەقینەوە هەڵبگرێت و بچێتە شوێنی خۆپیشاندانەكە، تەنانەت ئەگەر مۆڵەتی یاسایشی هەبێت، بەپێچەوانەوە هەر كەسێك سەرپێچی كرد ئەوا هەموو ڕێكارێكی یاسایی لەبەرامبەردا وەردەگیرێت)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار رفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێزد. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پێشنیارەكەی كاك جمالم، بەڵام لەم دوو بڕگەیەدا كە ئەكرێت بەیەك، لە بڕگەی دووەم، (الة جارحة) دەركەوتووە، شتی بریندارکەر، كە لەیەكەمدا نیە، لەبەر ئەوەی كاك جمال بڕگەی یەكەمی كردووە بە ئەساس، بۆیە ئەو وشەی تێدا نیە، من پێشنیار دەكەم لەدوای (او مواد متفجرة او سامة او حارقة او الة جارحة)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دكتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە تایبەتە بە مەنع كردنی خۆپیشاندان، یەعنی ئیستیسنایە لە ئەصڵی ئیباحەكە، بۆیە بڕگەی یەكەم ودووەم، ئەگەر بكرێت ئەو دوانە بكرێت بەیەك، صیاغەیەكی باشتر بكرێت، مەجالێكیش بدرێت بەهەندێ ئالاتی تریش كە ڕەنگە خەتەرناك بێت، مەسەلەن ئالاتی خانیقە، یان مەوادی خانیقە، یەعنی بوترێت(او سامة او حارقة او الة جارحة او خانيقه وغيرهما)غەیری ئەوانەش كە خەتەر بێت بۆ ژیانی خەڵك،

ئیقتراحێکم هەیە، هەرچەندە لەوانەیە دوای من کەس قسە نەکات وتەسنیە نەکرێت، لە هەندێ لەوڵاتاندا هەندێ شوێنی تایبەت وەکو شوێنە ئەسەرییەکان یان شوێنە زانستی و ئەکادیمییەکان، تەنانەت شوێنە ئاینییەکان، مەعەسکەرات و شوێنە سەربازییەکان ڕێگایان لێدەگیرێت کە خۆپیشاندانی تێدا بکرێت، ئەگەر مەجال هەبێت و ئیزافە بکرێت(یمنع منعاً باتاً اقامة المظاهرات في الاماكن ذات الصبغة الاثرية والدينية والعلمية والعسكرية وغيرها)هەرچەند ئێمە لە ئەصڵی خۆپیشاندانەکاندا باسمان کرد، کە لە پێناسەی خۆپیشاندانەکاندا وتمان شتێکە لە شوێنە گشتیەکاندا ئەنجام دەدرێت، ڕەنگە ئەوە کافی بێت، پێویست بەمە نەکات، بەڵام لێرەدا ئەم تەوزیحە ڕەنگە قوەتێکی زیاتر بدات بە یاساکە، ئیقتراحی ئەوەش ئەکەم، کە تەحدیدی کاتەکەش بکرێت، یەعنی لە پێش 8ی بەیانیەوە نەبێت ونەگاتە دوای مەغریبیش، وەکو لەهەندێ لەوڵاتاندا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەمووڵایەکتان، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بە تەنسیق ئەو صیاغانەی کە پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە ئامادەی بکەن و پێمان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی کە ماددەکە بخوێنینەوە حەز دەکەم تەوزیحێك بدەم ئەویش ئەوەیە، یەکەم: بەڕاستی ئێمە لەماددەکەدا پێشنیارێکمان بۆ هات، کە حیازەو حەملی جیا کردۆتەوە، بەنیسبەت سیلاح، مەسەلەی موتەفەجیراتیشی جیا کردۆتەوە، ئێمە پێمان باشە، لەبەر ئەوەی حەمل و حیازەی سیلاح خازعی ئیجازەیە، لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە، بەڵام مەسەلەی حیازەی موتەفەجیرات بەهیچ شێوەیەك قابیلی حەمل و حیازە نیە، بۆیە ئێمە پێمان باشە، ئەمە بکەین بە فەقەرەیەك، ئەوی تریش بکەین بەفەقەرەیەکی تر، ئێمە لامان پەسەندە لەڕووی یاساییەوە، دووەم: خۆپیشاندان لە ئەماکنی عیبادە جائیز نیە بکرێت، ئێمە ئەوەشمان پێ پەسەندە، ناکرێت ئێمە ئەماکنی عیبادە بکەینە شوێنێك بۆ خۆپیشاندان، ئەمەشمان پێ قبوڵە، سێیەم: پۆلیس بۆی هەیە ئیجرائاتی یاسایی بەکار بهێنێت، ئەگەر هاتو هەر خۆپیشاندەرێك خیلافی ئەو دوو ماددەیە جووڵایەوە، ئێمە وامان دارشتووە ئێستاش برایانم دەیخوێننەوە، ئینجا ئەگەر پێتان پەسەند بوو یان مولاحەزەیەکی ترتان هەبوو، ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە لەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان بۆچـوونی هەنـدێ لەئەنـدامانی پەرلـەمان ئـەوە بـوو، کـە فەقـەرەی دووەم ئیلغـا بکرێتـەوە، هەندێکیش پێیان وابوو، کەدەمج بکرێت، بۆیە دەمجەکە تەحصیل حاصلە چونکە ئەگەر دوو ئیلغا بـوو ئـەوە یـەك فەقـەرە ئەمێنێتـەوە، ئـەو فەقەرەیـە بـەهێز ئـەکرێت، ئێستا بەپەسـەندی دەزانـین دوای ئـەو ڕوونکردنەوەیە، ئیلغا کردنی فەقەرەی دووەم کەهات، دوو کەس دیفاعی لێبکات کە بۆ ئیلغا بکرێتـەوە دوو کەسیش دیفاع لەمانەوەی بکات، ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوانەی کە دەیانەوێت بمێنێت، (عبدالسلام بەرواری)، کێ دەیەوێت ئیلغا بێت، دکتۆر حەسەن نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستمان ئەوەیە کەس باسی ئیلغای نەکردووە، تەنها باسی دەمج کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ناوەکانە کە داوای ئیلغایان کردووە، یەك لەوانە ئەڤین خـان بـوو، دووەم کـەس بـوو قسـەی کـرد، کاك سەرهەنگ فەرەج بوو، ئێستا چەند کەس داوایان کرد کە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێت، شلێر و ئەڤین، شـلێر خان، بۆچی دەتەوێ ئیلغا بکرێت قسەی لەسەر بکە، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی 12 زۆر سنووری بۆ پۆلیس داناوە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من ئەو بڕگەی دووەمە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کەباس ئەکەم، ئەڵێم خاڵی دووەم لابرێت، بۆ ئەوەیە ئەگەر ئێمە خاڵی دووەم بەراوورد بکـەین لەگـەڵ خاڵی دووەم هـەر هـەمان شـت دەگەیـەنێت، تـۆ ئـەو کەسـانەی کـە دێنـە نـاو خۆپیشـاندانەکە، ئەگـەر هـاتو داخڵیش بوون، هەر ئەو کەسانەن کەدوایی ئەبنە بەشداری کـەر، لـە خۆپیشـاندانەکە، یـەعنی هـەر هـەمان شتە کە تۆ داخڵی ناو خۆپشاندانەکە بـووی یـەعنی تـۆش خۆپیشـاندەری، یـەعنی مـن کـە خۆپیشـاندەرم و خۆپیشاندان دەکەم، خەڵکێك کە حیمایەم دەکات، من کەلە نزیکەی 100 مەتر لە خۆپیشـاندانەکە دوورم، ڕوخسەم هەیە کە سیلاح هـەڵبگرم، مەسـەلەن مـن حیمایـەی مەقـەڕێکی حزبـی دەکـەم، یـاخود پۆلیسـێکم چەکم پێیە، حیمایەی دەزگایەکی ئەمنی دەکەم، بەڵام من بەشداریم نەکردووە، کاتێ هاتم بەشداریم کـرد، داخڵی خۆپیشاندانەکە بووم، ئەبم بەخۆپیشاندەر ئەوکاتـەش ئـەحکامی بڕگـەی یەکـەم لەسـەرم جێبـەجێ

دەبێت، کەواتە من ئەوکاتە ناتوانم سیلاحم پێ بێت، بۆیە من ئەڵێم با هەر ئیلغا بکرێتەوە، ئێستا کێ ئەیەوێت هەر ئیلغا نەکرێتەوە، (کاك شوان، کاك عبدالسلام)، کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە تەفسیرەکەی دوو شتی جیاوازە، لەبەر ئەوە ئیغا کردنی شتێکی باش نیە، یەکێك بەشدارە لە خۆپیشاندانەکەدا، ئەوە نابێ چەکی پێبێت، ئەوە تەبیعیەو ڕێکخراوە، ئەوی تر لەدەرەوەی خۆپیشاندان دەیەوێت تەئسیرێکی خراپ بکاتە سەر خۆپیشاندانەکە، یان زەرەرێك بگەیەنێ یان موشکیلەیەك دروست بکات، ئەوە نابێت ئیلغا بکرێت، چونکە ئەوە شمولی ئەوانە ئەکات کە لەدەرەوەی خۆپیشاندانەکە دێنە ناوی، بۆیە من پێم وایە، کە ئەو دوو فەقەرەیە بەجیا بن و بمێنێتەوە، چونکە تەفسیری جیای بۆ ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ مانەوەم بەس بەمەرجێك کە دەمج بکرێت، ئەمە جیاوازە ئەوانەی لەناو خۆپیشاندانەکەن بەجیا باس کراوە، دووەم، ئەوانەی لە ئەسنای خۆپیشاندان دێنە ناوی، چونکە لە واجیباتی پۆلیس ئەوەیە کە حیمایەی خۆپیشاندەران بکات، بۆیە ئەوانەی لەدەرەوە ڕاوەستاون، ئەگەر چەکیان پێ بێت، یان مومکینە هەندێکیان داریان پێبێت، یان ئەوانەی کە تەحەروش بەخەڵك ئەکەن، بۆیە زۆر زۆر گرنگە، ئێمە حیمایەتی هەردووکیان بکەین، یەعنی نەهێڵن خۆپیشاندەران تەعەدا لەخەڵك بکەن، کە ئەرکی یەکەمە، وە نەهێڵن خەڵکیش تەعەدا لەخۆپیشاندەران بکات، کە ئەرکی دووەمە، بەڵام بەصیاغەیەکی جوانتر کۆی بکەینەوە زۆر زۆر جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا هەمووتان گوێتان لێبوو کێی لەگەڵدایە کە فەقەرەی دووەم ئیلغا بکرێت، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەمج بکرێت؟، با دوو کەس دیفاعی لێ بکات کە دەمج نەکرێت، دوو کەسیش دیفاع لە دەمج کردنی بکات، فەرموون، کوێستان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من نیزامی نیە ئێستا بیخەدەنگەوە بۆ دەمج كردن، چونكە دەنگ درا لەسەر ئەوەی كە دوو خاڵەكە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر دەنگ درا بۆ ئەوەی كە ئیلغا نەبێت، بەڵام پێشنیار كراوە لەلایەن زیاتر لە 10 ئەندام كە دەمج بكرێت، ئەوەش دەخەینە دەنگەوە، ئێستا ئەوانەی كە دەیانەوێت دەمج بكرێت دوو كەس دیفاعی لێ بكات، (سیوەیل خان، بێریڤان) ئەوانەی كە دەیانەوێت دەمج نەكرێت،( شێروان حەیدەری، سۆزان شهاب)، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم خۆی یەكەم و دووەم یەك مانا دەدات، بەڵام ئەگەر لە ئەخیری سەیری بكەین، یەكەم تەواوە، دووەم حەتا دەگاتە سەتری یەكەم ودووەم هەمان مانا دەدات، لەبەر ئەوەی لە هی دووەم نووسراوە،( لها حق اتخاذ الاجراءات القانونیة بحقه.) ئێمە دامان ناوە وەك كاك جمال وتی صیاغەكەی بكەن بەیەك، ئەوەمان پێباشە، چونكە هەردووكی یەك مانا دەدات، لە هی دووەم دووبارە هەیەو لە نووسینیشدا دووبارە مەرغوب نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان خان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم وایە دەمج بكرێت، چونكە لە بڕگەی یەكەم ودووەم هەمان مانا دەگرێتەوە، كە تۆ مەنعت كرد كە خۆپیشاندەران سیلاح هەڵنەگرن، بێن بەشداری بكەن، مانای وایە تۆ لە پۆلیسەوە مەنعت كردووە، بۆیە بەس دەتوانین ئەوەی بۆ زیاد بكەین وەك سیوەیل خان وتی، (لها حق اتخاذ الاجراءات القانونیة) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من لەگەڵ دەمج نیم چونكە پێشنیاری تریش هەیە، داوای ئیزافەی فەقەرەیەكی تر ئەكات، ئێستا پێشنیارەكەش دەخرێتە ڕوو، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم، لەبەر ئەوەی حاڵەتەكان ئیختیلافیان هەیە، بەنیسبەت فەقەرەی یەكەم، ڕەنگە پێشتریش ئیشارەتم پێدا ئێستاش تەئكید دەكەم، دوو حاڵەت موعالەجە ئەكات، یەكەم: حەمل و حیازەی سیلاح ئەوانەی كە موجازن، دووەم: حاڵەتی موتەفەجیرات و مواد سامە وحاریقەیە، بۆیە

ئەبێت ئێمە ئەو دوو حاڵەتەش لەیەك جیا بكەینەوە، چونكە مەسەلەی موتەفەجیرات و مەوادی سامە و حاریقە، ئەصڵەن موجاز نین، بەینەما ئەڵێت لە كۆتاییەكەی (حتى اذا كانوا مرخصين قانوناً بحيازتها)ئەوانە قانونیەن ئەصڵەن حیازەیان نیە، جارێ فەقەرەی یەكەم ئەویش ئەبێت ببێت بە دوو بڕگە، یەكێكیان: موعالەجەی حیازەی هەڵگرتنی سیلاح بكات، دووەمیان: موعالەجەی موادی موتەفەجیرەو موادی سامە و حاریقە بكات، بەنیسبەت خاڵی دووەم، من پێم وایە ئەویش ئەبێت بیری لێ بكەینەوەو بیكەینە دوو فەقەرە، ئەگەر نەبێت بە دوو فەقەرەش وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەویش عیلاجی حاڵەتێك ئەكات كە خەڵكێك سیلاحی هەڵگرتووە، بەڵام لە ئەسنای خۆپیشاندان نیە، بەینەما لە دەرەوەی خۆپیشاندانە، ئەما پۆلیس بۆی هەیە مەنعی بكات، لە داخڵ بوون بۆ جێگای خۆپیشاندانەكە، واتە ئەگەر لەحاڵەتی یەكەم ناو خۆپیشاندانەكە عیلاج كراوە، لەحاڵەتی دووەم دەرەوەی خۆپیشاندانەكە عیلاج كراوە، ئەویش دەڵێت(الدخول الى مكان المظاهرة) بۆیە لەگەڵ ئەوەدام كە دەمج نەكرێت، بەڵكو فەقەرەی تریش ئیزافە بكرێت بۆ تەوزیح كردنی ئەو ماددەیە، شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم ماددەیە دوو حاڵەتە، یەكێكیان: ئەوانەی كە هەڵئەستن بەئەنجامدانی خۆپیشاندانەكە، كەمن لەگەڵ ئەوەشدام، ئەمەش بكرێت بەدوو بەشەوە، بەشی یەكەم، ئەوانەی كە حیازەی سیلاحیان هەیە، بەڵام بۆیان نیە سیلاح بەرنە ناو خۆپیشاندانەكە، چونكە خۆمان دەزانین موادی موتەفەجیرەو موادی سام و حاریقە، ئەوانە ئیجازەیان نیە، بەڵام هەڵی ئەگرێت بەشێوەیەكی غەیر قانونی، ئەمە ئەوانەن كە موشاریكن، حاڵەتی دووەم، ئەوانەی لە كاتی ڕۆشتنەكەدا دێنە ناو خۆپیشاندانەكە، بۆ ئەوەی پشێوی بنێنەوە، ئەمە تەنها بە یەك شت حەل ئەگرێت، ئەویش ئەڵێت(ثانياً: على اجهزة الشرطة منع اي شخص من غير المشاركين) یەعنی خۆی لە ئەصڵدا موشاریك نەبووە، بەڵام ئەیەوێت داخڵی ناو ڕێپێوانەكە ببێت، ئایا مەبەستی تێكدانی ئەو خۆپیشاندانە بێت، ئایا مەبەستی عەزیەتدانی كەسی خۆپیشاندەر بێت، گرنگ ئەوەیە، ئەو كارێك ئەكات، دەیەوێت ئاراستەی ئەو خۆپیشاندانە تێك بدات، بۆ ڕێگە گرتن لەوەش، ئەبێ شورتە نەهێڵێت ئەوكارە بكات، بۆیە ئێمە لەم حاڵەتەدا، هەم خەڵكەكانی ناو مەسیرەكە پارێزگاری لێ ئەكەین، هەم ناشهێڵین، خەڵكێك بچێت مەسیرەكەیان لێ تێك بدات، بۆیە من پێم وایە وەكو خۆی بێت، بەڵام مەوزوعی ئەوانەی كە مورەخەصن و ئەوانەی مورەخەص نین جیایان بكەنەوە، ئەگەر بشڵێن (من غير المشاركين) من پێم وایە، شتەكە بەدەر

دەکەوێت، یەعنی مەبەستمان کێیە؟، ئەوانەی کە دێن لەدەرەوەی خۆپیشاندانەکە، ئەیەوێت خۆپیشاندانەکە لە خەڵکەکە تێك بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا مەعلوم بوو، پێشنیارێك هەیە کە دەمج بکرێت، ئەو بەڕێزانـەش ڕەئـی خۆیانـدا کـە دەمـج کردنی مەصڵەحەت نیە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەمج بکرێت تکایە بادەستی بڵند بکات؟، 15کەسـی لەگەڵدایە کە دەمـج بکرێـت، فـەرموون کێـی لەگەڵدا نیـە؟، بەزۆرینـەی دەنـگ لەگـەڵ ئـەوەدان کـە دەمـج نـەکرێت، سـوپاس، پێشـنیارێك هـەبوو بـەڕێزێك کـردی کـە هەنـدێ شـوێن مـەنع بکرێـت خۆپیشـاندانی لێبکرێت، ئێستا لە لیژنەکان کێ تەسنیەی ئەکات با قسەی خۆیان بکەن، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێم وایە ئەو ئیقتراحەی کەهات ڕەنگە مەنتقی بێت، بەڵام مومکینە لێرە زیاتر نزیکی ئەو ماددەیە نەبێت، ئیمکان هەیە لەماددەکانی داهاتوو جێگای بۆ بکەینەوە، وەك مەسەلەی مەنع کردنی خۆپیشاندان لە (اماكن العبادە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخر صیاغەتان بۆ ماددەی حەوت لە ئەصڵی کە بووە بە ماددەی شەشەمی پڕۆژەکە بخوێننەوە، تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**اولاً: يمنع منعا باتا حمل او حيازة سلاح من قبل المشاركين في المظاهرة، وان كانوا مرخصين قانوناً بحملها او حيازتها و ذلك اثناء التظاهر.**

**ثانياً: يمنع منعا باتا حمل او حيازة اية مادة متفجرة او سامة او حارقة من قبل المشاركين اثناء المظاهرة.**

**ثالثاً: تتخذ اجهزة الشرطة الاجراءات القانونية بحق المخالفين وفق القوانين النافذة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەڕوونی دووبارە بیخوێننەوە بێزەحمەت، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**اولاً: يمنع حمل او حيازة سلاح من قبل المشاركين في المظاهرة، وان كانوا مرخصين قانوناً بحملها او حيازتها و ذلك اثناء التظاهر.**

ثانياً: يمنع حمل او حيازة اية مادة متفجرة او سامة او حارقة من قبل المشاركين اثناء المظاهرة.

ثالثاً: تتخذ اجهزة الشرطة الاجراءات القانونية بحق المخالفين وفق القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێ لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی هەشتەم لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی حەوتەم، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها.

ثانياً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريقها في حالة خروجها عن الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لها.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: نابێ خۆپێشاندان تا دوای کاتی دیاری کراوی بەردەوام بێت.

دووەم: وەزیر یا سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆی هەیە فەرمان بدات بە بڵاوبوونەوەی خۆپێشاندان لە حاڵەتێکدا کە لە چوارچێوەی گشتی ئەو ئامانجەی بۆی دانراوە یا ئەو کاتەی بۆی دەستنیشان کراوە دەرچوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی مافی مرۆڤ تکایە، ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕامان لەگەڵ ڕای لیژنەی یاساییە کەوەك خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ، فەرموو

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هەر لەگەڵ ئەوەداین کەوەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام دیارە پێشنیارێك هاتووە ئیمکان هەیە ئەو پێشنیارەی مەنعی خۆپیشاندان لە (اماكن العبادە) ببێتە فەقەرەی دوو، هی فەقەرەکانی تر وەکو خۆیان بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای ئێمە لەبڕگەی دووەم ئەگەر (مکان)ی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە ماددەی سێیەم، لە بڕگەی دووەم، لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتدا هەم زەمان و هەم مەکانی تێدایە و هەم غایەشتی تێدایە، لەبەر ئەوە لێرە ئەگەر بکرێت مەکانیش زیاد بکرێت بەڕائی ئێمە ئەوە شتێکی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها.

ثانياً: لايجوز اجراء المظاهرة في دور العبادة.

ثالثاً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريقها في حالة خروجها عن الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات ناوی ئەنووسم(گۆران ئازاد، عماد، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت الله، صبیحە احمد، سیوەیل عوسمان، عەزیمە، ناسك تۆفیق، هاوڕاز خۆشناو، خلیل عوسمان، حسن محمد، تارا ئەسعەدی، پەروین عبدالرحمن، بێریڤان سەرهەنگ، جعفر علی، دکتۆر زانا، عمر عبدالعزیز، بیلال سلیمان، حمە سعید حمە علی)بەڕێزان تکایە تەرکیز بکەن، چونکە ئەمڕۆ یاساکە تەواو دەکەین، یائێستا لەسەر ئەڕۆین وتەواوی ئەکەین یان ئێوارە بەردەوام ئەبین و شەویش لەگەڵیدا بێت، زۆر پڕۆژەمان لەبەردەستە، پڕۆژەکان جێناهێڵین ئەمڕۆ نیهایەتی ئەم پڕۆژەیە، کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەڵڵا مولاحەزەكەی من لەسەر فەقەرەی یەكە، كەباس لەوە ئەكات، خۆپیشاندان نابێت بەردەوام بێت، لەدوای ئەو وەختەی كە دیاری كراوە، ئێمە لەبیرمان نەچێت كەدواتر دێینە سەری لە موناقەشە كردن، لە ماددەی 11 عقوبە دانراوە بۆ هەر كەسێك كە موخالەفەی ئەم یاسایە بكات، كە تێیدا عقوبەكەی گرتنی تا ماوەی شەش مانگی تێدایە، واتە ئەگەر خۆپیشاندانێك دوای كاتە دیاری كراوەكەی زەرووڕ بوو بەردەوام بێت، بەگوێرەی ئەو یاسایە، لایەنی پەیوەندیدار بۆی هەیە ئەو كەسە خۆپیشاندەرانە بگرێت وبەگوێرەی ئەو یاسایە كە موخالەفەیان كردووە لەدوای كاتی دیاری كراو، تا شەش مانگ عقوبەیان بدات، كە ئەمە بەڕاستی كارێكی قورس ئەبێت، بەراستی ئێمە كە مەسەلەی كاتیشمان جێگیر كرد، ئەگەر كات دیاری كراو بێت، دەكرێت ئەوەی بۆ زیاد بكەین، كە ئەم كاتە ئەگەر گرنگ بوو، ئەگەر قابیلی درێژكردنەوە بوو، جارێكی تر موافەقەی لایەنی پەیوەندیداری بۆ وەربگیرێتەوە، لەلایەن ئەو لیژنەی كەسەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەكە دەكات، تەنسیقێك بكرێت بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەكە بەردەوام بێت، چونكە شتی وا دەبێت، ئێمە خۆپیشاندانمان دیوە دوو ڕۆژ یان هەفتەیەك یان زیاتری خایاندووە، ئەو كاتە یان عقوبەكە بەردەوام نابێت، یان قورس دەبێت بۆ خۆپیشاندەران، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار عیماد، فەرمووو.**

**بەڕێز عیماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەماددەی هەشتەم پێشنیار دەكەم، ئەم ماددەیە بەم شێوە دابڕێژرێتەوە:**

**اولاً: لا يجوز ان تبدأ و تستمر المظاهرة قبل و بعد الوقت المحدد لها والتظاهر امام دور العبادة والدوائر الرسمية.**

**ثانياً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة اذا اخلت بالنظام العام والاداب العامة، خروجها عن الاطار العام للغاية، وەدەستەواژەی (او الوقت المحدد لها) لاببرێت، چونكە تەحصیل حاصلی بڕگەی یەكەمە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ڕێزدار عبدالسلام بەرواری، فەرمووو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەوڵ دەدەم زۆر كورت قسە بكەم، چونكە ئەوەی دەمەوێت بیڵێم بە تەحریری لەبەردەستی جەنابتانە، بەڵام دەبێ شەرحی بكەم، ئەگەر تەماشا بكەین زۆر جێگا هەیە ئەبێت تەعلیماتی تایبەتی بۆ دەربچێت، ئەگەر خۆپیشاندان بەرامبەری بكرێت یان لەدەوری، جەنابیشتان پێكەوە بەشدار بووین شەرەفی ئەوەمان هەبوو، لەبەردەم سەفارەی عێراقی لەوبەری شاریع بە 200 مەتر ناهێڵن، ئەمڕۆ خەڵك بەردەرگای پەرلەمانی ئێمە**

ئەگرن، ناهێڵن ئەندام پەرلەمان بێتە ژوورەوە، قانونی بەریتانی هەموویان تەنزیم ئەکرد، چەند ماددەیەك هەیە بەردەرگای پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران چارەسەر ئەكات، بۆیە یەکەم: تەعلیقم لەسەر ئەو پێشنیارەی مەسەلەی( دور العباده) بخەینە ناو ئەم ماددەیە بەڕای من ئێمە دەبێ هەندێ جێگاو چۆنیەتی هێلانی خۆپیشاندان لەو جێگایانەی تر کەهەیە، پێویستیمان بەماددەیەکی جیا هەیە، دووەم: ئەگەر خروج نەبێت لە موناقەشە بیدایەتی ماددەی 10 بخوێنینەوە، باشتر حاڵەتەکەی شەرح کردووە، کە ئەو بیدایەتەی لە ماددەی10 هاتووە موجەبە لە ماددەی هەشت و نۆ بێن، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ماددەی (8و 9و10) بەیەکەوە بێن، بە دەستکارییەوە سەر لەنوێ ڕێکیان بخەینەوە، ئەو کاتە غەرەزەکە تەحقیق ئەبێت، سێیەم: ئێمە جێگایەك بدۆزینەوە بۆ ماددەیەکی سەربەخۆ لەکوێ و چۆن خۆپیشاندانەکە تەزاهور ئەکرێت لەوێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم بەراستی برای بەڕێز کاك عیماد باسی کرد، خاڵی دووەم کەباسی (دور العباده)ی کرد، لە بەردەمیدا خۆپیشاندان نەکرێت، هەندێ جێگای تردیاری بکرێت، مەسەلەن نەخۆشخانە، ئەگەر خۆپیشاندان لێرەدا کرا، نەخۆشێکی بێ سەروبەر بێتە خەستەخانە چۆن داخڵی بکەن، پاشان پشتگیری قسەکەی کاك عبدالسلام دەکەم، ماددەی (8 و9و10) تەقریبەن وەکو یەکە، ئەم سێ ماددەیە لابرێت و بەشێوەیەکی تر صیاغە بکرێتەوە، ببێت بەیەك ماددە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار صەبیحە احمد، فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی برای بەڕێزم کاك عبدالسلام دەکەم، داواش دەکەم هەر سێ ماددەی(8و 9و10) بکرێن بەیەك ماددە، چونکە ئەم سێ ماددەیە هەر سێکیان بەشێوەیەکی گشتی تەواوکەری یەکترین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی کاك عبدالسلامم هەبوو، نوسیبووم ماددەی هەشتەم هەر نەمێنێت، لەگەڵ ماددەی نۆیەم تێکەڵ بکرێت، ئینجا صیاغەکەی نوێ بکەنەوە، بەڕێزان لیژنەی یاسایی، لەبەر ئەوەی فەقەرەیەکی هاتووەتە

ناو(دور العباده)ی تێدایە، کاك صباحیش باسی کرد، جگە لەو نەخۆشخانەمان هەیە، قوتابخانەمان هەیە، شوێنی تریش، ئەگەر بکرێت ئەو دوو ماددەیە دەمج بکرێت، ئەگەر نا ماددەی هەشتەم زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار عظیمة خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم پڕۆژە یاسایە، مادام دوو لایەن دەگرێتەوە، هەم یاسایەکە ڕێکخستنی خۆپیشاندەرە، یاسایەکیشە بەرامبەر بەو کەسانەی کە خۆپیشاندەرەکان دەپارێزن، من پێم وایە لێرەدا لەماددەی هەشتەم، خاڵێك ئیزافە بکرێت، یان بڵێین بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی کە هیزەکانی پۆلیس چەك بەکار نەهێنن، چونکە لەماددەی حەوتەم، ڕێگای بەوانەی کە خۆپیشاندان دەکەن نەداوە کە چەك وتەقەمەنی و ماددەی بریندار کەریان پێبێت، بەس مافی ئەوانەشە کە خۆپیشاندان دەکەن، هەڵگرتنی چەك و تەقەکردن بەرامبەریان بەکار نەهێدرێت، لەماددەیەکدا لە بڕگەیەکدا جێگای بکرێتەوە، لەماددەی نۆیەمدا لەچەند خاڵێك دیاری کراوە، ئەو کەرەستانەی کەبەکار ئەهێندرێن بۆ خۆپیشاندەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی هەشتەم، دوو فەقەرەی لەخۆ گرتووە، یەکەم ئەڵێت(اولاً: لا یجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها) من لەگەڵ قسەکانی کاك گۆرانم، بەڵام مەفتەعی ئەوەڵی ناکرێت ئێمە لێرەدا تەحدیدی بکەین، هەتا کاتی دیاری کراو، چونکە ئیحتیمالە ئەو یەکە ئیدارییە وەڵامی داخوازییەکانی ئەو خەڵکە نەداتەوە، کاتێ تۆش ئەم یاساییە بەسەردا ئیجرا ئەکەی ئەو کاتە شتێکی قورستر ئەبێت ناکرێت بڵێین بڕۆنەوە جارێکی تر مۆڵەت وەربگرنەوە، چونکە ئەوەندەی تر ڕۆتین زاڵ ئەبێت بەسەر قەزییەکەدا، ئەگەر بکرێت ئێمە بەنەصێك تەواوی بکەین، ئیستیسنایەك دابنێین بۆ ئەوەی یەکە ئیدارییەکان مەسئول بن بەرامبەر بەو خەڵکەی کە خۆپیشاندان دەکات، ئیستیسنایەك بکەین بڵێین (الا عند عدم حصول اللجنة المنظمة على نتیجة مرضیة او مقنعة، من قبل الجهة المعنیة)یەعنی هەرکاتێ ئەم لیژنەیە جوابێکی موقنیعی دەست دەکەوێت شەرت نیە هەمووجارێ جوابەکە موقنیع بێت، بەڵام ئەگەر دەستیان کەوت ئەو کاتە حەقی خۆیان هەبێت لەوەختی دیاری کراو لابچن، بەڵام ئەگەر یەکەیەکی ئیداری میزاجی ئەشخاصە یەعنی ناکرێت بوەستێ تا کاتەکە تەواو ئەبێت دوایی بەم یاسایە حەق بدات بەخۆی کە تەفریقیان بکات، بەڕاستی کاتێ کە خەڵکێکیش ئەچێت بۆ خۆپیشاندان دیارە زەختێکی لەسەرە، ئەگەر بێت و داواکەی جێبەجێ نەکرێت و دوایش عەزییەت بدرێت، تەفریقەیان تێبخرێت، ئەوەندەی ترفشار لەسەر دەروونی دروست ئەبێت لەوانەیە رەد فعلێکی هەبێت،

دووەم: کاتیٚ کە دەڵێیت(للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة) ئەم (الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لها) ئەکرێت بڵێین هەرکاتێك دەرچوو لە ئیتاری ئەم قانونە، ئیتر تەفاصیلەکەی، چونکە بەڕاستی غەیری کات شتی تریش هەیە، بۆیە ئەکرێت بڵێین چ کاتێك بۆی هەیە تەفریق بکات، کاتیٚ کە خۆپیشاندەران شتێکی وایان کرد لە خارجی نیتاقی ئەم یاسایە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك گۆران و ناسك خان، بەس من وا ئەزانم، ئەگەر خاڵی یەکەممان چاك کرد، خاڵی دووەم ئۆتۆماتیکیەن خۆی دروست وچاك ئەبێت، من پێم وایە ئەگەر بمانەوێت ئەمە بکەین، چونکە لەڕاستیدا لە ماددەی 11 عقوبەی بۆ دیاری کراوە، ئەوە شتێکی زەحمەتە من بە کوردییەکەی شتێکم نووسیوە، لەدوایی ڕێك کەوتن لەسەر چارەسەرێك ئەکرێت، ئەو خاڵە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار خلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێش هەر لەسەر ڕای ئەو بەڕێزانە خاڵێکم ئیزافە کرد، وتم ئەگەر بکرێت لە بڕگەیەکدا لەماددەکاندا جێگای بکرێتەوە، ئەویش ئەوە بوو، تایبەت بوو بەو شوێنانەی کە خۆپیشاندانی تێدا دەکرێت، یەعنی تەحریمی هەندیٚ شوێن بکرێت کە خۆپیشاندانی تێدا نەکرێت، باسم کرد لەبەر ئیعتیباراتی سیاسیە، هی ئیقتیصادیە، ، هی ئیجتماعیە، مەسەلەی دینیشی هاتە سەر وەك مزگەوتەکان، بڕگەی دووەم، من پێم باشە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت لەکاتێکدا کە بڵاوە بە خۆپیشاندان بکرێت، ئەگەر هاتو ڕێگری لەوە کرا، کە دەسەڵات ڕۆڵی خۆیان ببینن لە زەبت کردنی خۆپیشاندانەکە، یان ئەگەر خۆپیشاندانەکە هوتافات و خیتاباتی تێدا بوو بانگەشەی بۆ نەعرەی تائیفی و فیتنەی تائیفی و مەزهەبی و دینی ئەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم دەمەوێت بەو شێوە دابڕێژرێتەوە: (لا یجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها وبعد غروب الشمس)، چونکە بەڕاستی خۆپیشاندان لەشەوان جائیز نیە، بەنیسبەت خاڵی دووەم: (للوزیر او رئیس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في الحالات الآتية:

1 - اعاقة اجهزة الدولة عن القيام بواجبها. ئەمە موعالەجەی ئەوە ئەکات، ئەگەر خۆپیشاندان لە نەخۆشخانە بوو، پێویستە ئەرکەکان بەردەوام بن.

2 - الخروج عن الهدف و الوقت المحدد لها. کەخۆی لە یاساکەدا هاتووە.

3 - خلافاً لاحكام المادة الثالثة الفقرة(ثالثاً) من القانون، کە بە ( أ وب) تەحدیدم کردووە.

أ - اذا رفعت شعارات تدعو الى الفتنة.

ب - اذا وقعت حالات الشغب و الاضطراب الشديد. تەئیدی ئیزافە کردنی خاڵی سێش دەکەم، کەلەلایەن لیژنەی یاسایی کرا، (لايجوز تنظيم المظاهرات في دور العبادة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا دووەم کەباس دەکات دەڵێت(ثانياً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة او التجمع العام في حالة خروجهما عن الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لهما) ثانياً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة او التجمع العام في حالة خروجهما عن الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لهما.

(الاطار العام) ئەگەر بکرێت بە (الاهداف العامة للمظاهرة او الوقت المحدد لهما ) یەعنی وای لێکردووە وەخت سەبەب نیە بۆ ئەوەی کە تەفریقیان پێ بکەی یان بیان وەستێنی و ئەمری پێبکات، بەڵام زۆرجار هەیە کاتەکە تەسەور دەکەن غایەکەیان نەهاتووەتە دی هەندێ درێژی دەکەنەوە، لەو حاڵەتەدا مومکینە بچێتە بابی ئیعتیصام، ئەوە نابێتە شتێکی وا کە موخالەفەیەکیان کردبێ مخل بێ بۆ ئادابی گشتی، شتێکیان نەکردووە کە زەرەر بدات بەوانی تر، وابزانم ئەوە لەگەڵ یەکتری نابێ دەمج بکرێت، دووەم شت، ئەوە دەتوانین تەواوی بکەین، (و اصرارهم على ذلك يحق للشرطة اتخاذ الاجراءات التالية) واتە من تەئیدی کاك عبدالسلام دەکەم، لێرە لە ماددەی نۆیەم، دەبێ لەگەڵی دەمج بکرێت، تاکو بەتەواوەتی ماناکەی بپێکێت، ئەوە تەواوکەرە بۆیەك، ئەگەر وەزیر ئەمری کردو چوونە دەرەوە لەئیتاری عام، لێرەدا دەبێ شورتە تەداخول بکات چۆن تەداخول بکات؟ بەو مەرجانەی کە ئەم شتە سلمیانە بەکار بهێنێت، تاکو تەفریق بکات لەنێوانیان بۆ ئەوەی بگەین بەو ئامانجەی کە بەتەواوەتی تەحدید کراوە بۆ خۆپیشاندانەکە، بەشێوەیەکی مەدەنیانە تەعامولی لەگەڵ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەروین عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕاکەی زەکیە خان دەکەم، کە مەکانیشی بۆ ئیزافە بکرێت، وە لێرەدا ماددەی (8 و9 و10) دەمج بکرێت، لەبەر ئەوەی هەرسێکیان هەمان مانا دەدەن، بکرێت بە یەکەم و دووەم، دووەمیش بکرێت بەچوار (أ - ب –ج) دووەمیش والێبکرێت، ((للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن الاطار العام واذا وجدت صعوبة في تفريقهم يحق لها اتخاذ الاجراءات التالية:

1– الرش بخراطيم المياه.

2- استخدام المواد المسيلة.

3-القبض على مثيري الشغب.

4- اذا حصل اضرار عليه ان يتخذ الاجراءات القانونية بحقهم وفق القوانين النافذة.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من بڕگەی دور العبادە نەمێنێت کەنابێت خۆپیشاندانی لەناو بکرێت، ڕاستە نابێ لەو شوێنە بکرێت، بەڵام شوێنی تریش هەیە پێویستە لێی نەکرێت و دیاری بکرێت، چونکە هەموو کەس لەسەر یاسا ناڕوات، ئەگەر هاتو خۆپیشاندانیان کرد، لەناو کەنیسەیەك یان مزگەوتێك ئەو وەختە لە کەلتوری ئێمە ئەوە نیە، بچین سنوور بشکێنین وپۆلیس بچێت لەو شوێنە دەریان بهێنێت، بەڵام لەوڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی لەئەوروپا، خۆپیشاندان دەکرێت لە کەنیسە زۆر لەوانەی بەتایبەتی ئەوانەی کە داوای پەنابەری دەکەن، ڕەفزیان هەیە، یانیش لجوء وەرناگرن ئەچن ئیعتیصام دەکەن، لەناو کەنیسە، ئەوان هەرچەندە بۆشیان نیە، بەڵام دەچن لە کەنیسە یان مزگەوت دەریان دەهێنن، بۆیە ئەگەر هاتو ئەو دور العبادە دەربهێنین مەعنای ئەوەیە کە خەڵك هەر خۆی ناچێت لەوێ خۆپیشاندان بکات، بەڵام کە دایبنێین وەکو ڕێگایەك پیشانیان دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەردوو بڕگەی ماددەی هەشت، بەردەوامی خۆپیشاندان پابەندی دیاری کردنی کات کراوە، بێگومان هەموومان دەزانین ئالیەتی دیاری کردنی کات، کارێکی قورسە وئاسان نیە، بۆ هەر خۆپیشاندانێك، ئێمە

پێمان وایە هەر خۆپیشاندانێك كاتێ وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە، بێگومان لەسەر شەقامە گشتیەكان و شوێنە گشتیەكان و لەو شوێنەی كە خۆپیشاندانی تێدا دەكات، چی تر ئامادە نیە خۆپیشاندان بكات، خۆی كۆتایی پێ دەهێنێت، بۆیە دیاری كردنی كات من بەشتێكی زیادی دەزانم، پێم وایە لە هەردوو بڕگەدا پێویستی بەلادان هەیە، چونكە هەموو خۆپیشاندانێك كاتێ وەڵام وەردەگرێتەوە بێگومان خۆیان كۆتایی بەخۆپیشاندانەكە دەهێنن، لە هۆیە پێویستیەكانی ئەم یاسایەدا كۆمەڵێك ڕستەی زۆر جوان هەیە، كە باس لە دروست بوونی كۆمەڵگای مەدەنی وباس لە دروست بوونی گەشە پێدانی ژیانی دیموكراسی لەم وڵاتەو باس لە ماف و ئازادییەكان وڕێزگرتن و پان كردنی پانتاییەكانی ئازادی دەكات لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵام لەناوەڕۆكدا هەست دەكەین بە كۆمەڵێك بڕگەو زاراوە جارێكی تر ئەم ئازادیانە یان بەكار هێنانی ئەم مافانە، بۆ دروست بوونی كۆمەڵگای مەدەنی بەجۆرێك لە جۆرەكان تەقید دەكرێت، پابەندی كۆمەڵێك مەرج دەكرێت كە پێچەوانەی ئازادی و مافەكان ودروست بوونی كۆمەڵگای مەدەنیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رووف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیشارەتەن بۆ ئەو بابەتانەی كە تایبەت بەم ماددەیە باس كراون، بەس تەنها ئەوە بە بیری ئێوەی بەڕێز ئەهێنمەوە كە ئێمە لە پێناسەی خۆپیشاندانداو اباسمان كردووە كە دەڵێت(جمع منظم او شبه منظم من الناس يسير بشكل سلمي في الميادين والشوارع والاماكن العامة يهدف الى خلق رأي عام موحد وتحقيق غرض معين في وقت معين) یەعنی ئەم كاتە دیاری كراوە مانای ئەوە نیە كەتۆ پێی ئەڵێی لەوە دەست پێدەكەم و لەوەكۆتایی پێ دێنم، وەختە دیاری كراوەكە، بۆ زەمەنێكی دیاری كراوە، پاشان بۆ ئەو مەرجانەی كەدانراون لەماددەی سێیەم، ئیشارەت بەدەستەی ئەو لیژنەی ئامادەكارییە دەكات، باس لەكۆمەڵێك مەرج ئەكات كە بەسەریاندا فەرز ئەكرێت، لە بڕگەی دوودا دەڵێت(يجب ان يتضمن طلب اسماء او عناوين وتواقيع اعضاء اللجنة المشرفة على تنظيم المظاهرة، وبيان الغاية منها وتحديد مسارها والزمان والمكان المحدد لها) ئەمە بۆ بیدایەتە نەك بۆ نیهایەت، یەعنی ئەڵێ من بەیانی سەعات ئەوەندە لەوێ دەست بە خۆپیشاندان دەكەم، بەڕاستی ئەمە لەگەڵ هیچ پێوەرێكدا ناگونجێت، خۆپیشاندان لەبەرامبەر داواكاریدایە، یەعنی ئیستیجابەی جیهاتی مەعنی بۆ داواكارییەكەیە نەك بۆ زەمەنێكی دیاری كراو، ئێمە وا هەست بكەین خۆپیشاندانەكە ئەڵێت لە بەیانی سەعات 8 دەست پێدەكات سەعات 2 وەكو فەرمانبەر كۆتایی پێدێت، نەخێر ئەمە سەعات 8 دەست پێدەكات، بەڵام كۆتایی هاتنی ئەم خۆپیشاندانە پەیوەندی هەیە بە ئیستیجابەی لایەنی پەیوەندیدار بە داواكارییەكەوە، لێرەدا دەكرێت، بۆیە من پێشنیاز دەكەم بڕگەی یەكی ئەم ماددەیە لابرێت، پێشنیازیش ئەكەم بۆ بڕگەی دووەم، بەم شێوەیە بێت، ((للوزير او

رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن الاطار العام للغاية) ئەمە تەنها پەیوەندی هەیە بە غایەتەکەیەوە، چونکە تۆ غایەتت بۆ دەستنیشان کردووە، کە مەرجت بۆ داناوە، ئەڵێی من لەپێناو ئەم غایەتەدا هاتووم خۆپیشاندان دەکەم، ئەگەر لەغایەی خۆت لاتدا ئەو کاتە مافی خۆت هەیە جیای بکەیتەوە، ئەگەینا تۆ پێی بڵێیت بەیانی سەعات 8 دەست پێدەکەم و سەعات 10 کۆتایی پێدێنم، ئەگەر تەواوی نەکرد بڵێی ئەبێ لە ئێوارەدا کۆتایی پێ بهێنی، بەیانی بێیت دووبارەی بکەیتەوە، بەڕاستی ئەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی خۆپیشاندان ناکۆك دەبێت، لە وڵاتێکی وەکو لوبناندا یەك ساڵ خەڵك لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا خێمەی هەڵدابوو، یەعنی ئەگەر وابێت تۆ دەرگای لێبگریت و بڵێی بەیانی وەرەوە، ئێوارە بڕۆرەوە بەیانی وەرەوە، ئەمە بەڕاستی ئیفراغ کردنی خۆپیشاندانە لەناوەڕۆکەکەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی هەشتەوە من سێ تێبینیم هەیە، یەکێکیان: پەیوەندی بەخاڵی یەکەمەوە هەیە، کەوا دەزانم ناسکە خانیش ئاماژەی پێکرد، ئەبێت فەقەرەیەك ئیزافە بکەین(لايجوز ان تستمر المظاهرة الى مابعد الوقت المحدد لها) ئەی ئەگەر نەهاتن بەدەم داواکارییەکەیانەوە، ئەو کاتە چی؟، لەبەر ئەوە ئەبێت، بنووسرێت (الا اذا لم تستجب السلطات لمطالب المتظاهرين) شتێکی لەو بابەتە، بۆ ئەوەی لێرەدا ئەو حەقی هاووڵاتیانەی کە خۆپیشاندان دەکەن نەفەوتێ، دووەمیان: بەنیسبەت زیاد کردنی باسی ئەو شوێنە قەدەغە کراوانە، بەڕاستی من تێبینیەکی جەوهەریت بدەمێ، نابێت یاسایەك دەربکەین دوایی گرفت بۆ خۆمان ودەزگا تەنفیزییەکان دروست بکەین، بەپێی ئەو ئیزافەیە بێت باسی دور العبادە هەندێ برادەر یان خوشکان، باسی ناوەندەکانی خوێندن و نەخۆشخانەکانیان کرد، ئەگەر لەشوێنێکی وەکو هەولێردا خۆپیشاندان بکرێت، ئەبێ بە ئاسماندا بیکەین، چونکە لە زەوییدا یان مزگەوتە یان نە لە سەدی نە لە چلی نە لە شەستی ناکرێت، چونکە یان خەستەخانەیە یان زانکۆیە یان قوتابخانەیە یان مزگەوتە یان کەنیسەیە، ئیتر لەکوێ ئەم خۆپیشاندانە ئەکرێت، نە گۆڕەپانی گشتیمان هەیە، نەشوێنی تایبەتمان هەیە، یەعنی هەمانە بەس لەوانەیە بەپێی پێویست نەبێت، لەبەر ئەوە ئاماژە کردن بەوە پێویست ناکات، ئیحراجێتێکی جدی قانونی دروست ئەبێت، دوایی ئەبێت دەیان شوێنی تر بەدائیل دابنێین، ئینجا هەر هەمان حاڵەت دووبارە ئەبێتەوە، ئێرە مزگەوتی جلیل خەیاتەو ئەوە مزگەوتی سپیەو هەروەها سلێمانی و شاری دهۆکیش وایە، سێیەمیان: من وا ئەزانم فەقەرەی سێیەم، لێرەدا بەڕاستی زیادە، چونکە یەکەم سەڵاحیەتی تەفریقی زۆر بەکراوەیی داوە بە وەزیر یان بەرپرسی یەکەی ئیداری، یەعنی هەرکاتێك ویستیان بڵێن(خرجت المظاهرة عن الاطار العام) من نازانم چۆن تەحدید ئەکرێت؟، ئایا کەسێك لەناو

سەدان کەس کەخۆپیشاندان دەکات، یان هوتافێکی دا، دژی مەسەلەیەك کە بەدڵی سەرۆکی یەکە نەبوو، ئایا ئەبێ ئیتر ئەم خۆپیشاندانە دەرچووبێت لە سنوور؟، لەبەر ئەوە من وا ئەزانم ماددەی 11 کەباسی سزای موخالیف ئەکات، کافی بێت بۆ ئەوە، ئەو وەختەش مەحکەمە یان لایەنی پەیوەندیدار دیاری ئەکات، لەبەر ئەوە بڕگەی دووەم لەم فەقەرەیە، هەر بەزیاد دەبینم و پێویست ناکات، دووبارەیە لەگەڵ ماددەی 11، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ تەوزیحی زیاتر، لەبەریتانیا شوێنێك هەیە (های پارك)ی پێ دەڵێن، هەرکەسێك ئەچێتە ئەوێ چی بەکێ ئەڵێی، چی ئەنووسی، خۆپیشاندان دەکەی، پرسی کەسی ناوێت، إنشاء الله لێرەش ئەمانبێت، ڕۆژێك شتێکی وا دەکەین، ڕێزدار کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە چەند بەڕێزێك باسی کرد، سەبارەت بەوەی کە ماددەی(8 و9 و10) بکرێت بەیەك ماددە، چونکە پەیوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە، ئەگەر نەشکرێت من تێبینیم لەسەر خاڵی یەکەمی ماددەی هەشت هەیە، پێم وایە هەر لەداڕشتنەکەیدا کە دەڵێت( نابێ خۆپیشاندان) ئەوە لەڕێوە نەفییە، بۆیە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە(خۆپیشاندان کۆتایی دێت، دوای ئەوەی داواکەیان دەگەیەنن بەلایەنی پەیوەندیدار و وەڵامی موقنیع کەر وەردەگرن)، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، نەك وەك ئەوەی ئەصڵەکە کە هاتووە، هەروەها تەئیدی قسەکانی مامۆستا عومەر و بێریڤان خان دەکەم، کە خۆپیشاندان لە دور العبادە پێویست ناکات باس بکرێت، چونکە کە تۆ باست کرد، وەکو ئەوەی نەوعێك لە تەرویجی پێدەدەی، بۆیە باس نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژەیە، پڕۆژەی حکومەتە، من پێم وایە ئەو مەرج و داواکاریی خۆی تەرح کردووە، ئێمەش کە پەرلەمانین نوێنەری جەماوەرو ڕێکخراوەکانین، پێویستە بەڕاستی لەنوێنەرایەتی ئەوانەوە قسە بکەین، بۆیە من پێم وایە نابێ ئەم خۆپیشاندانە بەردەوام بێت، کاتی دیاری کراو، ئەمە تەفسیر هەڵئەگرێت، کاتی دیاری کراو لە سەعات 8 وە تا ئێوارە ئیتر تەواو هەر ئەو ڕۆژە کۆتایی پێهات ڕۆژی دووەم و سێیەم وچوارەم، بەڕاستی ئەم بڕگەیە لاببرێت، تەئیدی پێشنیارەکەی کاك دکتۆر زانا دەکەم، ئەو بڕگەیە نەبێت، بڕگەی دووەم کە دەڵێت وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری، بۆی هەیە، ئەمیش نابێت بەموتڵەقی ئەو حەقەی بدەیتێ بۆیە پێویستە

بەچەند شەرتێك وەكو ئەوەی كە ناسكە خان و مامۆستا عومەر وئەو برادەر وخوشكانەی تر باسیان كرد، ئەویش ئەوەیە ( في حالة خروجها عن الاطار العام للغاية واذا لم تستجب السلطات المطالب المتظاهرين ولم تضع حلول مناسبة للقضية) یەعنی خۆپیشاندەران بۆیان هەیە لەدونیادا كاتێ كەداواكەیان نایەتە دی كاتێ كە قەزیەكە حەل ناكرێت، بەردەوام ئەبێت خۆپیشاندان تا دانانی ڕێگا چارەیەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان خۆپیشاندان بۆ شتێكی دیاریكراو، كە ناڕازیت لە وەزعێك، یەكەم شت خۆپیشاندان دەكەیت، لایەنی پەیوەندیداری پێ ئاگادار دەبێت، بەنووسراوێكی ڕەسمی داواكارییەكەی خۆتی پێ دەدەیت، جا هەندێكی، ئەگەر شەرعی بێت لەوانەیە دەستبەجێ جێبەجێ ببێت، ئەگەر ناشەرعی بێت لەوانەیە نەكرێت، بۆیە ئەوە تێكەڵ نەكەین ئەو مەوزوعە، ئێستا ئەو پێشنیارانەی كە هاتوون بەنووسینیش هاتووە بۆ ئێمە، كە دەمج بكرێت هەر سێ ماددەكە، پێشنیاریش هاتووە، كە ماددەی (8 و9) دەمج بكرێت، 10 وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا داوا دەكەین لەڕووی یاساییەوە ئەو بۆچوونانەی تر بخرێتە دەنگدانەوە، لەگەڵ لیژنەی یاسایی داوا دەكەین ڕەئی خۆیان بدەن، فەرموون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بەدەمج كردنەكەی ئێمە پێمان وایە، ئەگەر ماددەی (8 و9)دەمج بكرێت، زۆر شتێكی ئاساییە و ئێمە مەشروعی دەمجەكەشمان حازر كردووە، بەڵام بەنیسبەت ماددەی 10 كە پەیوەندی هەیە بە مەسئولیەتی مەدەنی و جەزائی ئێمە پێمان وایە ئەوە لەماددەیەكی تایبەتی بێت، چونكە زیاتر موناقەشە هەڵدەگرێت، زیاتر قسە هەڵدەگرێت، ئەگەر داوای دەمجی ئەو ماددەیە دەكەن، تا ئێستا موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە نەكراوە، چۆن لەئێستاوە ئێمە قەراری دەمجی بدەین، پێش ئەوەی ماددەكە موناقەشە بكرێت وبخرێتە ڕوو، جگە لەوەی ئەو پێشنیارانەی كەهات بەڕاستی ئێمە دەتوانین بە دوو خاڵ ڕوونی بكەینەوە، یەكەمیان: خۆپیشاندانەكە بەند بێت بەوەی كە تا داواكارییەكەیان جێبەجێ دەكرێت، ئەوە پێویستە بدرێتە دەنگدان، دووەمیان: بەنیسبەت بە كۆتایی هێنان بە خۆپیشاندانەكە، ڕەئییەك هەیە ئەڵێت با كاتەكەی كراوە بێت، هەتا داواكارییەكەیان جێبەجێ دەكرێت، بەڵام لەڕووی یاسایشەوە ئەوەی كە لەیاساكەدا هاتووە، ڕێكخەری خۆپیشاندان كە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار دادەنیشێت، بەتەئكید ئەو كاتە دیاری دەكات بەنیسبەت خۆپیشاندەران، لە چ سەعاتێكەوە تا چ سەعاتێك ناكرێت ئێمە سەقفی ئەعلاكەی كراوە بكەین تا داواكارییان جێبەجێ دەكرێت، ئێمە ئەوەی بۆی دەچین، ئەو دوو خاڵەیە، بەڵام پێشنیارێكیش هەبوو كە هەر سێ ماددەكە دەمج بكرێت، ئێمە وجهە نەزەری خۆمان ڕوونكردەوە، كە بۆ 8 و9 هیچ مانعێكمان نیە، پێشنیارێكیش هەبوو بۆ دور العبادە ئیزافە بكرێت یان نەكرێت، ئەگەر ئیزافە بكرێت ئەوە پێشنیاری تر هەیە، كە شوێنی تریش ئیزافە بكرێت، ئەوە زانكۆیە، ئەوە قوتابخانەیە، نەخۆشخانەیە، ئەمەش پێویستە یەكلابكرێتەوە لەزمنی ئەو پێشنیارانەی كەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا هەندێ بۆچوونی جوان دەربڕان، ئەوەی پەیوەندی بەم خاڵەوەهەیە، لەگەڵ خاڵەکانی پێشووتریش ئێمە هەست دەکەین، جۆرێك لە دڕدۆنگی هەیە لەوەی کە هۆیە پیویستیەکان کەهاتووە، وەکو بەڕێز دکتۆر جعفریش ئاماژەی پێکرد، بەشێوەیەکی تام ڕەنگدانەوەی لە ناو ئەم تەفاصیلانەدا نیە، بۆیە ڕام وایە کە لەهەرحاڵەتێك کەپەیوەندی بە تەفریقی خۆپیشاندەر یان خۆپیشاندانەوە هەبوو، لایەنی پەیوەندیدار، لەگەڵ ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە یان لیژنەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکە، لەهەماهەنگی دابن بۆ ئەوەی بگەنە دەرئەنجامێك، خاڵی دووەم، ئەوەی پەیوەندی بە ئیزافە کردنی ئەماکنی عیبادەوە هەیە، ئەگەر ئێمە ئەو دەرفەتەمان کردەوە، نەك مەسائیلی جامیعەو خەستەخانە، لەوانەیە هەندێ ڕێ وشوێن کە دامودەزگای سیادی و باڵاو دامەزراوەی تەشریعی و تەنفیزین، ئەوانەش بێتە کایەوە، هیچ جیگایەك ئیستسنا نەکرێت و دیاری نەکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەوانەی کە بۆ دەنگدان پێویستە یەك، یەك،دەستنیشانی بکەن، دوو بەڕێز دیفاعی لێبکات، دوو بەڕێزیش دژی قسە بکات، فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم ئەوەیە کە دەڵێن، کۆتایی خۆپیشاندانەکە بەند بێت بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پێشنیارە هەرچەند وا کتوپڕ وا تەوەقوع ناکرێت، چونکە ئیحتیماله خۆپیشاندانێك بۆ شتێك بێت کەناشەرعی بێت، ئیحتیماله شەرعی بێت، لەبەر ئەوەی ئێوەی بەڕێز ڕەئیتان وایە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، صیاغەکەی بکەن تکایە، بۆ ئەوەی وازح بێت، تا ئەو دوو بەڕێزەی کە دیفاعی لێدەکات بزانێ دیفاع لەچی دەکات، ئێستا پێشنیارێك هاتووە کە ماددەی (8و9) دەمج بکرێت، یەکەم ئایا پەرلەمانی بەڕێز لەگەڵ دەمجەکەدان، یان نا؟، کاك شێروان، فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر ئیشارەتم پێدا ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ مانعێکمان نیە، لەگەڵ دەمج کردنی ماددەی(8و9)، بەڵام لەبەر ئەوەی ماددەی 10 تایبەتمەندی خۆی هەیە، هێشتا موناقەشە نەکراوە، ئەندامانی پەرلەمان ڕەئی خۆیان بەنیسبەت ماددەی 10 نەوتووە، پێمان باشە ماددەی 10 لەو دەمجە دوور بخرێتەوە، ئێستا تەرکیز بکەینە سەر دەمجی ماددەی (8و9)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (8و9)مەبدەئیەن کێی لەگەڵدایە کەدەمج بکرێت، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ، زۆر سوپاس، ماددەی (8و9)دەمج کرا، کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم نیزامی بێت، ئەو ئیقتراحەی من نەخوێندرایەوە، ئەگەر بخوێندرایەتەوە من ئیقتراحی خۆم سەحب ئەکەم و ئەیگۆڕم، ئەگەر قبوڵی بکەن، تەئیدی ئەوە دەکەم کە (8و9)پێکەوەنە، بەشی یەکەمی 10 بەحەقیقەت دەمج بکرێت وەکو پیشەکی بۆ (8و9)کامیلی هەدەفی دەمج دەکات، بەشی دووەمی 10ش، لەگەڵ 11 یەکدەگرن، بۆیە من ئەو مولاحەزەی کاك شێروان زۆر بەدڵمە، بەڵام بەمەرجێك، ئەگەر بیخوێنینەوە بەشی یەکەم کە (اذا حدث وقع)

وەکو ئەوەی من صیاغەم کردۆتەوە بیخوێننەوە، بەڵام فەقەرەی ئەخیر هی جەزائی و ئەوشتانە، بەڕەئی من فیعلەن دەمج نەکرێت و جیایە، بۆیە لەگەڵ ماددەی 11 دەمج بکرێت، حەز ئەکەم ڕەئی لیژنەی یاساییش وەرگرن، ئەوە دەبێتە حەڵێکی دروست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، رەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی من ناڵێم ئیقتراحەکەی کاك عبدالسلام لەجێگای خۆی نیە، بەڵام ئێمە ئەگەر بەوزووحی بچینە ناو ئەو مەوزوعانە، بەڕاستی دەمجەکەی (8و9)زۆر بەوازحی دێت و شەفاف دەبێت، هەموو خەڵکێك لێی تێدەگات، ئەوانی تر چ لەماددەی سەربەخۆ بێت (10و11)چ دەمج بکرێت، هیچ مانعێك نیە، لەیەك ماددەدا بن، چونکە یەکێکیان مەسئولیەتی مەدەنیە، ئەوی تریشیان مەسئولیەتی جەزائیە، بۆیە هیچ موشکیلەیەکمان نیە، بەڵام ئێمە پێمان باشە بەو شێوەیە زۆر زۆر ڕوونترە و وازحترە، دیار تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی(8و9) باس لەچەند حاڵەتێك دەكات، كەجیاوازە لەگەڵ ماددەی 10 بۆیە ناتوانین دەمجیان بكەین، ماددەی 10 باس لەچەند حاڵەتێك دەكات (اخلال بالامن و النظام و الاداب العامة) یاخود زیان بەچەند لایەن وكەسانێك بگات، بەڵام ماددەی (8و9) باس لەوە دەكات، ئیتاری قانونی خۆپیشاندان، ئەو شتانەی كە لەداواكەیان داوایان كردووەو ڕەزامەندی لەسەر كراوە، تەجاوزیان كرد، ئەوەی كە دەسەڵاتی پێداون، یان مۆڵەتەكەی پێداون، ئەو ئەمری كرد كەبڵاوەی پێبكەن، بەس بڵاوەیان پێنەكرد، چ ڕێكارێك وەردەگیرێت، لەبەر ئەوە دوو حاڵەتی جیاوازە، ناتوانین 10 لەگەڵ ئەو دوو ماددەیە دەمج بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا(8و9) بوون بەماددەی حەوت لە ئەصڵی پڕۆژەكە، ئێستا ئاخر صیاغە بخوێننەوە بێزەحمەت، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

اولاً: لا یجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها.

ثانیاً: للوزیر او رئیس الوحدة الاداریة ان یأمر بتفریق المظاهرة في حالة تجاوز المتظاهرین الاطار القانوني المحدد لها او خروجها عن اهدافها او الزمان والمكان المحددین لها.

ثالثاً: لایجوز اجراء المظاهرة في دور العبادة.

رابعاً: في حالة رفض المتظاهرون اوامر تفریق المظاهرة تتخذ الاجراءات التالیة:

1 - الرش بخراطیم المیاه حسب الاحوال.

2 - استخدام المواد المسیلة للدموع او الوسائل الاخرى المتاحة.

3 - اتخاذ الاجراءات القانونیة ضدة مثیري الشغب.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چۆن دور العبادە ئیقتراح كرا، لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان، بەهەمان شێوە شوێنی تریش ئیقتراح كراوە، جا ئەوەتا یان هیچ شوێنێكیان داخڵ نەكەین، یان ئەوەتا ئەوانی تریش دابنێین، ئەگەر داخڵی بكەین دەبێت بەنیسبەت هەردوولا بخرێتە دەنگدانەوە بەڕاستی، بۆیە دەبێ یەكلا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا ڕؤوف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو پەرلەمانتاران کەقسەمان کرد، تەنها لەسەر ماددەی هەشت قسەمان کردووە، ئەگەر وابێت دەبیَ ڕێگامان بدەیتەوە لەسەر ماددەی 9ش قسە بکەین، بۆیە تکا دەکەم ئێمە جاریَ با ماددەی هەشت تەواو بکەین دوایی دەچینە سەر ماددەی 9، بۆ دەمجەکەش ئێمە دەنگمان لەسەر داوە هیچ موشکیلەیەکمان نیە، بەڵام ئێمە ئێستا ماددەی 9 خوێندراوەتەوە 1- الرش بخراطيم المياه حسب الاحوال. یان کۆمەڵێك وەسائیلی تر باس کراوە، هیچ پەرلەمانتارێك لەسەر ئەم تەوەرە قسەی نەکردووە، بۆیە هیوادارم گفتوگۆ لەسەر ماددەی 8 وەکو خۆی بەردەوام بێت، لەسەر نۆش بەردەوام بێت، دوایی ئێمە خۆمان لێرە بڕیارمانداوە کە دەمجی دەکەین، بۆیە تەنها موشکیلەی صیاغەمان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمەسعید حمەعلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من ئەو مولاحەزەیەم هەیە کە قسە لەسەر ماددەی 9ش بکەین، خۆی دەمجەکە تەواو بووە، دووەم: ئێمە چەند پەرلەمانتارێك ئیقتراحی ئەوەمان کرد، (اذا لم تستجب السلطات وان الاتفاق بين الطرفين) زیاد لە 4 کەس، بەڵام ئەو ماددەکەی وەکو خۆی خوێندەوە، یەعنی ئەبیَ ئەوەش بخاتە دەنگەوە، چونکە لە 3 کەس زیاتر داوای کردووە کە فەقەرەی یەکەم لابرێت، (اولاً: لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها.) لەفەقەرەی دووشدا وەزیرو سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەیە تەفریقی خۆپیشاندان بکات، کەی؟، کاتیَ کە لە ئیتاری عام و غایەی خۆی دەرچێت و ئیستیجابە نەبوو، ئەوە گرنگە، کە نابیَ وەکو خۆی بخوێنرێتەوە، هەروەها چەند کەسێکیش داوایان کرد کە دور العبادە و مدارس و جامیعات هەر نەمێنیَ، ئەوەش تەسنیە کراوە، پێم وایە ئەو سیَ شتە زۆر گرنگن ئەبیَ لابرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وەکو ئەو پێشنیارەی کە کاك زانا کردی، دەقیق وایە ئێمە ماددەی 9مان موناقەشە نەکردووە لەناو پەرلەمان، بۆیە فەقەرە، فەقەرە دێینە خوارەوە ئەوەی موناقەشەمان کردووە دەنگی لەسەر دەدەین، ئەوانی تریش لەپاش ئیستراحەت دووبارە بەردەوام دەبین لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم لەماددەی هەشتەم، پێشنیارێك هەیە کاك حمە سەعید و برادەران پێشکەشیان کرد، دەڵێن پێویستە خۆپیشاندان بەردەوام بێت هەتاکو داواکاری خۆپیشاندەران جێبەجیَ دەبێت، ئێمە وەکو چوار لیژنە لەسەر دەقی پڕۆژەکە موتەفیق بووین هیچ مولاحەزەمان نەبووە، ئەو پێشنیارەی کاك حمە سعید و

برادەران تازەیە، پێویستە سەرۆكایەتی پەرلەمان، بداتە دەنگدان ئایا وەكو خۆی بمێنێتەوە یان ئەو پێشنیارە سەر بگرێت، ئەوە بخرێتە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە پەریهان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان محمد قبلای:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم پێشنیارەكە وا هاتبوو، كە مەسەلەی كات دیاری نەكرێت لەماددەكەدا وەكو دكتۆر زانا باسی كرد، وتی تا ئەو كاتەی كە داواكارییەكەیان جێبەجێ دەكرێت، یان جوابیان بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خاوەنی داواكاریی تكایە داواكارییەكەتان بە نووسین بنێرن، كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رووف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كەدەڵێین با كات لابرێت، مانای وا نیە بڵێین تا داواكارییەكەیان جێبەجێ دەكرێت، یەعنی كە دەڵێت وەڵام دەدرێنەوە، وەڵامدانەوەكە چیە؟، تۆ پیش وەخت لیژنەیەكت دروست كردووە، لە سێ كەس بۆ پێنج كەس پێكهاتووە، ئەم لیژنەیە یەك دونیا مەرجت لەسەر فەرز كردووە، ئەبێت ئەم شتانەت تێدا هەبێت، ئەی خۆ ئەتوانێت ئەویش تەنسیقێكی لەگەڵدا بكات و بڵێت كاكە گیان داخوازییەكانتان لای ئێمەیە بەدڵنیاییەوە بەدواداچوونی بۆ ئەكەین، بەس ئەڵێین كاتی تێدا نەبێت یەعنی تۆ ئیجباری مەكە بڵێیت تا سەعات ئەوەندە ڕێپێوان بكەیت ئەوە مەتاڵیبەكەیە، یان بڵێت ئیلا ئەبێت ئیجابەت هەبێت بۆ داواكارییەكانم ڕەنگە ئیستیجابەكە ماوەیەكی دوور تر بێت، بەڵام بەلانی كەمی بڵێت وەڵامێك هەیە، نەك داواكارییەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواكردنی لابردنی كاتەكە زۆر نایاساییە، لەبەر ئەوەی لەماددەی سێیەم ئێمە دەنگمان بۆدا، ئەڵێت كاتێ كە تەقدیمی مۆڵەت دەكەن، بۆ ئەوەی خۆپیشاندان بكەن، (الغایە وتحدید مسارها و الزمان والمكان المحددین)، زەمەنەكە دەڵێت، ئەڵێت من ئەم ڕێپێوانە ئەمڕۆ لەسەرعات یەكی نیوەڕۆ تا پێنجی ئێوارە بەردەوام دەبێت، لە نوقتەی ئەلفەوە بۆ نوقتەی با، مەبەستەكەشمان ئەمەیە، ئیتر لەدوای پێنجەوە ناتوانێ هەربمێنێتەوە، بۆیە ئێمە دەنگمان بۆدا، ناتوانین شتێك بكەین كە موخالفی نەصی ئەو ماددەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دانیشتنەکەمان دوا دەخەین تا پاش ئیستراحەت، سەعات 5 دانیشتنەکەمان دەست پێدەکاتەوە، ئەمڕۆ بەردەوام دەبین و ئەم پڕۆژەیە تەواو دەکەین، ئینجا خوا دەکات تا سەعات 10ی شەو دەکات، خوا ئاگادارتان بێت.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، دانیشتنی ژمارە(11)ی ڕۆژی2010/11/3، ئیستا دوا لە لیژنەی یاسایی، ناوخۆ، مافی مرۆڤ، کۆمەڵگای مەدەنی دەکەم، کەرەم بکەن بێنە شوێنی خۆیان، فەرموو بەردەوام بن لەسەر ئیشەکەتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنی گەیشتبووینە ماددەی هەشتەم، دوای ئەوەی کە چەندین گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیەکرا، وا ڕێك کەوتین کەماددەی هەشت و نۆ بکریت بەیەك ماددەو دەمج بکرێت، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، کەئێستا بۆ بەڕێزتانی دەخوێنمەوە:

**المادة الثامنة:**

اولاً: لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها.

ثانياً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لها.

ثالثاً: اذا وجدت اجهزة الشرطة صعوبة في تفريق المتظاهرين رغم الطلب منهم واصرارهم على ذلك يحق لها اتخاذ الاجراءات التالية:

1- الرش بخراطيم المياه حسب الاحوال .

2- استخدام المواد المسيلة للدموع او الوسائل الخاصة الاخرى ذات الطابع المدني بتفريق المظاهرات.

3- القبض على مثيري الشغب اثناء المظاهرة واتخاذ الاجراءات القانونية بحقهم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە بەکوریش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم و نۆیەم کە دەبێت بەیەك ماددە، بەم شێوەیە:

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: نابێ خۆپێشاندان تا دوای کاتی دیاری کراوی بەردەوام بێت.

دووەم: وەزیر یا سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆی هەیە فەرمان بدات بە بڵاوبوونەوەی خۆپێشاندان لە حاڵەتێکدا کە لە چوارچێوەی گشتی ئەو ئامانجەی بۆی دانراوە یا ئەو کاتەی بۆی دەستنیشان کراوە دەرچوو.

سێیەم: ئەگەر دەزگاکانی پۆلیس بڵاوەپێکردنی خۆپێشاندانەکە بە کارێکی گران زانی هەرچەندە داواشیان لێکرا و سوور بوون لەسەری بۆیان هەیە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرنەبەر:

1- ڕشاندن بە بۆڕی ئاو بە پێی حالەتەکە.

2- بە کارهێنانی ماددەی فرمێسك ڕژێن یان هۆی تایبەتی تر کە شێوەیەکی مەدەنی هەبێ بۆ بڵاوەپێکردنی خۆ پێشاندانەکان.

3- گرتنی ئەوانەی گێرەشێوێنی لەکاتی خۆپێشاندان دەکەن، لەگەڵ وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، ئێوە ڕەئیتان بەرامبەر بەو دەمج کردنە چیە؟ فەرموون.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئێمەش، لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو دوو ماددەیە یەکبخرێت، بەڵام پێشتر ڕەئی خۆمان دەربڕی، ئەگەر بکرێت بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران پرس بە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بکرێت، یان بەڕاوێژ بێت، چونکە لەڕاستیدا خۆمان دەزانین هەمیشە، ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێپێوانانە، ڕێکخەرەکانیان بەشێك ئەبن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کەهەرە سیمای دیموکراسیەتی ئەم هەرێمەی ئێمە ئەتوانین بڵێین لەڕێگای ئەوانەوە بەبەشدارییەکی کارا جوانتر کراوە، کە ئەمەش مەتڵەبێکە لە مەتڵەبەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، هەروەها پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە لەهۆیە پێویستیەکانی ئەم یاسایەدا زۆر تەرکیز کراوەتە سەر، ڕێز گرتن لەو بنەما مەدەنی و دیموکراسیانە، بۆیە ئەکرێ لەم بڕگەیەدا بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران ڕاوێژ هەبێت لەنێوان لایەنی پەیوەندیدار، واتە یەکە ئیدارییەکان و ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵگای مەدەنی ڕای خۆتان تکایە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمەش لەگەڵ دەمجی هەردوو ماددەین، وەکو ئەو شێوەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات تکایە، با ناوی خۆی بڵێت، فەرموو کاك دکتۆر زانا، نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئێمە ماددەی هەشتمان یەکلایی نەکردەوە بەتەواوەتی لەکاتی خۆی، ئێستا ئەمەشی لەگەڵدا موناقەشە بکرێت دوایی هەمووی بەیەکەوە دەخرێتە دەنگدان، چونکە ئەبوایە یەکلاییمان بکردایەتەوە ماددەی هەشتەم، پاشان وتمان دوایی یەکیان دەخەینەوە، بەس موناقەشە کراوە، تەنها دەنگدانەکەو ئەو ڕەئیەی کە پشتیگری لێ بکات و ئەوەشی کە دژی بێت، ماوە بۆ مەوزوعی کات پاشان یەك بگرێت، دوایی ئەوەی تر موناقەشە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، بەحەقیقەت ئێمە وا ئیتیفاقمان کرد، بەس ئەم ماددەیە هەردووکیان لەیەك دران و بوون بەیەك ماددە، بەدەنگدان، ماددەی هەشتەم یەك و دوو، هاتە سەر ئەوەی کە دوو بەڕێز دیفاعی لێ بکات و

دووش دژی بێت، ئینجا بخرێته دەنگدانەوەوە، پاشان بچینە سەر ماددەی نۆیەم، بیٚ ئەوەی ماددەی نۆیەم بێنین خاڵەکانی (1 و2 و3)ئیزافەو کەمی ئەبێت، کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە بڕیارماندا ببێت بەیەك، ماددەی ئێستا نە هەشتە کۆنەکەو نە نۆیە کۆنەکە هیچیان نەماوە، بەتەسەوری من ئەو صیاغە تازەی ماددەی هەشتە یان نۆیە، موناقەشە بکەین، ئەو کاتە مەجال هەیە، هەمووی پێکەوە موناقەشە بکەین، چونکە هەشت و نۆ نەماوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکەت دروستە، یەك ماددەیە بەس فەقەرە، فەقەرە، هەیە یەکەم و دووەم لەماددەی هەشتەم هەیە، لەماددەی نۆیەمیش یەك، دوو، سێ هەیە، ئێستا یەك و دووەکە ئەکەین بۆ ئەوەی ئیشەکە تێکەل نەبێت ئەوە موناقەشە ئەکەین، پاشان، دوایی ئەوانی تریش، ئێستا لیژنەی یاسایی یەکەم و دووەم بخوێننەوە بەو صیاغەی کە ئێستا خوێندتانەوە تا دوو بەڕێز قسەی لەسەر بکات و لەگەڵی بێت و دووش دژی بێت پاشان بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**اولاً: لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو بەڕێز کە تەئیدی ئەکەن با قسەی لەسەر بکەن، دوایش دوو بەڕێز کە دژین با قسەی لەسەر بکەن، دژەکان( کاك عومەر عبدالعزیز، کاك کاردۆ) ئێستا کێ دیفاعی لێدەکات وەك ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە، ( سۆزان شهاب، شوان کریم)، کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم قۆناغەمان تێپەڕاند لەم ماددەیە، دوو، سێ، موقتەرەحیش نێردرا، تەسنیەشی لەسەر کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، تکایە، ئێستا دیفاعی لێدەکەی کەلابچێت، ئەمە خاڵی یەکەمە، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە موناقەشەیەکی دوور ودرێژی لەسەر کرا، ئێستا گەر پێت باش نیە ئاوا بێت ئەوە ڕەئی خۆت بدە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابتان صیغەیەكیشتان داوا كرد ئەویشمان نووسی، برگەی یەكەم لەماددەی هەشتەم، ئیشكالەكەی ئەوەیە، شتێكی عەمەلی بهێنینە بەرچاومان، ئێمە مۆڵەت دەدەین بەكۆمەڵێك خەڵك، یان حزبێك یان جیهەتێك یان چەند هاوولاتیەك سەعات هەشتی بەیانی تا شەشی ئێوارە ڕێپیوان یان خۆپیشاندان بكەن، سەعاتی 9 و 10 مەسئولین دێن، جیهەتی مەعنی دێت، ئیستلامی تەڵەبات دەكات و تەواو، بۆچی ئێمە مەجبور بین تا ئێوارە ئەم ڕێپێوانە هەبێت، دەبێت لێرە قەیدێك دابنێین بڵێین (بعد استلام الطلبات من قبل الجهات المعنية) یان (بعد استجابة السلطات المعنية للمتظاهرين) ئەبێت قەیدێكی تێدا بێت، داواتان كرد جەنابتان قەیدیشمان بۆ ناردن، لەبەر ئەوە من پێم باشە بەم شێوەیە بێت،( لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها اذا تمت استجابة المتظاهرين من قبل السلطات) ئەگەر ئەمەتان پێ قورسە ئەوە ئیستیجابە بەمانای وعودی تەحقیقە، بەلانی كەمەوە (اضعف الايمان) ئەوەیە بڵێین (اذا تم استلام طلبات المتظاهرين من قبل السلطات)یەعنی شتێكی ئەوێت ئێمە هەروا نابێت، ئەوە جواب نەدرێتەوەو ئیستلامیش نەكرێت، تۆش لەولا وتووتە ئەبێ دوای كاتەكە نەبێت، بەمە مافی ئەو خەڵكە ئەفەوتێ لەوێدا، من هەر ئەو تێبینیەم هەیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو هاوكارم كاك عومەر قسەی لەسەر كرد، كاتێ تۆ لەپێناسەی خۆپیشاندان باسی ئەوەت كردووە كە ئەمە بۆ مەبەستێكی دیاریكراوەو ئامانجێكی دیاری كراوە، كاتی دەستپێكردنی دیارە، ئیتر كاتێ ئەم خەڵكە دێتە بەردەمی ئەو شوێنەی كە داواكاری لێ هەیە، ئەگەر داواكارییەكەی وەڵام نەدرێتەوە، با بڵێین بۆ سەعاتێك دواكەوت، لە گفتوگۆبوون لیژنەی ڕێكخەر، لەگەڵ ئەو دەستەڵاتەی كە پەیوەندی بەكێشەكەیانەوە هەیە، ئایا كاتێ كەوەڵامیان نەدراوەتەوە، ئیستیجابە نەبووە، ئەوكاتە دێت تەفریقی خۆپیشاندان دەكات، یەعنی دانانی ئەم هەموو كۆت وبەندە، بەڕاستی ئەم یاسایە خۆی بۆئەوە ڕێكدەخرێت تا زەمینەیەكی باشتر ڕێكبخات بۆئەوەی خەڵك ئازاد بێت بەشێوەیەكی یاسایی داوای داواكاری خۆی بكات، بەشێوەیەكی شارستانی، بەڵام ئەم هەموو كۆت وبەندانە كەلەماددەكان دێت، یەعنی گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی كە دەركردنی ئەو یاسایە دەبێتە كۆسپ لەبەردەم خۆپیشاندەران بۆ هەر داواكارییەكی زۆر زۆر ئاسایی ژیانی ڕۆژانەیان، لەبەر ئەوە تۆ لێرەدا كە كاتت دیاری كردووە، ئامانجت دیاری كردووە، ڕێكخەر دیاری كراوە، ڕەنگە بڵێین چۆن لایەنی پەیوەندیدار ئەتوانێ ئەو داواكارییە جێبەجێ بكات؟، ئێمە نالێین جێبەجێی بكات، بەڵام با وەڵام وەربگرنەوە، ئەم وەڵام وەرگرتنەوەیە بەمانای تەفریق كردنی

خۆپیشاندانەکەیە یان بەمانای نەمانی خۆپیشاندانەکەیە، پیشم وایە هیچ پێویست ناکات بەردەوام بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ئاو نەك بە خەرتوومەکە، سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە کەباسی خۆپیشاندان دەکرێت ئێمە هەر بەو چاوە سەیری دەکەین، کە دژەو لەناڕەزاییایەو لەو حاڵەتانەدایە، زۆرجاریش هەیە، خەڵك پەنا دەباتە بەر ئەو چالاکیە مەدەنیە، ئەو ڕێپێوانە دەکات، مەرج نیە وەڵامی دەست بکەوێت، لە دژی مەوقیفێك، هەر لەدژی مەوقیفێك ئەڵێت مـن ئەو مەوقیفەی بۆ نموونە فلان وڵاتم بەدڵ نیە، بەرامبەر بە هاووڵاتیەکانی، لەوێدا تەڵەبات تەسلیمی کێ دەکرێت، وەڵام و مفاوەزە لەبەینی کێ و کێدا دەکرێت؟، ئەی تۆ چۆن حەدێك دابنێیت بۆ ئەوەی ئیتر هەر بەردەوام نەبێت ئەو حاڵەتە؟، یان ئەوەتا من ڕەئیم ئەوەیە، ئەگەر هاتو عیلاقەی هەبوو بەسەر داواکاری هاووڵاتیانەوە، منیش لەگەڵ ئەو برادەرانەدام، لەحاڵەتی ئیستلام کردنی تەڵەباتەکەیان یەعنی بۆ ئەوەی لایەنی دووەمیش فێر بکەین بۆ ئەوەی ئەوەندە، ڕێز بگرێت لەو چالاکیە مەدەنیە، یەکسەر بەدەمی هاووڵاتیانەوە بچێت،گوێ بیستیان بێت، بزانێ داواکارییەکەیان چیە؟، چی جێبەجێ دەکرێت؟، وە چی جێبەجێ ناکرێت؟، بەڵام ئەو حاڵەتانەی کەهەیە بۆ تەندید، من خۆپیشاندان دەکەم بۆ تەندید لەدژی مەوقیفێك، وەڵام لەکێ وەربگرم، حەزیش ناکەم بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە هەر لەسەر جادەش دەمێنمەوە، ئەی کێ ئەم مەوزوعە حەسم بکات؟، بۆیە ئەمە ئەبێت بەشێوازێك دابڕێژرێت کە ئەو حاڵەتانەش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەشێوەیەکی شارستانی مومارەسەی ئەم مافەی خۆمان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: لەبەر ئەوەی ئێمە لەپێناسەکاندا لەماددەی یەکەم، بڕگەی سێیەم، لە پێناسەی خۆپیشاندان ئەوەمان وتووە، کە دەبێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بێت، لە کۆتایی بڕگەکەدا، دووەم، لەهەمان کاتدا لەماددەی چوارەم لە بڕگەی سێیەم، ئەوەشمان تەسبیت کردووە، کە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار، جیهاتی مەعنی وەڵامی هەبێت بۆ داواکارییەکانی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، یان خۆپیشاندەران، لەبەر ئەوە بەفیعلی دەبێت، وەختەکە دیاری کراو بێت، لەوەختی دیاری کراوی خۆیدا بەتایبەتی ئەوە هەم لە پێناسەکەدا هاتووە و هەم لە داواکارییەکانیش وەر دەگیرێت، دەبێ وەڵامیشی هەبێت، ئەو مافەشیان پارێزراوە، لەبەرئەوەی مەسەلەی یەکەم

کە دەڵێت(لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها) وەکو خۆی بمێنێتەوە، وە پێویستە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەواو بوو بەڕێزان ئیستا ئەو پێشنیارەی کەهات، دوو پێشنیار هەبوو، یەکێکیان: (لايجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها)ئەوە لە پرۆژە هاوبەشەکەدا هاتووە، دووەمیش: چەند بەڕێزێك داوایان کرد، (تنتهي المظاهرة بأستلام رسالة المتظاهرين من قبل الجهة المعنية او انتهاء الوقت المحدد لها)، ئەوە بەدیلەکەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە موعالەجە کراوە، لەفەقەرەی سێیەم لەماددەی چوارەم دەنگمان بۆدا، صیاغەکەی بەو شێوەیە تەسبیت بوو، (على الجهات المعنية اخذ مطالب المتظاهرين بعد تلاوتها ثم الاجتماع مع اللجنة لإيجاد الحلول المناسبة لها خلال فترة زمنية مناسبة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمە زۆر ڕوونە، دوو موقتەرەح هەیە ئێمە قسەمان لەسەر کرد، بۆ دەنگدانە یەکێکیان: ئەم موقتەرەحەیە کەهاتووە بۆ ئەوەی خۆپیشاندەریش بە عەمدی خۆی تەئخیر نەکات، تا شتەکەی تەسلیم نەکات، بۆیە ئەگەر حازری بکات، تەسلیمی بکات لەبەر کاتەکە، موقتەرەحەکەش بەم شێوەیە، ئەمە موقتەرەحی بەدیلە ئەیخەینە دەنگدانەوە، دەنگی نەهێنا ئەصڵەکە قبوڵ دەکرێت(تنتهي المظاهرة بأستلام رسالة المتظاهرين من قبل الجهة المعنية او انتهاء الوقت المحدد لها)، ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، ئێستا تکایە موقتەرەحەکەتان بنووسن وبینێرن، لیژنەی ناوخۆ موقتەرەحەکەتان بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دووکەس قسەیان لەسەر کرد، سۆزان خان و کاك شوان پشتگیریان لە ئەصڵی ڕاپۆرتەکە کرد، کاك کاردۆ وکاك عومەریش دژی بوون، ئەبێ ئەو دوو ڕایە بخرێتە دەنگدانەوە بزانین کامەیان دەنگ دەهێنێت، موقتەرەحەکەش کەلەئەصڵی یاساکە هاتووە یان ئەوەی کە ئەوان دژی وەستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، ئەوەی ئەوان کە دژی بوون بۆمان بخوێنەرەوە تا بیخەینە دەنگەوە، بەڕێزان پێشنیارێك هەیە کە بڕگەی یەکەم (اولاً: لا يجوز ان تستمر المظاهرة الى ما بعد الوقت المحدد لها)، موقتەرەحێك هەیە کە دەڵێت ئەمە لابچێت، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 36 کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە لابچێت،

فەرموون ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەك خۆی بمێنێتەوە؟، 35 کەسی لەگەڵدایـە کەبمێنێتـەوە، ئـەوە ئیلغـا بوو، بۆ دووەم تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم کە دەبێتە بڕگەی یەکەم، چونکە یەکەم نەما.

المادة الثامنة:

اولاً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن الاطار العام للغاية او الوقت المحدد لها.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: وەزیر یـا سـەرۆکی یەکـەی کـارگێڕی بـۆی هەیـە فـەرمان بـدات بـە بڵاوبوونـەوەی خۆپیێشـاندان لـە حاڵەتێکـدا کـە لـە چوارچێوەی گشـتی ئـەو ئامانجـەی بـۆی دانـراوە یـا ئـەو کاتـەی بـۆی دەستنیشـان کـراوە دەرچوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموون.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەصڵی ماددەکەین کە چۆن هاتووە وابێت، بـەڵام پێشـنیارێك لەلایـەن مـافی مرۆڤـەوە کـرا، کـە دەڵێت بەڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخەرانی خۆپیشاندان ئێمەش پشتیوانی لێدەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆچوونەکەی کاك ئیسماعیل لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، فەرموو.

**بەڕێز زکيه صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەیانیش ئێمە باسمان کرد، وتمان ماددەی سێیەم بڕگەی دووەم کەداوای وەرگرتنی مۆڵەت کرابـوو، ئەگـەر کاتیشی بۆ ئیزافە بکرێت ئەوە بەڕای ئێمە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صیاغەی هەر چوار لیژنەکە کە لێرەن نوێنەرتان، لەگەڵ ئەو ئیزافانە حازریان بکەن، ئێستا دوو بەڕێز کە لەگەڵیدا بێت و دوو بەڕێزیش کە دژی بێت با قسە بکەن، ئەو بەڕێزانەی کەدەیانەوێت صیغەی لیژنەی موشتەرەك کە حازریان کردووە دیفاعی لێ بکات، دوو بەڕێزیش دژی بێت، تا بیخەینە دەنگدانەوە، کێ دژیەتی بادەست بڵند بکات، کوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس با صیغە موشتەرەکەکە بخوێننەوە ئەوکاتە ڕەئی خۆمان بدەین، هێشتا نازانین صیغەکە چیە؟، سوپاس؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو صیاغەیە، کە بە هاوبەشی لیژنەکان دانراوە، تا عەرزی ئەندامانی پەرلەمان بکرێت، ئەمەیە:

اولاً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن اهدافها او الوقت المحدد لها بعد التشاور مع اللجنة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دووبارە بە وازحی بیخوێننەوە تا هەمووی گوێیان لێبێت، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن اهدافها او الوقت المحدد لها بعد التشاور مع اللجنة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە با دووکەس دیفاعی لێبکەن، دوو کەسیش دژی قسە بکەن، دوو بەڕێز کە بەو موقتەرەحە رازی نین،( کاك کاروان صالح و کاك دکتۆر صباح) کێ لەگەڵ موقتەرەحەکەیەو دیفاعی لێدەکات(سالار محمود) کەسی تر نیە، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەماددەی هەشتەم لە بڕگەی یەکەم، تازە بە دەنگدان (الوقت المحدد لها) رەفز کرایەوە، ئێستا لەخاڵی دووەم دووبارە، (الوقت المحدد لها) دووبارەکراوەتەوە، من پێم وایە ئەوە هیچ شەرعیەتێکی نەما، چونکە بەدەنگدان ئەو بڕگەیەمان لابرد، بۆیە پێشنیار دەکەم کە(الوقت المحدد لها) ئەوە لابچێت وهەروەها مەسەلەی لیژنەکەش، ئێمە بەڕاستی لەهەموو بڕگەکانی پێشوو کە داعی نیە لەسەری بڕۆینەوە، ئەو لیژنەی کە خۆپیشاندانەکەی ڕێکخستووە ئەوەندە بێ ئەهەمیێتمان کردووە، حەق وایە لێرە ئەهەمیێتێکی بدەینێ، بۆ ئەوەی ڕاوێژی پێبکرێت، پرسی پێبکرێت، ئینجا کۆتایی بەخۆپیشاندانەکە بهێندرێت، بۆ ئەوەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانە هەست بکەن کە بەپرسی ئەوان، بە ڕای ئەوان خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێهاتووەو دەسەڵات ولایەنی پەیوەندیدار وەڵامی پێویستی خۆپیشاندانی داوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم بڕگەیە کە بەو شێوەیە صیاغە کرا، بوونی کاتی دیاریکراو لەناو بڕگەکەدا، نەقزی غەرەزی یاساکە ئەکات بەتەواوەتی، یەعنی تەنها ئەوەندە بوترێت، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئەتوانی فەرمان بدات بە بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران، ئەگەر لەچوارچێوەی گشتی ئامانجی خۆپیشاندانەکە دەرچوو، ئەگینا ئەگەر مەسەلەی کات بەو شێوەیە بمێنێتەوە، نەقزی غەرەز ئەکات، یەعنی ئەبێ فەزایەك و مەودایەکی زیاتر بدرێت بە خۆپیشاندەران کە بتوانن دڵنیا بن لەوەی کە مەبەستەکانیان هاتووەتە دی، بۆیە من پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە ئەو صیاغەیە باشە بەس مەسەلەی کاتەکەی لێ لاببەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وەکو چۆن ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە یان دوای ئەوەی کە مۆڵەت دەدرێت بە ئەنجامدانی ئەو چالاکیە مەدەنیە، بەرپرسیارێتیەکە بەرپرسیارێتیەکی دوولایەنەیە بۆ گەیشتن بەئامانج، لەحاڵەتێکدا، ئەگەر لەچوارچێوەو ئامانجی خۆی دەرچوو، ئەکرێ هەر بڵێین بەرپرسیارێتی کۆنترۆڵکردنی ئەو دۆخە نائاساییەش ئەکرێ دوولایەنە بێت، چونکە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە یان ڕێبەرانی خۆپیشاندانەکە دەتوانن کاریگەرییان بەسەر هەمووی یان بەشێك لە خۆپیشاندەران هەبێت، بتوانن دۆخەکە هێور و هێمن بکەنەوە، ئەویش بەپێی ئەو ئالیەتەی کە دواجار یەکە ئیدارییەکان بڕیاری لێدەدەن، بۆ چۆنیەتی کۆتایی پێهێنان بەو چالاکیە مەدەنیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێشتریش بڕیارماندا، کە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە یان لیژنەکە، کۆمەڵێك

بەرپرسیارێتیان ئەکەوێتە ئەستۆ لەم حاڵەدا بەتایبەتی، زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر لەحاڵەتی تردا، حزوری ئەوان بەهەند وەرنەگیرابێ بۆ یەکە ئیدارییەکان، بۆ وەزیر، بۆ قائیمقامیەت، بۆ ناحیە، یان هەر سنوورێکی ئیداری جوگرافی کە خۆپیشاندانی تێدا دەکرێت، ئەکرێ دەست بەرن بۆ قوەی مەعنەوی رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە نائاساییە کۆنترۆڵ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا وازح بوو، کاك عەونی ئاخر صیاغە بخوێننەوە، تابیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن اهدافها او الوقت المحدد لها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، باشە کاك کاروان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا وەك بۆ جەنابتانم ڕوون کردەوە، لەخاڵی یەکەم بەدەنگ (الوقت المحدد لها) رەفزکرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، ئێستا دەقەکە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو وەختە لای دەبەین، دانیشە ماددەیەکی دانراوە ئەتوانی دەنگی بۆ نەدەیت تەواو، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو صیغە تازەی کەئێستا دکتۆرە ڕۆژان خوێندییەوە، ئەو پێشنیارەی هەردوو لیژنەی ناوخۆ و مافی مرۆڤی تێدا نەبوو، یەعنی وەکو ئەوە صیغەیە نەبوو کە پێشتر خوێندرایەوە، تشاورەکەی لێ دەرهێندرابوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ئیعادەی صیاغەکەی بکەنەوە، بەڕێزان دیارە دوای نیوەڕۆیە کەس سەری لای خۆی نیە، لیژنەی یاسایی هەندێکیان حازر نەبوون، هەندێکیان درەنگ هاتووە، 40 کەس غائیبە، داوامان کردووە ئەوەی کە حازر نیە غیابی بدەن، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن اهدافها او الوقت المحدد لها بعد التشاور مع اللجنة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صیاغەکە دووبارە بخوێنەرەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: للوزير او رئيس الوحدة الادارية ان يأمر بتفريق المظاهرة في حالة خروجها عن اهدافها او الوقت المحدد لها بعد التشاور مع اللجنة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، زۆر سوپاس، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا بۆ خاڵەکانی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: اذا وجدت اجهزة الشرطة صعوبة في تفريق المتظاهرين رغم الطلب منهم واصرارهم على ذلك يحق لها اتخاذ الاجراءات التالية:

1- الرش بخراطيم المياه حسب الاحوال .

2- استخدام المواد المسيلة للدموع او الوسائل الخاصة الاخرى ذات الطابع المدني بتفريق المظاهرات.

3- القبض على مثيري الشغب اثناء المظاهرة واتخاذ الاجراءات القانونية بحقهم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ تکایە، ڕەئیتان.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ تکایە، ڕەئیتان.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین هەرچەندە بڕگەی سێیەم لە ماددەی یازدەم بەوازحتر هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەڕاپۆرتەکەی خۆماندا ئاماژەمان پێکردووە، کە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت، ئەویش( بەکارهێنانی قەڵغان بۆ خۆپاراستن) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوانەی کە ئەیانەوێت قسەی لەسەر بکەن ناویان تۆمار دەکەم، فەرموون(دکتۆرە پەریهان، کوێستان محمد، سۆزان شهاب، هاوڕاز خۆشناو، پێشەوا تۆفیق، شلێر محمد، سیویل عوسمان، تارا ئەسعەدی، صباح محمد، ڕەفیق صابر، عبدالرحمن حسین) دکتۆرە پەریهان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان محمد قوبلای:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی هەشتەم لە (2- استخدام المواد المسیلة للدموع او الوسائل الخاصة الاخری ذات الطابع المدني بتفریق المظاهرات.) ئەم الوسائل الخاصە، ئەگەر تەحدید نەکرێت و دیاری نەکرێت هەرچی وەسیلەیەك جیهازی شورتە بەکاری بهێنێت بە وەسائیلی خاصە ناو ئەبرێت، لەبەر ئەوە من بەباشی ئەزانم ئەو وەسائیلە خاصانە لێرە لەم بڕگەیە دیاری بکرێت، باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان مولاحەزەم هەیە، هۆی تایبەتی تر دەستەواژەیەکی لاستیکیە ئەکرێ بۆ زۆر شت بەکاری بهێنرێت، بەداخەوە جاری وا هەیە لە موناسەبەیەکی خۆشیدا لەلای ئێمە تەقەی خۆشی ئەکرێت بە هی مەدەنیش دائەندرێت، لەبەر ئەوە بەڕەئی من یان لابرێت یان تەحدید بکرێت، چونکە ئەمە بیروبۆچوونی زۆر هەڵئەگرێت، وەسائیلی زۆر هەڵئەگرێت، کەڕەنگە مەدەنیش نەبێت و بەمەدەنی حسابی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من ڕام وایە، تەبعەن لەم حاڵەتە تۆ ئەتەوێ تەفریقیان پی بكەیت، پاش ئەوەی كە موخالەفەیەك بووە، پیویست ناكات بەم هەموو خاڵە، ئەڵێیت (اذا وجدت اجهزة الشرطة صعوبة في تفريق المتظاهرين رغم الطلب منهم واصرارهم على ذلك يحق لها اتخاذ الاجراءات المدنية واستخدام الوسائل المدنية بحقهم)، وەسائیلی مەدەنی چیە؟، خۆی لەناو پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكان خۆیان ئەوەیان هەیە، عصا كهربائية، غاز المسيلة للدموع، رش بماء، لەوە زیاتر بۆیان نیە بەكاری بهێنن، لەهەندێ جار لەحاڵەتی وا كە ئەكەونە مواجهەهە لەبەینی هەردوو لایان ڕەصاصی مەتاتی بەكار ئەهێنن، یەعنی لەجیاتی فیشەك مەتاتیە، هی پلاستیكیە، فیشەكی پلاستیكی لەوە زیاتر بۆیان نیە، خۆ ئەگەر وایان كرد ئەوە ئەو بەشە ئەیانگرێتەوە كە لەماددەی 12 هاتووە، كەتوانیویانە ئەوان عەزێتی كەسێك بدەن لە خۆپیشاندەرەكان، هەر بۆیە پێویست ناكات تۆ ئاوپرژێنەكەو وەسائیلی تر بەجیا دابنێیت، لەیەك ماددەدا وەسائیلی مەدەنی (الرش بخراطيم المياه و استخدام المواد المسيلة للدموع ذات الطابع المدني) سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.**

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من سەبارەت بەو ماددەیە لەخاڵی دووەم، بەڕاستی ماددەی فرمێسك ڕێژ، من نازانم ئایا ئەمە بۆ تەندروستی خراپ نیە؟، یەعنی لەو ڕووەوە ئەبێ تەماشای بكەین، ئەگەر وابێ ئەوە بەڕاستی یەعنی ئێمە شتێكی خراپترمان كرد، هۆیەكانی تایبەتی تر من نازانم بەڕاستی ئەوە بازنەكەی زۆر فراوان كراوە، یەعنی چۆن دیاری دەكرێت، لەوانەیە شتێك بێت بەكار بێت، دواتر زەرەرێكی زۆر بدات بە خۆپیشاندەران، سەبارەت بەخاڵی سێیەم، من نازانم بازنەی گێرە شێوێنی چی دەگرێتەوە؟، لێرەدا مەسەلەن هات و هاوار كردنێك، شیعار وتنێك، من ئەمەوێ ئەم بازنەیە زیاتر تەوزیح بێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار پێشەوا تۆفیق، فەرموو.**

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا لەماددەی چوارەم، خاڵی دووەم هاتووە، كە دەزگای پۆلیس گرنگیدان بە خۆپیشاندەران دەگرێتە ئەستۆ، بۆیە بەڕەئی من مەهامی سەرەكی پۆلیس لەكاتی خۆپیشاندندا، پاراستنی خۆپیشاندەرانە لەلایەك هەروەها پاراستنی موڵك ومالی گشتی وموڵك ومالی دەوڵەت وموڵك ومالی تاكە كەسییە، ئەوەی كەلێرەدا جێگای تێبینیە، من وا دەزانم كە بلاوە پێكردن، دەگەڕێتەوە بۆ یاخود كارێكی سەرەكیە پەیوەندی بەلایەنی مۆڵەت پێدەر لەگەڵ ئەو لیژنەیەی كە لەماددەی سێیەم لەخاڵی دووەم هاتووە، كاتێ كە داواكارییەك پێشكەش**

بەلایەنی پەیوەندیدار دەكات، نـاو و ژمـارەو ئامـانجی خۆپیشـاندان وهـەروەها كـات و شوێنەكەشـی تێـدا دیـاری كراوە، بۆیە بڵاوەپێكردن كاری سەرەكی ئەم دوانەیە، نەك كاری پۆلیس، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئـەم ماددەیـە بەم شێوەی كە ئێستا دەیخوێنمەوە وای لێ بێت،(لەكاتی دروست بوونی پشێویدا هێزەكانی پۆلیس دەتـوانن ئـەم شێوازانە بگرنە بەر، نەك لەكاتی بڵاوە پێكردن، چونكە خۆمـان دەزانـین لەكاتێكـدا كـە خۆپیشـاندان دەكرێـت، بۆی هەیە حاڵـەتێكی نـا تەندروسـت ڕوودات یـان كەسـێك داخڵی خۆپیشاندانەكە ببێت پشـێوییەك دروسـت ببێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە بێت، (لەكاتی دروسـت بـوونی پشـێویدا هێزەكـانی پـۆلیس دەتـوانن ئەم شێوازانە بگرنە بەر: 1- ئاو ڕشاندن بە پێی حاڵەتەكە، 2- بەكار هێنانی قەڵغان بۆ پاراستن، هەروەكو ئێمە لە لیژنـەش هی كۆمـەڵی مەدەنی ئاماژەمان پێكردووە، 3- بەكارهێنانی گازی فرمێسك ڕژێن، یـان لـەكاتێ ئەگـەر خۆپیشاندەران پەنایان بۆ توونـدو تیژی برد، نابێ لەبەكارهێنانیشـی زیـادە ڕەوی بكرێـت، 4- دوور خسـتنەوەی ئەو كەسانەی كە لەشوێنی خۆپیشاندانەكە پشێوی دەنێنەوە، تـا كۆتـایی خۆپیشـاندانەكە،) مـن پێشـنیار دەكـەم صیاغەكەی بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، پێشنیارەكەت بەنووسین بنووسە، بینێرە بۆ لای ئێمە، ڕێزدار شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەم بڕگەیە من حەزم ئەكرد بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرە بوایە، بـا بـزانم تـا چ حـەدێك ئـەم وەسـائیلانە لەهەموو شوێنێك هەیـە، چـونكە بەڕاسـتی ئێمـە هـەر لـە سلێمانی بیگـرین 12 قـەزای هەیـە، لەگـەڵ 87 ناحیە، یەعنی دوایی با تووشی شتێك نەبین نەتوانین یاساكە جێبەجێ بكەین، لەبەر ئەوە ئەم وەسائیلانە شتێكی زۆر موهیمەو فەنیە، یەعنی بـەكار هێنـانی مـاددەی فرمێسك ڕژێـن، ئەمـە خـەڵكێكی ئـەوێت لیـی بزانێ با نەبێ بەوەی كە ئوتێلێك سووتا حەریقێك پەیژەی نـەبوو، لەبـەر ئـەوە ئـەو مەوزوعانـە حـەزمان ئەكرد بەشـێوەیەك بێـت نیـدائی تێـدا بێـت، یـەعنی سـێجار نیـدا ئـەكرێت لـە شـوێنێكدا، ئەگـەر بڵاوەیـان پێنەكرد، بەم وەسائیلانەش مەگەر لە شارە گەورەكان بەكار بهێندرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی دووەم، - (استخدام المواد المسیلة للـدموع) هـەمان ڕەئـی كوێسـتان خـان و دكتـۆرە پـەریهانم هەیە، ئەگەر بكرێت (او الوسائل الخاصة الاخرى) ڕەش بكرێتەوە، هەر نەنووسرێت باشترە، هەتا ئەوێ بێت بەنیسـبەت خـاڵی سـێیەم: هـاوڕام لەگـەڵ كـاك پیشـەوا كەباسـی كـرد، ئـەو كەسـانەی كەموشـاغیبن دوور بخرێنـەوە، نـەك بگیرێـن، لەوانەیـە گەنجێكـە لائیـرادی قسـەیەك دەكـات، پیویسـت ناكـات بگیرێـت، ئەگـەر

دووبارەو سێبارەیان کردەوە، ئەوە قەیناکە، بەس لەو ڕەئیە، لەگەڵ کاك پێشەوام، لەگەڵ ئەو پێشنیارانەی کە دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەڕاکەی سۆزان خان دەکەم، کە تەحدید بکرێت ئەو شتانەی کە عالەمییەن بەکار ئەهێندرێت لەکاتی ڕوودانی خۆپیشاندانێك، ئەو چەند خاڵە هەمووی لەیەك خاڵدا کۆبکرێتەوە، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، کە بەهیچ شێوەیەك زیان بەخش نەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵئەستن بەو خۆپیشاندانە، هەروەها شێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ ئەنجامدانی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو ڕوانگەوە سەیری ئەم ماددەیە بکەین، کە لەڕاستیدا حسن النیە، موفتەرەزە هەم بۆ دەزگاکانی پۆلیس، هەم بۆ ئەو کەسانەشی کە هەڵدەستن بە خۆپیشاندان، ئەو بۆچوونە گوماناوییە ئەبێ لابەرین لەسەر ئەو مەوزوعە، بۆیە من پێم وایە کە لێرەدا دەڵێت:(الرش بخراطيم المياه حسب الاحوال) لێرەدا ئەگەر دیاری نەکرێت لەوانەیە ئەم حسب الاحواله مومکینە ئاوی لەکوڵ هاتوو بەکار بهێنن ئەو خەڵکە بسووتێت، بەڕاستی ئەبێ ئەو زەمانەی تێدا بێت کە بەهیچ شێوەیەك مەترسی بۆ جەستەی ئەو خەڵکە نەبێت، نوقتەیەکی تر، ئەگەر ئێمە بچینە ناو تەفاصیلیشەوە، ڕەنگە زۆر لەو وەسائیلانەی کە باس ناکرێت و پیویستیش بێت، لەوڵاتی ئێمەدا دەست نەکەون، بۆیە من ئیقتراح دەکەم بەم شێوەی لێ بێت:(اذا وجدت اجهزة الشرطة صعوبة في تفريق المتظاهرين رغم الطلب منهم واصرارهم على ذلك يحق لها استخدام الوسائل ذات الطابع المدني الخاصة بتفريق المظاهرات)،یەعنی ئەوەندە وا دەزانم نەچین بۆ(الرش بخراطيم المياه حسب الاحوال) چونکە ئەمانە بەڕاستی مەترسی لێ ئەکەوێتەوە کە سبەینێ وەکو وتم بۆ ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندان دەکەن، وەکو لەهەندێ وڵات هەیە، بەڕاستی دەرگایەك کراوەتەوە وەکو لەهەندێ وڵات بینوومانە، لە ئیخباریش بیستوومانە، ئاوی لەکوڵ هاتوویان بەکار هێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار رفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز د. رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەیە یان ئەو ماددەیە چارەسەری حاڵەتێك دەكات، كە ئەویش ئەوەیە خۆپیشاندەران بڵاوە نەكەن، لەو حاڵەتەدا مەرج نیە هیچ دەستپێشخەرییەك بۆ توندوتیژی لەگۆڕێدا بێت، یان هیچ عدوانێتیەك لەئارادا بێت، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە، ئەگەر بكرێت لەو حاڵەتەدا تەنها ڕشاندنیان بەئاو بەسە، ئەو (حسب الاحوالە)ش من بەزیادی ئەزانم، ئەو ئاو ڕشاندنەش بەڕادەیەك بەهێزە نەك هەر ئینسانێكی ئاسایی، بەڵكو جوانە گایەكیش ئەخات، ئەسپێكیش ئەخات، لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا قسەی لەسەر ناكەین، قسە لەوەیە كە خەڵكەكە بڵاوەبكات و بڕواتەوە ماڵی خۆی، بۆیە من پێم وایە ئەو خاڵی یەكەمە، زۆر گرنگە، بەس بێت، بەڵام بۆ خاڵی دووەم، - استخدام المواد المسیلة للدموع او الوسائل الخاصة بها) ئەمەیان بەڕاستی توندە بۆ حاڵەتێك كەتەنها مەبەست بڵاوە پێكردنی خەڵكەكە بێت، (او الوسائل الخاصة بها) مەتاتیە، لە حاڵەتێكی وادا خەڵك بیری بۆلای شتی سلبی ئەچێت، بەدڵنیاییەوە مرۆڤ تەسەوری ئەوە ناكات كە شەربەتیان پێدا بكەن، بۆ نموونە، یان ماستاویان پێدا بكەن، بەڵكو بیری بۆ گولە ئەچێت هی پلاستیك یان ئەو جۆرە شتانە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمەشیان بۆ خۆپیشاندان بڵاوە پێكردن جیاوازە، زیادەیە، زۆرە، ئیفراتە لەحاڵەتی بەكار هێنانی ئەو وەسائیلانەدا، ئەگەر مەسەلەكە حاڵەتی شەڕو هەرای لێبكەوێتەوە ئەوە حاڵەتێكی ترە، سێیەمیان: من پێش نیوەڕۆ گوێم لەحاڵەتێك بوو كە وترا بۆ خاڵی سێیەم، تەنها ئەوەندە بوو یەعنی لەجیاتی (- القبض علی مثیري الشغب اثناء المظاهرة) هەر ئەوەندە بێت و بەس( واتخاذ الاجراءات القانونیة بحق مثیري الشغب) حاڵەتی یەكەمیان تەفسیر كردن نیە، من پێشنیار دەكەم، ئەگەر بكرێت بەم شێوەیە بێت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن حسین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بەڕاستی پشتگیری قسەكانی كاك پیشەوا دەكەم، بڕگەی یەكەم زۆر شتێكی حەزارییە، پێشكەوتوویە بۆ بەكار هێنانی بڵاوە پێكردنی خۆپیشاندەران، پشتگیری لەقسەكانی دكتۆر ڕەفیقیش دەكەم، بەڵام لە بڕگەی دووەم كە دەڵێت بەكار هێنانی ماددەی فرمێسك ڕژێن، ئەمە ئەبێت ئەوكەسانە بەكاری بهێنن كە شارەزاییان لێی هەبێت، یان لەكاتی بەكارهێنانیش بەنیسبەتێكی كەم بەكاری بهێنن، لەوانەیە ببێتە ئەگەری لەدەست دانی چاویان، شتێكی وا ڕووبدات، بۆ ئەو كەسانەی كە لەناو خۆپیشاندانەكەن، لە كاتی خۆپیشاندانیش ئەو كەسانەی كە پشێوی دروست ئەكەن یان سەرپەرشتی ئەو خۆپیشاندانە ئەكەن، من پێم باشە ئەو كەسانە نەگرن، یەكسەر چاویان ببەستن و بیان بەنە ناو زیندان، من پێم باشە دووریان

**بخەنەوە تا خۆپیشاندانەکە تەواو دەبێت، لەکۆتایی تەواو بوونەکەی ئینجا ئازادی بکەن، زۆر باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، سوپاس بۆ هەمووتان ئیستا لیژنەی ناوخۆ، فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵڵا ئێمە پێشتریش باسمان کرد، وتمان لەگەڵ نەصی ماددەکەین کە چۆن هاتووە هەر وابێت، هەندێك لەخوشك وبرایان باس لەوە دەکەن، ئەمە وەکو جواب دانەوە نیە داوای لێبوردن دەکەم، لە ڕۆژانی پێشتر زۆر باس لەو مەسەلە کرا، لەبلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران، ئێمە بینیومانە مەسەلەن سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەمان دیوە، من خۆم دەگەڕامەوە لێرە جەلسەمان هەبوو لە پیرەمەگروون ڕێگامان لێ گیرابوو، ئاگاداریان کردمەوە کە وتیان نەیەی، ئەگەر بێیت سەیارەت ئەسووتێندرێت، باوەڕتان هەبێت سەیارەی ئێوەش دەستووتێندرێت، یەعنی ناکرێت ئێمە بە عاتفی بکەوینە ناو ئەو مەسەلانەوە، خۆی لەیاساکەدا هاتووە ئەڵێت بەشێوەیەکی مەدەنی، بە شێوەی مەدەنی تەعامولی لەگەڵ ئەکرێت، بەڵام دەبێت لەو حاڵەتانەی کە توندوتیژی تێ دەکەوێت یان گێرە شێوێنی تێ دەکەوێت ئەبێ ئەو کەسانە بگیرێن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا بۆ هەموو حاڵەتێك کۆمەڵێك پرەنسیپ و وەسائیل هەیە، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام وەکو بەڕێز دکتۆر صباح وتی ئێمە هەر حسن نیە وەربگرین، ئەو کەرەستانەی کە مەدەنین و ستانداردی جیهانین و لەوڵاتە دیموکراسیەکاندا بۆ بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران بەکار دێن، ئەگەر وەکو کەرەستە ناو بهێندرێن یان، ئەگەر بوترێت بەشێوازێکی مەدەنیانە، لەسەر ئەو ئەساسە زیاتر نەبێت، ئەوە کارێکی باشە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، فەرموو.**

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین وەکو لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی و پێشتریش ڕاپۆرتی خۆمان داوە، ئەو کەرەستانەی کەبەکار دێن، کەرەستەی مەدەنی بێت کە لە چالاکی مەدەنی بەکار دێت، هەر ئەجهیزەیەکی پۆلیسی تر**

بێت خۆی دوور بخاتەوە بۆ پۆلیسی مەدەنی ئەوان بەکارەکە هەستن، بۆ زیادە ڕەوی یان کاری توونـدو تیژی بۆ هێور کردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی، لەگەڵ دەقی نەصەکەی کەچۆن لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە، بەڵام ئێستا چەند پێشنیارێك کراوە و ئیمەش کۆمان کردۆتەوەو صیاغەکەی بەو شێوەیە نووسیومانەو عەرزی ئەندامانی دەکەین، پێشنیار دەکەین، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەصڵی پرۆژەکە دەنگی لەسەر بدرێت.

ثانياً: 1- اذا وجدت اجهزة الشرطة صعوبة في تفريق المتظاهرين رغم الطلب منهم واصرارهم على ذلك يحق لها استخدام الوسائل ذات الطابع المدني لتفريق المتظاهرين:

2- اتخاذ الاجراءات القانونية بحق مثيري الشغب اثناء المظاهرة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو صیاغەی ئەخیری لیژنەی یاسایی، مولاحەزەتان هەیە لەسەری، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ نیتانە، باشە ئیستا بۆ ئەخیرجار بیخوێننەوە پاشان چەند کەسێك دیفاعی لێ بکات و چەندی تریش دژی قسە بکات دوایی دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: 1- اذا وجدت اجهزة الشرطة صعوبة في تفريق المتظاهرين رغم الطلب منهم واصرارهم على ذلك يحق لها استخدام الوسائل ذات الطابع المدني لتفريق المتظاهرين:

2- اتخاذ الاجراءات القانونية بحق مثيري الشغب اثناء المظاهرة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەس هەیە قسەی لەسەر بکات، دیارە کەس نیە، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، ئێستا بۆ ماددەی 10 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێت بەماددەی نۆیەم، فەرموون. دەبێتە هەشت، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم لە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە:

المادة العاشرة:

اذا وقع اثناء المظاهرة اخلال بالامن أو النظام العام أو الاداب العامة، أو حصل اضرار بالغير أو بالاموال العامة أو الخاصة أو خرجت المظاهرة وبفعل القائمين عليها عن اهدافها أو غايتها المحددة يتحمل طالبوا تنظيم المظاهرة المسؤولية القانونية الكاملة بالتكافل والتظامن مع الذين تسببوا فى احداث الاضرار بتعويض الاضرار الناجمة عن ذالك، وتتخذ الاجراءات القانونية بحقهم وفق القوانين النافذة.

ڕەئی دووەم:

راى الثانى:

يدعوا الى ان تكون المسؤلية شخصية وليست على عاتق منظمى المظاهرة لان مسبب الاضرار هو الذى يتحمل مسؤولية دفع التعويض.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ كاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم لە ئەسڵی پرۆژەكە بووەتە هەشتەم، دوو ڕا لە بارەی ئەم ماددەیە هەیە، ڕای یەكەم/ پشتگیری ئەو ڕایە دەكەن:

ئەگەر لە كاتی خۆپیشاندان زیان بە ئاسایش و سیستەم و ئادابی گشتی گەیشت یان زیان بە خەڵكی تر گەیشت یان بە ماڵی گشتی و تایبەتی یاخود خۆپیشاندانەكە بەكاری ئەوانەی پێی هەستاون لە ئەنجامەكانیان و مەبەستە دیاری كراوەكانیان لایاندا، ئەو كاتە ئەوانەی داوای ڕێكخستنی خۆپیشاندانەكەیان كردووە بەرپرسیاریەتی یاسایی تەواو بە تەكافول و تەزامون دەكەوێتە ئەستۆیان لەگەڵ ئەوانەی بوونەتە هۆی زیان گەیاندن و قەرەبوو كردنەوەی ئەو زیانانەی كە لە ئەنجامی ئەوە كەوتوونەتەوە دەكەوێتە ئەستۆیان و ڕێكاری یاسایی بەرامبەریان بە پێی یاسای جێ بەجێ كراو وەردەگیردرێت.

ڕای دووەم/

داوا دەكات بەرپرسیاریەتی كەسایەتی بێت، نەكەوێتە سەر شانی ڕێكخەرانی خۆپیشاندانەكە، واتە ئەوەی بووەتە هۆی زیانەكە خۆی بەرپرس دەبێت لە قەرەبوو كردنەوەكە.

ئێمە وەكو لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ ڕای دووەمین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، ڕەئیتان؟ كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕای یەكەم داین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ بەڵێ؟ كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەكرێت دوای لیژنەی كۆمەڵی مەدەنی بۆچوونی خۆم بدەم؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵی مەدەنی ڕەئیتان؟ زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكی ل ڕاپۆرتێ مە دا هاتیە، ئەم دگەل رەئیا ئێكێینە، بوچی؟ چونكی ئەم دبێژین كو لپشت خۆپیشاندانێ عەقلەكێ جەماعی هەینە نەكو سلوكەكی جەماعی هەی، ژ بەرهەندێ ژی لئەسڵێ دا وەردگرین كو ئەوێ تەنزیمێ خۆپیشاندانێ ڕادبیتن نیەتەكا سەلبیا هەی، یان ژی ئەم وەكو دبێژین دكەویتە بەر پرسیاریەتیا قانونی یان كەسی؟ بەس ئەڤ ئەلتەرناتیڤ كو بێژین مە هەی ئەگەر هاتو رەئیا دووهێ سەر گرت برگاهەكا دی بێتە زێدە كرن كو ئەم بشێین سیغەكی بۆ بینینەڤە و ڤان ڕێكخەرا بكەین نێنەر، ڤی ڕەنگی (ڕێكخرا خۆپیشاندان كە داواكاری پێشكەش بە سەرۆكی یەكەی كارگێری دەكەن دەبێ كەسانی نێنەر بن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕامان وایە ڕێكخەرانی خۆپیشاندانەكە و ئەوانەشی كە كاری شەغب دەكەن هەردوو لایان بەرپرسیاریەتی یاساییان دەكەوێتە ئەستۆ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكەن ناویان دەنووسین، لە ئەخیرەوە ناوتان بڵێن.... تكایە تەدەخول لە ئیشی ئێمە مەكەن رجائەن، رەئی خۆتان دەڵێن بەس ئێرە ئیشی ئێمەیە، داوای لێ بوردنتان لێ دەكەم، كەرەمكەن (گۆران ئازاد، محمد شارەزووری، دلێر محمود، ئاشتی عزیز، عبدالرحمن حسین، صباح محمد، رفیق صابر، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت الله، نەسرین جمال، كاروان صالح، كاردۆ محمد، سیوەیل عثمان، عبدالله، سەرهەنگ، بەیان احمد، ناسك تۆفیق، هاوڕاز خۆشناو، خلیل عثمان، حسن محمد، جلال علی، بێریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ كریم، جعفر علی، پەیام احمد، پەریهان قوبلای، عدنان عثمان، اسماعیل، ئەڤین عمر، سالم تۆما، بلال سلیمان، عمر عبدالعزیز)، بەڕێزان حدودی

60 کەس لە ئەندامانی بەڕێز دەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، دەیخوێنینەوە، بەڕێزان دوو موقتەرەحە، یەکێکیان دەڵێت (ئەوەی کە حاڵەتێکی شەغەب دەکات لەناو مزاهەرەکە ئەوانەی ئیجازەیان وەرگرتووە زائیدەن ئەو کەسەی کە مەسئولە)، ئەوەی تریش دەڵێ (نا بەس ئەوەی موشکیلەکەی کردووە)، ئەگەر موافەقە بکەن، پێنج کەس لەگەڵی بێت و پێنج کەسیش کە دژی بێت دەیدەینە دەنگدانەوە، ئەگەر موتەفق بن لەسەر ئەوە؟ ئەگەر لەسەر ئەوە موتەفقن ئەوان ئێستا پێنج کەس لەوانەی لەگەڵ ئەوەن کە ئەو شەخسەی کێشە دەکات تەنها ئەو شەخسە مەسئول بێت، نەك مونەزمەکان، ئەوانەی لەگەڵ ئەوەن تەنها ئەو کەسە مەسئول بێت کە خۆی موشکیلەکە دەکات، ئەم ڕێزدارانەن (عمر عبدالعزیز، بلال سلیمان، عدنان عثمان، زانا رؤوف، د.صباح)، ئەم پێنج کەسەمان ئیختیار کردووە کە دیفاع لەوە بکەن، ئەو بەڕێزانەی کە ... هەموویان کوردستانین، دەیکەینە 6 کەس باشە، رفیق صابر، نیزامی نیە، دانیشن رجائەن، 6 کەسم دەوێت ئەوەی کە دەیانەوێت کە بە موشتەرەك بێت، هەم ئەوەی خۆی جەریمەکە دەکات وهەم ئەوەی داوای ئیجازەکەی کردووە، بۆ ئەمەش دەمەوێت شەش کەس دەستی بەرز بکاتەوە، نیزامی سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی رەئیەکی سێیەمیش هەیە کە لەبەینی هەردووکیانە، جا نازانم ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ ئەگەر من لەگەڵ یەکەمیش و دووەمیش نەبم ڕای سێیەمم دەبێت، ئەوە چۆن چارەسەر بکەین؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆنە؟ ڕایەکە دیار نیە؟ لێرە پرۆژەیەکە دوو ڕەئیەك دراوە، دوو ڕەئی دراوە، موتەفق بوون بە ئیجماع کە پێنج کەس یان شەش کەس لەملا و شەش کەس لەولای، دەتوانی دوایی داوای هەموار کردنی بکەی، بەڕێزان ئێستا پێشنیارێکتان هەیە بیدەن، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ... . نیزامی نی، درایە دەنگدان چەند کەس لەگەڵە، چەند کەس دژە، هەڵدەستن بە ئارەزووی خۆیان قسە دەکەن، دوایی بە رەغبەتی خۆت دەنگ دەدەی، خۆ کەس ئیجبارتان ناکات، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ عقوبەکەی موشتەرەك بێت؟ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەو رەئیەن عقوبەکە تەنها بۆ ئەو کەسە بێت کە کارشکێنی دەکات، (عمر عبدالعزیز، بلال سلیمان، عدنان عثمان، زانا رؤوف، د.صباح، رفیق صابر)، ئەوەی تر (عبدالسلام بەرواری، سالار محمود، سۆزان، جلال، بێریڤان، صباح بیت الله)، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە هەر زۆر بە کورتی مەسئولیەت لە جیهەی مونەزم دەبێت، ڕەنگە لەڕووی نەزەریەوە ئاسایی بێت، یەعنی تۆ دەڵێی جیهەتێکە و هاتووە ئەو مەسئولیەتە تەحەمول دەکات، بەڵام لەڕووی واقعیەوە لە ئەکسەری حاڵەتەکان جیهەی مونەزم مەسئول نیە، لەڕووی واقعی مەبەستم ئەوەیە زۆر جار کەسێکە

موشاغب دەخزێتە ناو خۆپیشاندەران، ئەسڵەن نە جیهەتی دەسەڵات و نە مەسئولین ئاگایان لێیەتی و نە حەزیان لێیە، نە ئەو جیهەتەش کە تەنزیمی خۆپیشاندانەکە دەکەن، یان یەکێك لە ئەندامانی خۆپێشاندەر لە سنووری یاسایی دا و لە سنووری مۆڵەت پێدراو لا دەدات، ئەویش هەر جیهەی مونەزمە لەوانەیە مایەی نیگەرانی بێت بۆ ئەو بەرپرسیاریەتەی لەلای جیهەی مونەزم دەگاتە ئەو کەسە، لەبەرئەوە ئەمە سیستەمێکە ئێمە دەیکەین لە جیهەی مونەزم دا، سەرۆکایەتی مەفروزە ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەین، بەڵێ، عەفوەن بەس لە هینی پرۆتۆکۆڵی خۆمان دەڵێ لەگەڵ سەرۆکایەتی قسە بکەن، بەس ئێوە کە....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر عبدالعزیز ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکەی بۆ ئەوەی حەساسیەی ئەندامان نەبێت، بەڵام ئەندامان گوێ لەبەڕێزت دەگرن، لەسەر بۆچوونەکان دەنگ دەدەن، لەسەر بۆچوونەکانی بەڕێزتان دەنگ دەدەن، ئەمە مولاحەزەیك هەبوو لەسەر ئەوە، جەنابت کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێ بووردن دەکەم تەفاعول نابێت ئەگەر ڕوو نەکەنە ئینسان، بەهەرحاڵ من مەبەستم ئەوەیە ئەم مونەزمە مەسئول نەبێت لەسەر ئەمە، چونکە ئەمە لەڕووی واقعیەوە زۆر جار و لە زۆربەی وڵاتان لە کوردستانی خۆشمانەوە هەمیشە جاری وا بووە کەسێك لە دەرەوەی جیهەتەکە یان لەناو خودی ئەندامانی بەشدار لەوە لە سنووری مۆڵەت پێدراو لائەدا، چ بە دروشمێك یان تەسەروفێك دەبێتە جێگەی بەرپرسیاری، یەعنی جێگەی نیگەرانیە لای خودی جیهەتەکە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئێمە وای لێ بکەین کە مەسئولیەتەکەش شەخسی بێت و لەئەستۆی تەنها ئەو نەفەرە بێت کە مورتەکیبی ئەو تاوانە یان ئەو لادانە دەبێت یان ئەو لە سنوور دەرچوونە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بەڕاستی من پێم وایە ئێمە زوڵمێك دەکەین ئەگەر بێتو خەتا بدەینە پاڵ کەسانێك کە تاوانیان نیە و بێ تاوانن، ئەگەر تەماشا بکەین بەڵێ ئەوانەی کە خۆپیشاندانەکە ڕێك دەخەن ڕاستە کەسانێکن مەسئولن لە خۆپیشاندانەکە و ڕێکخستنی، وە لە هەمان کاتیش دا ئەوانەی کە خۆپیشاندان ڕێك دەخەن کارئاسانی دەکەن بۆ جیهەتی دەسەڵات یان بڵێین پەیوەندار کە پۆلیسە یان ئاسایشە یان هەر شتێکی تر کە هەیە، لەو ڕووەوە مەسئولیەتیان دەکەوێتە سەر شان، خزمەت دەکەن و ئاسانکاری دەکەن و ڕێ خۆشکردنە بۆ ئەوەی کە ئەوانیش بتوانن چاکتر سەیتەرە بکەنە سەر ئەوانەی کە موزاهەرە دەکەن،

کاتێك کە کەسێك شەغەب دەکات و کارێکی نابەجێ دەکات، لەوانەیە ئەو کەسە ئەسڵەن کەسێك نەبێت لەوانەی کە دەعوەت کراوە بۆ موزاهەرەکە ، لەوانەیە کەسێك بێت و دەستی سێ یەم بێتە ناو قەزیەکە و ئاژاوەیەك بنێتەوە، ئەو کاتە مەسئولیات دەکەوێتە ئەستۆی پۆلیس، نەك سەرشانی ئەو جیهەتەی دەیکات یان ئەو دەزگایەی کە پێوەی هەستاوە و دەیەوێ ڕێپێوانەکە بکات، پێویستە پۆلیس ڕێگا لەوانە بگرێت و نەیەڵێت کاری لەو شێوەیە بکرێت، ئەگەر کراش پێویستە ئەو کەسە تاوانبار بکرێت کە تاوانەکەی ئەنجامداوە، ناکرێت کەسێك تاوانبار بکرێت بە شتێك کە تاوانی نەکردووە، وەکو چۆن ئەگەر بێین و تەماشا بکەین لە قورئانی پیرۆز دا لە 5 جێ باسی لەو جۆرە تاوانە کردووە، لە سورەتی (الانعام ـ الایة 16)، (الاسراء ـ الایة 15)، (الفاطر الایة 18)، (الزمر ـ الایة 7)، (النجم ـ الایة 38)، لە هەموو ئەو ئایەتانە دووبارە بووەتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێ (ولاتزروا وازرة اخرى) کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ، بەداخەوە لە لیژنەی مافی مرۆڤ کە لەگەڵ بنەماکان مخالف بوو، لە بنەماکانی مافی مرۆڤ خاڵی 11 (عەفوەن کاك سالار گیان) لە خاڵی 11 دەڵێت نەسەکەم لەبەر دەستە دەیخوێنمەوە (دەرموری لە تەمامی ئینسانا ئەسڵ بەر بێ گوناهی هەست، مەگەر ئان کەخیلافی ئان سابت شەوە) یەعنی ئەسڵ لە ئینسان بێ تاوانیە، مەگەر خیلافی ئەوە ئیسپات بێت، دووبارە هەر لە قورئانیش دا خوای گەورە فەموویەتی یان لە نەسێکی قانونی دا هەیە کە باس لەوە دەکات (المتهم برىء حتى تثبت ادانته)، لەبەرئەوە بەڕاستی من پێم وایە ئەگەر ئێمە کەسێکی بێ تاوان بکەین بە تاوانبار لەباتی کەسێك کە تاوانی کردووە، ئەوا خیلافی هەم مافی مرۆڤمان کردووە و هەم خیلافی چەند نەسێکی قانونیشمان کردووە، من پێشنیار دەکەم کە ڕای دووەم قبوڵ بکرێت و ڕای یەکەم لابردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا دیارە من هاوڕام لەگەڵ ڕای دووەم کە دەبێت مەسئولیەتەکە شەخسی بێ و پێموایە ئەم بڕگەیە یان ئەم ڕایە هاوڕایە لەگەڵ دەستووری عیراقیش لە ماددەی 19 فەقەرەی 8 کە دەڵێت (العقوبة شخصية) یەعنی لەڕاستی دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە ئەگەر ڕای یەکەم وەربگرین و ڕای دووەم ڕەفز بێ ئەمڕۆ لەم پەرلەمانەدا بەڕاستی مەوزوعی خۆپیشاندان لە کوردستاندا دەچێتە تونێلێکی زۆر تاریکەوە، ئێمە لە ڕۆژانی ڕابردوو دا لەبڕگەیەك دا مەوزوعی خۆپیشاندانمان بەستەوە بە موافەقە وەرگرتن و ئەمانە کە دیارە ئیجرائاتێکی قورس و سەخت و ئەوانەیە کە تا حەدێکی

زۆر خۆپیشاندان له كوردستان دا بەرتەسك دەكاتەوە، لەڕاستی دا ئەگەر ئەمە عقوبەكە ببێتە عقوبەیـەكی جەماعی و مونەزمی خۆپیشاندانەكان بەرپرسیار بـن لـە هـەموو خروقاتێـك و لـە هـەموو كـارێكی تونـد و تیـژی و لـە هـەموو كـارێكی شـەغەب لەڕاسـتی دا، جـارێ ئـەم تەڵقـەی رەحمـە دەبێـت بـۆ خۆپیشـاندان لـە كوردستان دا و یاساكە دەبێتە یاسای مەنعی موزاهەرات، نەك تـەنزیمی موزاهـەرات، لەڕاسـتی دا ئێمـە هـەر فەرز دەكەین با بە نموونە ئەم سێ بـەڕێزە لێـرەدا داوای خۆپیشـاندان دەكـەین و موافەقـەش وەردەگـرین، دەڕۆین خۆپیشاندانێكی هێمنانە دەكـەین، داواكاریـەكانی خۆمـان بـە شـێوەیەكی هێمنانـە بـە لافیتـە و بـە موكەبیرە و ئەوانە پێشكەش دەكەین و قسـە دەكـەین و وتـار دەدەیـن و حـەماس و ئەوانـە دەكـەین، چـەند كەسێك بە مەبەست یان بێ مەبەست موشاغب بە دەست یان بێ دەست بە هـەر هۆیەكـەوە بێـت دێنـە نـاو ئەو خۆپیشاندانەی ئێمە، لەبەردەمی فوتابخانەیەك یان خەستەخانەیەك یان هەر شوێنێك كە دەیشكێنن و دوو بەرد فڕێ دەدەن، لەگەڵ رێزم دوو قسە و توندوتیژی ئەوانە دەكەن، ئەمـە ئێمـە بـەرپرس بـین لـەوە، لەڕاستی دا جارێكی تر ئەم سێ كەسەی كە داوای ئەم خۆپیشـاندانەیان كـردووە جورئـەتی ئـەوە ناكـەن بـە تایبەتی عقوبەكـە و سـزاكەی بـەو شـێوەیە بێـت، جـارێكی تـر جورئـەتی ئـەوە ناكـەین داوای خۆپیشـاندان بكەین، واتە خۆپیشاندان لەڕاستی دا تەڵقەی رەحمەی دەوێت و خۆپیشـاندان لـەو وڵاتـەدا ناكرێـت، ئەگـەر هەركەسێك مونەزمی خۆپیشاندانەكە بێـت و بۆ هەر كارێكی توندوتیژی كە كەسـێكی نامەسـئول بیكـات و لە دەرەوەی بڕیاری خۆپیشاندەران و لە دەرەوەی پلانـی خۆپیشاندان و ئەجندای خۆپیشاندەران بێت، ئەمە لەڕاستی دا وا دەكات كەس جورئەتی ئەوە نەكات و كەس قودرەتی ئەوەی نەبێت جارێكی تـر خۆپیشـاندان بكات، بۆیە لەڕاستی دا هەم هاوتا لەگەڵ دەستووری عیراقی دا و لەگەڵ هەموو ئەو بنەمایانـەی كـە حـاجی بلال باسی كرد، لەڕاستی دا لەگەڵ هەموو مەنتق و هینێكی عەقڵی دا كاكـە دەبێـت عقوبـە شخسـی بێـت و نابێـت عقوبـەی جـەماعی هـەبێت، ئێمـە میللـەتێكین كـە دژ بـە عقوبـەی جـەماعین، بـە تایبـەتیش بـۆ خۆپیشاندان و بـۆ كـارێكی كـە ئێسـتا پێموایـە ئیمكانیـاتێكی باشـیش هەیـە بـۆ ڕەسـدی ئـەو كەسـانەی كـە توندوتیـژی دەكــەن، ڕەســدی ئــەو كاســانەی كــە لــەناو موزاهەرەكــە دەتــوانن و دەیانــەوێ ئاراســتەی خۆپیشاندانەكە بە شێوەیەكی توندوتیژ و ئەوانە بدەن و كارێكی نـا قـانونی دەكـەن، ئەمـە دەكرێـت ڕەسـد بكرێت و دەكرێت ئەمانە موحاسەبە بكـرێن كـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا هـەر لـە خـودی ئـەوەش لادانـە لـە مەبەستی خۆپیشاندانەكە و لە ئەجندای خۆپیشاندانەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێ گومان منیش قەناعەتم وایە ئەگەر ڕەئی دووەم وەرنەگیردرێت ئەم یاسایە چـی تـر ناوەكـەی لـە یاسـای ڕێكخستنی خۆپیشاندانەوە دەبێت یاسای قەدەغەكردنی خۆپیشاندان، لـەكاتێك دا كـە مەبەسـت لـە یاسـاكە

چۆن یاسای مافی بەکاربەر مەبەست لێی پاراستنی مافی بەکاربەرە، یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانیش مەبەست لێی پاراستنی خۆپیشاندەرە بەقەد ئەوەندەی کە پاراستنە لە نیزامی عام، یەعنی بەراوردێك لە نێوان ئەم دوو دۆخەدا، پاشان ئەگەر بێی لەڕووی یاساییەوە بەراوردی ئەم حاڵەتە بکەی لەڕووی ئەوەی کە تاریخی قانونی خوێند بێت، دڵنیام دەزانێت قۆناغی عقوبەی جەماعی ئەوە یەکێکە لە قۆناغەکانی کە هەر لەزۆر کۆنەوە تێ پەڕێندراوە، قۆناغی فەردیەتی عقوبە و شەخسەیەتی عقوبە قۆناغێکە کە زەرورەت خوڵقاندوویەتی لەگەڵ دروست بوونی یاساکاندا، بۆیە چیتر نابێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو دۆخەی ڕابردوو، یەعنی ئەمە لە گەڵ بەدیهی ترین مەفهومی یاسایی دا ناکۆکە و دەوەستێتەوە کە تۆ باس لە کەسێك دەکەی و عقوبەی دەدەی لەکاتێك دا کە خۆی ڕۆڵی نەبێت تیایدا، بەتایبەتیش ئەگەر بێنی لە قانونی عقوباتی عیراقیش دا سەیر بکەی چەندین بڕگە و مادده هەیە کە تەئکید لەوە دەکاتەوە دەڵێت (لایسأل شخص عن جریمة لم تکن ناشئة عن فعله الجرمی) کەس بەرپرس نابێت لەبەرامبەر تاوانێك کە لە فعلێکی جورمی خۆیەوە نەهاتووە لەکاتێك دا ئەو شەخسە خۆی هاتووە و مافێکی دەستووری خۆی بەکاری هێناوە، ئەوە یەك، دوو/ هاتووە ڕێکارە یاساییەکان مۆڵەتی یاسایی وەرگرتووە، سێ/ وای زانیوە کارێکی یاسایی خۆی دەیکات، تۆ سەرەڕای ئەوە کەسێك دێت بە هەموو پێوەرێك کە دەبێتە گێرەشێوێنی تۆ هیچ سزای ئەو کەسە دەدەی، پاشان ئەگەر تەنانەت بێینە سەر ناوەڕۆکی یاسای عقوباتیش یەك، دوو حاڵەتمان هەیە کە تەنزیمی ئەمەی کردووە کە پێی دوترێت (الاشتراك فی الجریمة والمساهمة فی الجریمة)، دەبێت موساهەمەی جەریمە هەبێت تیایدا، یەعنی دەبێت ئەو ئینسانە لە یەك حاڵەتدا مونەزم ئەو کەسەی کە ڕێکخەری خۆپیشاندانەکەیە عقوبە دەدرێ کە خۆی بەشدار بووە لە کارە تێکدەرەکەدا، لەغەیری ئەم حاڵەتە بە هیچ پاساوێکی تر نابێت ئەو کەسانە سزا بدرێن، پاشان لەم یاسایەدا کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە هەندێك جار موتەسەببی ئەو زەرەرە دیار نیە، بەڵام تۆ مونەزمی موزاهەرەکە دیارە کەواتە تۆ بەردەوام ئەشکالیەتێك دروست دەکەی، ئەشکالیەتەکەش ئەوەیە کە عقوبە دانی مونەزم دائیم مسۆگەرە و ئامادەیە، بەڵام موتەسەبب هەندێك جار دیار نامێنێ، بۆیە ئەمە ترسێکی گەورە دروست دەکات لەلای خەڵك کە چیتر بیر لەوە نەکاتەوە کە ببێتە ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە، جارێکی تر لەڕووی عەمەلیشەوە گەر بسەلمێنی، باشە ئەگەر ئێمە وای دابنێین هەزار کەس بەشداری دەکەن لە خۆپیشاندانێك دا، چۆن تەعویز لە ئەوانە وەردەگرین؟ داوا لەو کەسانە دەکەی کە هەرچی ئەوانەی کە بەشداریان کردووە مونەزمە، یەعنی خۆ تۆ ناچی کاشێرێ دابنێی لە تەنیشتیەوە وەرە کاکە و هەرکەسە و داوای تەعویزی لێ بکەمەوە لەبەرامبەر ئەو زیانەی گەیاندوویەتی، کە تۆ داوا لە هێزی چالاکیە مەدەنیەکان دەکەی بۆ پاراستنی ئەو کەسانە، (مثیری الشغب) جیادەکرێنەوە، ئیتر ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەری دەکەی ویان نایکەی، ئەوە قۆناغێکی ترە، بەڵام لە هەموو پێوەرێك دا تاکە حاڵەتێك کە سزای مونزمی موزاهەرەی تیا بدرێت کە خۆی تیایدا بەشدارە، خاڵی ئەخیریش کە دەمەوێ ئیشارەتی پێی بدەم، هەندێك جار ڕێکخرانی موزاهەرەکە خۆاین زەحیەن، لەوانەیە هەندێك خەڵك هەیە لێیان بدەن،

لەوانەیە ئەو کەسانەی کە گێرەشێوێنن لێیان بدەن، لەم حاڵەتەدا کەسی مونەزمی موزاهەرەکە موجریمیشە و زەحیەشە لەیەك کاتدا کە دیسانەوە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ناوەرۆکی یاسایەکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح فەرمو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونی دووەم دەکەم، چونکە بەتەواوی لەگەڵ بنەما یاساییەکاندا یەکانگیرە، یەکەمین بنەمای یاسایی بنەمای شەخسیەتی عقوبەیە، ئەو کەسەی کە بۆ خۆی موباشەرەی تاوانێك دەکات، یاخود بەشدارە بە بەشداریەکی کاریگەر لە تاوانێك دا لە کارێکی مەخالفدا دەبێت ئەو بکەوێتە بەر موسائەلەی یاساییەوە، ئەوەی کە لە ڕەئی یەکەمدا بەدی دەکرێت کاتێك کە هەموو ئەوانەی کە ڕێکخەری تەزاهورەکەن دەکەونە بەر بەرپرسیاریەتی لە کۆتاییش دا (وفق القوانین النافذة) لە حاڵێك دا قەوانینی نافیزەی کە ئێستا لە کوردستانیش دا جێگیرە و کاری پێ دەکرێت باس لەوە دەکات کاتێك کە بۆ جەریمەیەك موباشر هەبێ و سەبەبیش هەبێت، جاریێ بە دەرەجەی یەکەم موباشر مەسئولە با موتەعەمدیش نەبێت، وە سەبەب ئەگەر کاریگەر بێت لە مەوزوعەکە مەسئولە لەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە، بۆیە من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئێمە ناکرێت بەم یاسایە شتێکی غەیرە یاسایی و شتێك کە پێچەوانەی مەبادیئی یاساییە جێگیری بکەین، چونکە ئەو کەسەی کە ڕێکخەرە و ڕێکخەری تەزاهورەکەیە مومکینەبە هیچ شێوەیەك ئاگای لەو تاوانە نەبێت کە ئەنجام دەدرێت، تۆ چۆن لێرە دەیخەیتە بەر بەرپرسیاریەتی یاسایی، لە حاڵێك دا ئەو بۆ خۆی بێ تاوانە، لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی کە موسەببی زەرەرەکەن و مومکینە هەر نەناسرێنەوە لەوسەرەوە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچن، بۆیە پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە دابڕێژرێت (اذا وقع اثناء المظاهرة اخلال بالامن (ئەوانەی کە هەیە) یتحمل مسببوا الضرر المسؤولية القانونية الكاملة وتتخذ الاجراءات القانونية بحقهم وفق القوانين النافذة) یەعنی ئەوە ئەشکالەکە حەل دەکات، چونکە هەر کارێك ئێمە بە پێی یاسا بە جەریمەی بزانین لە واقعدا جەریمە نەبێت ئەوە ئیخلالێکە بە مەبادیء و بە قەواعیدی قانونی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە زۆر گرنگە لە دەرکردنی یاسایەکی لەو جۆرە ئەوەیەکە کە بەلانسێك لە نێوان مافی گشتی یان لایەنی حکومەت و دەسەڵاتدار و لایەنە پەیوەندارەکان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بەڵانسێك هەبێت لە نێوان

بەرژەوەنـدی و مـافی ئـەم دوو لایەنـە، ئـەوەی لـە داڕشـتنی ئـەم پـرۆژە قانونـە بـەدی دەکرێـت بەڕاسـتی تەرازووەکـە زۆر زۆر قورسـە بـەلای حکومـەت و دەسـەڵاتدا وە لـەناو زۆربـەی ماددەکانـدا هەسـت بـە عەقلیـەتێکی دەسـەڵاتخواز دەکرێـت کـە لێـرەدا بەشـێکی موناقەشـە کـراو بەشێکیشـی کـەم کرایـەوە و یـان بەشێکیشی وەکو خۆی مایەوە، مـن لەگـەڵ ئـەوەم کـە مـرۆڤ ئـەو کەسانەی کـە لەگـەڵ پێشنیاری دووەمـن، لەبەر کۆمەڵێك ئەسباب و هۆکار، یەکەم/ هیچ فەلسەفەیەکی ئینسانی و هیچ پرەنسیپێکی جیهانی و مافی و مرۆڤ و نەتـەوە یـەکگرتووەکان و تەنانـەت ئـەوەش کـە لـە ئەسـبابی موجبەکـە داهـاتووە کـە مـەبادیئ و قەواعیدی دوەلی کە پەیوەندیان بە ئازادی و بە مافی مرۆڤەوە هەیە هیچ کام لەوانـە ڕێگـە نـادەن کەسـێك لەسەر کارێـك سـزا بـدرێت کـە نـەی کردبێـت، مـرۆڤ کاتێـك کـە دەبێتـە 18 سـاڵ خـۆی ئیـدی مەسـئولە و بەرپرسە لەو کارەی کە دەیکات، ئێمە بۆ خۆمان وەکو کورد و وەکـو تاکێـك ئـەزموونێکی زۆر تاڵمـان هەیـە لەگەڵ سزای بە کۆمەڵ، د.زانا گوتی لـە دنیـادا نـەماوە، ڕاسـتە، بـەڵام لـە ڕژێمـە دکتاتۆریـەکان دا هێشـتاش ماوە، من بۆ خۆم ڕەنگە وەکو زۆر لە ئێوە یەکێکم لـە قوربانیـانی ئـەوەی کـە بـەهۆی منـەوە برایەکـەم لـە زینداندا بووە، چونکە من ڕۆژێك لەڕۆژان پێشمەرگە بووم و براکەمیان خستۆتە زیندانـەوە و سـزایان داوە بـەهۆی تاوانێکـەوە کـە براکـەی مـن بـووم کردوومـە، ئێمـە وەکـو نەتەوەیـەك کـە قوربـانی ئەمـە بـووین بەهـەزاران خێزانـی کـورد لەسـەر سـنوورەکانی سـعودیە و لـە بیابانەکانـدا ڕەوانـە دەکـران لەبەرئـەوەی کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون یان تێکۆشـەر بـوون یـان لـە دەرەوەی وڵات بـوون، ئێمـە وەکـو نەتەوەیـەك کـە قوربانی ئەوە بووین و نابێت قەد ڕێگە بە خۆمان بدەین پرەنسیپێکی وا و بڕگەیەکی وا لە هیچ قانونێکی ئێمەدا جێگەی بکرێتەوە کـە کەسـێك بـەهۆی تاوانێکـەوە سـزا بـدرێت کـە خـۆی نـەی کـردووە، بـە کـورتی هەرکەسێك بەرپرسە لەوەی کە دەیکات، لە سیستەمی دیموکراتی دا تاکە کەس ئەساسە، سـەنتەرە وهـەموو مەسەلەکان لە ڕوانگە و لـە دیـدی بەرژەوەنـدی تاکـە کەسـەوە دەیبیـنن بـەو پێیـەی کـە کـائینێکی واعـی و هۆشیارە، خۆی بەرپرسە لەو کارانـەی کـە دەیکـات، لەبەرئـەوە مـن زۆر بـە حەماسـەوە ڕاسـتیەکەی لەگـەڵ ئەوەم کە مرۆڤ تەنها لەو مەسەلەیەش دا و لەهەر مەسەلەیەکی تریش کە مرۆڤ تەنیا خۆی بەرپرس بێت لەوەی دەیکات و نابێ ئێمە ڕێگە بەخۆمان بدەین کەسێك سزا بدرێت بەهۆی تاوانێکەوە کـە نـەی کـردووە، بمبوورن لەکاتی بوونی قانونێکی لەو جۆرە بەڕاستی مرۆڤ دەبێت زۆر سادە بێـت، یـان بمبـوورن کـە دەڵێم نەفام بێت یان ئازادی خۆی لێ بەڵا بێت و بیەوێ بچێ لە زیندانـدا دابنیشـێ تـا بـوێرێ داوای خۆپیشـاندان بکـات، چـونکە هـیچ کەسـێك نـاتوانێ گـەرەنتی ئـەوە بـدات کـە خۆپیشـاندانێك 100٪ هـەموو جارێـك بەشێوەیەکی ئارام تێ دەپەڕێ، دانانی ئەم بڕگەیە بە شێوەیەك بـەوەی کـە ئامادەکارانیش سـزا بـدرێن لـە ناوەڕۆك دا زۆر لە قیمەتی قانونەکە دێنێتە خوارەوە، ئەو مافەش کە مافێکی دەستووریە زۆر تەنگەبـەر و تەسك دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزم بۆ رەئیەکانت هەیە بەس یەك شت تکایە مولاحەزە بکەن، حکومەتی قوربەسەر پرۆژەکەی ناردووە و ژمارەی یاسایی ناردوویانە دەڵێ ئەمە دەسەڵاتە و وا دەکات، کێ دەڵێت دسەڵات لەگەڵ ناقانونیە؟ تکایە لە جێی خۆت قسە مەکە، کێ دەڵێ دەسەڵات لەگەڵ شتی نا یاساییە؟ یەعنی ئیتهامی دەکات کە ئەمە نایاساییە و حکومەتیش ئەمەی کردووە، ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە پێش ئەوەی بەڕێزان دەست بە قسە کردنەکەیان بکەن، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر جار منیش ڕەخنە لە لیژنەی قانونی دەگرم دەڵێم ئێوە مەفروزە جەوابی هەموو پرسیارێك نەدەن، بەلام ئەوانیش تووشی حاڵەتێکی وەك ئەم حاڵەتە دەبن، ئیحتمال هەیە دوماهی گوناهباریەکە ئێمە هەموومان تەحەمولی بکەین، لەبەرئەوە حەقیانە ئەگەر هەندێك جار تەوزیحاتی بدەن یان موداخەلاتی بکەن، ئێمە ڕاستە سولتەی تەشریعینە، ئەگەر بێینە ناحیەی نەزەری هەرشتێك بکەوێتە بەردەستی بەڕێزتان بە ئەکسەریەت دەنگی هێنا دەبێتە قانون، بەس لەبیرمان نەچێت قانون ئەسڵەن عیلم و فەنە، فەنە چونکە سیاغەیە، عیلمە چونکە نەزەریاتی خۆی هەیەو وەك علومەکانی تر، لێرە ئەگەر بێتو ئەوە دەرباز بێت، بە ڕەئی من دەبێتە گرفت و موشکیلەیەکی گەورە بۆ ئێمە، دوور نیە عالەم و هەموو دنیا نەقدمان بکات، بۆ؟ چونکە مخالفی بەدیلاتی قانونە، ئەوەڵەن هەر یەك مەسئولە لە فعلی خۆی، چ فعلەکە مەدەنی بێت ئان جەزائی بێت، باش بێت یان خراپ بێت، فعلی جەزائی عقوبەی جەزائیە، ئەویش لە چ حاڵەتێك دێت ئەگەر یەکێك فاعلی ئەسڵی بێت یان شریك بێت، یان فعلەك بکات کە قانون تەحریمی کرد بێت یان ئیمتناع لە فعلێك بکات کە قانون کردبیەتە واجب، لەهەر دوو حاڵەت تووشی عقوبەی جەزائی دەبێت کە ئەویشیان غەرامەیە یان حەبسە، لە ناحیەی تر عقوبەی مەدەنی هەیە، عقوبەی مەدەنی سێ ڕوکنی پێ دەوێت، غەڵەتی و تەحقیقی زەرەر کرابێت کە یەکێك زەرەری پێ کەوت بێت و عەلاقەی سەبەبی لە بەینی هەردووکیان غەڵەتی تر هەبێت و زەرەر لە تۆ درابێت زەرەرەکە نەتیجەی غەڵەتی مە بیتن تەحەمولی عقوبە دەکەم، عقوبەی مەدەنیش یان بە پارەیە یان دوور نیە مەعنەوی بێت، ئیحتمال هەیە زەرەرەکە زۆر خەفیف بێت من بە ئیعتزارەك جەبری ئەو غەڵەتیە بکەم یان جەنابت قانع بکەم کو بەرەنگاری من نەبی، لەو حاڵەتە بەڕەئی من ئەوەی لەو ماددەیە هاتووە موخالفی نە قانونە، موخالفی بەدیلیاتی قانونە، موخالفی مەبادیئ و قەواعیدی قانونە، نابێت ئێمە نە لە نزیك نە لە دوور تەشریعی ئەو نەسە بکەین و من ئیقتراح دەکەم ئەسڵەن ئیلغا بکرێت، بۆ؟ چونکە ئەو حاڵەتانە چارەسەر کراون لە دوو قانونی سەرەکی، سیوائەن لە عیراق بێت یان لە دەوڵەتی عەرەبی و ئەجنەبی بێت، یەکێك لەوان قانونی عقوباتە کە هی تریش قانونی مەدەنیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئەرسەلان موداخەلەی هەیە دواتر دێینە لای جەنابت، فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من وەکو هەرکەسێك دوو معاناتم هەیە و تا ئێستاش هەر لەبیرم ناچێتەوە، یەکێکیان کە تەڵەبە بووم و لە بیدایەتی موتەوەستە بووم کە یەکێك لە سەفەکەی خۆی ئاژاوەی دەگێڕا هەموومان عقوبە دەدراین، دووەمینیان لە عەسکەری، بەڕاستی عقوبەی جەماعی نیە، ئێمە خۆمان زۆر عقوبەی جەماعیمان خواردووە، لەبەرئەوە لە کوردەواری خۆمان دەڵێت (هەرکەسە و دەچێتە قەبری خۆی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو 5 بەڕێزە (کاك عبدالسلام، کاك سالار و سۆزان خان و کاك جلال و بێریڤان خان و کاك صباح)، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەموو ئەو خوشك و برایانە حەقە تاوەکو لە هەڵوێستی یەکتر تێ بگەین و بیرباوەڕی خۆمان دیاری بکەین، من لەگەڵ ئایەتە پیرۆزەکەمە (لاتزروا وازره اخرى) لە 100٪ وەکو موسوڵمانێك، وەکو یەکێك بە تەخەسوسی خۆمی ئەکادیمی باش دەزانم جیاوازی بەینی عقوبەی کۆن و تازە، هی کۆن جەماعی و ئینتقامی بوو و ئیبادە بوو، بۆیە کە دەچوونە سەر گوندێك گوندەکەیان هەموویان دەسووتاند، بۆیەش من دژی شۆستەکانی سەر شەستی و سەدیمە لە هەمبەرەکان، چونکە ئەوە عقوبەی جەماعیە، هیوادارم ڕۆژێك ئەوەش عیلاج بکەین، من لەگەڵ عقوبەی فەردیمە، وە هەریەکێك وازیرەکەی خۆی دەبێت تەحەمولی بکات، ئەوە وەکو مونتەڵەق لای من، دووەم/ من لە ماف تێ ئەگەم و ماف و بەرپرسیاریەتی لەیەکتر جودا نابن، کە من مومارەسەی مافێك دەکەم دەبێ مافی خەڵکانی تریش بپارێزم و بەرپرسیاریەتی ئیجتماعیم هەیە، سێیەم/ کە دێین ئەمە هەمووی دەخەینە ناو قالبێك من قەد بیر ناکەمەوە لەوەی کە لە سوڵتەمە و بە تەسەوری من نابێت قەد کەسێك لە کۆمەڵگای دیموکرات یان بەرەو دیموکرات بچێت بیر بکاتەوە هەمیشە تا ماوە لە موعارەزەیە، دیموکراسیەت ڕێگا دەدات ئێمە ڕۆڵمان بگۆڕین، ئێمە دەمانەوێ لە پەرلەمان بۆچوونی منە هەریەك ئازادە چۆن تەماشا دەکات، من دەبێت دڵنیای ئەوە بم کە ڕۆژێك من چوومە ئۆپۆزسیۆن من وەکو دەسەڵاتدار قانونێکی وام دەرنەکردووە، ڕۆڵی من ئۆپۆزسیۆن زەعیف بکات، منیش وەکو ئۆپۆزسیۆنی ئێستا دەبێ کە ڕۆژێك من نەمام لە ئۆپۆزسیۆن دەستی خۆم نەگەزم و بڵێم من وەختی ئۆپۆزسیۆن جیهازی دەولەم زەعیف کرد، ئەمە ڕەئی شەخسی خۆمە و عیلاقەتی بە ڕەئی کەس نیە و کەس لەسەر خۆی وەرنەگری، لەسەر ئەو ئەساسە و ئەو بنەمایە من دەڵێم مونەزمی تەزاهورات داوای تەزاهورە دەکەن، شەرتی تەزاهور ئەو تەعریفەی لەوێوە هاتووە، دەیانەوێ ڕەئیەکی عام دروست بکەن کاریگەریان هەبێت، وەسیلەی زەختێك بن لەسەر بڕیارێك و قانونێك و کردارێك کە دەسەڵات کردوویەتی یان جیهەتێکی تر یان وەکو سۆزان خان باسی کرد ئەسڵەن حەدەسێك لە گواتیمالا دەبێت

دەیانەوێ ڕەئی عام لەسەری دروست بکەن، لەسەرەتاوە ئەم جۆرە موزاهەراتانە نە ترسن لەسەر دەوڵەت و نە ئینسان بە دەست پێکی عصیانی مەدەنی تێ بگات، بۆیە موزاهەرات تەبیعیە لە دوەلی دیموکراتی، ئەمان کە ئەچن داوای دەکەن و بۆ ئەو مەبەستە ئاگانەلە مافی خۆیان کە یاسایەك هەیە ڕێگا دەدات بەوەی کە لیژنەیەك دروست ببێت و داوا بکات تەزاهور ببێت، بەڵام لە هەمان کات، زمنیەن، ئەوان کە داوا دەکەن موافەقەتە ئیستنادە لەسەر یاساکە دەکەن، دووەم/ بێ ئەوەی لە موافەقەکە ڕەزامەندیەکە باس بکرێت، بە پێی برگەکانی یاسای مافی خەڵك بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان ئیجازە وەردەگرن، واتە لەسەرەتاوە ئەوان مەسئولیاتیان لەسەر شانە کە موزاهەرەکە بە پێی یاساکە بەڕێوە بچێت، بۆیە کە ئێمە دێین ئەو سزا و ماف دانە و بەرپرسیاریەتی کەسێتی و مەعنەوی تەماشا دەکەین کە لە زۆر تەرتیبی ئەم یاسایە بەدڵم نەبوو، ئەگەر بەس تۆزێك عەجەلە نەکەین یان تەبعەن ماددەکەمان خوێندبووەوە چی دەوێت ئەو یاسایە؟ ئەو بەڵانسەی داوا دەکرێت، ماددەی12 ڕێگا نادات بە شورتە تەجاوزی حدودی خۆیان بکەن و سزاش دادەنێتە سەری، خۆ دەبێت ماددەیەکیش هەبێت ڕێگا بدات بە خەڵکی تر تەزاهورات بکات و حەقی خۆی مومارەسە بکات، بەڵام بەرپرسیاریەتیان هەبێت، چونکە لەو کردارە کە تەزاهورە، چوار توخمی مکەونی هەیە، چوار عونسوری مکەون، مونەزمەکان کە بە ئەوان دەست پێ دەکات، پۆلیسن کە ئەوان بەرپرسن، خۆیان ڕێگا خۆش بکەن کە مومارەسەی بکەن، موشاریکەکانن کە ئەوان کردارەکە دەکەن، خەڵکەکە کە کردارەکە ئەسڵەن بۆ ئەوان کراوە و کاریگەری لەسەر ئەوانە، هەمووی دەبێت یاسا و مافی هەبێت، ئەوە هی شورتەکەمان باس کرد، هی موتەزاهرین ئازادن چی قسە بکەن، مونەزم مەسئولیەتێکی قانونی هەیە، بۆیە من دەڵێم تاوەکو سزای فەردی بمێنێت ئەوانەی موتەسەبب بە پێی قانونی مەدەنی و جەزائی دەبێت کردارەکەیان سزا بدرێت، چونکە تەنها موتەزەرر مونەزمە نەك کەسی تر، مونەزم وا دەکات کە دەوڵەت یان شورتە بەهانە بگرێت و بڵێت کاکە دوێنێش موزاهەرەیەکمان کرد وای لێ هات، بۆیە موتەسەببەکان مواتنن و وەکو کاك فرست باسی کرد، فعلێکی جورمیان کردووە، دەبێت کەس مانعیش نیە، بەڵام مونەزمەکە کەس داوا ناکات کە ئەو سزا بدرێت، من لەگەڵ ئەوە نیمە سزایەکی جەماعی لەسەر ئەوان هەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم تاوەکو هەریەك پاش ئەوەی ئەو قسە درێژەی من کردم بەرپرسیاریەتی و ماف هەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەویش مەسئولیەتی قانونی خۆیان وەربگرن، بەڵام نەك بەو سیغەی کە هاتووە، ئەو سیغەیە وەکو ئەوەی کاك فرست و کاك ئەرسەلانیش گوتی بەرەو سزای جەماعی دەچێت، پێشنیار دەکەم، لە تەئیدم بۆ ئەوەی هەردووکیان تەحەمولی مەسئولیات بکەن، بڵێین (يتحمل منظمى التظاهر مسؤليتهم القانونية كما يتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق القوانين النافذة بحق متسببى الاضرار ومطالبتهم بالتعويض) لێرە نە عقوبەکە جەماعیە و نە کەس تەحەمولی مەسئولیەتی ئەوەی تر دەکات، وە ناکرێت ئێمە وا بکەین ئەو خەڵکەی لەسەرەتاوە بیری کردووەتەوە تەنزیمی موزاهەرە لە مەسئولیەتی خۆیان ڕابکەن، ڕەنگە کە حاڵەتی شەغەب بوو ها ئەوە نەگاتە ئەوان، چونکە لەگەڵ مونەزمی شورتە، دەڵێت کاکە دەزانن ئەوە خەڵکی غەریب هاتووە، بزانە ئەمانە چ دەکەن، کاکە دانیشن وا

**نەکەن، کە ئیسباتی کرد کە ئەو مولتەزمە بە مەسئولیاتی قانونی خۆی دەچێت شکاتی لێ دەکات و نە بە تەکافول و تەزامون حەقە سزا بدەن، بۆیە ئیقتراحەکەم وازحە من لەگەڵ ئەوەم هەردووکیان بە پێی مەبادیئەکانی کە باسمان کرد تەحەمولی مەسئولیەت بکەن، بەڵام سیاغەکە بگۆڕدرێت بە (یتحمل منظمی التظاهر مسؤلیتهم القانونیة کما یتم اتخاذ الاجراءات القانونیة بحق متسببی الاضرار ومطالبتهم بالتعویضات)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**پێشنیارەکەت بنووسە، بینێرە، ئازادن و ڕەئی خۆیان دەدەن، رجائەن ئەوە قسەی خۆی کردووە، ئازادە و حەقت نیە تەدەخول و تەعلیق لەسەر قسەکەی بدەی، کاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك وبرایانی بەڕێز، لەڕاستی دا زۆر لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باسیان لەوە کرد کە عقوبە شەخسیە، من ڕام وایە جەریمەش هەر شەخسیە، بەتایبەتی بۆ ئەم پرۆژە یاسایە، بەندە وەکو سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ هەوڵم دا لە ماددەی یەکەمەوە تا ئەو ماددەی کە ئێستا گەیشتوونەتێ لە کۆتاییەکەوە من بڕۆم بۆ ماددەکانی پێشوو تر، واتە ئەوەی پەیوەندی بە محتەوای ئەسبابی موجبەوە هەیە، بەشێك لەبەڕێزان ئاماژەیان پێی کرد، ئەمە لەو پرۆژە یاسایانەیە کە جوانترین هۆکاری پێویستی بۆ داندراوە کە زۆرترین مەفاهمی مەدەنی و دیموکراسی تیا پەیڕەو کراوە، ئەگەر بە ویژادنەوە شایەتی بدرێت حاجی بلالیش پیاوێکی بە ویژدانە دەزانێ زۆر ئیشمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد، بەڵام لەڕاستی دا من ڕام وایە بەرپرسیاریەتی دوو لایەنە و بە پێی تەجروبەی خۆشم لەم وڵاتە ژیاوم و خۆپیشاندانیشم بینیوە هەندێك جار مونەزمی خۆپیشاندان بەشێك بووە لە مەسەلەی ئاژاوە، ئایا خاڵی دووەم ئەو مەسەلەیە دەگرێتەوە یان نا؟ بەشێك بووە لەوە، چونکە لەڕاستی دا ڕێکخەرەکەش فریشتە نیە و دەکرێ لەحاڵەتێك کە بەشێك بوو لەو ئاژاوەیە بە پێی بڕگەی دووەم تەعامولی لەگەڵ دا بکرێت و وەکو برای بەڕێزم د.زانا ئاماژەی پێ کرد بەرپرسیاریەتی مونەزمی خۆپیشاندەر دەکرێت لەوە دا ئیعتماد و بەرپرسیاریەتی بکەوێتە ئەستۆ وەکو رەسد بەکاربهێندرێت یان وەکو چۆن د.صباح گوتی مومکینە ئاگای لێ نەبێت ئەو ئاژاوەی کە ڕووی داوە، لەبەرامبەریش دا مومکینە ئاگای لێ بێت، لەو ڕوانگەیەوەوە، ئەگینا ئەوەی پەیوەندی بە مەفاهیمی دیموکراتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ و بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە هەبێت، من زۆر ئیسارەم کردووە لە تەواوی بڕگەکانی ئەو مەسەلانە بچەسپێ و بۆ ئەوەی بتوانرێ باشترین زەمینە بڕەخسێ بۆ خۆپیشاندانی مەدەنیانە و ڕێکخستنی خۆپیشاندان بە شێوەیەك هەرێمی کوردستان لەچاو وڵاتانی نەك دەوروەبەردا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دا بە نموزەجێك تەماشا بکرێت، بۆیە لەوانەیە هەندێك جار دەنگم بۆ هەندێك بڕگە و ماددە دابێت لەم پرۆژیەدا خۆم قەناعەتم پێی نەبووبێ، بەڵام دەنگم بۆ داو ڕۆیشت، بەلام ئەوەی بۆ بەندە گرنگە ئەوەیە بەرپرسیاریەتی ڕێکخەری**

خۆپیشاندەر لە یاد نەکرێت، هەرگیز لەگەڵ مەبدەئی جەریمەی جەماعی نەبووینـە و ناشـبین و قبوڵیشـی ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر چی کاك ئەرسەلان باسی ئەوەی کرد کە عقوبەی جەماعی، من خۆم زۆر جارم دارم خـواردووە لەسەر ئەوەی خۆم هاریم کردووە و هەموو سەفەکە داری خـواردووە، لەبەرئـەوە مـن سـەد لەسـەد لەگەڵ ئەوە نیم کە خەڵکی تر و عقوبەی کەسێکی موشاغب یاخود کەسێکی کە بیەوێت نیەت و مەسار و ڕێڕەوی ئـەو خۆپیشـاندانانە تێـك بـدات، بـۆ نموونـە یـەعنی شـەرت نیـە و جـارێکی تـر دەیڵێمـەوە دائیمـەن موزاهەراتەکان دژ نیە، زۆر جار هەیە موزاهەراتەکان داوای ڕەوایە و حەقە، شتێك کە دەخرێتە بەردەست لایەنێکی پەیوەندار، دەربڕینی مەوقفێکە، بەڵام لە عەینی کاتدا دەبینی هەندێك کەس سلوکیاتی ئـەوەیان هەیە لە حاڵەتی وا دا جۆرێك ڕەفتاری عدوانی دروست بکەن، بۆ نموونە هەر بە ئارەزوو بەلای ئـەوەی کـە پۆلیسە دەڕوات بەردی تێ ئەگرێ، خۆ هیچ ڕێکخەری ئەو موزاهەرەیـە لەگـەڵ ئـەوە نیـە، بـەڵام ڕێکخـەری موزاهەرەکە مەسئولیەتێك دەکەوێتە سەر شانی، چونکە من دەزانم دائیمەن خۆیان زۆر زۆر ڕێك دەخـەن بە گروپ و خەڵك دەڕۆن و ئاگادارن و لەگەڵ یەك دا قسە دەکەن، بەڵام خـۆ ئـەو مەسـئولیەتەی دەکەوێتـە سەر شان و بڵێت ئا ئەو کەسە ئـەو فعلـەی کـردووە، ئـەی ئەوەشـی نەکەوێتـە سـەر شـان؟ ئـەی هاوکاریـەك نەکات بڵێ من ئەمەم بە نیەتێکی زۆر پاك کردووە ئەم خۆپیشاندانەم کردووە، بەڵام خەڵکێك هەبووە بەو نەوعە خراپـی کـردووە، ئـەو مەسـئولیەتە نەخەینـە سـەر شـانی و بـە هـیچ نـەوعێك هـیچ مەسـئولیەتێك نەبێت؟ ئەی باشە بۆ خۆی دەچێ مۆڵەت وەردەگرێ و خۆی دەکا بە ڕێکخەری ئەو موزاهەرەیە؟ من لەگەڵ عقوبەی جەماعی نیم بە هیچ نەوعێك، بەڵام دەبێت مەخرەجێك بدۆزرێتەوە هیچ نەبێ ئەویش جارێکی کە بتوانێ بە بێ ترس و بە بێ لەرز بچێتەوەو ئیجازە وەرگرێـتەوە، خـەڵکی لای ئێمـەش فێـری ڕەفتـاری مەدەنیانە بین لە کاتی خۆپیشاندان دا، یەعنی ئێمە دەمانەوێ ئەم حاڵەتە دروست بکەین، لەبەرئەوە کـاك د.صباح شتێکی زۆر جوانی تـەرح کـرد کـە بەڕاسـتی بڵێین تەشـکیلەیەك بـوو یـاخود تێکەڵەیـەك بـوو لـە هەموو ڕاکان، جا ئەگەر ئیقتراحەکەی ئەویش بخوێننەوە بۆ ئـەوەی ڕای تـریش هـەبێت، چـونکە بەڕاسـتی من لەگەڵ عقوبەی جەماعی نیم، بەڵام مەسئولیەت هەڵگرتن ئەوە دەلالەت لە نزوجی وەعی دەکات، بۆیـە من لەگەڵ نزوجی وەعی تاکی کوردم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من قەناعەتم وایە كە زۆرینەی زۆری گەلی كوردستان لەگەڵ ئەو ڕایەن كە ئەم حكومەتە و ئەم دەسەڵاتەی ئێمە نەتیجەی خەبات و ماندوو بوون و دەیان هەزار شەهید و ئەنفال و كیمیابارانە، وە قەناعەتیشم وایە ئەگەر مەترسیەك بێتە سەر ئەم وڵات و میللەتە هەموو لایەنە سیاسیەكان بەیەك دەنگ دژی دەوەستنەوە و خەبات دەكەن وە قوربانیش دەدەن، من قەناعەتم وانیە ئەو سوء نیانە كە هەیە هەموو موزاهەرەیەك وابێت كە دژی دەسەڵات بێت یان پشێوی لێ بكەوێتەوە، بەڵام دیارە ئەو كەسانەی كە تاڵبی مونەزمی موزاهەرەكەن دەبێت موشارەكەیەكی وەتەنی و قانونیان هەبێت لە كەشفی ئەو كەسانەی كە لەو پێكهاتەیە نین كە ئەوان نوێنەرایەتیان كردووە و پشێویان كردووە و پشێویان ناوەتەوە، دەبێت ئەو كەسانەی كە داوای ئیجازەكەیان كردووە بەڕاستی موشارەكەیەكی وەتەنی و قانونیان هەبێ لە كەشفی ئەو كەسانەی كە ئەو زەرەرەیان داوە و بدرێن بە مەحكەمە و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بێریڤان خان فەرموو.**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ئەو دوو ڕەئیەی كە نووسراوە لەگەڵ هەردوو ڕەئی نیمە، هەر دوو ڕەئی دەتوانرێت تێكەڵی یەكتر بكرێ، ئەوجا ڕوون كردنەوەم هەیە، بەنیسبەت ڕەئی یەكەم ئەگەر بەرپرسیاریەتی بدەینە سەر ڕێكخەری خۆپیشاندەران ئێمە ناتوانین ئەو كەسە گەرەنتی بدات، ئەوەی دێ بەشدار دەبی غەڵەت ناكات و شتی نایاسایی ناكات، هەتا ئەگەر تەعەهودیش بدات ناتوانی، چونكە ڕەد فعلێك دەبیت لەناو خۆپیشاندەرەكان، شتێك دەكات، ڕەئی دووەمیش زۆ ڕاستە كە دەڵێ هەر كەسەك مەسئولە لەسەر هەڵەی خۆی، هەركەسێك هەڵەیەكی یاسایی كرد دەزانێ سزاكەی چیە، خۆی دەزانێ، یەكێك دزی بكات دەزانی دوایی چی لێ دێت، بۆیە مەسئولیەتە لەسەر ئەو كەسە، بەڵام بە نیسبەت ئەوەی كە ڕێكخەرەكەش بەرپرسە، ڕێكخەرەكە ڕاستە بەرپرسە ئەگەر هاتو ڕێكخەرێك سەد خۆپیشاندەری كۆ كردەوەو هێنایە سەر جادە دەبێ ئاگاداریان بكاتەوە یاسایەكەیان بۆ ڕوون بكاتەوە بە نووسین پێیان بڵێ ئەوە ماف و ئەركی خۆپیشاندەرانە، ئەگەر هاتو لەو یاسایە، چونكە ئەگەر زۆرجار مەسەلەن كرێكارێك چەند نەخوێندەوارێك كە بێ كارن دێنە سەر جادە، زۆر جار مافی خۆیان نازانن، ئەمەش زۆر لەمافی خۆمان نازانین، ئەو ڕوون كردنەوەی ماف و ئەركەی بۆ خۆپیشاندەران، ئەگەر ڕێكخەر ڕوونی كردەوە بۆیان پێشتر بە سەعاتێك دایە دەستیان و تێیانی گەیاند ئەو وەختە بەرپرسیاریەتی لەسەر شانی خۆی پاك دەكاتەوە و نامێنێ، ئەوجا بۆیە سزاكەی ئەگەر هاتو ئەوەی نەكرد ئەوجا دەبی سزابدرێت ڕێكخەرەكە، ئەویش سزاكەی وەكو سزاكەی ئەوە نیە كە جەریمەكەی كردووە، سزاكەی ئەوەیە لەوانەیە جارێكی تر دەكەی و دەڵێ ی تۆ ڕێكخەرێكی باش نیت، چونكە ئاگاداری ئەوانەت نەكردووەتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت گەلەك ئاخافتنێت مـن بـرای بـەڕێز کـاك عبدالسلام کـردی، ئـەز تەئیـدا بۆچوونێت وی دکـەم، بڕەئیـا منـیش ئـەوی کـو سەرکێشیا خۆنیشـاندانێ دکـەن پێویسـتە تەحـەملا مەسـئولیەتا یاسـاییا ئـەوی سەبەبی بکەن کو دێتە وجودێ، دوو/ خۆنیشاندەر دناڤ خۆنیشاندانێ دا کـو خۆنیشـاندان بـەرەڤ ئاقـارەکێ خراپ چوو و لەسێرا تەبیعێ دەرکەڤت و بەرەڤ توندوتیژیا چوو، پێویسـتە ئیجرائاتێـت قـانونی برامبـەری ئەویش بێنە وەرگرتن، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، ئەگەر مقابل بکـەن هـەروەکو بـەرێ خـۆ بکـەنێ مـاددێ 10 لە یاسایێ ئەسلێ و ماددەی 11 هەردوو ماددە نزیکی یەکن بڕەئیا مـن ئەگـەر هـەردوو مـاددەش ببنـە یەك شتەکی باشەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانە هەموو ڕەئی خۆیان دەربڕی، جێگای ڕێزە، لیژنەی یاسایی ئاخر ڕەئیتان؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، من دەمـەوێت خـاڵێکی گـرنگ لـەو مەوزوعـەی بۆتـان تـەوزیح بکـەم، یەکـەم/ ئەگـەر مولاحەزەی ماددەی 10 بکەین دەبینین ئەو ماددە تەنها پەیوەستە بە تەعویزی مەدەنی، واتە عیلاقەی بە مەسئولیەی جەزائی نیە کە بڵێـی عقوبـەی شەخسیە یـان عقوبـەی شەخسـی نیـە، عقوبـەی شەخسـیە لـە ماددەی 11 معالەجە کراوە، لێرە مەوزوعەکە و بابەتەکە پەیوەستە بە عقوبـەی مەسـئولیەی مـەدەنی کـە (عقوبە مدنیە ولیست عقوبە جزائیە)، کاك فرست تەوزیحێکی جوانی دا مەسـئولیەی مـەدەنی موعالەجـە کراوە، مەسئولیەی مەدەنی بە پێی قەوانینی نافز لە کوردستان لەسەر سێ بنەما دروسـت کـراوە، (الضـرر ـ الخطأ ـ والعلاقة السببیة) واتە ئەو سێ حاڵەتە ئەگـەر یـەکتری نەگریتـەوە مەسـئولیەی مـەدەنی ناکەوێتـە سەر هیچ کەسێك، لێرە ئەگەر لە ئەسنای موزاهەرە حاڵەتێك ڕووی دا و زەرەرێـك ڕووی دا، باشـە تـۆ نـابێ مەسـئولیاتی بەشـێك باوێیـە سـەر ئـەو کەسـانەی کـە لیژنەکـە کـە ناویـان مونـەزمی موزاهەرەنـە، ڕاسـتە برادەران باسیان کردووە، ئیحتمالە حاڵەتی وا ڕوو دەدات کەسـانێك و لایـەنێك دەفعـی خـەڵك دەکـەن دەڵـێ بڕۆ ئەو فەوزایەی خەلق بکە، بەڵام کە شێوازی موزاهەرەکە بگۆڕی یـان موزاهەرەکـە تووشـی بابـەتێك بـێ کە لە نیتاقی خۆی دەربچێ و مەبەستی تێکدانی موزاهەرەکە بێت، لێـرە دەبـێ ئێمـە بابەتەکـە بـە وازحـی جیاواز بکەینـەوە، ڕاسـتە ئیحتمالـە سـیاغەکە هەنـدێك بـە تونـدی هـات بێـت کـە دەڵـێ (المسؤولیة الکاملـة بالتکافل والتظامن) دەتوانین ئەو ماددەیـەی وەکـو پێشـنیارەکەی کـاك صـباح کـە لێمـان وەرگـرت سـیاغەکە نەوعەن ما دەگۆڕێ، بەڵام مەسئولیاتەکە ئیتلاقەن بەڕەئی من نابێت لەو نیتاقەی دەربچی و نابێت فکری

ئەوەی بکەین و بڵێین ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، چونکە ئەگەر هاتوو ماددەکە ئیلغا کرا مەعنای وایە ئەو قانونە بە قانونێکی ناقص دەردەچی و بەشێکی موعالەجە ناکات کە بەشێکی ئەساسیە لە موزاهەرە، لە موزاهەرە ئیحتمالە حاڵاتی سووتاندنی سەیارەی کەسێك ڕوو دەدات، شکاندنی هەندێك شتی دەوائیر، شکاندنی جام و دەرکەی دەوائیر، میهم هەر بابەتێکی کە لە ئەنجامی دا مەسئولیاتی مەدەنی تەعویز دێتە گۆڕێ دەبێ ئێمە بەڕاستی موعالەجەی بکەین، لێرە من پێشنیارم کردووە سیاغەیەك ئەگەر بە دڵتان بوو ئەوا ئامادەم کردووە بیدەینە دەنگدان ئەگەر قبوڵتان کرد، (المادة العاشرة: 1- اذا وقع اثناء المظاهرة اخلال بالامن أو النظام العام أو الاداب العامة أو حصل اضرار بالغير أو بالاموال العامة أو الخاصة، أو خرجت المظاهرة عن اهدافها وغاياتها المحددة يتحمل طالبوا تنظيم المظاهرة المسؤولية القانونية وفق القانون، 2- يتحمل مسببوا الاضرار مسؤولية تعويض الاضرار عن افعالهم وتتخذ بحقهم الاجراءات القانونية وفق القوانين النافذة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دەزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی دوو ڕا بووین، لەگەڵ ئەوەی تەعبیر لەڕای ئەو بەڕێزانە دەکەم ئەندامانی لیژنە و لەگەڵ ڕای یەکەم نەبووین و لەگەڵ ڕای دووەم بووین، کە دەڵێین لەگەڵ ڕای یەکەم نینە مەبەستمان ئەوە نیە کە ئێمە دژی ئەوەین ڕێکخەرانی خۆپیشاندان هیچ بەرپرسیاریەتێکی یاسایی نەکەوێتە ئەستۆیان، بەڵام ئەو ماددەیە باس لە بابەتێکی دیاری کراو دەکات کە قەرەبوو کردنەوەیە و تەعویزە، لە تەعویزەکە مەسئولیەت نیە لە دەفعی تەعویز، بەڵام مانای ئەوە نیە مەسئولیەتی قانونیان لەسەرشانی نیە، ئەوان بەرپرسن لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان و بەرپرسن لە کات و شوێنی دیاری کراو دەرنەچێ و لەو ئامانج و مەبەستەی کە هەیەتی دەرنەچێ، ئەوا بەرپرسیاریەتی ئەو بەشە دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخەرانی خۆپیشاندەران، بەڵام قەرەبوو کردنەوەکە وەکو سزایەکە کە لە قانونی مەدەنی باس کراوە تەنها ئەو کەسە تەعویز دەدا و بەرپرس دەبێت لە قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان، ئەو کەسەی کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو زیانە لە کارەکەی بکەوێتەوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نینە کە ڕێکخەرانی خۆپیشاندەران ئەوان بەرپرس بن و بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆیان، بەڵام بەرپرس نینە لە قەرەبوو کردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو موعالەجەی ئەو دێرە بکەین (المسؤولیة القانونیـة الکاملـة بالتکافل والتظامن) بەشێوەیەك و پاشی ئیزافەیەك لـە نیهایـەتی نەسـەکە بکـەین، بڵـێین (اذا ثبـت مساهمتهم)باسـی مونـەزمینی موزاهـەرە، چونکە پێش ئێستا گوتمان ئەگەر یەکێك غەڵەتی هەبێت و زەرەرێك لێی دەرچوو و عیلاقـەی سـەبەبی لـە بەینی هەردووکیان هەبێت مەسئولە و قانونیەن مەسـئولە، چ جـەزائی بێـت، چ مـەدەنی بێـت، دەڵـێین (اذا ثبـت مساهمتهم فـی الخطـأ الواقـع مباشـرة أو بأهمـالهم وتقصـیرهم) دوور نیـە موباشـەرەتەن موسـاهەمەی کردبن، دوور نیە بە سورەتێکی غـەیرە موباشـر موجـەرەد خـۆی دابێتـە لایـەك وازی لێ هێنابێـت و دەوری خۆی نەدیتبێت، ئەوە موساهەمەیەکی غەیرە موباشرە، مەسئولیەتی قانونی خۆ ئێمـە لێـرە بـاس ناکـەین، دەچینە قەوانینی ئەسڵی، قـانونی عقوبـاتیش لەوێیـە، قـانونی مـەدەنیش لەوێیـە، موحتـاجی ئـەوە ناکـات ئێمە داخلی تەفسیلات ببین، زۆر سـوپاس، سـیاغەکە بـەو شـکلە بێـت بـەس دەمێـنێتـەوە دێـری سـێیەم بـا لیژنەی قانونی چارەسەری بکات، (اذا ثبت .......... (لە نیهایەتی دێرەکە دەڵێین) تسبب فی احداث الاضرار بتعـویض الاضـرار الناجمـة عـن ذلـك وتتخـذ الاجـراءات القانونیـة بحقهـم وفـق القـوانین النافـذة اذا ثبـت مساهمتهم فی الخطأ الواقع مباشرة أو باهمالهم وتقصیرهم) ئەوە وەلـەو تەحسـیلێ حاسـڵە، بـەس بـۆ ئـەوەی نەسەکە جێگای خۆی بگرێتەوە بکەوێتە سەر سکە، بەڕەئی من ئەوە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك د. زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تێبینی دەڵێم وەکو نوقتەیەکی نیزامی، لە قانونی مەدەنی لەسـەر (مسؤولیة المتبعـة اعمـال تابعە) موحەحەدە کێ تابعی مەتبوعـەکان یـەعنی لـە موزاهـەرەدا کەسـێك کـە موزاهـەرە دەکـات بـە تـابع سەیر ناکرێت بۆ مونەزمی موزاهەرەکە، لەبەرئەوە مەسئولیەتەکە ناکەوێتە ئەستۆی لەبەرئەوەی کە ئەمە تـابعی ئـەوە، تـابع یـەعنی ئەگـەر کرێکارێـك لەگـەڵ وەسـتاکەی خۆیایـەتی ڕەنگـە ئەمـە ئیشـەکەی عیلاقەکەیەکی بەینی تابع و مەتبوعە، ئەوە مەشمول نیە بەو نەسە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست تەوزیحێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك زانا لە قەسدەکەم تێ نەگەیشت، من وەکی دەڵێم (اذا ثبـت مساهمتهم) قەسـدم مونەزمـە، نـە قەسـدم ئەوەیە ئەوەی تـەزاهورات دەکات غەڵـەتی بکات و مونـەزمی موزاهـەرە تەحـەمولی مەسـئولیەت بکـات، نـا، ئەگەر هاتو سابت بوو ئەوانەی مەسئولن لە موزاهەرە، غەڵەتیان هـەبوو مـەفروزە تەحـەمولی مەسـئولیەت

بکەن، چونکە ئەوە قەواعیدی عامی قانونە، غەڵەتیەك هەبێت لەو غەڵەتیە زەرەرەك ناتیج بێت، مەفروزە تەعویز بکەوێتە سەر، موساهەمە تەعویز بکات، موساهەمەکەش لە غەڵەتی بە دوو شکلە یان موباشەرەتەن بە خۆی غەڵەتی هێنا بێت، یانیش موساهەمە بە تەقسیر و ئیهمالی خۆی کردبێت، وازی لە مەسئولیاتی خۆی هێنا بێت و ڕای کردبێت و چووبێتە ماڵ دانیشت بێت، مەسەلەن، ئەو عالەمەی بەڕەڵڵا کردبێت لەوێ، ئێ ئەوە غەڵەتە، ئەوە تەقسیرە ئەوە ئیهمالیە، زەرەرەکی لێ دەرچوو گەیشتە حەقی عام و گەیشتە حەقی خاص، مەفروزە مەسئولیەتی قانونی لەسەر بێت لەو حاڵەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان زۆر موناقەشە کرا و ڕەئیشتان دا لەسەری، دوو شت هەیە، یەکێکی ئەوەی مەسئولیەتی شەخسی هەبێ، یەکی ئەوە بوو کە نەبێت، بۆیە ئێستا دێینە سەر ئەسڵیەکە، ڕەئی دووەم دەدەینە دەنگدان بە ......... کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو جار ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، ئێمە سیاغەیەکمان ناردە خزمەتی جەنابتان تەعبیر لە ڕەئی دووەم دەکات و هاوکاریەکی باشتانە، باس لەوە دەکات هەرکەس موسەببە تەحەمولی مەسئولیەت دەکات، رجائەن ئەو دەقە بخوێننەوە بۆچی داوامان لێ دەکەن و دواییش ناخرێتە بەردەنگدانەوە؟........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڕەئیەکەی جەنابتانمان و لەسەر ئەم دوو ڕەئیە موناقەشەمان کرد، ڕەئیەکانتان درایە ئێرە وەسیاغەیان کرد و سیاغەکەتان پێ قبوڵ نیە، لەبەرئەوە دەبێت یەکلا بکرێتەوە، ئێستا نوێنەری ئەو چوار لیژنەیە لێرە دانیشتوونە ئەو مولاحەزاتی جەنابتان کە هاتووتە بەردەستیان سیاغەیەکمان بۆ بکەن هی ئەو پێشنیارانەی کە هاتووە، بۆ ئەوەی یەك، یەك بیانخەینە دەنگدان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە هاتووە بۆ لیژنەکەمان ئەویش ئەوەیە: (یتحمل المسؤولیة القانونیة کل من کان سببا فی الاخلال بالامن أو النظام العام والاداب العامة أو حصل اضرار بالغیر أو بالاموال العامة أو الخاصة، أو اذا خرجت المظاهرة بفعل بعض المشارکین فیها عن اهدافها)، ئەوە پێشنیارێکە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو نیزامی هەیە، یەك کاك عبدالسلام و ئەوەی تر کاك کاردۆ، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی نیزامیەکەی من ئەوەیە سێ نەس خوێندرانەوە، من دەترسم دەنگ بدەین لەسەر نەسێك هەریەکە اعتباری پێشنیاری شەخسێك، بۆیە ئەگەر وەرگرین دەبیت هەموویان پێکەوە عیلاجێکی بۆ بدۆزینەوە، دەزانم وەخت دوور دەرکەوت، من پێشنیارێکم کرد سەریحەتەن بەناوی پێشنیار تەئیدی من کرا، کاك صباح رەئیەکی دا تەئیدی کرا، کاك عمر شتێکی گوت و کاك فرست رەئیەکی دا و کاك عونیش رەئیەکی داو خستیە ناو نەسەك، ئەمانە هەمووی پێنشیارن، ئەگەر هەریەکێکیان سێ کەس تەئیدی نەکرد، بۆیە ئەگەر یەکێك وەربگیردرێت دەبێ ئەوانی تریش وەربگیرێن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکان تکایە دەمج بکەن و بیخوێننەوە، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك تێبینیم هەیە کاتێك کە پێشنیارەکان دەچێتە بەردەم لیژنەی یاسایی یەعنی ئەوەندەی کە گوێم لە خوێندنەوەی رەئیەکان بوو لە تەوەری دەقە ئەسڵیەکە دەسوڕێتەوە، ڕاستە دەسکاری دەکرێت، نەك دوو ڕەئی جیاواز هەیە، بەلای منەوە ئەم دەقە زۆر زۆر ڕوونە کە لەگەڵ ڕەئی یەکەم و جیاوازیەکەی کە هەم کاك فرست و هەم کاك د.زانا ڕوونیان کردەوە کە مەسئولیەتە قانونیەکە کە بەرپرسیاریەتی کەسی بێت، بۆ مونەزمینیش هەر کەسیە ئەگەر دەستی هەبێت لە هەر تاوانێك کە دەیکات، با ماددەی 9 ئەگەر بڵێین وای لێ بکەین (هەر کارێکی تاوان ئامێز یان ئاژاوەگێری کە لەناو خۆپیشاندانەکە ڕوو بدات بەرپرسیاریەتیەکی کەسیە و تەنها ئەنجامدەرەکەی ڕوبەڕووی لێ پرسینەوەو ڕێوشوێنی یاسایی دەبێتەوە، خاڵی دووەم، لەکاتی بەکارهێنانی توندوتیژی و هێز یان زیان گەیاندن بە کەس و موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی لە ناو خۆپیشاندانەکە دا کەسی سەرپێچی کەر بە پێی یاسای سزاکانی کارپێکراو سزا دەدرێت، ئەمە بۆچونێکی زۆر ڕوونە لەسەر ئەوەی دووەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ئەو پێشنیارانەی کە هەیە جوانتر تەوزیح بکرێت، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێك تەقدیم کراوە بەو شکلەی (اذا وقع اثناء المظاهرة اخلال بالامن أو النظام العام والاداب العامة أو حصل اضرار بالغير أو بالاموال العامة أو الخاصة، أو خرجت المظاهرة عن اهدافها وغاياتها المحددة يتحمل

المسببون مسؤولية تعويض الاضرار الناجمة عن ذلك وتتخذ بحقهم الاجراءات القانونية وفق القوانين النافذة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، زۆر سوپاس بۆ گشتتان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 11

1. يعاقب كل من يخالف احكام هذا القانون بالحبس مدة لا تزيد على ستة اشهر أو بغرامة لاتقل عن خمسين الف دينار ولاتزيد على خمسمائة الف دينار أو بكلتا العقوبتين.

هناك رأى بالغاء الفقرة أولا من المادة.

2. فى حالة استخدام العنف أو القوة أو الاضرار بالاشخاص أو الممتلكات العامة أو الخاصة من قبل المشاركين فى المظاهرة يعاقب المخالف وفق قانون العقوبات النافذ بحسب الاحوال.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 11

1. هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات سزا دەدرێت بە گرتن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت، یاخود بە غەرامەیەك کە لە 50 هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە 500 هەزار دیناریش زیاتر نەبێت، یاخود بە هەر دووسزاکە.

لێرەدا ڕەئیەك هەیە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕگەیە.

2. لە حاڵەتی بەکارهێنانی توندوتیژی یان هێز یاخود زیان گەیاندن بە کەسەکان یان بە ماڵ و موڵکی گشتی یان تایبەتی لەلایەن بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە، ئەوا سەرپێچی کەر سزا دەدرێت بە پێی یاسای سزاکانی جێ بەجێ کراو بە پێی حاڵەتەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین وەكو خۆی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵی مەدەنی ڕەئیتان؟ زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ژی دگەل دەقی ماددەینە وەكی خۆی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە لەسەر ئەو ماددەیە بكەن، ڕێزداران (عبدالسلام بەرواری، شەونم محمد، قادر حسن، گۆران ، عبدالرحمن ، نەسرین، رفیق، كاردۆ، سەرهەنگ، حسن محمد، بێریڤان سەرهەنگ، زانا، كوێستان ، بلال، كەس ماوە ناوی نەنووسرا بێت؟ كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای نەسی موقتەرەحی دووەم بكەین، هیچ خسوسیەتێكی تێدا نیە و تازەگەریشی تێدا نیە، كە تاوەكو بڵێین (اللاحق والسابق أو الخاص والعام) بۆیە من دەڵێم هی دووەم ئەگەر هاتوو موناقەشەمان كرد هی دووەم هیچ شتی تازەی ناگەیەنێ، تەبعەن (وفق القوانين) هەریەكێكن، هی یەكەم مولاحەزەم لەسەری هەیە، دوو هەدەف هەبێت ئەگەر لە قانونێكی تایبەت ئەحكام دابنێی، دەڵێی (لايعمل بأی قانون خلافه) لەوەیە كە تۆ دەتەوێ تەشدیدی عقوبە بكەی كە لە ئەوە لە قەزائی و لە جەزائی و مەدەنی هاتووە یان دەتەوێ بە قانونەكی تەخفیفی بكەی، بۆیە دەبێت ئەوە لامان وازح بێت، من نازانم حقوقیەكان ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت، ئەو كاتە وازحە، بەڵام واتە مافی هەیە قانونێك سزاكان بزەبت تەحدید بكات، قانون زانەكان دەزانن، ئایا ئەمە تەشدیدە یان تەخفیفە؟ نا، بەڵام مولاحەزەیەكی بەسیتم هەیە لە ئەحكامی حەبس و غەرامە، وەكو من تێی گەیشتووم بە حسابی غەرامە حسابی حەبسەكەش دەكەن، یەعنی ئەگەر بڵێی حەبس دەبیت (لمدة لاتزيد عن ستة اشهر) كە باسی غەرامە دەكەی و (مغرم بمقدار دخله اليومی خلال هذه الفترة)یەعنی غەرامە دەدەی ( بمبلغ لايزيد عن المبلغ المعين كي يعادل

دخله ..... له خلالى ئەو شەش مانگەی باسکراوە)، له رەقەمەکان ئەگەر لێکی بدەم ئەگەر کەمترین داهات له کوردستاندا 250 هەزار دینار بێت، واته ملیۆن ونیو وەردەگری له شەش مانگ، واته دەبێ لایەقل عەن ملیۆن ونیو، یان ئەگەر بەرۆژێك بە تەنیا بیگری موعەدەلەکەم دەکرد 8 هەزارە بۆ هەر رۆژێك، ئەگەر هەر رۆژێك 8 هەزار دینار وەرگرێ لە مانگێك 250 هەزار وەردەگرێ، لە شەش مانگ ملیۆن و نیو وەردەگری، کە تۆ دەڵێی حەبس دەکرێت دوو رۆژ حساب بکە 16 هەزار، بەڵام من خمسین دادەنێم، یەعنی تۆ دەڵێی لەرۆژێك حەبس دەبێ تاوەکو لە 6 مانگ زیاتر نەبێ، سزایەکەی دەبێ واردی ئەو بێ، چونکە ماددیە و تەعویزیە، هی رۆژێك تاوەکو 6 مانگ حسابەکەم کردووە ئەگەر ئێوە حەز بکەن بۆتانی دەنێرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم بڕگەیەوە بەڕاستی دانانی 6 مانگ عقوبە من بە زۆری دەزانم، لەهەندێ حاڵەت و زۆربەی حاڵەتەکان کە دروست دەبێت عقوبەکان دەکرێ بە غەرامە، لەبەرئەوە من پێم باشە ئەو بڕگەی 6 مانگ حەبسە لابرێت و تەنها بکرێت بە غەرامەیەکی ماددی لەسەر ئەو کەسانەی موخالەفە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادرحسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە ماددەی 9 کەلە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی 11 یە، دوو خاڵی تیایە ئەوەی یەکەم من موخالفم لەسەری لەبەر ئەم هۆیانە، شەش مانگ کە داندراوە ئیحتماله له هەندێك حاڵەت دا زۆر بێ و لە هەندێ حاڵەتیش دا کەم بێ، چونکە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەتایە و ئەو جەریمەیە و ئەو پێشێلکاریەی سەبارەت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکرێت، بە تایبەتیش ئەو غەرامە ماددیە کە من زۆر بە کەمی دەزانم، تەئیدی بڕگەی دوو دەکەم لەم ماددەیە کە دەڵێ (فی حالة استخدام العنف أو القوة أو الاضرار بالاشخاص أو الممتلكات العامة أو الخاصة من قبل المشاركين فی المظاهرة یعاقب المخالف وفق قانون العقوبات النافذ بحسب الاحوال.) یەعنی بە پێی هەلومەرجی ئەو کات ئەگەر عقوبەکە دابندرێت من پێم باشترە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم کەوا عقوبەکەی تیایە، بەڵام ئەگەر سەیری عقوبەکە بکەین ڕاستە بابڵێین حەدی ئەعلای شەش مانگە، واتە لێرەدا قازی لە نێوان ئیختیار دایە بۆ دیاری کردنی کەمتر لە شەش مانگ، بەڵام ئێمە با بزانین موخالەفەی ئەم قانونە چیە؟ ئەگەر کەسێك داوای مۆڵەتی کردو مۆڵەتەکەی پێ نەدراو هاتە سەر جادە، دەتوانی شەش مانگ عقوبەی بدەی؟ ئەگەرلە کاتی خۆیدا درەنگ تر ماوە دەتوانی عقوبەی بدەی، ئەم عقوبەیە بۆ موخالەفە کردنی ئەحکامەکانی ئەم قانونە پێموایە حاڵەتەکە زۆرە، بۆیە داواکارم ئەم عقوبەیە حەدی ئەعلای لە مانگێك تا دوو مانگ زیاتر نەبێت، تەوازنێك هەبێت لەنێوان غەرامەکەدا من تەئیدی ڕەئیەکەی کاك عبدالسلام دەکەم، بۆیەش لەگەڵ ئەو مەسەلەی عقوبە دام، چونکە ئەمە هەر بۆ حاڵەتی موتەزاهر نیە، ئێمە لە مادده 4 خاڵی سێیەم جیهەی مەسئولیشمان ئیلزام کرد لەوەی لە کاتێکی دیاری کراو بێ و گوێ لە خۆپیشاندەران بگرێ، بۆیە ئەویش ئەگەر نەهات و ئەمە ئەم مەسئولیەتەش دەکەوێتە سەر ئەویش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر هاوڕام لەگەڵ ڕەفیقەکانم ئەو سزای شەش مانگیە زۆرە، من پێم باشە ئەو سزایە لابدرێت هەر غەرامە بمێنێتەوە، چونکە لە بڕگەی دووەم باسی دەکرێ کە سزا بدرێ و ئەگەر سەرپێچی و توندوتیژی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.رفيق فەرموو.

**بەڕێز د.رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە کە دەڵێی موخالەفەی ئەحکامی ئەم قانونە سزا دەدرێت بە لای زۆرەوە وا تێ دەگەیەندرێ کە مەبەست ئەوەیە ئەگەر کەسێك بە بێ ئیجازە خۆپیشاندان بکات، چونکە بۆ حاڵەتی شەغەب بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و زەرەردان بە مومتەلەکات ماددەی تر هەم لە ماددەی پێشوو و هەم لە بڕگەی

دووەمی ئەم ماددەیەدا هەیە، لەبەرئەوە من پێم وایە مادام لەویَ ئەمە هەیە شەش مانگ زۆرە، لەبەر دوو سەبەب، یەکەمیان/ مومکینە کۆمەڵێك خەڵك، کۆمەڵێك گەنج و خوێندکار لە شتێك بێزارن و دێنە دەرەوە خۆپیشاندانێك دەکەن، ئەمە یەکجار زۆرە بۆ ئەوان، دووەمیان/ لە مەبدەئێکەوە کە پەیوەندی بە فەلسەفەی قانونەوە هەیە، ئایا مەبەست لە سزا چیە؟ تۆڵەستاندنەوەیە؟ یان پەروەردە کردنە؟ ئێمە ئەگەر لەو باوەڕە دابین، یان باوەڕ بەوە بێنین کە سزادان بۆ تۆڵە کردنەوە نیە، بەڵکو بۆ پەروەردە کردنە، ئەوا پێم وابێ مانگێك بەسە بۆ ئەوە، یەعنی لە مانگێك زیاتر نەبێت سزاکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەدکردنەوەی بڕگەی 1 دام، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کاك عبدالسلامم، ئەمە بۆ توند کردنە، بۆ ئاسانکاری نی، بەراورد لەگەڵ کەسی سەرپێچی کەر بە پێی یاسای سزای کارپێکراو سزا دەدرێت، ئەمە هەیە، ئەم بڕگەی یەکەمە، بە نموونە بێنێنەوە ئەگەر کۆمەڵێك لە دایکی شەهید و ئەنفال هەندێ مەتاڵبیان هەبوو بەبێ تەڵەب هاتنە بەر دەرگای پەرلەمان بۆ ئەوەی داوای داواکاریەکەی خۆیان بکەن، ئەمە پێچەوانەی ئەم یاسایە دەبێت، ئێمە تا شەش مانگ حوکمیان دەدەین؟ ئەگەر کێشەی لێ کەوتەوە؟ لەبەرئەوە من پێم وایە ئەم بڕگەیە ڕەد بکرێتەوە، ئەم بڕگەی دووەم ببێتە ماددەکە کە لە خۆپیشاندانەکە کەسی سەرپێچی کەر بە پێی یاسای سزاکانی کارپێکراو سزا بدرێت، کە ئێمە دەزانین سزاکانی دی ڕوونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مشکیلەی ئەم شوێنەی ئێمە ئەوەیە تا دەگاتە لای ئێمە قسەکان دەکرێت، من اقتراح دەکەم کە بڕگەی یەکەم ئیلغا بکرێتەوە، ئەمە تەشدیدە بەڕاستی لەسەر کەسی سەرپێچیکار، ئێمە لە وڵاتی خۆمان قانونی عقوباتی عیراقیمان هەیە بۆ مەسئولیە جەزائیەکان، وە قانونی مەدەنیشمان هەیە کە موتتەبەعە، قانونی ئسولی موحاکەماتی جەزائیش ڕێ و شوێنی داناوە چۆن دەعوا قەید بکرێت و ڕەفع بکرێت و داواکاری

بکرێت لەسەر ئەو حاڵەتانە، بۆیە من ڕەئی یەکەم بە زیادە دەزانم و پێموایە وا عەمەلی ترە حەزف بکرێت، ئیعتماد لەسەر بڕگەی دووەم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.حسن فەرمووو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ خاڵی یەکەمم کە (یعاقب کل من یخالف احکام هذا القانون بالحبس مدة لا تزید علی ستة اشهر) ئەحکامەکان زۆرن، واتە لە سووکەوە هەیە تاوەکو قورس، بۆ قورسەکە شەش مانگ داندراوە، وە پارەکەش 50 هەزار دینار تا 500 هەزار دینار داندراوە، بۆیە دەکرێت ئەو حوکمە بەو شێوەیە تەوزیع بکرێت، بەڵام من ڕەئیەکی ترم هەیە، ئەویش ئەوەیە لە حاڵەتێك دا ئەگەر ئەو مەخالیفەی کە موخالەفەی قانونەکە دەکات سیلاحی پێ بوو یان ئەگەر هاتو ئالەتێکی جەریمەی پێ بوو، بەڕەئی من ئەوا لەو حاڵەتەدا حوکەمەکەی بکرێت بە موزاعف و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرمووو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە منیش لەگەڵ ئەوە نیم، سزاکە زۆرە بۆ شەش مانگ کە لە وانەیە ئەو خۆپیشاندەرە شتێکی وای نەکردبێت سزا بدرێت بۆ شەش مانگ، دوایش ئەوە کێشەیەکە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ حاکم و ئەو بڕیار بدات چۆن سزای بدات، بە پێی سزایەکەی، ئەگەر ڕوون کردنەوەیەکی تێدا با باشتر بوو، بەڵام بە نیسبەت ئەوەی کە غەرامەکە 50 هەزار زۆر کەمە، جارێ 50 هەزاری ئەو زەمانە هەر قیمەتی نیە، ئەو وەختە کە غەلەتێك دەکات دەڵێ 50 هەزار چیە دەیدەم، لەگەڵ ئەوەم ئەو سزایە بمێنێ و ئەو غەرامەیە بمێنێ، چونکە ئێمە دەنگمان دا لەسەر ئەوەی بە مۆڵەت خۆپیشاندان هەبێت، ئەگەر هاتو ئەوە نەمێنێ و ڕەئی دووەم بێت مانای وایە مۆڵەت هیچ حیکمەتێك و هیچ ئەوەیەکی نامێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.زانا فەرمووو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکێکم لەوانەی کە لەگەڵ ڕەئی دووەم بووم و داوام کرد کە ڕای دووەم پەسەند بکرێت، واتە خاڵی یەکەم ئیلغا بکرێتەوە، بەشێکی هۆکارەکەی هاوکارمان بەڕێز کاك عبدالسلام ئاماژەی پێی دا، ئەویش

ئەوەیە کە ئایا ئەم عقوبەیەی کە لێرەدا باس دەکرێت بۆتە بەدیلێك لەو عقوبانـەی کـە لـە یاساکانی تـردا هەیـە؟ لەهـەردوو حاڵەتەکـەدا ئەگـەر بێتـو تەفسـیری بکـەین بـە غەڵـەت دەردەچـێت لـەڕووی قانونیـەوە، یەکەمیان/ ئەگەر ئەم عقوبەیە لێرەدا بەدیلێك بێت بۆ ئەو عقوبانەی تر کە هەیە زۆر جار لـە ئـەنجامی موزاهەرەیـەك لەوانەیـە بینایـەك بسووتێنرێت تـۆ تـەنها 50 هـەزاری لێ وەردەگـری؟ ئەگـەر ئەمـە ببێتـە بەدیلێك بۆ عقوبەکانی تر، لەبەرامبەریش دا ئەگەر ئەم عقوبەیە نەبۆتە بـەدیلێك بـۆ قانونـەکانی تـر تـۆ دوو زوڵم لە ئـەو کەسـە دەکـەی کـە بەشـداری کـردووە لـە خۆپیشاندانەکە، بـۆ نموونـە ڕەنگـە هەڵەیـەکی کردبێت کە لـە ئـەنجامی دا ببێتـە هـۆی سووتاندنی سـەیارەیەك، لەهـەمان کاتـدا شـەش مـانگیش حـوکمی دەدەی لە قانونی عقوباتی عیراقیش دا شتێك هەیە پێـی دەڵـێن جـەبری عقوبـات، هـەردوو عقوبەکـەی بـۆ کۆدەکەیتەوەو دوایی (تنفذ العقوبة الاشد علیه) یـەعنی تـۆ دوو جـار عقوبـەی ئـەم حاڵەتـە دەدەی، پاشـان ئێمـە ڕەنگـە لـە قانونـەکانی هـەرێمی کوردسـتاندا نموونەیەکیشـمان هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە، ئـەو نەسـە قانونیەی کە دەڵێـت (لاجریمـة ولاعقوبـة الا بـنص)، مـەفروزە تەبیعـەتی جەریمەکـەت تەحدیـد بکرێـت و لەبەرامبەریدا بۆی بنووسی و لەبەرامبەر ئەم تەسەروفاتانەدا ئەم عقوبەی بۆ دەست نیشان دەکـەم، ئێمـە 17 ماددەمان هەیە، لەهەر بڕگەیەك لەم بڕگانە ئەگەر موخالەفەیەکی بەسیت بکرێـت تـۆ موعـەرەزی بـۆ ئەوەی ڕەنگە تا شەش مانگ حوکم بدرێی، بۆیە مەفروزە لەبەرامبەر ئەو جەریمەیـەی کـە تەسـەروفاتێکی هەیە،عقوبەیەکی موحەدەد هەبێت، ئەگینا تۆ بڵێی هەر کەسێك موخالەفـەی ئـەم ئەحکامانـە دەکـات، بـۆ نموونە ڕەنگە وا دەرکەوێ مەجموعەیەك ئەوانەی کە ئامادەکاری دەکەن بـۆ خۆپیشـاندان دەچـن دەیانـەوێ موافەقـە بکـەن تـا 48 سـەعات وەڵامیـان نەدرایـەوە وا هەسـت دەکـەن وەڵامیـان دەدرێتـەوە، بـەڵام لـە 48 سەعاتدا دەڵێن ڕێگەتان پێ نادرێت و دێن بەشداری دەکەن و دوایی حـوکم دەدرێـن، یـەعنی لـەم حاڵەتـەدا مەفروزە تەحدیدی جەریمەکە بکرێت، بڵێ لـە حاڵـەتی ئـەوەی کـە ئەگـەر بـەم شـێوەیەی تـر ئـەم حوکمـە دەدرێت، لەهەموو حاڵەتەکەدا من پێشنیاز دەکەم کە بڕگەی یەکەم لابرێت، مادام ئێمە مەسئولیەتەکەمان کردە بەرپرسیاریەتیەکی شەخسی لەبڕگەی دووەمیش دا بـاس لـەوە دەکرێت کـە ئیجرائـاتی قـانونی ئێمـە سوپاس بۆ خوا یەك دنیا قانونمان هەیە کە ئەم قانونانە بە زۆر و بە کەم عقوبەی داناوە، کەواتە تـۆ هـەر تەسەروفاتێك بکەی من دڵنیام لە دەرەوە عقوبەیەکی دیاری کراوی هەیـە، بـا ئـەم شـەش مانگەی بـۆ زیـاد نەکەین، بکەوینە ئەوەی کە جەبری عوقبات بکەین و ببێتە بـەدیلێك بـۆ عقوبـەکانی، بۆیـە باشـترین شـت ئەوەیە کە پێشنیاز دەکەم ئەمە ئیلغا بکرێتەوە، تەنها کار بە بڕگەی دووەمیان بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـيش لەگـەڵ ئـەوەم کـە ئـەم ماددەیـە بڕگـەی 1 لابرێـت، دیـارە هۆکارەکـەش هاوڕێیـانم د.زانـا و کـاك عبدالسلام ڕوونیان کردەوە، بۆیە لەگەڵ ئەو نەسەم کە بەڕێز کاك کاردۆ خوێندیەوە، پشتگیری ئـەو نەسـە دەکەم و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت منیش هەروا لەگەڵ ڕای هەردوو بەڕێزان کاك عبدالسلام و کاك د.زانام کە ئەم دیاری کردنە من نازانم پێم وایە زۆر لە جێگەی خۆی دا نەبێت، لـە ئەسـڵ دا مـن پـێم باشـە ئەسـڵەن بڕگەکە لابرێت، بەس ئەگەر مایەوە بەڕاستی من پێموایە یەکەم/ شـەش مانگەکـە هـەر زۆر زۆرە، دووەم/ ئـەو شـێوازی کـە بۆی دیاری کراوە ئایا ئەوە بۆ جەریمەیە یاخود موخالەفەیەکە کە لەگەڵ ڕێکارەکانی ئەم یاسایەدا موخالف بێت، ئەگەر جەریمە بێت ئەوە پێویست ناکات، چونکە ئێمـە قـانونی عقوبـاتی مـەدەنیمان هەیـە و هـەموو وردەکاریەکانی تێدایە پێویست ناکات ئێمە لێرە بچینە وردەکاریەکان، چونکە لەوانەیە لەناو ئەم موزاهەرە چیانە کەسێکی موشاغب نەفەرێك بکوژێ، ئایا تۆ هەر بە شەش مانگ حوکمی دەدەی؟ یان ئەوەتا بـە پێـی قانونی عقوباتی مـەدەنی ئیجرائـاتی لەگـەڵ دەکـەی؟ لەبەرئـەوە مـن پـێم وایـە ئەمـە زیادەیـە و پێویسـتە لابرێت، ئەگەر لاش نەبرا شەش مانگەکە بکرێت بـە یـەك هەفتـە و پارەکـەش لـە جێـی خـۆی بمێنێتـەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە فەقەرەی 2 دەست پێ دەکەم، مادام دەڵێت ئەوەی ئەو فعلانە بکات مەشمولە بە قانون عقوبات، خـۆ ئەگەر ئەو نەسەش نەبێت کە مەخالفی قـانونی عقوبـات بێـت هـەر مـەشمول دەبێـت بـە قـانونی عقوبـات، ئیزەن داعی بۆ فەقەرەی دوو نیە، فەقەرەی یەك بەڕەئی من مادام ئەوە قانونە و موعەرەزی موخالەفەیە، موعەرەزی ئەوەیە یەك موخالەفەی بکـات، بـەس مـن لەگـەڵ عقوبەکـە نیمـە بـەو شـکلە و قەزیـەی شـەش مانگ، من لەگەڵ ئەوەم بە ڕەئی من لە مانگێك زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چۆن لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە، هەروا داکۆکی لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاک سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆچوونەکەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكيه صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا بۆچوونا سکرتێری پەرلەمانێ دکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاک عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو دەقەینە کە لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەش دا هاتووە، بەڵام بۆچی؟ یەکەم/ ئەگەر تێبینی بکەین بابەتەکان زیاتر جیاوازە، ڕاستە ماددەی 11 دوو فەقەرەیە، بەڵام فەقەرەکان زیاتر جیاوازن، (1ـ يعاقب كل من يخالف احكام هذا القانون بالحبس مدة لا تزيد على ستة اشهر أو بغرامة لاتقل عن خمسين الف دينار ولاتزيد على خمس مائة الف دينار)، لێرە ئێمە دەڵێین هەندێك برادەر تەرحی وایان کرد کە دەڵێ عقوبەکە هەر دیار نەبی و خۆی (وفق القوانين النافذة)یە، ئەوە بە پێی قاعیدەی قانونی عقوبات ناکرێت، چونکە (لاجريمة ولاعقوبة الا بنص) واتە تەبیعی دەبی تەحدیدی نەسەکە بکرێت بە دیققەت، لێرە ئەگەر مەجالمان دایە وحەدی ئەدنامان بۆی دانەنا کە دەڵێ (لاتزيد على ستة اشهر)، مەبەستمان ئەوە نیە ئیللا شەش مانگ حوکم بێت، ئەوە دەسەڵاتی مەحکەمەیە، سەلاحییەتمان داوەتە مەحکەمە و مەحکەمە خۆی تەقدیری حاڵەتەکان دەکات ئایا حوکمی بکات لە 24 سەعات هەتا 6 مانگ، بە پێی قانونی عقوبات ئەحکامەکانی حەبس دیاری کراوە لە ماددەی 25 ـ 26 و 27 بۆتان دەخوێنمەوە هەتا وازح بێت ئەحکامەکان، ماددەی 25 باسی جینایات دەکات و دەڵێت (الجناية هى الجريمة المعاقبة عليها باحدى العقوبات التالية: الاعدام، السجن المأبد، السجن أكثر من خمس سنوات الى خمس عشرة سنة)، ماددەی 26 (الجنحة: هى الجريمة المعاقبة عليها باحدى العقوبتين التاليتين: الحبس الشديد أو البسيط أكثر من ثلاثة اشهر الى خمس سنوات، الغرامة)، ماددەی 27 باسی موخالەفە دەکات (هى الجريمة المعاقبة باحدى العقوبتين التاليتين: الحبس البسيط لمدة من اربع و عشرين ساعة الى ثلاثة اشهر) واتە کۆی دوو ماددەی

26 و 27 لەو یاسایە ڕێکخراوەتەوە، دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی قاعیدەکەی لاجریمە ولا عقوبە الا بنص) تەحدیدمان کرد و دەسەڵاتمان داوەتە مەحکەمە کە خۆی بە گوێرەی زروفی موخالەفەکان حوکمەکان تەسبیت دەکات، نەك ئەوەی ئێمە قەیدی لەسەر دابنێین، واتە حاکم ناتوانی تەجاوزی بکات لە حوکمەکەی بۆ شەش مانگ، بۆی هەیە 24 سەعات حوکمی بکات و مانگێك یان 15 ڕۆژ یان دوو مانگ و سێ مانگ هەتا شەش مانگەکە، بۆ غەرامەکەش (لاتقل عن خمسین الف دینار و لاتزید علی خمس مائە الف دینار)، ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئیشارەتی بەوە کرد کە دەڵێ ئەوە گونجاو نیە، قانون موعالەجەی کردووە ئەویش ڕۆژێك بۆ حوکم دان وەکو تەوقیف حیساب دەکرێت بە 5 دیناری سویسری قەدیم، واتە دەکاتە 750 دینار ئەو پارەیە زۆر نیە ئەگەر موقارەنەی بکەین، گونجاوە ڕەقەمەکان لەگەڵی، نیو دیناری ئێستا، فەقەرەی دووەم باسی شتێکی تر دەکات عیلاقەی بە فەقەرەی یەکەم نیە ئەوە موخالەفەکەیە بۆ تەنزیمی ئەحکامی ئەو قانونە، (فی حالة استخدام العنف أو القوة أو الاضرار بالاشخاص أو الممتلكات العامة أو الخاصة من قبل المشاركين فی المظاهرة یعاقب المخالف وفق قانون العقوبات) واتە گەڕاندمانەوە ئەحکامەکەی بۆ قانونی عقوبات، لەوێ محاسەبەی دەکرێت بە پێی ئەحکامی قانونی عقوبات، بابەتەکان ئیزەن جیاوازە لێرە موخالەفەی تەنزیمی ئەحکامی موزاهەرە لە فەقەرەی یەکەم باس کراوە، دووەم موخالەفەی حالاتی کوشتن بێت، سووتاندن بێت یان جەزائی بێت لەفەقەرەی دووەم جیاواز کراوەتەوە و باسی لێوە کراوە، ئەو تەوزیحە مەبەستم لێی ئەوە بوو کە دەنگی بدەینە ئەو ماددەیە کە وەکو هاتووە لە ڕاپۆرتی هاوبەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیار لە کاك عونی دەکەم، ئەگەر هاتو ئەو فعلانە، ئەوەی لە فەقەرەی دوو یەکێك ئیرتکابی کردو ئەو نەسە وجودی نەبێت مەشمولە بە قانونی عقوبات یان مەشمول نیە؟، من دەڵێم ئیلغا دەکرێت، چونکە تەحسیلێ حاسڵە، داعی نیە و قانون ئەوەڵەن/ لازمە موجەز بێت و موختەسەر بێت، دوو/ نابێت حەشوی تێدا بێت، سێ/ نابێت تیکراری تێدا بێت، ئەو فعلانە هەمووی مەشمولن بە قانونی عقوبات، ئەو نەسە وجودی هەبێت یان وجودی نەبێت، کە نەس لەناو قانونی عقوبات نەبێت، موستەحەقی عقوبەی نابێت، با هەر ئێمە لێرە باسی بکەین، چونکە مەرجەعمان قانونی عقوباتە، دەڵێین ئەوەی ئەو ئیشانە بکات خارعی عقوباتی قانونی عقوباتە، باشە ئەگەر نەسەکە لەوێ نەبێت خۆ عقوبە ناکرێت، مادام وایە بەڕەئی من ئەو نەسە فەعال نیە، مونتەج نیە و هیچ ئەسەری نابێت، ئیلغا بکرێت یان ئیلغا نەکرێت وەك خۆیەتی، بەڵام ئیلغا بکرێت لە ناحیەی فەنی، چونکە تیکرارە و ئیسهابە و، چونکو ئەسەر و نەتیجەی نیە، لەبەرئەوە من داوا دەکەم ئیلغا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕەئی سكرتێری پەرلەمان كاك فرست، بەڵام ئیلغا كردنی ئەو ماددەیە هەڵەیەكی زۆر گەورەیە، چونكە بە وازحی ئەو كەسەی كە موزاهەرە دەكات و دەیخوێنیتەوە قانونێكی خاسە بۆ موزاهەرات، زۆر بەوردی ئاگای لە ئەحكامەكانی موزاهەرەكە دەبێت و ئەو ماددانەی كە تێیدایە بەوردی دیراسەتی دەكات و حسابی خۆی دەكات ئەگەر هاتو حاڵەتێكی جەریمەی كرد وا تەسەور دەكات ئەگەر بە تەنیا ئەو فەقەرەی تێدا نەبێت دەڵێ ئەحكامی قانونی موزاهەرە و ئەوەی تێدا نیە، بە سادەیی بەسەری تێ دەپەڕی، بەڵام ئەگەر لێرە بیت، زۆر بە وردی ئاگای لێ دەبی و حسابی خۆی دەكات و..... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا چەند حاڵەت هاتە پێشەوە، یەك/ مەجموعەیەك لە ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان داوایان كرد فەقەرە یەك لە ماددەكە ئیلغا بكرێت، مەجموعەیەكی تر داوایان كرد كە عقوبەی تێدا نەبێت، مەجموعەیەكی تر داوایان كرد فەقەرە یەك بمێنێت و فەقەرەی دوو ئیلغا ببێت، مەجموعەیەك داوایان كرد بەس عقوبە ببێتە یەك ماددە، سۆزان خان نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوحی ئەم یاسایە لەو خاڵی یەكەمەدایە، .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن، ئەوە نیزامی نیە، دانیشە خوشكی من ئەوە نیزامی نیە، موقتەرەحە و ئەندامانی پەرلەمان زیاتر لەچەند كەسێك داوایان كردووە دەڵێ ئەو فەقەرەیە لابچێت، دەنگی پێ مەدە، ئازادن بەڕێزتان كێ دەنگی پێ دەدات ئازادە و كێ دەنگی پێ نادات هەر ئازادە، كێ مەنع دەكات و بە هیچی دەنگ نادات ئێوە ئازادن، ئەو ڕەئیەی كە داواكرا فەقەرەی یەك، توخوا باش مێشكتان لێرە بێت، چونكە هەندێك جار دەنگتان داوەو باش تێ نەگەیشتوون، تكایە مێشكتان لێرە بێت، فەقەرەی یەك مەجموعەیەك لە بەڕێزان داوایان كرد ئیلغا بكرێت، ئەوە دوورە لە نەسەكە، دەیخەینە یەكەم فەقەرەوە بۆ دەنگدان كێ لەگەڵ ئەوەیە لە ماددەكە فەقەرەی یەك (1. يعاقب كل من يخالف احكام هذا القانون بالحبس مدة لا تزيد على ستة اشهر أو بغرامة لاتقل عن خمسين الف دينار ولاتزيد على خمس مائة الف دينار أو بكلتا العقوبتين.) كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمە ئیلغا بكرێت تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ 27 بەڕێز لەگەڵ ئەوەن ئیلغا بكرێتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا نەكرێت و بمێنێتەوە؟ 41 كەس، بۆیە دەمێنێتەوە، ئینجا موقتەرەحێكی تر هەبوو پێشنیارێك كرا كە عقوبە لە مانگێك زیاتر نەبێت، تكایە كێ لەگەڵ ئەوەیە لە فەقەرەی یەك عقوبە لە مانگێك زیاتر

نەبێت تکایە دەست بەرزبکەنەوە؟ 38 بەڕێز لەگەڵ ئەوەن عقوبە لە مانگێك زیاتر نەبێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بێت تکایە دەست بەرز بکەنەوە؟ 29 کەس، بەڕێزان ئێستا لە مانگێك زیاتر عقاب ناکرێت، وەکو خۆی دەمێنێت، نوقتەی نیزامی کەرەمکە کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ڕەئیەکی تریشی هەبوو کە بڕگەی دووەمیش ئیلغا بکرێت، بەڵێ باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت پێشنیارەکەی تر ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان ئەوە بوو کە بڕگەی 2 بەکاملەن ئیلغا بکرێت (فی حالة استخدام العنف أو القوة أو الاضرار بالاشخاص أو الممتلكات العامة أو الخاصة من قبل المشاركين فی المظاهرة أو التجمع العام يعاقب المخالف وفق قانون العقوبات النافذ بحسب الاحوال.) کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تەوزیحێکم هەیە کو خەڵکێك بە غەڵەت لە من تێ نەگات، وا تەسەور نەکات ئەوەی ئەو ئیشانە بکات بێ عقوبە بێت، من دەڵێم ئیلغای ئەو فەقەرەیە ئەگەر هاتو ئەو کارانە کە کران هەر تابعی قانونی عقوباتە، وجودی ئەو فەقەرەیە زیادە، چونکە ئەسڵەن خازعی قانونی عقوباتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دیفاع بکە لەوەی بمێنێ بۆ باشە؟ چونکە موفتەرەحی ئێوەیە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە باشی دەزانین ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی باسی حاڵەتێکی تایبەتی دەکاتن، حاڵەتێك کەوا توندوتیژی یاخود هێز بەکارهات، یاخود زیان بە چەند شتێك گەیەنرا کە لە ماددەکە باسکراوە، بۆیە پێویستە بمێنێتەوە، هەروەها لە ماددەی دواتر دەبینین ئەگەر ئەو شتانە لەلایەن حکومەت و دەسەڵات بەکارهات، ئەوان سزا دەدرێن، باشە ئەگەر پیشاندەران ئەو کارانەیان کرد یاخود هێزو توندوتیژیان بەکارهێنا لەبەرچی سزا نەدرێن، پێویستە ئەو سزایە هەبێ و ئێمە لەگەڵ ئەوەین کەوا دەقەکە بمێنێتەوە وەکو خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەوەیە ئێستا ئەو فەقەرەی کە خوێندمانەوە..... نیزامی کەرەمکە کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، دوو كەس دژی قسەی كردو و یەك كەس لەگەڵی قسەی كرد، من بۆیە دەڵێم پێشنیارەكە لە چوار كەس پێك هاتبوو، ئەوەی ئیلغای ماددەی دووەم، پێش ئەوەی تەسویت بكەن وابزانم ئەوانەی لەگەڵ ئیلغان فرسەیان بدرێتێ، چونكە كاك عونیش موتاڵەعەیەكی درێژی كرد و د.ڕۆژانیش...... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا، رجائەن، دوو كەسمان دانا یەكێك دیفاعی لێی كردو یەكێكیش دژی قسەی كرد، تەواو، ئێستا خوێندرایەوە و قسەش لەسەری كرا، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی دوو بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە ئیلغا بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟ 36 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە كە ئیلغا بكرێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بمێنێ تكایە دەست بەرز بكەنەوە؟ 31 كەس لەگەڵە كە بمێنێتەوە، بۆیە ئەویش ئیلغا كرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 12

1- فی حالة تجاوز اجهزة الشرطة حدود السلطة باستخدامها القوة المفرطة ضد المتظاهرین تتخذ الاجراءات القانونیة بحقها وفق القوانین النافذة.

2- تلتزم الحكومة بدفع التعویض للمتضررین عن الاضرار الناجمة جراء تجاوز اجهزة الشرطة حدود واجباتها المكلفة بها استنادا الی قرار صادر من المحكمة المختصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 12

1- لە حاڵەتێك دا كە دەزگاكانی پۆلیس لە سنووری دەسەڵات دەرچوون بۆ بەكارهێنانی هێزی لەڕادەبەدەر لە دژی خۆپیشاندەران ئەوا ڕێكاری یاسایی بەرامبەریان وەردەگیردرێت بە پێی یاسا جێ بەجێ كراوەكان.

2- حكومەت پابەندە بە دانی قەرەبوو بۆ زیان لێ كەوتووان كە لە ئەنجامی دەرچوونی دەزگاكانی پۆلیس لە سنووری ئەركی ڕاسپێردراوی خۆیان ڕوویان داوە، ئەمەش بە پێی بڕیارێك دەبێت كە لە دادگای تایبەتی دەرچوو بێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لە نەسی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پشتەڤانیا ل نەسی ماددەکە دکەین وەکی خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەکەین وەکو ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا هاتووە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ نیە، یەك کەس کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی سەرنجەکەی من پەیوەندی بە دەقە کوردیەکەوە هەیە ........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەڕۆکەکەی، کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێره دەقە كوردیەكە بەهەڵە وشەی دەسەڵات (السلطة) تەرجەمە كراوە، (السلطة) لێرە لە عەرەبیەكە مەبەستی ئەو دەسەڵاتەیە كە دراوە بە پۆلیس، نەك دەسەڵات وەكو حكومەت كە وا تەرجەمە كراوە، ویستم ئەو ڕوون كردنەوەیە بدەم لەبارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دووبارە دەقەكەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوایی ڕەقەمەكان چاك دەكرێتەوە پێشنیارێكمان بۆهات هی سۆزان خانی هی ئەو ماددانەی كە ئیلغا كرا، مولاحەزەی بكەین و لەبیری نەكەین.

المادة 12

1- فی حالة تجاوز اجهزة الشرطة حدود السلطة باستخدامها القوة المفرطة ضد المتظاهرین تتخذ الاجراءات القانونیة بحقها وفق القوانین النافذة.

2- تلتزم الحكومة بدفع التعویض للمتضررین عن الاضرار الناجمة جراء تجاوز اجهزة الشرطة حدود واجباتها المكلفة بها استنادا الی قرار صادر من المحكمة المختصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەش بیخوێننەوە، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 12

1- لە حاڵەتێك دا كە دەزگاكانی پۆلیس لە سنووری دەسەڵات دەرچوون بۆ بەكارهێنانی هێزی لەڕادەبەدەر لە دژی خۆپیشاندەران ئەوا ڕێكاری یاسایی بەرامبەریان وەردەگیردرێت بە پێی یاسا جێ بەجێ كراوەكان.

2- حكومەت پابەند دەبێ بە دانی قەرەبوو بۆ زیان لێ كەوتووان كە لە ئەنجامی دەرچوونی دەزگاكانی پۆلیس لە سنووری ئەركی ڕاسپێردراوی خۆیان ڕوویان داوە، ئەمەش بە پێی بڕیارێك دەبێت كە لە دادگای تایبەتی دەرچوو بێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو نەسەی خوێندرایەوە كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ 2 كەس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەكەی تر، د.ڕۆژان فەرموو.

المادة 13

یطبق احكام هذا القانون علی جمیع حالات الاضراب والاعتصام عند خروج المضربین أو المعتصمین الی المیادین والشوارع العامة. كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 13

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەموو حاڵەتەکانی مانگرتن و پەناگیری لە کاتی دەرچوونی مانگرتووان یان پەناگیران بۆ گۆڕەپان و شەقامەکان پیادە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ کاک اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لە نەسی ماددەکە دەکەین، تەنها بەلادانی پەناگیری، ئەو پەناگیریە لەبەرئەوەی لەکاتێك دا هاتووە کە نەخوازیارە، بۆیە ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین پەناگیری لاببرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین ئەو دەستەواژەیە لاببردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ژی دگەل هندێینە کو اعتصام بهێتە لابردن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین بەو شێوەیەی کە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت قسە بکات؟ کە غەلق کرا دوایی مەجالتان پێ نادەم، بەڕێزان ئەم ڕێزدارانە دەیانەوێ قسە بکەن (هاوڕاز ، ئاسۆ، سیوەیل، عمر عبدالعزیز، کاروان صالح، ئاشتی عزیز) کەسی تر هەیە؟ هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەم، هەمان ڕام هەیە کە وشەی پەناگیری لابردرێت لەو فەقەرەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ لادانی ئەو ماددەیەم بە کاملی، چونکە لەبەرئەوەی لە تەعریفات کە باس لە موزاهەرە کراوە، لەوێ قەوسی بۆ کراوەتەوە و باسی تەجەموع بە غەرەزی تەزاهور و هەروەها باسی ئیزرابیش کراوە بەهەمان شت، بۆیە پێویست ناکات ئەو ماددەیە موستەقل بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هاوڕاز خان کردی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ئەو تێبینەی کاک ئاسۆم هەبوو ئێمە لەوێ ئیزافەمان کرد، وتمان (وتشمل التجمع العام لغرض التظاهر والاضراب والاعتصام) ماوەتەوە باسی پەناگیریەکە، لەوێ لە تەعریفەکە گوتوومانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە ئـەوە لابچـێ، لەبەرئـەوەی هـەم كـات و شـوێن و ئـەوەكانی لەگـەڵ ئـەو هـەموو یاسـایەی كـە دەرچـووە مەسـەلەی ئیعتصـام و پـەناگیری جاری وای هەیـە پـەناگیر هەفتەیـەك لـە شـوێنی خـۆی نایەتـە دەرەوە، دوایە چ زەرەرێك لە شەقام و شوێنە گشتیەكان نادات، داواكاریەكی تایبەتی هەیە، بۆیە مـن لەگـەڵ ڕایەكەی كاك ئاسۆم و پشتیوانی لێ دەكەم و هیوادارم لای بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرنجەكەم كاك ئاسۆ گوتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ نەسی ماددەكەین تەنها بەلادانی وشەی پەناگیری بەس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش ڕاكەمان هەروەك خۆیەتی تەنها دەستەواژەی پەناگیری لابردێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕایا مە هەر وەكی خۆیە و بەس مانگرتن بهێتە لادان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ مانەوەی ماددەكەین، وشەك بۆ كۆتایی ماددەكە زیاد بكرێت (بالتظاهر) لەبەرئەوەی كاتی گفتوگۆ كردن لە ماددەیەك لە پێناسەكە ئاماژەمان بەو ماددەیە كرد، واتە هەموو حاڵەتێكی پەناگیری و مانگرتن حیساب ناكرێ و حوكمی ئەو یاسایەی لەسەر جێ بەجێ ناكرێت، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت كەوا دەچنە شەقامەكان و شوێنە گشتیەكان و بە مەبەستی خۆپیشاندان بێ، لەو حاڵەتە تەنها حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەریان جێ بەجێ دەكرێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ماددەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو بۆچوون هەیە، بەڕێزان ئێستا بۆچوونێك هەیە بۆ ئیلغای ماددەكە، بۆچوونێك هەیە ئیعتصام لابچێ، بۆچوونێكیش هەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوەو بەس كەلیمەی تەزاهوری بۆ ئیزافە بكرێت، بۆ ئیلغا كردنی دوو كەس قسەی لەسەر بكەن و دوو بەڕێزیش قسە بكەن كە بمێنێتەوە، ئەوەی دەیانەوێ ئیلغا بكرێت دوو كەس دەست بەرز بكەنەوە تكایە؟ ڕێزداران(عمر عبدالعزیز و د.پەریهان) دەیانەوێ ئیلغا بكرێت، كێ دەیەوێت ئیلغا نەكرێت؟ ڕێزداران (د.ڕۆژان و شلێر خان) كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەكە حەز لە تەغایر نیە لەڕەئی بەڕاستی ئێمە لە تەعریف دا حەرفەن گوتوومانە و موزاهەرەمان پێناس كرد، ئیزافەمان كردو دەبووایە لیژنەی یاسایی بەڕێز ئەوەیان بە نەزەر ئیعتبار وەرگرتایە، لەوێ گوتمان (وتشمل التجمع العام لغرض التظاهر والاضراب والاعتصام)، لەبەرئەوە لێرە ئەو مەوزوعە لای بەین و لای نەبەین ئیعتصام هەر هەیە، لەوێ گوتوومانە كە مەشمولە و كە تۆ لە پێناسەكە داتنا مانای وایە لێرەش ئیلغای بكەی لەوێ هەر هەیە، یان لێرە كە باست كرد زیادە، چونكە لەوێ باسمان لێی كردووە، لەڕووی یاساییەوە نازانم چ حاجە هەیە دووبارە كردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.پەریهان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم مامۆستا عمر كردی، منیش هەمان ڕەئیم هەیە، لەبەرئەوەی لە پێشەوە تەعریفی هاتووە ئیعتصامەكە، یەعنی عەینی شت دەكاتەوە، لای بەی و لای نەبەی عەینەن مەغزا دەبێ منیش هەر هاوڕام لەگەڵ قسەكانی مامۆستا عمر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ڕاستە ئەو وشانە لە ماددە یەك لە پێناسەكان هاتووە، بەڵام لەبڕگە و بەندەكانی قانونەكە ئەوەی كە پەسەند كرا تا ئێستا لە هیچ شوێنێك ئەو وشانە دووبارە نەكراونەتەوە، واتە ئەگەر بمانەوێ حوكمەكانی ئەو یاسایە بیانگرێتەوە بە تایبەتی ماددەی یەكەم كە باس دەكەین تەعاریفە زیاتر مەبەست لەو وشانە كورت كردنەوەی ئەو وشانەیە كە زیاترلە یەك جار لە یاسایەكە هاتووە، ئەو وشانە بەكارنەهاتووە، پاشان دیاری كردنی حاڵەتەكانی مانگرتنی پەناگیر لە چ حاڵەتێك حوكمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، باشتر وایە دیاری بكەین نەك بەفراوانی بێت لە هەموو حاڵەتەكان حوكمی ئەم یاسایە بیانگرێتەوە، باشتر وایە لە یاساكە تەحدید بكەین تەنها، یەعنی لەبەرژەوەندی ئەو كەسانەیە كە ماندەگرن، ئەو كەسانەیە كەوا ئیعتصام دەكەن لەبەرژەوەندی ئەوانە، ئەگەر ئەو دەقە نەبێ هەموو حاڵەتەكی ئیعتصام قانونەكە دەیگرێتەوە، هەموو حاڵەتێكی ئیزراب و مانگرتن قانونەكە دەیگرێتەوە، ئێمە نامانەوێ لە هەموو حاڵەتەكان حوكمی ئەو یاسایانەیان لەسەر جێ بەجێ بكرێت، تەنها لەو حاڵەتە نەبێت (عند خروج المعتصمين أو المضربين الى الميادين والشوارع العامة للتظاهر بقصد التظاهر) واتە دوو فلتەرمان داناوە، لە دوو حاڵەت ئێمە پێمان باشە پەناگیری و مانگرتن حوكمەكانی یاسا بینگرێتەوە، ئەو دوو حاڵەتەی ئاماژەم پێی كرد ئەگەر ئەو ماددەیە نەبی هەموو حاڵەتەكانی پەناگیری و مانگرتن یاسایەكە لەسەریان جێ بەجێ دەكرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**شلێر خان فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕای من ئەمە زیاد بكرێت (لاتسری احكام هذا القانون علی الاعتصامات شريطة ان لا يتحول هذا الاعتصام الى المظاهرة أو المسيرة)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان دەخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیارەكە بۆ ئەوەیە ئیلغا بكرێت، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە، كاك فرست فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من تەئیدی ڕەئی د.ڕۆژان دەكەم ئەو نەسە لە مەسلەحەتی موزربین و موعتصمینە، چونكە ئەسڵەن موزربین دوور نیە لەماڵی خۆیان بن، بۆ قانونەكەی لەسەر تەتبیق بكرێت، بەس هەر وەختێك هاتنە سەر جادە و موزاهەرەیان كرد، ئەو وەختە دەتوانێ قانون، موعتەصمینیش كە لە زمنی موئەسەسەی خۆی دانیشت بێت مەفروزە هیچی لەگەڵ نەكەی، هەتاوەكو دەچنە سەر جادە بە سیفەتی موزاهەرە، نە بچنە**

سەر جادە و بچنە ماڵی خۆیان ئێمە بڵێین وەڵڵا هاتنە سەر جادە لازمە بیگرین، لەبەرئەوە من لەگەڵ ڕەئی د.ڕۆژانم وەکو خۆی بمێنێت، بەس کەلیمەی (للتظاهر) بۆی ئیزافە بکرێت بۆ دوای نەسەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە ئێمە تەعریفەکەمان غەڵەت کردووە، چونکە هەر جارێك کەلیمەی موزاهەرە هاتبێت کە د.ڕۆژان دەڵێ نەهاتووە هەرچی باسی موزاهەرەمان کردبێت هەمووی دەگرێتەوە، چونکە لەوێ گوتوومانە موزاهەرە بریتیە لەمەو لەمە، یان ئێمە لەوێ هەڵەمان کردووە لە تەعریفەکە یان پێویست ناکات هەموو جارێك ئێمە بڵێین ئەوە ئیزرابە و ئەوە ئیعتصامە و، موزاهەرە، چونکە تۆ گوتووتە (وتشمل المظاهرة ..... فلان و فلان شت) یان لەوێ بەهەڵە چووینە، یان ئێمە بەڕاستی لێرە زیادە لەگەڵ ڕیزم پێویست ناکات هەموو جارێك لە یاسایەکە ئێمە کەلیمەی ئیزراب و ئیعتصام بڵێین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا بەڕێزان کێ دەیەوێ ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێت (یطبق احکام هذا القانون على جمیع حالات الاضراب والاعتصام عند خروج المضربین أو المعتصمین الى المیادین والشوارع العامة للتظاهر) کێ لەگەڵە ئیلغا بکرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 13 بەڕێز لەگەڵن، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا نەکرێت؟ بە زۆرینەی دەنگ مایەوە بە ئیزافەی کەلیمەی (للتظاهر)، ئێستا بۆ ماددەی دواتر کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 14

لایجوز تنظیم أی مظاهرة خلافا لاحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی کەرەمکەن، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێت هیچ خۆپیشاندان بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێکبخرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەمەم ئەم ماددەیە ئیلغا بكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دگەل نەسێ ماددەین وەكی خۆ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ نەسی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسەكەی بە چ شێوەیەك؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لایجوز تنظیم أیة مظاهرة خلافا لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێ قسە لەسەر ئەوماددەیە بكات؟ نیە، كێ دەیەوێ دیفاع لەوە بكات كە ئیلغا بكرێتەوە؟ پێشنیاری كاك سالار بوو كەرەمكە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی مەسەلەكە حاصل تەحسیلە ئیتر پێویست ناكات ئەوە بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ ئەیەوێ وەكو خۆی بێ؟ كەس نیە؟ بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت دەستی بەرز بكات تكایە؟22 بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵ دانیە ئیلغا بكرێت؟ بە زۆرینەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە، بۆ ماددەیەكی تر تكایە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێش ئەوەی بچینە ماددەكانی پرۆتۆكۆڵی، پێشنیار كرا كەوا ماددەیەك ئیزافە بكرێت بە ژمارەی ماددەی 2 وەكو پرەنسیپێك بۆ قانونەكە، ئێستا لەلایەن د.ڕۆژانەوە دەخوێندرێتەوە، دوایی گفتوگۆی لەسەر دەكرێ و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوانەی كە پێشنیار كرابوو گفتوگۆی لەسەر كرا، بەو شێوەیە پێشكەشی بەڕێزتانی دەكەم:**

**المادة 2**

**1- المظاهرة حق دستوری ولایجوز منع ممارسته.**

**2- للمتظاهرین حق اختیار مكان و وقت مكان و زمان، واسلوب التظاهر بشرط عدم الاضرار بالممتلكات العامة والخاصة وعدم الاخلال بحریة وحیاة افراد المجتمع.**

**3- تقع على عاتق اجهزة الشرطة حمایة المتظاهرین وتأمین الظروف المناسبة للقیام بالتظاهر وعدم السماح بخروج المتظاهرین عن اهداف التظاهر وتقع على عاتقه مسؤولیة حمایة الحقوق والحریات العامة.**

**ئێمە دەنگمان بۆ ماددەی 2 دا كەوا ئەو پرەنسیپانە شوێنی بكەینەوە، بەڵام سیاغەكەمان نەكردبوو لەبەرئەوە ئێستا ماددەی 2مان بە بۆشایی بەجێ هێشتووە، ئەو بڕگانە لەوێ لە ماددەی 2 جێی بكرێتەوە، واتە ئێمە لە ماددەی 13 ڕاستە، بەڵام گوتمان با باسی حوكمە خیتامیەكان نەكەین پێش ئەوەی دەنگی بۆ بدرێت، ماددەی 2 یەكلابكرێتەوە، وە دەنگمان بۆی دا كە پرەنسیپەكان شوێنی بكەینەوە، بەڵام بە چ سیاغەیەك بێت ئەوا بڕیار بڕیاری پەرلەمانە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ كاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش پێشتر ڕامان وابوو كە زووتر موناقەشە لەسەر تەسبیت كردنی ئەو پرەنسیپانە بكرایە، بەكارێكی باشی دەزانین تەسبیت بكرێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ كاك اسماعیل فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لەو سیاغەی لیژنەی یاسایی دەكەین كە پێشتر لەلایەن د.ڕۆژانەوە پێشكەش كرا وەكو پرەنسیپ لە ماددەی 2 تەسبیت بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە ل ڕاپۆرتا خۆیا لیژنا كۆمەڵی مەدەنی دا ل ماددەیەكی دا ل سەربەخۆ ئەڤە بڤێ ڕەنگێ دارشت بوو، یەك/ خۆپیشاندانێكی مافێكی سروشتی و دەستووریە و دەبێت بە پێی ڕێوشوێنی یاسایی ئەنجام بدرێت، دوو/ لایەنە پەیوەندارەكان نابێت ڕێگر بن لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە چوارچێوەی یاسای خۆی دا، سێ/ خۆپیشاندان نابێت بە مەبەستی دژایەتی گروپێكی دیاری كراو (ئایینی، وەتەنی یان نەتەوەیی، یان هاندانی گروپێك لە دژی گروپێكی دیكە ئەنجام بدرێت).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئەو كات ئێمە بەڕوونی و ئاشكرا ڕای خۆمان دەربڕی كەوا ئێمە لەگەڵ ئەوەین، بەڵام ماددەكە تازە دەنگی هێنا و پەرلەمان دەنگی بۆی دا، ئێستا دەبێت ئەو ماددەیە هەبێت، بۆیە پشتگیری لەو بڕگانە دەكەین كە ئێستا زەكیە خان خوێندیەوە كە لە ڕاپۆرتی كۆمەڵگای مەدەنی داهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، ڕێزداران (سەرهەنگ، شلێر محی الدین، ئاشتی، د.حسن)، كاك سەرهەنگ كەرەمكەن.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێ پشتیوانی ئەو ئیقتراحە بكەم كە بەڕێزان لە لیژنەی كۆمەڵی مەدەنی خستیانە ڕوو، ئەو پرەنسیپانە لەو چوارچێوەیەدا ڕێكبخرێت، من بە شتێكی زۆر مەنتقی و مەعقولی دەزانم و پشتیوانی لێ دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەوەی كۆمەڵی مەدەنی ئەگەر ئاوا دابڕێژرێت (بما ان التظاهر حق له دستور و وثائق حقوق الانسان ويجب على المتظاهر ان يعى ان كفالة الدستور له بحق التظاهر لايعنى فوضوية والاضرار بالمصالح والممتلكات الخاصة والعامة، وبما ان التظاهر اسلوب التعبير والتواصل بين المواطن والحكومة وهو يعد اسلوبا من اساليب التفريق للضغوطات النفسية التى تسببها الازمات السياسية والاقتصادية وهذا ما يفرض الحكومة وجوب التواصل مع الشعب ومصارحته ومكاشفته بحقيقة المعوقات من اجل خلق لغة الحوار الايجابى، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو پێیەی كە سەرەتا ئەو پێشنیازانە كرا وەكو پرەنسیپ لە دەستوورەوە بگوێزرێتەوە بۆ ناو پرۆژە یاساكە، ئەو كەشەی بۆ جێگیر كردنی پرەنسیپە لەناو ئەو پرۆژەیەدا لە دوای ئەوەی كە من پێشتر و یەك، دوو ڕۆژ پێش ئێستا ڕەئیەكی جیاوازم هەبوو، بەو پێیەی كە وتم كاری قانون ئەوەیە كە میكانیزم بدۆزێتەوە ئەو پرەنسیپەی كە لە ناو دەستوور هەیە ئەركەكەی ئەوەیە وردی بكاتەوەو كەشێكی بۆ دروست بكات كە بوارێكی جێ بەجێ كردن بێت و قابیلی تەنفیز كردن بێت و دای بەزێنێتە ناو پرۆژە یاساوە، واتە ئەوە ئەركی قانونە، بەڵام ئەگەر پرەنسیپێك بهێندرێتە ناو ئەمەوە تەسەور دەكەم جارێكی تر ئێمە دووبارەی كردنەوەی دەستوور دەهێنینە ئێرە، ئەوەی كە من پێشتر تەنەبوئم پێی كرد و تەنەبوئەكەم هاتە دی كە ئێمە لە كاتێك دا دەڵێین مافێكی دەستووریە و ئازادیەكە چەسپیوە لەناو دەستووری هەمیشەیی و دەستووری ئیتحادی عیراقی دا كەواتە ئا ئەمە لێرەوە خۆی پێچەوانەیە، مافێك كە بە دەستوور تەنزیم كرابێت، چۆن دەچێتە بەردەم خەتەری مۆڵەت وەرگرتن و مۆڵەن وەرنەگرتن، ئەگەر بڕگەی مۆڵەت دانەكە ئێمە لەسەر سیاغەی ئیشعار ڕازی بووباینایە منیش یەكێك دەبووم لەوانەی كە دەنگم دەدا لەسەر ئەوەی كە ئەو پرەنسیپانە بمێنێتەوە، بەڵام مادام مەبدەئی تەنزیم كردنی موزاهەرە لە پرۆژەكە هاتە دەرەوە و بوو بە مەبدەئی مۆڵەت وەرگرتن و مۆڵەت وەرنەگرتن، كەواتە هیچ موسداقیەتێكی مەبدەئی دەستووری بەڕای شەخسی خۆم لێرە شوێنی نابێتەوە، تەنها كۆمەڵێك رتوشاتی دیموكراتیە و دەخرێتە ناو پرۆژەكەوە، بەڵام میكانیزمێك دانەنراوە بۆ جێ بەجێ كردنی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەم كـەوا ئـەو پرەنسـیپانە هـەبن، بـەڵام دیـارە پرەنسـیپەكان دەكرێـت بڵـێین هەنـدێكیان دەربكرێت و هەندێكیشیان كە پرەنسیپی گشتین زیاد بكرێت، لەوانـە، یەكـەم/ پاراسـتنی ئاشـتی و هێمنـی شـوێنە گشـتیەكان، دووەم/ پاراسـتنی پەیوەنـدی كۆمەڵایـەتی خـەڵك، سـێیەم/ پاراسـتنی بنـەماكانی دیموكراسی، چوارەم/ خۆپاراستن لە مەخاتری كۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری و سیاسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو بۆچوون هەیە، ئەوەی كە لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی پێشنیاریان كرد بمێنێ و ڕەئیەكی تریش هەیە كە ئەسڵەن داخل نەكرێت، زۆر سوپاس ئێمە دەنگمان بۆی داوە كە هەبێت، لەبەرئەوە دەبێت ئێستا ڕێكی بخەین چۆن بێت، ئـەو جا دەنگی لەسـەر دەدەیـن و دەبێتـە ماددەیـەك، لیژنـەی كۆمـەڵگای مەدەنی بیخوێنەوە؟ زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددە بوێ ڕەنگێ هاتیە داڕشتن:

1- خۆپیشاندان مافێكی سروشتی و دەستووریە و دەبێت بە پێی ڕێوشوێنی یاسایی ئەنجام بدرێت.

2- لایەنە پەیوەندارەكان نابێت ڕێگر بن لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە چوارچێوەی یاسایی خۆی دا.

3- خۆپیشاندان نابێت بە مەبەستی دژایەتی گروپێكی دیاری كراو (ئایینی، ئیتنی، نەتەوەیی، یان هانـدانی گروپێك لە دژی گروپێكی دیكە ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها یەك تێبینیمان هەیە ئەوەی (ڕەگەزی) زیاد بكرێت لە برگەی 2 سەبارەت بەبڕگەی (1 )یـش وشـەی سروشتی لابدرێت، چونكە هیچ قیمەتێكی نیە لێرە، كە مافەكە مافێكی دەستووری بوو و دەستوور باشترین زەمانەتە پێویست ناكات بڵێین مافێكی سروشتی و دەستووریە، تەنها وشەی دەستووری باشترین زەمانەتە و كیفایەتە بمێنێتەوە، سوپاس، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، هـەوڵم دا ئـەوەی بـە كـوردی خوێندیـەوە بیكەمـە عەرەبی ئەگەر تێبینیەكتان هەبوو داوا لە بەڕێزتان دەكەم چاكی بكەنەوە:

المادة 2

1- التظاهر حق دستوری ویتم ممارسته وفق القانون.

2- لایجوز منع ممارسة حق التظاهر خلافا للقانون.

3- لايجوز ان يكون القصد من التظاهر التحريض ضد فئة معينة بسبب (الدين أو القومية أو الجنس أو تحريض فئة ضد فئة اخرى).

پێشنیارێك هاتووە كە بڕگەیەكی تر زیاد بكرێت ببێتە بڕگەی 4 دەقەكەی بە كوردی پێشكەشی بەڕێزتانی دەكەم:

4- پێویستە خۆپیشاندان بۆ قووڵ كردنەوەی ماف و ئازادیەكان بێت، بە پشت بەستن بە جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ و پەیماننامەی مەدەنی و سیاسی و نێودەوڵەتیەكان.

ئەو پێشنیارەی كە ئێستا هاتووە، سێ بڕگەكە بە كوردی و عەرەبی خوێندرایەوەو ئەو پێشنیارەش كە ئێستا هات ئەوەش دەگرێتەوە، ئەگەر پێتان باش بێت ئەو سێ بڕگەیەی كە ئێستا بە كوردی و عەرەبی خوێندرایەوە سەرۆكی پەرلەمان بفەرموێ و بیداتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر سیاغە بۆ ئەو فەقەرانەی كە ئێستا كراوە ئاخر جار بیخوێننەوە دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 2

1- التظاهر حق دستوری ويتم ممارسته وفق القانون.

2- لايجوز منع ممارسة حق التظاهر خلافا للقانون.

3- لايجوز ان يكون القصد من التظاهر التحريض ضد فئة معينة بسبب (الدين أو القومية أو الجنس أو تحريض فئة ضد فئة اخرى).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ یەك كەس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەیەكی تر، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددە پرۆتۆكۆڵیەكان، پێشنیار دەكەین ماددەیەك ئیزافە بكرێت، بەو نەسەی (لايعمل بأی نص قانونی أو قرار يتعارض واحكام هذا القانون)، چونكە هەندێك ئەحكام لە قانونی ئەحزاب هەیەو تەعاروز دەكات لەگەڵ ئەو قانونە و دەبێت چارەسەری بكەین لە ئێستاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ڕای لیژنەی یاسایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لەو ڕایە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا وێ ڕەئیەت دکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئاخر سیاغە دەخوێندرێتەوە و دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نوێ:

لایعمل بأی نص قانونی أو قرار یتعارض واحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەی چەندە؟ بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر کەرەمکە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 16

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێننەوە، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە وەکو چۆن هاتووە ڕامان لەگەڵ ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرمووو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دگەل دەقێ ماددەینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمان؟ دەیخەینـە دەنگدانـەوە بـەو شـێوەیەی کـە خوێندرایـەوە، کـێ لەگەڵـە تکایـە دەسـت بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگـەڵ دانیـە؟ بـە کـۆی دەنـگ پەسـەند کـرا، بـۆ ماددەیـەکی تـر کەرەمکە، کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 17

للوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ بیخوێننەوە بە کوردیەکەی، کاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 17

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین هەروەك چۆن هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دگەل دەقێ ماددەینە وەکی خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس مولاحەزەی هەیە؟ 1 کەس، کاك بلال کەرەمکە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بکرێتە (لەسەر وەزیر پێویستە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ، یەعنی ببێتە (علی الوزیر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەکە وابزانم زۆر بە سیاغەیەکی قانونی هاتووە، چونکە ئیحتمالە هیچ ئیحتیاجی بە تەعلیمات ناکات، بۆ ئیلزامی بکەین و مەجبوری بکەین تەعلیمات دەربهێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەوەی کە لە ماددەکە هاتووە ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقێ ماددێ وەکی خۆی بیت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ كاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەكەین وەكو خۆی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیەی كە دەقەكە هاتووە و خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ 1 كەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەیەكی تر كەرەمكە، كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة 18**

**ینفذ هذا القانون اعتبار من تاریخ نشره فی الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی؟ كاك اسماعیل فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 18**

**ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ كاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەكەین وەكو خۆی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زكیە خان فەرموو.**

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم دگەل دەقێ ماددەینە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئێستا نەسەن چۆن خوێندرایەوە بەو شێوەیە کە هەر چوار لیژنە پشتیوانیان لێی کرد، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ئەسبابی موجبە، کاک عونی فەرموو.

**الاسباب الموجبة**

بما ان المظاهرة حق دستوری لضمان تحقیق الحیاة الدیموقراطیة وحفاظا علی التحول نحو المجتمع المدنی واحترام الحریات وحقوق الانسان ومن اجل ضمان تعبیر الجماهیر عن رأیها وبیان مطالبها المشروعة بشکل سلمی ومباشر بعیدا عن اثارة الفوضی وحمایة للمصالح العامة والخاصة من الاضرار والاخذ بنظر الاعتبار بالمبادیء والقواعد الدولیة الخاصة بالحقوق والحریات، وبالنظر لعدم وجود قانون خاص لتنظیم المظاهرات والاضراب والاعتصام، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆبە کوردیەکەی بخوێننەوە؟ کاک اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیە پێویستیەکان**

لەبەرئەوەی خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە و بارمتەیەکە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی دیموکراتی و لەپێناو گۆڕانکاری بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێزگرتنی ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ لە پێناوی مسۆگەرکردنی ئەوەی کە جەماوەر ڕای خۆی دەربڕێ و داخوازیە ڕەواکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و ڕاستەوخۆ دەربخات دوور لە وروژاندنی کاری نابەجێ و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی لە زیان و پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ماف و ئازادی ڕەچاو بکرێن و لەبەرئەوەی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان و مانگرتن و پەناگیری نیە، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ هۆیە پێویستیەکانین کە وەکو خۆی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دگەل ناڤەڕۆكا ڤان ئەسبابابینە كو هاتینە دیار كرن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ كاك عونی فەرمو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی نووسراوەكەی ئەسبابی موجبەین كە وەكو خۆی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو چۆن هەر چوار لیژنە لەسەر ئەسبابی موجبە ڕێككەوتووین و پشتیوانی لێ دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ دەیەوێ قسە بكات؟ نیزامیە؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵەی لوغەوی، بارمتە یەعنی كەسێك بە بارمتە بگیردرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن ئەوە نیزامی نیە، ئەوانەی دەیانەوێ قسە بكەن، تكایە، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن (د.حسن، جمال طاهر، رفیق صابر)،كەسی تر دەیەوێ قسە بكات؟ كەرەمكە كاك د.حسن.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بە تەنها ئەو قانونە زەمانی حەیاتی دیموكراسی لە كۆمەڵگایەك ناكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە لە كۆمەڵگای دیموكراسی یەكێك لە شەرتەكان ئەوەیە كە دان بە مافی موزاهەرە دابنێت، بۆیە بەڕەئی من (بما ان المظاهرة حق دستوری وشرط وجود الدیموقراطیة فی المجتمع) نەك (ضمان لتحقیق..).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موداخەلەکەم بەس لوغەویەو ئەوەش دوو تەسحیحە، بکرێتە (بما ان التظاهر........) نەك (المظاهرة) تەزاهور زیاتر دەبێتن، وە (خاص بتنظیم التظاهرات) ئاخری جوملە (خاص بتنظیم المظاهرات)، ئیزەن ئەوە (التظاهر و بتنظیم المظاهرة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجەکەی من دیسانەوە زمانەوانیە، وشەی (ضمان) لێرەدا بارمتە نیە، بەڵکو گەرەنتیە، بۆیە داوا دەکەم ئەو وشەیە ڕاست بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟ کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لەسەر ئەوەی گەرەنتیە یان مسۆگەرکردن بارمتەکە لابردرێت، ئەگەر نا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەسەر گرفتی زمانەوانی بوەستین دەبوایە لەسەر تەواوی ماددەکان و بڕگەکان بوەستینایە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بارمتەیە بە هەڵە تەرجەمە کراوە و بەخۆی گەرەنتیە و وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشنیارەین کە موزاهەرەکە بکرێتە (التظاهر)، (بما ان التظاهر حق دستوری)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەئیتان؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیه صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دگەل وێینە تەزاهور ببێتە موزاهەرە و ئەم دژی ئەو بارمتە نەمێنی و ببێتە گەرەنتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەگەڵ ئەو مولاحەزانەی كە كران وەربگیردرێت و ئەسبابی موجبە لەگەڵ گشت پـرۆژە یاسـایەكە دەخەینە دەنگدانەوە،كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگـەڵ دانیـە؟ بـە زۆرینـەی دەنگ پەسەند كرا ئێستا لێرە هەرێمی كوردستان بووە خاوەن ئەم پرۆژەیە و پیرۆزبـایی لـە ئێـوەی بـەڕێز دەكەین كە زۆر بە دڵسۆزی و بە جدی زۆر دەوڵەمەندتان كرد و موناقەشەتان كـرد، پیرۆزبـایی لـە خـەڵكی كوردستان دەكەین و ئومێدەوارین چی ئیدارەو چی خـەڵكی كوردسـتان ئیسـتفادە لـەو یاسـایە وەربگـرن بـۆ پێشخسـتن و چەسـپاندنی پرەنسـیپی دیموكراسـی لـە هـەرێم، دووبـارە پیرۆزباییتـان لێ دەكـەم ودانیشـتنی داهاتوومـان ڕۆژی دووشـەممە سـەعات 11 فەقـەرەی یـەكی دانیشـتنەكەمان خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پرۆژە یاسای قەرەبوو كردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق دەبێت، لەگەڵ مەجموعەیەك پرۆژە كە خوێندنەوەی یەكەممان بۆی هەیە، لە سندوقەكانتان دادەندرێت، مـەعلوم دەبێـت بەرنامەی كارتان بە چ شێوەیەك دەبێت، پرۆژەمان زۆر لە پێشە و موناقەشەكان زۆر سوودبەخش و دوورو درێژە، بۆیە هـەوڵ دەدەیـن دانیشـتنەكانمان زیـاد بكـەین و بـەیانیان و ئێـواران بێـت، ئەگـەر پێویسـت بـوو شەوانیش دابنیشین بۆ ئەوەی بتوانین، هەتا 11ی شەو حەقمان هەیە دابنیشین، بەخواتان دەسپێرین خـوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**دووشەممە رێکەوتی 8\11\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## دووشەممە رێكەوتی 2010/11/8

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2010/11/8 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەم، ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2010/11/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری بڕیاری چۆڵكردن و تەسلیم كردنەوەی ئەو بینایانەی مولكی گشتین بە حكومەت.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای بودجەی تەواوكاری پەرەپێدانی پارێزگاكان بۆ ساڵی 2010.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هاوكاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر لە هەرێمی كوردستان.

5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4)ی ساڵی 2006.

6- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای رێكخستنی پشووە فەرمیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

7- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەژمار كردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەرو دكتۆرا) كە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەكەن.

8- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای مافەكانی كەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

9- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی دەستەبەری كۆمەڵایەتی كرێكاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971.

10- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای سندوقی كۆمەك بە ئەوانەی تووشی شێرپەنجە (السرطان)، یان نەخۆشییە گرانەكان بوونە.

11- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری بڕیاری هەڵەشاندنەوەی بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

12- خوێندنــەوەی یەکــەمی پێشــنیاری یاســای گۆڕانکــاری لــە یاســای ژمــارە (9)ی ســاڵی 2008ی یاســای بەکرێدانی خانووبەرە.

13- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

14- خســتنەڕوو و گفتوگــۆ کردنــی پــرۆژە یاســای مووچــەو دەرماڵــەی ســەرۆکی هــەرێمی کوردســتان و جێگرەکەی.

15- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان.

16- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خـولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (12)، رۆژی دانیشتن (2010/11/8)، بەرنامەی کار:

بــەپێی حوکمــەکانی بڕگــە (1)ی مــاددە (20) لــە پــەیڕەوی نــاوخۆی ژمــارە (1)ی هــەمووارکراوی ســاڵی (1992)ی پەرلــەمانی کوردســتان - عێــراق، دەســتەی ســەرۆکایەتی پەرلــەمان بڕیاریــدا بەرنامــەی کــاری دانیشــتنی ژمــارە (12)ی خــولی ســێیەمی هەڵبــژاردن لــە کــات (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی دوو شــەممە رێککەوتی (2010/11/8)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لـە هـەرێمی کوردستان - عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری چۆڵکردن و تەسلیم کردنــەوەی ئــەو بینایانــەی مـوڵکی گشـتین بە حکومەت.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر لە هەرێمی کوردستان.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4)ی ساڵی 2006.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای رێکخستنی پشووە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامـەی (ماسـتەرو دکتۆرا) کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەکەن.

8- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسـای مافـەکانی کەمئەنـدامان و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان لـە هەرێمی کوردستان – عێراق.

9- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمـارە (39)ی ساڵی 1971.

10- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای سندوقی کۆمەك بە ئەوانەی تووشی شێرپەنجە (السرطان)، یان نەخۆشییە گرانەکان بوونە.

11- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری هەڵەشاندنەوەی بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

12- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای گۆڕانکاری لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008ی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە.

13- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

14- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی.

15- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان.

16- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەین، لیژنەی یاسایی فەرموون ئێستا بۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی بەڕێزم ئەندامانی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار، کە گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای قەرەبوو کردنەوەی راگیراوانی بێ پاساو، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا، وەکو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئەم پرۆژەیان پێشکەش کردووە، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا لەگەڵ حاکمە بەڕێزەکان، ئەندامێکی مەحکەمەی تەمییز ئامادە بوو، لە هەمان کاتدا رەئیسی مەحکەمەی جینائی ئامادە بوو، زۆر بە تەفسیل چووینە ناو مەسەلەکان، بە حەقیقەت وەکو مەبدەئ، ئەو مەبدەئە زۆر بە ئیجابی لە قەڵەم درا لەو کۆبوونەوەیە، بەڵام ئەوە پێویستی زیاتر بە دیراسەتە، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر بکەن، بەس حاکمە بەڕێزەکان وایان بە باش زانی کە تۆزێك عەجەلەی لێ نەکەین، رەنگە یەك، دوو رۆژی تر بتوانن ئەوان رەئی ئەخیری خۆیان بدەن بە ئێمە، لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی گرنگە، دەبێت بەشێوەیەکی رێك و پێك گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکەین، کە ئەم فەقەرەیە تەئجیل بکرێت و ببێتە ئاخیر فەقەرە لەو بەرنامەیە، بۆ ئەوەی دەست بە فەقەرەکانی تر بکەین، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کەوا ئەو پێشنیارە بداتە دەنگدان، بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی، لەبەر ئەوەی کە هێشتا تەواو گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، ئەو مەسەلەیە پێویستی بەوە هەیە زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردووە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ئەم خاڵە بچێتە ئاخیر خاڵ لە بەرنامەی کار، جا ئێمە پێمان باشە ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم فەقەرەیە بکەوێتە ئاخیر فەقەرە لە بەرنامەی کار دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، بوو بە ئاخیر فەقەرە، فەرموون بۆ خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری چۆڵکردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت.

ئێستا دەقی ئەو داواکارییە پێشکەش دەکەم، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە سەبارەت بەو پرۆژەیە.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ پرۆژە بڕیار**

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین پرۆژەی بڕیاری چۆڵکردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

2- گەشە دارا جلال.

3- عماد محمد حسین.

4- عمر حمد امین خدر(نورەدینی).

5- محمد احمد علی (شارەزووری).

6- خلیل عثمان حمدامین.

7- کەیلی اکرم مەنتك.

8- د. تارا عبدالرزاق.

9- بێریڤان سەرهەنگ.

10- ئامینە ذکری سعید.

11- زکیە سید صالح.

**ئەم پرۆژە یاسایە بریتییە لە پێنج بڕگە، ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژەیە ئیحالەی لیژانی پەیوەندیدار بکات، بۆ ئەوەی هەر لیژنەیەکی تایبەت راپۆرتی خۆی ئامادە بکات لەم بارەیەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەپێی خصوصیەتی ئەم بڕگەیە تەحویلی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی دەکەین، فەرموو بۆ فەقەرەیەکی تر، ئەمانە تایبەتن بەسەر ئەو لیژنانە، ئەوانی تر هەر لیژنەیەکی تر ئەگەر ویستی زانیارییەك، یان راو بۆچوونێکی تری هەبێت، دەتوانێت بیداتە لیژنەی موختەس، فەرموو کاکە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010.**

**رەنگە بەنیسبەت ئەو خاڵە سەرۆکی لیژنەی دارایی هەندێ ئەرقامی لەلا بێتن، ئەو ئەرقامانە ئیمکان هەیە تەوزیح بکات بۆ ئەندامانی پەرلەمان، پاشان داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەمە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، لەبەر ئەوەی ئەرقامەکان زۆر زۆرە، بەس وابزانم سەرۆکی لیژنەی دارایی لە دوو، سێ رەقەم ئەو مەسەلەلانەی چڕ کردۆتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سەرۆکی لیژنەی دارایی فەرموو ئەو پوختەیەمان بۆ بخوێنەوە.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەحەقیقەت ئەو بودجەیە تەواوکاریمان بۆ هاتووە بە نووسراوێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەگەر رێگامان پێ بدەیت پوختەی ئەو نووسراوە لەگەڵ پوختەی ژمارەکان کە هەیە عەرزی بکەین بۆ بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان.**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی دیوان**

**فەرمانگەی پلاندانان**

**ژمارە: 2401**

**رێکەوت: 2010/9/29**

**بۆ/ پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010**

**هاوپێچ لیستی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی هەرسێ پارێزگاکان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئیدارەی گەرمیان، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان) بۆتان دەنێرین، بە مەبەستی رەزامەندیدان لەسەری و ئاگادار کردنەوەمان.**

**یەکەم/ لیستی پرۆژەکانی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان بەپێی رێژەی دانیشتوان، بە بڕی دوو سەدو سی و حەوت ملیار دینار.**

**دووەم/ لیستی پرۆژەی دروست کردنی خانوو بۆ خاوەن ئەنفالەکان، بۆ هەموو هەرێمی کوردستان، بە بڕی پەنجاو نۆ ملیارو دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار، کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشکەش کراوە.**

**د.بەرهەم احمد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**بەڕێزان، بەپێی نووسراوی لیژنەکەمان:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان**

**ژمارە:** 69

**رێکەوت:** 2010/10/27

**دەربارەی دوایین خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە دەرئەنجامی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانان و بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە** 2010/10/19، **پوختەی دابەش بوونی بودجەی تەواوکاری بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

**بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان**

**یەکەم/ پارێزگای هەولێر، ژمارەی پرۆژەکان** (117) **پرۆژە، گوژمەی پرۆژەکان پەنجاو سێ ملیارو سێ سەد ملیۆن دینار.**

**دووەم/ پارێزگای سلێمانی، ژمارەی پرۆژەکان** (110) **پرۆژە، گوژمەی پرۆژەکان حەفتاو نۆ ملیارو نۆ سەدو نەوەد ملیۆن دینار.**

**سێیەم/ ئیدارەی گەرمیان، ژمارەی پرۆژەکان** (39) **پرۆژە، گوژمەی پرۆژەکان بیست و یەك ملیارو سێ سەدو سی و دوو ملیۆن دینار.**

چوارەم/ پارێزگای دهۆك، ژمارەی پرۆژەكان (83) پرۆژە، گوژمەی پرۆژەكان هەشتاو شەش مليارو شەش سەدو پەنجاو شەش مليۆن دينار.

ئەمە بەشی يەكەمی، كۆی گشتی بەشی يەكەم ژمارەی پرۆژەكان (349) پرۆژە، گوژمەی پرۆژەكان دوو سەدو چل و يەك مليارو دوو سەدو حەفتاو هەشت مليۆن دينارە.

بەشی دووەم/ بودجەی تەواوكاری بريتييە لە خشتەی خانووی شەهيدو ئەنفالكراوەكان، پوختەكەی بەم شێوەيەی خوارەوەيە:

يەكەم/ هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، ژمارەی خانوو (970) خانوو، گوژمەی پرۆژەكان بيست و نۆ مليارو سەد مليۆن دينار.

دووەم/ پارێزگای سلێمانی، ژمارە خانوو (1030) خانوو، گوژمەی پرۆژەكان سی مليارو نۆ سەد مليۆن دينار.

كۆی گشتی (2000) خانوو بۆ هەر پارێزگايەك، هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئيدارەی گەرميان، (2000) خانوو بە بڕی شەست مليار دينار.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پرۆژەی ياسای بودجەی تەواوكاری پەرەپێدانی پارێزگاكان بەحوكمی تايبەتمەنديەتی تەحويل دەكرێت بۆ ليژنەی ياسايی و ليژنەی دارايی و ليژنەكانی تريش و هەر ئەندامە پەرلەمانتارێكيش، ئەگەر ويستی مەعلوماتی زياتر لەسەر ئەم پرۆژە ياسايە وەربگرێت، دەتوانێت موراجەعەتی ليژنەی دارايی بكات، بۆ ئەوەی مەعلوماتەكانی لەلا بێت، فەرموون.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كۆمەڵێك ئەندامی ليژنەی دارايی موزەكەرەيەكمان لەگەڵ ئەم راپۆرتە نووسيووە، داوامان كردووە تاكو سەرچاوەكانی ئەو داهاتەو گفتوگۆ و لێكۆڵينەوە لەسەر ئەو داهاتە نەكرێت، ئەم پرۆژەيە نەخرێتە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە بەس خوێندنەوەی يەكەمی بۆ كراوە، ئێوە رەئی خۆتان لە ليژنەكە داوە، كەی هاتينە سەر موناقەشەی مەوزوعەكە، دەتوانن لەوێ رەئی خۆتان بدەن، فەرموون بۆ خاڵێكی تر لە بەرنامەی كار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم لە بەرنامەی كار/ خوێندنەوەی يەكەمی پێشنياری ياسای هاوكاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر لە هەرێمی كوردستان.

**ئـەم پـرۆژە یاسـایە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشـکەش کـراوە، ئێسـتا دەقـی داواکارییەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ پرۆژەی یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر**

**ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین پـرۆژەی هـاوپێچ پـرۆژەی یاسـای هاوکـاری ئافرەتـانی بـێ هاوسـەر بخرێتـە بەرنامـەی کـاری پەرلـەمان، بـۆ گفتوگۆ کردن لەسەری لەگەڵ ڕێزماندا.**

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:**

1- **بەیان احمد حسن.**

2- **سالار محمود مراد.**

3- **سەرگوڵ رضا حسن.**

4- **سیوەیل عثمان احمد.**

5- **جعفر علی رسول.**

6- **کاروان صالح احمد.**

7- **عدنان عثمان محمد.**

8- **پەیمان عبدالکریم.**

9- **هاژە سلێمان مصطفی.**

10- **هاوڕاز شێخ احمد.**

11- **عمر عبدالعزیز بهاءالدین.**

12- **ایوب نعمت قادر(ئارام).**

13- **بەفرین حسین خەلیفە.**

14- **ڤیان عبدالرحیم.**

15- **ناسك تۆفیق عبدالکریم.**

16- **احمد سلێمان عبدالله (بلال).**

17- **د.صباح محمد نجیب.**

**ئـەم پـرۆژە یاسـایە بریتییـە لـە هەشـت بڕگـە، لەگـەڵ هۆکـاری دەرچـوواندنی یاسـایەکە، ئێسـتا داوا لـە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژەیە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژە یاسای هاوكاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر، بەپێی تایبەتمەندی تەحویل دەكرێت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی ئافرەتان، هەروەها هەر ئەندام پەرلەمانتارێكیش ئەو پرۆژە یاسایەی بۆ دێت، فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایەك خوێندنەوەی بۆ كراوە، بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ كابانیانی ماڵ، ناو ماڵ، ئەگەر بچین بێ ئەوەی من ناوەڕۆكی ئەم یاسایە بزانم، تەقریبەن وابزانم هەمان مەبەست و هەمان شەریحەی ئیجتیماعیە، ئەگەر لێرە لەگەڵ تەحویل كردنی ئێوە بڕیارێك بدەن، كە هەردووكی پێكەوە وەڵام بدەین، یان وابزانم ئەگەر یاسایەك هەبێت، دەكرێت یاسایەكی تریش تەقدیم بكەن؟ بەس ئەو مولاحەزەیەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێستا لە بەرنامەی كار هاتووە، ئێمە دەتوانین بەس ئەوە موناقەشە بكەین، ئەگەر پێشنیاری ترت هەیە، دوایی دەتوانیت لەگەڵ سەرۆكایەتی قسە بكەیت، فەرموو بۆ خاڵەكەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی پێنجەم لە بەرنامەی كار/ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4)ی ساڵی 2006.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، ئێستا دەقی ئەو داواكارییەتان بۆ دەخوێنمەوە:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.

سڵاو و رێز....

بەڕێزان، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، كە لە خوارەوە واژوومان كردووە، پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (4)ی ساڵی 2006 دەخەینە بەردەستتان، تكایە بخرێتە بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پەرلەمان، تا گفتوگۆیان لەسەر بكرێت و پەرلەمانیش پەسندیان بكات.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوویان كردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- كاردۆ محمد پیردواد.

2- ڤیان عبدالرحیم.

3- نەریمان عبدالله قادر.

4- د.زانا رؤوف حمە كریم.

5- اسماعیل سعید.

6- كاروان صالح محمد.

7- شێردڵ تحسین.

8- ایوب نعمت قادر(ئارام).

9- گۆران ئازاد محمد.

10- سالار محمود مراد.

11- محمد احمد علی(شارەزووری).

12- عبدالله محمد نوری.

13- پێشەوا تۆفیق مغدید.

14- سالم تۆما.

15- پەیام احمد.

16- عبدالرحمن حسین.

17- پەیمان عبدالکریم.

18- د.احمد ابراهیم علی.

19- د.دانا سعید صۆفی.

ئەم پرۆژە یاسایە بریتییە لە دە ماددە، ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژەیە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە بەپێی تایبەتمەندی پرۆژەکە تەحویل دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی شارەوانی، هەروەها بۆ هەر یەکێك لە ئەندامەکان دەچێت، فەرموو بۆ خاڵی تر، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە دەبێت ئاراستەی لیژنەی پیشەسازی و وزەش بکرێت، چونکە دەزگای وەبەرهێنان عایدی لیژنەی ئێمەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندام پەرلەمانتارێکیش بۆی دەچێت، ئەوان دەتوانن مولاحەزەی خۆیان بدەن، فەرموو لیژنەی یاسایی، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی شەشەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی پشووە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- د.سەروەر عبدالرحمن.
2- گەشە دارا جلال.
3- کەیلی اکرم مەنتك.
4- د. تارا عبدالرزاق محمد.
5- بکر کریم محمد (ئاسۆ).
6- خلیل عثمان حمدامین.
7- ئاواز عبدالواحد.
8-صبیحە احمد مصطفی.
9- بێریڤان سەرهەنگ.
10- عبدالسلام بەرواری.
11- سالم تۆما کاکۆ.
12- محمد احمد علی(شارەزووری).

ئەم پرۆژە یاسایە لە شازدە مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆکاری دەرکردنی یاسایەکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، ئیحالەی لیژنەکانی تاتبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە تەحویل دەکەین بۆ لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندام پەرلەمانتارەکان، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی (ماستەرو دکتۆرا) کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەکەن.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.
2- گەشە دارا جلال.
3- عماد محمد حسین.
4- عمر حمد امین خدر(نورەدینی).
5- شڤان احمد عبدالقادر.

6- محمد احمد علی (شارەزووری).

7- خلیل عثمان حمدامین.

8- کەیلی اکرم مەنتك.

9- د. تارا عبدالرزاق.

10- بێریڤان سەرهەنگ.

11- ئامینە ذکری سعید.

12- زکیە سید صالح.

ئەم پرۆژە یاسایە لە شەش مادده پێکهاتووه، ، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، رەوانەی لیژنەکانی تاتبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە تحویل دەکەین بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و سەرجەم ئەندام پەرلەمانتارەکان، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی هەشتەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- گەشە دارا جلال.

2- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

3- سالار محمود مراد.

4- محمد احمد علی(شارەزووری).

5- عمر حمد امین خدر(نورەدینی).

6- سۆزان شهاب نوری.

7- د.رفیق صابر قادر.

8- شەونم محمد غریب.

9- ئاواز عبدالواحد.

10- صبیحە احمد مصطفی.

11- بێریڤان سەرهەنگ.

12- د. تارا عبدالرزاق.

13- سەردار رشید.

ئەم پرۆژە یاسایە لە پەنجاو یەك مادده پێكهاتووە، لەگەڵ هۆكاری دەركردنی یاسایەكە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین، ئاراستەی لیژنەكانی تایبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە بەپێی تایبەتمەندی خۆی تەحویل دەكەین بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی كۆمەڵایەتی و سەرجەم پەرلەمانتارەكان، فەرموون بۆ خاڵێكی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی نۆیەمی بەرنامەی كار/ خوێندنـەوەی یەكـەمی پێشنیاری هـەموار كردنـی دەسـتەبەری كۆمەڵایـەتی كرێكاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێشكەش بە پەرلەمان كراوە.

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە**

هاوپێچ پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای دەستەبەری كۆمەڵایـەتی كرێكـاران ژمـارە (39)ی سـاڵی 1971 دەنێرین، كە لە كۆبوونـەوەی ئەنجومـەنی وەزیـران ژمـارە (25)ی رۆژی 2010/10/5 پەسـند كـراوە، بـە مەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان، بۆ بڕیاردان لەسەری، ئەو پرۆژەیە لە سێ هاوپێچ پێشكەش كـراوە، هاوپێچی یەكەم، تایبەتە بە هەموار كردنی ئەو یاسایە كە لە (13) بڕگە پێك دێت، داوا لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دەكەین، كە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەم پرۆژەیـە یاسـایە تـەحویل دەكـەین بـۆ لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی كۆمەڵایـەتی و سـەرجەم پەرلەمانتارەكان، فەرموون بۆ خاڵێكی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی دەیەمی بەرنامەی كار/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای سندوقی كۆمەك بە ئەوانـەی تووشـی شێرپەنجە (السرطان)، یان نەخۆشییە گرانەكان بوونە.

ئەوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین پرۆژە یاسای سندوقی کۆمەك بۆ ئەوانەی کەوا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشیە درێژخایەنەکان بووینە پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- د.حسن محمد سورە.
2- هاوڕاز شێخ احمد.
3- بێریڤان سەرهەنگ.
4- د.تارا عبدالرزاق.
5- د.ڕێباز فتاح.
6- قادر حسن قادر.
7- د.جیهان اسماعیل.
8- شێروان حەیدەری.
9- گۆران ئازاد.
10- د.پەریهان قوبلای.

ئەم پرۆژە یاسایە لە یازدە ماددە پێك دێت، هەروەها بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە بەپێی تایبەتمەندی خۆی تەحویل دەکەین بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی تەندروستی، لەبارەی فەقەرەی یازدە ئەو پرۆژە یاسایەی کە پێشکەش کرا بوو لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لەبەر ئەوەی ژمارەیەك لە پەرلەمانتارەکان، ئەوانەی ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، خۆیان شتێکی تریان تەقدیم کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەڵێن لەبەر نەمانی هۆکارەکانی پێشکەش کردنی پرۆژەکەو جێ بەجێ کردنی و چارەسەر کردنی کێشەی قوتابیان و خوێندکاران، بۆیە داواکارین کە پرۆژەکە لە بەرنامەی کار نەمێنێتەوەو رابگیرێت، ئەوانەی کە ناویان نووسیووە دە کەسن:

1- شێروان حەیدەری.
2- گۆران ئازاد.
3- د.ڕۆژان دزەیی.
4- عمر عبدالرحمن.
5- حسن محمد سورە.

6- جلال علی عبدالله.

7- تارا ئەسعەدی.

8- سمیرە عبدالله.

9- ئەڤین عمر احمد.

10- دانا سعید صۆفی.

لەبەر ئەوەی کێشەکە چارەسەر کراوە، ئەم بڕگەیە لە فەقەرەی بەرنامەی کار هەڵدەگرین، دەچینە سەر فەقەرەیەکی تر، کە فەقەرەی دوازدەیە، فەرموو بۆ فەقەرەی دوازدە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوازدە/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای گۆڕانکاری لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008ی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بەناوی پرۆژە یاسای گۆڕانکاری لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، ئەو بەڕێزانە داوا دەکەن کەوا بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، ئەوانەی کەوا پرۆژەکەیان پێشکەش کردووە:

1- کوێستان محمد عبدالله.

2- نەسرین جمال مصطفى.

3- ڤیان عبدالرحیم عبدالله.

4- د.ڕێباز فتاح محمود.

5- پەیمان عزالدین عبدالرحمن.

6- سەرهەنگ فرج محمد.

7- برهان رشید حسین.

8- عدنان عثمان محمد.

9- سیوەیل عثمان احمد.

10- پەیمان عبدالکریم.

11- کاروان صالح احمد.

ئەم پرۆژە یاسایە بە زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش کراوە، لە چوار مادده پێك دێت، هەروەها هۆیەکانی دەرکردنی یاساکەش هاوپێچ کراوە لەگەڵ پرۆژەکە، داوا دەکەین ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەم پـرۆژە یاسـایە تـەحویل دەکـەین بـۆ لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی دارایـی و سـەرجەم پەرلـەمانتارەکان، فەرموون بۆ خالّی (13)، تکایە لیژنەی شارەوانی بفـەرموون بـۆ ئێـرە، فـەرموون لیژنـەی یاسـایی راپـۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی یاسا دەخوێنینەوە، سەبارەت بە پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان – عێراق بەزمانی عەرەبی، پاشان بەزمانی کوردی ئەم راپۆرتە دەخوێنینەوە.

الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق

م/ تقرير اللجنة القانونية حول مشروع قانون وزارة البلديات و السياحة لاقليم كوردستان - العراق

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية صباح يوم الثلاثاء30/گەلاوێژ/2710كوردي المصادف ليوم 2010/9/21 الميلادية بحضور عدد من مستشاري الوزارة لدراسة مشروع قانون (وزارة البلديات والسياحة لاقليم كوردستان – العراق) المقدم من قبل مجلس الوزراء والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (1) في 2010/9/20 كما اجتمعت ثانية بحضور وزير البلديات والسياحة بتاريخ 2010/10/3.

وبعد مناقشة ومداولة مواد وفقرات المشروع، تقدم اللجنة ملاحظاتها بالشكل الآتي:

اولا: المادة الاولى: تؤيدها اللجنة ولاتوجد عليها اية ملاحظة.

ثانيا: المادة الثانية: تؤيد اللجنة المادة وتقترح اضافة عبارة (في اطار القوانين النافذة) الى نهاية الفقرة (رابعا) من المادة وبالشكل الآتي:

(رابعا: العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الاجنبية مع هيئة الاستثمار في الاقليم في اطار القوانين النافذة).

ثالثا: المادة الثالثة:

1- تؤيد اللجنة الفقرات (اولاً - ثانياً - ثالثاً - رابعاً - سادساً - سابعاً - ثامناً - تاسعاً - عاشراً - حادي عشر) اما بالنسبة لبقية الفقرات ترى اللجنة ما يلي:

2- الفقرة (خامساً): تقترح اللجنة تقليص عدد المستشارين بحيث لايزيد عددهم عن اربعة وعدم الحاجة الى ذكر سنوات الخدمة اسوة ببقية الوزارات، واعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:

(خامساً: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة ومن حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص).

3- الفقرة (ثاني عشر): اعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:

**(ثاني عشر: رئاسة البلدية في مراكز محافظات الاقليم، يرأسها في كل محافظة رئيس بلدية حسب الصنف الخاص به).**

4- **الفقرة (ثالث عشر): تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الآتي بعد حذف عبارة (تنظم تشكيلاتها بقانون خاص) وكالآتي، وتحديد مهام تشكيلات الهيئة بنظام.**

**(ثالث عشر: الهيئة العامة للسياحة: ترتبط بالوزارة ويرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال السياحة، وتتكون من التشكيلات الآتية:**

1- **رئيس الهيئة: هو الرئيس الاعلى للهيئة ويشترط ان يكون حاصل على شهادة جامعية اولية في مجال السياحة ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

2- **مكتب رئيس الهيئة.**

3- **المديرية العامة للسياحة في كل محافظة من محافظات الاقليم).**

**رابعا: المادة الرابعة: تقترح اللجنة مايلي:**

1- **الفقرة (اولاً): اضافة كلمة (رئيساً) مقابل (الوزير) لانه يكون رئيساً للمجلس الاستشاري واضافة كلمة (عضواً) الى بقية الفقرات.**

2- **الفقرة ( ثانياً): اضافة عبارة (دون ان يكون له حق التصويت).**

3- **الفقرة (ثالثاً): تبديل كلمة (التوجيهات) بـ(الاقتراحات).**

**واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:**

**(اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري يتألف من:**

1- **الوزير/ رئيساً.**

2- **وكيل الوزارة/ عضواً.**

3- **رئيس الهيئة العامة للسياحة/ عضواً.**

4- **المستشارون/ اعضاء.**

5- **المدراء العامون في الوزارة/ اعضاء.**

6- **للوزير دعوة اي شخص داخل الوزارة وخارجها في اجتماع المجلس لغرض الاستشارة عند الاقتضاء، دون ان يكون له حق التصويت.**

**ثانيا: يتولى المجلس تقديم الاستشارات والاقتراحات الى الوزير وتكتسب صفة القرار الوزاري اذا نال تصديقه).**

**خامسا: المادة الخامسة: تؤيد اللجنة المادة ولاتوجد عليها اي ملاحظة.**

**سادسا: المادة السادسة: تؤيد اللجنة المادة ولاتوجد عليها اي ملاحظة.**

**سابعا: المادة السابعة: تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الآتي بعد اضافة فقرة (ثانياً) اليها:**

**اولاً: يلغي قانون وزارة البلديات رقم (2) لسنة 2007 وقانون وزارة السياحة رقم (20) لسنة 2006 لاقليم كوردستان - العراق.**

**ثانياً: تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وزارتي البلديات والسياحة الملغيتين الى الوزارة.**

**ثامناً: المادة الثامنة: تقترح اللجنة الغاء هذه المادة لعدم الحاجة اليها نظراً لوجود بعض القوانين الخاصة بمجالس البلديات وادارة البلديات وضرورة بقاء احكامها نافذة بما لاتتعارض مع هذا القانون.**

**تاسعاً: المادة التاسعة: تؤيد اللجنة المادة ولاتوجد عليها اية ملاحظة.**

**عاشراً: المادة العاشرة: تقترح اللجنة ان يكون النفاذ من تاريخ النشر وليس من تاريخ الاصدار، لانه الاصل في نفاذ القوانين، واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**{المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)}.**

**حادي عشر: الاسباب الموجبة: تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الآتي :**

**(نظراً لاستحداث وزارة البلديات والسياحة بعد دمج وزارتي البلديات والسياحة في وزارة واحدة وبغية تحديد تشكيلاتها واهدافها ومهامها، فقد شرع هذا القانون).**

**راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت، مع التقدير.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموون بە كورديش بيخوێننەوە.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكايەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی ليژنەی كاروباری ياسايی دەربارەی پرۆژە ياسای وەزارەتی شارەوانيەكان و گەشت و گوزار لە هەرێمی كوردستان - عێراق**

**ليژنەی كاروباری ياسايی سەر لە بەيانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی30/گەلاوێژ/2710ی كوردی بەرامبەر بە 2010/9/21ی زايينی كۆبووەوە بەئامادە بوونی ژمارەيەك لە راوێژكارانی وەزارەت، بۆ لێكۆڵينەوە لە پرۆژە ياسای (وەزارەتی شارەوانيەكان وگەشت و گوزار لە هەرێمی كوردستان – عێراق)، كە لە لايەن ئەنجومەنی وەزيران پێشكەش كراوەو ئاراستەی ليژنەكەمان كراوە، لەدوای خوێندنەوەی يەكەمی لە پەرلەمان لە دانيشتنی ئاسايی ژمارە (1)ی رۆژی2010/9/20، هەروەها ليژنەكەمان دووبارە كۆبووە بە ئامادە بوونی وەزيری شارەوانيەكان و گەشت و گوزار لە رۆژی 2010/10/3دا، دوای وتووێژو تاوتوێ كردنی ماددەو برگەكانی پرۆژەكە، ليژنە تێبينيەكانی خۆی بەم شێوەيەی خوارەوە پێشكەش دەكات:**

**يەكەم: ماددەی يەكەم: ليژنە پشتگيری دەكات و هيچ تێبينيەكی لەسەر نييە.**

**دووەم: ماددەی دووەم: ليژنە پشتگيری ماددەكە دەكات و پێشنياز دەكات دەستەواژەی (لەچوارچێوەی ياسا جێبەجێ كراوەكاندا) بخرێتە كۆتايی برگەی چوارەم لە ماددەكەو بەم شێوەيەی خوارەوە:**

(چوارەم: کارکردن بۆ راکێشانی سەرمایەو هاندانی وەبەرهێنانی بیانی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا لەچوارچێوەی یاسا جێ بەجێ کراوەکاندا بێت).

سێیەم: ماددەی سێیەم:

1- لیژنە پشتگیری بڕگەکانی (یەکەم - دووەم - سێیەم - چوارەم - شەشەم - حەوتەم - هەشتەم - نۆیەم - دەیەم - یازدەم) دەکات، بەلاّم لە بارەی بڕگەکانی دیکە، کە دەکاتە بڕگەی (پێنج و دوازدەو سێزدە) لیژنە ئەم تێبینیانەی هەیە:

2- بڕگەی (پێنجەم): لیژنە پێشنیاز دەکات ژمارەی ڕاوێژکارەکان کەم بکرێتەوە، بەجۆرێك کە ژمارەیان لە چوار زیاتر نەبێ، پێویست ناکات باسی ساڵەکانی خزمەتی بکرێت، وەك وەزارەتەکانی دیکەو بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(پێنجەم: ڕاوێژکارەکان: ژمارەیان لە چوار زیاتر نەبێ و خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و شارەزاو پسپۆر بن).

3- بڕگەی (دوازدەم): بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(دوازدەم: سەرۆکایەتی شارەوانیەکان لەسەنتەری پارێزگاکانی هەرێم: لە هەر پارێزگایەك سەرۆکی شارەوانی سەرۆکایەتی دەکات، بەپێی پۆلی تایبەتی خۆی).

4- بڕگەی (سێزدەم): لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژریتەوە، دوای لادانی دەستەواژەی (پێکهاتەکانی بەیاسای تایبەتی ڕێکدەخرێ)و بەم جۆرە ئەرکی پێکهاتەکانی دەستەکە بەپێڕەو دەستنیشان دەکرێ.

(سێزدەم: دەستەی گشتی گەشت وگوزار: بە وەزارەتەوە دەلکێ و فەرمانبەرێك بەپلەی تایبەت خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆو شارەزاو پسپۆر لەبواری گەشتوگوزاردا سەرۆکایەتی دەکات و، لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

1- سەرۆکی دەستە: سەرۆکی بالاّی دەستەیە، بەمەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە بواری گەشت وگوزارداو خاوەن شارەزاو پسپۆر بێت.

2- نووسینگەی سەرۆکی دەستە.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتووگوزار لەهەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمدا).

چوارەم: ماددەی چوارەم: لیژنە پێشنیازی ئەمەی خوارەوە دەکات:

1- بڕگەی (یەکەم): وشەی (سەرۆك) بەرامبەر بە (وەزیر) زیاد بکرێ، چونکە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژکارییەو، وشەی (ئەندام) بۆ بڕگەکانی دیکە زیاد بکرێت.

2- بڕگەی (دووەم): دەستەواژەی (بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت) زیاد بکرێت.

3- بڕگەی (سێیەم): گۆڕینی وشەی (ئاراستەکردنەکان) بە (پێشنیازەکان). ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: وەزارەت ئەنجومەنێکی راوێژکاری دەبێ و لەمانەی خوارەوە پێك دێ:
1- وەزیر/ سەرۆك.
2- بریکاری وەزارەت/ ئەندام.
3- سەرۆکی دەستەی گشتی گەشت و گوزار/ ئەندام.
4- راوێژکارەکان/ ئەندامن.
5- بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە وەزارەت/ ئەندامن.
6- وەزیر بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەسێك بکات لەناو وەزارەتدا، یا لەدەرەوەی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەن، بەمەبەستی ڕاوێژ پێ کردن لەکاتی پێویستیدا، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.
دووەم: ئەنجومەن پێشکەش کردنی ڕاوێژو پێشنیازەکان بۆ وەزیر دەگرێتە ئەستۆ، شێوەی بڕیاری وەزاری وەردەگرێ، ئەگەر پەسەند کردنی بەدەست هێنا.
پێنجەم: ماددەی پێنجەم: لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکات، هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.
**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
شەشەم : ماددەی شەشەم: لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکات، هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.
حەوتەم: ماددەی حەوتەم:
لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، دوای زیاد کردنی بڕگەی (دووەم):
(یەکەم: یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان ژمارە (2)ی ساڵی 2007و یاسای وەزارەتی گەشت و گوزاری ژمارە (20)ی ساڵی 2006ی هەرێمی کوردستان - عێراق هەڵدەوەشێتەوە.
دووەم: هەموو مافەکان و پابەند بوون و هەبووەکان (موجودات)و میلاکەکانی وەزارەتەکانی شارەوانیەکان و گەشت و گوزاری هەڵوەشاوە دەدرێنە وەزارەت).
هەشتەم: ماددەی هەشتەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ئەم ماددەیە هەڵوەشێتەوە، چونکە پێویست ناکات، بەهۆی هەبوونی هەندێ یاسای تایبەت بە ئەنجومەنەکانی شارەوانیەکان و بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان و، پێویستە حوکمەکانی جێ بەجێ بکرێن بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئەم یاسایە ناکۆك نەبن.
نۆیەم: ماددەی نۆیەم: لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکات، هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.
دەیەم: ماددەی دەیەم: لیژنەی پێشنیاز دەکات جێبەجێ کردنی لە رۆژی بڵاوکردنەوەی بێت، نەك لە رۆژی دەرچواندنی، چونکە بنەڕەتێکە لەجێ بەجێ کردنی یاساکاندایەو بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:
(ماددەی دەیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێ).
یازدەم: هۆیە پێویستیەکانی: لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(لەبەر دامەزراندنی وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشت وگوزار، دوای لێکدانی هەردوو وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشت وگوزار لە یەك وەزارەتداو لە پێناو دەست نیشان کردنی پێکهاتەکانی و ئامانج و ئەرکەکانی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا).

بفەرموون بۆ ئاگاداری ئەسڵی پرۆژەکەو ڕای لیژنـەی یاسایی لـەم بارەیـەوە بخرێتـە بـەردەم پەرلـەمان، بـۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەم بارەیەوەو دەنگدان لەسەری. لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی فەرموون راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

نوکەش راپۆرتا لیژنا خزمەتگوزاریێ شارەوانی و گەیاندن و گەشت و گوزارێت دێ بـە زمـانی عـەرەبی، بـۆ ئێوە دێتە خوێندن.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م/ تقرير لجنة الخدمات البلدية والمواصلات والسياحة**

**حول مشروع قانون وزارة البلديات والسياحة**

اجتمعت لجنة الخدمات البلدية والمواصلات والسياحة في يوم 2010/10/4 بحضور ممثلين عن وزارة البلديات، لدراسة مشروع قانون وزارة البلديات والسياحة المرسل من قبل حكومة أقليم كوردستان الى برلمان، والمحال الى لجنتنا من قبل رئاسة البرلمان بعد القراءة الأولى له في البرلمان في الجلسة الأعتيادية المرقمة (1) في 2010/9/20، وبعد المناقشة والمداولة، توصلت اللجنة الى مايأتي:

تؤيد اللجنة المشروع، مع وجود بعض الملاحظات والأقتراحات حول نص المشروع آملين عرضها في اجتماع البرلمان بغية مناقشتها، مع التقدير.

المادة الأولى/ لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة الثانية/ ثالثاً: تقترح اللجنة أن تعاد صياغتها بالشكل الآتي:

(تهيئة الاجواء المناسبة للمحافظة على البيئة النظيفة والصحية وادارة النفايات الصلبة والأهتمام بالمناطق الخضراء في المدن والقصبات مع المناطق السياحية.

رابعاً: تقترح اللجنة أن تصاغ بالشكل الآتي:

(العمل على أجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الأستثمارات في القطاعات ذات العلاقة بالوزارة وذلك بالتنسيق مع هيئة الأستثمار في الاقليم).

المادة الثالثة/ سادساً: تقترح اللجنة أن تضاف اليها هذه الفقرة:

**(تتبع المديريات العامة المبينة أدناه الوزارة، ويرأس كلاً منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ويتمتع بالخبرة والأمكانية).**

1 - **المديرية العامة للديوان.**

2 - **المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.**

3 - **المديرية العامة للتخطيط العمرانى.**

4 - **المديرية العامة للمشاريع.**

5 - **المديرية العامة للماء والمجارى.**

6 - **المديرية العامة للبلديات في محافظات الأقليم.**

7 – **المديريات العامة للسياحة في محافظات الأقليم.**

**(ثاني عشر) والذى أصبح (ثامناً)، يصاغ بالشكل الآتي:**

**(رئاسة البلدية في كل محافظة من محافظات الاقليم، يرأسها موظف بدرجة مدير عام حسب الصنف الخاص للبلدية).**

**(ثالث عشر) والذى اصبح (تاسعاً): تقترح اللجنة أن تكون دائرة السياحة (مديريات عامة) وليست هيئة كما هو في المشروع وتصبح (المديريات العامة للسياحة في محافظات الأقليم).**

**المادة الرابعة/ تقترح اللجنة أن تصاغ (4) كما يأتي: (4- المدراء العامون للوزارة) وليست في الوزارة.**

**تقترح اللجنة أن تصاغ (5) في النص العربى كما يأتي:**

**(أي شخص يدعوه الوزير من داخل الوزارة أو خارجها الى اجتماع المجلس لغرض الأستشارة عند الحاجة دون أن يكون له حق التصويت).**

**المادة الخامسة/ تقترح اللجنة أن تعاد صياغة المادة في النص الكوردي بالشكل الآتي: (وەزیر بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ کەسە ئاسایی و مەعنەویەکان، ئەوانەی شارەزاو پسپۆرن لە هەرێم و دەرەوەی هەرێم، بۆ ئەو ماوەیەی بە گونجاوی دەزانێت بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت، لەلایەن وەزیرەوە ماف و ئەرکەکانیان دیاری دەکرێت، دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران).**

**المادة السادسة/ تقترح اللجنة أن تصاغ الفقرة (أولا) كما يأتي: (يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة).**

**تقترح اللجنة أن تصاغ الفقرة (ثالثا) كما يأتي: (على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون).**

**المادة السابعة/ تقترح اللجنة أن تضاف اليها فقرة أخرى وتصبح الفقرة الأصلية (أولاً) ويكون نص الفقرة المضافة كالأتى: (تؤول ممتلكات وموجودات وشؤون منتسبي الوزارتين الى الوزارة المستحدثة بموجب هذا القانون).**

المادة الثامنة/ لاتوجد عليها ملاحظة.

المادة التاسعة/ لا توجد عليها ملاحظة.

المادة العاشرة/ تعاد صياغة النص على الشكل الآتي:

(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)).

تقترح اللجنة أن تصاغ الأسباب الموجبة على النحو الآتي:

(نظراً لدمج وزارتي البلديات والسياحة في تشكيلة الكابينة السادسة لحكومة اقليم كوردستان، ولتحقيق المصلحة العامة ووضع هيكل مناسب ونشط حسب متطلبات الوقت الحاضر وتقليص النفقات والغاء بعض التشكيلات الادارية وتسهيل تعامل المواطنين مع دوائر الوزارة، فقد شرع هذا القانون)، وشكراً.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای وەزارەتی**

**شارەوانی و گەشت و گوزار لەهەرێمی کوردستان**

دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ژمارە (1)ی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2010/9/20 لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان) کراو ئاراستەی لیژنەکەمان کرا.

لەرۆژی 2010/10/4 لیژنەی شارەوانیەکان و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار کۆبوۆوەو گفتوگۆی لەبارەی پرۆژە یاساکە کرد، لیژنەکەمان پشتگیری پرۆژە یاساکە دەکات، بەو پێیەی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بوونەتە یەك وەزارەت وێڕای چەند تێبینی و پێشنیارمان لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژە یاساکە، هیوادارین بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەلایەن پەرلەمانتارانی بەرێزەوە پەسند بکرێت، لەگەڵ رێزدا.

ماددەی یەکەم/ وەك خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی دووەم/ سێ یەم: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ئامادە کردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگەی پاك و دروست و چارەسەری زانستیانەی زبڵ و پاشماوەکان و گرنگیدان بە ناوچە سەوزاییەکان لە شارو شارۆچکەکان و شوێنە گەشت و گوزارییەکان.

چوارەم: تێبینیمان لەسەر دەقە کوردیەکە نییە، بەڵام دەقە عەرەبیەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(العمل على اجتذاب رؤوس الأموال وتشجيع الآستثمارات الأجنبية في القطاعات ذات العلاقة بالوزارة مع هيئة الآستثمارات في الاقليم).

ماددەی سێ یەم/ شەشەم: ئەم پێشەکیەی بۆ زیاد بکرێت:

شەشەم: ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە سەر بەوەزارەت دەبن و هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەیان دەبات، کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی بێت.

1 – بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

2 – بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان و بەدواداچوون.

3 – بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی.

4 – بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکان.

5 – بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکان.

6 – بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێم.

7 – بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی گەشت و گوزار لە پارێزگاکانی هەرێم.

دوانزەهەم: لە دەقی پرۆژە یاساکەدا دەبێتە (هەشتەم)و، بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژرێتەوە:

(هەشت/ سەرۆکایەتی شارەوانی لە سەنتەری هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم، کەسێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێت، بەپێی تایبەتمەندی شارەوانیەکە).

سیانزەهەم : لە دەقی پرۆژە یاساکەدا دەبێتە (حەوتەم)و، بەم شێوەیەی خوارەوە دادەرێژرێتەوە:

(بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی گەشت و گوزار لە پارێزگاکانی هەرێم )و لە ریزبەندیدا بخرێتە پێش خاڵی (هەشتەم) و ریزبەندیەکە ڕێك بخرێتەوە.

ماددەی چوارەم/ (4)ەم لە دەقە کوردیەکە تێبینیمان نییە، بەڵام دەقە عەرەبیەکەش ناخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی پێشتر خوێندرایەوە.

(5)ەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە :

(لەکاتی پێویست وەزیر بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەسێك بکات لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت، بەمەبەستی ڕاوێژ پێ کردن، بێ ئەوەی هەقی دەنگدانیان هەبێت).

ماددەی پێنجەم/ بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(وەزیر بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ کەسە ئاسایی و مەعنەویەکان ئەوانەی شارەزاو پسپۆڕن لە هەرێم و دەرەوەی هەرێم، بۆ ئەو ماوەیەی بە گونجاوی دەزانێت، بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت، لەلایەن وەزیرەوە ماف و ئەرکەکانیان دیاری دەکرێت، دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران).

ماددەی شەشەم/ وەك خۆی بمێنێتەوە دەقە کوردیەکە هەڵبەتە.

ماددەی حەوتەم/ بکرێتە دوو بەش، بڕگەی سەرەکی بکرێتە یەکەم، بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

دووەم: بەپێی ئەم یاسایە سەرجەم کەل و پەل و کاروباری کارمەندو فەرمانبەرانی هەردوو وەزارەتی هەڵوەشێنراو، دەخرێتە سەر وەزارەتی تازە پێکهێنراو.

ماددەی هەشتەم/ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی نۆیەم/ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی دەیەم/ بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (ئەم یاسایە لە رۆژی بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە:

بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (لەبەر لێکدانی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و هێنانە کایەی پێکهاتەیەکی لەبارو چالاك بەپێی پێداویستیە هەنووکەییەکان و کەمکردنەوەی خەرجیەکان و لابردنی هەندێك پێکهاتەی ئیداری و ئاسانکاری لە مامەڵەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ فەرمانگەکانی وەزارەت، ئەم یاسایە دەرچووێنرا. سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی یاسایی خاڵ بەخاڵ بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە بەردەمی پەرلەمانتارەکان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: الوزارة: وزارة البلديات والسياحة للاقليم.

ثالثاً: الوزير: وزير البلديات والسياحة للاقليم.

رابعاً: وكيل الوزارة: وكيل وزارة البلديات والسياحة للاقليم.

خامساً: المجلس: المجلس الاستشاري لوزارة البلديات والسياحة للاقليم.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.

سێیەم: وەزیر: وەزیری شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.

چوارەم: بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.

پێنجەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە پرۆژە یاساکەو رەئی هەردوو لیژنەکانمان خوێندەوە، ئێستا خاڵ بەخاڵ دێینە سەری، ئێستا ماددەی یەکەم خوێندرایەوە، بزانین چ پەرلەمانتارێك دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات، یان رەئی دەربڕێت، فەرمووو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی یاسا، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی رەئیتان.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ ئەم بەڕێزانە داوای قسە کردنیان کردووە (د.صباح بەرزنجی، د.رفیق صابر، بەفرین حسین)، فەرموو د.صباح قسە بکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، من تەنها مولاحەزەی ئەوەم هەیە، کە عەرەبیەکەی (وزارة البلديات والسياحة)، مەرج نییە، کە دەیکەین بە کوردی فیعلەن بڵێین وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزار، لەسەر زمان زۆر قورسە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کوردیەکەی (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) بێت، بۆ سەر زمان ئاسانترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رفیق صابر فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجەکەی منیش هەر زمانەوانیە لەسەر ئەوەی کوردی، بیجگە لەوەی کە لە کوردیدا مەرج نییە، ئەوەی لە عەرەبیدا جەمع بێت، کۆ بکرێتەوە، لە کوردیشدا بە هەمان شێوە بێت، بەشی یەکەمی قسەکەم ئەوەیە، کە پشتگیری پێشنیارەکەی کاك دکتۆر صباح دەکەم، بەشی دووەمیش ئەوەیە، کە وشەی گەشتوگوزار بەڕاستی ئێمە وشەیەکی زۆر جوانترمان هەیە لە کوردیدا گەشتیارییە، کە دەڵێین گەشتیاری، لە کاتی گەشتیاریدا، ئەگەر وشەی گەشتیاری بێنین، وشەی سائیحیش بە گەشتیار زۆر جوانترە لە گەشتوگوزارکەر، چونکە دەبێتە وشەی لێکدراو، لە کاتێکدا ئێمە گەشتیار بۆ خۆی دەبێتە یەك وشە لەجیاتی، بۆیە پێشنیار دەکەم و تکاش دەکەم لە هەموو تێکستە کوردیەکەدا وشەی گەشتیار وەزارەتی شارەوانی و گەشتیاری بێت، وەزارەتیش ناچار بکرێت، کە لە جیاتی گەشتوگوزار، ئەم وشەیە لابرێت، وشەی گەشتیاری بەکار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئیەکەی من هەمان رەئی کاك دکتۆر سەباحە، لە بری ئەوەی کە بڵێین وەزارەتی شارەوانیەکان، بکرێت بە وەزارەتی شارەوانی، هەرچەندە لە دەقە کوردیەکەش بەو جۆرە هاتووە، لە پێناسەی زاراوەکانیشدا، کە باسی ئەنجومەن دەکات، نووسراوە ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، من پێشنیار دەکەم، کە دەستەواژەی راوێژکاری لەو پێناسەیە لابدرێت، تەنها ئەنجومەنی وەزارەت بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجومەنە تەنها کاری راوێژکاری ناکات، بەڵکو سوڵتەیەکی فیعلیشی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزاتانەی کە دران، زیاتر عیلاقەی بە صیاغەوە هەیە، ئەمە یەك.

دوو/ دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە ئێمە ناوی ئەو یاسایە لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران پەسندمان کردووە، ئەگەر هەر گۆڕانکارییەك بێتە سەر ئەو یاسایە، دەبێت ئێمە قانونی ئەنجومەنی وەزیران تەعدیل بکەین، ئینجا دەستکاری لەو هەیکەلیەتە بکەین، بۆیە ئێستا لێرەدا ناکرێت ئێمە دەستکاری بکەین، بەلاّم لە موستەقبەل ئەگەر ویسترا ئەم مەسەلانە بگۆڕدرێت، یان دەستەواژەکان بگۆڕدرێت، پێویستە تەعدیلی قانونی ئەنجومەنی وەزیران بکەین، ئینجا ئەو قانونەش لەگەڵ ئەو تەعدیل دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش کاتی خۆی لەناو لیژنە هەمان تێبینیمان هاتە پێش، شارەوانیەکان، لەبەر ئەوەی لە عەرەبیەکەی جەمعە، تەماشامان کرد لەبەر ئەوەی لە دەقی یاساکەدا بەو شێوەیەی کە ئێمە پێشتر پەسندمان کردووە، نەمانتوانی دەستکاری بکەین، سەبارەت بە گەشتیارو گەشتوگوزارەکەش، کەلە جێگەی دابنرێت، دیسان ئەوەش هەر لە یاساکەدا هاتووە، ئەگەرنا ئێمە پێشنیارەکەی کاك دکتۆر رەفیق سابیرمان پێ پەسندەو پێمان باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری شارەوانی رەئیتان؟

**بەڕێز سمير عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی من تێبینیم نییە لەسەر ماددەی یەکەم، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی پەرلەمان و لیژنەی شارەوانی پەرلەمان باسیان کرد، من موافیقم لەگەڵیان، هیچ تێبینیم نییە لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دوا صیاغەکەی بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: الوزارة: وزارة البلديات والسياحة للاقليم.

ثالثاً: الوزير: وزير البلديات والسياحة للاقليم.

رابعاً: وكيل الوزارة: وكيل وزارة البلديات والسياحة للاقليم.

خامساً: المجلس: المجلس الاستشاري لوزارة البلديات والسياحة للاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەکوردیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریانە:**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**دووەم: وەزارەت: وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.**

**سێیەم: وەزیر: وەزیری شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.**

**چوارەم: بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.**

**پێنجەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزاری هەرێم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو ناوەی کەوا کاك دکتۆر سەباحیش دەریبڕی و کاك دکتۆر رەفیق سابیریش پشتگیری لێ کرد، ئێمە هەست دەکەین زۆر بە ئاسایی هاتووە، وەزارەتی بەلەدییات هەر لە عەرەبی، لەکوردیەکەی وەزارەتی شارەوانیە، بەلآم کێشەکەمان لێرە ئەوەیە، من تێ ناگەم بۆچی لیژنەی یاسایی دەیکات بە شارەوانیەکان؟ بەڕێزیشتان گوتتان بەڕێز سەرۆکی شارەوانی فەرموو، نەتگوت بەڕێز سەرۆکی شارەوانیەکان، کێشەکە لێرەیە، بۆچی لە دەقی پرۆژە یاساکە لایانداوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی قانونی وەلآمی ئەوەیان دایەوە، لەبەر ئەوە دەبێت نیزامەکە هەمووی هی ئەنجومەنی وەزیران بگۆڕێ، ئێستا بەو صیاغەیەی ئەخیری کە لیژنەی قانونی خوێندیانەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بڕوات فەرموو دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دووەم.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(اهداف الوزارة)**

**المادة الثانية: تهدف الوزارة الى مايلي:**

**اولاً: تقديم الخدمات البلدية والسياحية لتأمين احتياجات السكان من الماء الصافي للشرب ومجاري المياه الثقيلة ومياه الامطار ومحطة تصفيتها وبناء الطرق والجسور والانفاق داخل حدود البلديات والقرى مع المناطق السياحية والارتقاء بالخدمات البلدية المختلفة كماً ونوعاً مع تأمين احتياجات المواطنين في المناطق السياحية والمتنزهات.**

ثانياً: التخطيط والادارة وتنفيذ العمل والواجبات بما يسهم في خلق تنمية اقتصادية محلية عن طريق السياسات الفعالة في استخدامات الارض والتخطيط العمراني مع تخطيط ومتابعة وتطوير الحركة السياحية ضمن اطار الخطة العامة للسياحة في الاقليم.

ثالثاً: تهيئة الاجواء المناسبة للمحافظة على البيئة النظيفة والصحية والاهتمام بالمناطق الخضراء في المدن والقصبات مع المناطق السياحية.

رابعاً: العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الاجنبية مع هيئة الاستثمار في الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بەكوردیەكەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئامانجەكانی وەزارەت**

ماددەی دووەم: ئامانجی وەزارەت ئەمانەی خوارەوەیە:

یەكەم: پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری شارەوانی و گەشتوگوزاری بۆ دابین كردنی پێویستیەكانی دانیشتوان لە ئاوی پاكی خواردنەوەو ئاوەڕۆی ئاوی قوڕس و ئاوەڕۆی ئاوی باران و وێستگەی چارەسەری پاك كردنەوەیان و دروست كردنی رێگاو پردو تونێل لەناو سنووری شارەوانیەكان و گوندەكان، لەگەڵ شوێنە گەشتوگوزارییەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری هەمەجۆریان لە رووی چەندیی و چۆنییەوە، لەگەڵ دابین كردنی پێویستیەكانی هاونیشتمانیان لە شوێنی سەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەكان.

دووەم: پلاندانان و بەڕێوەبردن و راپەڕاندنی كارو ئەركەكان بەجۆرێكی وا دەگرێتە ئەستۆ، كە بەشداری لە خولقاندنی گەشە سەندنی ئابووری خۆماڵی بكات، ئەمەش لە رێگای گرتنەبەری سیاسەتێكی كارا دەبێ، بۆ بەكارهێنانی زەوی و نەخشەدانانی ئاوەدانی لەگەڵ پلاندانان و بەدواداچوونەوەو پێش خستنی جموجۆڵی گەشتەوەری لە چوارچێوەی پلان گشتی گەشتوگوزار لە هەرێم.

سێیەم: ئامادە كردنی بارودۆخێكی گونجاو بۆ پارێزگاری كردن لە ژینگەی پاك و دروست و گرنگیدان بەناوچە سەوزاییەكان لە شاروشارۆچەكان و لەگەڵ شوێنە گەشتوگوزارییەكان.

چوارەم: كار كردن لەپێناوی هێنانی سەرمایەو هاندانی وەبەرهێنانی خۆماڵی و بیانی لە كەرتەكانی پەیوەندیدار بە كارەكانی وەزارەت و، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا دەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی قانونی فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی هەرسێ فەقەرەی ماددەکەین ئەوەی بەرایی، تەنها بەنیسبەت فەقەرەی چوارەم ئیعتیرازمان هەیە، داوای ئەوەمان کردووە، کە ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە بەشێوەیەك، کە دەستەواژەی (في اطار القوانين النافذة) ئیزافەی ئاخیری فەقەرەکە بکرێت، خوێندنەوەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

(رابعا: العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الاجنبية مع هيئة الاستثمار في الاقليم في اطار القوانين النافذة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقە کوردیەکە لەگەڵ دەقە عەرەبیەکە، لەهەندێکی لە دەقە کوردیەکە تێبینیمان هەیە، لەهەندێکیش لە دەقە عەرەبیەکە تێبینیمان هەیە، لە دەقە کوردیەکە ماددەی دووەم خاڵی سێیەم، پێمانوایە بەو شێوەیە دابرێژرێتەوە:

(ئامادە کردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگەی پاك و دروست و چارەسەری زانستیانەی زبڵ و پاشماوەکان و گرنگیدان بە ناوچە سەوزاییەکان لە شارو شارۆچکەکان و شوێنە گەشت و گوزارییەکان).

خاڵی چوارەمیش تێبینیمان هەیە، پێمانوایە بەو شێوەیە دابرێژرێتەوە:

(العمل على اجتذاب رؤوس الأموال وتشجيع الآستثمارات الأجنبية في القطاعات ذات العلاقة بالوزارة وذلك بالتنسيق مع هيئة الآستثمار في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەڕاستیدا ئێمە دائیمەن لە تەرجومە کردن لە عەرەبیەوە بۆ کوردی موشکیلەمان دەبێت، چونکە بەشێوەیەکی تەبایی نین، چۆن تەرجومە دەکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، بۆ ئەوەی دوای ئەوە لەسەری رێککەوین، ئێستا کێ دەیەوێت موناقەشەی ئەم ماددەیە بکات دەستی بەرز بکاتەوە تاکو ناوی بنووسین؟ ئەم بەڕێزانەی خوارەوە ناوی خۆیان نووسیوە (دانا سعید صۆفی، بەیان احمد، فازل بەشارەتی، عبدالله مام عەلی، محمد دلێر محمود، پێشەوا تۆفیق، پەروین عبدالرحمن)، کەسی تر هەیە؟ شوان کەریم، فەرموو دانا قسە بکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایه لەو ماددەیەدا ئامانج و ئەرکەکان بابڵێین لە هەندێ لە بڕگەکان تێکەڵ کراوە، بۆ نموونـە لـە دووەم/ باس لەوە دەکات پلاندانان و بەڕێوەبردن و راپەڕاندنی ئەرکەکان، هـەر بـەخۆی بـاس لـەوە دەکـات ئەرکـەکان، ئەگـەر تەماشـای بەشـی دووەمـی ئـەم بڕگەیـە بکـەین، دەڵێـت ئەمـەش لـە ڕێگـای گرتنەبـەری سیاسەتێکی وا بەم شێوەیە، یـەعنی بـاس لـە ئەرکـەکانی وەزارەت دەکـات، جـا مـن پێشـنیار دەکـەم مـاددەی دووەم لەژێر ناونیشـانی ئامانجەکانی وەزارەتـدا بکرێـت بـە ئامـانج و ئەرکـەکان، لەبـەر ئـەوەی لـە هەنـدێ بڕگەکان ئەرکەکانیشی تێدایە.

بەنیسبەت بڕگەی سێیەم لـە مـاددەی دووەم، مـن پێشـنیاری لیژنـەی ئاوەدانکردنـەوە بـە پەسـندی دەزانم، تەنیا یەك شتی لێ لابدرێت، ئەویش ئەوەیە ئامـادە کردنـی بـارودۆخێکی گونجـاو، بـۆ پارێزگـاری کـردن لـە ژینگەو پاك و دروست و چارەسەری پاشماوەکـان و گرنگیـدان، یـەعنی زانسـتیانەی زبـڵ و ئـەو شـتانەی لـێ لابدرێت، لەبەر ئەوەی پاشماوەکان هـەمووی دەگرێتـەوە، زبڵـیش دەگرێتـەوە، لێـرە زەروری نییـە زبڵەکـەی تێدا بێت، هەروەها زانستیانە، نازانم زانستیانە چیە، بەڕاستی تەعریفی زانستیانە ئاسان نییە، تۆ لێـرە لـە یاسایەکدا بیکەیت، ئەوەندە کافیە ئامانجی چارەسەری با بڵێین ئەو پاشماوانەی کە هەیـە بکـات، بـۆ ئـەوەی ژینگەی کوردستان بە پاك و تەمیزی بهێڵرێتەوە، هەروەها بەنیسبەت ئـەو پێشـنیارەی لیژنـەی یاسـایی بـۆ بڕگەی چوارەم، من پشتیوانی لێ دەکەم، پێموایە صیاغەیەکی باش و دروستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەیان احمد فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پتر موداخەلا من لە لایـەنێ گەشـتوگوزار وەرگـریتن، چـونکە ئەگـەر ئـەم سـەح کـەینێ هـەرێما کوردسـتانێ سوپاس بۆ خودای مەزن، کو بەڕاستی هەرێمێکا گەشتوگوزارا ئیت ڤێت حکومەتا هەرێمێ تایبـەت وەزارەتـا گەشتوگوزارو شارەوانی پتر گرنگی پێت کەرتێ بداتن، ئەز بەباشی دەزانم خالـەکا دی بێتـە زێـدە کـرن، بـۆ ڤی بابەتێ، یەعنی ماددەی دوێ، (العمل على تطوير القطاع السياحي في الاقليم لاجتذاب السياح وفـق خطـة مرحليـة)، یـەعنی مەرحەلـە بـۆ مەرحەلـە کـەرتێ سـیاحێ بـەرەو باشـتر بچـێتن، بەڕاسـتی هـەم ناحیـە ئیقتیصادیش بۆ هەرێمێ باشە، هەم ناحیەکا دیش تەبعەن خەڵکەك، یەعنی خاصەتەن حەز بە کوردسـتان بکاتن بەشێوەیەکی باشتر دێ ئەز فەرد دبینم ئەو خالە زێدە ببێتن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، ئێمـە پێمـان باشـە هـەر پەرلـەمانتارێك پێشـنیارێکی هەیـە، یـان گۆڕانکارییـەك بکـات لـە صیاغەکە، بە نووسین بینووسێت و بیداتە لیژنەی یاسایی و شـارەوانی، بـۆ ئـەوەی زیـاتر بەرچـاویان روون بێت، کاك فازل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەمدا، باسی دوو خاڵ دەكات، یەكێكیان/ مەسەلەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەشارو شارۆچكەكان و گوندەكان، بەبڕواو پێشنیاری من، پێشنیار دەكەم كە هەتا ئێستاش ئەوەی كە مەعلومە بەڕاستی مەسەلەی گوندەكان، تەنها لە رووی ئاوی پاكەوە، ئەویش هەموو گوندەكانی كوردستان نا، هەندێك لە گوندەكان تەنها لە رووی ئاوی خواردنەوە حیسابی بۆ كراوە، هەر لەم ماددەیەدا باسی ژینگە پارێزی دەكات، بەبڕوای من مەسەلەی ژینگە پارێزی، لێرەش گوندەكان ئەگەر بكرێت تیمی گەڕۆكی شارەوانی هەبێت، بۆ پاك كردنەوەی گوندەكان، ئەگەر وەكو گەڕەكی شارەكانیش رۆژانە نەبێت، ئەگەر لە مانگێ جارێك، یان لە ساڵێ دوو جاریش بێت، چونكە بەڕاستی ئێستا لە كوردستان گوند دروست بووە، لە حدودی (800) ماڵ بۆ (1000) ماڵیش دەبێت، بەلاَم هەتاوەكو ئێستا هیچ ئاوەڕدانەوەیەكی شارەوانی بۆ نەكراوە، هەم بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن پێیان، هەم بۆ پارێزگاری كردنی ژینگە پارێزی، چونكە هەموومان دەزانین بەحەقیقەت شوێنی گەشت و گوزار زیاتر دەكەوێتە سنووری گوندەكان و كوێستانەكانی كوردستان، لێرە نە ناوی كوێستانەكان هاتووە، نە ئەو تیمی گەڕۆكە هەیە، یان تیمی شارەوانی لە گوندەكاندا نییە، بۆ پاك كردنەوەی گوندەكان و پارێزگاری كردنی ژینگە لە كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عبداللە علی فەرموو.

**بەڕێز عبداللە علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەند خاڵەكە تێپەڕی، بەلاَم لە بڕیاری ژمارە (13)ی ساڵی 2009دا بە بڕیار وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، نازانم لیژنەی یاسایی چۆن دیاری دەكات؟ یان دیاری ناكات؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تێپەڕیوە.

**بەڕێز عبداللە علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بڕیارە هەیە، لە هەردوو دەقەكە عەرەبی و كوردیەكە دێهات هاتووە، دێهات تابعی خزمەتگوزارییە لەلایەن وەزارەتی بەلەدییاتەوە نییە، یەعنی پێویستە ئەوە بكرێت، ئەو شوێنانەی كە دەكەونە داخیلی مەنتیقەی خزمەتگوزاری، لەشوێنێكیش سەوزایی هاتووە بەناوچە سەوزەكان رەنگە بە تەعبیرە كوردیەكە باشتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دلێر محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی یەكەمدا لە رووی زمانەوانیەوە، بەڵێ ئیعتیماد دەكەینە سەر دەقە عەرەبیەكە، بەلآم كۆمەڵێك شت هەیە لە زمانی كوردیدا جێی خۆی كردۆتەوە، وەكو لە فەقەرەی یەكەمدا لە دێری چوارەم دەڵێت لە رووی چەندی و چۆنیەوە، بەلآم لە كوردیدا بووە بە چەندایەتی و چۆنایەتی، من بە چاكی دەزانم، ئەوە چاك بكرێت، لە فەقەرەی دووەمیشدا لە دێری سێیەمدا دەڵێت جموجۆڵی گەشتەوەری، گەشتیاری لەلای ئێمە تەقریبەن شوێنی خۆی گرتووە لە كوردیدا، ئیتر پێویست بە دەقە عەرەبیەكە ناكات، لە فەقەرەی سێیەمیشدا، كە باسی گرنگیدان بە سەوزاییەكان و، لەگەڵ شوێنە گەشتوگوزارییەكاندا دەكرێت، من وای بە باش دەزانم مەسەلەی ژینگە لەكوردستاندا بە دەرەجەی یەكەم خۆڵ و خاشاك دەكەن، ئەو خۆڵ و خاشاكەی كە لە كوردستاندا هەیە، لە هەموو شوێنێكدا ناتوانرێت چارەسەر بكرێت بەشێوەیەكی مۆدێرن، لە هەمان كاتیشدا ئیستیفادە بكرێت لە هەندێ بەشی ئەو خۆڵ و خاشاكە بۆ سەرلەنوێ بۆ پیشەسازی، بۆ ئەوەی بتوانێت بەكارهێنانی لەبواری پیشەسازی، بەشی گەشە سەندنی پیشەسازی و ئابووری خۆماڵیدا، لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم، ئەو خاڵەی مەسەلەی خۆڵ و خاشاك تەسبیت بكرێت لە فەقەرەی سێیەمدا، بۆ ئەوەی وەزارەتی شارەوانی مولزەم بكرێت، كە ئەوە مەوزوعێكە لەبەردەمیداو بەردەوام هەوڵی بۆ بدات و چارەسەری بكات، تاكو ئەم دەقەیەش هەر ئەو خاڵە بەشێوەیەكی مەتاتی باسی شوێنە سەوزاییەكانی كراوەو باسی گەشتوگوزارییەكان كراوە، بەلآم سەوزایی و گەشتوگوزاری، ئەوە بەڵێ ژینگە پاك دەكاتەوە، بەلآم لە هەمان كاتدا خۆڵ و خاشاك زیاتر ژینگە پیس دەكات، بەشێوەیەكی سەرەكی لە هەموو شارو شارۆچكەكان و دێهاتەكانیش، كە كاك فازڵ باسی كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشەوا تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەكەم، ئەوەی پەیوەستە بە جێ بەجێ كردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەناو گوندەكان و لە رووی سنوورەوە تابعی شارەوانیەكان نین لە قەزاو ناحیەكان و، لە شارەكانیش، ئەوەندەی من مەعلوماتم هەبێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەكان، من نازانم پێموایە ئەو خاڵە زیاتر پێویستی بە روون كردنەوە هەیە، ئایا گەیاندنی ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە بەچ ئالیەتێك دەگات بە گوندەكان؟ چونكە ئەوەندەی من مەعلوماتم هەبێت، تەنها جێ بەجێ كردنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەیە لە دێیەكان تابعی وەزارەتی شارەوانی بووە، كە پێشتر ئەنجامدراوە، ئەویش دوای ئەوەی كە بەڕێوەبەرایەتیەك بەناوی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر جیا كراوەتەوە لە سنووری پارێزگاكان، تەنها ئەمە وەكو مەشاریع جێ بەجێ كراوە، بۆیە من پێم باشە روون كردنەوە زیاتر هەبێت لەم خاڵە، ئایا ئالیەتی گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەكان بۆ گوندەكان چ ئالیەتێكە؟ لە كاتێكدا ئەمانە لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەكاندان.

سەبارەت بە خاڵی دووەم، پلاندانان و بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکەکان بەجۆرێکی وا دەگرێتە ئەستۆ، کە بەشداری لە خوڵقاندنی گەشە سەندنی ئابووری خۆماڵی بکات، ئەمەش لە ڕێگای گرتنەبەری سیاسەتێکی کارا دەبێ، بۆ بەکارهێنانی زەوی، من پێشنیار دەکەم دوای ئەم خاڵە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە ئێمە دەزانین کاتێك کە نەخشەی بنەڕەتی، یاخود ماستەر پلانی شوێنێك دادەنرێت، شار، قەزایەك، ناحیەیەك دادەنرێت، زۆرترین ئەو زەویانەی کە بەر ئەم نەخشەیە دەکەون، رەنگە تابعی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بن، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئایا ئەم بڕگەیەی بۆ ئیزافە بکرێت؟ بۆ ئەوەی هەماهەنگیەك هەبێت لەنێوان وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بۆ ئەوەی ئەو زەویانەی دەکەونە بەرنەخشەی بنەڕەتی و ماستەرپلانەوە بە ئاگاداری هەردوولا بێت، لە خاڵی سێیەمیش، پێشنیاری ئەمە دەکەم، کە هەمان بڕگەی بۆ ئیزافە بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، چونکە ئێمە دەزانین بەشێك لە ناوچە سەوزاییەکان تابعی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، وەکو غابات، یان هەندێك ناوچەی سەوزایی تر هەیە، کە ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەم دوو بڕگەیە ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەروین عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئەگەر تەماشای ئەو پرۆژەیە بکەین، وەك دەڵێت گرنگی زیاتر بە ناوچە سنوورەکان داوە، کە باس لە سنوور دەکات، بەتایبەتی سنووری شارەوانیەکان، ئێمە ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین ئەو ئیهتیمامە زیادەی کە بە دەرەوەی سنووری شارەوانی دەدرێت، وەك ئەوە نییە کە بە ناوەوەی سنووری شارەوانیەکان دەدرێت، ئێستا زۆر گۆڕەپان هەیە لە ناوەڕاستی ماڵەکانی هەندێك گەڕەك ماونەتەوە، کە بۆتە هۆی خڕبوونەوەی زبڵ و خاشاك، کە ئەمەش هەم لە رووی ژینگەوە، هەم لە رووی تەندروستیەوە زۆر خراپە بۆ هاووڵاتیان، بۆیە من پێشنیار دەکەم گرنگی زیاتر بەو گۆڕەپانانەش بدرێت، کە کەوتوونەتە ناوەڕاستی ماڵەکانی هەندێك لە گەڕەکەکان، بۆ ئەوەی ئەم پیسیە نەمێنێت، بەنیسبەت گوندەکان، من پێشنیار دەکەم زیاتر گرنگی بە گوندەکان بدرێت، لەبەر ئەوەی زۆر بێ خزمەتگوزارین، هەم لە رووی ئاوەڕۆ، هەم لە رووی ئاوی پاك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شوان کریم فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر چ دەڵێی لەبارەی پێشنیارو ماددەکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی شارەوانیم لە ماددەی دووەمی بڕگەی سێیەم، من موافقم لەگەڵ ڕەئیان، بەڕاستی پێشنیارەکەیان بەجێیە، کە (وادارة النفايات الصلبة والأهتمام بالمناطق الخضراء)، هەرچەندە هەمووی دەگرێتەوە لە مەبەستەوە، لێرە مەحدودی کردووە، من بەباشی دەزانم کە لێرە ئێمە بینووسین، لەگەڵ خاڵی چواریش بەنیسبەت لیژنەی یاسایی، ئێمە پێش ئێستاش دانیشتین و کۆبوونەوەمان کردووە، لەگەڵ ئەو خاڵەش موافیقم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك موداخەلات کرا لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پەیوەندی هەیە بە هەندێك مەوزوعی بابەتی، لێرە لیژنەی پەیوەندیدار ئیمکان هەیە جواب بداتەوە، نەك لیژنەی یاسایی، بەنیسبەت ئەو ڕەئیەی کە لیژنەی شارەوانی عەرزی کردو جەنابی وەزیریش موافیق بوو، بەنیسبەت فەقەرە سێ، ئەو صیاغەیەی دەکەین، پاشان دەخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری ئەو بەڕێزانەی کە کرا، باس لە پاشماوەکان کرا، کە زبڵ و ئەوانە لابدرێت، من پێموایە نازانم ئەوە ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیان چ دەبێت، بەس ئێمە پێمانوایە ئەوەی کەدامانناوە پڕ بە پێستی جێگەی خۆی بووە، سەبارەت بەکەلیمەی زانستیەکانیش، ئێمە لەجیاتی (ریسایکلین)مان بەکارهێناوە، مەبەستمان ئەو کەلیمەیە بووە، بەس بە کوردی شتێکی ترمان نەبووە تا دایبنێین، ئینگلیزییەکەش ئەوەیە، جەنابت باشتر دەزانی، تەبعەن (ریسایکلین)یش کارەکەی ئەوەیە دووبارە تەنزیم کردنەوەو ڕێکخستن و لێك جیاکردنەوەیە، بۆ جارێکی تر ئیستیفادە لێ کردنی ئەو زبڵ و زاڵەی کە هەیە، سەبارەت بە گوندەکانیش، منیش پێموایە نازانم کەلیمەی گوندەکان بۆ لامان نەبردووە؟ چونکە گوندەکان ناکەوێتە چوارچێوەی بەلەدییات، مادام لە (2500) نفوس کەمتر بێت، بەس کە دانراوەو ڕەقەمیشی بۆ

دیاری نەکراوە، دیارە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو یاسایەی کە پێشتر هەیە، بەپێی ئەوەی کە دیاری کراوە (2500) نفوس، دەکرێت بە بەلەدییات حیسابی بۆ بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە مەبەستیان (ڕێسایکلین) بێت، لە جیاتی زانستیانە، دەتوانن دووبارە بەکارهێنانەوە بەکار بێنن، ئەو مانایە دەگەیەنێت، دووبارە پاشماوەکان بەکار دەهێنرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی، پرسیارێك کرا دەربارەی تەنسیقێك لەنێوان وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ ئەو مەسەلەیە نازانم ڕەئیتان چی بوو؟

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە زیاتر وەزارەتی شارەوانی ناچار دەکات، کە کۆمەڵێك ئیجرائات بکات، ئەوەش لەوانەیە بۆی سەخت بێت، جەنابی وەزیر پێی باشە، یان نا، بەس ئێمە پێمان باش نییە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەو تەنسیقە بۆ ئەوان زەحمەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕووی قانونیەوە تەنسیق وجوبیە بەنیسبەت وەزیری بەلەدییات، کە تەنسیق بکات لەگەڵ هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، نەك وەزارەتی زراعە.

دووەمیش/ قەوانینی تر هەیە، ئەو مەسائیلانەی موعالەجە کردووە، پێویست ناکات لێرە مەسەلەن لە ڕووی قانونیەوە، تەنها تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی زراعە بکات، چونکە هەر وەزارەتی زراعە مەعنی نییە، وەزارەتی صحە مەعنیە، زۆر وەزارەتی دیکە مەعنی هەنە، من تەنها تەوزیحم ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وەزیری شارەوانی یەك، دوو پێشنیاری ئێوەی پەسند كرد، یەكێكیان/ پێشنیارەكەی لیژنەی شارەوانی بوو، ئەویتریشیان/ پێشنیاری لیژنەی یاسایی بوو، جا پێمان باشە ئاخیر صیاغەی بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية: تهدف الوزارة الى مايلي:

اولاً: تقديم الخدمات البلدية والسياحية لتأمين احتياجات السكان من الماء الصافي للشرب ومجاري المياه الثقيلة ومياه الامطار ومحطة تصفيتها وبناء الطرق والجسور والانفاق داخل حدود البلديات والقرى مع المناطق السياحية والارتقاء بالخدمات البلدية المختلفة كماً ونوعاً مع تأمين احتياجات المواطنين في المناطق السياحية والمتنزهات.

ثانياً: التخطيط والادارة وتنفيذ العمل والواجبات بما يسهم في خلق تنمية اقتصادية محلية عن طريق السياسات الفعالة في استخدامات الارض والتخطيط العمراني مع تخطيط ومتابعة وتطوير الحركة السياحية ضمن اطار الخطة العامة للسياحة في الاقليم.

ثالثاً: تهيئة الاجواء المناسبة للمحافظة على البيئة النظيفة والصحية وادارة النفايات الصلبة والاهتمام بالمناطق الخضراء في المدن والقصبات مع المناطق السياحية.

رابعاً: العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الاجنبية مع هيئة الاستثمار في الاقليم في اطار القوانين النافذة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە كوردیەكەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئامانجەكانی وەزارەت**

ماددەی دووەم: ئامانجی وەزارەت ئەمانەی خوارەوەیە:

یەكەم: پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری شارەوانی و گەشتوگوزاری بۆ دابین كردنی پێویستیەكانی دانیشتوان لە ئاوی پاكی خواردنەوەو ئاوەڕۆی ئاوی قورس و ئاوەڕۆی ئاوی باران و وێستگەی چارەسەری پاككردنەوەیان و دروست كردنی رێگاو پردو تونێل لەناو سنووری شارەوانیەكان و گوندەكان لەگەڵ شوێنە گەشتوگوزارییەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری هەمەجۆریان لە رووی چەندیی و چۆنییەوە لەگەڵ دابین كردنی پێویستیەكانی هاونیشتمانیان لە شوێنی سەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەكان.

دووەم: پلاندانان و بەڕێوەبردن و راپەڕاندنی كارو ئەركەكان بەجۆرێكی وا دەگرێتە ئەستۆ، كە بەشداری لە خوڵقاندنی گەشە سەندنی ئابووری خۆماڵی بكات، ئەمەش لە رێگای گرتنەبەری سیاسەتێكی كارا دەبێ،

بـۆ بـەکارهێنانی زەوی و نەخشـەدانانی ئـاوەدانی لەگـەڵ پلانـدانان و بەدواداچـوونەوەو پـێش خسـتنی جموجۆڵی گەشتەوەری لە چوارچێوەی پلان گشتی گەشتوگوزار لە هەرێم.

سێیەم: ئامـادە کردنـی بـارودۆخێکی گونجـاو بـۆ پارێزگـاری کـردن لـە ژینگـەی پـاك و دروسـت و دووبـارە بـەکارهێنانی پاشمـاوەی قـوڕس و گرنگیـدان بەناوچـە سـەوزاییەکان لـە شاروشارۆچـەکان و لەگـەڵ شـوێنە گەشتوگوزارییەکان.

چوارەم: کار کردن بۆ راکێشانی سـەرمایەو هانـدانی وەبـەرهێنانی بیـانی لەگـەڵ دەسـتەی وەبـەرهێنان لـە هەرێمدا لەچوارچێوەی یاسا جێ بەجێ کراوەکاندا بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای وەرگرتنی تێبینیەکان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی شارەوانیەکان پێیان باشە کەلیمەی (بالتنسیق) ئیزافە بکرێتە سەر فەقەرەی چوارەم، ئەگەر بە پەسندی بزانن، دووبارە دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دوایین داڕشتنەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەباشی دەزانم تەنها بڕگەی چوارەم بیخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانی تر خوێندرایەوە.

رابعاً: العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات وذلك بالتنسيق مع هيئة الاسـتثمار في الاقليم في اطار القوانين النافذة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەش.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقە عەرەبیەکەم لەبەردەستە.

چـوارەم: کـار کـردن بـۆ راکێشـانی سـەرمایەو هانـدانی وەبـەرهێنانی بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ دەسـتەی وەبەرهێنان لە هەرێم لەچوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکاندا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم لە جەنابی وەزیر روون کردنەوەی زیاترمان بداتێ، سەبارەت بەو خاڵەی کە باس کرا، کاتێک گوندەکان لە سنووری شارەوانیەکان نین، ئایا چۆن خزمەتگوزاری دەگەیەنێت بەو گوندانە؟ من پێموایە ئیزافە کردنی ئەمە، لێرەدا ئیشکالیەتێك دروست دەکات، تۆ کاتێك کە گوند لە چوارچێوەی سنووری شارەوانیدا نەبێت، چۆن خزمەتگوزاری دەگەیەنێت بەو گوندانە؟ پێم خۆشە جەنابی وەزیر ئەگەر روون کردنەوەی زیاترمان بداتێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، وەحدەی ئیداری زیاتر هەڵدەستیت بە یارمەتی دانی گوندەکان لەلای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئاوی خاوێن و پاك بۆیان دابین دەکرێت، ئەوانی تر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون لەگەڵ وەحدەی ئیداری ئەوانە یارمەتی دەدەن بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو گوندانە کە لە ژێر 2500 نەفەر خوارترن، ئەوانەی کە زیاترن کە مەربوت دەبێ بە وەزارەتی شارەوانی کە دەبێتە شارەوانی یان کۆمەڵگایەك دەبێت کە شارەوانی تێدا دەکرێت، ئەو خزمەتگوزاریانە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی گەشتوگوزارەوە جێ بەجێ دەکرێت، لێرە من ناڵێم کە ئێمە ناتوانین یارمەتیان بدەین ئەو شوێنانەی کە بە گەشتیاری دادەنێن لەژێر خزمەت کردنی وەزارەتی گەشتوگوزارە کە دەبێ ئەو ئیشانەش بکات، بەڵکو زۆر جێ دەگرێتەوە کە گوندەکانیش دەگرێت لەوەی، من ناتوانم بە مەحدود بیڵێم کە وەزارەتی شارەوانی هەڵدەستێ بە خاوێن کردنەوەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان، بەس ئێمە دەتوانین ئەوانەی کە مەربوت دەبێت بە وەزارەتی شارەوانی کە شارەوانی بە خۆی لەو جێیانە هەیە کە لە 2500 نەفەر بە سەرەوەن کە ئەوانەش بە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار عەمەلی پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ئەوەی هەموو تێبینیەکان وەرگیران و لیژنەی یاسایی دوایین سیاغەی خوێندەوە، ئێستا دوایین سیاغە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەست بەرز بکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(تشکیلات الوزارة)**

**المادة الثالثة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:**

**اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانياً: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية.**

**ثالثاً: مكتب الوزير: يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعاً: مكتب وكيل الوزارة: يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامساً: المستشارون: يكون عددهم خمس مستشارين ومن حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في اعمالهم مدة لاتقل عن عشرين سنة في احد الاختصاصات التالية:**

1- **القانونية.**

2- **هندسة الطرق.**

3- **هندسة الماء والمجاري.**

4- **هندسة تخطيط المدن.**

5- **السياحة.**

**سادساً: المديرية العامة للديوان: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**سابعاً: المديرية العامة للتخطيط والمتابعة: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ثامناً: المديرية العامة للتخطيط العمراني: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**تاسعاً: المديرية العامة للمشاريع: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**عاشراً: المديرية العامة للماء والمجاري: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**الحادي عشرة: المديرية العامة للبلديات في محافظات الاقليم: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**الثاني عشرة: رئاسة البلدية في مركز كل محافظة من محافظات الاقليم: يرأسها في كل محافظة رئيس بلدية حسب الصنف الخاص للبلدية.**

**الثالث عشرة: الهيئة العامة للسياحة: ترتبط بالوزارة ويرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال السياحة وتنظم اعمال الهيئة اعلاه وتشكيلاتها بقانون خاص.**

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیەکەی بخوێننەوە، د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێکهاتەکانی وەزارەت**

**ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:**

**یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالأی وەزارەتەو بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستە کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی و چاودێری چالاکییەکانی دەکات و هەر لەویشەوە ئەو بریارو فەرمان و رێنماییانە دەردەچن، کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانیەوە لە رووی هونەری و دارایی و کارگێڕی و رێکخستنەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاساو بەرپرسیارە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنداو، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەت، یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان، یان ئەوانەی لە وەزارەتدا بە شیاویان دەزانێ.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کاروبارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێت و دەبێت بڕوانامەی بەرایی پسپۆڕی زانکۆیی هەبێت.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بە پلەی بەڕێوەبەر بێت و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن.**

پێنجەم: ڕاوێژکاران: ژمارەیان پێنج دەبێت دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێت و ماوەی شارەزاییان لە بواری کارەکەیان کەمتر نەبێت لە بیست ساڵ خزمەت و کارامە بن و پسپۆڕیەکەشیان لە یەکێك لەم بوارانەدا دەست نیشان دەکرێت:

1- یاسایی.

2- ئەندازیاری ڕێگاوبان.

3- ئەندازیاری ئاو و ئاوەڕۆکان.

4- ئەندازیاری نەخشەکێشانی شارەکان.

5- گەشتوگوزار.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی بێت.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی بێت.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی بێت.

نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی بێت.

دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی بێت.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها لەسەر سێ فەقەرە ئیعتیرازاتمان هەیە، فەقەرەی 5 و 12 و 13 ئەوانی تر ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، بە نیسبەت فەقەرەی 5 کە تایبەتە بە موستەشارەکان، پێنج موستەشار داندراوە و هەر موستەشارەکیش ئیختساسی خۆی هەیە، ئێمە پێمانوایە 5 موستەشار زۆرە، چوار موستەشار دابندرێت هەروەکو وەزارەتەکانی دیکە، وە ئیختساسەکانیش لابردرێت، دوایی خۆی جەنابی وەزیر بتوانی تەنسیق بکات کە چۆن ئەو پێنج بەشە دابەش دەکات لەسەر ئەو چوار موستەشارانە، ئەوەمان بۆ سەلاحیەتی جەنابی وەزیر هێشتووەتەوە، بە نیسبەت فەقەرەی 12 تەنها ئیعادەی سیاغەمان کردووەتەوە، ئیعادەی سیاغەکە بەم شێوەیەیە: ثاني عشر: رئاسة البلدية في مراكز محافظات الاقليم . يرأسها في كل محافظة رئيس بلدية حسب الصنف الخاص به )، بە نیسبەت سیاحەوە،

بەڕاستی ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین و موناقەشەیەکی زۆری ئەو مەسەلەیەمان کرد، پێمان وایە بە نیسبەت ئەو تەعریفە و ئەو وەسفەی کە لەناو یاسایەکەدا هاتووە بۆ سیاحە تۆزێك دروست نیە، ئێمە پێمانوایە، ئەوەڵەن/ وەزارەتی سیاحە ناوەکەی لە قانونی وەزارەت هاتووە، بەڵام لە عەینی وەخت دەڵێت بە نیزامەك ئەم دەستەیە تەشکیل دەکرێت، باشە ئەگەر ئەم دەستەیە لەناو قانونی وەزارەت هات بێت، من بۆ بە قانونێکی تر تەنزیمی بکەم؟ خۆ بە نەفسی قانونی وەزارەت ئێمە ئەو دەستەیە تەشکیل دەکەین، پاشان ئیمکان هەیە مەهامی و ئیختساسات و ئەهدافی وەزیر بە دەسەڵات خۆی دەری بکات، بۆیە جەنابی وەزیریش مانع نەبوو کە ئێمە دەستەکە بە موختەسەری ئیشارەتی پێ بدەین کە ئەویش بریتیە لە ڕەئیسی هەیئەکە و مەکتەبی ڕەئیسی هەیئە و ئەو مدیریاتە عامانەی کە لە موحافەزەکانی هەرێمن، تەنها ئەوەندە ئیشارەتی پێ بدرێت پاشان ئیمکان هەیە بە نیزام ئەهداف و ئامانج و ئیشوکارەکانی ئەم دەستەیە دیاری بکرێت، بۆیە ئێستا ئەوەی کە خوێندمانەوە تەنها لەسەر ئەو سێ نوقتەیە ئیعتڕازمان هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی ڕەئیتان؟ کاك بلال فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 3 ئێمە لە خاڵی 1 و 2 و3 و4 و5 لە کوردیەکەی تێبینیمان نیە، بەس لە عەرەبیەکە هەندێك تێبینیمان هەیە لەسەری، پێمانوایە عەرەبیەکەی پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە، لەبەرئەوە غەڵەتەکانی زۆر تر قەواعیدین، سەبارەت بە 6 ئێمە پێمانوایە دووبارە کردنەوەی زۆر تێدایە لە خاڵەکاندا کە باس لە بەڕێوبەرایەتی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی دووجار دووبارە کراوەتەوە، ئێمە پێمان باشە بەو شێوەیە ڕێك بخرێتەوە:

شەشەم/ ئەم بەڕێوبەراتیە گشتیانە سەر بە وەزارەت دەبن و هەریەکەیان بەڕێوبەرێکی گشتی بەڕێوەیان دەبات کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و کارامەیی بێت، 1. بەڕێوبەری گشتی دیوان، 2ـ بەڕێوبەرایەتی پلانـدانان و بەدواداچوون، 3ـ بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی، 4ـ بەڕێوبەرایەتی پرۆژەکان، 5. بەڕێوبەرایەتی ئاوو ئاوەڕۆکان، 6. بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێم.

دیارە ئەم شەشەمە پاش و پێشمان پێی کردووە. حەوت/ بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکانی هەرێم، دیارە لە دەقی پرۆژەکە دا هاتووە بە هەیئە پێمانوایە ئەگەر چی لەناو لیژنەکەشماندا ڕەئی جیاواز هەبوو بەس ئێمە زۆر تر ڕەئیمان وایە کە بکرێتە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان، نەك هەیئە، وەکو کاك شێروانیش ئیشارەی پێی کرد، مەسەلەی قانون لە ناو قانون دا ناکرێت قانون لەناو قانونێك دا

جێی بکرێتەوە، مادام قانونێك هەیە دەبێت وردەکاریەکانی باس بکرێن ناکرێت قانونێك لە ناو قانونێکی تر دروست بکرێت، 12 لە دەقی پرۆژە یاسایەکە دەبێتە 8، بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژرێتەوە:

سەرۆکایەتی شارەوانی لە سەنتەری هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم کەسێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوبەری گشتی دەبێت بە پێی تایبەتمەندی شارەوانیەکە.

13 لە دەقی پرۆژە یاسایەکەدا دەبێتە 7 و بەم شێوەی خوارەوە دادەڕێژرێتەوە:

بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکانی هەرێم و لەڕیزبەندی دا بخرێتە پێش خاڵی 8 و ریزبەندیەکە رێکبخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری شارەوانی، کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله (وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە لەگەڵ لیژنەی یاسایی بە تێروتەسەلی باسی لێوە کرا لە تاریخی 3-10-2010 و گەیشتینە لێك تێ گەیشتنێك کە ئەوانەی کە ئێستا نووسراوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە موافەقەتی لەسەر کرا لە هەردوو تەرەفەوە، بە نیسبەت دانانی مودیریەی عامە بۆ گەشتوگوزار ئەوەش زۆر باسی لێوە کرا کە بۆچی مدیریەی عامە بێ و بۆچی هەیئە نەبێت؟ هەیئە بەڕاستی ئەمە زۆر گەشتوگوزارمان پێشێل کردووە لە زۆر نەواحی، کە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بوونەوە یەك و دەمج کران وەزارەتی شارەوانی بە خۆی بە تەنیا ئیشوکارەکانی زۆر زۆرن، لەبەرئەوە کە ئێمە بتوانین گەشتوگوزار ئەهمیەتێکی خاسی پێ بدەین وای لێ بکەین بێتە ئاستێکی وا کە لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسێ بە ئاستێکی زۆر بەرز بێت و بتوانین ببێتە داهاتێکی کە موقابلی نەوت بێت کە هەیە، ئێستا وای لێ بکەین و بێینە ئەو مستەوایەی، لەبەرئەوە ئەگەر هەیئەتێك چاك بکەین، گرنگیەکی خاس دەدەینە ئەو بەشەی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، لێرە لەبەرئەوە باسی ئەوەی زۆر بە دیراسەتێکی باش کرا کە هەیئە دەتوانێت بە موازی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بتوانێت یارمەتی ئەو گەشتوگوزارە بکات کە بێتە ئاستێکی زۆر بەرز و بتوانی خزمەتی وڵاتی ئێمە بکات، خزمەتی ئەو سنعەتەی بکات کە بتوانین ئێمە ئیفتخاری پێ بکەین و ببێتە داهاتێکی خاس بۆ هەموو هاووڵاتیان، لەبەرئەوە ئێمە پێشنیاری لیژنەی یاسایی زۆر بە گرنگی دەزانم کە ئەو هەیئەتە بمێنێتەوەو مدیریەی عامەکە لەهەر شارێك مودیریەی عامە بکرێتەوە کە ئەوان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەستن و بتوانن لە شارەکانیش پێویستە کە مدیریەی عامەیەك هەبێت و بتوانێت گەشتوگوزار لەو شوێنانە بکات، لەبەرئەوە من پێشنیاری لیژنەی یاسایی بە تەواوی دەزانم بۆ

ئەوەی بتوانین ئەو پێشنیارە قەبوڵ بکرێت لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە، بە نیسبەت مدیریەی عامەی کە لیژنەی شارەوانی دەڵێت، من ناڵێم مدیریەی عامە کەمترە لە هەیئەك، ئێمە مدیریەی عامەمان هەیە کە ئیش و کاریان زۆر زۆر زیادە وەکو مدیریەی عامەی ئاو و مەجاری، بەس دیسانەوە لەگەڵ ئەوەی کە گەشتوگوزار دەمانەوێ ئیهتمامێکی خاسی پێ بدەین، لەبەرئەوە پێمان باشە هەیئەیەك بێت، نە مودیریەی عامە بێت، لەبەرئەوە دەمانتوانی ئەویش مدیریەی عامە بێت و مدیریاتی لە شارەکانی تریش بێت، لە بۆ ئەوە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو باسە کرا زیاتر ڕەئیان لەسەر ئەوە بوو کە ئەوە هەیئەیەك بێت لەناو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، من تێبینەکی ترم نیە لەسەر ئەوانە، بەڵام ئەوە ماددەیەکی زۆ رموهیمە کە بتوانین موافەقەتی لەسەر بکەین و بە عینوانی هەیئە نەك بە عینوانی مدیریەی عامە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی تێبینیتان هەبوو؟ کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوکا دەڤی تەعدیلاتا دێ عەرەبیێ دێتە خاندن:

المادة الثالثة/ سادسا/ تقترح اللجنة ان تظاف اليها هذه الفقرة، یەعنی (1 و 2و 3و 4و 5) ، تتبع المديريات العامة المبينة ادناه الوزراة ويرأس كل منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و يتمتع بالخبرة والاختصاص.

مەبەستیش ڤێ ژی چ بوو؟ ئەڤرۆ دووبارە (ان يكون من ذوى الاختصاص.....) دووبارە بێتن و دووبارە بێتن، هەمی لە جوملەیەکی دا بێنینە خارێ:

1 - المديرية العامة للديوان.

2 - المديرية العامة للتخطيط.

3 - المديرية العامة للتخطيط العمرانى.

4 - المديرية العامة للمشاريع.

5 - المديرية العامة للماء و المجارى.

6 - المديريات العامة للبلديات في محافظات الأقليم.

7 – المديريات العامة للسياحة في محافظات الأقليم.

(ثاني عشر) والذى أصبح (ثامناً)، يصاغ بالشكل الآتي:

(رئاسة البلدية في كل محافظة من محافظات الاقليم، يرأسها موظف بدرجة مدير عام حسب الصنف الخاص للبلدية).

(ثالث عشر) والذى اصبح (تاسعاً): تقترح اللجنة أن تكون دائرة السياحة (مديريات عامة) وليست هيئة كما هو في المشروع و تصبح (المديريات العامة للسياحة في محافظات الاقليم).

پرسيار دێته كرن بۆچی نەكەينە (المديريات العامە للسياحە)بۆچی نەكەينە هەيئە بێتە لادان و ببێتە (المديريە العامە للسياحە)، يان بێين سەح كەينە تەشكيلاتێت وزارى، وەكيل وەزير ناوى دوو وەكيل نەدانايىنە، ئەڤە يەك، چونكە سياحە شتەكە سيناعەش شتەكە، وە بەلەديە كارێكى ديە، سياحە حاليەن سياحە سيناعەيە، سياحە نە بەس كەسێكە وگەشتوگوزاريەكە و خەلكى بچێتە گەشتوگوزارى، سياحە بوويە مەسدەر رزق، بۆيە مەسدەرەكى داهاتى، لەولاتێت پێشكەڤتى، ل ولاتێت پتر ئيهتمامێ ڤى بابەتى ددەن، مە لڤێرێ چ دڤێتن؟ مە دڤێتن (هيئة الاستثمار) پيچەكى وى لێ بكەن (المديريە العامە)، پتر نەشاتێ خاس بێتە گرێدان، ئەم سەلاحياتا بدەينە مديرياتا، ئەڤە ئێك، خالا دى ئەگەر تو بێيە ئەسبابى موجبە تو بخوێنى هەدەف چيە؟ هەدەف تەقليسى نەفەقاتە، يێ دەمج بووى ئەگەر بێين جارەكا دى تر هەيەئەكا دى تر چێ كەنەڤە، ديسانەكا دى رەئيس هەيئەكى دانا، ديسان مدير عاما بۆ داناو ديسانەوە... الخ، ئيزەن نەفەقاتێ تيجارى دێ چ لێت؟ نەفاقاتێ تيجارى دێ زێدە بن، ئى ژ بەر هەندێ رەئيا ليژنا مە ئەڤە بوو، ئەم هەيئێ ژ ڤێ مەركەزيا هاتيە يەعنى سەحب بكەن و پتر ئەم سەلاحيەتێ بدەنە مديرياتى عامەى سياحە، دا ئەوە بشێتن و كارێ خۆ رابێتن، نەك ئەم هەندەك قەوانينا و نيزاما و تەشكيلاتا بێين جارەكا دى تر دەستێ وێ گرێ دەن، ژ بەر وێ هەندێ مە ئەڤ پێشنيارانە هەمى نڤيسى و كو ئەم هەيئە لادەن و ئەم پتر تەركيزێ لسەر مديرياتا بكەن، ئەڤ دبێژم ئەڤە دێ پتر خزمەتێ دكات و پتر دەسەلاتێ دێتە مديريەى سياحەىمەنتقێ، چ هاوكارى دگەل حكومەتێ يان ژى چ هاوكارى دگەل قتاعى خاص داو پتر بوژانەوە بدەن، لوزارە پتر پارا وى تەوجيە بێت و ئيشراف بێت و ئيرشاد بێت لە ( ضمن الاطار العام لتطوير الحركة السياحية) لهەرێمێ يان ژى كوردستانێ و سپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بايز اسماعيل/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەى دەيانەوێ قسە بكەن؟ ئەو بەڕێزانە ناويان نووسرا (كاك فرست، كاك عبدالرحمن حسين، قادر حسن، فاضل بەشارەتى، عمر هەورامى، كاك عادل، صباح بەرزنجى، رفيق صابر، صباح بيت الله، نەريمان عبدالله، نەسرين جمال، كاردۆ محمد، ڤيان عبدالرحيم، عظيمة نجم الدين، شوان كريم، شلێر محى الدين، شلێر محمد، بەيان احمد، عمر عبدالعزيز، بەفرين، شێردڵ، ئەڤين عمر، بێريڤان سەرهەنگ، ئاسۆ كريم، هاژە سليمان، د.احمد)، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەمووومان دەزانين قتاعى سياحە لە كوردستان قتاعێكى موهيمە، يەعنى يەك لەو قتاعاتانە ئەوەى ئيعتمادەكى رەئيسى لەسەرە لە كوردستان، لەبەرئەوە پێش ئێستا وەزارەت بوو، من بێم وزارەت بچووك بكەمەوەو بيگەهينمە دەرەجەيەك بيكەمە مديريەتێكى عام، مەعناى وايە ئەو قتاعە بەرەو مردن دەچێت

بەڕاستی، ئەگەر بێتو برادەرێك بڵێت ئاخرهەر موحافەزەیەك مدیریەتێکی عامی هەبێت، ئەو مدیریاتە عامانە وەحداتی مەرکەزینە، یەعنی مەربوت و لەژێر سێبەری وەزارەتن و هیچ ئیستقلالیەتێکی نابێت، فی حین ئەگەر بێتو بکەینە هەیئە، هەیئە وەحدەیەکی لامەرکەزیە و پێی دەڵێن لامەرکەزی میرفەقی، نەوعە ئیسقلالیەتەکە بت، من ناڵێم جیاواز دەبێ لە وزارەت و هیچ تەدەخولی ناکات، یەك/ شەخسیەتێکی مەعنەوی دەبێت، مودیراتی عام شەخسیەتی مەعنەوی نیە، دوو/ میزانیەتێکی ناڵێم موستەقل دەبێت، وەڵڵا ئیحتمال هەیە موستەقلیش بێت، چونکو واریداتی هەیە سیاحە، مادام واریداتی دەبێت ئیحتمال هەیە میزانیەکی موستەقلیشی هەبێت، لەبەرئەوە بەڕەئی من هەیئە زەمانێکی باشترە بۆ پێشخستنی سیاحە لە مودیریاتەکی مونفەسڵ، چونکو لە نوقتەیەکیش هەیە، مدیریەی عامەی سلێمانی هیچ عەلاقەیەکی لەگەڵ هی هەولێر نابێت، هی هەولێر عیلاقەتی لەگەڵ دهۆك نابێت، بەڵام ئەگەر هەیئە هەبیتن مەجموعەی مدیریاتی عامی دەبێت نە زەروریە هەر فەرە مەجلسی ئیدارەی هەبێت، چونکە ئەو مەجلس ئیدارەیە وەحداتی مەرکەزی لەوە وەحداتی لامەرکەزی جیاواز دەکات، ئەو وەختە ئەو مدیریاتی عامە لەژێر سێبەری هەیئە ئیجتماعاتی خۆی دەکات و وەزیریش ئیشراف لەسەریان دەکات، لەسەر ئەوەش بەخۆی هەیئە سەرۆکی دەبێت، ئەوا زەمانێك و گرەنتیەکی باشترە بۆ پێخشتنی قتاعی گەشتوگوزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕاستی قسەکانی من کاك فرست زوربەیانی کردن، منیش پشتگیری قسەکانی کاك فرست دەکەم، بەڵام بە نیسبەت موستەشارەکان چار مستەشاریش زۆرن، بەڵام دەتوانین بڵێین دوو وەزارەتی دەمج کردینە، لەبەرئەوە کە دەتوانین بڵێین بە چار مستەشار بن، نەك پێنج، چونکە پێنج زۆرن، یەعنی حەدی ئەدنا با چار بیت باشە و، سپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ماددەی 3 و برگەی 13 تێبینم هەیە کە دەستە دادەندرێت، من لەگەڵ ئەوەی ڕەزامەندم لەسەر هەرچی زیاتر گرنگی بە کەرتی سیاحە بدرێت هەر کەمە، هەموو مەرکەزە سیاحیەکان و گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستان بە باشترین شێوە و معجب ترین شێوە بە پێی ستانداردی جیهانی سەر لەنوێ بونیاد بنرێنەوە پێم باشە، بەڵام لێرە کە دەستە دێ و یان دەبێت دەستەکە سەربەخۆ بێت، چونکە

تەسەور دەکەم لە دەسەڵات و لەناو وەزارەتێك دەستەیەك هەبێ و پلەی بەتایبەتی بە پلەیەکی تایبەت، ئەو پلە تایبەتە تەزاروب لەگەڵ وەزارەت ناکات، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی وەزیر ناکات ئایا؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێت بۆ ئەوەی لەڕووی یاساییش چارەسەر ببێت لە جیاتی بریکاری وەزیرێك دوو بریکار هەبێت، بۆ ئەوەی یەکێك لە بریکارەکان سەرپەرشتی ئەو دەستەیە بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر عامی ماددەکە باسی شێوەی بەرپرسیاریەتی و هەیئاتی وەزارەت دەکات، بەبڕوای من لەناو پرۆژەکە بە هیچ شێوەیەك باسی سەرۆکی شارەوانیە مەحەلیەکان نەهاتووە کە تا چ حەد ئاستی بەرپرسیاریەتیان دەکەوێتە سەر؟ بەبڕوای من لەبواری شارەوانی کە کادیری مەیدانی و سەرۆکی شارەوانیە مەحەلیەکانن کە ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە پاك و تەمیز کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە گشتی، پێشنیارێکم هەیە، بە حەقیقەت وەزیری شارەوانی بۆ خۆی بە بەردەوام، چونکە هەموومان دەزانین هەرێمی کوردستان وڵاتێکی بچووکە و صین نیە بڵێین وایە، وەزیری شارەوانی بۆ خۆی بە بەردەوام گەشت بکات بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بۆ موتابەعە و موراقەبە کردنی شێوەی خزمەتگوزاری شارو شارۆچکەکان لە کوردستان دا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینەکەم دەربارەی بڕگەی 13 یە، ئەویش دروستکردنی هەیئەتێك لەناو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، من ئەوەندەی تەماشای ئەو یاسایانەی کە لەناو پەرلەمانی کوردستان دەرچوو بوون، تەماشام کرد، تەشکیلەیەك و جسمێکی ئاوهام نەبینیوە لە پێشوودا، واتە وەزارەت بۆ خۆی بە تەنها بەناوی وەزارەتەوە هاتووە، ئەو دەوائیرانەی کە هەبوون، مدیریەیە و مدیریەی عامەیە دوایی وەکیل وەزیر و تاوەکو دەگاتە وەزیر، واتە شتێك نەبووە لەناو تەشکیلەی هیچ وەزارەتێك دا کە بینی بێتم بەناوی هەیئە و رەئیسی هەیئە کە سەر بە وەزارەتێك بێت، ئەوە یەك، دوو/ ئێمە لە بیدایەتەوە لە ماددەی 2 ئەهدافی وەزارەتمان دەست نیشان کردووە و نووسیومانە تەنها ئەهدافی وەزارەت ئەوەندەیە، لەڕووی زمانەوانیشەوە دەبووایە لەوێ ئاماژەیەکمان بەوە بدابایە کە هەیئەیەك دەبێت، نووسیومانە (تهدف الوزاره الى..........) لە کاتێك دا کە تۆ دێیتە ناو ئەوەوە، ئەوەی پەیوەندارە بە مەجالی سیاحە ئیختساس و پەیوەنداری دەکەی تەنها بەم هەیئەیەوە، بەهەمان شێوە من پشتگیری ڕای لیژنەی شارەوانی دەکەم بەوەی کە ناوی

بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی گەشتوگوزاریان ئیزافە کردووە هی پارێزگاکانی هەرێم بۆ تەشکیلاتی وزارە، چونکە ئێمە لە سەلاحیەتی وەزیرمان دانەناوە کە ئەگەربەڕێوبەرایەتی گشتی بکاتەوە، ئەی باشە چۆن ئەگەر لێرە داخلی نەکەی دواتر چۆن دەتوانرێ بە نیزام بەڕێوبەرایەتی گشتی بکرێتەوە لەناو تەشکیلی وەزارەت دا، بۆیە دەکرێت ئەوە ئیزافە بکرێت (بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکانی هەرێم)، واتە لەهەر سێ پارێزگاکەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان سێ بەڕێوبەرایەتی گشتیمان دەبێت، وە ئەوەی بەڕێز وەزیریش ئاماژەی پێیدا، نیەتەکە و سیاسەتەکە وایە کە ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیانە بمێننەوە، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی گرنگی زیاتر بە کەرتی گەشتوگوزار و گەشتیاری دەدرێت لە هەرێمی کوردستاندا وە مەناخەکەش بۆ ئەوە دەست دەدات، بەهەمان شێوە ئەوەی پەیوەندارە بە دەستەکە من وای دەبینم لە ئەسڵی مەشروعەکە هاتووە تەشکیلات و ئیختساساتی وزارەت بە نیزام دیاری دەکرێت، بۆیە لەوێ دەکرێت لە دوایی دا لەلایەن بەڕێز وەزیرەوە کە تەشکیلات و ئیختساساتی وەزارەت دەردەکات بە نیزامەکە تەحدیدی بکات ئەوەی پەیوەنداره بە سیاحە وەکیلی وەزیر بەڕێوەی ببات، وەکیل وەزیرێك هەبێت، پەیوەندار بە جانبە سیاحە و ئەو ئیشرافی بکات، لەو ئەشکالیە قانونیە دەردەچین کە هەیئەیەك لەناو وەزارەتێك دروست بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چوار خاڵم هەیە لەسەر ئەم ماددەیەی کە پێشکەش کراوە، یەکەم/ سەبارەت بە برگەی 1 وا دەزانم زیاد لە پێویست تەفسیلاتی تیایە، ئیقتراح دەکەم ئەگەر بکرێت کورت بکرێتەوە بەم شێوەیە (الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة وتصدر عنه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله صلة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وفق احكام القانون)، یەعنی کە دەڵێین رەئیس یەعنی رەئیس ئەم کارانە دەکات و دیارە و ڕوونە وەکو ئەبجەدیاتی لێ هاتووە کە وەزیر چیە و چی نیە، یان ڕەئیسی ئەعلا چیە لە وەزارەتێك دا؟، کە دێینە سەر باسی مەسئولیەتەکە و شەقی دووەمی برگەکە (ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء)، ئیتر پێویست بەوە ناکات بڵێی (باعتباره عضوا متضامنا فيه)، چونکە ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، (وله تخويل بعض صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسبا للوزارة) تا پێمان بکرێت گوشراو تر بێت برگەکە، چونکە دەڵێن (الشيطان يدخل التفاصيل)، یەعنی زۆر نەڕۆینە ناو ئەو تەفسیلات و ئەمانەوە، دووەم/ باسی موستەشار کرا لەڕاستی دا لە هەندێ وڵاتدا بە قانون دەیانەوێ تەحدیدی مەهامی بەلەدیات بکەن، وەکو نیزامی ئینگلیزی و ئەمانە، ئێمە باسی وەزارەت دەکەین، موشەرع لەمەدا دەیەوێ تەحدیدی مەهامی وەزارەت بکات، بۆیە دەمانەوێ کە مادام ئیتیجاهەکە بەرەو ئەوەیە تەحدیدی مەهام بکرێت، بەڕاستی ئەوەی کە لە پرۆژەکە هاتووە باشە، بەڵام لەسەر ژمارەکەی موناقەشەی هەبووە ئەبێ ئەوەمان

لەبیر بێت، ئێمە دوو وەزارەتمان دەمج كردووە، ئێستا كە بووە بە چوار یان ببێ بە پێنج بە پێی مەهامەكە دەبێ موستەشار هەبێت، بەپێی مەهامی ئەو وەزارەتە، یەعنی ئەگەر مەهامەكەی 10 مەهام بووایە چ ئەشكالێك هەیە با 10 موستەشار هەبێ، چونكە ئێمە هەر چۆنێك بێت دەبێت لە خزمەتی مەوزوعی شارەوانیەكان و گەشتیاری و ئەمانەدا بین، سێیەم/ لەڕاستی كاتێك كە وەزارەتی گەشتوگوزار لادرا یان وەكو بڵێی ئیلغا كرا و دەمج كرا لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیەكان غەدرێك كرا لە بوار و لە كەرتی گەشتیاری لە كوردستاندا لە حاڵێك دا كوردستان لە بواری گەشتیاری دا دەتوانێ گەورەترین پێشكەوتن بە خۆیەوە ببینێ و بەرنامەی چەندین ساڵە دابندرێت، ئەگەر بێین جارێكی تر ئەم مەسەلەی گەشتیاریە ببەستینەوە بە مەجموعە مدیریاتێك و هەیئەیەكی عامەی بۆ دانەنرێت ئەوە غەدرێكی ترە لە بواری گەشتیاری دەكرێت، ئەشكالێك باس كرا سەبارەت بە بوونی هەیئەتێك لەناو وەزارەتدا، ڕەنگە ئەوە لە وڵاتی ئێمە دا مەئلوف نەبێت شتی وا، بەڵام دەبێ ئاگادار بین لە هەندێ وڵاتدا جاری وا هەیە موئەسەساتی گەورە گەورە عایدی وەزارەتێكە، جاری وا هەیە هەیئاتێكی گەورە عایدی وەزارەتێكە، ڕەنگە نموونەیەك دەهێنمەوە، ڕەنگە وەزارەتی پەروەردە پێویست بكات، كە كارەكەی فراوان بوو، مەسەلەن پەروەردەی هەولێر كە فراوان بوو ناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە بگۆڕێ بیكات بە دەزگای گشتی پەروەردە، یەعنی ئاستەكەی گەورە بكات، تەبیعەتی كارەكەیە كە ناو دیاری دەكا و جۆری تەشكیلات دیاری دەكات، وە هیچ تەعاروزێكی نیە، چونكە ئێمە خۆمان ئەوە دادەنێین یان ئیستلاحێكە بەشەر لەناو خۆیاندا ئیتیفاقی لەسەر دەكەن كە ئەمە ناوی هەیئە بێت یان هی تر، موهیم ئەوەیە كە كارەكە گەورەیە، كاری گەشتیاری و گەشتوگوزار ئێستا بووە بە سینعەتێك كە لە دنیا زۆر وڵات هەیە ئیعتمادی یەكەمی لە دەخلی قەومی خۆیدا لەسەر گەشتیاری و لایەنی سیاحیە، با ئێمە لەوە زیاتر غەدر نەكەین لە بواری گەشتیاری لە كوردستان دا ئەم هەموو شوێنە سیاحیە چاكەمان هەیە، هەوڵ بدەین تەنانەت لە زانكۆكانیش دا گرنگیەكی زیاتر بدەین بەو ئیختساسە وەكو مامۆستا فەرمووی، ئێستا صنعەتێكە مەسەلەی سیاحە صنعەتێكە و با لەوە زیاتر غەدری لێ نەكەین، خاڵی كۆتاییم ئەوەیە لە بڕگەی 3 و 4 دا كە باسی مەكتەبی وەزیر و مەكتەبی وەكیل وەزیر دەكات و دەڵێت (یعاونە عدد من الموظفین) بۆ ئێمە تەحدیدی نەكەین؟، چونكە ئەمە لەڕاستی دا سیغەیەكی زۆر مەتاتی و لاستیكیە، بۆی هەیە ئەو كەسە دە موەزەف لە دەوری خۆی كۆبكاتەوە، ئا لێرەدا ئایا مەجالی تیایە تەحدیدی بكەین یان نا؟ ئەوە بۆ لیژنەی یاسایی جێ دەهێڵم، هیوادارم وەڵامێكی موقنعمان بدەنەوە تا ئێمەش لەسەر ئەو ئەساسە دەنگی بدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.رفیق فەرمووو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر لەم پەرلەمانەدا کۆمەڵێك پرۆژەمان موناقەشە کردووە و بڕیارمان لەسەری داوە، ئەو پرۆژە یاسایەی کە پەیوەندی بە پێکهاتەی وەزارەتەکانەوە هەیە، لە هەموو وەزارەتێك دا ئێمە کۆمەڵێك کار هەیە کە پەیوەندی بە وەزیرەوە هەیە و بە مەهامی وەزیرەوە هەیە، مەکتەبەکەی، جێگرەکان و تا دواییەوە هەیە، ئێمە هەموو جار دێین موناقەشەی دەکەین و من پێموایە لەو ماددانە بۆ ئەوەی خۆمان لەو هەموو موناقەشە زیادەیە (بمبورن لەو قسەیەی کە دەیڵێم) لەو هەموو موناقەشە زیادەیە و دووبارە کردنەوەیە بە دوور بگرین، ئێمە لە پرۆژە قانونێك کە پەیوەندی بە وەزارەتێکەوە هەیە لەو شێوەیەی کە پێشتر بڕیارمان لەسەری داوە هەر هەمان شێوە دووبارە بکەینەوە، بۆ نموونە سەلاحیەتی وەزیر، ئێمە پێشتر موناقەشەمان کردووە لە وەزارەتەکانی پێشوو، لێرە لە بڕگەی 1 تا بڕگەی 5 ی ئەم ماددەیە هەمووی دووبارە بوونەوەیە، پێشتر وەك بڵێی کلێشەمان هەیە کە ئەم شتانەی دیاری کردووە بە نیسبەت وەزارەتەکانەوە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەمەش و بۆ داهاتووش ئێمە و لیژنەی یاسایی فۆرمی ئەو وەزارەتانە یان ئەو شێوەیەی کە دیاری کراوە پێشتر بکاتە جێگری و لە جێی ئەوانەوە دابندرێت کە بە پرۆژە یاسا بۆ ئێمە دەهێندرێن، خاڵی دووەمم کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە مەسەلەی هەیئەی گشتی گەشتیاریە، ڕاستیەکەی کوردستان داهاتوویەکی زۆر گرنگی هەیە لە بواری گەشتیاریەوە، بۆیە بە پلەی یەکەم ڕەنگە ئێمە نە دەریامان هەیە و نە وڵاتێکیش هاوینان پێداویستی گەشتیاری زۆر تێدا دابین کرابێت، ڕەنگە پەیوەندی بە وڵاتانی دەوروبەرمانەوە هەبێت، بەشێکی کە دەرفەتی دوور تر بەرەو وڵاتی تریان نەبێت و بێنە کوردستان وەکو باشووری عیراق، من پێموایە زۆر بایەخ بدرێت، بەڵام بایەخدان بە گەشتیاری بەوە نابێت ئێمە هەیئەتێك بێت یان وەزارەتێك و بەڕێوەبەراتیەکی گشتی بێت، ئێمە وەزارەتێکمان هەبوو تایبەت بە گەشتیاری، بەڵام شوێنە گەشتیاریەکانی کوردستان بەلای کەمەوە، مەبەستم ئەوانەیە کە من لە کوردستاندا بینیومە لە ناوچەی سلێمانی بەڕاستی لە زبڵدانێك بوو تا شوێنی گەشتیاری، لەبەرئەوە هۆکاری ئەساسی شکستی گەشتیاری لە کوردستان نەبوونی پلانێکی جدیە و نەبوونی سیاسەتێکی گەشتیاریانەیە، یان سیاسەتێك لە بواری گەشتیاری دا ئێمە شتێکی لەو جۆرەمان نیە، بۆیە من پێموایە گرنگ ئەوەیە کە حکومەت سیاسەتێکی هەبێت، وەزارەت سیاسەتێکی هەبێت کە من لەو کاغەزە دا و لەو چەند لاپەڕەیەی لەبەردەستمایە ئەو سیاسەتەم نەدی لە بواری گەشتیاری دا، بۆیە من ترسی ئەوەم هەیە کە ئەو هەیئەتە و ئەو مدیرعامەی کە لێی دەبێتەوە ببێتە شوێنێك دیاری کردنی شوێن بە پێی قانون بۆ هەندێ کەس کە پێشتر لە وەزارەت و لەسەر میلاکی وەزارەتی گەشتیاری بوون و ئێستا وەزارەتی شارەوانی نازانێت چی لێ بکات، لەبەرئەوە بەناوی هەیئەتێکەوە شوێنێك بۆ ئەمانە بدۆزرێتەوە، من لەگەڵ بایەخدانم بە گەشتیاری، لەگەڵ ئەوەم کە پێویستە سیاسەتێکمان هەبێت لەو بوارە، بەڵام ئەو هەیئەتە بەزیاد دەزانم خۆ ئەگەر داشبندرێت بە پلەی تایبەت ئەوە دیارە و مەعلومە کە مدیرعام نابێت لەسەرروویەوە دەبێت بە پلەی تایبەت بەڕێوەبەری گشتیە ئەو ڕاوێژکارە و وەکیل وەزیرە یان وەکیلی

وەزارەتە، بۆیە من لەگەڵ پێشنیاری هاوکارم کاك عمر دام کە ئەمە بە هێن دەزانێ و بەزیادی دەزانێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارێ ماددێ 3 فەقەرا 5 من دوو مولاحەزەیەت هەین، یەك/ عەددەدی موستەشاری کە پێنجن، بڕەئیا من پێنج زۆرن ببێتە چار، دوو/ ساڵێت خزمەتێ کە 20 ساڵن بڕەئیا من ئەویش زۆرن ببێتە 15 ساڵ شتەکی باشە، ل فەقەرا 13 ل ماددەی 3 ئەویش دگەل هەندێ دا کو ئەز تەئیدا لیژنا شارەوانی دکەم کو ڕێڤەبەریەت گشتی هەبن لشوینا هەیئێ، چونکە ئەگەر ڕێڤەبەریەت گشتی بن دەستێ وان پتر دیتە گرتن، کەموکاسیەت وان دیار بن لە شول کرنا وان دا، چالاکیا وان دێتە دیار کرن، بۆ هەندێ وەڵاتێ مە وڵاتەکی گەشتیاری گوزاریە ل زاخۆ هەتا خانەقین، لبەر هەندێ نیڤەکا وڵاتێ دنیایێ ئیحتمالە میزانیا وان لسەر سیاحی بێت، لبەر هەندێ ئەگەر ڕێڤەبەریەت گشتی بن بێنە دامەزراندن بڕەئیا من پتر دشێن دەوری خۆ ببینن و پتر جەنابی وەزیرێ شارەوانیێ دشێت کەموکاسیەت وان و چالاکیەت وان هەڵسەنگێنیتن، بۆ هەندێ بڕەئیا من و ئەز دبێژم دروست کرنا ڕێڤەبەریەن گشتی ب تشتەکی باش دزانم بۆ هندێ دەستێ وان پتر بێت و ئەڤێ ڕۆتینا کو ئەو ئیحتمالە گەلەکی کەموکاسی هەبن پرسیار بکەن و بێژن وەڵلاهی هەیئێ موافەقەتی نەکریە، بەس ئەگەر ببنە هەیەئەتێت موستەقیل یان ڕێڤەبەریەت گشتی بڕەئیا من پتر دشێت خزمەتێ بکەن و، سپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەردەم دانانی یاسایەکین بۆ وەزارەتێکی زۆر گرنگ، بە تایبەتی لەڕووی خزمەتگوزاریەوە بۆ هەموو کوردستان ئەویش ئەو یاسایە کە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، ئەم وەزارەتە توانایەکی فراوانی لەبەردەست دایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان و بۆ خزمەتگوزاری پێشکەش کردن و پێشخستنی لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی لە سیاحە، بۆیە من بە گرنگی دەزانم کە لەم وەزارەتە ئێمە هەموو ناوچەکانی کوردستانمان لەبەرچاو بێت، بەڵام بەتایبەتی دێمە سەر خاڵی 11 و 12 لە پرۆژەکە لەوێ ئاماژە دراوە بەو مدیریە عامانەی کە سەر بە موحافەزەکانن، بۆیە من لێرە پێشنیار دەکەم ئیداراتیشی تێ بکرێت، بەو حوکمەی ئەوەی کە ئێستا ئێمە ئیداراتمان هەیە و لە هەندێ لە یاساکان ئاماژەمان داوە بە ئیدارات، بۆ نموونە ناوچەیەکی وەکو گەرمیان کە تاوەکو ئێستا بەڕێوبەراتیەکی گشتی

نیە و ئەو ناوچەیە کە ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانە و زۆرترین نەهامەتی و وێرانکاری بەخۆیەوە بینیوە، وە کەمترین خزمەتگوزاریشی بۆ کراوە، ئێمە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو دا پێشوازیمان کرد لە ڤیستیڤاڵی کەلتوری گەلان لە گەرمیان، یەکێك لە سەماکارەکانی بەرازیلیەکان دەڵێت گەرمیان بێ نازە، لەبەرئەوە ئەو بە چەند شەو و ڕۆژێك تێ گەیشت کە گەرمیان چەند کەم خزمەتگوزاری پێشکەش کراوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ماددەی 11 (المدیریات العامة للبلدیات فی محافظات الاقلیم .....) (والادارات)یشی بۆ زیاد بکرێت، لەبەرئەوە ئیداراتی گەرمیان دەسەڵاتی پارێزگای پێ دراوە لەڕووی یاساییەوە و لەڕووی ئیداریەوەو لەڕووی مالی و سەرفیاتیشەوە، بۆیە ئەوە هەڵدەگرێت کە مودیریەتێکی عامی هەبێت گەرمیانیش، بۆیە پێشنیار دەکەم ئیداراتی بۆ زیاد بکرێت، لە داهاتووش دا چەند داواکاریەك هەیە کە ئیدارات بکرێتەوە، ئەو ئیداراتانە کە کرایەوە ناوچەکانی تریش سوودمەند دەبن لەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم دوای موحافەزاتی ئیقلیم ئیداراتی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها لە ماددەی 12 (رئاسة البلدیات فی مرکز کل محافظة والادارات)ی بۆ زیاد بکرێت، (لمحافظات الاقلیم والادارات) هەر لەگەڵی (یرأسها فی کل محافظة أو ادارة رئیس بلدیة حسب صنف الخاص للبلدیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەر ماددەی سێیەم بڕگەی 3 و 4 و 6 و 7 قسە دەکەم، یەکەم/ لێرە کە باسی ئەوە دەکات و دەڵێت نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، لە خاڵی 4 هەمان شت تیکرار بووەتەوە، ئێمە لە پرۆژە یاساکانی تردا کە باسمان کردووە بۆ ئەو دوو نووسینگەیە باسی سەرۆکایەتی ئەوەندەی من بیرم دێت نەکراوە، سەرۆك کە سەرۆکایەتی کرد بە تەئکید بەڕێوەشی دەبات، لێرە ئەم سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، دەبێت یەکێکیان بێت، یان سەرۆکایەتی دەکات یان بەڕێوەی دەبات، بە ڕەئی من بەڕێوەی دەبات باشترە و دەگونجێت لەگەڵ سیغەکە وەك ئەوەی تا سەرۆکایەتی، چونکە ئەمە دەستەیەکی تایبەت نیە تا سەرۆکێکی بۆ دابنێی، دووەم/ لە بڕگەی 6 و 7و 8 کە باسی سەرۆکایەتی دەکات و دەڵێت بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، لەسەرەوە دەڵێت سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، لە خوارەوە دەڵێت سەرۆکایەتی دەکات، بەڕەئی من لێرەشدا هەر بڵێ بەڕێوبەرێکی گشتی بەرێوەی دەبات، یەعنی ئەو دووانە یەکێکیان زیادە کە سەرۆکایەتی کرد بە تەئکید بەڕێوەشی دەبات، کە بەڕێوەی برد، یەعنی سەرۆکایەتی ئەو بەشەش دەکات، خاڵێکی تر هەیە کە دەمەوێت ئاماژەی پێی بدەم دیارە هەندێ لە هاوکارانم باسی ئەوەیان کرد کە دەستەیەك دروست بکرێت، بەڕەئی من ئەگەر ئەم دەستەیە دروست بکرێت، بەڵام دەستەیەکی کارا نەبێت و چالاك نەبێت نەبوونی

باشـتره لـەوەی کـە هـەبێت، بـەڕەئی مـن ئەگـەر بەڕێوبەریـەتێکی گشـتی بێـت بـۆ گەشـتیاری، بـەڵام بەڕێوبەریەتێك بێت ئیهتمامی پـێ بـدرێت، ئیمکانیـەت بخرێتـە بـەردەمی کـاری بـاش بخرێتـە بـەردەمی و هاوکـاری بکرێـت، بـەڕەئی مـن بەڕێوبەریەتیـەك بێـت باشـترە لـەوەی کـە دەسـتەیەك بێـت و نـەتوانێ سەرپەرشتی کارەکانی خۆی بکات، چوارەم/ من پشتیوانی ئەو ڕەئیەی کاك نەریمان دەکەم بەڕاستی لە زۆر پرۆژە یاساکانی تریش دا ئاماژەمان بە بوونی ئیدارات کردووە و ئیدارەی جیامان هەیە ئێستا، وەکو ئەوەی کاك نەریمان گوتی ئەگەر بکرێت ئیزافەی ئیداراتیش بکرێت شتێکی خراپ نیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کەرتی گەشتیاری کەرتێکی گرنگە و لـە سـەرەتادا پشـتیوانی ئـەو پێناسـە کـورت کـراوەی کـاك د.صباح دەکەم، جگە لە دەستەواژەیەکی تر کە پەیوەندی بە ئەدیانەوە هەبوو، کـەرتی گەشـتیاری بـوارێکی گرنگە، بەڵام پێموایە لە کوردستان ئێستا گەشتیاری لەژێر سەرپەرشتی وەزارەت نەماوە، هـەمووی لەلایـەن وەبەرهێنانـەوە سەرپەرشـتی دەکرێـت، ئەگـەر ئـەم کـەرتی گەشـتیاریە لەلایـەن وەزارەتـەوە سەرپەرشـتی بکرێت فعلەن لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کـاك فرسـت دەبم کـە پێویسـتە هەیئـەتێکی هـەبێت و ئیهتمـامی پـێ بدرێت، بەڵام ئەم هەیئەتەی کـە دانـدراوە لێـرە هەیئەتێکـە نـە ئەنـدامانی مەجلسـەکەی دیـارە و پێموایـە ئەسڵەن هەر گرفت بۆ گەشتیاری دروست دەکات، چونکە زۆر ڕوون نیـە هەیئەتەکـە چۆنـە و هەیکەلەکـەی چۆنە و چ سەڵاحیەتێکی هەیە و بەس تەنها ڕەئیسێکی بۆدادەندرێ و ئەو ڕەئیسـەش مدیریاتـە عامـەکانی بڵێین مەرکەزیەکە لەژێر ئیشـرافی دەبـن، یـەعنی ڕوونکـاری تیـا نیـە، مـن پێموایـە ئـەو هەیئەتـە گرفتـی دەبێت، بۆیە پشتیوانی مدیریاتەکە دەکەم و جەنابی وەزیریش لێرەیە بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون بکاتەوە چیە ئەم گەشتیاریەی کە وەزارەت دەتوانێ سەرپەرشتی بکات، لە کوردستان کەمتر دەبینم کە لە ژێـر دەسـەڵاتی ئەوان دابێت، لەبەرئەوە بەلامەوە گرنگە ئەگەر ئەم هەیئەتە لـە ڕوونکردنەوەکـەی جـەنابی وەزیـر بۆمـان دەرکەوت کە ئەم کەرتە ئەهمیەتی هەیە و کاریگەری دەبێت و من لەگەڵ ئەوەم هەیئەتێك دروست بکرێت و بریکارێك سەرپەرشتی بکات و ئەو بریکارە تایبەتمەند بێت بـە لایـەنی گەشـتیاری کـە ئەمـە ئەهمیـەتی دەبێت بۆ ئیهتمام دانمان بەو بوارە کە بوارێکی گرنگە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسەبەت ماددەی سێیەم من تێبینیەکم هەیە لەسەر بڕگەی دوومی بە تایبەتی بریکاری وەزارەت، ئێمە بەڕاستی لە زۆربەی زۆری وەزارەتەکان کە دوو وەزارەت یەك دەگرێت بەپێویستمان زانیوە کە دوو بریکاری هەبێت، بۆیە من بە پێویستی دەزانم لە ناو وەزارەتی شارەوانیش دا بکرێت بە دوو بریکار لە جیاتی هەیئەکە، واتە هەیئەتەکە نەمێنێ، بەڵام پاش ئەوەش دەسەڵاتەکانی واتە دەسەڵاتی هەردوو بریکارەکە لە چوارچێوەی بواری فەنی و پسپۆری خۆیاندا دیاری بکرێت، چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە وەزیر دەیدات بە ئەوان دەتوانێ بەهەمان شێوە ئەو دەسەڵاتە بدات بە بەڕێوەبەریەتێکی گشتی، بۆیە من بە پێویستی دەزانم دەسەڵاتەکە دیاری بکرێت، بە نیسبەت بڕگەی 5 کە باس لە دانانی ڕاوێژکارەکان دەکات، هەیکەلی وەزارەتی شارەوانی لە دانانی ڕاوێژکارەکاندا گرنگی بە هەموو بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە داوە، بەڵام پێویستە و بە تایبەتی لە جێ بەجێ کردنی ئیشوکارەکانیاندا پێویستە یەکەم شت کە پێویستە ئەوان بیکەن ئەو ماستەرپلانەیە کە بۆ زۆربەی قەزاکان و زۆربەی پارێزگاکان دەرچووە پێویستە جێ بەجێ بکرێت، پاشان تۆ بێی بەو شێوەیە و یان بەو میکانیزمەی کە خۆت دەتەوێ ئیشەکان یان پرۆژەکان جێ بەجێ بکەی، چونکە زۆربەی زۆری قەزاکان یان ئەو پارێزگایانەی کە ماستەرپلانی بۆ دەرچووە کە بودجەشی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام تا ئێستا هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، کە تۆ دێیت پرۆژەیەك جێ بەجێ دەکەی لەوانەیە لە پاشەڕۆژدا گرفتێکت بۆ دروست بکات کە ڕوبەڕووی چەندان کێشە ببێتەوە، پاشان دوای ئەوە ئەولەویەت لە دانانی پرۆژەکاندا پێویستە ئەولەویەت بدرێت بە هەندێ لەو شوێنانەی کە پێشتر تووشی هەندێ کارەسات بوون و یان هەندێ شت بوون، نەك بێیت لەسەر بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی بیکەی بە مەرج بڵێی ئەمساڵ تەنها دامان ناوە بۆ ئاو و ئاوەڕۆکان تەنها دامان ناوە بۆ شتێك، بۆ نموونە من سەردانی زۆربەی شوێنەکانم کردووە، زۆربەی قەزامان هەیە کە تووشی هەزار کارەساتی بەسەرداهاتووە، بەڵام نەیان توانیوە باخچەیەك دروست بکەن یان نەیانتوانیوە سەنتەرێك یان یاریگایەك و هیچ شتێکی بۆ نەکراوە، لەبەرئەوەی وەزارەتی شارەوانی دەڵێت ئەمساڵ ساڵی ئاوەڕۆ بووە یان ساڵی فلان شت بووە، لەهەمان کاتدا زۆر شوێنی گەشتوگوزاریمان هەیە کە دەتوانرێ سەدی بۆ دروست بکرێت یان لەزۆربەی بوارەکانی تر ئیهتمامی پێ بدرێت، بۆیە ئێمە ئەو ڕاوێژکارانەی کە لێرە دانراون هیوادارم بە پێی ئەو پسپۆریانەی کە بۆیان دانراوە پێویستە ئەو پلانانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە زۆر بە باشی ئاڕاستەی وەزیری بکەن، چونکە هەموو ڕێنمایی و ڕاوێژکاریەکان دەگەڕێتەوە بەردەستی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەڕێوبەراتیەکان لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیانیش وەکو ئەو برادەرانە پێنشیاریان کرد ئیدارەی گەرمیانیشی بۆ زیاد بکرێت، ئیدارەی بۆ زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی ئێمە ئیدارەیەکمان هەیە

بەناوی ئیدارەی گەرمیانەوە، لە ماددەی 3 لە برگەی 13 ئەو هەیئەیەی کە داندراوە و دەستەی گشتیە بە پێویستی نازانم لەم یاسایەدا، لەبەرئەوەی کە ئێمە وەکو برادەرانی تریش وەکو ڤیان خان باسیان کرد، لە هەموو ئەو یاسایانەی کە لە وەزارەتەکانی تر داندراون دوو وەکیل وەزیر هەبووە کە ئیشوکارەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار من پێموایە زۆر قورس ترە لەو وەزارەتانەی تر کە دوو بریکاری بۆ داندراوە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم لێرەشدا مادام هەموو وەزارەتەکان دوو بریکار بووە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاریش دوو وەزارەتە و دەمج کراوە، پێویستی بەوەیە کە دوو بریکاری وەزارەت هەبێت، یەکێکیان تایبەت بێت بە گەشتوگوزار، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی خاڵی 11 و 12 لە ماددەی 3 پشتگیری لە ڕای ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە دەڵێن ئیدارەی بۆ زیاد بکرێت، چونکە بە فعلی ئێمە ئێستا هەندێ ئیدارەمان هەیە کە ئەگەر وەکو پارێزگاش سەیر نەکرێت سەربەخۆیی خۆیان هەیە لە کاری ئیداری و ئەومەجالانەی تر، لەبەرئەوە من ئەم پێشنیارە پشتگیری دەکەم کە ئیدارە زیاد بکرێت، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ دیارە دوو ڕا هەیە سەبارەت بە مدیریەت بێت یان هەیئە بێت، من پشتگیری لە بوونی هەیئە دەکەم لەناو لیژنەکەی خۆشماندا ئێمە بەڕاستی ئەو موناقەشەیەمان زۆر کرد، من لەگەڵ بوونی هەیئە بووم، زۆر ناچمە تەفاسیلەوە لەسەر ئەوەی کە بۆ هەیئە بێت باشترە، لەبەرئەوەی هەم لیژنەی یاسایی و هەم بەڕێز وەزیریش و هەم بەشێکیش لە خوشك و برایانی پەرلەمانتار ڕوونیان کردەوە کە بەڕاستی گرنگی دان بە سیاحە بۆ خۆی چ نەتیجەیەکی ئیجابی دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، یەك مەسەلە هەیە کە باس لەوە دەکرێت ئیدارەکان قەبە دەکرێن یاخود وەزیفە دەدۆزرێتەوە، بەڕاستی ئەوە بۆ خۆی ئەمە وەزارەت بووە، وەزارەت کە نەماوە کۆمەڵێك خەرجی لە کۆڵ حکومەت بووەتەوە، ئێمە هەمووومان دەزانین وەزارەت هەر لە دانانی یاسایەکەوەو لە بینایەکەوەو لە جەنابی وەزیر و جێگری و مدیری دیوان و ئەوانە کۆمەڵێك وەزیفەن کە لەوانەیە لە هەیئەیەك دا نەبێت، لەبەرئەوەی ئەوەمان لە کۆڵ دەکاتەوە کە ئێمە بڵێین وەڵڵا دروست کردنی هەیئە سەرلەنوێ جارێکی دیکە پێویست دەکات خەرجیەکی زۆرمان هەبێت و پارەیەکی زۆر سەرف بکەین و موزەفێکی زۆر دابنێین و ئیختساساتی زۆر دابنێین، بە تایبەتی ئەمە کە بۆ خۆی دەچێتە ناو وەزارەتەوە، کە لەناو وەزارەت دابوو کۆمەڵێك خەرجیمان لە کۆڵ دەبێتەوە، لەبەرئەوە ئەوە لە مەسەلەی خەرجیەکان، لە مەسەلەی هۆکارەکەشی بەڕێزان زۆریان باس کرد، جگە لەوەش بەڕاستی ئەگەر بە هەیئە مایەوە بخرێتە پێش بەڕێوبەریەتەکان سیاغەی دارشتنەوەی قانونەکە، ئەگەر هەیئەش من پێموایە دەنگی نەهێنا،

ئیقتراحەکەی ئەو بەڕێزانە پشتگیری دەکەم کە دەڵێن دوو وەکیل وەزیر هەبێ و وەکیلی وەزیرێکیان موختەس بێت بە بواری سیاحە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینم لەسەر دوو خاڵ هەیە، خاڵی دووەم و خاڵی شەشەم، لە خاڵی دووەم باسی دامەزراندنی وەکیلی وەزارەت دەکات، دەڵێت (حاصل علی شهادە جامعیە اولیە اختصاصیە) لێرە وەزارەتی شارەوانی پێویستی بە کەسانێك هەیە کە بەڕێوەی ببەن کەوا موختەس بن لە بوارەکە، لێرە کە گوتت شەهادەی جامعی ئەوەلی ئیختساسی، ئیختساسی لە چی؟ یەعنی دەتوانی ئیختساسی کیمیا دابمەزرێنی، ئیختساسی زمانی عەرەبی و فەرەنسیش دامەزرێنیێ و بڵێی موختەسە لەو بوارە و کە هیچ عیلاقەیەکی بە شارەوانی دا نیە، بۆیە لێرە پێم باشە چاك بکرێت و بکرێتە (شهادة جامعية اولية اختصاصية فی مجال " سیاحە بێت تەختیت بێت یان هەر شتێك بێت کە پەیوەندی بە شارەوانیەوە هەبێت و سوودی لێ وەربگیردرێت")، دووەم/ لە بڕگەی 6 لە دامەزراندنی مدیریەی عامەکەوە، (مدیریة العامة للتخطیط والمتابعة، المدیریة العامة للتخطیط العمرانی) دەتوانی ئەوە دەمج بکرێت و بکرێتە یەك مدیریەت، لەبەرئەوەی ڕاستە مدیریەی عامەی تەختیتی مەشاریع تایبەتمەندە بەو وەزارەتەوە، بەڵام هەر دەکرێت بکرێتە مدیریەیەك تابعی ئەو مدیریەیەی تەختیت و موتابەعە بێت بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ مەبدەئی تەرشیق و تەقلیس کە ئێستا ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین یان ڕەبت بکرێت بە مدیریەی عامەی مەشاریع، بەشێك تەختیت بێت و بەشێکیش مەشاریع بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم وەزارەتە لەبەرئەوەی وەزارەتێکە کە ڕەبەتی بە هەموو هاووڵاتیانەوە هەیە من خۆیشم لیژنەکەم و نەدەبووایە موداخەلەم بکردایە، بەس بەڕاستی گرنگی دا بە گەشتیاری کە زۆر لە برادەران باسیان کرد، من لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك فرسەتم، بەڵام ئەگەر دوو وەکیل وەزیرەکە بێت لەوە دەچێت باشتر بێت بۆ ئەوەی ئەوەندە شتەکان هین نەکرێت کە دوو وەکیل وەزیرەکە ئەگەر بۆ سیاحە دانرا ئێمە لە پرۆژەیەکی ترمان هەیە بە نیسبەت ڕۆشنبیری من زۆر لەلای ئێمە لە کوردستاندا ئەبێ گرنگی بە شوێنەوار بدەین، چونکە لەگەڵ سیاحە ڕەبتە بەیەکەوە، نە لێرە باس کراوە و نە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری باسکراوە، نازانم ئەو شوێنەوارە کە چەند گرنگە و زیاتر لە 3 هەزار شوێنەوارمان هەیە و خۆشمان

دەزانین ئەو سایەحەی کە دێت لە دەرەوە زۆربەی بۆ ئەو شوێنانەیە ئەگەر ئەو شوێنانە بەرێکوپێکی بپارێزرێ لەلایەن هەردوو لاوە خزمەتی ئەو خەڵکە بکات وەکو گەشتیاریش هەم سەرچاوەیەکی داهاتی زۆر باش دەبێت و وەکو ئێستا ناکرێت کە زۆر شوێن هەیە هەر رێگەی نیە بۆی بڕوات، لەبەرئەوە گەشتوگوزار زۆربەی بڕادەران باسی ئەوەمان کرد ڕۆڵەکەی چاودێری بێت، لەبەرئەوەی سیاحە وەبەرهێنانیش ئیشی دەکات، بەلام ڕۆڵەکەی فعلەن دەبێت چاودێری بێت، لەبەرئەوەی مۆڵەتێك وەردەگرێت ئەو کەسە بۆ پرۆژەیەکی گەشتیاری دەبێت بە بەردەوام ئە موئەسەسەیە بەردەوام موتابەعەی بکات بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵك بکات، بە نیسبەت مدیریەی عامە بۆ مەشاریع من هەر وەختی خۆیشی گوتم ئەوە زیادە، چونکە مەشاریع هەر کەسی خۆی دەکات، ئەگەر بکرێت بە (المدیریة العامة للدراسات والتصامیم للمشاریع الاستراتیجیة) بەڕاستی خەلەلێکی گەورە هەیە، چونکە شوێنێك نیە هیچ نەوعە چێکێکی ئەو مەشروعە گەورانەی تیا بکرێتەوە هیوادارم لە وەزارەتی شارەوانی ئەو شوێنە بکرێتەوە، ئێمە ماستەر پلانمان هەیە کە کەس نازانێ چێکی کاتەوە، ئێمە ڕێگەی 100 مەتریمان هەیە، بەرزە پردەکانمان هەیە، هیوادارم ئەوەش وای لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوتنێت من ئەغلەبیە هاتنە کرنێ، ئەژی تەئکیدێ لهەندێ دکەم کو وەختێ وەزارەتەك هاتە دەمج کرنێ دگەل وەزارەتەکا دی گەلەکی گرنگە بریکار هەبیتن بۆ وی کەرتێ تایبەت کو گەشتوگوزارە بڕاستی، ئەژی دەنگێ خۆ ددەمە دگەل دەنگێ وان بەڕێزان کو بەری من بەحس کری و وجودا بریکارێ بزەروری ئەز دبینم، خالا دی ڕێڤەبەریەت گشتی لپارێزگەها بۆ گەشتوگوزار ئەو ژی خالەکا باش دزانم، پشتەڤانیا ل بۆچوونا لیژنەیا شارەوانیا دکەم، بۆ وێ دەمجێ و ئەو تەرتیباتێت کو ئەوان کرن، هەروەسا دگەل هەندێ دامە کو سیاسەت و بەرنامەێت هەبن بۆ بوارێ گەشتوگوزار کو گەلەك گرنگ دبینم، خالا 5 مستەشار دوو خەلەلێت لوغەویەت تێدا هەین، (فی اعمالهم ............ ڕێزی دووەم: مده لاتقل عن عشرین سنه) مودەکە بێتە تەسحیح کرن و (احد الاختصاصات التالیە: القانونیە....... ئەو ژی خەلەلەکە ژ مەڤە قانون بیتن باشترە، دگەل سوپاسێت مە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێنج سەرنجم هەبوو هەر پێنجی کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبابەتی موستەشارەکان پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم، چوار موستەشار بێت بەسە و ئەوانی تر لابچێت، لە مەسەلەی هەیئە بەڕاستی من پێموایە هەیئەی سیاحە بمێنێت، لەبەرئەوەی کە سێ مدیریەی عامە پێ دەبەسترێتەوە و ئەو سێ مدیریەی عامەیە مدیریەکی بۆ دابندرێت، مدیریەی عامەکە رەئیسی موئەسەسەکە دەبێت دەرەجەی لە وەکیل وەزیر کەمتر نەبێت، لەبەرئەوەی سەرپەرشتی لەسەر ئەو مدیریاتانە بکات، بۆیە ئێمە کە دەڵێین موئەسەسات نیە، موئەسەسات نیە ڕەبتی وەزارەت بێت، ئێمە لە تەعلیمی عالی جامعەمان هەیە و هەیئەشمان هەیە، هەیئەکە بە دەرەجەی ڕەئیسی جامعەیە، ئەو ئیش و کارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەوانیش ئیش و کارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، ئێمە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیمان هەیە کە لەگەڵ سیاحە جودابێتەوە، هەرکەسە ئیشی خۆی بە جودا دەکات، بۆیە پێم باشە هەیئەتەکە بمێنێت و رەئیسی هەیئەکەش دەرەجەی لە وەکیلی وەزیر کەمتر نەبێت کە سەرپەرشتی ئەو مدیریە عامانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو هەڤاڵانەی کە پێش من قسەیان کرد، باسی خاڵی 11 و 12 یان کرد، کەوا ئیداراتیش ئیزافە بکرێت لەگەڵ پارێزگاکان، لەبەرئەوەی ئێمە ئێستا هەرچەندە بە فعلی ئیدارەی گەرمیانیمان هەیە، بەڵام ئومێد دەکەین لە پاشەڕۆژیش ئیداراتیش زیاد بکەین، سەبارەت بە خاڵی 13 دیسانەوە منیش دەنگم لەگەڵ دەنگی ئەو هەڤاڵە بەڕێزانەی خۆمە کە باسی ئەوە دەکەن کە ئەم هەیئەتە لێرەدا وجودی بەڕاستی تەزاروب دەکات لەگەڵ سەلاحیات و کارەکانی وەکیلی وەزیر یاخود بەڕێز وەزیر خۆیشی، بۆیە من پێشنیار دەکەم کەوا لێرەدا ئێمەش دیسانەوە وەکیل وەزیرێکی تر دانێین بۆ سیاحەت،

لەبەرئەوەی دەزانین ئێمە وەکیل وەزیرێك کە ئەگەر لێرە بێت دەتوانین کارەکانیان تەقسیم بکەین لە وەزارەت، وەکیل وەزیری شارەوانی هەبێت لەگەڵ وەکیل وەزیری گەشتوگوزار بۆ ئەوەی کارەکانیان لێرەدا جیاکرێتەوە لەیەکتری و دیسانەوە بتوانن بەرێکوپێکی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەرێز بێریڤان اسماعیل محمد سەرهەنگ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم لە برگەی یەکەم کە ئەرکی وەزیر هەماهەنگیەکی تەواو هەبێت لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ژینگە، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی وەزارەتی گەشتوگوزار ئەوەیە کە دابین کردنی یان ئامادەکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگەی پاك و گرنگی دان بە سەوزایی و ناوچە سەوزەکان و باسی ئەوەش کراوە کە گرنگی بە ئاو و چارەسەرکرنی ئاوی پیس بدرێت، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی کە ئەوە بکات، راستە هەماهەنگی هەیە لە نێوان وەزارەتەکان، بەس ئەگەر بنووسرێت لە یاساکە وەکو ئەرکێکە لەسەری، چونکە وەزارەتی تەندروستی و ژینگە دەزانێ ناوچەی سەوز لە کوێ بکات، ئەگەر هاتو ناوچەیەك یان پارکێکی کردەوە لە مەنتیقەیەکی سناعی ئەوە مەعنای ئەوەیە خستیە ژینگەیەکی پیس و دانیشتووان دەچن لەوێ بەشدار دەبن، بۆیە پێویستە ئاگاداری وەزارەتی تەندروستی و ژینگە بکرێتەوە، بە نیسبەت بەشی پێنجەم راوێژکاران، راستە زۆر راوێژکار هەیە، بەلام بۆ من موهیم نیە ئەو راوێژکارانەی کە هەیە وەك لەوەی بۆ من ئەوەندە موهیمە راوێژکاری ژینگەیی هەبێت، چونکە ژینگە شارەزاییەکی هەبێت دەربارەی ئەو ناوچە سەوزانە یان ئەو شوێنانەی کە دابین دەکرێت بۆ گەشتوگوزار، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەرێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بەرێوبەراتیەکی گشتی شوێنەوارمان هەبووە و پێشتریش لە زمنی تەشکیلاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بووە، ئێستا حاڵی حازر بە پێی ئەو پرۆژە یاسایە لە تەشکیلاتی وەزارەت خراوەتە دەرەوەی تەشکیلاتەکە، ئەمە یەك، یەعنی ئەمە پرسیارێکە لەبەرچی وەزارەتی ناوبراو خستوویەتە دەرەوەی تەشکیلاتەکانی خۆی؟ دووەم/ ئەگەر ئەو پرۆژە یاسایە پەسەند بکرێت بە بێ ئەوەو بەو شکڵەی ئێستا هاتووە بە بێ بەرێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار یەکەسەریش دیارە قانونەکە نافز مەفعول دەبێت، ئەو دەمە وەزعی بەرێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار چ دەبێت؟ ئایا لە مۆڵەق راناوەستێ و دەڵێین یەعنی سەر بە کێ دەبێت؟ گریمان ئەگەر فکرەیەکی ئەوەش هەبێت بکرێت بە هەیئەتێکی گشتی، یەعنی هەیئەی گشتی

ئاسار، لێرەدا پرسیارێك هەیە ئاخۆ لەگەڵ ماددەی 113 ی دەستووری عیراق ڕێك دێتەوە كە ئەوە بە ماددەیەكی تایبەتی لە دەستوور هاتووە و ئاساریش لەلایەن سوڵوتاتی ئیتیحادیەوە ئیدارە دەكرێت بە هاریكاری لەگەڵ موحافەزات و ئەقالیم، دیسانەوە ئەمەش بەڕاستی ئەشكالیاتی دەستووریمان بۆ دروست نابێت یەعنی؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی 3 پێكهاتەكانی وەزارەت و بڕگەی 1 من تێبینیم لە نیهایەتی بڕگەكە هەیە كە نووسراوە وەزیر بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بدات بە بریكاری وەزارەت یان بەڕێوبەرە گشتیەكان یان ئەوان لە وەزارەتدا بە شیاویان دەزانێت، (ئەو شیاویان دەزانێت)ە من پێم باشە بكرێت بە (ئەوانەی شارەزاییان هەیە لە كاروباری وەزارەت)، دەربارەی بڕگەی 3 و 4 ئەوەی نووسینگەی وەزیر و نووسینگەی بریكاری وەزیر، كە فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات كە پلەی بەڕێوبەری هەبێت و بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی هەبێت، بەڕاستی من بە پێویستی دەزانم كە ئەو (بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی) لەوە گرنگتر نیە كە شارەزایی هەبێت لە كاروباری ئیداری، چونكە بەڕاستی ئەو دوو نووسینگەیە ئیشەكانیان صرف ئیشی ئیداریە، بۆیە پێویست دەكات یەعنی ئەگەر بڕوانامەی زانكۆییشی نەبێت، بڕوانامەی ئامادەیشی هەبێت، بەڵام شارەزایی هەبێت لە كاروباری ئیداری بە باشی ناتوانێت ئەو ئیدارانە بەڕێوە ببات، بۆیە من بە پێویستی دەزانم كە ئەو مەرجە هەبێت كە شارەزاییەكی باشی هەبێت لە كاروباری ئیداری بۆ هەردوو نووسینگەكان، دەربارەی بڕگەی 6 من لەگەڵ پشتگیریم بۆ لیژنەی شارەوانی بەوەی كە ئەو ئیقتراحەی ئەوان كردبوویان وای لێ بكرێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەم كە لەگەڵ ئەو ڕایەی شلێر خانم كە باسی شوێنەواری كرد كە بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە و لە كوردستان شوێنەواری زۆر هەیە، بۆیە پێویستە وەكو بەڕێوبەراتیەكی گشتی شوێنەوار لێرە دابمەزرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی 13 منیش لەگەڵ هاوڕێكانم هاوڕام كە باسیان لە گرنگی و بایەخی گەشتیاری كرد كە دووبارەی ناكەمەوە، سەبارەت بە بواری گەشتیاری لەڕاستی دا هەڵدەگرێ كە دەستەیەكی سەربەخۆی هەبێ و دەستەیەك هەبێ بۆ ڕێكخستن و سەرپەرشتی كردنی سیاحە لە هەرێمی كوردستان، بەڵام لێرە پرسیارێك هەیە كە بەڕاستی ئایا لە ناحیەی قانونیەوە دەكرێت هەیئەتێك بە قانون ڕێك بخرێ و

قانونەکەش لە چوارچێوەی قانونێکی تردا بێت، کە لێرە باس لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، ئەو قانونەش کە بۆ هەیئەتەکە لە چوارچێوەی ئەم قانونە دا دەبێت، لە ناحیەی قانونیەوە دەکرێ قانونێك لە زمنی قانونێکی تردا بێت، ئەگەر نا بەڕاستی وا دەزانم لاریمان لەوە نەبێت کە بواری گەشتیاری پێویستی بەوە هەیە کە هەیئەتێك هەبێ و دەستەیەك هەبێ سەرپەرشتی بکات، لەبەرئەوەی کە بوارێکی گرنگە و لە موناسەبەکاندا بە تایبەتی لە بۆنە گشتیەکاندا دەبینین کە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات کە شوێنیان نابێتەوە لە فندقەکان، شێوەی ڕێکخستنیان پێویستی بە گرنگی پێدانی زیاتر هەیە، سەبارەت  بە شوێنەواریش کە شلێر خان وکاك ئاسۆ ئامەژەیان پێی دا بەڕاستی دیار نیە نە لە پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و نە لە پرۆژە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریش لام وایە لە هیچیان ئاماژەی پێی نەدراوە، ئایا بەڕێوبەراتیەکە بێت یاخود دەبێتە دەستەیەکی سەربەخۆ، تا ئێستا بە موعەلەقی ماوەتەوە وەکو ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەو بەڕێوبەراتیە دانیشتووین وەکو لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوار، ئەوانە داوا دەکەن کە هەیئەتێکی سەربەخۆ بن، بەڵام تا ئێستا بە موعەلەقی ماونەتەوە لە نێوان وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ڕۆشنبیری، من پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە کە لە پرۆژە یاسای خۆیاندا دایان نەناوە ئایا ئەوان ڕەئیان لەسەر ئەوەیە کە ئاسار یان شوێنەوار سەربەخۆ بێت و هەیئەتێکی سەربەخۆ بێ یان دەیانەوێ سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت، بۆیە لە پرۆژەکەی خۆیان دەریان خستووە و، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 3 برگەی 5 کە نووسراوە (المستشارون: یکون عددهم خمس مستشارین من حملة الشهادة الجامعیة ألاولیة ومن ذوی الخبرة والاختصاص)، بە ڕەئی من پێویست ناکات بنووسرێت مودەکەی، یەعنی ئەوەی بۆ نەنووسرێ، چونکە ئەوە ڕێنمایی تایبەتی خۆی هەیە کە لێرە نووسراوە (لاتقل عن عشرین سنه)، ڕێنمایی هەیە بە نیسبەت مستەشارینەکان، بە ڕەئی من پێویست ناکات لەو یاسایە ئەو فەقەرەیە بنووسرێت، بە نیسبەت خاڵێکی تر هەیە هەر لە برگەی 5 بە نیسبەت موستەشارەکان کە 5 پێنج موستەشار دانراوە، هەروەها منیش لەگەڵ ڕەئی بێریڤان خانم کە موستەشارێك هەبێت لەبواری ژینگە بۆ پاراستنی ژینگە، چونکە لە ماددەی 2 لەو یاسایە لە برگەی 3 ئاماژەی پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست سکرتێری پەرلەمان چەند ڕوونکردنەوەیەکی هەیە،  فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیحساسێك پەیدا بووە كو خوشكان و برادەران پێویستیان بە هەندێك ڕوونكردنەوە هەیە، مەوزوعی هەیئە شتێكی تازە نیە، قانونی ئەوەڵ بۆ وەزارەتی بەلەدیات دەرچووە هی ساڵی 1992 هەیئەی تێدا بوو، ئەوە لە ناحیەیەك، لە ناحیەیەكی تر كە هی دووەمە ناحیەی علمی قانونی ئیداری هیچ ئەشكالێك ئیسارە نابێت، هەیئە زمنی وەزارەت بێت یان خارجی وەزارت بێت، موهیم وەزیر ئیشرافی لەسەر دەكات، هەیئەش جوزئێكە لە تەشكیلاتی لامەركەزی ئیداری، لامەركەزی ئیداری شێوەیەكە لە شێوەكانی ئیدارەی دیموقراتی، چونكو ڕەئیسی ئەو هەیئەیە بە تەنها بڕیار نادات، وەزیر بە خۆی بە تەنیا بڕیار نادات، هەیئەكە دەیدات، هەیئەكەش نابێتە عەرقەلە لەڕێگەی مودیریاتی عام، چونكو هەیئە بەخۆی لە چ پێك دێت لە مەجموعەی مدیریاتی عام پێك دێت، لە مەجموعەی مدیر عامەكان پێك دێت زائیدەن چەند موستەشارێك یان چەند خەبیرێك، فەرقەكەی لەگەڵ مودیریەی عام چیە؟ كە مدیریەی عام بێت بڕیار بڕیاری وەزیرە و كەس بەشداری تێدا ناكات، دوور نیە ڕەئی چەند كەسێك وەربگیردرێت، بەس مولزەم نیە بە ڕەئی ئەوان، بەڵام ئەگەر هەیئە بێت، بڕیار بڕیاری هەیئەیە، ڕاستە خازعی تەسدیقی وەزیرە، بەڵام ئەویش بە نەزەری ئیعتبار وەردەگیردرێت كە ببینی 6 كەس یان 7 كەس بڕیارێكیان داوە و بێ سەبەب نایەت ڕەفزی بڕیار یان تەوسیەی ئەوان بكات، ئەوە فەرقەكەیە، وەكی تر هەیئەتەكە مەجلسی ئیدارەی دەبێت بۆ بڕیار دان و میزانیەكی تایبەتی خۆی دەبێت و شەخسیەتی مەعنەوی خۆی دەبێت، دەتوانێ موڵك بكڕێت و موڵك بفرۆشێت بەناوی خۆیشی تەسجیل بكات، بەڵام ئەگەر مودیریەتی عام بێت ئەوە ناتوانێت بكات، سبەی ئوتێلێكی سیاحیان دروست كرد بەناوی وەزارەت تەسجیل دەبێت، بەناوی مدیرەی عام تەسجیل نابێت، ئیدارە كردن و پێشخستنی مەنتیقەكانی سیاحی هەمووی بە بڕیار و دیراسەت دەبێت لە مەجلسی ئیدارەی هەیئە، نەكو مدیر عامێك بێت تەسەروف بكات، ئەگەر مدیر عام بێت دەتوانێت بە تەنیا ئیش و كاری خۆی بكات یان قەراری نیهائی بە دەست وەزیر دەبێت، بەڕەئی من مەعقول نیە ئێمە وەزارەتێكمان هەبێت بێین بچووكی بكەینەوەو بیكەینە هەیئە، ئەوە لە ناحیەیەك، لە ناحیەیەكی تر وەزارەتی شارەوانی مەجموعەی مدیریاتی عامن، بۆ لە هەموو مدیریاتی عام بەس ناوی سیاحە بچێتە ناو عینوان و تایتڵی وەزارەت، ئاخر ئەوەش موهیمە، كە تەماشا بكەین وەزارەتی بەلەدیات و سیاحەیە، باشە بۆ نابێتە وەزارەتی بەلەدیات و ئاو و سیاحە و شتەكانی تر، لەبەرئەوە بەڕەئی من وەلەو خوشك و برایان هەموویان ئازادن بۆ ڕەئی و بۆ بۆچوونەكانی خۆیان و تەسویتی خۆیان، بەڵام ئەو شتە بە نەزەر ئیعتبار وەربگرن لە ناحیەی عیلمی و شتی تر نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ژمارەیەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان چەند خاڵێكیان باس كرد كە پێویستە جەنابی وەزیر یان تەوزیحیان بداتێ یان بزانێ ڕای چیە؟ لەوانە دوو وەكیلی وەزیر و وەزارەت، هەیئە یان مدیریەت، مدیریەتێك بۆ ئیدارات ئیزافە بكرێت، مدیریەتی شوێنەوار كە تێیدا نیە، موستەشارەكان، چوار یان پێنج بن؟ تكایە بزانین ڕەئی وەزیر لەو بارەیەوە چەی؟ فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبداللە ئاکرەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بۆ هەموو ئەو تێبینیانەی کە ئێستا باسیان کرد، بەڕاستی ئەوەی کە ئێستا جەنابت سوئالەکانتان لە چەند بابەتێك دانا، ئەوەشی یەکێك لەوانەیە کە شوێنەوار بۆچی لەگەڵ ئەو یاسای وەزارەتی ئێمە دانیە؟ قەرار هەبوو شوێنەوار هەیئەیەك بێت، ئەو هەیئەیە دەبێتە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، هەیکەلەکەشی بۆ داندراوە بەس هێشتا ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمانی نەناردووە، ئەوە دەتوانم بەو شێوەیە وەڵامی ئەو خوشك و برایانە بدەمەوە کە هەیئە کە شوێنەوار دەبێتە هەیئەیەك لەبەر ئەوەی کە شوێنەوار زۆر گرنگە بۆ وڵاتی ئێمە کە تا ئێستا ئەهمیەتی پێ نەدراوە، لەژێر دەسەڵاتی شارەوانی و گەشتوگوزار بێت بەڕاستی تەهمیش دەکرێت، لەبەرئەوە وای لێ کرا کە ئەو شوێنەوارە ببێتە هەیئەیەك و هەیئەش گرنگی خۆی دەبێت و بتوانێت بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەستێت، بە نیسبەت ئەوەی کە بۆ چی مەربوت نیە بە وەزارەتی ڕۆشنبیریش؟ چونکە یان بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت یان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەبێت، هەردوو ئەو بۆچوونەیان هەیە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان ئەوانیش ئەرك و ئیشیان زۆر زۆرە لەوانەیە نەتوانن بەو ئەرکەی هەستن، هەروەها وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزاریش، بە نیسبەت ژمارەی ڕاوێژکاران، ئێمە ڕاوێژکارێکی زۆرمان هەیە لە پاش دەمج بوونی هەردوو وەزارەت کە ئێستا ژمارەیان تەقریبەن 10-9 ڕاوێژکارن، هەندێکیان وا لە ئەوەی تەقاعودین و ئەوانەی تر تەقریبەن 8 یان 9 ماونەوە، بە پێی تەخەسوسات، ئێمە بە ئەوەمان زانی کە بەو تەخەسوساتەی کە ئێستا لێرە ئاماژەمان پێی کردووە دەتوانین ئەو ڕاوێژکارانەمان هەبێت کە یارمەتی وەزارەت بدات بەشێوەیەکی تایبەت کە هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوەو لەژێر تەخەسوسی خۆیان، بەس لێرە لیژنەی یاسایی پەرلەمان بۆچوونێکی تریان هەبوو بۆ ئەوەی کە تەعاروز نەکات لەگەڵ یاسای وەزارەتەکانی تریش کە چوار ڕاوێژکاریان دانا و منیش موافەقەتم کرد لەسەر ئەوەی کە چوار ڕاوێژکار بێت و ئێمە دەتوانین ئەو ڕاوێژکارانەی کە ئێستا هەن لە وەزارەت دەمێنێنەوە هەتا تەقاعود دەبن یان نەقلی جێگەیەك دەبن، بەس میلاکیان نابێت بۆ ڕاوێژکاری نوێ، بە نیسبەت هەیئە بێت یان مدیریەی عامە بێت، بەڕاستی هەموو باسی ئەوەیان کرد بۆ هەیئە چ گرنگیەکی هەیە کە هەیئە بێت، من بۆ خۆم وەکو شەخسی خۆم زیاتر بۆچوونم بۆ ئەوەیە کە هەیئە بێت، چونکە گرنگیەکی خاس دەدرێتە گەشتوگوزار کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان هیچ ئیهتمامێك نەدراوە بە گەشتوگوزار  بەو شێوەیەی کە دەبووایە بیدرابیتێ، چ لەو وەختەی کە وەزارەت بووە و چ لەو وەختەی کە پێش تر هەیئە بووە، ئێستا ئێمە بێین ئەوەی دابەزێنین و بیکەینە مودیریەتێك و مدیریەی عامە کە لەو ئاستەی بەڕاستی ئیهتمامی پێ نادرێت، وڵاتی ئێمە وڵاتێکە دەوڵەمەندە لە سروشتی زۆر جوان، دەوڵەمەندە لە شوێنەواری و شوێنی گەشتیاری زۆر باش کە بتوانین ئێمە وای لێ بکەین بە شێوەیەك پێشی بخەین، بەڕاستی بۆ ئەمەش باسی ماستەرپلان کرا لێرە، ئێمە

ماستەرپلانی نە بەس شاروشارۆچکەکانمان لەژێر تەندەری ئێوە دیراسەتە، بەڵکو ماستەر پلانی گەشتوگوزار و شوێنەواریش ئێستا لەژێر تەندەرێکە، کە ئێمە بتوانین بە شێوەیەکی زۆر مەدروس بتوانین شوێنەکانی گەشتوگوزاری خۆمان بتوانین دیراسەت بکەین و لەسەر ئەو ئەساسەی بتوانین شوێنەکانی گەشتوگوزار مەشاریعی بۆ دابنێین، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە مودیریاتی عامە دابنێین کە لێرە پێشنیاری لیژنەی شارەوانیە و باسی کردووە، کە ئەگەر مدیریەی عامە بێت و ئەو مودیریەی عامەیە لەگەڵ مودیریاتی عامەکانی تر کێ دەتوانێت ڕەئیسیان بێت، چونکە هەموویان یەك پلەیان هەیە، مودیریەی عامە لە هەولێر بێت لە موحافەزەکانیش بێت، لێرە لەبەر هەندێ دەبێ پلەیان زیاتر بێت، من قەسدم ئەوە نیە کە هەیئە کە پلەی تایبەتە ئیللا وەکیل وەزیر بێت، بەڵکو مودیر عامێك ببێتە سەرۆکی هەیئە، بەڵکو وەکیل وەزیر بێت یان ڕاوێژکارێك بێت دەتوانێت سەرۆکی ئەو هەیئەیە بێت، لێرە لەبەرهەندێ هەیئە کە ئەو گرنگیەی کە دەمانەوێ بیدەینێ کە فەرقێکی هەبێت لەگەڵ مودیریەی عامەکانی لە هەموو شارەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك لە خوشك و برایان باسی ئەوەیان کرد کە لە ئیدارەی گەرمیان ئێمە بتوانین مودیریەیەکی عامە لەوێ دابنێین، من هیچ ئیعتزازم نیە لەسەر هەندێ، بەڕاستی ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەیەکی زۆر گەورەیە دەتوانێت وەکو موحافەزەیەك کە ئێستا حیسابی بۆ دەکرێت عەینەن مودیر عامەکانیش هەر لەوێ بێت، لەبەرهەندێ من زۆر موافقم لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەی کە ئەو تێبینیایانەیان هەبوو کە بتوانین لە یاسای وەزارەتی خۆماندا بگونجێنین، بە نیسبەت وەکیل وەزیر ئەگەر دوو بێت یان یەك بێت، لێرە ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کە وەکیل وەزیر یەك بێت، لەبەرئەوەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار وەزارەتێکی زۆر تەخەسوسیە و فراوانە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەبێ وەکیل وەزیرێك بۆ فەنی دابنێین و وەکیل وەزیرێك بۆ کارگێڕی دابنێین و وەکیل وەزیرێك بۆ سیاحە دابنێین، یەعنی دەبێتە سێ وەکیل وەزیر لە بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەبێت، لەبەر هەندێ یەك وەکیل وەزیر وابزانم کافی بێت ئەوەی تر بە هەیئە دەتوانین حەلی بکەین، ئێستا کە مودیریەی عامە نەما بەڕاستی هەتا ئێستا حەلیشمان کردووە و گیروگرفتمان نەبووە لەوە، بەس لەبۆ ئەوەی کە پارمەتی وەزیر بدەن، وەکیل وەزیرێك هەبێت کە تەخەسوسی هەبێت چ لە ئیدارە چ لە فەنیات، ئەوە بۆچوونی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەرئەوەی ڕایەکان جیاوازن، ژمارەیەك داوای شتێکیان کردووەو ژمارەیەکی تر داوای شتێکی تریان کردووە کە پێچەوانەی ئەو شتە داوادکەن، دیارە مەسەلەکان هەر خۆتان دەیکەن، بۆیە ئێمە هەندێکیان دەخەینە تەسویتەوە، یەکێك لەوانە ئایا سیاحە هەیئە بێت یان مدیریەت بێ؟ جاری یەکەم لە پرۆژەکە کە هاتووە دەڵێت هەیئە، ئێستا مدیریەتەکە دەخەینە تەسویت کێ دەڵێ مدیریەت بێت؟ نیزامیە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە هەبوو وە ئەوەیش لە ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی هاتووە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان مەبەستیان ئەوە نیە تەنها یەك بەڕێوبەرایەتی گشتی بێت لەناو وەزارەتەکە، نەخێر هی سێ پارێزگاکە و ئێستاش ئەگەر ئیزافەی ئەو ئیدارەیە بکەین ئەو کات ئیشراف دەکەی لەلایەن وەزارەت، ئەو کات وەکیلی وەزارەت دەیکات، تەوەجوهەکە بەو شکلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفو مەبەستمان ئەوە نیە،(المدیریة العامة للسیاحة) لەناو جەرگی وەزارەت، نا، (المدیریات العامة للسیاحة فی محافظات الاقلیم)، یەعنی هەر سێ پارێزگا، نەك مدیریەی تەنها وەك مدیریەی شئونی قانونی، مەبەستمان ئەوە نیە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارێك کە دەڵێت (المدیریات العامە) ئەی موحافەزەکان دەبن بە چی؟ مدیریاتی عامە دەبێت لە پایتەخت دانیشێ، مەسئولی ئەو مودیریاتانەش. کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە مەرجە کو مەبەست مدیریەی عامە هەمووی لەناو پایتەخت بن نا، (المدیریة العامة للتربیة فی محافظة دهوك، المدیریة العامة .......... ) مەبەستمان ئەوە نیە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت هەیە لەسەر ئەوە؟ کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی (وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووپاتی دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە هەیئە بێت و مدیریەی عامە نەبێت.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەوزیحێکم با بە شکلێکی تر تەوزیح نەکرێت، بەڕێزانی لیژنەی شارەوانی مەبەستیان ئەوەیە سیاحە مدیریاتی عامی هەبێت لە موحافەزەکان، ئەو مودیریاتی عامەیە ڕاستەوخۆ ڕەبتیان بە وەزارەتەوە هەبێ

نـەك لـەڕێگای هەیئـەوە ڕەبتیـان بـە وەزارەت هـەبێت، کەواتـە مەبەسـتیان لـە لادانـی هەیئەیـە بـۆ ئـەوەی ڕاستەوخۆ و موباشر بێت، کەواتە موفتەرەحەکە ڕاستە هەیئە هەبێ یان نەبێ، ئەمە یەك، دوو/ مـن یـەك تـەوزیحم هەیـە، بـەڕێزان، هەنـدێ لـە بـەڕێزانی ئەنـدامانی پەرلـەمان ئیشـارەتیان بـەوە دا کـە وەکیـل وەزارەتێك هەبێت بۆ سیاحە، باشە من دەپرسم وەکیل وەزارەت لە هەموو هەیاکلی وەزارەت هیچ دەسەڵاتی نیە، غەیری ئەو دەسەڵاتەی کە وەزیر دەیداتێ، باشە ئەوە باشترە یان مـن هەیئـەتێکم هـەبێت شەخسیەی مەعنەویەی بدەمێ و ئیستقلالی مالی بدەمێ و ئیستقلالی ئیداری بدەمێ، بڕێك سەربەخۆییەکی هەبێت بە واستەی ئەو مەجلسی ئیدارەیە، باشە ئەم سیستەمە لامەرکەزیە باشە یان تەنها بڵێین وەکیل وەزیرێـك بـۆ سیاحە هەبێت، بەڵام هیچ دەسەڵاتی نەبێت، ئەمە تەنها بۆ ڕوون کردنەوەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مەسەلەیە موناقەشەی زۆر لەسەر کرا ئێستا دەخەینـە دەنگدانـەوە، کـێ دەڵـێ هەیئـە هـەبێت دەسـتی بەرز بکاتەوە تکایە؟ کێ دەڵێ هەیئە نەبێت؟ بە ئەقەلیەت پەسەند کرا و بوو بـە هەیئـە، خـاڵێکی تـر کـە باسی لێوە کرا مودیریەت هەبێت بۆ ئیدارەکان، مدیریەتێکی عام هەبێت بۆ ئیدارەی گـەرمیان، کـێ لەگـەڵ ئەوەیە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ دژە؟ 1 کەس دژە ئەویش ڕۆیشت، بـاس لـەوە کـرا چـەند وەکیـل وەزارەت هەبێت؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە دوو وەکیل وەزارەت هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ کێ دەڵـێ یـەك وەکیـل وەزارەت هەبێت؟ تەواو، تکایە لیژنەی یاسایی بڕۆنە سەر........ کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موستەشارەکان ماون چوار بێت یان پێنج؟.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونـی کـردەوە جـەنابی وەزیـر گـوتی لەگـەڵ چـوار موستەشـارم و لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی، باشـە ئـەویش دەخەینە دەنگدانەوە، چونکە لە یاسایەکە پێنج هاتووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە چوار موستەشار هـەبێت دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ دژە؟ تەواو بە تێکڕای دەنگ، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای ماددەکە بکەین دەبینین هەمووی پەیوەنـدی بـە تەشـکیلاتی وەزارەت هەیـە، وە لـە هـەمان کاتدا هەیئەی سیاحە دەنگی وەرگـرت، بـۆ تایبەتمەنـدی ئـەم دەزگایـە ئێمـە پێمـان باشـە هەیئـەی سیاحە ببێتـە ماددەیـەکی موسـتەقیل لـە زمنـی تەشـکیلات، نـەك لـە فەقەرەیـەك دا بێـت، ئەمـە یـەك، مەسـەلەی مودیریـاتی عامەکـەش جیـا بکرێتـەوە و لەگـەڵ ئـەو شـەرحە زیـادە نـین کـە بـەڕێزانی لیژنـەی شارەوانی ئیشارەتیان پێیدا، بۆ ئەوەی ڕێکی بخەین بەڕاستی ئێمە تەبیعیە سیاغەی ئـەم ماددەیـەی بکەینـەوە، بـەڵام بـە نیسـبەت هەیئـەی سـیاحە تایبەتمەنـدی بـدەینێ و پاشـان موستەشـارەکان بـە ماددەیـەکی موسـتەقیل

بیهێنینه خوارێ، دواتر مودیر عامەکان دێنه خوارێ و دواتر مەجلسی ئیستشاری وەزارەت دێته خوارێ، بۆ ئەوەی تەکامولی تەشکیلەکە بکات بەشێوەیەکی هەرەمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دەتوانین تەسویتی لەسەر بکەین و دواتر سیاغەکەی تەنزیم بکەینەوە، کاك لیژنەی یاسایی شتەکانتان بخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سیاغەیەکمان ئامادە کردووە کە تازە کاك شێروان تەوزیحی کرد، ژمارەکەی دەبێتە مادده 4 ئێستا دەیخوێنمەوە:

المادة الرابعة: الهيئة العامة للسياحة ترتبط بالوزارة ولها شخصية معنوية واستقلال مالي واداري ويرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال السياحة وتتكون من:

1- مكتب رئيس الهيئة: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2- المديرية العامة للسياحة في كل محافظة من محافظات الاقليم وادارة (كرميان): ويرأس كل منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال السياحة.

3- مجلس ادارة الهيئة: ويحدد مهامهم وتشكيلاته بالنظام.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بیخوێننەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقە عەرەبیەکەم لەبەردەستە کە دەبێتە ماددەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە دەستەی گشتی گەشتوگوزار:
دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە وەزارەتەوە دەلکێندرێت و کەسایەتی مەعنەوی دەبێ و لەڕووی دارایی و ئابووری کارگێڕی سەربەخۆ دەبێت، فەرمانبەرێك بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی هەبێ و خاوەن شارەزاو پسپۆر بێ لەبواری گەشتوگوزار و لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1ـ نووسینگەی سەرۆکی دەستە: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوبەر کە بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

2 ـ بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزار: لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەرێم و یەکەی ئیداری گەرمیان، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوبەری گشتی دیوان سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی هەبێت و خاوەنی شارەزاو پسپۆر بێت لە بواری گەشتوگوزار.

3ـ ئەنجومەنی کارگێڕی دەستە ئەرکەکان پێکهاتەکانی بە نیزام ڕێك دەخرێت.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی ماددەی 3 ئاخر سیاغەی بخوێننەوەو ئەو تەسویت بکەین، ئەوجا دێینە سەر سیاغەکردنی ماددەکەی کە تازە سیاغە کرایەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی بە نیسبەت سیاحە هەروەکو پێشتریش ئیشارەتمان پێی دا لە زمنی ئەو فەقەراتانە دەری بینین و بیکەینە ماددەیەکی موستەقیل، ئەو 12 فەقەرەیەی کە دەمێنێتەوە ئەویش با بکەینە ماددەیەکی موستەقیل بۆ ئەوەی تەشکیلاتەکە ئەهمیەتێکی پێ بدرێ و تایەبتمەندی خۆی بپارێزێ بەو تەشکیلاتەی کە ئێمە هێناومانە:

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 3 بخوێننەوە عەدا فەقەرەی 13، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالأی وەزارەتەو بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستە کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی و چاودێری چالاکییەکانی دەکات و هەر لەویشەوە ئەو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن، کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانیەوە لە ڕووی هونەری و دارایی و کارگێڕیەو ڕێکخستنەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرپرسیارە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنداو، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەت، یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان، یان ئەوانەی لە وەزارەتدا بە شیاویان دەزانێ.

دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کاروبارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێت و دەبێت بڕوانامەی بەرایی پسپۆڕی زانکۆیی هەبێت.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات، كە بە پلەی بەڕێوەبەر بێت و بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریكاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات، كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن.

پێنجەم: راوێژكاران: ژمارەیان لە چوار راوێژكار زیاتر نەبێت و خاوەن بڕوانامەی زانكۆو بەرایی بن، خاوەن شارەزاو پسپۆر بن.

شەشەم: وەزارەت لەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە پێك دێت، كە هەر یەكەو بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات، خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت و شارەزاو كارامە بێت.

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەكان.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆكان.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەكان لە پارێزگاكانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.

7- سەرۆكایەتی شارەوانییەكان لە سەنتەری هەر پارێزگایەك لە پارێزگاكانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.

8- سەرۆكی شارەوانی لە هەر پارێزگایەك سەرۆكایەتی دەكات و بەپێی ئەو پۆلە تایبەتەی شارەوانی.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخر سیاغەی ئەو ماددەیە كە خوێندرایەوە كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟ كێ دژیەتی؟ تەنها دووكەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئاخر سیاغە كە داتان نا؟ كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەسەلەی ئیدارەی گەرمیان هەموومان لەگەڵ ئەوەین كە بایەخی تایبەتی پێ بدرێت تایبەتمەندیەتی و قوربانی دانی ئەو ناوچەیەمان لەبەرچاوە، بەلام ئێمە لێرە دا لەبەردەم گرفتێكی یاسایی داین، چونكە بە پێی یاسای ژمارەی 3ی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، ئەو یەكە ئیداریانەی كە شەخسیەتی مەعنەوی و قانونیان هەیە بریتیە لە پارێزگا، قائیمقام و ناحیە، هەروەها بە پێی یاسای ژمارە 6ی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان دیسانەوە هەمان شت هەیە، ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە بڵێین ئەمە لەویٚ نەبێ، ئێستاش تەئیدی ئەوە دەكەین كە لەوێ بێ، بەلام هەوڵ بدەین كە ئەم ئەشكالیەتە یاساییە چارەسەر بكەین، بۆ نموونە لە داهاتوو دا ئێمە هەڵبژاردنی پارێزگاكان دەكەین ئایا گەرمیان

حسابی پارێزگای بۆ دەکرێت یان لەوێ ئەو ئەنجومەنەی کە لەوێ پێك دێتەوە سەر مەسەلەی ئەوەی حسابی قەزای بۆ دەکرێت، هەوڵ بدرێت ئەم گرفتە و ئەم ئەشکالیەتە قانونیە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین باشتر و چاکتر یاساییانە مافەکانی گەرمیان بەرجەستە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو برگەیە خۆت دەزانی بە دەنگدان ڕۆیشت و مەسەلەی یاسایی و قانونیەکە دوایی دەبێت لیژنەی یاسایی و حکومەت و ئەوانە جێ بەجێ بکەن، موناقەشە کراوەو تەواو بووە، بۆچی موناقەشە بکەین؟ تەسویتی لەسەر کراوە و ڕۆیشتووە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عمر گوتی مەخاوفێکی قانونیە، بەڵام لەڕووی جێ بەجێ کردنەوە بەڕێوبەرایەتی گشتی محافەزەکانیش بە هەڵبژاردن ناچنە ئەو شوێنە، ئەوانەش هینێکی ئیداریە، بەڵام هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکان لە چوارچێوەی هەڵبژاردن و ئینتخابات دایە، ئەو کاتە ئەوانەی کە لە سنووری گەرمیانن قەزاو ناحیەکان لەگەڵ ئیدارە کە پەیوەندیان بە بەڕێوبەراتیە گشتیەکەی گەرمیانەوە دەبێت، نەك لە سلێمانی دەبێت، بۆیە هیچ ئەشکالێکی قانونی لەوێدا نابینم من.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی 4 کە تازە هین بوو بیخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

الهيئة العامة للسياحة ترتبط بالوزارة ولها شخصية معنوية واستقلال مالي واداري ويرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال السياحة وتتكون من:

1- مكتب رئيس الهيئة: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2- المديرية العامة للسياحة في كل محافظة من محافظات الاقليم وادارة (كرميان): ويرأس كل منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال السياحة.

3- مجلس اداره الهيئه: ويتكون من:

أ- رئيس الهيئة/ رئيساً.

ب- المدراء العامين في كل محافظة من محافظات الاقليم وادارة (كرميان)/ اعضاء.

ج- اثنان من مستشاري الوزارة ينسبهم الوزير/ اعضاء.

د- تكون قرارات مجلس الادارة بالاكثرية وتخضع لمصادقة الوزير.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی 4 هەمووتان گوێتان لێی بوو، کێ دەنگی بۆ دەدات تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ دژیەتی، دەست خۆشیتان لێ دەکەین، سەرکەوتوو بن، کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێنین بۆ بەیانی سەعات 11 هەربژین.

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 9\11\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## سێ شەممە رێكەوتی 2010/11/9

كاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی رۆژی ســێ شــەممە رێكــەوتی 2010/11/9 پەرلــەمانی كوردســتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژماره (13)ی خولی سێیەم, سالی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/11/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

2. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسایی دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی.

3. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کودرستان.

4. خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

5. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتەنەکەمان دەکەینەوە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 13، ڕۆژی دانیشتن 2010/11/9.

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی بڕگە 1ی ماددەی 20 لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی 13ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات 11ی پێشنیوەڕ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/11/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

2. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسایی دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی.

3. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کودرستان.

4. خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

5. خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی کاک سمیر دەکەین، زۆر بەخێرهاتن، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی دەکەین کەرەمکەن بۆ سەر مەنەسە، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن بۆ کارەکانتان، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی ماددەی 4ی ئەسڵی پرۆژەکە دەخوێنمەوە کە ژمارەکەی بووە ماددەی 5:

المادە 5

اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري يتألف من:

1- الوزير.

2- وكيل الوزارة.

3- المستشارون.

4- المدراء العامون للوزارة.

5- للوزير دعوة أي شخص داخل الوزارة وخارجها في اجتماع المجلس لغرض الاستشارة عند الحاجة.

ثانياً: يتولى المجلس تقديم الاستشارات والتوجيهات الى الوزير وتكتسب صفة القرار الوزاري اذا نال تصديقه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(داخل الوزاره أو خارجها) نەك (داخل الوزاره وخارجها)، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 5 کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی 4 دەکات:

یەکەم/ وەزارەت ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێت کە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1-وەزیر.

2- بریکاری وەزارەت.

3-ڕاوێژکاران.

4- بەڕێوبەرە گشتیەکانی وەزارەت.

5- وەزیر بۆی هەیە بۆ ڕاوێژ پێ کردن لەناوەوەو دەرەوەی وەزارەت لەکاتی پێویست دا بانگهێشتی هەر کەسێك بکات.

دووەم/ ئەنجومەن ڕاوێژ و ڕێنمایی پێشکەش بە وەزیر دەکات و سیفەتی بڕیاری وزاری وەردەگرێت ئەگەر وەزیر پەسەندی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 4 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 5، لە خاڵی (4)ەم لە دەقە کوردیەکە تێبینیمان نیە، بەڵام لە دەقە عەربیەکەدا پێمان باشە بکرێت بە ( المدراء العامون للوزارة)، (5) ەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە :

( لەکاتی پێویست وەزیر بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەسێك بکات لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت بە مەستی ڕاوێژ پێ کردن بێ ئەوەی هەقی دەنگ دانیان هەبێت).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکولیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە کە ئیعادەی سیاغەی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بێت:

اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري يتألف من:

1- الوزير/ رئيساً.

2- وكيل الوزارة/ عضواً.

3- رئيس الهيئة العامة للسياحة/ عضواً.

4- المستشارون/ اعضاء.

5- المدراء العامون للوزارة/ اعضاء.

6- للوزير دعوة أي شخص داخل الوزارة اوخارجها في اجتماع المجلس لغرض الاستشارة عند الاقتضاء دون ان يكون له حق التصويت.

ثانياً: يتولى المجلس تقديم الاستشارات والاقتراحات الى الوزير وتكتسب صفة القرار الوزاري اذا نال تصديقه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، بەڕێز جەنابی وەزیر ڕەئیت هەیە دەربارەی ئەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز سمير عبدالله ئاكرەيى (وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە پێشنیاری لیژنەی شارەوانی کە (المدراء العامون للوزارة) بێت و چ ئەشکالیەتێك لەسەری نیە، بە نیسبەت ئەوەی کە لیژنەی یاسایی باسی کرد، ئەویش هیچ ئیعتڕازێکم لەسەری نیە بە نیسبەت ئەوەی سەرۆك بنووسرێت و عوزوەکانیش و ئەعزائیش بەو شێوەیە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان کـێ دەیـەوێت قسە بکـات؟ تـەنها سـێ بـەڕێز دەیانـەوێ موداخەلـە بکـەن، ڕێزداران (عمر رعبدالعزیز، شێردڵ تحسین، گوڵێزار خان)کاك عمر فەرمو‌و.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەگەر هەڵە نەبم نوقتەیەکی نیزامیم هەیە و وابزانم دوێنێ لە ماددەی 3 کاك د.ئەرسەلان ئەگەر جەنابی لەبیری بێت دەنگی بۆ نەدراو موناقەشە کراو خرایە ئەمڕۆ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە دوێنێ سەرپەرشتی جەلسەکەی کـرد دەڵـێ دەنگـی بـۆ درا، کـاك عمـر فەرمو‌و.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 4 ەوە، سێ تێبینیم هەیە، یەکەمیان/ تەسنیە لەسـەر ئـەو پێشنیارەی بـەڕێز لیژنـەی یاسایی دەکەم کە ئەو مودیریەی هەیئەی عامە پێویستە ڕەئیسی هەیئەی عامە ئەندام بێت، ئـەوە ئیزافـە کرا، دیاری کردنی سەرۆکایەتیش بۆ مەجلسەکە، ئەوەش شتێکی باشە، بەڵام دوو تێبینـیم مـاوە، یـەکێکیان بە نیسبەت خاڵی 5 ەوە من وادەزانم خاڵی 5 زیادە لەم ماددەیە، (للوزیر دعـوة ای شـخص داخـل الـوزارة أو خارجها)، یەعنی ئەمە تەحسیلٌ حاسـڵە، لـە سـەرەوەش بـاس لـە مەجلسـی ئیستشاری دەکـەین، لێـرە وەکـو سەڵاحیەتێکی وەزیر دیاری کراوەو شتێکی زۆر ئاسایی و سەرەتاییە، یەك لە ماف و ئەرکـە سـەرەتاییەکانی وەزیر پێویست ناکات ئەو ماددەیـە هـەبێت، بـە نیسـبەت بڕگـەی 2 ەوە (یتـولى المجلس تقـدیم الاستشـارات والتوجیهات الى الوزیر وتکتسب صفة القرار الوزاری اذا نال تصدیقه) تەسدیقەکە لەلایەنی کێوەیە؟ یـەعنی ئەگەر دیاری بکرێت بۆ ئەوەی ئەو تەساولە ڕەفع بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرمو‌و.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ ئێمە تەسویتمان دا لەسەر هەیئەی عامە و منیش پشتگیری لـە لیژنـەی قـانونی دەکـەم کـە ڕەئیسـی هەیئەی عامە لەو خاڵانە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گولیزار خان فەرمو‌و.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ لەبەرئەوەی کە دەستەیەك بۆ گەشتوگوزار لەناو یاساکەدا چەسپاوە و دوێنێ دەنگی لەسەر دراوە، وە ماددەیەکی بۆ زیاد کراوەو من پشتگیری ئەوە دەکەم کە سەرۆکی ئەو دەستەیە ئەندام بێت لە ئەنجومەنی وەزارەت، دووەم/ دەربارەی بڕگەی 5 ئەوانەی کە وەزیر بانگهێشتیان دەکات و ڕاوێژیان پێ دەکات، مافی دەنگدانیان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی ڕەئیتان؟ کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیەکی تایبەتمان نیە تەنها ئەو تێبینیانەی کە پێشتر باسم کرد، هەر ئەوەمان هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو هەموو قانونی وەزارەتەکان دەبێت وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کە بتوانێ لەخارجی دائیرە موستەشارین بانگ بکات یان خوبەرا بانگ بکات، چونکە ڕەنگە ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی پێ نەدرێت ئیمکان هەیە زۆر کەس هەیە مومکینە بە نەزەری ئیعتبار وەرناگیردرێت قسەی وەزارەت یان قسەی وەزیر نایەت، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی پێ بدرێت دەتوانی لە ڕێگای پەیوەندیەکانەوە دەعوەتی هەر خەبیرێك بکات، بە نیسبەت کاك عمر کە دەڵێت (وتکتسب صفه القرار الوزاری) کە دەڵێ قەراری وزاری مەعنای وایە موسادەقەی وەزیرە قەراری وزاری، چونکە ئەگەر موسادەقە نەکرێت نابێتە قەراری وزاری کەواتە وازحە و وەزیر خۆی موسادەقە دەکات، ئێمە هەر ئەوەندە مولاحەزەیەمان هەیە، ئەوانەی تر لە هەموو لە پێشنیارەکەی ئێمە بە نەزەر ئیعتبار وەرگیرایە و ئەوەی کە خویندمانەوە کە رەئیسی هەیئەی عامە سیاحە ببێتە عزو لەو ئەنجومەنە ڕاوێژکاریە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پێشنیاری ڕێزدار کاك عمر وەرنەگیرا، ئەسڵی ماددەکە بخوێننەوەو کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 5

اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري يتألف من:

1- الوزير/ رئيساً.

2- وكيل الوزارة/ عضواً.

3- رئيس الهيئة العامة للسياحة/ عضواً.

4- المستشارون/ اعضاء.

5- المدراء العامون للوزارة/ اعضاء.

6- للوزير دعوة أي شخص داخل الوزارة اوخارجها في اجتماع المجلس لغرض الاستشارة عند الاقتضاء دون ان يكون له حق التصويت.

ثانياً: يتولى المجلس تقديم الاستشارات والاقتراحات الى الوزير وتكتسب صفة القرار الوزاري اذا نال تصديقه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 5

یەكەم/ وەزارەت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری دەبێت كە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1ـوەزیر/ سەرۆك.

2ـ بریكاری وەزارەت/ ئەندام.

3ـسەرۆكی دەستەی گشتی/ ئەندام.

4ـ ڕاوێژكاران/ ئەندامن.

5ـ بەڕێوبەرە گشتیەكانی وەزارەت/ ئەندامن.

6ـ وەزیر بۆی هەیە بۆ ڕاوێژ پێ كردن لەناوەوەو دەرەوەی وەزارەت لەكاتی پێویست دا بانگهێشتی هەر كەسێك بكات بكات بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

دووەم/ ئەنجومەن ڕاوێژ و ڕێنمایی پێشكەش بە وەزیر دەكات و سیفەتی بڕیاری وزاری وەردەگرێت ئەگەر وەزیر پەسەندی كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا وەكو ئەوەی خوێندرایەوە، كێ بەم شێوەیە لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەیەكی تر كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 6

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم أو خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسباً وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير بع استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 6

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسەكانی سروشتی و مەعنەوی، ئەوانەی كەخاوەن پسپۆڕی و شارەزان، لە هەرێم و لەدەرەوەی هەرێم، بۆ ئەوەی بە ئەرك وكارەكانیان كە پێیان دەسپێردرێت هەستن، بۆ ئەو ماوەی كە بەگونجاوی دەزانێ تا ئامانجەكانی وەزارەت بەدەست بهێنێت، ماف وئەركەكانیان لەلایەن وەزیر دیاری دەكرێت، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی ڕەئیتان تكایە؟ كاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە دەقی ماددەكە دەكەین و بەس پێمان باشە دەقە كوردیەكەی كە تۆزێك لەنگی تیایە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە :

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست بكات لەگەڵ كەسە ئاسایی و مەعنەویەكان ئەوانەی شارەزاو پسپۆڕن لە هەرێم و دەرەوەی هەرێم ، بۆ ئەو ماوەیەی بە گونجاوی دەزانێت بەمەبەستی وەدەست هێنانی ئامانجەكانی وەزارەت ، لەلایەن وەزیرەوە ماف و ئەركەكانیان دیاری دەكرێت ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ماددەکەمان کردووە، بەڵام پێویستی بە تەوزیحێك هەیە بەڕاستی، لەبەرئەوەی وەزیر حەقی ئەوەی هەیە کە عەقد بکات لەگەڵ هەر شەخسێکی تەبیعی بێت یان مەعنەوی بێت، ئەگەر لەناو هەرێم بێت ئەوەندەی ئێمە مەعلوماتمان هەیە لە زمنی دەسەڵاتی وەزیرە، بەڵام ئەگەر هاتو ئەو موستەشارە یان ئەو شەخسە مەعنەویە لە دەرەوەی هەرێم بوو دەبێت موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت، بۆیە پێویست دەکات لێرە ماددەکە دەسکاریەکی لێ بکرێت و ئەگەر جەنابی وەزیر بەرێگای سەرۆکایەتیەوە تەوزیحاتێکمان بداتێ زۆ باشە و زۆر مەمنونین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی (وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ نەسە کوردیەکەی لیژنەی شارەوانین کە گۆڕاوە بۆ گرێبەست، کەسی ئاسایی موافقم لەو نەسەی کە بەر عەرەبی هاتووە، (للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم أو خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسباً وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء، لێرە ئەگەر ئیزافەی ئەوە بکەین (اذا كانت خارج صلاحية الوزير)، یەعنی نەگەڕێتەوە ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر لەسەلاحیەتی وەزیر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزداران کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئەم ڕێزدارانە دەیانەوێ قسە بکەن (عمر نورەدینی، د.رفیق صابر، د.صباح، حمە سعید، د. احمد، عبدالسلام بەرواری) کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ لیژنەی شارەوانی کە هەوڵیان داوە و پێشنیاری ئەوەشیان کرد کە دەقە کوردیەکە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، بەس لەڕاستی دا ئەوەی کە لە دەقە عەرەبیەکە دا هاتووە ئەشخاسی تەبیعی لەڕووی یاساییەوە ئەمە دروست ترە، نەك کەسانی ئاسایی، چونکە ئاسایی بە عەرەبیەکەی دەبێتە اعتیادی کە ئەمە لەگەڵ مەفهومە قانونیەکەی دروست نیە، بۆیە هەروەکو خۆی و وەکو کەسانی سروشتی بمێنێتەوە دروست ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە باس لە دوو شتی گرنگ دەکات، یەکێکیان/ ئەوەیە کە جەنابی وەزیر بۆی هەیە بەس لەگەڵ کەسانێك کە وەزارەتەکەی پێویستی پێیەتی گرێ ببەستێت، لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، ژمارەی ئەو کەسانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ ببەستێت دیاری نەکراوە، دەشێ لە کەسێکەوە تا سەد کەس بڕوات، دووەمیان/ ماوەی زەمەن و کاتی ئەو گرێبەستە دیسانەوە دیاری نەکراوە، من پێموایە هێشتنەوەی هەم ژمارەی ئەوکەسانە و هەم ماوەکە بەم جۆرە موتڵەقە و بەم جۆرە ڕەهایە ڕەنگە لەگەڵ ناوەڕۆکی قانونەکە زۆر نەیەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بۆی هەیە جەنابی وەزیر گرێبەستیان لەگەڵ بکات لە ناوەوە و دەرەوە دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دەقە کە لێرە هەیە دیارە دەیەوێت کە ماف و سەڵاحیاتێك بدات بە وەزیر بۆ گرێبەست ئەمە زۆر تەبیعیە و لە هەموو دنیادا گرێبەست مەرج و پێداویستی خۆی هەیە، نەك تەنها وەزیر ئەگەر مودیر عامیش گرێبەست لەبەرخاتری ئامانجەکانی وەزارەت بکات چ کێشەیەکی تێدایە، بۆیە من بەلامەوە قورسە کە بڵێین هەمیشە ئەو قەیدە دابنێین (بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء)، کاتێك کە وەزیر وەزیرە وئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانە بە تەبیعەت و ئەو تەخویلەی پێیدراوە کە وەزارەتەکەی خۆی بەڕێوە ببات، دەبێ ئەوەندە سەڵاحیاتی پێ بدرێت یان ئەوەندە متمانەی پێ بدرێت کە بۆ خۆی لە چوارچێوەی یاساکاندا کار بکات، دیارە وەزیر نابێت پێچەوانەی یاساکان و یان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کە بۆی دیاری کراوە کار بکات، بۆیە من لەگەڵ ئەو هینە نیم کە ئەو قەیدە کە دەڵێت (بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء)، چونکە ئەوە تەحسیلێ حاسڵە و بێ گومان وەزیر پابەند دەبێ بەو مەوزوعانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە گرنگی خۆی هەیە، چونکە عەقد نووسینە و بۆ مەشاریع و بۆ تەندەرو بۆ ئەو جۆرە شتانەیە، بۆیە بۆ حەل کردنی ئەو ئەشکالە من لەگەڵ کاك د.صباح دام بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە و بیکەین بە سێ بڕگە، بڕگەی یەکەم/ للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم، ئەمە سەڵاحیەتی خۆی بێت، بڕگەی دووەم/ للوزير حق التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية خارج الاقليم بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء، بڕگەی سێیەم/ تحدد حقوقهم

والتزاماتهم من قبل الوزير بعد استحصال، ئەو ئیستحسالە دیسان بۆ حقوق وئیلتزامات دەگەڕێتەوە، من پێموایە حقوق و ئیلتزامات (من قبل مجلس الوزراء)، ئیتر ئەو کاتە وەزیریشی تیایە وحقوق و ئیلتزاماتەکەش فراوانتر دەبێ و دەکرێت بەو سێ بڕگەیە، ماددەکە وازح تر دەبێ و دیارە مەفهومی ماددەکە و ئامانجەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری هاوکارانم دەکەم ئەوەی کە بەڕێزان دیاریان کرد، ئەوەی لیژنەی شارەوانی کەدایڕشتووەتەوە، بەڕاستی منیش پێموایە کەسی تەبیعی دەبێتە، سروشتی نەك ئیعتیادی، ئاسایی لە کوردیەکەی، سروشتیەکە دروست ترە، کەسە سروشتی و مەعنەویەکان تەواو ترە، نەك کەسە ئاسایی و مەعنەویەکان، منیش لەگەڵ ئەوەم کە کات دیاری بکرێت بۆ ئەو گرێبەستەی کە لەلایەن وەزارەتەوە یان وەزیرەوە لەگەڵ کەسە مەعنەوی و سروشتیەکاندا دەکرێت، بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەشن پشتگیری لەڕەئی لیژنەی یاسایی و هەروەها ئەو بەڕێزانەش کە پەسەندیان کرد کە دوای موافەقەی مەجلسی وزەرا بێت، واتە ئەگەر لە دەرەوە بێت موافەقەی مەجلسی وزەرا وەربگیردرێت، بەڵام ئەگەر لەناوخۆ بێت ئەوا حەقی خۆیەتی بتوانێ ئەو گرێبەستانە ئەنجام بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو مولاحەزەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی و هەر جەنابی وەزیر دەکەمە بەڵگە بۆ قسەکانم، یەك/ وەکو بەڕێز کاك شێروان باسی کرد وەزارەت تەبیعیە کە تەعاقود دەکات و ڕۆژانە بەڵێن و شت دەدات من نازانم ئەوەی دەرەوەش هەموو ڕۆژێك دەبینین لە تەلەفزیۆن فلان وەزارەت عەقدی گرێ دا لەگەڵ فلان جیهەت و فلان جیهەت، دوو/ لە قسەکانی جەنابی وەزیر کە لە ئەخیرەوە (اذا کانت صلاحیات الوزیر) واتە بە پێی مومارەسەی عەمەلی جەنابی سەلاحیەتی وەزیر لەو شتانە هەیە، من دەبینم ئەم ماددەیە ئەسڵەن زیادە، یەك/ ئەگەر عەقدەکە گرێبەستی کوردی ئێمە بێت، یەعنی دامەزراندن بێت ئەمە بەندە بە ئامۆژگاریەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەش ئێستا ئەمڕۆ ڕۆژانە بە دامەزراندن و گرێبەست هەموویان دەبردرێت بۆ ئەوێ، چونکو ڕاگیراوە، ئەگەر مەسەلەی ڕۆژ و شتە، بەندە بە میزانیە و بەشتی تر، ئەگەر نا عەمەلەیەن دەیکەن، من تەسەور دەکەم ماددەکە داعی نیە و تەحسیلێ حاسڵە، هەتا بۆ ئەوانەی دەرەوەش، ئەگەر بڕیارە بمێنێت شتی لوغەوی عەجیب هەیە تێیدا، یەعنی نا بەس لە

کوردیەکەی، (الاشخاص الطبیعین والمعنويين) یەعنی موزەکەرە، پاشان (المدة التی یراها مناسبة) یەعنی موئەنەسە، بەس من لەگەڵ ئەوەم ماددەیەکی زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەردوو لیژنەی شارەوانی و یاسایی، ئێستا هەندێك پێشنیار هات بۆ ئەوەی وەزیر بۆی هەبێ گرێبەست لەگەڵ ئەوانەی ناوەوە مافی خۆی بێت، ئەوانەی لە دەرەوە بێت ئەنجومەنی وەزیران یان ریئاسەی ئەنجومەنی وەزیران کە دوو شتی موختەلفن، ئەم ئەگەر پێش وەخت یەکلایی بکەنەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان، ڕەئیشتان لەو بارەوە ئەگەر پێمان بدەن؟ لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەیەکمان ئامادە کردووە لەسەر ئەو ماددەیە ئێستا دەیخوێنمەوە، ئەگەر قبوڵ بوو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بدرێتە دەنگدان:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 6

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسباً وذلك لتحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبله، و استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء اذا كان التعاقد مع الاشخاص من خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی ڕەئیتان؟ کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باشە ئەو پێشنیارەی کە کرا کە لێك جیاکردنەوەی سەڵاحیەتەکان، ئەو گرێبەستانەی کە داخلین لە سەڵاحیەتی وەزیر بێ و ئەوانەی کە خارجین دوای موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبداللە ئاکرەیی (وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی ئەوە جیابکرێتەوە، هی داخلی بە گرێبەست بكرێت لە زمنی سەلاحیەتی وەزیری مەعنی بێت، ئەوەی تریش بە سەلاحیەتی ئەنجومەنی وەزیرانە كە لەوان داوا بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەكەمان كردووە بە سێ بەش، یەك/ پەیوەندی هەیە بەو عەقدانەی كە لەناو هەرێم دەكرێن، ئەوە لە زمنی دەسەڵاتی وەزیرە، دوو/ ئەو عەقدانەی كە پەیوەندی بەو شارەزا و پسپۆریانە هەیە كە لە دەرەوە دێن، ئەوە ریئاسەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت موافەقەتی لەسەر بكات، سێ/ تەحدیدی حقوق و واجباتی ئەوانە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان بكرێت، ئەوە بەڕاستی ئەگەر بێیە سەر حەقیقەت نەریتێكە لە هەیكەلی هەموو وەزارەتەكان هاتووە، خۆ مادام وەزارەت شەخسیەی مەعنەوی هەیە بە پێی قانونی ئەنجومەنی وەزیران، ئەسڵەن ئەو شتانەی هەموو پێ دەكرێت، بەڵام بووەتە نەریتێك كە ئێستا لە هەموو هەیاكلەكان هاتووە، لێرەش ئەگەر بێتەوە مانعات نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ژمارەش باسكرا، چەند بەڕێزێك گوتیان ژمارەی ئەوانی گرێبەست لەگەڵیان دەكرێت دوو بە بێ ئەوە نەختێك زەحمەتە بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە هەر پرۆژەیەك شتێكی تایبەتی هەیە، ئیحتماڵە هەندێ پرۆژە هەر نەیەوێت، یان یەكێكی بوێت یان چواری بوێت، ئەوان لەوێن و دەتوانن تەقیمی بكەن، بۆیە ئێستا ئاخر سیاغە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە  دەنگدان، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 6

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسباً وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبله، و استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء اذا كان التعاقد مع الاشخاص من خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێی بوو، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە دەنگی بۆ بدەن، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 7

اولاً: یحدد بنظام مهام واختصاصات وتشکیلات الوزارة.

ثانیاً: للوزیر استحداث او دمج او الغاء مدیریات او اقسام او شعب عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 7

1- ئەرك ودەسەڵاتەکان و پێکهاتەکانی وەزارت بە پێڕەوێك دیاری دەکرێت.

2- وەزیر بۆی هەیە، چەند بەڕێوەبەرایەتیەك یان هۆبەیەك یان بەشێك لەکاتی پێویست دروست بکات یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

3- وەزیر بۆی هەیە، ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجیکردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک احمد فەرموو

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دەقە کوردیەکە هیچ تێبینیمان نییە، زۆر باش هاتووە، بەلاَم لە دەقە عەرەبیەکە، یەکەم/ واوی تەشکیلات لادەبرێت.

لە سێیەمیش/ لە سەرەتاوە دەڵێت (للوزیر) بکرێت بە (علی الوزیر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی تەشکیلاتەکە، تەقریبەن دەتوانین ئەوەی کە لە ئاستی مودیریەی عامەو هەیئەی عامەیە، هەموو تەشکیلاتەکە لەوێ دیاری کراوە، بەڵام رەنگە مەهامی ئەو تەشکیلاتە دیاری نەکرا بێتن، بۆیە من پێموایە مەهام و ئیختیصاصەکە بۆ تەشکیلی وەزارەت دەگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە دامە، ئەو ماددەیەی بۆ خۆمان پێشنیارمان کردووە پەیڕەوی بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کێ دەیەوێت قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، ئەو بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، رێزدار (شەونم محمد، نەریمان عبدالله، د.صباح بەرزنجی، عمر عبدالعزیز، د. ئاراس)، کەسی تر هەیە؟ نییە، کەرەم بکە شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ئیستیحداسەی کە باس کرا، مودیریاتەکان لەگەڵ بەشەکان، هۆبەکانی وەزارەتەکاندا، تەنها مودیریەتم پێ باشە لە سەلاحیاتی وەزیردا بێت، چونکە مودیریەت وەحدەی ئیداری هەیە، وەحدەی حیسابی هەیە، بەڵام بەشەکانی تر، هەمووی لە دەسەڵاتی وەزیر مودیر عامی دیوانە، مودیر عامی دائیرەکان دایە، چونکە ئەو بەشە بچووکانە پێویست نییە بە تەداخولی وەزیرو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوتەم، یەکەم/( يحدد بنظام مهام واختصاصات وتشكيلات الوزارة)، هاوڕام لەگەڵ لیژنەی شارەوانیەکان تەشکیلات لابرێت، لەبەر ئەوەی تەشکیلاتەکە، ئێمە لێرە دەنگمان بۆداو، تەشکیلەکە تەنزیم بووە، مەهام و ئیختیصاصات، ئەو کاتە تەشکیلاتەکە، ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت ئیلغای بکاتەوە، کەواتە وەزیر بۆی هەبوو تەشکیلاتەکەی کە ئێمە دەنگمان بۆداو پەرلەمان تەصدیقی لەسەر کردووە، دەتوانێت گۆڕانکاری تیا بکات، بۆیە ئەو تەشکیلاتە پێویست ناکات لەوێ هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، بێگومان ئەوەی کە ئێمە وەکو یاسا دایدەڕێژین، بەشێوەیەکی موجمەل لە یاساکەدا، هیچ مانعێك نییە، کە بەسیستەمێك تەحدید بکرێت، ئایا مەهام بێت، یان ئیختیصاص بێت، یان تەشکیلات بێت؟ بۆیە من پشتگیری لەو نەصە دەکەم کە هەیە، بەلاَم سەبارەت بە دووەم، جاری وا هەیە بەبوونی ئەلف لامێك........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کام نەص کە هەیە؟ هی پڕۆژە یاساکە، یان لیژنەی قانونی، یان شارەوانی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(یحدد بنظام مهام واختصاصات وتشکیلات الوزارة)، ئەمە هیچ ئیشکالێکی نییە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم/ کاتێك کە دەڵێت (للوزیر استحداث او دمج او الغاء مدیریات او اقسام او شعبا عند الاقتضاء)، کاتێك کە لە رووی دەلەلاتی زمانەوانییەوە سەیری ئەمە دەکەین، هەر مانایەکەی وای لێ دێت، بزانن مانایەکەی دروستە، یان دروست نییە، وەزیر بۆی هەیە چەند مودیریەتێك و چەند قسمێك و چەند شوعبەیەك لەکاتی پێویستدا لا ببات، یەعنی رەنگە ئەگەر بەشێکیان لاببات و بەشێکیش لا نەبات، یەعنی مەفهومی موخالیفی هەیە، ئەگەر بکرێت بە (المدیریات او الاقسام او الشعب)، یەعنی بتوانێ هەر مودیریەتێك پێویست بوو، لاببات، هەر قسمێك پێویست بوو، لاببات، هەر شوعبەیەك پێویست بوو، لاببات، جا بۆیە ئەوە لە رووی زمانییەوە ئیشکالیەتێك دروست دەکات، کاتێك کە دەڵێیت (المدیریات)، ئەلف لامی پێوە نەبێ سیفەتی عمومی نییە، بەلاَم ئەلف لامی پێوە بێت سیفەتی عمومی هەیە، یەعنی هەر مودیریەتێك بتوانێ لای ببات، هەر قسمێك بتوانێ لایبات، ئەگەر ئەلف لامەکەی نەبێت، یەعنی عموم پەیدا ناکات، چونکە بەپێی قاعیدەی عیلمی ئصولی فیقهی، هەر صیغەیەك کە جەمع بێت و ئەلف لامی پێوە نەبێت سیفەتی عمومی نییە، جەمعەکە دەبێت ئەلف لامی پێوە بێت سیفەتی عموم پەیدا دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم بڕگەیە، من سێ تێبینیم هەیە، یەکەم/ ئەو مەسەلەی تەشکیلاتە، من تێ نەگەیشتم لێرە ئێمە ئەم یاسایەمان دوو فەسڵە، فەسڵێکیان باسی تەشکیلاتی وەزارەتە، ئیتر ئەو نیزامەی دادەنرێت بۆ باسی

تەشکیلاتی وەزارەت مەبەست چیە؟ یان ئەوە لەوێ زیادە باسی مەهام و ئیختیصاصات و تەشکیلاتی وەزارەتە، یان ئەگەر باسی عەتف بێت مەهام و ئیختیصاصات و تەشکیلات بێت، ئەم تەشکیلاتەی لەم پرۆژە یاسایە باسمان کردووە، کردوومانە بە سەلاحیەتی یاساکە، ئەساسەن چیە؟ ئەوە یەك.

دووەم/ من پێم باشە بۆ هەردوو برگەی دوو و سێ، ئیستیحداس و دەمج و ئیلغا لەگەڵ ئیصداری تەعلیمات، ئەو قەیدەی بۆ زیاد بکرێت (بعد استشارة المجلس)، بۆ ئەوەی تۆزێك تۆکمە تر بێت ئەو بڕیارانەی کە دەدرێت، ئەنجومەنی وەزارەت راوێژی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەرنا بەڕاستی ئیلغای مودیریات لە فەقەرەی دوو، یەعنی بەتایبەتی بۆ ئیلغای مودیریات، حەق وایە راوێژێکی جددی تیا بکرێت.

لە رووی لوغەویشەوە، ئەو عەرەبیە، (او اقسام او شعب) دەبێت ئەویش چاك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت ئەوەی تێبینیم کرد، هەندێك ئیشکالات هەبوو دەربارەی وشەی تەشکیلات، من بۆچوونێکم هەیە، نازانم تا چ حەددێك ئەو بۆچوونە مەقبولە، هەر لە زانستی ئیدارە وشەی تەشکیلات نەماوە، دەتوانین بە وشەیەك کۆتایی پێ بێنین، بەنیسبەت ئەوەلەن لە ئەسڵی ماددەی شەش (يحدد بنظام مهام واختصاصات الوحدات التنظيمية للوزارة)، یەعنی لەجیاتی تەشکیلات بنووسین وەحداتی تەنزیمی، وەحداتی تەنزیمیش بەحەقیقەت هەموو شتێك دەگرێتەوە لە هەر ئاستێکی ئیداری بێت، مودیریە دەگرێتەوە، ئەقسام دەگرێتەوە، شوعەب دەگرێتەوە، هەر پشت بەستن بەو مەبدەئە، ئەگەر تەشکیلاتمان کرد بە وەحداتی تەنزیمی، کە بە رەئی شەخصی خۆم گونجاوترە، لەگەڵ عیلمی ئیدارە، ئەو کاتە کە دێینە سەر دووەم (للوزير استحداث او دمج او الغاء الوحدات التنظيمية عند الاقتضاء)، ئەو کاتە بە وەحداتی تەنزیمیش کۆتایی پێ دێت، مەبدەئەکەش مەبدەئێکی راستە، هەر لە رووی زانستیەوە هیچ تەنزیمێکی سابتمان نییە، هەموو تەنزیمێك بەپێی کات، بەپێی شوێن قابیلی گۆڕانکارییە، چ بە زیاد کردن، چ بە ئیلغا کردن، چ بە دەمج کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی شارەوانی ئاخیر صیاغەتان.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە کە کرا، سەبارەت بە خاڵی دووەم، دوای موشاوەرەی مەجلیس هەڵوەشاندنەوەو لێکدان و ئەو شتانە بکرێت، ئێمە ئەو پێشنیارەمان پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**توخوا روونتری بكەوە، چی لێ بكرێت؟**

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خاڵی دووەم/ وەزیر بۆی هەیە چەند بەڕێوەبەرایەتیەك، یان هۆبەیەك، یان بەشێك، لەكاتی پێویست دروست بكات، یان لێكیان بدات، یان هەڵیان بوەشێنێتەوە، دوای موشاوەرەی مەجلیسەكە، یەعنی ئەو هەڵوەشانەوەیە موشاوەرەی بكات، موشاوەرەش ناكاتە ئیجبار، یەعنی دەتوانێت بە قسەیان بكات، دەتوانێت بە قسەیان نەكات ئەو كاتە، بەس موشاوەرەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت وەزارەت وەكو هەیكەلێك، ئێمە لە یاساكە تەشكیلاتی وەزارەت هەتا حدودی مودیریاتی عام تەنزیمان كردووە، بەلاَم مودیریاتی عامەمان ورد نەكردۆتەوە، دەسەلاَتمان داوە بە وەزیر، بە ئیعتیباری وەزیری ئەم دەزگایە، ئەم وەزارەتەیە، كە خۆی مافی ئەوەی هەبێت مودیریات، یان ئەقسام، یان شوعەب، یان ئیستیحداس بكات، یان دەمجیان بكات، یان ئیلغایان بكات، ئەمە شتێكی تەبیعیە بەنیسبەت وەزارەت كە وەزیر رەئیسی موباشیری ئەو وەزارەتەیە، بۆیە ئێمە ئەو واوەی كەلە تەشكیلاتەكەیە هەڵمانگرتووە، ئەوە زۆر تەبیعیە، ئەوەی تر بەڕاستی ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیەكی وامان نییە لەسەر ماددەكە، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە خۆی مەجلیسەكە ئیستیشارەی هەر دەوری ئیستیشارییە، یان مەشورەتەكەی وەردەگیرێت، یان وەرناگیرێت، لە كۆتایی هەر بۆ وەزیر دەگەڕێتەوە، بە قەناعەتی ئێمە ئەگەر پێویستی كرد وەزیر ئیستیشارەیان پێ بكات، هەروەكو لە یاساكە ئیستیشارەیان پێ دەكات، ئەگەرنا سیفەتی قەرار هەر لەلای وەزیرە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، چونكە لە پێشتر ئەو مودیریاتانە لەناو قانون باس نەكراوە، بۆیە لابردنی دروست نییە، ئێستا نەصی مەشروعەكە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.**

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء مديريات او اقسام او شعبا عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

واوی بەینی ئیختیصاصات و تەشکیلاتت نەتخوێند، بەڵێ، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: يلغى قانوني وزارة البلديات رقم (2) لسنة 2007 وقانون وزارة السياحة رقم (20) لسنة 2006 الصادرين من برلمان اقليم كوردستان - العراق.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

یاسای وەزارەتی شارەوانی ژمارە(2)ی ساڵی 2007 ویاسای وەزارەتی گەشتوگوزار ژمارە(20)ی ساڵی 2006 کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی رەئیتان.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت، کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی حەوتە، پێمان باشە بکرێتە دوو بەش، بڕگە سەرەکیەکەی وەکو لە نەصەکە هاتووە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دووەم: بەپێی ئەم یاسایە سەرجەم کەل و پەل و کاروباری کارمەندو فەرمانبەرانی هەردوو وەزارەتی هەڵوەشێنراو، دەخرێتە سەر وەزارەتی تازە پێکهێنراو)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوای ئیعادەی صیاغەی ماددەکەمان کردووە، دوای ئیزافە کردنیی فەقەرە دوو، کە بەم شێوەیە دەبێت: (اولاً: یلغي قانون وزارة البلديات رقم (2) لسنة 2007 وقانون وزارة السياحة رقم (20) لسنة 2006 لاقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وزارتي البلديات والسياحة الملغيتين الى الوزارة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنای وەزیر.

**بەڕێز سمير عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییم، کە پێش ئەوە باسی ئەوەمان کرد بوو، هیچ ئیعتیرازم لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەوەی دەیەوێ قسە بکات ناویان دەنووسین، کەس نییە، ئێستا لیژنەی یاسایی و شارەوانی تەنسیق لەبەینی هەردوو ڕەئیەکەتان بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، یەك ڕەئین، موەحەدە، بەڵێ، ئێستا ئاخیر جار بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: يلغي قانون وزارة البلديات رقم (2) لسنة 2007 وقانون وزارة السياحة رقم (20) لسنة 2006 لاقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وملاكات وزارتي البلديات والسياحة الملغيتين الى الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة: لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆیەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی شارەوانی.**

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێمانوایە وەکو خۆی بمێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێش ئەوەی رەئی خۆمان بدەین سەبارەت بە ماددەکە، پێشنیار دەکەین، کە ماددەیەك ئیزافە بکرێت، موعالەجەی مەوزوعی........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە کەی چووینە ناو ماددەکە، پاشان، دوایی تەسەلسولەکانیان ئیعادە دەکەینەوە، ئێستا ئەو ماددەیە تەکمیلە بکەن رجائەن.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ کاك شێروان کەرەم بکە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە داوامان کردووە بەنیسبەت ئەو ماددەیە بەم شێوەیە بێت:**

**(تقترح اللجنة الغاء هذه المادة لعدم الحاجة اليها نظراً لوجود بعض القوانين الخاصة بمجالس البلديات وادارة البلديات وضرورة بقاء احكامها نافذة بما لاتتعارض مع هذا القانون)، زۆر بڕگەو ماددە هەیە لەوێ بەڕاستی تەتبیق دەکرێت، مومکینە لێرە هەندێکیان هاتبێت، لەوێش هەندێکیان هاتبێت، بۆیە ئەم بڕگەیە لێرە، ئێمە بە پەسندی نازانین و داوای ئیلغا کردنی دەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی شارەوانی جارێکی تر.**

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی لیژنەی قانونی دەكەین، لەبەر ئەوەی شتێكی قانونییە، ئەوان باشتر شارەزای ئەو مەسەلانەیان هەیە، كە لە كوێ ئەو نەصانە هاتوون، ئێمە تەئیدیان دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاكرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی لیژنەی قانونی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا گوێتان لێ بوو پێشنیاری لیژنەكان و جەنابی وەزیر تەئیدی دەكات بۆ ئیلغای ماددەی هەشتەم، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەیەكی تر، كەرەم بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە ئەو ماددەیە ئیلغا كرا، پێشنیار دەكەین ماددەیەكی تر بێتە جێی ئەو ماددەیە، ئێستا صیاغەكەی دەخوێنمەوە بەو شێوەیە:

(تستمر وزارة البلديات والسياحة بادارة كل مايتعلق بالاثار والمواقع الاثارية والبنى التراثية والمخطوطات والمسكوكات لحين تشريع قانون خاص بها في الاقليم).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی رەئیتان.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە تازەیە، ئێمە دیراسەمان نەكردووە، بەڕاستی ئەگەر بێتە بەردەستمان، دوایی رەئی خۆمان دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موديريەی عامەی ئاسار لە وەزارەتی رۆشنبیری نەما، لە وەزارەتی سیاحە نەما، ئێستا لەو یاسایەش کە وەزارەتی بەلەدییات و سیاحەیە جێگای نەکراوە، کەواتە موديريەی عامەی ئاسار لە فەراغەکی قانونی دەژی، پێویست دەکات، هەروەکو دوێنێ جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا، کە یاسایەك دەربچێت، بەنیسبەت چۆنیەتی ئیدارە کردنی ئاسار لە هەرێمی کوردستان، کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، بۆیە لەبەر ئەوەی ئەو فەراغە نەمێنێت، واتا ئەو یاسایە دەردەچێت، حالی حازر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاریش ئیشراف بکات لەسەر ئەو دائیرەیە، تاوەکو یاساکە لە پەرلەمان پەسند دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین، تەنیا (الاثارية) بکرێتە (الاثرية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز سمير عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لاریمان نییە لەسەر ئەو پێشنیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیەی کە پێشنیار کراوە ئیزافە بکرێت، هەردوو لیژنەش موتەفیقن، قسە بکات؟ یەك رێزدار کاك عمر عبدالعزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادەزانم ئەو ماددەیە زیاتر وەزارەتی رۆشنبیری، پرۆژە یاسای وەزارەتی رۆشنبیریش لەبەردەستمانە، بەو وەزارەتە زیاتر گونجاوترە تا ئەم وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی، پێشنیارەکەی رێزدار کاك عمر عبدالعزیز وەردەگرن، یان نا؟ بەس ئەوەندە، شەرح نەکەن.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، وەری ناگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەقەکەی بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

تستمر وزارة البلديات والسياحة بادارة كل مايتعلق بالاثار والمواقع الاثارية والبنى التراثية والمخطوطات والمسكوكات لحين صدور قانون خاص بها في الاقليم.

لەبەر ئەوەی خوێندمەوە (الاثارية)، چونکە لە دەستووری عێراقی بەو تەعبیرە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ دەقی ماددەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کەس موداخەلەی نییە، ئێستا دووبارە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)یشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی شارەوانی نووسیوومانە، ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیعادەی صیاغە بەم شێوەیە بێت:

(ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان)).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لاریمان نییە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کەس نییە؟ ئێستا بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادیة عشرة:

ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ئەسباب موجیبە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**نظراً لتشكيل الكابينة السادسة لحكومة اقليم كوردستان ودمج وزارتي البلديات والسياحة ببعضها ولتحقيق المصلحة العامة ووضع هيكل مناسب ونشط حسب متطلبات الوقت الحاضر وتقليص النفقات والغاء بعض التشكيلات الادارية وتسهيل تعامل المواطنين مع دوائر الوزارة، فقد صدر هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی شارەوانی ڕەئیتان.**

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە داڕشتنەکەمان ئاڵوگۆڕ پێ کردووە، هەم بە عەرەبی دەمانەوێت بیخوێنینەوە، هەم بە کوردیش، لەبەر ئەوەی تۆزێك موفەسەلە، یەکەم جار بە کوردیەکەی، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

**لەبەر لێکدانی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بە مەبەستی پێکهێنانی بەرژەوەندی گشتی و هێنانە کایەی پێکهاتەیەکی لەبارو چالاك، بەپێی پێداویستیە هەنووکەییەکان و کەمکردنەوەی خەرجیەکان و لابردنی هەندێك پێکهاتەی ئیداری و ئاسانکاری لە مامەڵەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ فەرمانگەکانی وەزارەت، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەرەم بکەن بە عەرەبی.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تقترح اللجنة أن تصاغ الأسباب الموجبة على النحو الآتي:**

**الاسباب الموجبة**

**نظراً لدمج وزارتي البلديات والسياحة في تشكيلة الكابينة السادسة لحكومة اقليم كوردستان، ولتحقيق المصلحة العامة ووضع هيكل مناسب ونشط حسب متطلبات الوقت الحاضر وتقليص النفقات والغاء بعض التشكيلات الادارية وتسهيل تعامل المواطنين مع دوائر الوزارة، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی صیاغەی ئەسبابی موجیبەی بەو شێوەیە دادەڕێژێتەوە:

**الاسباب الموجبة**

نظراً لاستحداث وزارة البلديات والسياحة بعد دمج وزارتي البلديات والسياحة في وزارة واحدة وبغية تحديد تشكيلاتها واهدافها ومهامها، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاکرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردووکی بەڕاستی باشن، ئەوەی جەنابتان دەفەرموون، لێرە تەماشا بکەن، کامیان باشە ئەو بێت، من بەڕاستی لەگەڵ لیژنەی یاسایی پێش ئێستا پێکهاتبووین، ئەوەی لیژنەی شارەوانیش، کە ئێستا باسی لێ دەکات، چ فەرقێکی ئەوتۆی نییە لەگەڵی، ئینجا من زیاتر لەگەڵ لیژنەی یاسا پێش ئێستا موافەقەم لەسەر کرد بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، رەئیتان لەسەر ئەو ئیختیلافەی ئەو دوو لیژنەیە لەسەر ئەسبابی موجیبە پێك نەهاتوون، دوو بەڕێز دەیەوێت موداخەلە بکات، رێزدار کاردۆ، رێزدار سالم، کاك کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هۆکارە پێویستیەکانی، دەڵێ لەبەر پێکهێنانی حکومەت، ئەم یاسایە لە پەرلەمان پێش پێکهێنانی حکومەت دەریکردووە، دەمجەکەی، ئەمە یەکیان.

دوو/ دەبوایە حکومەت کارنامەی بێنێتە پەرلەمان، نەیهێناوە، هیچ ئەهدافێکی ئەو وەزارەتەی تیا نییە، کە پێویستە لێرە دیاری بکرێت، ئەم وەزارەتە لە پێناوی پێشکەوتنی گەشتیاری و خزمەتگوزاری شارەوانیەکان، چونکە تا ئێستا بەرنامەی کارنامەی حکومەت لێرە پەسند نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سالم تۆما فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**صیاغەی لیژنەی یاسایی نەختێك رەكیكە، دەڵێت (استحداث وزارة البلدیات والسیاحة ودمج وزارتي البلدیات والسیاحة)، یان دەبێت (نتیجة لدمج وزارةتي البلدیات والسیاحة)، یان بگەڕێینەوە سەر موفتەرەحەكەی لیژنەی شارەوانی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رێزدار د.احمد، ئەویش ناوی نووسی بوو، بەس نەمخوێندنەوە، داوای لێبوردن دەكەم، كەرەم بكە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێشنیار دەكەم، كە هەردوو پێشنیارەكەی هەردوو لیژنەكە لێك بدرێت، بەو شێوەیە پێشنیارەكەی لیژنەی قانونی (نظراً لاستحداث وزارة البلدیات والسیاحة بعد دمج وزارتي البلدیات والسیاحة في وزارة واحدة وبغیة تحدید تشكیلاتها واهدافها ومهامها، وتقلیص النفقات والغاء بعض التشكیلات الاداریة وتسهیل تعامل المواطنین مع دوائر الوزارة، فقد شرع هذا القانون)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی شارەوانی.**

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسایی زیاتر پێیان باش بوو هەر ئەوەی لیژنەی شارەوانی بخوێندرێتەوە، ئێمە ئەوە دەخوێنینەوە، ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی چوونە سەر رەئیان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هیچ مانیعمان نییە، چونكە هەردووكی هەر عەینی مەقصەدە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كەرەم بكە لیژنەی شارەوانی.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**نظراً لدمج وزارتي البلديات والسياحة في تشكيلة الكابينة السادسة لحكومة اقليم كوردستان، ولتحقيق المصلحة العامة ووضع هيكل مناسب ونشط حسب متطلبات الوقت الحاضر وتقليص النفقات والغاء بعض التشكيلات الادارية وتسهيل تعامل المواطنين مع دوائر الوزارة، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی كەرەم بكەن.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆیەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

**لەبەر لێكدانی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار لە كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان و، بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و هێنانە كایەی پێكهاتەیەكی لەبارو چالاك بەپێی پێداویستیە هەنووكەییەكان و كەمكردنەوەی خەرجیەكان و لابردنی هەندێك پێكهاتەی ئیداری و ئاسانكاری لە مامەڵەكردنی هاووڵاتیان، لەگەڵ فەرمانگەكانی وەزارەت، ئەم یاسایە دەرچووێنرا. سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەسباب موجیبە لەگەڵ پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستان، كە ئەو ماددانەی گفتوگۆتان لەسەر كرد، یەكە، یەكە دەنگتان بۆدا، هەمووی پێكەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، چوار كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا پیرۆزبایی لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین، زۆر سوپاسیشیان دەكەین، كە زۆر بە وردی و بە جددی ئیشیان لەسەر كردو خۆیان بۆ هیلاك كرد، پیرۆزبایی لەوەزارەتی شارەوانی دەكەین، تەمەنا دەكەین یاساكە بە دروستی جێ بەجێ بكرێت، لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان بێت، زۆر سوپاس، لیژنەی شارەوانی بۆ جێگای خۆتان، سوپاسی كاك سەمیر وەزیری شارەوانی دەكەین، كە بەشدار بوو دوێنێ و ئەمڕۆ، پێشتریش لەگەڵ لیژنەكان گفتوگۆی كردووە، ئەگەر وتەیەكیش هەیە، كەرەم بكە.

**بەڕێز سمیر عبدالله ئاكرەیی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سوپاستان دەكەم بۆ ئەو موناقەشە زۆر جددیەی كە كرا ئەمڕۆ و دوێنێ، سوپاسی هەموو خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەكەم گەیشتینە ئەو قۆناغەی، كە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار رەئی لەسەر درا، ئینشائەڵلا ئێمە لە قۆناغی داهاتوو بەزووترین كات لەگەڵ ئەو یاسایە ئیش لەسەر بكەین، زۆر سوپاستان دەكەین.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، لیژنەی دارایی کەرەم بکەن، بەڕێزان، ئێستا خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی، تکایە پرۆژەکە بخوێننەوەو ماددە بە ماددە بخرێتە بەردەنگدان، کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە بە زمانی عەرەبی.

**مشروع قانون راتب ومخصصات رئيس اقليم كوردستان – العراق ونائبه**

المادة الاولى:

يتقاضى رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (....)دينار عراقي.

المادة الثانية:

تضاف الى راتب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل (....٪) من راتبه الشهري.

المادة الثالثة:

يستحق رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعديا يعادل (...٪).

المادة الرابعة:

يتقاضى نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (....) دينار عراقي.

المادة الخامسة:

تضاف الى راتب نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل (...٪) من راتبه الشهري.

المادة السادسة:

يستحق نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعدياً يعادل (....٪).

المادة السابعة:

تضاف علاوة سنوية قدرها (....) الى راتب رئيس الاقليم المشار اليه في المادة الاولى وراتب نائب الرئيس المشار اليه في المادة الرابعة.

المادة الثامنة:

بعد انتهاء مهام الرئيس او نائبه توفر الحكومة لهما كافة مستلزمات السكن والحماية والتنقل اللائق وغيرها من الامتيازات التي تمنحها لهما القوانين النافذة في الاقليم او العرف السائد وطنياً في مثل هذه الحالة.

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة "وقائع كوردستان" الرسمية.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەقی پرۆژەكە تەنها بە عەرەبی لە سەرۆكایەتی هەرێم پێشكەشمان كرا بوو، بەڵام هەوڵماندا لە لیژنە وەریبگێڕینە سەر زمانی كوردی.**

**پرۆژە یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق و جێگرەكەی**

**ماددەی یەكەم:**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق مووچەیەكی مانگانە وەردەگرێت بە بڕی (.....) دیناری عێراقی.**

**ماددەی دووەم:**

**دەرماڵەیەكی مانگانە بۆ مووچەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق زیاد دەكرێت، كە لە (....٪) مووچەی مانگانەكەی بێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق لەكاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشین وەردەگرێت، كە دەكاتە (....) دیناری عێراقی.**

**ماددەی چوارەم:**

**جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق مووچەیەكی مانگانە وەردەگرێت بە بڕی (.....) دیناری عێراقی.**

**ماددەی پێنجەم:**

**دەرماڵەیەكی مانگانە بۆ مووچەی جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق زیاد دەكرێت، كە دەكاتە (....٪) مووچەی مانگانەكەی.**

**ماددەی شەشەم:**

**جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق لەكاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشین وەردەگرێت، كە دەكاتە (....) دیناری عێراقی.**

**ماددەی حەوتەم:**

**سەرمووچەی ساڵانە، واتا (علاوة سنوية)، كە بڕی دەكاتە (.....٪) زیاد دەكرێت بۆ مووچەی سەرۆكی هەرێم، كە لە ماددەی یەكەم ئاماژەی پێ كراوە، بۆ جێگری سەرۆك كە لە ماددەی چوارەم ئاماژەی پێ كراوە.**

**ماددەی هەشتەم:**

**دوای تەواو بوونی ئەركەكانی سەرۆك و جێگری، حكومەت پێویستە هەموو پێداویستیەكان لە شوێنی نیشتەجێ بوون و پاسەوان و گواستنەوەی گونجاو، جگە لە ئیمتیازاتی تر، كە بەپێی یاسای كار پێكراوەكان لە هەرێم، یان نەریتی نیشتمانی لەو حاڵەتانە.**

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا، ئێمە هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی کۆبووینەوە، راپۆرتێکی هاوبەشمان هەیە، ئەو راپۆرتە لەلایەن زۆربەی ئەندامانەوە واژوو کراوە، ئەگەر بەڕێزت بفەرموویت و رێگەمان پێ بدەیت راپۆرتەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێستا راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە، دواتر هاوکارانم بە زمانی کوردی.

**رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**لجنة الشؤون القانونية ولجنة المالية والاقتصاد**

**العدد: 221**

**تأريخ:2010/11/7 الميلادية**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنتا الشؤون القانونية والمالية والاقتصاد بصورة مشتركة يوم الخميس 13/گەلاّرێزان/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/11/4 ميلادي لدراسة ومناقشة مشروع قانون راتب ومخصصات رئيس الاقليم ونائبه المقدم الى البرلمان من قبل رئاسة اقليم كوردستان – العراق والمحال الى اللجنتين بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (9) في 2010/11/1 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنتان المشروع وتقترحان وتوصيان بصياغته كالاتي.

ئەگەر جەنابت رازی بی مادده بە مادده دەست پێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الاولى:**

**يتقاضى رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (15) مليون دينار عراقي.**

**المادة الثانية:**

**تضاف الى راتب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل 50٪ من راتبه الشهري.**

**المادة الثالثة:**

**يستحق رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعديا شهرياً، يعادل 80٪ من الراتب والمخصصات.**

**المادة الرابعة:**

**يتقاضى نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (13) مليون دينار عراقي.**

**المادة الخامسة:**

**تضاف الى راتب نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل 50٪ من راتبه الشهري.**

**المادة السادسة:**

**يستحق نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعدياً يعادل 80٪ من الراتب والمخصصات.**

**المادة السابعة:**

**تقترح اللجنتان الغاء هذه المادة، لان منصب رئيس الاقليم ونائبه من المناصب السيادية، وغير مشمولة باحكام قانون الخدمة المدنية النافذ، وفي حالة قبول هذا الاقتراح، تعدل تسلسل المواد تبعاً لذلك.**

**المادة الثامنة: تؤيد اللجنتان هذه المادة.**

**المادة التاسعة: تقترح اللجنتان اعادة صياغتها كالاتي:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية "وقائع كوردستان".**

**الاسباب الموجبة**

**اشارة الى قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل، وبغية تحديد راتب ومخصصات رئيس الاقليم ونائبه، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، من لەگەڵ سەرۆكایەتی هەرێم پەیوەندیم كرد بێن دیفاع بكەن لێرە، یەكیان لێرە بن كە سەرۆكی دیوان بەپلەی وەزیرە، بەڵام ڕێزدار سەرۆكی هەرێم ئیحتیرامی هەبوو، پێی وابوو كە راتبەكەی زۆر موتەوازیع بێتن، ئەوە ڕەئی خۆی بوو، بەڵام ئەمەی كە ئێستا هاتووە، ئەمە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی هاتووە، چونكە وەكو سەرۆكێكی هەرێم دیارە مەكتەبەكەی حیسابێكی تری بۆی كردووە، ئێستا لێرە ئێوەی بەڕێز بڕیار دەدەن بە چ شكلێك بێتن، بەڵام بە تەئكیدەم زۆر بێت، خۆی دەیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەوە**

رەئی بەڕێزیانە، کە لە موناقەشەی من لەگەڵ بەڕێزیان لەسەر ئەو مەوزوعە بەم شێوەیە بوو، ئێستا مادده بە مادده بۆ دەنگدان لەسەری کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يتقاضى رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (15) مليون دينار عراقي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت بە بڕی (15) ملیۆن دیناری عێراقی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە ڕەزامەندن لەسەر دەقی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات؟ کەرەم بکاتن، پێنج بەڕێز ناویان نووسیوە، ڕێزداران (د.صباح بەرزنجی، پەیمان عزالدین، ئاسۆ کەریم، سەرگوڵ، اسماعیل محمود)، کەسی تر هەیە؟ (عمر هەورامی)، ڕێزدار دکتۆر صباح کەرەم بکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بوونی یاسایەکی لەو جۆرە مایەی دڵخۆشیە، چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر گرنگی دەدرێت بە شەفافیەت لە مووچەو دەرماڵەی مەسئوول و دەسەڵاتە گەورەکاندا، من بۆ مەعلوماتی هاوکارانم هەندێ مەعلومات هەیە، لەڕاستیدا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر مووچەی سەرۆکی ئەو وڵاتە، سەرۆکی ئەو هەرێمە فەرق دەکات، هەمانە مەسەلەن وەکو سەرۆك کۆماری روسیا مووچەی مانگای چل هەزار دۆلارە، سەرۆکی ئەمریکا سی و سێ هەزار دۆلارە مانگانە، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا شازدە هەزار دۆلارە، بەڵام هەشمانە زۆر کەمە، وەکو سەرۆکی دەوڵەتی ئەفغانستان پێنج سەدو بیست و پێنج دۆلارە، ئێمە داوا دەکەین، یەعنی وەکو پەرلەمانتارێك داوا دەکەم لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، با ئێمە پێش ئەوەی بڕیاری مەبلەغێك بدەین، ئەو معاییرو پێوەرانە چین، کە دیاری دەکرێت، یەعنی ڕەنگە مووچە سەقفێکی هەبێت، نابێت لەو سەقفە تێپەڕێت، یان بەراورد بکرێت بە سەرۆك کۆماری عێراق، یان سەرۆکی وەزیرانی عێراق، یان سەرۆکی

پەرلەمان، نموونەیەك بێت، بۆ ئەوەی بەڕاستی ئینصاف تێدا بێت و، هیچ جۆرە ئیجحافێکی تێدا نەبێت، بە رەچاو کردنی گرنگی پۆستەکە، بە رەچاو کردنی گرنگی ئەو مەکانەتەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی هەیانە، هیوادارم ئێمە بە دوور لە ئینفیعالات، بەشێوەیەکی مەوزوعیانە لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئەگەر هی سەنگافوریشت بکردایایە زۆر باش بوو، حەزم دەکرد ئەوەشت بزانی بووایە چەندە؟ ڕێزدار پەیمان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە بەشێکی قسەکاندا من تەئیدی بەڕێز دکتۆر صباح دەکەم، چونکە ئێمە لە دەست نیشان کردنی راتبی پۆستێکی وا سیادییدا، پێویستە مەعاییرەکان بزانین، لەسەر چ ئەساسێك، ئینجا قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەم بڕەی دانراوە زۆرە، یان کەمە، من قسەم لەسەر ئەوەیە، کە ئەم پۆستە پۆستی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، پۆستێکی سیادییە، دەبێت ئێمەش بە قەدەر ئەو پۆستە سیادییە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، رەنگە ئێستا بەڕێز سەرۆکی هەرێم، کە ئێستا تەشغیلی ئەو مەنصبە دەکات رایەکی تایبەتی هەبێت، بەڵام مەفروزە لە رێی سەرۆکایەتیەوە، لە رێی جەنابتانەوە لەوە ئاگادار بکرێتەوە، کە لە کاتی موناقەشە کردنی ئەوەدا موناقەشەی پۆستەکەیە، رەنگە لە چوار ساڵی تردا کەسێکی تر لەو جێگایە بێت، بۆیە دەبێت بە ئەمانەتەوە ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین و، جەنابیشی بیری ئەوەی هەبێت رەنگە لە دوای ئەوەی یەکێکی تر بێت، لەبەر ئەوە زۆر کەمی نەکاتەوە، ئەگەر چووە لای، لە حاڵەتێکی تردا، من دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم، ئێمە مەفروزە یەك، دوو شت بزانین، بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەمە بکەین:

یەکەم/ ئێمە زۆر دوور نەکەوینەوە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ، ئێمە بزانین لە عێراقدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوە کراوە؟ چونکە ئێمە کۆمەڵێك با بڵێین پۆستی گرنگ هەیە، سەرۆکی کۆمارە لە عێراق، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەدوای ئەوەوە بەرزترین پلەکان ئەندامانی پەرلەمانە، ئەوان ئەو نیسبەو ناڵێم بە قەدەر ئەوان بێت، مەبەستی قسەکەم هەڵبەت ئەوە نییە، کە بە قەدەر عێراق بێت، بەلام ئەوان چۆن لە بەینی ئەو سێ پۆستەدا نیسبەو تەناسوبیان راگرتووە؟ ئێمە لێرە چۆن رایدەگرین، ئێمە دەزانین بۆ خۆمان، لەبەر ئەوەی راتبی خۆمان وەردەگرین، دەزانین راتبمان چەندە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم، کە ئەندامی پەرلەمانم نازانم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی راتبیان چەندە؟ لەبەر ئەوە گرنگە ئێمە بۆ ئەوەی بەرچاو روون بین، بۆ نموونە من ئەگەر موافەقەت بکەم لێرە لەسەر ئەوەی کە پازدە ملیۆن بێت، من چوزانم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کێ ناڵێ بیست ملیۆن نییە، یان کێ ناڵێ دە ملیۆن نییە، زۆر غەدر لەو کراوە، یەعنی ئەمە کۆمەڵێك حاڵەتن، کە بەڕاستی ئێمە بۆ مەوزوعێکی مالی وا گرنگ پێویستمان بە بەرچاو روونی هەیە، پێویستمان بە راگرتنی ئەو نیسبەو تەناسوبە هەیە، کە بزانین ئەمە لەکوێی حەقیقەتدایە، ئایا وەکو دکتۆر صباح گوتی ئیجحاف تیایە؟ یان زیادەڕۆیی تیا کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، یەعنی بە حەقیقەت بۆ کەم کردنەوە ڕێزدار سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەو فیکرەیە، لەگەڵ من شەخصی باسی کردووە، هەتا بۆ قسەی جەنابت نەصەن، پاشان ئەمە بۆ جەنابت نییە، بەڵام پاشان یەکێکی تر دێت، گوتی کەی ئەو هات هەمواری بکەن، بۆی زیاد بکەن، بەڵام بۆ من زیادی مەکەن، یەعنی ئەوە رەئی شەخصی بەڕێزیانە، ڕێزدار ئاسۆ کەریم فەرموو.**

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا مولاحەزەكەی من مولاحەزەیەكی شكلییە، من پێشنیاز دەكەم كە ماددەی یەكەم لەگەڵ ماددەی چوارەم بكرێتە یەك بەم شێوەیە: (يتقاضى:

1- رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (15) مليون دينار عراقي.

2- نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (13) مليون دينار عراقي.) یەعنی ئەم دوو ماددەیە دەمج بكرێن بە یەك، بە دوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئیحتیرامم بۆ رەئی جەنابت، دوو پۆستی جیاوازە، یەكێ/ خەڵكی كوردستان بە دەنگدانی رەسمی دەنگی بۆ داوە، یەكێكیش تەعین دەكرێت، رێزدار اسماعيل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە رەئیەكەی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دەكەم، پێموایە كەمیشە، ئەگەر موقارەنەی بكەین بەوەی پەیمان باسی كرد لە عێراق سەرۆك كۆمار پەنجا هەزار دۆلار وەردەگرێت، سەرۆكی پەرلەمان چل و دوو هەزار دۆلار وەردەگرێت، سەرۆك وەزیران چل هەزار دۆلاری وەردەگرێت، ئەگەر موقارەنە بكەین دەكاتە سێیەكی ئەو پارانە، پێموایە كەمە بۆ سەرۆكی هەرێم، بۆیە پشتیوانی لێ دەكەم، داواكاریشم سەرۆكی هەرێم رەتی نەكاتەوە، چونكە رەنگە ئەو كەسەی لەدوای ئەو دێت، ئەو دەڵێت كە كەسی تر هات با بۆ خۆی زیاد بكات، رەنگە هەموار كردنی تۆزێك زەحمەت بێت، بەنیسبەت سەرۆكی هەرێم كە لە داهاتوودا دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر هەورامی فەرمووو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەكەم، ئەوەندەی من ئاگادار بم بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پۆستە سیادییانەی كە لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، ئەو پۆستەش بۆ هەرێمی كوردستانە زۆر بە باشی تەحدیدی مەبلەغەكە كراوە، بە باشیش پێكیان هێناوە، دەستخۆشیان لێ دەكەم و تەئیدیان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت بەنیسبەت معیارەكانەوە، ئێمە وەكو معیارێكی مەعنوی وەرمانگرت.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

داوای لێبوردن دەكەم زۆر زۆر، سەرگوڵ خان ناوی جەنابت نووسرا بوو، كەرەم بكە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو پرۆژە یاسایە دەكەم، وەكو كاك دكتۆر صباح باسی كرد، ئەم پرۆژەیە گرنگە بۆ ئێستای واقیعی هەرێمی كوردستان، لەبەر جەستە كردنی شەفافیەت، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین پۆستێكی سیادی وا راتبەكەی لە پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر بدرێت، بەلاّم قسەم لەسەر ئەوەیە تەحدید كردنی ئەم مەبلەغە لەلایەن لیژنەی دارایی، ئێمە دەمانەوێت بزانین لەسەر چ بنەمایەكی ئابووریدا، ئایا ئەو پێوەرەی كە ئەوان وەریانگرتووە، وەكو لیژنەی دارایی چیە، ئێمە ئەو پۆستانەی تر كە لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، وەكو پەیمان خان باسی كرد، ئەوانەی ئەندام پەرلەمانن دەزانین چەند وەردەگرێت، بەلاّم ئێمە نازانین سەرۆكی حكومەت چەندە؟ لەبەر ئەوەی بۆ ئێمە بەرچاو روون بێت و بتوانین لەسەر ئەو ئاستە ئێمە دەنگ بدەین بۆ ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت ئێمە وەكو رەئی هەردوو لیژنە، بەباشمان زانی كە ئەو بەشە مووچەی كە هەیە، بۆ ئەو پۆستە، بەشێوەیەك بێت، كە بڵێین ئەو پۆستە دائیمەن بەشێوەیەكی پیرۆز سەیر بكرێت لەلایەن خەڵكەوە، ئیجحافێك لە مووچەو ئەوانە نەبێت، كە بە چاوێك سەیر بكرێت، ئەمە لەلایەك.

لە لایەكی تر، بەحەقیقەت ئەوەندەی تێبینیمان كردووە، ئەو مووچەی كە دامانناوە لەو مووچەیە بەرزتر نییە لە هەرێمی كوردستاندا، بێجگە لەوە ئەو بەڕێزەی دەبێتە سەرۆكی هەرێم، سەرۆكایەتی هەرێم خۆی میزانیەكی تایبەتی هەیە، لە زیمنی ئەو میزانیە تایبەتە، بەڕێز سەرۆكی هەرێم دەتوانێت تەسروف بكات، ئەو مەبلەغەی بۆی دانراوە، ئەگەر بۆ خۆی بێت لەسەر ئاستی شەخصی خۆی، پێداویستیەكانی خۆی پێ دابین دەكات، بەلاّم لەسەر ئاستی رەسمی، بە حەقیقەت میزانیەی تایبەتی خۆی هەیە، دەتوانێت تەسروف بكات بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بە رەئی ئێمە جێی خۆشحاڵیە ئەمڕۆ ئێمە یاسایەك موناقەشە دەكەین، كە ئەویش تەحدید كردنی راتبی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و جێگرەكەیەتی، كە هەتا ئێستا لە عێراق ئەم مەسەلانە یان بە ئەمرێكی دیوانی جێ بەجێ كراوە، یان بە بریارێكی ئەنجومەنی وەزیران، بەلاَم ئێمە ئەمڕۆ دەیكەین بە یاسا، بەڕاستی ئەمە جێگای خۆشحالیە، كە تەحدیدی راتبی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و جێگرەكەی بكرێت، ئەمە لەلایەك.

لە لایەكی ترەوە، ئەو پێوەرانەی كە برای بەڕێزم ئیشارەتی پێدا، فیعلەن ئەو پێوەرانە لە رووی مالییەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، بەلاَم من لێرەدا دەمەوێت تەئكیدی ئەوە بكەم، كە یاساكە بەشێوەیەكی عام زۆر بە باشی هاتووە، باس لە سێ تەوەر دەكات، یەكیان/ راتبە، دوو/ موخەصەصاتە، سێ/ تەقاعودە، بەنیسبەت هەر یەكیان سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی بەجیا جیا موعالەجە كراوە، بۆیە ئێمە پێمان باشە، ئەو دەمجە نەبێت، مومكینە ئێستا موقتەرەحی تر بێتن، ئەوەی كاك ئاسۆ ئیشارەتی پێدا، هەر حالەتێك سێ ماددەی بۆ دانراوە، ئەگەر تەماشا بكەیت، حالەتەكان جیا جیا جێ بەجێ دەكات، ئەوە زۆر بە روون و ئاشكرا لە قانونەكەدا دیاری كراوە، هەروەكو برای بەڕێزم ئیشارەتی پێدا، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، دوو پێشنیار هەبوو، یەكێكیان/ هی دكتۆر صباح، ئەویتریان هی پەیمان خان، كە دەڵێن نیسبەو تەناسوب وەربگیرێتن، لەگەڵ روئەسای تری ناو عێراق و رەئیس جمهوری و سەرۆكی وەزیران و پەرلەمان، ئەوە پێشنیاری ئەو دوو بەڕێزانە بوو، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەكەین رەئیان بەرامبەر ئەو پێشنیارە، ئەگەر بۆمان روون بكەنەوە.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، نازانم مەسەلەی نیسبەو تەناسوب مەبەست چیە؟ ئەوە بۆچوونی لیژنەكەمانە، بەس نیسبەو تەناسوب، ئەگەر مەسەلە لە رووی رەسمیەوە بێت، بەحەقیقەت ئێمە دەمانەوێت، ئەگەر حاڵەتی رەسمی بە راتب حیساب بكرێت، ئێمە حەز دەكەین راتبەكە بەرز بێت، بەلاَم ئێمە گوتمان ئەو پۆستە پۆستێكی مەعنەوییە لە هەرێمی كوردستان، بۆ پیرۆز راگرتنی پێویستە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەگەر دەتانەوێت بڵێین تەعادولی بكەین لەگەڵ هەر شوێنێكی دیكە، سەرۆك كۆماری عێراق، ئێمە وەكو ئەندامانی لیژنە نەمانویست بەو شێوەیە معیارەكە دانێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، هی عێراق وابزانم بە قانون دەرنەچووە، ئینجا بۆیە ئەگەر شتێك ئەساسێكی قانونی نەبێت، ئێمە حیسابی لەگەڵ بكەین، نەختێك ئەوەیە، نوقتەی نیزامی، كەرەم بكە.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیارەکەم ڕاست دەکەمەوە، چونکە من قسەکەم وا نەبوو، کە بە عێراق موقارەنە بکرێت، قسەکەم لەوە بوو، کە لە هەرێمدا، لە بەینی ئەو سێ پۆستەدا، ئێمە مەفروزە بزانین سەرۆکی حکومەتیش چەندی هەیە، ئەندامانی پەرلەمانیش دەزانین، بۆ ئەوەی بزانین چەندە؟ نەك لەگەڵ عێراق.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا ڕوون بوو، ناخرێتە دەنگدانەوە، چونکە یەك، پێشنیارەکەی بەشێوەیەك بوو، کاك دکتۆریش بەشێوەیەکی تر بوو، هەر بۆ مەعلوماتت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەوە کەمتر وەردەگرێت، لە خواری پازدەیە، بەڕێزان، ئێستا ڕەئیەکەتان بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، تکایە.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الاولى:**

**يتقاضى رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (15) مليون دينار عراقي.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت بڕەکەی (15) ملیۆن دیناری عێراقیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، یەك کەس لەگەڵدا نییە، ئێستا بۆ ماددەی دوو، کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**تضاف الى راتب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل 50٪ من راتبه الشهري.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**دەرماڵەیەکی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق، کە دەکاتە (50٪) مووچەی مانگانەی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە ڕازین لەسەر بڕی موخەصەصات بە ڕێژەی لە (50٪).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کێ لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆی هەیە؟ نییە، تکایە ئێستا بیخوێننەوە بەکوردی و عەرەبی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تضاف الى راتب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل 50٪ من راتبه الشهري.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

دەرماڵەیەکی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق، کە دەکاتە (50٪) مووچەی مانگانەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی سێیەم، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

يستحق رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعديا يعادل 80٪ من الراتب والمخصصات.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق لەکاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشین وەردەگرێت، کە دەکاتە (80٪) مووچەو دەرماڵەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە ڕەزامەندین لەسەر ئەو بڕە، چونکە ئەو بڕە تەقریبەن وەکو سەنگێك بۆ هەموو مووچەخۆرانی دەوڵەت تەنفیز دەکرێت لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ کەس نییە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

يستحق رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعديا يعادل 80٪ من الراتب والمخصصات.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق لەکاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشین وەردەگرێت، کە دەکاتە (80٪) مووچەو دەرماڵەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی چوارەم، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

يتقاضى نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق راتباً شهرياً قدره (13) مليون دينار عراقي.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت، کە دەکاتە (13) ملیۆن دیناری عێراقی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە ڕەزامەندن لەسەر بڕی پارەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەری قسە بکات؟ یەك کەس، پەیمان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەسەر ئەم خاڵە، چونکە ئەمە ڕەبتی بە قانونەکەوە هەیە، ئێمە قانون دەردەکەین، کاتێك مووچە دادەنێیت، دەبێت ئەو کەسە، با بڵێین ئەو وەزیفەیەی تەشغیل کرد بێت، بەلاّم ئێستا ئێمە بە فیعلی جێگری سەرۆکی هەرێممان نییە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم، ئەو ماددەیە لابرێت، تەحدیدی مووچەکە ببێت بە قانون راتب وموخەصەصات رئیسی ئیقلیمی کوردستان، نائیبی تیا نەبێت، کەی نائیب دانرا، ئەو کاتە یاسایەکیش دابنرێت بۆ مووچەی ئەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئیەکەی وەردەگرن، یان وەرناگرن، تەنیا ئەوەندە، شەرح نەکرێت، وەردەگرن، یان وەرناگرن؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیەکەی وەرناگرین، لەبەر ئەوەی ئەسباب و موبەریراتی قانونیمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، چونکە ئەوە بە قانون راتبەکە دانراوە، وەزیفەکە، پلەکە هەیە، سەرۆك و جێگر هەیە بە قانون دانراوە، بۆ وەزیفەکە دادەنرێت، خۆ بۆ شەخصەکە دانانرێت، کەی هات وەردەگرێت، ئەگەر نەهات بۆ میزانیەی هەرێم دەگەڕێتەوە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

یتقاضی نائب رئیس اقلیم کوردستان – العراق راتباً شهریاً قدره (13) ملیون دینار عراقي.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت، کە دەکاتە (13) ملیۆن دیناری عێراقی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی پێنج، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**تضاف الى راتب نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل 50٪ من راتبه الشهري.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق، کە دەکاتە (50٪)ی مووچەی مانگانەی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی ڕەئیتان.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەردوو لیژنە ڕەزامەندن لەسەر ڕێژەی دەرماڵەکە بە لە 50٪.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەری قسە بکات؟ نییە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**تضاف الى راتب نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق مخصصات شهرية تعادل 50٪ من راتبه الشهري.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق، کە دەکاتە (50٪)ی مووچەی مانگانەی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی شەش، کەرەم بکەن.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

يستحق نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعدياً شهرياً تعادل 80٪ من الراتب والمخصصات.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق لەكاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت، كە دەكاتە (80٪)ی مووچەو دەرماڵەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە رەزامەندن لەسەر رێژەی خانەنشین بە لە 80٪.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ دەیەوێت لەسەری قسە بكات؟ نییە، ئێستا دووبارە ماددەكە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

يستحق نائب رئيس اقليم كوردستان – العراق عند تقاعده راتباً تقاعدياً شهرياً تعادل80٪ من الراتب والمخصصات.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم: جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق لەكاتی خانەنشین بوون، مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت، كە دەكاتە (80٪)ی مووچەو دەرماڵەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی حەوت، كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوت ئێمە داوای ئیلغامان كردووە، بە ڕەئی هەردوو لیژنەكە، چونكە ئەو دوو پۆستە، پۆستی سیادین، خازیع نین بۆ یاسای خزمەتی شارستانی 1960ی هەموار كراو، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، كێ دەیەوێت لەسەری قسە بكات؟ نوقتەی نیزامی كەرەم بكە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەقی ماددەكە نەخوێندرایەوە؟ پێویستە بخوێندرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**پێشتر خوێندرایەوە، چۆن نەخوێندرایەوە، بەكوردیش و بە عەرەبیش، جارێكی تر بیخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**تضاف علاوة سنوية قدرها (....) الى راتب رئيس الاقليم المشار اليه في المادة الاولى وراتب نائب الرئيس المشار اليه في المادة الرابعة.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

**سەرمووچەی ساڵانە، كە بڕی دەكاتە (.....٪) زیاد دەكرێت بۆ مووچەی سەرۆكی هەرێم، كە لە ماددەی یەكەم ئاماژەی پێ كراوە، بۆ جێگری سەرۆك كە لە ماددەی چوارەم ئاماژەی پێ كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی دووبارە ڕەئیتان.**

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەروەكو ئاماژەم پێدا، ئەو بابەتە یاسای خزمەتگوزاری شارستانی ئاماژەی پێ نەكراوە، لە هەمان كاتدا ئەو پۆستە پۆستێكی كاتییە، وەكو پۆستێكی ئاسایی بڵێین وەزیفی حكومەت نییە، چونكە پۆستێكی سیادییە، بەو شێوەیە، بۆ كاتیشە، كاتیشی دیاری كراوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**قسەت هەبوو؟ كەرەم بكە.**

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سەرنجم هەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی، کە پێوایە پۆستی هەرێم و جێگرەکەی دوو پۆستی سیادین، هەڵبەتە ئێمە یاسادانەرین، وەکو ئەندامانی پەرلەمان، دەبێت هەڵەی دەستووری نەکەین، چونکە پۆستی سەرۆکی هەرێم لە کوردستان و لە عێراقدا پۆستێکی سیادی نییە، لە عێراقدا تەنها سێ پۆستی سیادی هەیە، کە پۆستی سەرۆك کۆمار، پۆستی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە عێراقدا، لەگەڵ چوار پۆستی وەزاری سیادی هەیە، لەوە بترازێ هیچ پۆستێکی سیادی لە عێراقدا نییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**عمر هەورامی کەرەم بکە.**

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری لە ناوەڕۆکی هەردوو لیژنە دەکەم، لەرۆشنایی دەستووری عێراقیش ئەوە تەوزیح کراوە، کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو هەرێمانەی کە لەناو عێراقدا هەیە، خاوەنی خصوصیەت و سیفەتی خۆیەتی، لەبەر ئەوە دەکرێت لە رووی قانونیەوە بڵێین سیادەی خۆی هەیە لە داخیلی عێراقدا، بەهەمان شێوە لەبەر ئەوەی لە قانونی خدمەی مەدەنیدا نەهاتووە، وەکو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی ئیشارەتی پێدا، زیمنەن بۆ هەموو ئەو پۆستە سیادییانەی تر کە هەمانە لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هیچ کامیان ئەو بڕگەیەی نییە، ئەوەی کە سەر مووچەی هەبێت، بۆیە من تەئیدی ئەوە دەکەم، کە ئەو ماددەیە لابدرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا یەك موقتەرەح هەبوو، هەردوو لیژنە موقتەرەحی بەڕێز شاهۆ سەعید وەردەگرن، یان نا.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە موقتەرەحەکە وەرناگرین، چونکە ئێمە موناقەشەی ئەوە ناکەین، کە ئەو پۆستە سیادییە، یان سیادی نییە، ئێمە دەڵێین ئەمانە عەلاوات وەرناگرن، چونکە ئەوانە موەزەفێکی ئیعتیادی نینە، ئەو مەناصیبانە هەمووی مەناصیبی سیاسیینەو مەناسیبی ترن، لەبەرە ئەوە ناوەڕۆکی مەسەلەکە لەسەر سیادی و غەیرە سیادی نییە بەڕاستی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا نەصەن ماددەکە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی موقتەرەحی ئیلغا بکەین.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**تضاف علاوة سنوية قدرها (....) الى راتب رئيس الاقليم المشار اليه في المادة الاولى وراتب نائب الرئيس المشار اليه في المادة الرابعة.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

**سەرمووچەی ساڵانە، کە بڕی دەکاتە (...) زیاد دەکرێت بۆ مووچەی سەرۆکی هەرێم، کە لە ماددەی یەکەم ئاماژەی پێ کراوە، بۆ جێگری سەرۆك کە لە ماددەی چوارەم ئاماژەی پێ کراوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا پێشنیار کراوە ئیلغا بکرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئیلغا کرا، ئێستا بۆ ماددەی هەشت، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة والتي ستصبح المادة السابعة:**

**بعد انتهاء مهام الرئيس او نائبه توفر الحكومة لهما كافة مستلزمات السكن والحماية والتنقل اللائق وغيرها من الامتيازات التي تمنحها لهما القوانين النافذة في الاقليم او العرف السائد وطنياً في مثل هذه الحالة.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم:**

**دوای تەواو بوونی ئەرکەکانی سەرۆك، یان جێگری، حکومەت پێویستە هەموو پێداویستیەکان لە شوێنی نیشتەجێ بوون و پاسەوان و گواستنەوەی گونجاو، جگە لە ئیمتیازاتی تر، کە بەپێی یاسای کار پێکراوەکان لە هەرێم، یان نەریتی نیشتمانی لەو حاڵەتانە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی ڕەئیتان.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەردوو لیژنە ڕەزامەندن لەسەر دەقی ماددەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ نییە، ئێستا دووبارە ماددەکە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**بعد انتهاء مهام الرئيس او نائبه توفر الحكومة لهما كافة مستلزمات السكن والحماية والتنقل اللائق وغيرها من الامتيازات التي تمنحها لهما القوانين النافذة في الاقليم او العرف السائد وطنياً في مثل هذه الحالة.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

**دوای تەواو بوونی ئەرکەکانی سەرۆك، یان جێگری، حکومەت پێویستە هەموو پێداویستیەکان لە شوێنی نیشتەجێ بوون و پاسەوان و گواستنەوەی گونجاو، جگە لە ئیمتیازاتی تر، کە بەپێی یاسای کار پێکراوەکان لە هەرێم، یان نەریتی نیشتمانی لەو حاڵەتانە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی تر، کەرەم بکەن.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة "وقائع كوردستان" الرسمية.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی رەئیتان.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەردوو لیژنە پێشنیار دەکات صیاغەی دەقی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بێت:**

**المادة الثامنة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية "وقائع كوردستان".**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەری قسە بکات؟ نییە، ئێستا دووبارە ماددەکە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية "وقائع كوردستان".**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ئەسباب موجیبە، کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**اشارة الى قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل، وبغية تحديد راتب ومخصصات رئيس الاقليم ونائبه، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیە پێویستیەکان**

**ئاماژە بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموار کراو، لەپێناوی دەست نیشان کردنی مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی رەئیتان.**

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە بەو شێوەیەی کە هاتووە، هەردوو لیژنە رەزامەندین لەسەری، دوای ئەو گۆڕانکارییە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ئەسباب موجیبە كەس موداخەلەی هەیە؟ كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئەسباب موجیبە ئیشارەتماندا، لەبەر ئەوەی لە قانونی سەرۆكایەتی هەرێم لە ماددەی یازدە، دەڵێت (یحدد راتب ومخصصات رئیس الاقلیم ونائبە بقانون)، لەبەر ئەوە ئێمە ئیشارەتمان بە قانونی سەرۆكایەتی هەرێم داوە لە ئەسبابی موجیبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دووبارە بیخوێنەوە ئاخیر صیاغە، دارایی ئێوەش لەگەڵ ئەو رەئیەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە رەزامەندین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

اشارة الى قانون رئاسة اقلیم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل، وبغیة تحدید راتب ومخصصات رئیس الاقلیم ونائبە، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەسباب موجیبە لەگەڵ پرۆژە یاساكە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان دەكەین، كە لەناو عێراق بۆ سەرۆكی هەڵبژێردراو بە یاسا راتبەكەی دەست نیشان كرا، تەمەنا دەكەین جێگەی رەزامەندی هەمووو لایەك بێت.

بەڕێزان، دانیشتنەكەمان كۆتایی پێ دەهێنین، سبەی سەعات (11) دادەنیشن، بۆ دووبارە تەواو كردنی بەرنامەی كارمان، بەخواتان دەسپێرین، بەخێر بچن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |